زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ئیستاتیکای شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت

تێزێکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە،
وەکو بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لە
ئەدەبی کوردیدا/ ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ


لەلایەن
**شاخەوان فەرهاد محەمەد**
بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی- زانکۆی سەلاحەدین- 2007
ماستەر لە ئەدەبی کوردی- زانکۆی سەلاحەدین- 2013

بە سەرپەرشتی
**پ.د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان**


هەولێر- کوردستان
ئەیلول 2023

**بسم الله الرحمن الرحيم**

وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْماً

**[سورة طه:114]**

**بەڵێنامە**

من بەڵێن دەدەم ئەم تێزی دکتۆرایە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (**ئیستاتیکای شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت**). هەموو کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکە کردووە.

واژوو :

ناوی قوتابی : **شاخەوان فەرهاد محەمەد**

ڕێکەوت : / /2023

## پشتگیریی و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم تێزە لەژێر سەرپەرشتی ئێمە ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لەپسپۆڕی ئەدەب، ئێمە پشتگیری دەکەین و ڕازین، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ بکرێت.

واژوو:

ناو: **پ. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان**

ڕێکەوت:   /   / 2023

پشتگیریی دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیریی و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار، من ئەم تێزە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: **د. سۆران مامند عبدالله**

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت:   /   / 2023

پشتگیریی دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم ئەم تێزی دکتۆرایە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: **پ.ی.د. جیهاد شکری رشید**

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلیژی زمان

ڕێکەوت:   /   / 2023

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن ئەو تێزی دکتۆرایەمان بەناونیشانی (**ئیستاتیکای شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت**) خوێندەوە، کە لەلایەن قوتابی (**شاخەوان فەرهاد محمد**) و بەسەرپەرشتی (**پ.د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان**) ئامادەکراوە، لەگەڵ قوتابییەکە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنمان بۆ ناوەرۆکی و لایەنە جیاجیاکانی توێژینەوەکە کرد و بڕیارماندا شایانی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی دکتۆرای لە پسپۆری (ئەدەب) پێبدرێت.

واژوو:
ناو:
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت :   /   /2023

واژوو:
ناو :
ئەندام
ڕێکەوت:   /   /2023

واژوو:
ناو:
ئەندام
ڕێکەوت:   /   /2023

واژوو:
ناو:  **پ.د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان**
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت:   /   /2023

واژوو:
ناو : **پ.ی.د. سامان حسین عمر**
ڕاگری کۆلیژی زمان
ڕێکەوت:   /   /2023

**پێشکەشە**

ئەم تێزی دکتۆرایە یەکێکە لە دەستکەوتە باشەکانی ژیانم بۆیە پێشکەشە بە:

- دایك و باوك و خانەوادە زێدە ئازیزەکەم.

- هاوژینی خۆشەویستم، کە بەهەموو شێوە و شێوازێك پاڵپشت و هاوکارم بوو.

- بە هەردوو جگەرگۆشە جوان و لەدڵا شیرینەکانم(سیڤاس و ڤیناس).

- هاوڕێی بەوەفا و برای دڵسۆزم مامۆستا(دلاوەر عومەر حەمەد)، کە هەمیشە هاوکارم بوو.

- گیانی مامۆستای قۆناغی ناوەندیم (نەوزاد ڕەفعەت)ی کۆچکردوو، کە هەموودەم ئاواتەخواز بوو لەگفتوگۆکەمدا ئامادەبێت.

- هەموو مامۆستاکانی بەشی زمانی کوردی لە کۆلیژی زمان.

**سوپاس و پێزانین**

لە ناخی دڵمەوە ڕێز و سوپاس بۆ ئەم بەڕێزانە :

- سەرەتا سوپاس بۆخوای گەورە بۆ پێدانی ئەو دەرفەتە، کە بتوانم بخوێنم و بەردەوام بم.
- مامۆستای خۆشەویست و ئازیزم، پرۆفیسۆر دکتۆر(ئیبراهیم ئەحمەد شوان)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتەئەستۆ و بەڕاو وبۆچوون و سەرنج و تێبینییە وردەکانی دەوڵەمەندی کردم.
- زۆر سوپاس بۆ هاوژینی خۆڕاگر ودڵسۆزم، گەر هاوکارم نەبووایە، کارەکەم تەواو نەدەبوو.
- ئەو مامۆستا و هاوڕێیانەی بەزانیاری و پێدانی سەرچاوە و سەرنجە جوانەکانیان یارمەتیانداوم، بەتایبەتی(پ.د. فوئاد ڕەشید، پ.د. هاوژین صلیوە، پ.ی.دسافیە محەمەد).
- مامۆستا(لێزان سلێمان)، کە لەتەواوی وەرگێڕانی پوختەی باسەکەم بۆ زمانی ئینگلیزی یارمەتیدام.
- سوپاس بۆ دکتۆر(بۆتان لطیف)، کە لەوەرگێڕانی پوختەی تێزەکەم بۆ زمانی عەرەبی هاوکارم بوو.
- ڕاگرایەتی کۆلیژی زمان و سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی، کە بۆ ڕاییکردنی کارەکانمان هاوکارییان کردووم.

## پوختە

ئـەم توێژینەوەیـە بەناونیشانی(ئیسـتاتیکای شـیعرەکانی نـەوزاد ڕەفعـەت)ە، بـۆ ڕەهەنـدی ئیسـتاتیکای شـیعرەکانی شـاعیر تـەرخانکراوە، تـاکو لایـەنی ئیسـتاتیکی و هونـەریی دەقـەکانی دەسنیشانبکرێت، کە تا چەند ڕەگـەزە ئیستاتیکییەکان لەشیعرەکانیدا هـەن، هـەروەها چۆن بایـەخ و گرنگی بەو لایەنـە و ئـەدگار و خەسڵەتە هونەرییانـە داوە، کـە چێـژ و جـوانی و دەگمـەنی بەشیعر دەبەخشن.

ئامـانجی توێژینەوەکـە ئەوەیـە، کـە دەقـە شـیعرییەکانی شـاعیر لـەژێر ڕۆشـنایی ڕەهەنـدە ئیستاتیکی و جوانیناسیەکان بەجەختکردنەوە لەڕوانگەی:- زمانی شیعری، مۆسیقای شیعری، وێنـەی شیعری، ئیستاتیکای ناونیشان، ئیستاتیکای پرسیار، ئیستاتیکای تۆپۆگرافیای نووسینی دەقـی شـیعری بەنموونە شیعرییەکانەوە شرۆڤە و لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکات.

هەروەها لەبنیاتی هزریی و هونەرییە ئیستاتیکییە گرنگەکانیان بکۆڵێتـەوە، کـە لەشـیعرەکانی بەدیهاتووە و بوونەتە دەرخەری لایەنە جوانی و ناوازەیی و جوانیناسییەکانی شیعریی شاعیر.

کەرەستەی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە:- کـۆی شـیعرەکانی هـەر چـوار دیوانـە چاپکراوەکـانی شاعیر، کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون.

لـەم توێژینەوەیـەدا(میتۆدی شـیکاریی _ وەسـفی)مان پـەیڕەوکردووە، هەوڵـدراوە لایەنـە ئیستاتیکییەکانی شیعرەکان بخرێنە بەرباس و شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

توێژینەوەکە بەگشتی لەپێشەکی و سێ بەش و ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت.

لەبەشی یەکەمدا:- پوختەیەك سەبارەت بەئیستاتیکا خراوەتەڕوو، کـە تیایـدا زاراوە و چـەمك و پێناسە و ئامانج و دەرکەوتە و ئاراستەکانی جوانی، دواتر لایەنی مێژووی گەشەسەندنی ئیسـتاتیکا لای نەتەوەکان و ڕەنگدانەوەی لەڕێبازە ئەدەبییەکاندا باسکراوە، ئینجا بەوردیی ئامـاژە بەئیسـتاتیکای شیعری کراوە. لەبەشـی دووەمـدا:- بـەچڕی و پـوختی بـاس لەئیسـتاتیکای ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی بونیـاتی شـیعریی شـاعیر لەڕوانگـەی زمـانی شـیعریی و لادانـی زمـانی و واتـایی بەوردەکارییـەوە خراونەتەڕوو.

لەبەشی سێیەمدا:- بەوردیی ئاماژە بەئیستاتیکای مۆسیقای شـیعر وکێش و سـەروا و وێنـەی شـیعر، وەك:- ڕەگـەزە بنچینەییـەکانی شـیعر وپێکهاتەکـەی خراونەتـەڕوو، دواتـر چەنـدین لایـەنی دیکەی ئیستاتیکی وەك:- تۆپۆگرافیای دەقی شیعری و ناونیشـان و پرسـیار بەنموونـە شـیعرییەکانەوە باسکراوە.

**ناوەرۆك**


| | |
|---|---|
| بەڵێنامە | II |
| پشتگیریی و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار | III |
| بڕیاری لێژنەی گفتوگۆ | IV |
| پێشکەشە | V |
| سوپاس و پێزانین | VI |
| پوختە | VIII-VII |
| ناوەرۆك | XIII-IX |
| **پێشەکی** | **9-1** |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | 1 |
| سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە | 1 |
| هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە | 1 |
| ئامانجی توێژینەوەکە | 2 |
| گرنگی توێژینەوەکە | 2 |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | 2 |
| گریمانە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە | 2 |
| گرفتی توێژینەوەکە | 2 |
| پێکهاتەی توێژینەوەکە | 3 |
| پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو | 5 |
| 1- ڕەهەندی ئەفسانەیی لەشیعرەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا | 5 |
| 2- دەلالەتەکانی شوێن لەدەقەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا | 5 |
| 3- سیمۆلۆژیای ناونیشان لەشیعرەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا | 6 |
| 4- نەوزاد رەفعەت شاعیری ئەفرێنەری شیعری نوێی کوردی | 7 |
| **بەشی یەکەم: ئیستاتیکا و ڕێڕەوی لەنێو ئەدەبدا** | **72-10** |
| **تەوەرەی یەکەم:- زاراوە وچەمك و پێناسەی ئیستاتیکا** | **10** |
| ئامانج و پێناسەی ئیستاتیکا | 12 |
| چەمکی جوانی | 16 |
| أ- ئاراستەی خودی | 18 |
| ب- ئاراستەی جوانی- بابەتی | 19 |
| پ- ئاراستەی خودی- بابەتی | 20 |
| ت- ئاراستەی جوانی- خوایی | 20 |
| پەیوەندیی نێوان تایبەتمەندیی جوانی سروشتی و جوانی هونەری | 22 |
| جوانی سروشتی | 22 |
| جوانی هونەری | 23 |
| **تەوەرەی دووەم: مێژووی گەشەسەندنی ئیستاتیکا** | **26** |
| 1. ئیستاتیکا لای یۆنانییەکان | 26 |

| | |
|---|---|
| 32 | 2. ئیستاتیکا لای ڕۆمانییەکان |
| 34 | 3. ئیستاتیکا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا |
| 36 | 4. ئیستاتیکا لەسەردەمی ڕێنیسان‌دا |
| 37 | 5. ئیستاتیکا لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا |
| 45 | 6. ئیستاتیکای مارکسیزم |
| 49 | 7. ئیستاتیکا لەسەردەمی نوێدا |
| **52** | **تەوەرەی سێیەم: ئیستاتیکای ڕێبازە ئەدەبییەکان** |
| 52 | ئیستاتیکای ڕێبازی کلاسیزم |
| 54 | ئیستاتیکای ڕێبازی ڕۆمانسیزم |
| 55 | ئیستاتیکای ڕێبازی ڕیالیزم |
| 57 | ئیستاتیکای ڕێبازی پەرناسیزم (هونەر بۆ هونەر) |
| 58 | ئیستاتیکای ڕێبازی سیمبولیزم |
| 60 | ئیستاتیکای ڕێبازی سوریالیزم |
| **63** | **تەوەرەی چوارەم: ئیستاتیکای شیعر** |
| **155-73** | **بەشی دووەم : ئیستاتیکای زمانی شیعریی لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا** |
| 79 | ئەرکی زمانی شیعری |
| **82** | **تەوەرەی یەکەم: ئیستاتیکای لادانی زمانی شیعری لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا** |
| 82 | یەکەم: لادان لە ئاستی دەنگسازیدا |
| 83 | 1. کرتاندنی دەنگی |
| 92 | 2. زیادکردنی دەنگ |
| 94 | 3. جێگۆڕکێی دەنگی |
| 97 | 4. گۆڕینی دەنگ |
| 98 | دووەم: لادان لە ئاستی وشەسازیدا |
| 101 | أ- داهێنانی وشەی نوێ |
| 105 | ب- تێکدانی ڕۆنانی باو |
| 107 | پ- بەکارهێنانی وشەی شێوەزار(لادانی شێوەزار) |
| 112 | ت- بەکارهێنانی وشەی کۆنینە(پەراوێزخراو یا خود فەرامۆشکراو) |
| 115 | د- بەکارهێنانی وشەی بێگانە |
| 118 | سێیەم: لادان لە ئاستی ڕستەسازیدا |
| 120 | 1. کرتاندن (لابردن): |
| 126 | 2. پاش و پێشخستن (جێگۆڕکێ) |
| 129 | 3. بەلووتکەکردن |
| **133** | **تەوەرەی دووەم: ئیستاتیکای لادانی واتایی لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا** |
| 138 | جۆرەکانی لادانی واتایی |
| 138 | 1. هەڵئاوسانی واتایی (زیادوتن) |

| | |
|---|---|
| 2. پاڕادۆکس (دژواتایی) | 140 |
| 3. دانەپاڵ(خستنەپاڵ) | 142 |
| یەکەم:بەزیندەوەرکردن | 143 |
| دووەم:بەتەنکردن | 148 |
| سێیەم:بەڕەوانکردن | 149 |
| چوارەم:پێکدادانی واتایی | 150 |
| پێنجەم:ڕەنگپێدان | 152 |
| **بەشی سێیەم:** | **289-156** |
| **تەوەرەی یەکەم: ئیستاتیکای مۆسیقای شیعر** | **156** |
| 1- مۆسیقای دەرەوە: | 157 |
| أ- کێش | 158 |
| ب- سەروا(قافیە) | 166 |
| سەروای هەمەجۆر(جۆراوجۆر- تێکەڵ) | 168 |
| 1- جووت سەروا(سەروای مەسنەوی) | 168 |
| 2- سەروای ئازاد(سەربەست) | 176 |
| 2- مۆسیقای ناوەوە | 179 |
| 1- دووبارەکردنەوە: | 181 |
| أ- دووبارەکردنەوەی دەنگ | 183 |
| 1- دووبارەبوونەوەی دەنگی بزوێن | 184 |
| 2- دووبارەبوونەوەی دەنگی نەبزوێن | 187 |
| ب- دووبارەکردنەوەی وشە | 192 |
| 1- دووبارەکردنەوەی سەرەتا | 199 |
| 2- دووبارەکردنەوەی کۆتایی لەسەرەتادا | 202 |
| 3- دووبارەکردنەوەی سەرەتا و کۆتایی | 204 |
| 4- دووبارەکردنەوەی پێچەوانەیی( شوێن گۆڕکێ) | 207 |
| 5- دووبارەکردنەوەی کۆتایی | 208 |
| 6- دووبارەکردنەوەی وشەی بەدوای یەکدا | 210 |
| 7- دووبارەکردنەوەی گرێ | 213 |
| پ- دووبارەکردنەوەی ڕستە | 215 |
| ت- دووبارەکردنەوەی نیوەدێڕ(دەستەواژە) | 218 |
| 2- ڕەگەزدۆزی | 218 |
| 3- دژیەك | 220 |
| 1- دژیەکی فەرهەنگی(ئەرێ) | 220 |
| 2- دژیەکی نافەرهەنگی(نەرێ) | 221 |
| **تەوەرەی دووەم: ئیستاتیکای وێنەی شیعری** | **223** |
| 1- لەڕووی دەروونییەوە | 224 |

| | |
|---|---|
| أ- وێنەی هەستی | 224 |
| ا- وێنەی هەستی بینین | 225 |
| 2- وێنەی هەستی بیستن | 228 |
| 3- وێنەی هەستی بۆنکردن | 230 |
| 4- وێنەی هەستی بەرکەوتن | 232 |
| 5- وێنەی هەستی چەشتن | 234 |
| 2- وێنە لەڕووی ڕەوانبێژییەوە | 239 |
| أ- وێنەی لێکچواندن | 239 |
| ب- خواستن | 243 |
| **تەوەرەی سێیەم: لایەنی ئیستاتیکای هونەری دیکە** | **248** |
| یەکەم: ئیستاتیکای تۆپۆگرافیای شیعری لەشیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا | 248 |
| 1- نووسینی شێوە شاقووڵی | 250 |
| 2- نووسینی شێوە پێپلیکەیی | 252 |
| 3- شێوە نووسینی هونەری هەڵوەشانەوەی وشە | 254 |
| 4- شێوەی نووسینی وێنەیی | 258 |
| دووەم- ئیستاتیکای ناونیشان لەشیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا | 262 |
| 1- ناونیشانی سەربەرگی دیوانەکان | 264 |
| 2- ناونیشانی سەرەکی نێو دیوانەکان | 268 |
| 3- بەکارهێنانی ناونیشان لەنێو ناونیشاندا | 276 |
| سێیەم- ئیستاتیکای پرسیار لەشیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا | 281 |
| ئەنجامەکان | 290 |
| **لیستی سەرچاوەکان** | **R293** |
| **پاشکۆ** | **A307 – A312** |
| پوختەی تێزەکە بەزمانی عەرەبی (الملخص) | أ |
| پوختەی تێزەکە بەزمانی ئینگلیزی (Abstarct) | A |

## پێشەکی

**- ناونیشانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکەمان بەناونیشانی(**ئیستاتیکای شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت**)ە، ئەم توێژینەوەیە بۆ خستنەڕووی لایەنە جیاکارییەکانی ئیستاتیکا و شرۆڤەکردنی ڕەگەزە پێکهێنە ئیستاتیکییە جیاوازەکانی شیعری شاعیر تەرخانکراوە. ئاشکرایە ئیستاتیکا ڕۆڵێکی چالاك و کاریگەری لەبواری ئەدەب و شیعر و هونەردا هەیە. هەروەها پێوەرێکی بنچینەییە بۆ دەسنیشانکردن و جوداکردنەوەی شیعر لەهونەرەکانی دیکە و خستنەڕووی لایەنە جوانیناسەکانی ئەم ژانرە ئەدەبییە بەتایبەتی، لەمیانەی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ڕەگەزە ئیستاتیکییەکانی شیعری نەوزاد ڕەفعەت، بەلایەنە جوانییەکانی دەقەکانی دەگەین، چونکە شیعر هەر لەدەسپێکی کاری مرۆڤایەتییەوە، هیچ کاتوساتێك خاڵی نەبووە، لە کێش وموزیك و ئاواز و ڕیتم و ئیقاع، بۆیە ئەمانەش بەشێوەیەکی گشتی شیعر لە ژانرەکانی دیکە جیادەکاتەوە.

هەموو کاتێك ژانری شیعر لەئەدەبدا بێ نرخ و پێگە و بەهای ئیستاتیکی نەبووە، بەردەوام مرۆڤ چالاکی هونەریی و جوانیناسانەی لەسەر کردووە.

**- سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە**

بۆ توێژینەوەکەمان تەنها دەقی شیعرەکانی نێو هەرچوار دیوانە چاپکراوەکانی شاعیرمان وەرگرتووە، کە ئەوانیش بریتین لە:- پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ڕێی تاوسان، شینی شالوور ، باڵەکانم بدەرەوە.

**- هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە**

هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە تا نووسینی ئەم توێژینەوەیە تێزێکی ئەکادیمی تایبەت و باسێکی وردی زانستی سەبارەت بەشیعری ئەم شاعیرە لەڕوانگەیەوە نەکراوە. هەروەها دەسنیشانکردن و خستنەڕووی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئیستاتیکای شیعری ئەم شاعیرە، وەکو پێویست ئاوڕ لەولایەنەی نەدراوەتەوە و نەخراونەتە بەرباس و توێژینەوە، بەتایبەتیش لەڕووی زمان و مۆسیقا و وێنەی شیعری و تۆپۆگرافیای شیعر و ناونیشان و پرسیار، بەو شێوە و شێوازە هونەرمەندییە کاری هونەری و ئەکادیمی لەسەرنەکراوە، بۆیە هەوڵمانداوە لەو لایەنە ئەدەبییە توێژینەوەی زانستی لەبارەوە بکەین.

**- ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجمان لەم توێژینەوەیە، هەوڵدانێکە بۆ دیاریکردن و خستنەڕوو و ناساندنی چەمك و پێناسە و گرنگی ئیستاتیکا و ئاراستە و دەرکەوتەکانی و لایەنە جوانییەکانی سەنگ و نرخ و بەها و پێگەی گرنگی لە ژانری شیعر بەشێوەیەکی گشتی، پاشان بەتایبەتیش لە شیعرەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا.

هەروەها دیاریکردنی ئەو لایەنە ئەدەبی و ئیستاتیکی و هونەرییانەی، کە شیعری شاعیر بەپێی ئەدگار و خەسڵەتە جوانی و جوانیناسییەکان دەسنیشاندەکەن، لەڕووی:- زمان و کێش و سەروا و وێنە و تۆپۆگرافیای نووسینی شیعر و ناونیشان و پرسیارەوە.

**- گرنگی توێژینەوەکە**

ئەوەی زیاتر بایەخ و گرنگی ئەم توێژینەوەیە بەدەردەخات، ئەوەیە ئەم توێژینەوەیە لەڕوانگەیەکی ئەکادیمی و زانستییەوە پێگە و بەهای هونەریی جوانی شیعرەکانی شاعیر

دیاریدەکات و سیفەت و ئەدگار و سیمای جوانییەکانی دەخاتەڕوو، بەفۆڕم و شێوازێکی دەسنیشانکراو لەچوارچێوەیەکی هونەرییانەدا.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:-**

لەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازی شیکاریی وەسفی پەیڕەوکراوە، هەوڵدراوە لایەنە هونەری و جوانی و ڕەگەزە پێکهێنە بنچینەییەکانی ئیستاتیکای دەقەکان باسبکرێت، هەروەها لێکدانەوە و شیکردنەوەی هونەری و ئیستاتیکییان بخرێنەڕوو.

**گریمانە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە:-**

1- ئایا لایەنی ئیستاتیکیبوونی شیعریی شاعیر لەچ ڕوانگەیەکە و ڕەگەزە پێکهێنەرە جوانیناسی چین؟

2- شاعیر لەچ دیدگا و ڕوانگەیەکەوە توانیویەتی لایەنی ئیستاتیکا لەشیعرەکانی بخاتەڕوو؟

3- لایەنە هونەری و ئیستاتیکا و ئەدگار و خەسڵەتە جوانییە ناوازەکانی شیعری شاعیر کامانەن؟

**- گرفتی توێژینەوەکە**

ئاشکرایە لەهەموو توێژینەوەیەکی زانستیدا، هەندێك ئاستەنگ و کێشە و گیروگرفت لەبەردەم کاری بەئەنجامگەیاندنیدا دروستدەبن، بەگشتی گرفتی توێژینەوەکە، دەرخستنی لایەنی ئیستاتیکای شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەتە ، بۆ ئەوەی بزانین کامە لایەنی ئیستاتیکا باڵا و ناوازەیە لەبەرهەمەکانیدا. هەروەها تاڕادەیەك بەشێوەیەکی گشتی کەمی سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی و وتاری تایبەت لەبارەی چەمکی ئیستاتیکا لەدەقی ئەدەبیدا، بەتایبەتیش لەبارەی ژانری شیعرەوە، لەلایەکی دیکەشەوە کەمی ئەمجۆرە توێژینەوە و وتارانە بەزمانی کوردی، کە لایەنی ئیستاتیکای کردبێتە تەوەری سەرەکی توێژینەوەکەی بەتایبەتی، ئەمەشیان ئەرکی توێژەری گرانتر کرد، لەگەڕان بەدوای زانست و زانیارییەکانی پەیوەست بەبابەتی توێژینەوەکە لەسەرچاوەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە بەپێی پێویست بەشێوەیەکی ورد و زانستییانە سوود لەو زانیارییانە وەربگرین، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە.

**- پێکهاتەی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(**ئیستاتیکای شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت**)ە، لەپوختە و پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، کە هەریەك لەم بەشانەش چەند تەوەری لەخۆی گرتووە.

**بەشی یەکەم:-** تیایدا پوختەیەك سەبارەت بەئیستاتیکا خراوەتەڕوو، هەروەها لەچوار تەوەر پێکهاتووە، کە ئەوانیش:- **تەوەرەی یەکەم:-** ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت:چەمك و ئامانج و پێناسەی ئیستاتیکا و چەمکی جوانی و ئاراستە و پەیوەندی نێوان تایبەتمەندیی جوانی سروشتی و هونەری تێدا ڕوونکراوەتەوە. **لەتەوەرەی دووەمدا:** لایەنی مێژووی گەشەسەندنی ئیستاتیکا لای یۆنان و ڕۆمان و سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و مارکسیزم و سەردەمی نوێدا بەوردی باسکراوە.

**تەوەرەی سێیەم:-** تەرخانکراوە بۆ ئیستاتیکای ڕێبازە ئەدەبییەکانی کلاسیزم و ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم و پەرناسیزم و سیمبولیزم و سوریالیزم.

**لەتەوەرەی چوارەمدا:-** بەپوختی ئاماژە بەئیستاتیکای شیعر و تایبەتمەندییەکانی کراوە.

**بەشی دووەم**:- ئاماژە بەئیستاتیکای زمانی شیعریی شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت کراوە، کە تیایدا گرنگی زمان و ئەرکی زمانی شیعری بەوردیی ڕوونکراوەتەوە و لەدوو تەوەر پێکهاتووە، **تەوەرەی یەکەم**:- ئیستاتیکای لادانی زمانی شیعری و بەتایبەتیش لادان لەئاستی دەنگسازی و کرتاندنی دەنگی و زیادکردنی دەنگ و جێگۆڕکێی دەنگ و دواتر لادان لەئاستی وشەسازی خراوەتەڕوو، لەوانەش:داهێنانی وشەی نوێ و تێکدانی ڕۆنانی باو و بەکارهێنانی وشەی شێوەزار و بەکارهێنانی وشەی کۆنینە و بەکاربردنی وشەی بێگانە، پاشان لەئاستی ڕستەسازیدا باس لەکرتاندن و پاشخستن و پێشخستن و بەلوتکەکردن بەنموونە شیعرییەکانی شاعیر کراوە.

**لەتەوەری دووەمدا:-** باسی ئیستاتیکای لادانی واتایی و جۆرەکانی وەکو:هەڵئاوسانی واتایی و دانەپاڵ و پاڕادۆکسی کراوە.

**بەشی سێیەم**:- لەسێ تەوەرە پێکهاتووە، **تەوەرەی یەکەم**: باسی ئیستاتیکای مۆسیقای شیعر بەگشتی و دەرکەوتنی جۆرەکانی مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە خراوەتەڕوو، بەتایبەتیش لەلایەنی مۆسیقای دەرەوە ئاماژە بەکێش و سەروای هەمەجۆر و جووت سەروا و سەروای ئازاد کراوە. هەروەها لەمۆسیقای ناوەوەشدا ئاماژە بەدووبارەکردنەوە بەگشتی و دواتر بەتایبەتیش دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە و گرێ و ڕستە و دواتر ڕەگەزدۆزی و دژیەك و جۆرەکانیان کراوە.

**تەوەرەی دووەم**:- ئیستاتیکای وێنەی شیعری و ڕەهەندەکانی ئیستاتیکای وێنە لەلایەنی دەروونی و زەینییەوە خراوەتەڕوو، بەتایبەتیش:وێنەی هەستی بەجۆرەکانییەوە وەکو:بینین وبیستن وبۆنکردن و بەرکەوتن وچەشتن، پاشان وێنەی لەڕووی ڕەوانبێژییەوە باسکراوە، بەتایبەتیش وێنەی لێکچواندن و خواستن ئاماژەی پێکراوە.

**تەوەرەی سێیەم:** جگە لەو تایبەتمەندییانە ئاماژە بەچەند گەمەیەکی دیکەی ئیستاتیکی هونەری کراوە ، لەوانەش:- ئیستاتیکای تۆپۆگرافیای دەقی شیعری، وەکو:نووسینی شێوە شاقووڵی و پێپلیکەیی و هەڵوەشاندنەوەی وشە ووێنەیی، ئینجا باسی ئیستاتیکای ناونیشان بەگشتی و دواتر ناونیشانی سەربەرگی دیوانەکان وناونیشانی سەرەکی دیوانەکان و بەکارهێنانی ناونیشان لەنێو ناونیشاندا ئاماژەی پێکراوە، پاشان ئیستاتیکای پرسیار و گرنگی و بایەخی و پەیوەندیی بەخوێنەر و دەقەوە بەپێی نموونە شیعرییەکانی شاعیر خراوەتەڕوو.

لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا هەریەك لەئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەخۆدەگرێت.

**- پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو**

**پێداچوونــەوەی ئــەو توێژینەوانــەی، کــە لــەبارەی شــیعرەکانی (نــەوزاد ڕەفعــەت)دا کــراون، دەخەینەڕوو:-**

بــەر لــەم توێژینەوەیــە، چەنــدین نامــەی ئــەکادیمی دیکــە هــەن، کــە لــەبارەی شــیعرەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا ئەنجامدراون، کە باسی بابەتی دیکەیان کردووە، بۆیە هەنـدێك لـەم نامانـە دەخەینـەڕوو، کە چ بەشێوەی نامەی ئەکادیمی بن، یاخود کراونەتە کتێب و ئاماژەیان پێدەکەین، بۆ نموونە:-

1- **ڕەهەندی ئەفسانەیی لەشیعرەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا:**

توێژینەوەیەکی ئـەدەبی میتۆلۆژییـە، بێریڤـان صـەمەد حـەوێز، نامـەی ماسـتەرە، پێشکەشـی ئەنجوومەنی کۆلیژی زمانی زانکۆی سـەڵاحەدین/هەولێر کـراوە، 2011ز، لەسـێ بەشـی سـەرەکی پێکهاتووە:بەشـی یەکـەمی دەروازەیـەکی تیـۆری بـۆ ئەفسـانە و دواتـر چـەمك و وشـە و زاراوە و پێناسەی ئەفسانە و سەرهەڵدان و پەیدابوون و بڵاوبوونەوە و جۆرەکـانی و ڕەگـەزەکانی و سـوود و گرنگی و کاری باسکراوە، لەگەڵ پەیوەندیی نێوان ئەفسانە و فەلسەفە و ئەفسانە و ئایین و ئەفسانە و شیعر خراوەتەڕوو.

لەبەشی دووەمدا بەشێوەیەکی پراکتیکی ئاماژە بـەجۆرەکانی ئەفسـانە لەشـیعرەکانی شـاعیردا کراوە، بەتایبەتیش:ئەفسانەی ئایینی و فۆلکلۆری و ڕەمزی و مێژوویی باسکراوە.

لەبەشی سێیەمیشدا باسی ئەفسانەی نوێ و زمانی شیعری و خولقاندنی ئەفسانەی نـوێ لەشـیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت و دواتر لەچەند لاپەڕەیەکی کەمی دیاریکراودا زۆر بەکورتی تیشك خراوەتە، سـەر زمانی شیعری شاعیر.

ئەم توێژینەوەیە زیاتر لەڕوانگەی ڕەهەندی ئەفسانەییەوە کاری لەسەرکراوە.

2- **دەلالـەتەکانی شوێن لەدەقەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا:**

ماریــا جــەلال عەبدولمحەمــەد، نامــەی ماســتەر، پێشــکەش بەئەنجوومــەنی کــۆلیژی پــەروەردەی زانکــۆری ســەلاحەدین/هەولێر کــراوە، لەســاڵی 2015ز، ئــەم توێژینەوەیــە لەســێ بەشــی ســەرەکی پێکهــاتووە، لەبەشــی یەکەمــدا باســی چــەمك و پێناســە و ئیســتاتیکای شــوێن کــراوە، بەتایبــەتیش چــەمکی فەلســەفی شــوێن و هونــەریبوونی شــوێن و شــیعر و شــوێن و واقیعیــەتی شــوێنی شــیعری و ئیســتاتیکای شــوێن و جەدەلیــەتی کــات و شــوێن و مــرۆڤ و شوێن بەوردی خراوەتەڕوو.

بەشــی دووەمــی تــەرخانکراوە بــۆ دوالیزمــەکانی شــوێن لەدەقەکانی(نــەوزاد ڕەفعــەت)دا لــەڕووی پراکتیکییــەوە باســکراوە، بەتایبــەتیش دوالیزمــی شــوێنی دەرەوە و نــاوەوە و شــوێنی تەنگەبــەر و فــراوان و هــۆگر و بــێ ئــۆقرە و تایبــەتی و گشــتی و چــۆڵ و قــەرەباڵغ و ژیــان و مــردن و گــەورە و بچــووك وبــاو و نابــاو و ئاســمانی و زەمینــی و فریــادڕەس و فریودەر و ڕەش و سپی و بەمرۆڤکردنی شوێن لەدەقەکاندا.

لەبەشـــی سێیەمیشـــدا ڕەهەنـــدەکانی شـــوێن لەدەقەکانی(نـــەوزاد ڕەفعـــەت)دا ئامـــاژەی پێکـــراوە، لەڕوانگـــەی ڕەهەنـــدی دەروونـــی و نوســـتالیژیای شـــوێن و هـــەڵاتن لەشـــوێن و لاواندنەوەی شوێن و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و مێژوویی و ئەفسانەیی.

لـــەم توێژینەوەیـــەدا، زیـــاتر کـــار لەســـەر بونیـــادی بابـــەتی لەئاســـتی ناوەخنـــدا کـــراوە و بەتایبـــەتیش پەیوەنـــدی شـــوێن بەشـــیعرەوە، بەشـــێکی زۆر کـــەمی دیـــاریکراوی لەلایـــەنی ئیســـتاتیکای شـــوێنەوە خراوەتـــەڕوو، کـــە لەچەنـــد لاپەڕەیـــەك تێپـــەڕ ناکـــات، بۆیـــە نـــەیتوانیوە، وەکو پێویست ئەو لایەنە ئەدەبی و هونەری و جوانیناسە ئیستاتیکییە جوانە پڕبکاتەوە.

**3- سیمۆلۆژیای ناونیشان لەشیعرەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا:**

ســـەرباز مەجیـــد خۆشناو(مامۆســـتا لـــەزانکۆی ســـۆران)، نووســـینگەی تەفســـیر بۆچـــاپ و بڵاوکردنەوە، بابەت/ئەدەب، چاپی یەکەم، 2019 - 1440ك، هەولێر.

ئەم توێژینەوەیە لەبنچینەدا نامەی ماستەرە، لەسـاڵی 2016ز، پێشکەش بەفاکـەڵتیی ئـادابی زانکۆی سۆران کراوە، لەسێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا باسی میتۆدی سیمۆلۆژیا و ڕەهەنـــدەکانی میتـــۆدی ســـیمۆلۆژیا و فرەزاراوەیـــی و ئاســـتەکانی و شـــیکردنەوەی داخـــراو و بونیادگەری و گوتار و ئاراستە هاوچەرخەکانی سیمۆلۆژیا و سیمۆلۆژیای پەیوەندیکردن و دەلالـەت و کەلتوور و ناونیشان کراوە.

لەبەشی دووەمدا ئاماژە بەپێکهاتە و ڕوانگە جیاوازەکانی نیشانە و سەرەتای ناساندنی نیشـانە لەڕوانگەی فەلسەفی و زمانەوانی و دوانەیی و سیانەیی و شیکردنەوەی نیشـانەکان و شـیکردنەوەی نیشـانە لای دی سۆسێر و لای پێـرس و پەیوەنـدی سیانەیی ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی نیشـانە لەگـەڵ بابەت و خودی خـۆی و ڕاڤـەکاری و دواتـر سـیانەییە بەرامبەرییـەکان لەنیشـانەدا لەگـەڵ نوێنـەر و بابەت و ڕاڤەکردندا خراوەتەڕوو.

لەبەشـی سێیەمدا سیمۆلۆژیای ناونیشـان و زاراوە و چـەمکی ناونیشـان و دواتـر ناونیشـان لەڕەخنەی سیمۆلۆژیای هاوچەرخ و بێراییەکانی دەق و دەقی هاوسەنگ و پەیوەنـدی ناونیشـان وەك پەیام و پەیوەندی بەنووسەر و خوێنەر و دەق و دەقئاوێزانی ناونیشان و دواتر پۆلینکردنی ناونیشـان لەشـیعرەکانی(نەوزاد ڕەفعـەت)دا وجۆرەکـانی و ئەرکـەکانی ناونیشـان و سـیمۆلۆژیای ناونیشـان لەدیوانەکان بەوردیی خراوەتەڕوو.

لـــەم بەرهەمـــەدا زیـــاتر کـــار لەســـەر ســـیمۆلۆژیای ناونیشـــان لـــەژێر کاریگـــەریی بیـــر و بۆچوونەکانی(دی سۆسێر و پێـرس)و تایبەتمەندیـەکانی لەڕوانگـەی سـیمۆلۆژیاوە پتـر دیـاریکراوە، کەمتر توێژەر ئاماژەی بەلایەنی ئیستاتیکی و هونـەریبوونی ئیسـتاتیکای ناونیشـان، وەك ڕەهەنـدێکی جوانیناسی و ئیستاتیکی داوە.

ئـەوەی جێگـەی سـەرنج و تێبینییـە، ئـەم توێژینەوانـەی کـە پێشـتر نووسـراون و کاریـان لەسەرکراوە، زۆر بەکەمی لایان لەلایەنی ئـەدگار و خەسـڵەتی هونـەریبوونی جوانی و جوانیناسـی ئیسـتاتیکیدا کردۆتـەوە، یـاخود ئاماژەیـان بـەو فـۆڕم و شـێوازە هونەرییـە کـردووە، بـەڵام ئـەو

توێژینەوەیەمان زۆر بەپسپۆری و وردییەوە هەوڵیداوە، کار لەلایەنی ڕووخسار و ناوەخنی شیعرەکانی شاعیردا لەڕەهەندی جیاوازەوە بکات، هەروەها سیما و سیفەتی ئیستاتیکی و ئەدەبیبوونی دەقەکان لەڕوانگەی جوانی و ناوازەیی و پێگە و نرخی بەهای جوانیبوونیان بخاتەڕوو.

**4- نەوزاد رەفعەت شاعیری ئەفرێنەری شیعری نوێی کوردی:**

نامیلکەیەکی ئەدەبییە، لەنووسینی:محەمەد خدر مەولوودە، لەبڵاوکراوەکانی پەخشی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، کتێبی بزاڤ(63)، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، 2008، (120)لاپەڕەیە. ناوەڕۆکەکەی پێکهاتووە لە:پەیڤێك و(11)ناونیشانی جیاواز ، کە بەشێکیان وەك وتاری سەربەخۆ لەڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە. لەبارەی ئەزموونی هونەریی ئەدەبی و شیعری و ڕەخنە و شرۆڤەی بەشێك لەشیعرەکانی شاعیرە، بەم ناونیشانانەی خوارەوە: (مەنەلۆگ و شیعری تازەی کوردی)، بەتیشك خستنە سەرلایەنی ئەو تەکنیك و شێوازە هونەرییە هاوچەرخە لەڕوانگەی ئەو گۆڕانکارییە نوێیەی، کە بەسەر فۆڕمی شیعری تازەی کوردیدا هاتووە، بۆ خزمەتکردنی جەوهەری بابەتی شیعری، کە هێما و ڕەمزی تازەکردنەوەن، دواتر(مەنەلۆگ) وەکو دەنگی کەسێك، کە بۆ خۆی دەدوێ، یان لەخۆی دەدوێ، کە قسەکەر و گوێگر خۆیەتی. ئەمەش وەك سیما و خاسیەت و تایبەتمەندی شیعری تازەی کوردی بەگشتی و لای(نەوزاد ڕەفعەت)یش بەتایبەتی، کە وەك تەکنیکێکی سەردەمیانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بۆ ئەو بابەت و شتانەی، کە لەهزر و بیریدا چەکەرەیان کردووە و دەخولێنەوە و دواتر دەیانخاتە سەر زمان، بەهۆی وشە و دەستەواژە شیعرییەکانەوە دەریاندەبڕێت. (نەوزاد رەفعەت و دوو داهێنانی شیعری) ناونیشانێکی دیکەیە، کە نووسەر تیایدا بەکورتی و پوختی ئاماژە بەئەزموونی بابەتی هونەری هەردوو دیوانی(نیگەرانی) و(دارستانی ئەو بنارە)دەکات، کە چۆن لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا. (دەمامکی درامی و شیعری کوردی) لەم باسەدا ئاماژە بەدەمامك وەك زاراوە و بەکارهێنانی لەهونەری سینەما و شانۆوە بۆ هونەری شیعر نووسین بەگشتی کراوە، دواتر پەیوەندی نێوان شیعر و دراما و دەمامك دەخاتەڕوو. ئینجا جەخت لەسەر بایەخ و ڕەنگدانەوەی لەشیعری نوێ و هاوچەرخی کوردیدا دەکاتەوە، پاشان بەنموونەی شیعرەکانی شاعیر کۆتایی بەباسەکەی دێنێت. لەبابەتێکی تردا بەناوی(چەند وێنەیەکی شیعری لەنێوان (نەوزاد رەفعەت و سەڵاح شوان)دا، ئاماژە بەلایەنی پەیوەندی کارتێکردن و وەرگرتن و بەراوردی نێوان شیعری(سووتان و هێشتا درەختەکان سەوزن)ی نەوزاد رەفعەت و (شەوێکی تر لەشەوانی سیمرخ)ی سەڵاح شوان لەڕوانگەی چەند وێنەیەکی شیعرییەوە دەخاتەڕوو، کە چۆن و بەچ شێوە و شێوازێك ئەزموونی ئەدەبی و هونەریی خۆیان بەرەو پێشبردووە. (نەوزاد رەفعەت و نیگەرانی) ناونیشانێکی دیکە، کە جەخت لەسەر ناوەخن و سیفەت و خاسیەتێکی تایبەتی شیعریی شاعیر دەکاتەوە، لەلایەنی گەشبینی و هیوابەرزییەوە لەدیوانی(دارستانی ئەو بنارە)و دواتر مانا و ئاماژە گشتییەکانی دیوانی(نیگەرانی) لەڕوانگەی خانەی دەروونناسییەوە دەخاتەڕوو، لەئەنجامی ئەو بێزاری و بێباوەڕی و گومان و دوو دڵ بوونەی مرۆڤ لەبیر و بڕیارەکانیدا، کە تووشی بێ هیوای و ڕەشبینی دەکات.

(دەقی شیعری و ڕەخنەی تەتبیقی، دیوی ناوەوەی شیعری(سێ کاتی دژ)ی نەوزاد رەفعەت)، لەلایەنی بونیاتی بابەتەوە ئامانج و مەبەستی شاعیر لەمیانی مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆوە، کە تایبەت بەهونەری شانۆ و ڕۆمانەوە، کە شاعیر سوودی لێوەرگرتووە، پاڵەوانی ئەو تەکنیکە خودی

شاعیرە بۆ پیشاندانی ئەو کاتو سات و بارودۆخە(غەمباری و بەختیاری)یە دەرونییەی، کە پێشکەش بەخوێنەری دەکات.

بابەتی(نزیك بوونەوە لەدەقی شیعریی(رامانی سیزیف)، وەك ڕەمز و هێمایەکی کۆنی شانۆی و مەزراندنی لەنێو دەقی شیعرێکی شاعیردا، بونیانی بابەتەکەی بەهێز و کاریگەرتر کردووە، بەمەبەستی شۆڕش و خەبات و کۆڵنەدان و تێکۆشان و بەردەوامی بەسەختییەکانی ژیان لەو دەقەدا ڕەنگیداوەتەوە.

(جوانییە شاراوەکانی نەوزاد رەفعەت لەپرۆسەی گەیاندنی پەیامی شیعری...)، دوا ناونیشانی بابەتێکی ئەم نامیلکەیەیە، کە نووسەر باسی گرنگی گەیاندنی هزر و هۆشیاری و ئاگایی پەیامی شیعریی شاعیر لەهەڵبژاردنی وشە و دەستەواژە شیعرییەکانییەوە دەخاتەڕوو. بەمەبەستی بایەخی کاردانەوە و کاریگەرییان لەسەرلایەنی دڵ و دەرونی خوێنەر، بەو ئاماژە و پەیامە نوێیانەی، کە لەدەقەکانی شاعیرەوە ئاماژەیان پێکراوە، کە ناوەخنی بابەتی پەیامەکانی چی پێیە و دەیەوێت چی بڵێت، هەروەها ئەو سیفەت و خاسیەتە جیاخوازییەی چییە لەهاوکوفانی سەردەمی خۆیدا، کە شیعرەکانی تێدا بڵاوکردۆتەوە.

# بەشی یەکەم

## ئیستاتیکا و ڕێڕەی لەنێو ئەدەبدا

تەوەرەی یەکەم:- چەمك و پێناسەی ئیستاتیکا

تەوەرەی دووەم: مێژووی گەشەسەندنی ئیستاتیکا

تەوەرەی سێیەم: ئیستاتیکای ڕێبازە ئەدەبییەکان

تەوەرەی چوارەم: ئیستاتیکای شیعر

# بەشی یەکەم

## ئیستاتیکا و ڕێڕەوی لەنێو ئەدەبدا

### تەوەرەی یەکەم:- زاراوە وچەمك و پێناسەی ئیستاتیکا

بۆ ئاشنابوون بەچەمکی هەر زاراوەیەکی جیهانی لەبوارێکی دیاریکراو لەژیانی مرۆڤدا، سەرەتا پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو، کە ڕەگوڕیشەی چەمکی زاراوەکە و هاوواتاکانی چین؟، پاشان لەلایەن کێ و بۆچی و بۆچ مەبەست و ئامانجێك بەکارهاتووە.

دیارە بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین، کە چەمکی ئیستاتیکا وەك زاراوەیەکی بواری فەلسەفی، یەکەمجار بۆ زانستێك بەکارهاتووە کە((بنەما و مەرجەکانی جوانی و ئەو پێوەر و پێوانە و تیۆرانەی کە لەچێژی هونەریدا، نرخ و بەهایەك بۆ کارە هونەرییەکە دادەنێت))(1)، جگە لەوەش( بەهێزترین لایەنەکانی پەیوەندییە جوانییەکانی مرۆڤ بەواقیعی دەوروبەر هەڵدەسەنگێنێت)(2)و وشەی ئیستاتیکا( Aestheics) لەوشەی ( Aistheticos) یۆنانی(گریکی)ئیستێتیکوس وەرگیراوە، کە واتای (پەیپێبردنی هەستەکی و زانینی هەستەکییانە دەگەیەنێ).(3) هەروەها ئەم وشەیە بەچەند واتایەك لێکدراوەتەوە، لەوانەش:- (هەستکردن یان تیۆری هەستکردن)(4)، یاخود((زانین بەهۆی هەستەوە) یان (ناسینێکی هەستپێکراو)، کە بەزانینێکی تایبەت بەخودی هەستی جوانی دەوترێت، هەروەکو لەدیمەنە سروشتی و نموونە هونەرییەکاندا دەبینین)(5)، یان(واتای توانایی هەستکردن بەشت دەگەیەنێ)(6). هەروەها مانایەکی دیکەی وشەکە ئەوەیە((هەست یان هەستەکان دەگەیەنێت) و وشەی(asethesi ) لەیۆنانیدا واتە:هەست، بەم پێیە ئیستاتیکا لقێکی تایبەتییە لە لێکۆڵینەوەی هەست و ویژدان))(7)، لەگەڵ ئەمانەشدا ((تێگەیشتن و هەستپێکردن)یش یەکێکی دیکەیە لەماناکانی ئەم وشەیە))(8).

لەو مانایانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە لەبنچینەدا چەمکی زاراوەی ئیستاتیکا لەچوارچێوەی ئەو سنوورەدا خۆی دەبینێتەوە، کە لەئەنجامی هەستکردن و درکپێکردن و تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ ئەو جیهانەی، کە تیایدا ژیاوە و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەبەرامبەر دیاردە سروشتی و کەلوپەلەکانی ژینگەکەی هەستیان لاچەکەرە کردووە و لەئەنجامدا ئەو هەستەی بەجۆرێك لەجۆرەکان دەربڕیوە.

(1) جميل سليبا(د.):المعجم الفلسفي، ج 1، دار الكتب اللبناني، بيروت، 1978، ص 408.
(2)محمد سعد حسان و خلود بدر غيث و معتصم عزمي الكرابيلة:مقدمة في علم الجمال، ط1، مكتبة المجتمع العربي للنشر، عمان،2005، ص 15.
(3) حەمید عەزیز(د.):ئیستێتیك فەلسەفەی جوانی و هونەر،گۆڤاری ڕامان، ژ( 275_ 276)،5/ 9_ 10/ 2020، ل 109.
(4) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري د.):التربية الجمالية علم النفس الجمال، ط1،دار الشروق للنشروالتوزيع،عمان، 2006، ص 21.
(5) عباس محمود العقاد: قيم الجمال، مجلة الكتاب، المجلد 5، جزء 1، 1948، ص 19.
(6) حەمید عەزیز(د.): ئیستێتیك فەلسەفەی جوانی وهونەر، گۆڤاری ڕامان، ژ( 281_ 282)،5/ 3_ 4/ 2021، ل 87.
(7) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی:نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2011، ل 188.
(8) بەختیار سەجادی، محەمەد مەحموودی:فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر،2004، ل 161.

بۆیــە دەبینــین لەســەرەتادا نــاوەڕۆك و چــەمکی ئــەم زاراوەیــە زۆر فــراوان بــووە و سـنووربەندییەکی دیـاریکراوی بۆنـەکراوە، بەشـێوەیەکی وەهـا ئامـاژەی پێکـراوە، کـە ئیسـتاتیکا لە((ئیدراکی هەستەوەرانەی مرۆڤ(ادراك الحسي) دەکۆڵێتەوە))[1]، پاش ئەوەی چوارچێوەبەندییەك بۆچەمکی ئەم زاراوەیە دەسنیشانکرا، دواترماناکـەی بۆچـەمکی جـوانی و هەستکردن بـەجوانی و توێژینەوە و خستنەڕووی لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەستی جوانی تەرخانکرا.

جگە لەمانەی ئاماژەمان پێکرد بۆیەکـەمجار لەناوەڕاسـتی سـەدەی هەژدەمدا، فەیلەسـووفی ئــەڵمان ئەلێکســەندەر گۆتلیب(باومگــارتن)(1714_ 1762)، ((بەرهــەمێکی لــەدوو بەرگــدا بڵاوکردەوە، بـەرگی یەکـەم سـاڵی 1750ز، بـەرگی دووەم سـاڵی 1758ز بەناوونیشـانی ئیسـتێتیکا بە(624)لاپەڕە و(904)پەڕەگراف. لەو ڕۆژەوە، بەکۆششی ئەو هزرمەندە،جوانی و هونەر پێکەوە بوون بەلقی پێنجەمی فەلسەفە، ئیتر ئەو وشەیە جێگای شیاوی خـۆی لەکایـەی فەلسـەفە و هونـەر و ئەدەبدا پێ براو بوو بەناوونیشانی بابەتێك کـە لـەم سـەردەمەماندا خەریکـە بەتـەواوەتی لەفەلسـەفەی دایك جیاببێتەوە و ببێ بەبابەتێکی سەربەخۆ. باومگارتن فەلسـەفەی جـوانی و هونـەری بەزانسـت و هونەر داناوە. بەلایەوە گرنگ لەفەلسـەفەی جـوانی و هونـەردا سـەرەڕای چێـژ و لـەزەت، توانـایی بڕیاردانە، ئەو توانایيە لەچوارچێوەی فەلسەفەدا دوو ڕەهەندی هەیە:-

یەك: هەستەکی، ئەمە چێژ و لەزەت دەگرێتەوە و دەچێتە خانەی هونەر و جوانی.

دوو: ژیرەکی، بابەتی سەرەکی لۆجیکە))[2] .

دواتر هەستدەکەین کە بـەکاربردنی زاراوەکـە پانتایـەکی فراوانتری لەکایـەی ڕۆشـنبیری و هزری و زانستە مرۆڤایەتییـەکانی دیکـەدا گرتـەوە، لەنێویشـیاندا هونـەر و ئـەدەب بەتایبـەتی، بـەڵام دەبینــین (بۆمگــارتن) تــوانی بەهــەوڵ وکۆششــەکانی جیاکارییــەك بۆمانــای زاراوەکــە دابنێــت و سنووربەندییەکی دیاریکراویشی بـۆ دیاریبکـات. بۆیـە دەبینـین چەنـدین زاراوەی هاوشـێوەی دیکـەی بۆبەکارهاتووە، وەکو:- (تیۆری هونەرەکان، تیۆری هونـەرە جوانـەکان، تیـۆری ئەدەبـە جوانـەکان، تیـۆری زانسـتە جوانـەکان، ڕەخنـە، هونـەرە جوانـەکان، کالیستیکا(زانسـتی جـوانی)[3]. هەرچـەنـدە چــەمکی ئیســتاتیکا لــەڕووی ڕەگوڕیشــەوە مێژووەکــەی بــۆ ســەردەمی گریگــەکان دەگەڕێتــەوە بۆ(500)سـاڵ پ. ع، کە(بـەدێرینترین زانسـت هـەژماردەکرێت، کـە فەیلەسـووف و هزرمەنـدانیان لەلایەنی بیر و فەلسەفە و هونەرەوە بیروڕایان لەسەر گۆڕیبێتـەوە و وتـووێژی وردیـان لەبارەیـەوە کردبێ، وەك: هیراکلیـت و دیمۆکریـت و ئـەفلاتون پێیـان وابـووە، کـە کەرەسـەی وردیـی هونـەری جوانییەکەیەتی، چونکە هونەر لاسـاییکردنەوەیەتی و چێژەکـەی لەهاوسـەنگی نێـوان شـێوەی کـاری هونــەری و ئــەو جوانییــەی کــە لەپێگــەی هــزرەوە دەردەبڕدرێــت، دەبێتــە ســەرچاوەیەك بــۆ پێکهاتەکەی)[4].

(1) ڕێبوار سیوەیلی:کۆوانەکانی(ئێستاتیکا)، کۆلیژی هونەر، زانکۆی سلێمانی، 2005، ل 1.
(2) حەمید عەزیز(د.): ئیستێتیك فەلسەفەی جوانی و هونەر، گۆڤاری ڕامان، ژ( 281_ 282)، ل 87_ 88 .
(3) هيغل: المدخل الى علم الجمال، ت:جورج طرابيشي، ط2، دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت،1980، ص 19.
(4) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري(د.): التربية الجمالية علم النفس الجمال، ص 23.

**- ئامانج و پێناسەی ئیستاتیکا**

ئیستاتیکا لقێکی فەلسەفەیە و بەواتای(زانستی جوانی)(علم الجمال)، یاخود فەلسەفەی جوانی و هونەر دێت، چونکە مێژوویێکی کۆنی هەیە، بۆیە هزرمەند و هونەرمەند و ڕەخنەگران، بەگوێرەی بوار و پسپۆڕییە جیاوازەکانیان تێروانینی جیایان بۆ ئەم چەمکە هەیە و پێناسەی تایبەتییان بۆ کردووە، لای باومگارتن ئیستاتیکا((توانایی هەست کردن بەشت دەگەیەنێ و فەلسەفەی جوانی و هونەری بەزانست و هونەر داناوە. ئیستێتیك بابەتێکە خۆی(تیۆری داهێنانی هونەرییە)و لەتیۆری بڕیاردانی ئیستێتیکی جیاناکرێتەوە،ئەو بۆچوونە دووخاڵی لێ دەکەوێتەوە:- یەك:نزیك کردنەوەی جوانییە لەتیۆری زانین.

دوو:هەوڵدانە بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی میتافیزیکدا جێگا بۆ هونەر و جوانی بکرێتەوە))(1). ئەم هزرمەندە لەلایەك ئیستاتیکای بەتیۆری داهێنانی هونەری داناوە و لەلایەکی دیکەشەوە وەك زانستێکی هەستکردن بەشت ئاماژەی پێکردووە. بەمەش مەبەستییەتی نزیکبوونەوەی جوانی بخاتەڕوو لەتیۆری زانینی شتەکان و دواتر کارکردنێك بۆئەم مەبەستە ئاماژە پێبکات، بۆئەوەی لەسنووری میتافیزیکدا شوێنێك بۆهونەر و جوانی بکاتەوە. هەروەها(باومگارتن هێزی زانینی پۆلینکرد بۆ: هێزی باڵای هۆش، کە جەخت لەسەر لۆژیك دەکات، لەگەڵ هێزی نزمی هەست، کە جەخت لەسەر ئیستاتیکا دەکات. بەلۆژیك دەگەینە ڕاستی و هەق و بەئیستاتیکاش دەگەینە هونەر)(2)، ئەمەش ئامانجی سەرەکی ئیستاتیکایە. ئیستاتیکا خەسڵەتە هونەرییە جوانەکان ئاشکرا دەکات و پەیوەندییەکانی نێوان هونەر و دیاردە ژیارییەکانی زانست و کارخانە و ڕەوشت و فەلسەفە و ئایین دەسنیشاندەکات، کەوابوو(ئەمەش خاڵی گەوهەریی جیابوونەوەیەتی لەتوێژینەوەی مێژووی هونەر، کە بایەخ بەم لایەنە هونەرییە نادات، تەنها ئاماژە بەیەك لەدواییەکی قوتابخانەکان وشێوازە هونەرییەکان و بەرەو پێشچوونیان دەدات)(3).

ئیستاتیکا لقێکی فەلسەفەیە و(ئامانجی توێژینەوە و خستنەڕووی بنەما و شێوە و مەرج و پێوانە و تیۆر و چێژی گشتی جوانییە)(4) بۆئەوەی بیخاتەڕوو. بەمەش وا دەکات کە جوانی ببێتە زانستێك و لەکاریگەرترین(پەیوەندییە جوانییەکانی مرۆڤ بەژینگەی واقیعییەوە بکۆڵێتەوە)(5). هەروەها ئیستاتیکا زانستێکە(بەهای ئیستاتیکی لەوەدایە،کە دەیەوێت پەیوەندییەکی جوانی هاوسەنگ و گونجاو و ڕێکخراو لەکاری هونەریدا بەدەسبخات)(6). لەم پێناسەیەدا هەوڵدەدرێت بەهای ئیستاتیکی وەك زانستێك کاری لەسەر بکرێت، کە هاوگونجاوییەك لەنێوان جوانی و چالاکی وکاری هونەریی، بەپێی پێوەرێکی هاوسەنگ و ڕێکخراو لەکاری هونەرییدا دیاریدەکات.

لەپێناسەیەکی دیکەدا هاتووە ئیستاتیکا بریتییە لە(زانستی هەستکردن)(7)، لەبەرئەوەی هەستکردن بەجوانی سیفەتێکی مرۆڤە، پێویستە بیر و بۆچوونێکی دیاریکراوبێ بۆ جوانی و

(1) حەمید عەزیز(د.): ئیستێتیك فەلسەفەی جوانی و هونەر، گۆڤاری ڕامان، ژ( 281_ 282)، ل 87_ 88 .
(2)عفيف بهنسي(د.):علم الجمال عند أبي حيان التوحيدي و مسائل في الفن، مطابع ثنيان، بغداد،1972، ص 77.
(3) عزالدين اسماعيل(د.):ألأسس الجمالية في النقد العربي، ط3، دار الفكر العربي، بلا طبع،1974، ص 19.
(4) جميل سليبا (د.):المعجم الفلسفي، ج1، دار الكتب اللبناني، بيروت، 1978، ص 408.
(5)محمد سعد حسان و خلود بدر غيث و معتصم عزمي الكرابيلة:مقدمة في علم الجمال، ط1، مكتبة المجتمع العربي للنشر، عمان،2005، ص 15.
(6) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري (د.):التربية الجمالية علم النفس الجمال، ص 138.
(7) أميرة حلمي مطر:فلسفة الجمال، دار القلم، القاهرة، 1962، ص 11.

لێکجیاکردنەوەی ئەو شتانەبێ، کە بەجوانی وەسفیان دەکەین، بەمەش لەو سیفەتەی جیادەکەینەوە کە دژی جوانییە و بەناشیرینی(دزێو) وەسفدەکرێت، نەك هەموو جۆرە هەستکردنێك[1]. هەروەها لەبارەی ئیستاتیکاوە لەفەرهەنگی (لالاند)ی فەلسەفیدا هاتووە: ((ئیستاتیکا بەحاڵەتێکی دەگمەن و هەڵچوونێکی جوانی دەوترێت کە هاوشێوەی خۆشی و چێژ و هەستی مۆراڵییە، بابەتی ئەم زانستە بریتییە لەحوکمی هەڵسەنگاندن لەنێوان(جوانی)و(دزێوی)دا، لێرەدا جوانی و ناشیرینی دەبن بەدوو دیواڵتی دژبەیەك، واتە جوانی و ناشیرینی دوو دیوی حوکمدانەکەن، بەبێ ناشیرینی جوانی بوونی نییە، واتە بوونی ناشیرینی و بەرجەستەکردنی دزێوی شتێکی گرنگە بۆ دەرخستنی بەهاکانی جوانی))[2].

بەپێی ئەم پێناسەیە ئارامبوونەوەو شادیی مرۆڤ، بەهۆی ئەو دیمەنە جوانانەی دەیبینێت هەژانێك لەناخی دەوروژێت و هەستەکانی کاریگەرتر و بەهێزتر و هزری قوڵتر دەبێت، ئەمەش بۆ ئەم جیاوازییە کولتووریی و ژینگەییەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، کە تیایدا دەژی و کاردانەوەی لەسەر دیاریکردنی جوانی و ناشیرینی دەروونییەوە دەبێت. چەمکی جوانی لێرەدا دەبێتە ڕێژەیی و پەیوەستە بەدۆخی سایکۆلۆژی مرۆڤەکەوە، کە بۆئەو کاریگەرییە دەگەڕێتەوە(لەڕێگەی ئەو وێنە و هێما و ئاوازانەوە دەبێت، کە سیفەتە جوانییەکانی دەخەنەڕوو، لەبەرئەوەی هونەر دەگمەنترین بابەتی ئیستاتیکایە، کەچی تاکە بابەتی نییە،بەڵکو سیفەتێکی خودیش دەبینێت، چونکە دیمەنەکانی سروشت و مرۆڤ و ئەو شوێنەوارانەی بەرهەمی دێنێت، هەماهەنگی شوێنەوارەکانی کاری هونەری پاراو و بابەتی ئیستاتیکان، بەمشێوەیە ئیستاتیکا دەبێتە ڕێبازێکی فەلسەفی و لەهەمان کاتیشدا هونەری، چونکە ئەزموونێکی تاکە کەسییە، بۆیە سیفەتە خودییەکەی مرۆڤەکەش وەردەگرێت)[3].

بۆیە جوانی و هەستی جوانی بەیەکەوە لکاون، بەجۆرێك گەر جوانی سیفەت و تایبەتمەندی کەرەسە و ژینگە مەتریالییەکەی جیهانی دەرەوەی مرۆڤ بێ، ئەوا هەستی جوانیناسی لەخودی ناخی مرۆڤەکەدایە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئیستاتیکا بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە دوو بەش: بەشی تیۆری گشتی: تایبەتە بەسیفەتە هاوبەشەکانی نێوان شتە ناباب و جوانەکان، کە دەبنە هۆی درککردن بەجوانی، ئەو هەستکردنەش بەم جوانییە بەشێوەیەکی دەروونی شیباندەکاتەوە بەجۆرێکی فەلسەفییانە و سروشتی جوانی دەخاتەڕوو. هەروەها ئەو مەرج و بنەمایانەشی دەسنیشاندەکات، کە جوانی لە ناشیرینی جیادەکاتەوە، کەچی بەشی پراکتیکی تایبەتی: لەو وێنە هونەرییە جۆراوجۆرانە دەکۆڵێتەوە و نموونە تاکەکانییان دەخاتە بەردیدی ڕەخنەییەوە و ئەم بەشەشیان پێیدەوترێت:ڕەخنەی هونەری[4].

هەروەها لەئینسایکلۆپیدیای گشتی(بەرگی یەکەم)دا بەمجۆرە پێناسەی ئیستاتیکا کراوە:((ئیستاتیك:(Aesthetics ) لقێکی گەورەی جیهانی فەلسەفەیە. وشەی(ئیستاتیك) لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانییەوە(بۆمکارتن) لەساڵی (1735)دا بۆ یەکەم جار بەکاریهێناوە، کە زانستێکی فەلسەفەیە، وبەکورتی فەلسەفەی جوانی دەگەیەنێت و لەجوانی دەکۆڵێتەوە،و لەجەوهەری یاسکانی پەرەسەندن دەدوێ، هەروەك چۆن ڕابردوو و تاقیکردنەوە و بۆچوونەکان بەبۆچوونە پێشەوە و

(1) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري(د.):التربية الجمالية علم النفس الجمال، ص 21.
(2) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد:فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، ل 191.
(3)عقيل مهدى يوسف(د.):الجمالية بين الذوق و الفكر، ط1، مطبعة سلمى الفنية الحديثة، بغداد، 1988، ص 13.
(4) جميل سليبا(د.):المعجم الفلسفي، ج1، ص 408.

ڕووکردنە ئایینە دەناسێ. مەودای ئەو تێڕوانینەیە دیالیکتیکیەتی پەیوەندی جوانی لەژیان و هونەردا دەسەڵمێنێ. ئیستاتیك لەدوو ڕێبازدا خۆی دەبینێتەوە. یەکەمیان جوانی بەشتێکی بابەتی دادەنێ کە لەخودی شتە جوانەکەدا هەیە. دووەم ڕێباز وای بۆ دەچێ، کە جوانی هەستێکە لەلایەن هەستی خۆیی ئەو کەسەوە هەستی پێدەکرێت))[1].

ئامانجی هەموو ئەو پێناسانەی هزرمەند وڕەخنەگران لەبارەی ئیستاتیکاوە کردوویانە، دەکرێت بەچەند خاڵێك بخەینەڕوو:

1- تێڕوانینێك پێیوایە ئیستاتیکا توێژینەوەی جوانییە، جا هونەری یاخود سروشتی بێت.

2- تێڕوانینێك پێیوایە ئیستاتیکا جگە لەتوێژینەوەی چەمك و زاراوە ئیستاتیکییەکان، هەروەها شرۆڤەکردنی ماناکانی شێوە و ناوەرۆك و جۆر و چێژە.

3- تێڕوانینێك پێیوایە ئیستاتیکا توێژینەوەیە لەوێنە هونەرییەکان.

4- تێڕوانینێك پێیوایە هەموو بیروبۆچوونەکان بەمرۆڤەوە پەیوەستە، لەکاتێکدا هونەر بەرهەمێکی مرۆڤایەتییە و بڕیاردانیشی بڕیارێکی مرۆڤایەتییە، وێنەی هونەریش بەرهەمی کاری مرۆڤایەتییە[2].

5- سەرەڕای ئەم بیروبۆچوونانە تێڕوانینێك پێیوایە ئیستاتیکا جگە لەئاماژەدان بەجوانی، بایەخ بە(ناشیرین)یش دەدات، چونکە ئەو ناشیرینییە بەهاو سەنگییەك بەجوانی دەدات.

لەئەنجامی خستنەڕووی ئەم پێناسە جیاوازانەوە، لەبارەی ئیستاتیکاوە دەتوانین بڵێین: ئیستاتیکا بەشێکی وەك زانستێك سەر بە لقی فەلسەفیە و چوارچێوەیەکی وەسفی هونەری هەیە، لەبەرئەوەی بایەخ بەپیشاندانی ڕاستییە تایبەتی و هونەرییەکان دەدات و دەیەوێت گشتگیریان بکات، جگە لەمەش لەتوێژینەوەی هێز و چالاکییە مرۆڤایەتییەکان لەڕووی ناوەڕۆك و ڕووخسارەوە دەکوڵێتەوە، کە لەکاری هونەریدا بەرجەستە دەبێت. هەروەها زانستێکە لەجوانی و هەستکردن بەجوانییەکان و پەیوەندی ئەو هەستەی مرۆڤ بۆ جوانی و دۆزینەوەی جوانییەکان دەخاتەڕوو، جگە لەمەش فەلسەفەی جوانی ئەوەیە، کە بیرۆکە و ئەفکاری تیۆری گشتییە لەبارەی بابەتەکانی جوانی.

هەڵاواردنی جوانی و ناشیرینی بەپێی پێوەرێکی هونەری دیاریکراو دەبێت، بەهۆی ئەوەی، چونکە ئیستاتیکا: یاسای چەسپاوە جوان و ناشیرین، سەنگین و گاڵتەجاڕی لێکجیادەکاتەوە، ئەوەش ڕووندەکاتەو، کە بۆچی فلانە شت جوانە و فلانە شت ناشیرینە. هەروەها گرنگی بەبابەتە هونەری و ئەدەبییەکان دەدات و وەك کەرەستە و بنەما و بابەتی ئیستاتیکی سەیریان دەکات و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات.

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاوتر و لەبارتر لەمانای ئیستاتیکا تێبگەین، پێویستە ئاماژە بەچەمکی جوانی بکەین، چونکە ئەم چەمکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەئیستاتیکاوە هەیە:

(1) یاسین صابر صالح:ئینساکلۆپیدیای گشتی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،2009، ل269_ 270 .
(2) مجاهد عبدالمنعم مجاهد:دراسات في علم الجمال، ط2، عالم الكتب، بيروت، 1986، ص 20.

**- چەمکی جوانی**

جوانی یەکێکە لەو چەمکانەی، کە بەهەموو کات و ساتێك جێگەی سەرنج وتێرامان و هەستکردنی مرۆڤ بووە، لەبەرئەوە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هزرمەند و فەیلەسووفەکان بایەخ و گرنگییەکی تایبەتییان پێداوە و لەدیدگا و تێڕاوانینی جیاوازیانەوە بەپێی بواری جیاجیایان لەبواری فەلسەفە و ئایین و هونەرییەوە پێناسە و شیکردنەوەی وردیان بۆ کردووە، چونکە(جوانی ڕاستییەکی وەهایە هونەرمەند بۆ ناوەخنی خۆی کێشدەکات و سیفەتێکی گشتی مرۆڤایەتییە، لەسەرووی خێر وهەقەوەیە،چونکە ئەوەی خێر و هەق بێ هەموو کات جوانە، بەڵام مەرج نییە هەرچی جوان بێ خێر و هەق بێ، لەبەرئەوەی جوانی سیفەتێکی گشتی ڕەهای مرۆڤە، چونکە ڕاستییەکی مرۆڤایەتییە و هەمووکات هونەرمەندی داهێنەر بەدوایدا وێڵە و دەیەوێت بیدۆزێتەوە)[1]. جوانی لەدیدگای فەیلەسووفەکاندا(سیفەتێکە لەخودی شتەکاندا تێبینی دەکرێت، خۆشی و ڕازیبوون لەدەروونـدا دروستدەکات، هەروەها جوانی یەکێکە لەو سیفەتانەی کە پەیوەستە بەڕازیبوون و میهرەبانییەوە)[2]ولەپاڵ هەق و خێرەوە بەها و گرنگییدان لەلای مرۆڤ پێکدێنێت و ئاسوودەگییەك بەناخی مرۆڤ دەبەخشێ و لەهەمان کاتیشدا، بەهۆی هەستکردنی بەجوانییەکانەوە جۆرێك لەتێرامان و سەرسوڕمانی بۆ دروستدەکات.

هەروەها بەلای هەندێکی دیکەوە جوانی دەبێتە دووجۆر: (جوانییەکی بێ گیان و جوانییەکی زیندوو، ئەوەی یەکەمیان هیچ زیندوویەتییەکی تێدا نییە، وەك: بینایە و تابلۆیەکی هونەری و دیمەنە سروشتییە نەگۆڕەکانی وەك: (ئاسمان و چیا و ڕووبار و تابلۆ وشکەکانی سروشت)، بەڵام جۆری دووەمیان جوانییەکی بوونەوەرە زیندووەکان، کە گیانێکی پڕ لەهەست و سۆز و گەشەسەندوو و گۆڕاوی تێدایە و بەپێی بارودۆخەکان دەگۆڕێت، لەوانەش: نموونەی وردیی جوانی ژنە)[3]، بەڵام بەپێی ئەنجامە زانستییەکان، لەبووندا هیچ جۆرە شتێکی چەسپاو و نەگۆڕدراو نییە، تەنیا ئەوەی هەیە لەوانەیە مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسایی هەست بەگۆڕانکارییەکانی نەکات. لەبەرئەوەیە سروشتی جوانی وبایەخەکەی وایکردووە، کە هەندێك لەهزرمەند و فەیلەسووفەکان پێیانوابێ جوانی شتێکی خودییە و هەست و هۆشی تاك سەرچاوەی جوانییەکەیەتی، بەڵام هەندێکی دیکەیان وایلێکدەدەنەوە، کە جوانی شتێکی بابەتییە و شتەکانی دەرەوەی ناخی مرۆڤ سەرچاوەی بوونیەتی. هەندێکی دیکەی تر پێیانوایە جوانی خودی – بابەتییە و بەشێکی دیکەشیان لایانوایە جوانی خواییە. هەربۆیە چوار ئاراستەی جیاواز بەهۆی ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانەوە هاتنەکایەوە لەوانەش:

أ- ئاراستەی خودی		ب- ئاراستەی جوانی_ بابەتی

پ- ئاراستەی خودیی- بابەتی		ت- ئاراستەی جوانی- خوایی.

**أ- ئاراستەی خودی**

هزرمەند و فەیلەسووفەکانی سەربەم ئاراستەیە، پێیانوایە دەکرێت هەموو شتێك جوان بێت، ئەگەر ئێمە بەجوانی سەرنجی بدەین و لێیبڕوانین، چونکە سەرچاوەی جوانی ناخی ناوەوەی مرۆڤە، نەوەك ئەو بوونانەی کە دەکەونە دەرەوەی جیهانی ناوەوەی مرۆڤ، لەبەرئەوەی ئەوان جوانی لەدەرەوەی خودی مرۆڤ نابینن، کەواتە ئەگەر شتێك لەڕابردوودا بەجوانی نەتبینیووە و بەڵام

(1) عفيف بهنسي(د.):علم الجمال عند أبي حيان التوحيدي و مسائل في الفن، ص 72.
(2) جميل سليبا(د.):المعجم الفلسفي، ج 1، ص 407.
(3) سيد كريم(د.):المدينة الجميلة، مجلة الكتاب، المجلد 5، جزء 1، 1948، ص 99.

لەئێستاکەدا بەجوانی دەیبینیت، ئەوا جوانییەکە پەیوەندی بەمادە دەرەکییەکەوە نییە، کە ئێستاکە جوانە و لەڕابردوودا ناشیرین و دزێو بووە، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەجۆر و چۆنیەتی سەیرکردن و سەرنجدانەکەیەوە هەیە، ئەمانە لەو بڕوایەدان، کە(سەیرکردنی جوانییەکی سەربەخۆ تەنیا لەشێوازی سەرنجدانی ئێمەیە و خودەکەی لەپێناوی خودی ئێمەدایە)[1]، لەبەرئەوەی ئێمە مرۆڤین، بۆیە ئەگەر وابێت ئەوا هیچ شتێك نییە لەدەرەوەی جیهانی مرۆڤدا بەناوی جوانییەوە، هەربۆیە(ئیمانوئیل کانت- 1724- 1804)یش ڕێك لەبیروبۆچوونەکانیدا ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە تەنیا (بوونەوەری خاوەن هۆش و هۆشەکی توانای تاقیکردنەوەی جوانیناسییان هەیە)[2]، تەنیا هەر ئەوانن دەتوانن بەشتی جوان بڵێن جوان، چونکە یەکێکە لەدیارترین فەیلەسووفەکانی ئەم ئاراستەیە، بۆیە پێیوایە: کە(جوانی پێویستییەکی خودییە)[3]، هەربۆیەکە ئەگەر ئەمە ڕاستییەتی تێدابێت، جوانی ئەو شتە بێت، کە ئێمە هەمووومان پێویستیمان پێی هەیە، بەبێ بوونی ئەو تەواو نابین، ئەی لەبەرچی ناشیرینی بەرهەمدێنین؟. ئەگەر بەرهەمهێنەری جوانییەکە بین، لەهەمانکاتدا ناگونجێت بەرهەمهێنەرە ناشیرینییەکەش ڕەتبکەینەوە، ئەگەر(جوانی لەدیاردەیەکی دەروونی خودییەوە شتێکی دیکە نەبێت)[4]، هەربۆیە ئەو هاوکێشەیە بۆ چەمکی ناشیرینیش هەمان شتە، لەبەرئەوەی هەردووکیان وەك دوو ڕووی یەك دراون، بەئامادەنەبوونی یەکێکیان ئەوەی دیکەیان بەدەردەکەوێت.

(فرێدریك هیگڵ- 1770 - 1831)یش لەبارەی بوونی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان هۆشی مرۆڤ و بوونە دەرەکییەکاندا، هۆش دەکاتە پێوانەیەك بۆ جوانی سروشتی و دەڵێت:(جوانی سروشت تەنیا و تەنیا وەکو ڕەنگدانەوەیەکی جوانی هۆش بەدەردەکەوێت)[5]. هەربۆیە ئەوکاتە دەتوانین بڵێین سروشت جوانە، کە لە هۆش و هەستی مرۆڤدا جوان بێت و وێنەدانەوەکەی کاریگەریی لەسەر ناخ و هەست و دڵ و دەروونەوە ڕەنگبداتەوە و بەدەربکەوێت. بەپێی تێڕوانینی ئەو ئاراستەیە جوانی شتێکی خودییە و تەنیا بەمرۆڤەوە بەندە و هەر تەنیا ئەویشە بڕیار لەسەر جوانی شتەکان دەدات، یاخود سیفەتی جوانییان دەداتە پاڵ، بەمجۆرە شێوە ڕێژەییبوونێك بەجوانییەکە دەبەخشێت، لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە و لەکات و سات و شوێنێکەوە بۆ سەردەمێك و شوێنێکی دیکە گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەردادێت.

هەروەها(سپینۆزا – 1632- 1677)ش پێیوایە جوانی ئەوکاتە دروستدەبێت، کە کاریگەریی شتە هەستپێکراوەکە لەزەینی مرۆڤە هەستکردەکەدا بەجێ بمێنێت ولەلای ئەو (جوانی لەسیفەتی شتەکەدا ئامادەیی نییە، ئەوەندەی کاریگەریی لەسەر ئەو مرۆڤە بەجێدەمێنێ وئەو شتە هەستپێدەکات)[6]. ئەو فەیلەسووفە لایەنی کاریگەرییەکە ڕەتناکاتەوە، بەڵکو جەختیشی لەسەردەکاتەوە، بەڵام ئەوەی هەست بەجوانییەکە دەکات هۆشە، نەك لایەنە کاریگەرییەکەی، بۆیە بەپێی ئەم بۆچوونە بێت ئەوکاتە جوانییەکە دەبینین، کە کاریگەرییەکەی لەدەرەوە بێت و ببێتە سەرچاوەیەك بۆ دروستبوونی جوانی لەهۆشدا. بەمەش کاریگەرییەکە دەبێتە سەرچاوەی بنەڕەتی

(1) ایتالو کالفینو:ألة ألأدب (الفلسفة وألأدب)، ت:حسام بدار، عمان،2005، ص 40.
(2) عبدالحسین فرزاد(د.):درباره نقد ادبی، چاپ چهارمم، نشر هفتم، تهران، 1386، ص81.
(3) صلاح قنصوة(د.):نظريتي في فلسفة الفن، دار الحرية للطباعة، 2005، ص 186.
(4) ايتالو كالفينو:ألة ألأدب (الفلسفة وألأدب)، ص 40.
(5) امال حليم الصراف:موجز في علم الجمال، الطبعة ألأولى، مكتبة المجتمع العربي، عمان،2006، ص 16.
(6) جيل دولز:نيتشه و الفلسفة، ت:أسامة الحاج، ط2، بيروت، 2001، ص 447.

جوانییەکە، نەوەك هۆشی مرۆڤەکە، هەربۆیە هۆش تەنیا دەبێتە وێنەدانەوەی ئەوەی لەدەرەوە بۆی هاتووە.

**ب- ئاراستەی جوانی _ بابەتی**

هزرمەند و فەیلەسووفانی ئەم ئاراستەیەش پێیانوایە جوانی لەدەرەوەی ناخ و هەست و هۆشی مرۆڤدایە و هۆش ئامادەگیی هەبێت یان نەبێت، یاخود خودی مرۆڤ ئامادەسازیی هەبێت یاخود نا، جوانی هەر هەیە. بۆیە جوانی پەیوەندی بەو ژینگە و سروشت و بوونەوە هەیە کە جوانە، نەك بەوەی هەست بەجوانییەکەی دەکات، چونکە(جوان هەر جوانە، جا تاکێك هەبێت هەست بەوجوانییەکەی بکات، یان نەکات، ئەوهەر جوانە)[1]، بۆیە لەمەیاندا چێژ و زەوقی تاکەکان هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنیا جوانی شتەکەیە. بەپێی بۆچوونی ئەم ئاراستەیە بێت، ئەگەر شتێك لای تاکێك جوان بێت، دەبێ لەلای گشتمان جوان بێت، لەبەرئەوەی جوانییەکە هیچ جۆرە شتێك کاریگەریی لەسەر نییە و بەهیچ شتێکیش ناشیرین نابێت. بۆیە ئەگەر(جوانی تەواوی زانیاری هەستی بێت)[2]و ڕاستەوخۆش پەیوەندییان بەمادەکەوە هەبێت، کە هەستی پێدەکەن، لەم کاتەدا ئەگەر شتە هەستپێکراوەکە جوان بێت، ئەوا بەجوانی بەدەردەکەوێت، ئەگەریش ناشیرین بێت، ئەوا وێناکەی ناگۆڕێت، بۆیە لێرەدا هەستەکان سەرچاوەی جوانییەکە نین، بەڵکو هۆکارێکن بۆ هەستکردن بەجوانییەکە و سەرچاوەی جوانییەکەش هەر ئەو مادەیەیە کە هەستپێکراوە.

هەربۆیە هەستەکان بوونی خۆیان بەسەر بیرەکان دەچەسپێنن، چونکە(تێکڕای بیرەکان بەتایبەتیش بیرە چەسپاوەکان بەشێوەیەکی سروشتی بێ هێز و نادیارن، هەموو هەستەکانیش کاریگەر و ڕوون بەدەردەکەون)[3]، لەمەشەوە هەر جۆرە جوانییەك، بەهۆی ئەو هەستانەوە هەستی پێبکرێت، جوانییەکی تەواو دەبەخشن.

**پ- ئاراستەی خودی - بابەتی**

هزرمەند و فەیلەسووفەکانی ئەم ئاراستەیەش لەناوەڕاستی ڕێگاکەدان و لایەنگیری هیچ یەکێك لەئاراستەکانی خودی یاخود بابەتی ناکەن، بەڵکو جۆرە شێوە تێکەڵییەکیان لەدوو ئاراستەکەی دیکەدا هەیە و پێیانوایە بۆ بەدیارکەوتنی جوانییەکی تەواو دەبێت، هەردووك جوانی خودیی و بابەتییەکە ئامادەییان هەبێت بۆ جەختکردنەوە و (بڕیاردان لەسەرجوانییەکە، لەنێوان بیرکردنەوەیەکی ئەبستراکت و هەستکردندایە)[4]و جوانی ئەوکاتە دەستدەکەوێت، کە شتەکە جوانە و لەڕێگەی هەستەکانیشەوە هەست بەجوانییەکەی بکرێت و دەبێت لەگەڵ شتی جوانی دیکەشدا بەراوردی بکەیت، کە پێشتر لەهۆشماندا هەبووە، تاکو بزانین جوانییەکەی لەچ ئاستێکدایە. بەمەش خودی شتەکە و هەم هەستەکان و هەروەها هۆشی ئەبستراکتیش بەشداری دەکەن لەپرۆسەی ناسینی جوانییەکە و بڕیارێکی گونجاویش لەسەر جوانییەکەی دەدەن. هەروەها بۆ ئاشنابوونمان بەناسینی جوانی پێویستیمان بەوە هەیە، کە(سۆز و خودی هەستەکانمان بەگەڕبخەین، لەو ڕێگەیەوە

(1) ايتالو كالفينو:ألة ألأدب(الفلسفة وألأدب)، ص 15.
(2) نبيل عبدالحميد عبدالجبار(د.):الفلسفة لمن يريد، الطبعة ألأولى، دار دجلة، منشورات عمان، ألأردن، 2007، ص 61.
(3) احسان عباس(د.):شعر و اينه، سيد حسين حسينى، انتشارات سروش، تهران، 1388، ص 45.
(4) جيل دولز:نيتشه والفلسفة، ص 448.

هەوڵبدەین ئاوێتەی چاوگەی بوونە جوانەکە ببین و کارلێك و کاریگەریمان لەسەر بەجێبهێڵێت)[1]و لەو ڕوانگەیەوە جوانییەکەی بۆ هۆشمان بگوازینەوە و چێژی لێوەربگرین.

**ت- ئاراستەی جوانی _ خوایی**

بەشێك لەفەیلەسووف و هزرمەندانی ئەم ئاراستەیە جوانی بەجوانی خواییەوە دەبەستنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەسۆفیگەرییەوە هەیە، پێیانوایە:(جوانی ئیلهامێکی خواییە دۆزراوەتەوە، یاخود مۆرکێکی ئەفرێنەرە لەسەر ئەفرێنراوەکانی و نەبیر و نە هەستەکانیش توانای ئەوەیان نییە ئەو جوانییە بدۆزنەوە)[2]، ڕاستە جوانی هەیە، بەڵام هەموو تاکێك ئەو توانایەی نییە ئەو جوانییە بدۆزێتەوە، بۆیە ئەوانەی دەیانەوێت بیدۆزنەوە، پێویستە سێ هەنگاو پەیڕەوبکەن، کە (لەسەرەتادا دەبێت درککردنی هەستی ئەو جوانییەیان هەبێت، پاشان هەنگاوبنێن بۆ گۆڕینی بەرەو خۆشەویستی بۆچوونە گشتییەکان و لەدوا هەنگاویشدا بگەنە ئەو جوانییەی کە تۆکمە و تەواوە و جیایان دەکاتەوە، لەهەموو شتێك و بەرەو خۆشەویستی خوایییان دەبات)[3]، بۆیە دەبینین(ئەفلاتون)یش ئەو سێ هەنگاوەمان بۆ دەستنیشاندەکات و لەهەنگاوی یەکەمدا دەیەوێت پێمان بڵێت: خۆشەویستی خواوەند(ڕەها) بەدەست بێنیت، چونکە جوانی ڕەسەن و ڕاستی لەهەنگاوی کۆتاییدایە و هەنگاوەکانی دیکە جوانییان تێدا نییە و تەنیا قۆناغێکن بۆ گەیشتن بەدوا قۆناغی جوانی ڕەهایە خواییەکە[4]، (ئەفلۆتین)یش پێیوایە: کە(ئەو جوانی و ڕازاوەییەی، کە لەشتەکاندا بەرجەستە دەبێت، تارمایی ڕاستی و هەقیقەتی ئەو جوانییەن)[5]وخودی هەقیقەتەکە نین، چونکە ئەگەر هەقیقەتەکە بن، ناشێت بفەوتێن و لەهەمان کاتشدا ناگونجێت شوێن و کات کارلێکییان لەگەڵدا بکەن، بەڵام بەپێی شوێن وکات گۆڕانییان بەسەردا دێت، چونکە جوانی ڕاستەقینەنین و سێبەری ئەو جوانییەن. هەروەها لای هەندێك لەفەیلەسووفە سۆفییە ئیسلامییەکانیش ئەو تێڕوانینە هەیە، کە(ڕاستی هەقیقەتی جوانی لەنێو شتە جوانەکاندا بوونی نییە، بەڵکو جوانی ئەوان وێنەدانەوەی جوانی خواییە و دەرکەوتەیەکە لەتیشکی ئەو جوانییەی، کە لەخودی یەکتایی(خوا)دا هەیە و بەدەردەکەوێت)[6]. واتە ئەمە بەشێك بوو لەتێڕوانین و بۆچوونی هزرمەند و فەیلەسووفەکانی ئەو ئاراستەیە، کە هەموو بوون(وجود)بەفەیزی خوا دادەنێن و بۆیە جوانیش بەدەرنییە لەو بوونانەی خوا دا.

لەئەنجامی پوختەی بیروبۆچوونی ئەو ئاراستە جیاوازانەوە دەربارەی چەمکی جوانی دەگەینە ئەو بۆچوونەی، کە بڵێین: ئەگەر یەکێك لەخەسڵەت و تایبەتمەندییە هەرە سەرەکییەکانی شیعر جوانی بێت وەك ژانرێکی ئەدەبی، کەواتە دۆزینەوەی جۆری جوانی کارێکی هێندە زەحمەت نییە، بۆدەستنیشانکردنی چۆنیەتی جوانییەکەی، ئەوا دەتوانین جوانییەکەی لەدەنگەوە ببینینەوە تا وشە و ڕستە و کۆپلە و ڕیتم و ئیقاع و سەروا و کێش و وێنەی شیعری و ئیستاتیکای ناونیشان و پرسیار و تۆپۆگرافیای جوگرافی دەقەکە و.... هتد، ئیستاتیکاش لەشیعردا هەموویان لەیەك پلەدا نابینێت و دۆزینەوەی جوانییەکانیان کارێکی هێندە ئاسان نییە، چونکە بەشێك لەو جوانییانە هەن شاراوە و

(1) ايتالو كالفينو:ألة ألأدب(الفلسفة وألأدب)، ص 17.
(2) نبيل عبدالحميد عبدالجبار(د.):الفلسفة لمن يريد، ص 74.
(3) ايتالو كالفينو:ألة ألأدب(الفلسفة وألأدب)، ص33.
(4) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري(د.):التربية الجمالية _ علم النفس الجمال، ص 97.
(5) نصرالله پورجوادی:درامدی بەفلسفه افلوطين، چاپ سوم، مركز نشر دانشگاهی، تهران،1378، ص72.
(6) سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

نادیارن، گەڕان و دۆزینەوە و پشکنینیان لێکدانەوەی وردی دەوێت، تا بەجوانییەکەی بگەیت و ئەمەشیان پەیوەستە بەخوێنەری وریا و زیرەکەوە، ئەوەی گرنگیشە ئەوەیە، کە هەر خوێنەرێك وشیاربێ یان نا، خۆی ماندووبکات و بەدوای کۆد و نهێنییە بزر و نادیار و شاراوەکانی دەقەکەدا بگەڕێت یاخود نا، یان هەر بەسەرپێیی دەقەکە بخوێنێتەوە و بەبێدەسکەوتنی بەشێك لەلایەنە ئیستاتیکییەکانی لەدونیای شیعرەکەدا ناچێتە دەرەوە، چونکە شیعر هەمووی جوانییە و گەلێکجار لەدوو توێی شیعرەکەدا خودی جوانی دەبێتە بناغەی بابەتی شیعرەکە و لەمەشەوە جوانی بەجوانی دەردەبڕدرێت و سەرەنجام بیرکردنەوە و تێڕوانینی شاعیرەکەمان سەبارەت بەجوانی بۆ ڕووندەبێتەوە، لەمەوە تێدەگەین ئیستاتیکابوونی دەقەکە لەچیدایە و بەچ جۆر و شێوە و شێوازێك دەربڕاوە.

**- پەیوەندیی نێوان تایبەتمەندیی جوانی سروشتی و جوانی هونەری**

هەرچەندە هزرمەند و هونەرمەند و فەیلەسووفەکان بەشێوەیەکی گشتی پێیانوایە جوانی بەدوو جۆر خۆی نیشاندەدات، هەندێکیان بایەخێکی زۆر بەجوانی سروشتی دەدەن و دیمەنە سەرنجڕاکێش و قەشەنگەکانی سروشت دەکەنە چاوگەیەك بۆ تیشك خستنە سەر جوانی هونەری و بەشێکی دیکەشیان لایانوایە، کە جوانی هونەری زێتر جێگەی گرنگپێدانە و لەسەرووی جوانی سروشتییەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاکەرەوەی تایبەت بەخۆی هەیە و لەکۆتایشدا پەیوەندییەکی تەواوکەری بەیەکیان دەبەستێتەوە، بۆیە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

**- جوانی سروشتی**

سروشت هەموو کاتوساتێك جێگەی تێڕامان و سەرنجدانی وردی بیرکردنەوەی مرۆڤ بووە و بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و ڕاستەوخۆش پەیوەندیی بەبوون و ژیانیشییەوە هەبووە، چونکە((سروشت یەکەمین سەرچاوەی جوانییە، مرۆڤ یەکەمجار لەناو سروشتدا فێری جوانی بووە، مێژووی مرۆڤایەتی گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن))[1]، بۆیە سروشت و پێکهاتەکەی بوونەتە بابەتی سەرەکی و کەرەستەی هونەر و ڕەنگدانەوەی ئەو جوانییەی هەیەتی بەشێوەیەکی قەشەنگ و ڕازاوە لەناو هونەریشدا وێنای کراوە. هەروەها ئەو دیمەنە جوان و سەرەنجڕاکێش و دڵڕفێنانەی سروشت یەکەمین وێنەی جوانینە و لە پلەی جیاوازدا، لای مرۆڤەکان دەردەکەوێت بەپێی ئاستی وریایی و ڕۆشنبیریی و تێڕوانینی ئیستاتیکی ورد هەستیان پێدەکات و گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. مرۆڤ لەو کاتەوەی هەستی بەبوونی خۆی و ناسینی جوانییەکانی سروشت و ژینگە و دەوروبەری خۆی کردووە، لەوساتەوە دەستیکرد بەداهێنانی جوانی((واقیعی و ڕووحی) لەسەر ڕێبازی یاساکانی جوانی سروشتی و بەرەوپێشچوونی فیکری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی))[2]، بینینی ئەو جوانییەش کاریگەرییەکی بەهێز و بەتینی لەسەر ژیانی تاك بەگشتی و هونەرمەند بەتایبەتی هەیە، پاشان دەبێتە بابەتێکی بایەخدار، بۆ ئەوەی ئەو جوانییەی لەبوونی سروشتدا هەیە، لەکارە هونەرییەکاندا وەکو بابەتێکی ئیستاتیکی جوانییەکانی ڕەنگبدەنەوە، لەبەرئەوەی جوانی سروشتی کاریگەرییەکی قوڵی بەسەر هەستی جوانبینیانەی خودی مرۆڤەوە هەیە ((ئەو چەمکانەی لەئاکامی پەیوەندیی

(1) ئاسۆ عومەر مستەفا:بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2009، ل 33.
(2) عبدالمنعم تليمة:مداخل الى علم الجمال ألأدبي، دار الثقافة للطباعة والنشر، قاهرة، 1978، ص12.

ئادەمیزاد لەگەڵ سروشتدا لـەدایك دەبـن، لەهونـەردا ڕەنـگ دەدەنـەوە))[1]، ئـەو جوانییـە سروشـتییە دەبێتـە سـەرچاوەیەکی سـەرەکی بەرهـەمی داهێنەرانـەی ئـەبی و هونـەری، چونکـە هونەرمەنـد و ئەدیب بەپێی شێواز و جۆری شێوەی بیرکردنـەوەی هونەرییانـەی خۆیـان هەوڵـدەدەن بـۆ کـارێکی دەگمەن و نایابی هونەرییانە سوود لەبینینی دیمەنە جوانەکانی سروشت وەربگرن و لەئـەنجامی ئـەو کارلێکـە و کاریگەرییـە بەسـەر نـاخ و دڵ و دەروونیانـەوە، داهێنـانێکی تـازە بهێنێتەکایـەوە، کـە سیفەتەکانی جوانی تێدا کۆببێتەوە و لەسەر بنەمای کردارەکـانی چۆنیـەتی هـەڵبژاردن و لێکدانـەوە و گونجاندنیانەوە بەشێوەیەکی نوێتر، کە پێچەوانەی گواستنەوەی ڕاستەوخۆی جوانییەکانی سروشـتەوە بێت.

## - جوانی هونەری

سـەرەڕای ئەوانـەی ئاماژەمـان پێکـرد و خسـتمانەڕوو، جـوانی هونـەری زیـاتر جێگـەی بایەخپێـدانی داهێنـەرانی ئـەدەب و تیۆردانـەرانی ئەدەبـە، چونکـە دەبێـت لەخزمـەتی نـرخ و بـەها مرۆڤایەتییەکاندا بێـت، لەبەرئـەوەی ئەوکاتـە ئـەوجۆرە جوانییـە بەجوانییـەکی پـاراو دادەنرێـت، کـە پێچەوانەی ئەوانەوەیە کە لایانوایە دووجۆر جوانی هەیە: ((جوانی پاراو و جوانی ناپـاراو،، جـوانی ناپاراو خزمەتی دوو ئامانج دەکات: ئامانجێکی جوانی و ئامانجێکی کارەکی))[2]، چونکە هونـەرێکی وەك تەلارسازی، تەنها بەپلەی یەکەم خزمەتی ئامانجێکی کارەکی دەکات، بۆیە تاڕادەیەك بەهونـەرە جوانەکان دانانرێت، چونکە تەنها سوود بەلایەنی کارەکی دەگەیەنێت، بەڵام لەڕاسـتیدا جـوانی پـاراو ئەوجۆرە جوانییەیە، کە بەشێوەیەکی وەك یەك خزمەتی هەردوو ئامانجەکە دەکات.

هەربۆیە جوانی سروشتی دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ جوانی هونەری، نەك لاساییکردنەوەیەکی کوێرانە، بەڵکو ئەو جوانییـەی کـە لـەکارە هونەرییەکـەی هونەرمەنـدە داهێنەرەکـەدا ڕەنگدەداتـەوە، بەهۆی ئەو بیرکردنەوەوە و تێرامانـەی، کـە دەبێتـە بنەمایـەك بـۆ هاوسـەنگی و بەیەکـەوە گونجـانی نێوان دیمەنە جوانەکانی سروشت و ئەو کارە هونەرییەی کە ئەنجامیدەدات. بەمـەش ئـەو ئامانجـەی جوانی هونەری دێتـەدی، کـە جـۆرە خۆشـی و چێژێکـی هونەرییانـە دێتەکایـەوە، چونکـە هـەروەکو هزرمەنـدانی ئیسـتاتیکی ئامـاژەی پێدەکـەن، کـە( هونـەر یـەکێك لەئامانجـەکانی هێنانـەدی چێـژ و بەخشـێکی ئیسـتاتیکییە، بـەهۆی ئـەو جـوانی و شـارەزاییەی کـە دەیهێنێتـەدی)[3]. بـەهۆی ئـەو کاریگەرییە هونەرییـە ئیسـتاتیکییەی کـار لـە هەسـت و دڵ و دەروون و ویژدانـی وەرگـر (خوێنـەر) دەکات، بـەهۆی ئـەو داهێنانـە نوێیـەی کـە هونەرمەنـد بەهـەموو توانـا هونەرییەکـەی خـۆی لـەکارە هونەرییەکەیـدا ئەنجامیـداوە. بـەمجۆرە جیاوازییـەکی ڕوون و ئاشـکرا لـەنێوان جـوانی سروشـتی و جـوانی هونەریـدا هەیـە، لەبەرئـەوەی((جوانی سروشـتی دەسـتکردی سروشـتە وجـوانی هونـەریش دەستکردی مرۆڤە، واتە جوانییـەکی داهێنـراوە، دۆزراوەیـە، دروسـتکراوە، ڕەنگدانـەوەی دەروونـە لەسەر سروشت، یان هەستانی دەروونە لەناو دڵی سروشتدا و دۆزینەوەی ڕاستییەکانە، کـە زانسـت ناتوانێت بیدۆزێتەوە یـاخود دانـی پێدابنێت. لـەجوانی سروشـتدا ڕاسـتی گاڵتەپێکـەرە، بـەڵام ڕاسـتی لەجوانی هونەریدا نهێنی و ئاشکرایە، هەربۆیە ئەوەی لەبوونەوەردایە کەرەستەی جوانی هونەرییە..

---

(1) کەمال میراودەلی(د.):فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، چـاپی دووەم، خانـەی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی قـانع، سلێمانی، 2005، ل15.

(2) جەبار ئەحمەد حسێن:ئیستاتیکای دەقی شـیعریی کـوردی کوردسـتانی عیـراق(1950_ 1970)، چـاپی یەکـەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2008، ل 34.

(3) عزالدين اسماعيل(د.):ألأسس الجمالية في النقد العربي، ط3، دارالفكر العربي، قاهرة،1974، ص 27.

هونـەر ئـەوەی کـە جوانـە یـان دزێـوە لەسروشـتدا دەگۆڕێـت بـۆ جـوانی))[1]، هـەروەها (هیگڵ – 1770- 1831)یش یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی، کە پێیوایە تـەنها جـوانی هونـەری بـوونی هەیـە و جـوانی سروشـتی هـیچ بنەمایـەکی بـوونی نییـە، بۆیـە ناکرێـت جـوانی لەسروشـتدا بکرێتـە بنـەما و پێوەرێك بۆ دەسنیشانکردنی ئەو جوانییەی کە لەکارێکی هونەریدا بەرجەستە دەبێت، چونکـە(جوانی و کرێتی لەهەر کارێکی هونەریدا، جوانی و کرێتیی شتە سروشتییەکە نییـە، بـەڵکو لـەزەین و بیـری هونەرمەندەکە دایە)[2].

دەبینین بەشێکی زۆربەی هزرمەند و فەیلەسووفەکان جـوانی هونـەری لـەجوانی سروشـتی بەبەهێزتر و کاریگەرتر و باڵاتر دادەنێن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کـە ڕەنگـە شـتەکە لـەخودی خۆیـدا ناشـیرین و کرێـت بێـت، بـەڵام لـەکارە هونەرییـە جوانەکـەدا بەشـێوە و شـێواز و جـۆرە پێشکەشکردنێکی تایبەتییانە پێشکەشبکرێت.

(1) ئاسۆ عومەر مستەفا:بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، ل 36.
(2) عزالدين اسماعيل(د.):ألأسس الجمالية في النقد العربي، ص 65.

**تەوەرەی دووەم: مێژووی گەشەسەندنی ئیستاتیکا**

ئاشکرایە بۆ دەسنیشانکردنی هەر چەمکێك لەرووی مێژووییەوە کارێکی ئاسان نییە، دیارە چەمکی ئیستاتیکاش وەك لقێکی فەلسەفی و لەهەمان کاتیشدا وەك زانستێك سەرەتای دەرکەوتنی بەشێوەی سادە و ئاسان دەرکەوتووە، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری لەمێژووی ژیانی مرۆڤایەتی و هەستکردن و پێگەیشتنی توانای تەواوی بیرکردنەوەی و تێڕامانی مرۆڤ لەدەوروبەری بەگشتی و هونەر و ئەدەبیش بەتایبەتی، وەك کارێکی دەسکردی مرۆڤانە و هەنگاونانی بۆ ئەوەی بەپێی سەردەم و ڕۆژگار بەرەو پێشەوە بچێت،بۆیە دیاریکردنی ئەم خاڵی وەرچەرخانە کارێکە لەشێوەی شیمانە دایە و سنووربەندکردنی کارێکی ئەستەمە، چونکە(لەوانەیە مێژووی سەرهەڵدانی ئیستاتیکا لەرووی مێژووییەوە بۆ پێش هەزاران ساڵ بەر لە لەدایکبوون بگەڕێتەوە، ئەمەش لەوکات و ساتەدا دەبێت، گە وریایی و ئاگایی مرۆڤ دەگاتە ئاستی پێگەیشتنی سیفەتی مرۆڤایەتی و ناسینی خودی مرۆڤ)(1)، دوای قۆناغی ناسینی مرۆڤایەتی و بەئاگاهاتنەوەی مرۆڤایەتی لەو بێئاگاییەی، کە تێیدا ژیانی دەگوزەراند، گەشەسەندنی ئیستاتیکا پەیوەندیی بەخودی ناسینی مرۆڤەوە هەبووە و دواتر بەو ئاراستەیە هەنگاوی ناوە، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆتر دروستبکات، لەگەڵ دەرکەوتنی کارەکانی لەڕێگەی بواری هونەری و ئەدەبییەوە،بۆئەوەی ئیستاتیکا بکاتە مەیدانێك تاکو لەبابەت و کەرەستەکانی بکۆڵێتەوە. ئەمەش بۆ مێژوویەکی دێرینی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی((مرۆڤ پێش دامەزراندنی شارستانی و سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە، لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان وێنەی ئاژەڵی کێشاوە، بەڵام نەیتوانیوە لەواتای ئەو چالاکییە تێبگات و ڕاڤەی بکات. لەگەڵ پەیدابوونی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا... واتای ئەو چالاکییەی مرۆڤ بەهونەر دادەنرێت و بووە بەبابەتی توێژینەوە))(2). بۆیە بەشێکی گرنگی توێژینەوە لەهونەردا، لەئیستاتیکادا خۆی بەرجەستە دەکات و جوانی هونەر ئەوکاتە دێتەدی، کە لەخزمەتی بەها مرۆڤایەتییەکاندا بێت.

لەم ڕوانگەیەوە بەپوختی ئاماژە بەمێژووی گەشەسەندنی ئیستاتیکا لەلای نەتەوە جیاوازەکان دەکەین و بەپێی ئەو قۆناغانەی کەوا گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە:

**1- ئیستاتیکا لای یۆنانییەکان**

یۆنانییەکان لەزۆربەی بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، لەیەکەمین نەتەوەکانن، کە هەردەم دەستوور و یاسایەکی بنچینەیی و تۆکمەیان بەگشتی بۆ زانستەکان داناوە. دیارە یەکێك لەو بوارانەش کاری هونەر و ئەدەب و جوانییە بەتایبەتی. بۆیە دەبینین زووتر لەنەتەوەکانی دیکە درکیان بەو جوانییە کردووە و پەیوەندییان بەهێزی هەق و خێرەوە لێکداوەتەوە و زیاتر بایەخیان پێداوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە(تێگەیشتن و بیرکردنەوە جوانەکان گەیشتە قۆناغی گەشەسەندنی تەواوی لەسەردەمی کلاسیزمدا، بەتایبەتیش لەنێوان سەدەکانی شەشەم و سێیەمی پێش عیسایدا. بەتایبەتیش لەوکاتەی لەبەرهەمە ئەدەبییەکانی هۆمیرۆس داستانی(ئەلیادە و ئۆدیسە)زاراوە ئیستاتیکییەکان جوان و هاوسەنگ و گونجاو بەکارهات و جوانیش لەلای ئەو بابەتێکی واقیعیی گونجاوە و لەهەمان کاتیشدا هاوسەنگە لەگەڵ هەست و عەقڵی مرۆڤدا، هونەر پیشەکەیەتی و داهێنانیش کاری بەرهەمهێنەرانەیەتی. هەروەها لەداستانە شیعرییەکانی(هیسیودوس)، یەکەمین

(1) محمود عبدالله الخوالدة (د.)ومحمد عوض الترتوري (د.):التربية الجمالية_ علم النفس الجمال، ص 80.
(2) محەمەد کەمال(د.):فەلسەفەی هونەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2017، ل 9.

زاراوەکانی ئیستاتیکا بەدەرکەوتن و هەروا لەشیعرە سۆزدارییەکان ودراما و یاداشتە مێژووییەکان و هونەری وتاربێژی هەنگاوەکانی ئیستاتیکیبوون پێشکەشکران)[1].

هەروەکو چۆن لەپێشتر ئاماژەمان پێدا، شاعیرە یۆنانییەکان لەو یەکەمینانەن، کە لەبەرهەمە دانراوە ئەدەبییەکانیاندا بەشێواز و گوزارشتکردنێکی هونەرییانە و ناوەرۆکێکی پوختە و تۆکمەوە بەرهەمەکانیان پێشکەشکردووە و بایەخێکی بێوێنەیان بەبناغە و شێوازی دەربڕینییان داوە. ئەو چەمك و زاراوە و دەستەواژانەی پەیوەستن بەئیستاتیکاوە بەکاریان هێناوە و لایان لەجوانی ئاکاری و جوانی گیانی کرۆتەوە و پێیانوابووە، کە(جوانی ئاکاریی دەبێ هاوسەنگ بێ، لەگەڵ جوانی گیانیدا . سەرەڕای ئەوەی پێویستە جوانی گیانی لەلوتکەی هەرەمەکە دابێت و جوانی هەستیش پەیوەستە بەجوانی هونەرییەوە)[2].

فیساگۆرسییەکان ژمارەیەك بیرمەند و فەیلەسووف و زانای یۆنانی سەدەی شەشەمی پێش عیسایی بوون، لەبیرکردنەوەکانیاندا ڕۆڵێکی کاریگەر و بەهێزیان هەبوو لەمێژووی گەشەسەندنی ئیستاتیکادا. بەتایبەتیش لەبناغەی دیاردە و کەرەستەکانی بوون و گەردوون دەگەڕێنەوە بۆ سیستەمی ژمارەکان و پێیانوایە، کە ئەو ژمارانە ناوەخنی شتەکان پێکدێنن. (فیساگۆرس -572- 479 پ.ع)پێشەنگ و بناغەدانەری فەلسەفەی فیساگۆرسەکانە و(میوزیکزان و بیرکاریزان بووە، بەبەڵگە سەلماندوویەتی، کە دەنگەکان پاشکۆی درێژکراوەی شەپۆلە دەنگییەکانن و تایبەتمەندییەکانیشی پشت بەبنەڕەتە ژمارەییەکان دەبەستن و بوونەوەرەکانی ناو گەردوون هەموویان لەژمارەکان پێکدێن و بۆیە سروشت بەپێی ئەو ژمارە و پێوەرە دەسنیشانکراوانە پێکدێت)[3]. لای فیساگۆرسییەکان ژمارە نرخ و بەهایەکی تایبەتی هەیە، هەموو دانراوەکانی ناو بوون و گەردوونی بۆ دەگەڕێتەوە، هەروەها هاوسەنگی و لەگەڵ یەکتر گونجاندنیان، بۆ ئەو بەرنامە و ڕێسایەیە، کە هەموویان بەیەکەوە بەڕێوەدەبات. هەروەها سروشت بەپێی ژمارە و پێوەرە دەسنیشانکراوەکان لەگەڵ یەکدیدا هاوشان دەبن و(شتەکانیش هارمۆنیەتی موزیکی لەگەڵ ئاوازدا پێکدێنن، کە خۆی لەیاسای بوونەوەردا دەدۆزێتەوە، بەهۆی ئەو هاوسەنگییەی لەیەکێتی جۆرەکانیدایە)[4].

(هیراکلیتس– 530- 740 پ.ع)وەك یەکەم فەیلەسووفی یۆنانی، لەو باوەڕەدایە کە جۆرە ڕێژەیبوونێك لەجوانی شتەکاندا هەیە، گۆڕاون و هیچیان گشتگیرنین و بەردەوام لەگۆڕانکاریدان، بەهۆی ئەو ڕێژەیبوونەیەیە، کە لەبنەمای جۆرەکاندایە، هەربۆیە دەڵێت: (جوانترین مەیمونە ناشیرین و ناڕێکە، بەڕێژەی ڕەگەزی مرۆڤەوە، هەروەها ئەگەر جوانترین و ڕێکترین مرۆڤ بەخودا بەراورد بکەین، وەکو ئەو مەیموونە وایە لەزیرەك و جوانیدا)[5]. ڕێژەیبوونی جوانی بۆ ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە، کە لەجۆر و ڕەگەزی شتەکاندایە، ئەگەر لەجۆر و ڕەگەزدا جیابن، ئەوا دەبێتە هۆی دیاریکردنی ڕێژەیبوونی جوانییەکانیان. هەروەها لای هیراکلیتس هاوسەنگی لەنێوان دژەکاندا نییە، بەڵکو جۆرە ململانێیەك لەنێوانیاندا هەیە، ئەمەش پێچەوانەی تێڕوانینی

(1) م. اوفسيانيكوف وز. سميرنوفا:موجز تأريخ النظريات الجمالية، ت: باسم السقا، ط2، دار الفارابي، بيروت، 1979، ص 9_11.
(2) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري(د.): التربية الجمالية _ علم النفس الجمال، ص 93.
(3) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري(د.):التربية الجمالية _ علم النفس الجمال، ص 93.
(4) سەرچاوەوە و لاپەڕەی پێشوو.
(5) م. اوفسيانيكوف وز. سميرنوفا: موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 14.

فیساگۆرسەکانە، کاتێك لەمبارەیەوە دەڵێت:(هەموو شتەکانی ناو گەردوون و بوون لەئەنجامی ململانێ هاتوونەتەکایەوە، بۆیە هیچ شتێکی نەگۆڕ و هاوسەنگ و ئەبەدی نییە و هەموویان دەگۆڕێن و دەڕۆن لەبووندا و بەجێیدێڵن)[1]. جگە لەمەش بڕوای بەجۆرە ڕێژەییبوونێکی جوانی هەیە و پێیوایە، کە(ئەستەمە زانستێکی تایبەتی هەبێت، بتوانێت چارەسەریی جوانی بکات، ئەمەشیان بەهۆی ئەو ڕێژەییبوونەی جوانییە لای خەڵك، کە یەزدان نموونەیەکی هەرە تەواو و باڵای بۆ جوانی داناوە)[2]، هۆکارێکی دیکەی ڕێژەییبوونی جوانی بۆ ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە، کە خەڵك لەنێوان خۆیاندا بۆ جوانی هەیانە.

سۆفستاییەکان:کۆمەڵە کەسێك بوون، لەنیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی (پ.ع)، ڕەوانبێژی و ڕامیاری و ڕەوشت و وەرزشییان بەپارە فێری خەڵکی دەکرد، بەو بڕە پارەیە بژێوی ژیانیان بەڕێوەدەبرد. سۆفستاییەکان بڕوایان بەڕێژەییبوونی شتەکان هەبوو، لەلای ئەوان مرۆڤ سەرچاوەی سەرەکی گشت پێوەر و بەها و بڕیاردانی شتەکانە، (چونکە مرۆڤ سەنتەری گشت شتە نرخدار و بەهادارەکانە و هەموو بڕیارەکانی بەدەستە و هەرگیز بۆ بنەما و بنەڕەتێکی خوایی یاخود سەرچاوەیەکی پیرۆز ناگەڕێتەوە، بۆیە هونەرەکەیان وەك دیاردەیەکی مرۆڤایەتی تەماشا دەکرد)[3]، کەواتە لەنێو شتە بەهادارەکاندا جوانی چونکە دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە، بۆیە چەسپاو نییە و گۆڕاوە و ڕێژەییە و بەگوێرەی گۆڕانکاری و جیاوازیی کات و شوێنی ژیانی مرۆڤە جیاوازەکان دەگۆڕێت.

(پرۆتاگۆراس- 480- 410 پ.ع)یەکێکە لەفەیلەسووفە دیارەکانی سۆفستاییەکان، ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لەدەسنیشانکردنی چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئیستاتیکا. لەڕوانینەکانیدا جەختی لەسەر ڕێژەییبوونی بەهای شتەکان دەکردەوە و بۆ خودی مرۆڤیشی دەگەڕاندەوە، چونکە پێیوابوو:(مرۆڤ چاوگە و پێوەر و ئاراستەی گشت شتەکانە)[4]، (گۆرگیاس- 480- 375 پ.ع)یەکێکی دیکەیە لەفەیلەسووفەکانی سۆفستایی، لەڕوانینەکانیدا ئیستاتیکای لەسنووربەندکردنی هۆشی و هزرییەوە هەڵاوێرد، (کە بەجۆرە ڕاستی و هەقیقەتێکی مەزنەوە لکێنرابوو، هەروەها لەقاوغە لەقاڵبدراوەکەی ڕزگارکرد و سەربەخۆییەکی پێبەخشی. جەختی لەسەر جوانییەکان کردەوە،کە بەهۆی هەستی مرۆڤەکانەوە بەهایەکیان پێدەدرێت)[5].

(دیموکریتس– 460- 370 پ. ع)ئەمەشیان وەك فەیلەسووفێکی دیکەی سۆفستایی، لەڕوانینەکانیدا پێیوایە:(جوانی لەسەر بناغەی یاسا و ڕێسایەکی پوختە و تۆکمە و ڕێکوپێك بنیاتنراوە، ئەو پێکەوە هاوسەنگی و گونجان و ڕێکبوونی شتەکان بۆ ئەو نزیکییە دەگەڕێتەوە، کە لەسەر بنەمایەکی ڕاستی ڕێژەییە بیرکارییەکاندایە)[6].

(سوکرات – 470- 399 پ.ع)فەیلەسووفێکی بەناوبانگ و گەورەی یۆنانییە، بیروبۆچوونەکانی کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر لقە جیاوازەکانی فەلسەفەدا هەبووە. بایەخێکی زۆری بەجوانی داوە، بەڕەوشتی پاکی مرۆڤەوەی گرێداوە و لەڕوانگەی ئەوەوە(هەر سێ چەمکی

(1) سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
(2) هديل زكارنة:علم الجمال، ط1، مركز الكتاب ألأكاديمي، عمان، 2003، ص 26.
(3) أميرة حلمى مطر:فلسفة الجمال أعلامها و مذاهبها، مكتبة الأسرة، مصر،2003، ص 21.
(4) سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
(5) أميرة حلمى مطر:فلسفة الجمال أعلامها و مذاهبها، 2003، ص 22.
(6) رياض عوض(د.):مقدمات في فلسفة الفن، الطبعة ألأولى، مطبعة جروس پرس، طربلس، بيروت، ص 173.

ناموس و داوێنپاکی وجوانی لەیەك ئاستدان)[1]وئەو شتانەی کەڵك و سوودیان بۆ مرۆڤ هەیە، ئەوانە جوانن، بەپێی ئەم تێڕوانینەش جوانی شتێکی ڕێژەییە، چونکە ڕەنگە ئەو شتەی لای مرۆڤێك بەسوود و جوان بێت، ئەوا لای یەکێکی دیکە بێ کەڵك و ناشیرین بێت.

جگە لەمەش ئەو جوانییەی بڕوای پێ هەبوو، لەلوتکەی هەموو جوانییەکانی دیکەیە و جوانییەکی بێ وێنە و نموونەیی و نەمریی و یەزدانییە و لەمبارەیەوە دەڵێت:((جوانی خاسیەتێك نییە بەهەزاران شتەوە بەسترابێتەوە:خەڵك... ئەسپ، جلوبەرگ، کچ، گوڵدان.... هتد، هەموویان جوانن، بەڵام لەسەروی هەموو ئەوانەوە جوانی خۆی هەیە))[2]، بەم بۆچوونەی سیفەتی گشتی بەجوانی دەدات و لەسیفەتی تاکی دادەبڕێت.

(ئەفلاتوون- 427- 347 پ.ع)یەکێکە لەفەیلەسووفە ناودار و گەورەکانی یۆنان، لەڕوانگەیەکی فەلسەفی ئایدیاڵییەوە وێنای دیاردە جیاوازەکانی ژیانی کردووە، بنەمای شتەکانی بوونی بۆ جیهانی ئایدیاڵ گەڕاندۆتەوە، لەبەرئەوەی جیهانی هەستەکان هەڵخەڵەتێنەرن و مرۆڤ فریودەدەن. ئەمەش لەم ڕوانگەیەوە هاتووە، کە(بیر هۆکاری بوون وپێکهێنانی شتەکانە، چونکە هەستپێکراو و بەرجەستەکان وێنەدانەوەی بیرۆکە ئایدیالییەکانن، کە بەرجەستە و هەستپێکراو نین)[3]. هەروەها بەپێی تێڕوانینی ئەفلاتوون ئەو جوانییەی کە لەجیهانی هەستپێکردندایە، وێنەدانەوەی یاخود سێبەری جوانی ئایدیالییە، ئەمەش بەشێوەی زنجیرەیی و پلەییە، کە لەپلەیەکەوە بۆ پلەیەکی دیکە هەنگاو دەنێت، تا بەدوا پلەی جیهانی جوانی جیهانی ئایدیاڵی دەگات، پلەبەندییەکەی بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

(1- جوانی شێوەیی: واتە جوانی ئەو شێوانەی، کە لەمیانەی جوانی هەستییەوەیە.

2- جوانی ڕەفتاریی و هۆشی: واتە جوانی ئەو بیرانەی، کە جوانی زانین و زانیارییەکانە.

3- جوانی ڕەها: واتە جوانی هەمیشەیی، کە جوانییە بیرۆکەییەکانن)[4].

لەبەرئەوەی بڕوای بەجوانییەکی ئایدیاڵی هەیە، بۆیە جوانی هونەری لەجوانی سروشتی نزمتر دانـاوە، بەوهۆیەی( مەبەستی هونەر دووبارە زیندووکردنەوەی جوانییەکی نایاب و داهێنەرانەیە لەنێوچوارچێوەیەکی سنووری جوانیدا)[5]. جگە لەمەش بڕوای بەجۆرە لاساییکردنەوەیەك هەیە، کە هونەر بەلاساییکردنەوەی سروشت دادەنێت، بەڵام لاساییکردنەوەی سروشت دوورکەوتنەوەیە لەحەقیقەت، چونکە((دارتاش کاتێك مێزێك دروست دەکات هەنگاوێك لەحەقیقەت دووردەکەوێتەوە، چونکە ئەوەی دارتاش دروستی دەکات ماهیەتی مێزەکە نییە بەڵکو دارتاش شتێك دروست دەکات هاوشێوەی حەقیقەتەکەیە کە هەمان شت نییە))[6]. کەواتە کاری هونەری تەنیا لاساییکردنەوەی ڕاستی هەقیقەتە و لەو باوەڕەدایە، کە لاساییکردنەوە لەناوەڕۆك و قوڵایی شتەکاندا نییە، بەڵکو هونەرمەند بەشێوەیەکی هەڕەمەکییانە مامەڵە، لەگەڵ شتەکاندا دەکات و

(1) م. اوفسيانيكوف وز. سميرنوفا:موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 16_17 .
(2) کەمال میراودەلی(د.):فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل23.
(3) م. اوفسيانيكوف وز. سميرنوفا:موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 20 .
(4) محمود عبدالله الخوالدة (د.)ومحمد عوض الترتوري (د.):التربية الجمالية _ علم النفس الجمال، ص 97.
(5) هنري لوفافر:علم الجمال، ترجمة: محمد العيتاني، دار الحداثة للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، ص 11.
(6) ئەفلاتون:کۆمار، وەرگێڕانی: سۆران عومەر حەمە و ڕێبوار قارەمانی و مەهدی حەسەن چۆمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2006، ل 475.

لاساییان دەکاتەوە. هەروەها هەقیقەت تەنیا لەجوانی ئایدیالییدایە و شتە ماتریالییەکانی جیهان سێبەرن و جگە لەلاساییکردنەوەی نموونەی جیهانی ڕاستەقینەی ئایدیاکان، هونەرمەند ئەو کاتەی لاسایی شتەکان دەکاتەوە، دوو هەنگاو لەهەقیقەت دووردەکەوێتەوە و بێجگە لەلاسایی لاساییکردنەوەی شتەکان هیچی دیکە ناکات، بەمشێوەیە((هونەرمەند نەك تەنها لەواقیع دووردەکەوێتەوە، بەڵکو دەبێتە کۆسپێکیش لەڕێگەی تێگەیشتنی حەقیقەتی بوون، چونکە زۆرجار هونەرمەند شتی وا دەردەبڕێت کە دزێو و خراپن. بۆنموونە دیمەنی کەسێکی سەرخۆش یا تاوانکار یا هیچ و پوچ دەکێشێ...کاری خراپ دەکاتە سەر بینەران و گوێگران و بۆ ئەم کارە بەدانە پاڵیان پێوەدەنێت))(1).

ئەفلاتوون بەشێوەیەکی گشتی لەبیروڕایەکانیدا، وەك فەیلەسووفێکی دیاری یۆنانی پێوانە و پێوەری فەلسەفی و ڕەفتاری و هۆشی و ڕەوشتی و پەروەردەیی و ئاینی لەبڕیاردانەکانی بەسەر هونەردا دەربڕیوە، نەك پێوانەی جوانیناسی.

(ئەرستۆ- 384- 322 پ.ع)فەیلەسووفێکی دیکەی بەناوبانگ و ناوداری یۆنانییە، خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمی گرنگە، یەکێك لەبەرهەمە هەرە دیار و بایەخدارەکانی(هونەری شیعر- Poetica)ە، کە لەبارەی هونەر و ئەدەبەوە نووسیویەتی و لەو کتێبەیدا((زیاتر دەربارەی(ڕەخنەی ئیستاتیکی)یان هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکی دەدوێت، لەوەی، کە بێت و پێناساندنی(جوانی)یان جوان خۆی بکات و خاسیەتەکانی باس بکات و حەقیقەت و جەوهەری دەستنیشان بکات))(2). لەگەڵ ئەوەی ئەرستۆ قوتابییەکی (ئەفلاتوون)بووە، بەڵام بیروڕا و بۆچوونەکانی تەواو جیاواز بووە لەمامۆستاکەی، لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە تەواو خۆی لەهەژموونی بیر و بۆچوونە فەلسەفی ئایدیالییەکەی ئەفلاتوون دەرباز بکات، (تیۆرانییەکانی لەلاساییکردنەوەدا لەئەفلاتوون وەرگرتووە و وردتری کردۆتەوە و لەبواری فەلسەفەی هونەردا باشتر چوارچێوەبەندی بۆ کردووە)(3). هەرچەندە ئەرستۆ((هونەر بەلاساییکردنەوەی جوانیی شتەکان دادەنێت، لەمبارەیەوە تیۆرانینی لەگەڵ ئەفلاتووندا جیاوازە، چونکە لاساییکردنەوەی سروشت لای ئەفلاتوون کارێکی میکانیکییە و شاعیر بەهۆیەوە ڕواڵەت و ڕوخساری شتەکانی سروشت بۆ ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەگوازێتەوە، کەچی لاساییکردنەوە لای ئەرستۆ ئەنجامی بەیەکداچوونی دەروونی شاعیرە لەگەڵ گیانی سروشتدا))(4). لەوکاتەی ئەرستۆ باس لەلاساییکردنەوە دەکات، شاعیر و مێژوونووس بەتەواوی لێکجیادەکاتەوە و ئەرکیان بەتەواوی دیاریدەکات، پێیوایە((ئەرکی شاعیر ئەوە نییە باسی ئەو شتە بکا، کە بەڕاستی ڕووی داوە، ئەرکی ئەوەیە باسی ئەو شتە بکات، کە دەشێت ڕووبدات))(5). ئەرستۆ هونەر لەسروشت بەتەواوتر دادەنێت و جوانی هونەری لەسەرووی جوانی سروشتەوە دادەنێت، لەبەرئەوەی هونەر بەلایەوە(ئەو کەموکوڕیی و ناڕێکی و ناتەواوییانە پڕدەکاتەوە، کە سروشت لەبەردەمیاندا دەستە وەستانە و ناتوانێت بەتەواوی جێبەجێیان بکات، ئەو دێت لەڕووی هونەرییەوە،

---

(1) کەمال میراودەلی (د.):فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل24.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 28.
(3) أميرة حلمي مطر: فلسفة الجمال، ص 90.
(4) كامل حسن عزيز البصير(د.):ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوکردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، 1983، ل 22.
(5) ئەرەستۆ:هونەری شیعر(شیعرناسی)، وەرگێرانی لەئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی:عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ل 37.

نەك واقیعییەوە تەواوییان دەكات)[1]، واتە هونەری پێ كارێكی تۆكمە و گونجاوترە لەسروشتدا. بۆیە جوانی لای ئەرستۆ لەسەر دوو بنچینەی سەرەكی وەستاون، كە ئەوانیش هەردووكیان گونجاندن و ڕێكخستنەوەی سروشتە، بۆیە پێویستە شتی جوان ڕێكخستن و بەیەكەوە گونجاندن و تەواوییەكی گونجاو و تەبا لەنێوان بەشەكانی هەبێت، لەگەڵ ڕەچاوكردنی قەبارەی شتەكە، لەبەرئەوەی((شتی جوان، چ زیندەوەرێكی زیندوو بێت و چ ماددەیەك بێت و لەچەند بەشێك پێكهاتبێت، پێویستە نەك هەر ڕێكخستنی بەشەكانی ڕێكو پێك بێت، بەڵكوو دەبێ قەبارەیەكی گونجاویش هەبێت، چونكە جوانی پەیوەستە بەڕێكخستن و قەبارەیەكی تایبەتییەوە))[2].

**2- ئیستاتیكا لای ڕۆمانییەكان**

دوای ئەوەی بەتەواوی وڵاتی یۆنان كەوتە ژێر ڕكێفی فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، ڕۆمانییەكان بەكلتوور و كەلەپور و بەرهەمە ئەدەبی وفیكری و فەلسەفییەكانی یۆنان كاریگەربوون و هەوڵیاندەدا بەتەواوی لاساییان بكەنەوە و شوێن پێیان هەڵبگرن. ئەمەش وایكرد((چەمكە ئیستاتیكییەكانی یۆنانی كاریگەرییەكی بەهێزی لەسەر چەمكە ئیستاتیكییەكانی ڕۆمانی هەبێت و لەسەر ڕێچكەی ئەواندا بەردەوام بن)).[3]هەر لەم ڕوانگەیەوە هزرمەند و فەیلەسووفەكانی ڕۆمانی بەبەردەوامی داوای لاساییكردنەوە وچاولێكەریی بەرهەمە فیكریی و بەهێزەكانی یونانیان دەكرد. فەیلەسووفی ڕۆمانی بەناوبانگ(لۆكریشیۆش- 99- 55 پ.ع)، لەچامەیەكی بەناوی(سروشتی شتەكان)چەندین بابەتی فیكری و ڕۆناكبیری و هونەری و جوانیناسی خستۆتەڕوو، لەمبارەیەوە دەڵێت: (هونەر بەهەموو جۆرەكانییەوە، وەك:(موزیك و وێنە و گۆرانی)لەگەڵ بەرەوپێشچوونی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پەرەی سەندووە و پێویستی پێیەتی، چونكە ئەم هونەرانە لەلاساییكردنەوەی سروشتەوە گۆڕانكارییان بەسەرداهاتووە)[4].

(هۆراس- 65- 8 پ.ع)یەكێكە لەشاعیر و ڕەخنەگرە بەناوبانگەكانی ڕۆمانی، ئەزموونێكی زۆری لەبارەی فەلسەفە و ئەدەبی یۆنانی بەگشتی پەیداكردووە و بەتایبەتیش بەرهەمەكانی ئەرستۆ، خاوەنی كتێبی(هونەری شیعر)ە، كە لەبنچینەدا تیڕوانینە ڕەخنەییەكانی لەچامەیەكدا خستۆتەڕوو، بەناوی(نامەیەك بۆ خێزانی پینزۆ)، كە لەم كتێبەیدا بەوردیی ئاماژەی بەچەند لایەنێكی هونەر و ئەدەب و شیعر كردووە. هۆراس لەبارەی مەبەست و ئامانجی شیعرەوە بڕوای وایە كە شاعیرەكان لەشیعرەكانیاندا ئامانجیان سوود گەیاندن یاخود چێژبەخشینەو لەمبارەیەوە دەڵێت:((مەبەستی شاعیران یان سوود بەخشینە یاخود لەزەت پێگەیاندنە یان لەیەك كاتدا ئارەزوو بزواندن و لێكدانەوەی پەندەكانی ژیانە))[5].

هۆراس((جوانی هونەر و ئەدەب لەهەردوو ڕووەكەیدا دەبینێت: ڕوخسار و ناوەڕۆك، چێژ بەڕوخسار و سوودیش بەناوەڕۆكەوە دەبەستێتەوە))[6].

---

(1) مجاهد عبدالمنعم مجاهد:دراسات في علم الجمال، ص 62.
(2) ئەرەستۆ:هونەری شیعر(شیعرناسی)، ل 33_ 24.
(3) هديل زكارنة:علم الجمال، ص 29.
(4) م. اوفسيانيكوف وز. سميرنوفا:موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 32 .
(5) هۆراس:هونەری شیعر، وەرگێڕانی:حەمید عەزیز، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2005، ل34.
(6) جەبار ئەحمەد حسێن:ئیستاتیكای دەقی شیعریی كوردی كوردستانی عیراق(1950_ 1970)، ل 43.

(ئەفلۆتین- 204- 270 پ.ع)فەیلەسووفێکی بەناوبانگی ئایدیالی ڕۆمانییە، لەتێڕوانینەکانیدا ئاماژەی بەجیهانی ئایدیاڵ کردووە و بەگیانی گرێدراوە و ئەمەش لەدیدگایەکی فەلسەفی ئایدیاڵییەوە لەجوانییەکانی کۆڵیوەتەوە و پێیوایە:((جوانی لەگیان یان ڕۆح دایە نەك لەمادەدا، بۆیە بابەتی جوانی خۆشەویستی ڕۆحە و هەتاوەکو ڕۆح زیاتر لەگەرد و تۆزی مەتریاڵ پاك بێتەوە زیاتر لەجوانی نزیك دەبێتەوە))[1]. بەلایەوە جوانی و ڕۆح بەیەکەوە لکاون، چونکە یەك شتن، لەبەرئەوەی پیسی و ناڕێکی و ناشیرینی هەرگیز لەگەڵ گیاندا بەیەکەوە ناگونجێن، چونکە دژ و پێچەوانەی یەکن. هەروەها لەڕوانینەکانیدا باسی نەمانی هێز و دەسەڵاتی ڕۆمانی و ژیاری کۆن دەکات و لەدوای ئەفلۆتین فەلسەفەی کۆن هێدی هێدی بەرەو دوا قۆناغەکانی هەنگاوی نا، بەتایبەتیش ئەوکاتەی(جۆستیان)ی ئیمپراتۆر لەساڵی(529 ع)بڕیاری داخستنی قوتابخانە فەلسەفییەکانیدا و بەمەش(فەلسەفەی کۆن و ژیاری کۆن بەتەواوی کۆتایی پێهات و کاریگەرییە بەهێزەکەی، تا سەدەکانی دوای خۆی بەردەوامبوو)[2].

**3- ئیستاتیکا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا**

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی کڵێسا هەژموونی بەسەر زۆربەی کێشەکانی ژیاندا کێشابوو، لەوانەش: ئەدەب و هونەر بەهەموو شێوەکانییەوە لێی بێبەش نەبوون و خرابوونە خزمەت ئەو دەسەڵاتەوە و پیاوانی ئاینی مەسیحی بەئارەزووی خۆیان بەکاریان دەهێنا. چاودێرییەکی چڕیان دەکردن و ئەدیب و هونەرمەندان توانای ئەوەیان نەبوو ئازادانە بیروڕا و تێڕوانینەکانیان بەشێوەیەکی داهێنەرانە بخەنەڕوو. هەربۆیە بڵاوبوونەوەی بیری ئیستاتیکی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەدوو قۆناغدا گوزەری کردووە، لەوانەش:

قۆناغی یەکەم: دەسپێکی سەرەتای سەدەکانی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح(د.خ) دەگرێتەوە، کە لەو سێ سەدە دیاریکراوەدا هونەر و پەیامەکەی هێشتا پەیوەندییەکی تۆکمە و ڕوونی لەگەڵ بیرو باوەڕی ئاینی مەسیحیدا پەیدا نەکردبوو، هەر تەواوکەری فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆمانی کۆن بوو، ئەدەب و هونەری ئەم قۆناغە(گوزارشتیان لەجۆرە ژیانێك دەکرد، کە دڵەڕاوکێ و دوو دڵی و ناڕەحەتی و سەغڵەتییەکانی لەخۆدەگرت، لەئەنجامی ئەو ڕۆژگارە دژوار و پڕ ستەمکارییە بوو، کە خەڵکی ئەو سەردەمە ژیانیان تێدا دەگوزەراند)[3].

قۆناغی دووەم: دەسپێکی ئەم قۆناغە لەسەرەتای سەدەی چوارەم و ساڵی(325 پ.ع) دەسپێدەکا، ئەوکاتەی ئیمپراتور(قوستەنتین)بیروباوەڕی ئاینی مەسیحی بەشێوەیەکی ڕەسمی کردە ئاینی وڵاتی ڕۆمانی، دواتر هەنگاوبەهەنگاو ئەو ئاینە لەناوکایەی هونەریدا پەرەی سەند و لەوماوەیەدا هونەر(گوزارشتی لەلایەنی گیانی و ئەبستراکت دەکرد، هەر لەژێر هەژموونی دەسەڵاتداریەتی قەشە و پیاوە ئاینییەکانی کڵێسادابوو. ئارەزووی دەربڕینی لایەنی گیانی و ڕوانینیان بۆ بیر دەسپێکرد و بەبێ ئەوەی بەهاو بایەخدانێك بەڕواڵەتی لایەنی دەرەوە بدەن)[4].

(ئۆگۆستین – 345- 430 ع)یەکێکە لەهزرمەند و قەشە بەناوبانگەکانی شوێنکەتووی ئاینی مەسیحیی کاسۆلیکی و لەژێر کاریگەریی تێڕوانینەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ دایە و بیروڕا

(1) کەمال میراودەلی(د.):فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل24.
(2) م. اوفسیانیکوف و ز. سمیرنوفا: موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 36 .
(3) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري(د.):التربية الجمالية_ علم النفس الجمال، ص 107_108.
(4) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري(د.):التربية الجمالية_ علم النفس الجمال، ص 107_108.

جوانیناسەکانی لەڕوانینێکی مەسیحییانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە داوای دەستبەرداری خۆشی و لەزەت و و جوانی دونیایی دەکرد، چونکە ئەمانە چاوگەی ئاشووب و پیسییەکانن و لەهەمان کاتیشدا پێویستە بایەخ و گرنگی بەجوانیی خودایی بدرێت، کە جوانییەکی بێ هاوتا و نموونەیی هەیە و تایبەتە بەخودا و لەمبارەیەوە دەڵێت:((یەزدان ئەو هونەرمەندە گەورەیەیە کە فۆرم و جوانی و سیستم بەپێی یاسا تایبەتییەکانی، بەهەموو شتێك دەبەخشێ. یەزدان حەقیقەتی هەموو جوانییەکە بەڵکو لەهەموو جوانییەك بەرزترە))[1]. هەروەها قەشە(ئۆگۆستین)سەبارەت بەجوانی ئەو پرسیارەی لەلا گەڵاڵە دەبێت و دەیخاتە ڕوو، کە ئایا شتەکان جوانن؟ بۆیە لەزەتبەخشن؟ یاخود ئایا لەزەتدەبەخشن؟ لەبەرئەوەی جوانن؟، دواتر هەر بەخۆی وەڵامی ئەو پرسیارەی خودی خۆی دەداتەوە و دەڵێت:(ئەو شتە لەزەتبەخشە کە جوانە، چونکە ئەو شتە جوانە، بۆیە بەشەکانی لەیەکدی دەچن، لەهەمان کاتیشدا هاوتەباییەك و گونجاوییەك پێکەوە ڕێکیخستوون)[2].

(تۆماس ئەکواینس- 1225- 1274 ع) هزرمەندێکی دیکەی سەدەکانی ناوەڕاستە، لەبیروڕا جوانیناسەکانیدا هەوڵیداوە بیرو بۆچوونەکانی ئەرستۆی یۆنانی، لەگەڵ بیروباوەڕی ئاینی مەسیحیدا بسازێنێت. هەروەها لەلاساییکردنەوە چاولێکەری ئەرستۆی دەکرد و لەو بڕوایە دابوو کە:(ئەو کاتوساتە بەو شتە دەوترێت جوان و ناوازە، کە بەسەلیقەیەکی وردەوە لاسایی شتە بنەڕەتییەکە بکاتەوە، ئەگەر خودی شتەکەش کرێت و ناشیرین بێت. بەو واتایەی شتە ناشیرینەکانیش جوانن، ئەگەر بەشێوەیەکی جوان و ڕێکوپێك لاساییان بکرێتەوە)[3]. هەروەها (ئەکواینس)لەوباوەڕەدایە، کە جوانی شتێکی بابەتییە و بۆیە دەڵێت: (جوانی لەناوەخنی شتەکاندایە، جوانی لەناوەخنی وێنە و تابلۆیەکدایە، لەناوەخنی موزیکدایە)[4]. جوانی بنچینەیەکی بابەتی هەیە و جوانی شتەکان لەناوەخنی خۆیاندان و هەڵسەنگاندن و لەزەت وەرگرتنی تاك ڕۆڵێکی کاریگەر و بەهێزی نییە لەدیاریکردنی خودی جوانی و ناشیرینی شتەکاندا. هەروەها لای وایە کە جوانی دەبێت چوار مەرجی سەرەکی تێدابێت:(1- ڕێکو تەواو بێت 2- هاوسەنگ بێت 3- ڕوون بێت 4- هەردەم لاسایی واقیع بکاتەوە)[5].

جگە لەمەش هەرتەنیا جوانی بەهەستەکانەوە نالکێنێت، بەڵکو پێیوایە:(جوانی ئەوکاتە دێتەدی، کە لەکاتی بینینی بەچاودا خۆشییەك ببەخشێت. چ ڕاستەوخۆ لەمیانەی خودی هەستەکانەوە بێ، یاخود لەخودی عەقڵدا بێت)[6].

خاڵی جیاکەرەوەی (ئەکواینس) لەهزرمەندەکانی پێش خۆی ئەوەیە، کە ئەوان تەنیا جوانییان بەهەستەکانەوە پەیوەست دەکرد، بەڵام ئەکواینس بەهاو بنەما جوانیناسەکانی سەردەمی یۆنانی ئاوێتەی بیرو بۆچوونەکانی کەنیسەی کاسۆلیکی دەکرد، لەهەمان کاتیشدا تێڕوانینی خۆی لەمبارەیەوە بۆزیاد دەکرد.

---

(1) کەمال میراودەلی(د.):فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل45.
(2) عزالدين اسماعيل(د.):ألأسس الجمالية في النقد العربي، ص 47.
(3) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري (د.):التربية الجمالية_ علم النفس الجمال، ص 108.
(4) عقيل مهدي يوسف(د.):الجمالية بين الذوق والفكر، ص 52.
(5) سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
(6) ر.ظ. جونسون:موسوعة المصطلح النقدي(الجمالية)، ت:د.عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، 1978، ص 10.

### 4- ئیستاتیکا لەسەردەمی ڕێنیساندا

هەر لەوکاتەی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەدەب و هونەر بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی کەنیسەدا بوو، سنووربەندییەکی تەواویان بۆ شاعیران و هونەرمەندان دانابوو، کە دەبوایە بەگوێرەی بیروباوەڕی ئەوانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. هەربۆیە بەشێکی زۆری نووسەران بەسەدەکانی تاریکی ناوی دەبەن. پاشان قۆناغەکانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست بووە هەنگاوێك و پردێك، بۆ ئەوەی چیتر ڕێگەنەدەن پیاوانی کەنیسە بەئارەزووی خۆیان مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا بکەن و بووە سەردەمێکی نوێ و وەرچەرخانێکی جۆریی بەڕووی مێژووی ئەوروپاوە کرایەوە و بەسەدەی بوژانەوە یان(ڕێنیسانس)ناودەبرێت، لەبەرئەوەی((زاناو هونەرمەند و فەیلەسووف و نووسەران، کە باسی پەرەسەندنی ئیستاتیکا ((علم الجمال))دەکەن، لایان وایە سەدەکانی بووژاندنەوە قەڵەمبازێکە بەسەر ئیستاتیکای سەدەکانی ناوەڕاست و بیروڕای کلێسادا و هەوڵدانێکی مەزن بۆ ڕزگارکردنی ئادەمیزاد لەو کۆت و پێوانانەی ئیستاتیکای دەرەبەگایەتی کە دەست و پێی نووسەر و هونەرمەندانی توند کردبوو))[1]. دوای ئەوەی ڕێنیسانس بەتەواوی سەریهەڵدا، مەبەستیان بوو بەڕوانینێکی تایبەتییەوە بایەخ بەئەدەب و هونەر و زانست بدەن. ئەمەش یەکێکە لەخەسڵەتە تایبەتییەکانی مانای جوانیناسی لەسەردەمی ڕێنیساندا، کە(بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بەرهەمە هونەرییەکە دەکات و ئەم بیروڕایەش تەنیا بۆچوونێکی سیمبولی(ڕەمزی) نەبوو، بەڵکو بیروڕایەکی جوانیی واقیعی بوو، کە ئامانجی چارەسەرکردنی ئەو چوارچێوەبەندییە بوو، کە بۆ هونەر دەسنیشانکرابوو)[2]. پاشان شانبەشانی سەرهەڵدانی ڕێنیسانس بزووتنەوەی(هیومانیزم)، کە ئەوانەی پاڵپشتیان دەکەن پێیاندەڵێن(هیومانیستەکان)سەریهەڵدا. چەندین نووسەر و هونەرمەندی گەنجی فەڕەنسی بوون، ئامانجیان ئەوەبوو(بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە خۆشەویستی خۆیان بۆ جوانی دەرببڕن، داوایان دەکرد سەر لەنوێ سروشت لەکاری هونەریدا زیندووبکەنەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی تەواو لەسروشتدا دروستکراوە)[3].

### 5- ئیستاتیکا لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا

پاش ئەوەی سەردەمی بووژانەوە لەئەوروپا سەریهەڵدا و هەنگاوێکی دیکەی هاوێشت بۆ سەردەمی ڕۆشنگەریی، هەربۆیە خاسیەتەکانی ئیستاتیکا لەو سەردەمەدا لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاواز بوو. لەبەرئەوە بەشێوەیەکی جیاجیا باسی ئەو گۆڕانکارییانە دەکەین:

**<u>1- ڕۆشنگەریی ئینگلیزی</u>**: سەردەمی دەسپێکی ڕۆشنگەریی ئینگلیزی بۆ سەدەی حەڤدەم دەگەڕێتەوە، کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر بیروبۆچوونە ئیستاتیکییەکاندا هەبوو. (جۆن لۆك– 1632- 1704 ع) ڕۆشنگەریی ئینگلیزیی لەسەردەستی ئەو دامەزرا، بیروڕای وایە((مرۆڤ هەر بەغەریزە بیرو بۆچوونی خێر یان شەڕی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتووە، و هەموو شتێکی گەڕاندەوە بۆ ژینگە و مرۆڤەکان. مرۆڤ خۆی بەرپرسی یەکەمە لەئاسوودەبوون یان بەدبەختبوونی مرۆڤ))[4]. بۆیە دەبینین لەم بیروڕایەیدا پێیوایە خێر و شەڕ بۆ خودی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، هەر

---

(1) کەمال مەزهەر ئەحمەد(د.):ڕێنیسانس، وەرگێرانی:فوئاد میسری، چاپی یەکەم، 1984، ل 7.
(2) م. اوفسيانيكوف وز. سميرنوفا:موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 85 .
(3) جماعة من ألأساتذة السوفيات:أسس علم الجمال الماركسي اللينيني، جزء ألأول، ت: د. فوئاد مرعي ،ط2، دار الجماهير العربية_ دمشق، دار الفارابي_ بيروت، 1978، ص 8.
(4) فەرهاد پیربال(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،2004، ل 78.

لەبەرئەوەیە تەنیا ئاماژەی بەیەك بنەمای ئیستاتیکی کردووە، کە ئەویش پەروەردەی هونەرییە و بەرەوپێشچوونی ئەم جۆرە پەروەردەیەش لەڕێگەی چاودێرییکردن و ئەزموونەوە دێتەدی.

(ئەنتۆنی ئیشلی کۆبەر شیفتسبیری – 1671- 1713 ع)یەکێکە لەتیۆریستە ئیستاتیکییەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریی ئینگلیزی، پێیوایە جوانی هاوواتای خێرە و دەڵێت: ((خێر جوانییە، جوانیش لەگەڵ یەکدی گونجاندن و هاوتاییە))[1]. کەواتە جوانی لەخێردایە و ئەمەش بەهۆی ئەو هاوسەنگی بەیەکەوە گونجان و هاوواتاییەوە دێتەدی، کە لەنێوانیاندایە.

(هێنری هیوم – 1696- 1782 ع)هزرمەندێکی دیکەی سەردەمی ڕۆشنگەریی ئینگلیزییە، هیوم پێیوایە:(هەستەکان دابەشدەبنە سەر دوو گروپ: بەشێوەیەك هەستەکانی بینین و بیستن لەگروپی بەرزن، بەڵام هەستەکانی بەرکەوتن و چەشتن و بۆنکردن لەگروپی نزمە، بۆیە هەستەکانی گروپی بەرز لەقۆناغی ناوەندان لەنێوان مەودای هەستە مادییەکان و مەودای بیرکردنەوەی هۆشدا نین، ئەم قۆناغە ناوەندەش مەودای هەستە جوانیناسەکانە (ئیستاتیکییەکانە))[2].

(ئەدمۆند بێرك – 1729- 1797 ع)هزرمەندێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمەیە، بنەمای چێژی جوانی بۆ هەستەکان دەگەڕێنێتەوە، پێیوایە جیاوازی چێژ لەئەنجامی جیاوازیکردنی هەستەکاندایە، بۆیە(بابەتەکانی چێژی جوانی بۆ دووجۆر پۆلین دەکات:1- تەواو و ڕێکوپێك بێت. 2- جوان بێت) [3]. چەندین خاسیەتی تایبەتی بۆ جوانی شتەکان دیاریدەکات، لەوانە:(دەگمەنی و ڕووی بریقەدار و هەمەڕەنگی لەجێگیربوونی بەشەکانی شتەکاندا، نەبوونی گۆشە لەنێوان بەشەکانی شتەکاندا لەکاتی بەیەکگەیشتنیاندا، بنیادی ناسك، ڕەنگەکانی درەوشاوەبن، بەڵام کاڵ و زۆر ڕۆشن نەبن و هاوسەنگییەك لەنێوانیان و ڕەنگەکاندا هەبێت) [4].

(دێڤید هیوم- 1711- 1776 ع)هزرمەندێکی دیکەیە لەبواری ئیستاتیکا لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا، لەبارەی جوانییەوە ڕای وایە: تاك سەرچاوەی جوانییە و(جوانی تایبەتییەك نییە لەتایبەتییەکانی شتەکان، بەڵکو تەنیا لەعەقڵی بینەردایە و هەر عەقڵێکیش جوانییەکی تایبەت بەخۆی هەیە)[5]. هەربۆیە(هیوم)یش بەهەمان شێوەی هزرمەندانی پێش خۆی جەخت لەسەر ڕێژەییبوونی جوانی دەکاتەوە و دیاریکردنی جوانی بۆ ئەم پێوانە و پێوەرە دەگەڕێنێتەوە، کە لەهەستکردنی تاکدایە بۆ شتەکان.

<u>**2- ڕۆشنگەریی فەرەنسی:**</u>لای بەشێك لەهزرمەند و نووسەرە فەرەنسییەکان ئیستاتیکای ڕۆشنگەریی دژی ئەو زوڵم و ستەمەبوو، کە سیستەمی دەرەبەگایەتی ئەنجامیدەدا، هەوڵیاندەدا لەبوارەکانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیدا چاکسازییەکی ڕیشەیی ئەنجامبدەن، هەر لەم ڕوانگەیەوە((ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ و مۆنتیسکیۆ داوای جۆرێك لەحکومەتیان دەکرد، کە لەسەر بنەمایەکی عەقڵی بێت و لەگەڵیدا ناکۆك نەبێت))[6].(شارل لوی مۆنتیسکیۆ- 1689- 1755 ع)فەیلەسووفێکی ڕۆشنگەریی فەرەنسییە، سەرەڕای ئەوەی بیروبۆچوونی وایە،کە گشت هونەرەکان و بەرهەمەکانی

---

(1) جماعة من ألأساتذة السوفيات:أسس علم الجمال الماركسي اللينيني، جزء ألأول، ص 92.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 94.
(3) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري(د.):التربية الجمالية _ علم النفس الجمال، ص 115.
(4) م. اوفسيانيكوف وز. سميرنوفا:موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 136 .
(5) جماعة من ألأساتذة السوفيات:أسس علم الجمال الماركسي اللينيني، جزء ألأول، ص 136.
(6) فەرهاد پیرباڵ(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل 87.

سروشت بەخششێکە، بۆئەوەی خۆشبەختی بۆ مرۆڤ دەستەبەر بکات و دەڵێت:(شیعر و وێنە و بیناسازی و پەیکەرتاشی و موزیك و سەما و گۆرانی و تەواوی یارییە جۆربەجۆرەکان و گشت بەرهەمە جیاجیاکانی سروشت کامەرانی و خۆشبەختی بۆ مرۆڤ بەرجەستەدەکەن)(1). هەروەها لەکارێکی هاوبەشیدا لەگەڵ دیدرۆ، ڕوانینە ئیستاتیکییەکانی لەکتێبی(ئەزموونی چەشتنی داهێنانی سروشتی و هونەری) دەخاتەڕوو، پێیوایە:(گشت لەژیاندا هەن، تەنانەت بەخودی هونەریشەوە یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە)(2).

(فرانسوا ڤۆڵتێر – 1694- 1778 ع) هزرمەند و فەیلەسووفێکی دیاری سەردەمی ڕۆشنگەریی فەرەنسییە، ڕەنگدانەوەی ڕۆشنگەریی ئینگلیزی لەکارەکانیدا بەدی دەکرێت، خۆشی لەمبارەیەوە دان بەو ڕاستییە دادەنێت ولەکتێبی(نامە فەلسەفییەکان)دا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت:((من لەڕێگەی سوود وەرگرتن لەسەرچاوەی بەریتانیاوە هێرشم کردە سەر سیستەمی فەرەنسی و و خاڵە لاوازەکانی و بێ دادیە فەرەنسیەکان، لێبوردنی ئاینی، ئازادیخوازی لەسیاسەت و بازرگانیدا پایە بڵندی زانست و فەلسەفە لەبەریتانیادا سەرنجی منیان ڕاکێشابوو))(3).

(دیدرۆ– 1713- 1784 ع)هزرمەند و فەیلەسووفێکی بەناوبانگی ڕۆشنگەریی فەڕەنسییە، جەخت لەسەر گرنگی هونەر دەکاتەوە، بەتەواوکەری سروشتی دادەنێت و لەمیانەی خودی تاکە کەسەوە ئاماژەی پێدەکات و لەمبارەیەوە بیروبۆچوونە ئیستاتیکییەکانی دەخەینەڕوو:

1- هەستکردنی مرۆڤ لەبارەی جوانییەوە، بۆ ئەو تەمەن و سەردەمەی ژیانی دەگەڕێتەوە، کە پلەکانی ژیاریی مرۆڤ پێیگەیشتوون.

2- هەموو شتێکی جوانبینین، سەرنجی مرۆڤ بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، تاکو زانیاری لەسەر پەیوەندییەکانی بەدەستبخات.

3- جیاکاری لەنێوان جوانی و خۆشیدا دەکات و هەستەکانی چەشتن و بۆنکردن لەهەستکردنی جوانی جیادەکاتەوە.

4- هەروەها چەشتن و سۆزداری دوولایەنی بایەخدارن لەکرداری داهێنانی هونەریدا، جگە لەمەش بیر و هۆش لەئەزموونی لایەنی جوانیدا، ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان هەیە.

5- ئەوکاتە شتەکان بەجوان وێنادەکرێت، کە لەشوێنی گونجاوی خۆیان دابن.(4)

(جان جاك ڕۆسۆ- 1712- 1778 ع)هزرمەند وفەیلەسووفێکی دیکەی ناوداری ڕۆشنگەریی فەڕەنسییە، جەخت لەسەر ئازادبوونی تاك دەکاتەوە لەدەست دابونەریتەکانی کۆمەڵگە و ڕەتکردنەوەی بنەماو ڕێساکانی کلاسیزم لەمبارەیەوە:((زۆر بەفراوانییەوە جەختی کردە سەر پێویست بوونی خۆئازادکردن لەدەست نێڵی دابونەریتەکانی کۆمەڵ و ڕەفزکردنەوەی دەستور و یاساکانی کۆمەڵگای کلاسیزم))(5)، هەروەها داوای ئازادی و یەکسانی چینی خوارەوەی دەکرد لەنێو کۆمەڵگەدا، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە(ڕۆسۆ ڕابەرایەتی ئەو ئاراستە ئەدەبییەی فەڕەنسای

(1) م. اوفسیانیکوف وز. سمیرنوفا:موجز تأریخ النظریات الجمالیة، ص 144_ 145.
(2) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري(د.):التربیة الجمالیة _ علم النفس الجمال، ص 112.
(3) فەرهاد پیربال(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل 89.
(4) محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري (د.):التربیة الجمالیة _ علم النفس الجمال، ص 114.
(5) فەرهاد پیربال(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل 56.

لەسەدەی هەژدەم دەکرد، کە بەناوی سۆزبەخشی(ڕۆسۆیزم)ناسرابوو، خەسڵەتەکانی تایبەت بوو بەڕاستڕۆیی و سادەیی و خۆبەنزمزانین ودڵسۆزییەکی خۆکرد)[1].

**3- ڕۆشنگەریی ئەڵمانی:** دەسپێکی دەرکەوتنی ئیستاتیکای سەردەمی ڕۆشنگەریی ئەڵمانی بۆ ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم دەگەڕێتەوە، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بەردەوامی هەبوو، هەروەها لەم ماوەیەدا لەلوتکەی پەرەسەندنیدابوو. چەندین هزرمەند و فەیلەسووفی گەورە لەتوێژینەوەکانیاندا بیروڕای خۆیان لەمبارەیەوە دەربڕیوە، لەوانەش:(بۆمگارتن و گۆتەو لیسینگ و شیلەر و کانت و هیگڵ)، کە لەسەردەمی خۆیاندا کاریگەرییەکی بەهێزو چالاکییان لەبەرەوپێشچوونی ئیستاتیکادا بینیوە.

(ئەلێکسەندەر باومگارتن– 1714- 1762 ع)یەکێکە لەڕابەرە هەرە دیارەکانی ئەم سەردەمە، لەبەرهەمێکیدا بەناوی(ئیستاتیکا)، کە وەك زاراوەیەکی جوانیناسی بەکاریهێناوەو واتای ئەم وشەیە بۆ(هەستکردن یاخود تیۆری هەستکردن)دەگەڕێنێتەوە، بەلای ئەوەوە مەبەستی ئیستاتیکا گەیشتنە بەتەواویی جوانی لەمیانەی زانیاریی هەستییەوە، بۆیە بۆ دووبەشی پۆلیندەکات: ئیستاتیکا و لۆژیك، کە(ئیستاتیکا تیۆری زانیاری وەسفی هەستییە، بەڵام لۆژیك تیۆری زانیاری باڵای هۆشییە)[2]. دواتر ئەم زاراوەیە لەلایەن هزرمەند و فەیلەسووف و هونەرمەند و ڕەخنەگرانەوە بۆ ئامانج و مانای گەیاندنی فەلسەفەی جوانی یان بەیەکەوە بەستنەوەی جوانی و هونەر بەکارهێنراوە.

(یۆگان یواخیم فینکلیمان – 1717- 1768 ع)هزرمەند و نووسەرێکی ئەڵمانییە، بیروبۆچوونێکی تۆکمەی بەنموونەی بەرزی جوانی مرۆڤەوە هەیە، کە(خودی ئەم جوانییەش لەسەربنچینەی سیستەمی دیموکراسی بنیاتنرابێت و ئەو جوانییەش لەژێر سێبەری ئەو سیستەمەدا پەرەدەستێنێت)[3]. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، کە مرۆڤ لەوکاتەدا بەرەو پێشەوە هەنگاودەنێت، کە لەنێو سیستەمێکی دیموکراسیدا ئازاد و سەربەست بێت. زۆرتر هەست بەماناکانی جوانی دەکات و زیاتر چێژ و لەزەتی لێوەردەگرێت.

(گۆتهۆلد لیسینگ- 1729- 1781ع)هزرمەند و فەیلەسووفێکی دیکەی ئەڵمانی ئەو سەردەمەیە، کاریگەرییەکی بەهێزی هەبوو لەبەرەوپێشبردنی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری و تیۆرە ئیستاتیکییەکان. هەروەها ئەم فەیلەسووفە جەختی لەسەر ئەو پەیوەندییە کردۆتەوە، کە لەنێوان جەماوەر و هونەردا هەیە. سەرەڕای ئەوەی باسی(لەمەسەلەی واقیعیبوونی هونەر کردووەتەوە وبەشێوەیەکی ئەکادیمییانە شیکردنەوەی بۆ جیاوازییەکانی نێوان نیگارکێشان و ئەدەب کردووە، کە ئەم توێژینەوەیە بەهەنگاوێکی گرنگی بەرەوپێشچوونی ئیستاتیکای سەردەمی ڕۆشنگەریی ئەڵمانی دادەنرێت)[4].

(یۆهانگ فۆلفهانگ گۆتە- 1749- 1832ع)یەکێکە لەفەیلەسووفە دیارەکانی ڕۆشنگەریی ئەڵمانی، کاریگەرییەکی چالاکی لەبەردەوامیدان بەئیستاتیکاوە هەیە، وەك دیاردەیەکی هونەری و ئەدەبی، ڕای وایە دوو ڕەگەز سەرچاوەی پێکهێنانی جوانین،کە ئەوانیش: ناوەڕۆك و ڕوخسارن. ڕەگەزی ڕوخسار(گوزارشت لەم ناوەڕۆکەوە دەکات و ڕەگەزی ناوەڕۆکیش لەمیانەی ڕوخسارەوە

(1) م. اوفسيانيكوف وز. سميرنوفا:موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 156.
(2) محمد عزيز نظمي سالم(د.):علم الجمال، دار الفكر الجامعي، أسكندرية، 1986، ص20.
(3) جماعة من ألأساتذة السوفيات:أسس علم الجمال الماركسي اللينيني، جزء ألأول، ص 108.
(4) م. اوفسيانيكوف وز. سميرنوفا:موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 169.

خۆی دەناسێنێت)[1]. بەپێی ئەم بۆچوونەی گۆتە بێت، ناوەڕۆك و ڕوخسار تەواوکەری یەکدین و گرنگی بەهەردووانیان دەدات، بەڵام ناوەڕۆك بەپلەی یەکەم و ڕوخساریش بەپلەی دووەم دادەنێت.

(فریدریك شیلەر- 1759- 1805 ع)شاعیر و فەیلەسووفێکی بەناوبانگی ئەڵمانییە، بیروڕای وایە، بۆئەوەی ئازادی بەدەستبێنیت، دەبێت تەنیا لەڕێگەی جوانییەوە بێت. ئیستاتیکا(هۆکارێکی پەروەردەییە بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی مرۆڤی سەردەمی ڕۆشنگەری)[2]. هەروەها لەسەردەمی قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتیدا، لای شیلەر بەسێ هەنگاوبووە، (قۆناغی فیزیکی ڕێساکانی لەسروشتەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام قۆناغی جوانی دەربازبوونە لەو هێز و کاریگەرییە و پاشان لەقۆناغی ڕەوشتیدا بەسەریدا سەردەکەوین، کەچی قۆناغی جوانی نێوانگیرێکە لەنێوان پێویستی سروشتی و پێویستی ڕەوشتیدا)[3]، بۆیە قۆناغی ئازادی جوانییە، بۆئەوەی بەو جوانییە بگەین، دەبێت سەرەتا مرۆڤ خۆی ڕزگاربکات و لەڕێگەی ئازادبوونییەوە جوانی بەدەستدێنێت.

پوختەی بیروبۆچوونی شیلەر لەبارەی ئیستاتیکاوە بەمشێوەیەیە:(هونەر لاساییکردنەوەی سروشتە و سروستیش ئازادییە و ئازادیش جوانییە و جوانیش گەمەکردنە و گەمەکردنیش مرۆڤە)[4].

(ئەمانوئێل کانت- 1724- 1804ع)بەناوبانگترین فەیلەسووفی ئەڵمانییە، بیروبۆچوونە ئیستاتیکییەکانی لەچەند کتێبێکدا خستۆتەڕوو، لەوانە:لەکتێبی(ڕەخنە لەعەقڵی بێ خەوش)دا، زاراوەی ئیستاتیکای بەمانای توێژینەوەی تیۆری لەشێوە دەروونییەکانی هەستە، کە دوو سیفەتی کات و شوێنە، بەڵام لەکتێبی(ڕەخنەی بڕیار)دا، ئەم زاراوەیە بەجۆرێکی دەسنیشانکراو بۆمانای توێژینەوەی بڕیارەکانی پێوانەکانی پەیوەست بەلایەنی جوانییەوە بەکاردێت)[5]. بەمجۆرە چەمکی جوانی لەچوارچێوە کۆنەکەوە دەربازدەکات، کە گشتی و بابەتی بوو، بەرەو چوارچێوەیەکی خودی و ڕێژەیی بردووە، بەمەش سیفەتی ڕێژەییبوون بەجوانی دەبەخشێت و ئەو جوانییە هونەرییەش بەجوانی مرۆڤەوە پەیوەستدەکات.

هەروەکو لەکتێبی(ڕەخنەی عەقڵی بێ خەوش)دا، بەمجۆرە((چێژی جوانی بەستایەوە بەسەرنجدەرەوە، نەك بەبابەتەکەوە، هەروەها بەبۆچوونی کانت ئامانجی جوانی بابەتەکەش و هەستی خۆشیەکەش هەر لەخودی سەرنجدەرەوە پەیدا دەبێ نەك لەبابەتەکەوە))[6]. جگە لەمەش(کانت)چەمکی جوانی و چەمکی سوودبینی لەیەکترجیاکردۆتەوە و پێیوایە جوانی دەبێ لەهەموو سوودبینی و قازانجێکی کۆمەڵایەتییەوە بەدووربێت، کە مرۆڤ ئەو واتایەی پێبەخشیوە، چونکە((جوان خۆی لەخۆیدا هیچ کەڵکێکی نییە، بەڵام کۆمەڵ ئەو کەڵکەی پێدەبەخشێت))[7]. لەم دیدگایەوە بەلای(کانت)ەوە جوانی دوو جۆری هەیە:(جوانی ئازاد و جوانی هاوڕێ، کە لەجوانی

(1) هيغل:المدخل الى علم الجمال، ص 94.
(2) عدنان رشيد(د.):دراسات في علم الجمال، الطبعة ألأولى، دار النهضة العربية للطباعة والنشرو التوزيع، بيروت، 1985، ص 9.
(3) مجاهد عبدالمنعم مجاهد:دراسات في علم الجمال، ص 16.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل96.
(5 محمود عبدالله الخوالدة(د.)ومحمد عوض الترتوري(د.):التربية الجمالية_ علم النفس الجمال، ص 116_117.
(6) فەرهاد پیرباڵ(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل 54.
(7) کەمال میراودەلی(د.):فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل89.

ئازاد دا هیچ چەمك و مەبەست و سوودبینینێك نییە، بەڵام لەجوانی هاوڕێدا:مەیلی کۆمەڵایەتی وامان لێدەکات، کە بایەخێکی پراکتیکی یان سوودبینێك، یاخود خاسیەتێکی کۆمەڵایەتی، یا ڕامیاری بخەینە پاڵ جوانی)[1].

(فریدریك هیگڵ- 1770- 1831ع)فەیلەسووفێکی ناوداری ئایدیالیستی ئەڵمانییە، بۆچوونی وایە، کە جوانی شتێکی ئایدیالییە و فۆرم جگە لەڕووکەشێکی ئەو ئایدیایە هیچی دیکە نییە، ئەوەی زیاتر جێگەی گرنگپێدانە ناوەڕۆکی هونەرییە و بەئایدیای دەبەستێتەوە و جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە، کە((جوانی ئەوەیە لەپرۆسەی نەسرەوتی ژیر- گیان کارا بەشداری بکات، جوانی هونەر لەجوانی هونەریدا بەرجەستە دەبێ و بەهیچ جۆرێك لاساییکردنەوەی سروشت نییە و پێوەندی بەهۆشیارکردنەوەی و وروژاندنەوە نییە. جوانیی سروشتیش لەخۆیدا ڕەنگدانەوەی گیانە!))[2].
هەروەها(هیگڵ) لەم تێڕوانینەیدا گرنگی گیان بەرز دەنرخێنێ و بەبنچینەیەکی سەرەکی پێکهاتن و دروستکردنی جوانی دادەنێ و لای وایە جوانیبوونی هونەر لەجوانییە هونەرییەکەیدا بەرجەستە دەبێت، چونکە((هونەر قۆناغێکە لەقۆناغەکانی چالاکی نەپساوە و نەسرەوتی ژیر- گیان، گیان لەخۆیدا ئیتر هونەر و جوانیی لەو چالاکییەی گیاندا ڕۆڵی چەمکێك لەچەمکەکانی((بوون))دەگێڕن، هونەر بەوپێیەی جوانییە((بوون))دەنوێنێ))[3].

هەروەها بەلای هیگڵەوە ئاستی جوانی هونەری نایابتر و جیاوازترە لەجوانی سروشتیدا، چونکە(جوانی هونەری بەرهەمی گیانە، چونکە گیان لەسروشت باڵاترە، لەبەرئەوەیە جوانی هونەری لەجوانی سرشتیدا بەرزترە و ڕەنگدانەوەی بۆ بەرهەمەکان و دواتریش بۆ هونەر دەگوازرێتەوەو هەر جوانییەکیش کە سەرچاوەکەی هەڵێنجراوی گیان بێ، بابەتێکی بەرزو پیرۆزە)[4].

لەبەرئەوەی هونەر بەرهەمی مرۆڤە، نەك سروشت، چونکە جوانیبوونی سروشت وێنەدانەوەی گیانە بەو ڕێژەیەی کەلێیەوە دەردەچێت بەجوان هەژماردەکرێت، ئەگەر سروشت وەکو خۆی لاساییبکرێتەوە ئەوە ئازادی هونەری لەدەستدەچێت و ناتوانێ ناتەواوییەکانی پڕبکاتەوە، چونکە لاساییکردنەوە دەبێ دەستکاریی هونەری و داهێنانی لەگەڵدابێت، لەبەرئەوەی (هیگڵ)بۆچوونی وایە:((بابەتی ئیستاتیکا: جوانیی سروشتی نییە، بەڵکو جوانی هونەرییەو جوانیی سروشتی دەداتە دواوە، چونکە بەبۆچوونی ئەو کار و داهێنانێکی خۆیی ئادەمیزادە و جوانی تەنیا لەوشتانەدا هەیە، کە ئادەمیزاد دروستیان دەکات و بەتەواوی بەستراوەتەوە بەچالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەوە))[5].

ئەو جوانییەی کە لەسروشت و جیهاندا هەیە بەرهەمی دەسکەوتی چالاکی مرۆڤە، بەهۆی ئەو بەرهەمە هونەرییەوە کە ئەنجامیدەدات.

---

(1) م. اوفسيانيكوف و ز. سميرنوفا:موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 257.
(2) حەمید عەزیز(د.):ئیستێتیك فەلسەفەی جوانی وهونەر، گۆڤاری ڕامان، ژ(283_ 284)، 5/5_ 6/ 2021، ل 91 .
(3) حەمید عەزیز(د.):ئیستێتیك فەلسەفەی جوانی وهونەر، گۆڤاری ڕامان، ژ(283_ 284)، 5/5_ 6/ 2021، ل 91 .
(4) هيغل:المدخل الى علم الجمال، ص 6_ 7.
(5) کەمال میراودەلی(د.):فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل 94.

(ئارسەر شوپنهاوەر- 1788- 1860 ع)فەیلەسووفێکی دیکەی ئایدیاییە، هەمان بۆچوونی هیگڵ لەبارەی جوانییەوە دووبارەدەکاتەوە و لای وایە جوانی لەگیاندایە، نابێت ئەو جوانییە هیچ بنەمایەکی مادیی لەپشتەوەبێت . دەبێت ئامانجی جوان هەر خودی جوانییەکە بێ، بەمەش مرۆڤ (لەخودپەرستییەکی تاکەکەسیدا ڕزگاردەکات و سەربەستییەك بەجوانی دەدات و لەهەموو کۆتوبەندێکی حەز و ئارەزووەکاندا دەربازیدەکات، بەمەش جوانی بەرەو بیروباوەڕێکی ئاینداری نزیکدەکاتەوە بەتایبەتی سۆفیانە)[1]، هەروەها لای شوپنهاوەر ڕێژەییبوونێك لەجوانیدایە و بەهۆی ئەو جیاکارییەی کە لەشوێن و کات و ڕۆشنبیری و ژینگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤدایە دەگۆڕێت.

(فریدریك شیلینگ – 1775- 1851ع)هزرمەند و فەیلەسووفێکی سەردەمی ڕۆشنگەریی ئەڵمانییە، تێڕوانینی وایە:(کە چەمکی جوانی بنەمایەکی بنچینەییە لەهونەردا، بەبێ ئەو جوانییە هیچ بوونێك لەئارادا نییە و جوانی هونەری لاگرنگتر و بالاتر و درەوشاوەترە لەجوانی سروشتیدا، لەبەرئەوەی جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە، کە هونەرمەند بەیارمەتی هێزی سروشت جارێکی دیکە کار لەسەر بنیاتناوەی سروشت و داهێنانەکەیدا دەکات، بەوکارە هونەرییە بێ وێنەیەی کە ئەنجامیدەدات)[2]، بەمەش هونەر تەنیا لەناوەوەدا دەبێتە بنەماو پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندن و هەرجۆرە بڕیاردانێکی ئیستاتیکی، کە ڕێگە بەهیچ جۆرە هەڵسەنگاندنێکی دەرەکی نادات، کە بەشداری لەبڕیارە جوانیناسەکانی هونەریدا بکات.

**6- ئیستاتیکای مارکسیزم**

ئیستاتیکای مارکسیزم لەسەر کۆڵەگەی بیروبۆچوون و تێڕوانینە گشتییەکانی فەلسەفەی مارکسیزم بنیاتنراوە، کە لەبەرەوپێشچوونی مێژووییدا خۆی دەبینێتەوە و لەگەڵ ئەو کاریگەرییە بەهێز و چالاکانەی کە ژێرخان لەلایەنی ئابووریی و بەرهەمهێنەری کۆمەڵگەیە، بەسەر سەرخاندا هەیەتی، کە سەرجەم لایەنەکانی ژیان، وەکو:ڕامیاری و ئایدۆلۆژی و فیکری و ئاینی و هونەری و جوانیناسی و فەلسەفی دەگرێتەوە، چونکە(هەر لەوکاتەی بنچینە تیۆرییەکانی مارکسیزم(ماتریالیزمی دیالێکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی)بەدەرکەوتن، وەرچەرخانێکی تازە لەگەشەسەندنی سەرچاوەی زانیاری مرۆڤایەتی هەنگاوی نوێی نا، بەمەش لێکتێگەیشتنێك لەنێوان سروشت و کۆمەڵگە و بیری مرۆڤایەتی هاتەکایەوە)[3].

ئەو دوو چەمکە لەژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەکدا بەیەکەوە گرێدراون و دەبنە تەواوکەری یەکدی و بەنەبوونی هەریەکێکیان لاسەنگییەك لەمانای ئەوەکەی دیکەیاندا دروستدەبێت.

مارکسیزم تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ ئیستاتیکا هەبوو، لەڕوانگەی ئەوەوە ئیستاتیکا ((ئەو زانستەیە کەوا یاسا و پێوەندییە جوانناسییەکان دەخاتە ناو چوارچێوەیەك بۆبەیەك بەستنەوەی مرۆڤ بەجیهانی دەوروبەرەوە و دیراسەکردنی هەموو شێوەکانی پێوەندی ئاڵوگۆڕدراو لەنێوان توێژەکانی کۆمەڵ))[4]. بۆیە بەلایەوە ئیستاتیکا لەو تێڕوانینە جوانیبینیانەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مرۆڤ لەهەمبەر ژینگە و دەوروبەری،کەتیایدا دەژی بەدیدگایەکی جوانیناسانەوە دەیخاتەڕوو، کە

(1) محمد غنيمي هلال(د.):النقد ألأدبي الحديث، دار النهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة،1977، ص 305.
(2) جماعة من ألأساتذة السوفيات:أسس علم الجمال الماركسي اللينيني، جزء ألأول، ص 145_ 146.
(3) م. اوفسيانيكوف و ز. سميرنوفا:موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 427.
(4) ئامانج عوسمان حەمەد:((لێکدانەوەی سایکۆلۆژی بۆ ئیستاتیکا))، گۆڤاری ڕامان، ژ39، 1999، ل 34.

لەکۆمەڵێك بنەمای دەسنیشانکراو بەرجەستە دەبێت، چونکە(مرۆڤ هێزێکی کاریگەرە، کە لەتوانایدایە ڕووبەڕووی سروشت ببێتەوە و بیگۆڕێت، لەبەرئەوەی هونەریش دیاردەیەکە لەچالاکییەکانی مرۆڤ، کە بەهۆیەوە دەتوانێت خودی خۆشی بگۆڕێت و داهێنانێکی بابەتیانەی نوێش بهێنێتەدی)[1]. (مارکس و ئەنگلز):وەك دوو فەیلەسووفی بەناوبانگی گەورەی ماتریالین، کە بیروبۆچوونە ئیستاتیکییەکانیان لەچوارچێوەی تیۆرێکی ئیستاتیکی ماتریالی خستۆتەڕوو.

بڕوایان وایە، کە(ڕاستی و گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی هونەر تەنیا لەمیانەی شرۆڤەکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت)[2]، هەروەها هونەر و ئەدەب بەواقیعێکی ماتریالی دادەنێن و پەرەسەندن و بەرەوپێشبردنی بەگەشەسەندنی کۆمەڵگەوە دەبەستنەوە.

(کارڵ مارکس- 1818- 1883ع)لەبارەی ناوەڕۆك و ڕوخساری بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییەوە ڕوانینی وایە، کە دەبێت((یەکێتی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆك ئاشکرابکا))[3]. هەروا مارکس ئاماژە بەپەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان ڕەهەندی جوانیی و کارە هونەرییەکان و لایەنی ئابوریی تاك و کۆمەڵگەوە دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مارکس لای وایە، کە دەقە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفییەکان دوو جیهانبینی واقیعیان هەیە((کە لەخەیاڵدا جێگەیان نابێتەوە، ئەمەیان جیهانبینی چینی کرێکارە کە گوزارشت لەئیستاتیکای واقیعی پەیوەندییەکانی جیهانی ڕاستی دەکاتەوە، جیهانبینی سەرمایەداری کە تێکدەر و ئیفلیج کردنی هەموو ڕاژە کۆمەلایەتییەکان وپەیوەندییەکانی تاکیی کۆمەڵە، ئەمەش ئەنتی ئیستاتیکایە بۆ زێدەبایی بەرژەوەندی خۆی کاردەکات))[4].

(فریدریك ئەنگلز- 1820- 1895ع)فەیلەسووفێکی دیاریی مارکسییە، بیروبۆچوونە ئیستاتیکییەکانی لەمیانەی بەراوردکارییەوە خستۆتەڕوو، کە بەجۆرێك بەراوردێك لەنێوان واقیعی و ئایدیاڵییەکانی یۆنانی کۆن دەکات.

ڕای وایە:(( کە دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان ڕەنگدانەوەی حاڵەتێکی بەردەوامی ماددیی مرۆڤە))[5]. هەروەکو لەپێشووتریشدا ئاماژەمان پێکرد، لایەنی ماتریالی کاریگەرییەکی چالاکی بەسەر هونەر و ئەدەبەوە هەیە و بەرەوپێشەوەی دەبەن و لەچەقبەستوویی ناهێڵنەوە و بەبەردەوامی لەپەرەسەندندان و هەنگاودەنێن بەرەو پێشەوە، بەهۆی ئەوگەشەسەندنەی کە بەکۆمەڵگەوە پەیوەستە.

(نیکۆلا چیرنیشیفیسکی- 1828- 1889ع)فەیلەسووفێکی دیکەی مارکسیستە، جوانی بەژیان دەبەستێتەوە و بەمجۆرەیە پێناسەی دەکات:(جوانی ئەو شتانەیە، کە بەپێی تێڕوانینەکانمان ژیانی تێدا بەرجەستەدەکەین، جوانی ژینە و ژیانە...، جگە لەمەش جوانی گوزارشت لەژیان دەکات و بیرخەرەوەیە، کە بۆئەوەی ژین و ژیانمان وەبیربێنێتەوە)[6]. لەم تێڕوانینەیدا (نیکۆلا) بەرجەستەکردنی ژین وژیان لەو شتانەدایە، کە جوانن و بەجوانی دەیانبینین، کە بەپێی

(1) روجیة غارودي:الماركسية و علم الجمال، ت: جورج طرابيشي، ط1، دار الطليعة، بيروت،1975، ص 13.
(2) م. اوفسيانيكوف و ز. سميرنوفا:موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 428.
(3) تێری ئیگڵتۆن:مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕانی:عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی یەکەم،دەزگەی ئاراس، هەولێر،2008، ل 47.
(4) ئامانج عوسمان حەمەد:((لێکدانەوەی سایکۆلۆژی بۆ ئیستاتیکا))، ل 34.
(5) ئامانج عوسمان حەمەد:((لێکدانەوەی سایکۆلۆژی بۆ ئیستاتیکا))، ل 34.
(6) فرانسيس كلنفندر:الماركسية و الفن الحديث، ت:مصطفى عبود، ط1، مركز ألأبحاث والدراسات ألاشتراكية في العالم العربي،1987، دمشق، ص 24.

بیروبۆچوونی هەر تاکێکمان جوانە. هەروەها چەمکی جوانی بەشێوەیەکی سەربەستانە لەهونەردا دەبینێت و بەشێوەیەکی گشتگیرتر و بایەخدارتر سەرنجی دەدات و لەمبارەیەوە دەڵێت:(جوانی شتێکی واقیعییە، ڕاستییەکی بابەتییە، هونەر جوانی وەکو شتێکی نامۆ بەو جیهانەوە دەخاتەڕوو، بەڵکو کاری هونەر سەر لەنوێ بەدیهێنانەوەی جوانییە)[1].

(ڤلادیمێر ئیلیچ لینین- 1870- 1924ع)فەیلەسووفێکی دیکەی واقیعی فەلسەفەی مارکسییە و ڕابەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری (1917)یە لەڕووسیادا. لینین بایەخێکی گرنگ بەپەیوەندی نێوان ئیستاتیکا و لایەنە ڕۆشنبیری و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان دەدات و لەمبارەیەوە دەڵێت:((زانستی ئیستاتیکا پەیوەندییەکی توندی بەمێژووی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی و هۆشیاری کۆمەڵایەتییەوە هەیە و پەیوەندی بەدەروونزانی هەیە، چونکە دیراسەی یاساکانی ڕەوشتی گۆڕاوی مرۆڤ دەکات، بۆچوونەکانی ئیستاتیکا لەسەر ئایدۆلۆژیایەك بەند نابێت، بەڵکو زیاتر دەربڕینە لەخودی ڕەوشتی چینەکان))[2].

هەروەها (لینین) پێیوایە هونەرمەند لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی نێوان چینەکاندا سوود وەردەگرێت و داهێنانە هونەرییەکەی بەهۆیەوە بەرەوپێشەوە دەبات، لەبەرئەوەی هونەرمەندی ڕەسەن و ڕاستگۆ هەموو کات، لەگەڵ ئێش و ناخۆشیەکانی میللەتەکەیدا دەژی و هەموو دەم مەبەستییەتی ئاوات و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی بخاتەڕوو.

هەروەها داوا لەهونەرمەندان دەکات، کە(هەموو ساتێك بەژیانی گەلەوە پەیوەست بن و زانیارییەکی ورد و درشتیان لەبارەی کێشە ڕامیاری و ئاکاری و فەلسەفی و ئیستاکییە هاوچەرخەکانەوە هەبێت و بایەخ بەکێشەکانی سەردەمیش بدەن، کە بوونەتە پردێك بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی کێشەکان و لەئەنجامیشدا دڵتەنگی و ناسۆری بۆ مرۆڤ پەیداکردووە و بەخۆیەوە گیرۆدەکردووە، لەهەمان کاتیشدا پێویستە بابەتی سەردەم بابەتی سەرەکی هونەر بێت)[3].

(ترۆتسکی- 1879- 1940ع)ڕابەر و هزرمەندێکی دیکەی فەلسەفەی مارکسییە، لەبیروڕاکانیدا هەمیشە جەخت لەسەر لایەنی ناوەخن دەکاتەوە و پێیوایە((فۆرمی هونەری ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییە))[4]. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە باسی پەیوەندی نێوان ناوەڕۆك و ڕوخساری بەرهەمی هونەریی دەکات، کە ناوەخن بەبنەمایەکی پتەوی ڕوخسار دادەنێت. هەروەها باس لەئازادیی هونەر دەکات و ڕای وایە((بەندکردنی هونەری شۆڕشگێرانە لەبورجی بابلدا، ناکرێت هەتا هەتایە بەردەوام بێت، چونکە حیزبی شۆڕشگێڕ بۆی نییە، بەهیچ شێوەیەك بانگەشەی ئەوە بکات، گوایە کاری ئەو ئاراستەکردنی هونەرە))[5]. بۆیە(تروتسکی)یش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدانی بەکاری هونەری و لای وایە پەیامی هونەر بریتی نییە لەئاراستەکردن، بەمەش هونەر لەهەموو جۆرە هەڵگرێکی پەیامبوون دەربازدەکات و سەربەخۆییەکی هونەری بەکاری هونەری

(1) البرفیسور. أ. لاڤریتسکي: في سبيل الواقعية: ت: الدكتور جميل نصيف، مراجعة: الدكتورة حياة شرارة، عالم المعرفة، بيروت، ص 269.
(2) ئامانج عوسمان حەمەد:((لێکدانەوەی سایکۆلۆژی بۆ ئیستاتیکا))، ل 35.
(3) م. اوفسيانيكوف و ز. سميرنوفا:موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص 448_ 449.
(4) تێری ئیگڵتۆن:مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، ل 76.
(5) ڕەمەزان ئەلسەباغ:پابەندبوون لەئەدەب و هونەردا لەنێوان سارتەر و مارکسیزمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، 2008، ل 51.

دەدات، هونەر و ئەدەب بەچەشنێك لەواقیعە كۆمەڵایەتییەكان دادەنێت، كە بەهۆی بەرەوپێشچوونی گەشەكردنی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە پەرەدەستێنێت و هەموو كاتوساتێك لەگۆڕانكاریی تازەدایە.

**7- ئیستاتیكا لەسەردەمی نوێدا**

دەسپێكی ئەم ماوەیە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەمە، كە بە((ئیستاتیكای نوێ))[1]، یاخود ئیستاتیكا لەسەردەمی نوێدا هەژماردەكرێت. لەو ماوەیەدا ژمارەیەك هزرمەند و فەیلەسووف بەبیروبۆچوون و تێڕوانینە ئیستاتیكییەكانیان كاریگەرییەكی چالاكییان لەگەشەسەندن و بەرەوپێشبردنی بیریی ئیستاتیكیدا هەبووە. (هێنری بیرگسۆن- 1859- 1940ع)فەیلەسووفێكی دیار و ناوداری فەڕەنسییە، بەلایەوە((هونەر شێوەیەكە لەشێوەكانی زانین، بەڵام زانینێكی وا نا، كە گشتگیر بێت بەهەموو یاسا گشتییەكانەوە، بەڵكو تەنیا گۆشەنیگایەكی تەسك و بەشێك لەیاسا گشتییەكان دەگرێتەوە))[2]. لەگەڵ ئەوەشدا كاری داهێنانی هونەری بەدۆزینەوە دادەنێت، نەك داهێنان، چونكە (لای وایە:ئەو بابەتانەی دەبنە چاوگەی هونەر خۆیان لەواقیعدا بەرجەستەدەبن، بەڵام مرۆڤ ڕاستەوخۆ دركیان پێ ناكات، بەڵكو ئەركی هونەری هونەرمەند لەوەدا خۆی دەنوێنێت كە وێنەكان لای خەڵكی ئاسایی شرۆڤە و شیبكاتەوە)[3]. دوای ئەوەی چالاكی هونەریی بەدۆخی جیاكاری و ئەبستراكت لەژیاندا گرێدەدا، ئەگەر ئەو جیاكارییە بەشێوەیەكی تەواو ئەنجامبدرێت. ئەوا هونەرمەندێكی كارامە و شارەزای بێ هاوتای لەزۆربەی بوارەكانی هونەرییدا لێدەردەچێت، كە گشت شتێك بەبنچینەیی و ڕوونی خۆی درك پێدەكات.

(بندیتۆكروچە- 1866- 1952ع) هزرمەندێكی بەناوبانگی ئیتاڵییە، لەڕوانگەی ئەوەوە جوانی لەتێڕامانی كەسە هونەرمەندەكانەوە سەرچاوە دەگرێت، كە بەشێوەیەكی جوان وێنای دەكات، بەمەش جۆرە ڕێژەییبوونێك بەجوانی دەدات، چونكە(جوانی بەشێوەیەكی سروشتی ئامادەگیی نییە، هەروەها هیچ جوانییەكیش لەسروشتدا نییە، ئەوە كەسە هونەرمەندەكان بەچاوێكی هونەرمەندانە سەرنجی دەدەن و گوزارشتی لێدەكەن)[4].

جوانی لەژێر چەتری هونەردا كۆدەكاتەوە و هونەریش لەپلەیەكی باڵادا دەبینێت و نایكاتە شوێنكەوتەی سروشت و ڕای وایە:(هونەر داهێنانێكی سەربەخۆیە و لاساییكردنەوەی سروشتی تێدا نییە، بەمەش جوانی و كرێتی لەبابەتی هونەرییدا ئامادەبوونی نییە، دەتوانین وێنای چاكە و خراپە بكەین و لەهەردوو بارەكەدا بەشێوەیەكی جوان بێت، بەڵام كاڵ و كرچی و كرێتی هونەر لەشێوازی دەربڕینەكەیدایە)[5].

(ئەلبێر كامۆ- 1913- 1960ع)هزرمەند و نووسەرێكی فەڕەنسییە، بیروڕای وایە، كە هونەرمەند ناتوانێت لەگەڵ ئەو واقیعەدا ڕێبكات، بۆیە پەنا دەباتە بەر یاخیبوون و ئەو واقیعە ڕەتدەكاتەوە، چونكە(هونەرمەند هەست بەوە دەكات، كە ناتەواویی و كاڵ و كرچییەك لەناوەخنی ئەو جیهانەی ژیانی تێدا بەسەر دەبات دا هەیە، بۆیە ڕەتیدەكاتەوە و دەیەوێت واقیعێكی تازە بەو

(1) جەبار ئەحمەد حسێن:ئیستاتیكای دەقی شیعری كوردی كوردستانی عیراق(1950_1970)، چەمكی ئیستاتیكای نوێ)ی لەلاپەڕە(64) دا لەم كتێبەدا بەكارهێناوە.
(2) سەرچاوەی پێشوو،ل 65.
(3) زكريا ابراهيم(د.):فلسفة الفن في الفكر المعاصر، دار مصر للطباعة، قاهرة، 1988، ص 16 _ 24.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل 53.
(5) محمد غنيمى هلال(د.):النقد ألأدبي الحديث، دار النهضة مصر للطبع و النشر، القاهرة، 1977، ص 298.

کـاره هونەرییـەی، کـە جۆرێکـە لـە جۆرەکـانی یاخیبوونەکـەی و پێویسـتییەکی ئیسـتاکییە بهێنێتەکایەوە)[1].

ئەوکاتەی هونەرمەند واقیعەکەی ڕەتدەکاتەوە و لێی یاخی دەبێت، ئەوە ئاماژەیە بۆ بوونی ژیانێکی چاکتر و جوانتر، لەوەی کە لەواقیعیدا دەستی پێناگات، بۆیە هەوڵدەدات لەڕێگەی کارە هونەرییەکەیەوە بەدەستی بخات.

(جان پۆل سارتەر- 1905- 1980ع)هزرمەند و فەیلەسووفێکی ناوداریی بوونگەرایی فەرەنسییە، لەبیروبۆچوونەکانی لەبارەی ئیستاتیکاوە ڕای وایە، کە جوانی بەخەیاڵەوە پەیوەستە، بەبابەتێکی خەیاڵکردنی دادەنێت، لەبەرئەوەی(جوانی لەخەیاڵکردنەکەیدایە، تەواو جیایە لەبابەتێکی درکپێکراودا، تەنیا بەهۆی هۆشێکی وێناکەرەوە نەبێت)[2].

هەربۆیە سارتەر جوانی بەخەیاڵەوە پەیوەست دەکات، تاکو بەم هۆیەوە ڕەتکردنەوە و دابڕینی لەواقیعدا بهێنێتەدی، بۆئەوەی هاوچەشنی و گونجاندنێك لەنێوان جوانی و ناواقیعیدا بەرجەستەبکات.

لە هەمان کاتیشدا تێڕوانینی وایە، کە جوانی شتەکان لەوە دایە، کە بەشێوەیەکی هونەرییانە سەیری دەکەین و بیر لەچۆنیەتییەکەی دەکەینەوە، چونکە(جوانی گوزارشتکردنی شتێك نییە کە هەبێت، بەڵکو گوزارشتکردنی شتێکە کە پێویستە هەبێت)[3].

ئیستاتیکا لەسەردەمی نوێدا لەچوارچێوەیەکی هونەری و ئەزموونێکی جوانیناسانەوە ئاماژەی پێدەکرێت، زیاتر جەخت لەسەر هەبوونی پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان ناوەڕۆك و ڕوخساردا دەکاتەوە، یاخود پرۆسەی هونەریی داهێنان، یان خەیاڵکردنی تێدابێت.

(جۆرج سانتیانا- 1863- 1952ع)شاعیر و هزرمەندێکی ئیسپانییە،بیروڕا ئیستاتیکییەکانی لەکتێبەکانی(ئاوەز و هونەر)و(درککردن بەجوانی)خستۆتەڕوو، بەمشێوەیە پێناسەی جوانی دەکات:((ئەو شتانەی بوونێکی بابەتییانەیان هەیە، نرخ و بەهایەکی بەسوودیان هەیە))[4]، هەروەها ڕای وایە، کە هونەر دەبێت ئازادییەکی تەواوی هەبێت و لەمبارەیەوە دەڵێت:(هونەر بریتییە لەجیهانێکی سەربەست، کە دەسپێك و چێژ وەرگرتنێکی پاك و بێگەردی تێدا بێت)[5].

کەواتە بەلایەوە ئەدەب و هونەر دەبێت ئازاد و سەربەخۆ بن، لەهەموو جۆرە سوودبینینێك و بەرژەوەندییەك بەدەربن.

(1) زكريا ابراهيم(د.):فلسفة الفن في الفكر المعاصر، ص 206.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل231.
(3) مجاهد عبدالمنعم مجاهد:دراسات فى علم الجمال، ص 122.
(4) جورج سانتيانا:ألاحساس بالجمال، ت:محمد مصطفى بدوي، مركز القومي للترجمة، القاهرة،2010، ص74.
(5) سەرچاوەی پێشوو، ل 78.

**تەوەرەی سێیەم: ئیستاتیکای ڕێبازە ئەدەبییەکان**

**- ئیستاتیکای ڕێبازی کلاسیزم**

کلاسیزم یەکەمین و کۆنترین ڕێبازی ئەدەبی و هونەرییە، کە لەدوای بزووتنەوەی ڕێنیسانس لە ئەوروپا سەریهەڵدابێت. بنچینە و بنەماکانی بەشێوەیەکی نوێ زیاتر لەسەدەی حەڤدەیەم چەسپێنران، فەرەنسا بەشوێنی لەدایکبوونی دادەنرێت. توێژەران و نووسەران لەرۆژگارەدا کاریگەرییەکی چالاکییان بینی، بەسوود وەرگرتن و توێژینەوەیان لەکۆڵەگە و بنەمای دەستوور و یاساکانی ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانی کۆن(پ.ع)، بۆئەوەی ئەدەبەکەیان پێ نوێبکەنەوە و بەرەوپێشی ببەن، ئەمەش بووە هۆی زەمینەسازییەك بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبێکی نوێ، کە((بەناوی (کلاسیکی نوێ)وە خۆی ناساند لەسەر بنەرەتی کلاسیکییە کۆنەکەی ئەو دوو نەتەوەیە، پاشان (نوێ)یەکەش نوێبوویەوە و بەئەدەبی کلاسیکی ناسرا))[1]. ڕێبازی کلاسیزم بۆ دارشتنی دەستوور و بنەماکانی سوودی لەچەندین سەرچاوەی ئیستاتیکییەوە وەرگرتووە، لەوانەش:هونەری شیعر(Poetica)ی ئەرستۆ(322- 384 پ.ع) وهونەری شیعری هۆراس (65- 8 پ.ع)و هونەری شیعری نیکۆڵا بوالۆ( 1636- 1711 ع)، لەخوارەوە بەکورتی و پوختی ئاماژەیان پێدەکەین:

1- هونەری شیعری ئەرستۆ: ئەم کتێبە (بەگرنگترین و یەکەمین سەرچاوەی کۆنی تیۆریی دادەنرێت لە بواری داهێنانی ئەدەب و هونەری کلاسیکدا، کە بنەماو ڕێساو یاساکانی دەسنیشانکردووە وپاشان باسی شیعر و تراژیدیا و کۆمێدیا و لاساییکردنەوە و دراما و مۆسیقا و شانۆ دەخاتەڕوو، دواتر بەوردیی ئاماژەی بەچەندین بابەتی گرنگی وەکو: زمانی شیعر و شیعری داستانی و بەراوردکردنی شیعری داستانی و شیعری تراژیدی کردووە)[2].

2- هونەری شیعری هۆراس: ئەم کتێبە (بەدووەم سەرچاوەی گرنگی ڕێبازی کلاسیزم هەژماردەکرێت، هۆراس لەکتێبەکەیدا بەدرێژی باسی جۆرەکانی هونەر و ئەدەب و پیشەیبوونی بەگشتی و بەتایبەتیش تراژیدیا و کۆمێدیای کردووە، دواتر چەند مەرجێك بۆ شاعیری باش دیاریدەکات)[3].

3- هونەری شیعری نیکۆڵا بوالۆ( Artpoethigue )(1636- 1711):یەکێکی دیکەیە لەسەرچاوە بایەخدارەکانی ڕێبازی کلاسیزم، بەشێوەیەك کە بوالۆ((دەستوور و بنەماکانی کلاسیزمی تێدا شی کردەوە و چەسپاندنی، توانی گیانێکی هاوچەرخانە بەڕێبازەکە بدات و کتێبەکەی وەك سەرچاوەیەکی تیۆری گرنگی کلاسیزم پێشکەش بکات))[4].

کلاسیزمەکان لەڕێبازەکەیاندا زۆر بایەخیان بەعەقڵانیبوون دەدا، وەك: بناغە و بنەمایەکی سەرەکی و ئیستاتیکی داهێنانی بەرهەمی کلاسیکی سەیریان دەکرد، چونکە عەقڵیان

(1) کامیل مەحمود:غەزووی ڕۆشنبیری ڕێبازە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر،سلێمانی، 2009، ل 53_54.
(2) فەرهاد پیرباڵ(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل 17_18.
(3) سەرچاوەی پێشوو، ل 19_ 20.
(4) فەرهاد پیربال(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل17.

بەرەگەزێکی بنچینەیی و((بناغەی فەلسەفەی جوانی لەداهێنانی کلاسیکدا))[1]دادەنا و پێیانوابوو بڕیاری ڕەهای بەدەستە لەکاری هونەریدا، لەبەرئەوەی((عەقڵ تیشکدانەوەی حەقیقەتە، حەقیقەتیش لەهەموو کات و شوێن و سەردەمێکدا هەرئەوەیە کە هەیە، عەقڵ پەیامی کۆمەڵایەتی شاعیر دیاریدەکات و یاساکانی هونەر دەچەسپێنێت، عەقڵ وا لەمرۆڤ دەکات پەیڕەوی یاساکانی گشتی بکات و خۆشی و کەڵك بەیەکەوە ببەستێتەوە))[2]. عەقڵ وێنەدانەوەی حەقیقەتە و بەبەردەوامیش دەمێنێتەوە. هەروەها کلاسیکییەکان ڕایانوایە، کە دەبێت بەرهەمی ئەدەبی ئامانجی ئاکاری و کۆمەڵایەتی تێدا بێت، چونکە سەرەڕای جوانی لەبەرهەمی ئەدەبیدا، پێویستە((جوان و لەزەتبەخش بێت، لەهەمانکاتدا پێویستە ئامانجێکی کۆمەڵایەتی و پەیامێکی ڕابەریکەری هەبێت))[3]. خاسیەتێکی دیکەی ئیستاتیکی لای کلاسیزم ئاشکرایی و ڕوونییە لەبابەتی هونەریدا، کە مەرجە هونەرمەند لەمیانەی گوزارشتکردنییەوە بیرکردنەوەو شێوازی دەربڕینی زمانی ڕوونی و ئاشکرایی پێوە دیاربێت، چونکە بەرهەمی باش بێگەرد و ڕوون و ئاشکرایە. بۆیە(بوالۆ)بەبایەخەوە جەخت لەسەر ئەم خاسیەتە دەکاتەوە و پێیوایە:(پێوانە و پێوەری جوانی ئاشکرایی و ڕوونییە، چونکە شتە نهێنی و بزرەکان، هیچ جوانییەکی تێدا نییە)[4]. هاوگونجاویی و هارمۆنییەت سیمایەکی دیکەی ئیستاتیکیبوونی ڕێبازی کلاسیزمە، بەشێوەیەك کە پێویستە هەموو توخمە جوانیناسەکانی پێکهاتنی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی لەنێوان خۆیان و دەرەوەیاندا هاوگونجاویی و هارمۆنییەتێکی تەواو هەبێت. ئەو هاوگونجاوییەی بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکە پێویستە لەدوو ئاستدا بێت:

((یەکەم: هەردانەیەك لەتوخمە پێکهێنەکانی جوانی لەبەرهەمی کلاسیکیدا(واتە هەموو ئەو شتانەی کە جوانن)پێویستە هارمۆنییەتییان لەگەڵ یەکتر هەبێت. ڕەنگێك لەگەڵ ڕەنگێکی دیکە، بۆ نموونە لەتابلۆدا، فیگەرێك لەگەڵ فیگەرێکی دیکەدا، یان لەشانۆنامەدا، پاڵەوان لەگەڵ ڕووداوەکەدا، ڕیتم لەگەڵ ناوەڕۆکدا.

دووەم: بەرهەمە هونەرییەکە، بەسەرجەم توخمە پێکهێنەکانی خۆیەوە، پێویستە لەگەڵ سروشتی میللەت و دابونەریتەکانمان بگونجێن. پێویستە هارمۆنیەتێکی ئەخلاقی هەبێت و بەنەزاکەتێکەوە بخرێتەڕوو))[5].

**- ئیستاتیکای ڕێبازی ڕۆمانسیزم**

ڕۆمانسیزم ڕێبازێکی دیکەی هونەری و ئەدەبییە، کە لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەم و لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم لە ئەوروپا، وەك بەرپەرچدانەوەیەك دژی بنەما و یاسا و ڕێساکانی کلاسیزم سەریهەڵدا. هاتنەئارای ئەم ڕێبازە،وەك کاردانەوەیەك بوو لەهەمبەر عەقڵانیبوونی نووسەر و فەیلەسووفەکانی کلاسیزم، کە تا ئەوکاتە وەك بنەمایەکی هونەریی و ئیستاتیکی لەهونەر و ئەدەبدا جێبەجێدەکران.

---

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل31.
(2) کەمال میراودەلی(د.):فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل212.
(3) کامل حسن عزیز البصیر:ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن، ل56.
(4) م. اوفسیانیکوف وز. سمیرنوفا:موجز تأریخ النظریات الجمالیة، ص112.
(5) فەرهاد پیربال(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل 34_ 35.

بیروبۆچوونە جوانیناسەکانی(کانت)بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر هەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزمدا هەبووە. بەتایبەتیش ئەو بیروبۆچوونانەی، کە لەبارەی جوانییەوە دژی بیروبۆچوونەکانی ڕێبازی کلاسیزم بوو، کانت سیفەتێکی خۆیی و ڕێژەییبوونی بەجوانی بەخشی، چونکە((لەڕێگەی بڵاوبوونەوەی بیری کانتەوە جوانی چیتر وەك باوەڕێکی باوی کلاسیك نەمایەوە:لەبابەتییەوە گۆڕا بۆ ڕێژەیی و خۆیی))[1]. ڕۆمانسییەکان بۆبناغەی ڕێبازەکەیان سوودیان لەبیروڕاکانی کانت بینی، لەبەرئەوەی پێشتر ئیستاتیکا بەلای کلاسیکەکانەوە ڕەنگدانەوەی حەقیقەت بوو، بەڵام لەدیدگای ڕۆمانسییەکانەوە ڕەنگدانەوەی چێژ و تێڕوانینێکی خودییە(تاکەکەسییە) و هەموو کاتیش لەگۆڕانکاریدایە، چونکە شتێکی ڕێژەیی و خودییە و سۆزی مرۆڤی تێدایە، بەڵام لای کلاسیکەتازەکان شتێکی چەسپاو و نەگۆڕ و دیاریکراو و بابەتییە)[2]. ڕۆمانسیزم بایەخێکی زۆری بەئازادی تاك دەدا، بەبنەمایەکی بنچینەیی داهێنانی ئەدەبی و هونەریی دادەنا، ئیستاتیکیبوونی بەرهەمەکانی لەڕوانگەیەکی تاکییەوە دەبینی، نەك کۆمەڵ ئەمەشیان پێچەوانەی کلاسیزم بوو، هەروەها ڕایان وابوو تاکەکەس لەڕوانگەیەکی خودیی و ئازادییەوە بڕیار لەسەر جوانی و کرێتی شتەکان دەردەبڕێت و هەڵیاندەسەنگێنێت، چونکە((هەر گۆشەیەکی ژیان، چ جوان و چ ناشیرین، چ بەرز و چ نزم، بکات بەبابەت و کەرەسەی خۆی. دەتوانێت سوود لەهەر سەردەمێکی مێژوویی و لەهەر جۆرە دیمەنێکی دنیا وەربگرێ))[3]. خاسیەتێکی دیکەی ئیستاتیکیبوونی ڕێبازی ڕۆمانسیزم ئەوەبوو، هەڵاتن و دوورکەوتنەوە و دەربازبوونیان لەژیانی ناخۆشی شار و ئەو شڵەژانە دەروونییەی کەتێی کەوتبوون، ئەمەش بە((گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشت و... منداڵی و ڕابردوو، بۆ کەمکردنەوەی هەڵچوونی دەروونی))[4]. بۆیە دەبینین بەشێکی زۆری نووسەر و هونەرمەند و شاعیرانی ڕۆمانسی حەزیان لە گەشت و گوزار و گەڕان و سووڕان بووە، بەرەو جوانی سروشت دەچوون، وەك سەرچاوەیەکی هونەری لەکارە ئەدەبی و هونەرییەکانیان سوودیان لێوەردەگرت، هەروەك(شیلەر)دەڵێت:(هونەر بریتییە لەلاساییکردنەوەی سروشت، سروشتیش ئازادییە، ئازادیش جوانییە، جوانیش گەمەیە و گەمەکەش مرۆڤە، بۆئەوەی بەتەواوی مرۆڤایەتی و ئازادبوونی خۆی وەربگرێتەوە)[5]. ئەوکاتەی مرۆڤ بەهای ڕاستەقینەی خۆی بینییەوە، خۆی لەهەموو کۆت و بەندێکی ژیان دەربازکرد، بەو ململانێیەی لەگەڵی ئەنجامیدا و توانی ئازادیبوونی خۆی بەدەسبێنێت، بەهۆی پەیبردن بەجوانییەکانی ژیان و سەلماندنی بوونی خۆی لەناو هونەرێکی ئازاد دا.

**- ئیستاتیکای ڕێبازی ڕیالیزم**

ڕیالیزم ڕێبازێکی دیکەی هونەری و ئەدەبییە، مێژووی دەسپێکی سەرهەڵدانی بۆ ناوەڕاست و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم لەفەرەنسا دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی((یەکەم جار

(1) سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

(2) شفيق يوسف البقاعي(د.):نظرية ألأدب، ط1، منشورات جامعة السابع من أبريل، الجماهيرية العربية الليبية، 1425م، ص 157_ 158.

(3) ڕەزا سەید حسێنی:قوتابخانە ئەدەبییەکان، وەرگێرانی: حەمە کەریم عارف، چاپخانەی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2006، ل 59.

(4) ڕزگار عومەر فەتاح:ڕۆمانسیزم لەشیعری هێمن و محەمەد نووری دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، 2013، ل 27.

(5) مجاهد عبدالمنعم مجاهد:دراسات في علم الجمال، ص 97_ 98.

ڕۆماننوسێکی فەرەنسیی پایە مامناوەندی بەناوی شامپفلۆری (Champfleury)(1821-1889ز)لەساڵی 1843دا بەکاری هێنا، ئەمەش لەبەیاننامەیەکدا بەناونیشانی((مانیفێستی ریالیزم))کە تێیدا دەڵێ:- سیفەتی ڕیالیست دەدرێتە پاڵ من))[1].

لەدوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکە چەندین پرەنسیپی هونەری و ئەدەبی و بنەمای ئیستاتیکی بۆ دانرا، تاکو نووسەر و هونەرمەند و شاعیران پەیرەوی بکەن. یەکێك لەبنچینە ئیستاتیکییەکانی ئەم ڕێبازە بابەتیبوونە، چونکە ڕیالیزم بابەت و دیاردە و ڕووداوەکان بەشێوەیەکی بابەتییانە دەخاتەڕوو، لەبەرئەوەی((ڕیالیزم بەتێڕوانێکی گشتی هەمەلایەن لەژیانی مرۆڤ دەڕوانێت، واتە هەردوو لایەنی خودی و بابەتی لەبەرچاو دەگرت بەچاك و خراپییەوە))[2]. بۆیە نووسەر و هونەرمەندی ڕیالیزمی بەهوشیارییەکی ئیستاتیکییەوە هەوڵدەدا (ڕاستی جیهانی بابەتەکە چۆن بێت، لەلایەکەوە بیناسێنێت و لەلایەکی دیکەشەوە بەجۆرێك گۆڕانکاری تێدا بکات، کە لەگەڵ پێداویستی و ئامانجەکانی مرۆڤ بگونجێت و بەمشێوەیە ڕووی دیاردە و ڕووداوەکانی بخاتەڕوو)[3]. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەبەرهەمەکەیدا((ئەو وێنە دەکێشێت، کە هەستی پێدەکات، بەڵام لەبەر جوانییەکەی نا، بەڵکوو لەبەر حەقیقەتەکەی، جا جوان بێت یان ناشیرین))[4]. کەواتە بێ لایەنیبوونی نووسەر دەگەیەنێت، کە بابەتەکان تێکەڵ بەهەست و نەست و بیرکردنەوەی خۆی ناکات و لە((پیشاندانی واقیع و کەسایەتییەکان وەك خۆیان بەشێوەیەکی بابەتییانە، نەك بەپێی ئایین و بیروباوەڕی سیاسی و دینی نووسەرەکە))[5]. ئەمەش واتە دووبارە بنیاتی بەرهەمهێنانەوەی واقیع، وەك ئەوەی هەیە لەبەرهەمی ئەدەبی و کاری هونەریدا. خاسیەتێکی دیکەی ئیستاتیکیبوونی ئەم ڕێبازە لەوەدایە، کە جوانیی سروشتی و هونەری بەیەك پەیوەندی یەکگرتووی بەردەوام دەبینێ، ئەمەش لەوەوە هاتووە، کە پێیوایە((ڕیالیزم پێ لەسەر پەیوەندی دیالێکتیکیی نێوان جوانیی ناو ژیان و جوانیی ناو هونەر دادەگرێت))[6]. بەپێی ڕوانینی ئەم ڕێبازە جوانیی سروشتی بەبەردەوامی لەگۆڕانکارییدایە و ئەم جوانییەش چاوگەی جوانیی کاری هونەرییەکە تێیدا ڕەنگدەداتەوە.

**- ئیستاتیکای ڕێبازی پەرناسیزم (هونەر بۆ هونەر)**

پەرناسیزم ڕێبازێکی نوێی هونەریی و ئەدەبییە، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزەیەمدا سەریهەڵدا، ((زاراوەی پەرناسیزم لەوشەی(پەرناس)ەوە وەرگیراوە، کە لەبناغەدا ناوی چیایەکە لەیۆنان و لەئەفسانەکانی کۆنی یۆنانیدا(ئەپۆلۆ)ی خواوەندی شیعر و نۆ خوشکەکەی، کە پارێزگارییان لەهونەرە جوانەکان کردووە، لەوێدا نیشتەجێ بووینە و شاعیران لەوێوە ئیهامی شیعرییان وەرگرتووە.

(1) فەرهاد پیربال(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل 85 .
(2) هیمداد حوسێن(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەی و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007، ل 138.
(3) جماعة من ألأساتذة السوفيات:أسس علم الجمال الماركسي اللينيني، جزء ألأول، ص 197_ 198.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل 101.
(5) عەباس محەمەد قادر:ڕیالیزم لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا 1946_ 1970، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی،2010، ل 20.
(6) مەجید مەحموود موتەڵیب:شیعر و فەلسەفە، وەرگێرانی:فوئاد مەجید میسری، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی،2008، ل 96.

(تیوفۆل گۆتییە- 1811- 1782ع)و(لوکونت دولیل- 1818- 1894ع)بەدوو ڕابەری دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە دادەنرێت. ئیستاتیکای ئەم ڕێبازە پشتی بەدوو بنەمای فەلسەفی بەستووە و بریتین لەفەلسەفەی ئیستاتیکی ئایدیالی کانت و فەلسەفەی ڕیالیزمی ئەزموونی کەتا نیوەی سەدەی نۆزدەهەم لەئەوروپا باوبوو))[1]. پەرناسەکان ڕوانینیان بۆ هونەر ئەوەیە پێویستە ئەرکی ژیانی واقیعی لێوەربگیرێتەوە و بەهای ئیستاتیکی و جوانیناسی بۆ خودی هونەرەکە بێت، ئەمەش ئەوکاتە بەرجەستەدەبێت، کە(هونەر بگاتە لوتکەی تەواوی جوانی خۆی و لەگشت کۆت و بەندێکی ئاکاری و کۆمەڵایەتییەوە دابماڵرێت و بەتەواوی سەربەستی و ئازادی پێبدرێت)[2]. پەرناسەکان بایەخێکی تایبەتیان بەدەستەواژەی(هونەر بۆ هونەر)دەدا و هەمووکات ئەوەیان ڕەتدەکردەوە، کە هونەر جگە لەجوانی بۆ هەر ئامانج و مەبەستێکی دیکە بەکاربهێنرێ،(تیوفۆل گۆتییە)وتویەتی:(هونەر دەبێت سەربەخۆبوونی تێدابێت، چونکە هونەر ئامانجە نەك ئامراز، هەروەها جگە لەجوانی هەر هونەرمەندێك، ئەگەر ئامانجێکی دیکەی هەبێ بەهونەرمەند نازانین، لەبەرئەوەی قەت ناتوانین لەنێوان بیر(ئایدیا)وشێوە(فۆرم)جیاکاری بکەین، چونکە گشت فۆرمێکی(شێوەیەکی) جوان ئایدیایێکی جوانە، فۆرم ئەگەر واتادار نەبێت هیچ بەهایەکی نییە)[3].

بەشێوەیەکی سەرەکی پەرناسەکان مەبەستیان لەسەربەخۆیی هونەردا ئەوەیە، کە ناوەڕۆك ڕەتنەکەنەوە، بەڵکو لایان گرنگە جوانی ڕوخسار نەبێتە قوربانی بەها و سەنگی بەها نائیستاتیکییەکان. هەروەها بنەمایەکی ئیستاتیکی دیکەی ئەم ڕێبازە ئەوەیە، کە زۆر گرنگی بەئیستاتیکای ڕوخسار و تەکنیك و گوزارشتکردن و زمان و میوزیکی شیعری و بایەخێکی تایبەتیان بەکێش و جوانیی سەروا دەدا و بەیەکێك لەبنەما هەرە ئیستاتیکییەکانی شیعریان دادەنا و لەمبارەیەوە وتراوە:((قافیە (سەروا)وەکو مێخێکی زێڕین وایە، کە خەیاڵاتی شاعیری پێ دادەکوترێ))[4]. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕێبازە نوێیە ئیستاتیکا لەڕوخساری شیعردا دەدۆزێتەوە، چونکە جوانیناسی لەدیوی دەرەوەیدا بەرجەستەدەبێت و زۆرتر ڕوخسار بەلاوە لا گرنگترە، کەمتر بایەخ بەو ئایدیا و ناوەڕۆکە دەدات، کە لەمیانەیانەوە دەخرێنەڕوو.

**- ئیستاتیکای ڕێبازی سیمبولیزم**

ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەرییە لەکۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم سەریهەڵدا، بەتایبەتی ئەوکاتەی((لەدەوروبەری ساڵی 1880دا چەند گەنجێك، لەوانە ستێڤان مالارمێ و بۆدلێر و ... هەندێ نووسەری دیکەش کە پێشتر هەموویان پێکەوە ڕۆڵیان لەدامەزراندنی پەرناسدا هەبوو، نیگا بەرینەکەیان هێروەتر لەچوارچێوەی پەرناس هەڵفڕی، هەنگاویان بەرەو جیهانێکی فراوانتر هەڵنا: جیهانی پەنهانی ڕۆح))[5].

بۆیە بەم هەنگاوانەیان ڕاپەڕینێکی گەورەتریان کرد بەسەر ڕێبازی پەرناسیزم و لێی دوورکەوتنەوە و بەرەو جیهانی نهێنی ڕۆح گەڕانەوە، چونکە بەلای پەرناسەکان ئەدەب((کۆت

---

(1) کەمال میراودەلی(د.):فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل222.
(2) محمد الصادق عفيفي(د.):النقد التطبيقي والموازنات، مكتبة الخانجي، مطابع الرجوي، قاهرة، 1978، ص 14.
(3) محمد غنيمي هلال(د.):النقد ألأدبي الحديث، مطبعة نهضة، القاهرة،1977، ص 289_ 290.
(4) ڕەزا سەید حسێنی:قوتابخانە ئەدەبییەکان، ل 149.
(5) فەرهاد پیرباڵ(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل 141.

و بەندی ڕاستییە ڕوونەکانە))[1]، بەڵام سیمبولیزمەکان تەواو پێچەوانەی ئەوەن و پێیانوایە نابێ، بەهیچ جۆرێك ڕاستییەکی ڕوون لەناوەڕۆك و بابەتی ئەدەبدا هەبێ، لەبەرئەوەی((ڕاستەوخۆیی و دەربڕینی شتەکان بەڕوونی دەبنە هۆی ڕووتبوونەوەی ئەو شتانە لەوبەرگە جوانەی هەیەتی))[2]. سیمبولیزمەکان لەگەڵ جۆرە بەرهەمێکدان، کەڵێلی و ناڕاستەوخۆیی تێدابێ، نابێت ماناکەی بۆ گشت لایەك بەدەستەوە بدات، بەڵکو پێویستە خوێنەر بۆ شرۆڤە و شیکردنەوە و لێك حاڵیبوونی لەگەڵ ناوەڕۆکی بەرهەمەکەدا، هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵیدا بڕوات و زانیاری بەدەست بێنێت و خۆیشی خاوەن باکگراوەندێکی ڕۆشنبیریی ورد بێت.

کەوابوو سیمایەکی سەرەکی و گرنگی سیمبولیزمەکان بایەخدانە بە(سیمبوڵ)ڕەمز، کە بەچاوگەی داهێنان و ئەفراندنی جوانی دادەنێن، ئەمەش لەم ڕوانگەیەوە هاتووە، کە(بۆدلێر)ی شاعیری فەڕەنسی(1821- 1867ع)ڕای وایە:((دنیا بێشەیەکی لێوانلێوی هێما و ئاماژانە، حەقیقەت لەخەڵکی ئاسایی پەنهانە و تەنیا شاعیر بەزەبری ئەو ئیدراکەی هەیەتی، لەڕێگەی تەفسیر و ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو هێما و ئاماژانەوە هەستی پێدەکات))[3].

سیمبولیزمەکان تێڕوانینیان بۆ جیهان ئەوەیە، کە بێشەیەکە پڕ لەکۆد و نهێنی شاراوە و نادیار، کە خەڵکی ئاسایی ناتوانێت پەیپێیبات، تەنیا هونەرمەند و شاعیری خاوەن هەستکردن و درككردن بەشتەکان دەتوانێت لێتێبگات و لەکارە هونەرییەکەیدا بەرجەستەی بکات.

هەروەها بەلای سیمبولیزمەکانەوە جوانبینی و جوانیناسی بابەت و ئامانجی شیعرە، جگە لەجوانی و هەڵچوونی ڕووحی هیچی دیکە نییە، ئەمەش لەوڕوانگەیەوە هاتووە، کە((جوانی بابەتی شیعرە و ماف و خێر و خۆشەویستی لەگەڵ جوانیدا لەناو شیعردا کۆئەبنەوە، بەڵام ئاستی خێر و خۆشەویستی و ماف لەپلەی دووەمدایە. واتە ئامانجی شیعر هەڵچوون و جوانییە و بەس))[4]. سیمبولیزم بنەمای((سەرچاوە ئیستاتیکییەکانی خۆی لەسۆفیزم و هێزە ڕۆحییەکانی بوونەوە وەرگرتبوو))[5].

لەتێڕوانینی سیمبولیزمەکانەوە هێزێکی شاراوە، هەموو کاتوساتێك لەتوانایدایە، دەسەڵاتی خۆی بەسەر مرۆڤەوە بسەپێنێ و نائاسوودە و نائارام و دڵتەنگی بکات لەو واقیعیەی، کە تێیدا ژیان دەگوزەرێنێت. بۆیە بەملکەچی ڕوو لەواقیع وەردەگێڕێت لەکارەکانیدا و لەجیهانی خەون و خەیاڵدا نقوم دەبێت و خۆی لەوێدا دەدۆزێتەوە. ئەم بیرۆکەیەش لەوڕوانگەیەوە بەرجەستەبووە، کە((شیعری ڕەمزیی سیمای سۆفیزمی هەیە و وێڵە بەدوای هەموو شتێکی جوان و ئایدییایدا و بڕوای بەجیهانێکی دیکە هەیە لەسەرووی ئەم جیهانە هەست پێکراوە. شاعیریش مرۆڤێکی خەواڵوی ناو ئەو جیهانەیە و بابەتەکانی لەناو خەونەکانییەوە هەڵدەهینجێ))[6]. بۆیە لەخەوندا جوانی دەدۆزنەوە، چونکە جیهانێکی دیکەیە و لەجیهانی ئاسایی

(1) أمية حمدان:الرمزية و الرومانتيكية في الشعر اللبناني، الطبعة ألأولى، منشورات وزارة الثقافة وألاعلام ، بغداد،1981، ص 23.
(2) مەجید مەحموود موتەڵیب:شیعر و فەلسەفە، ل64.
(3) ڕەزا سەید حسێنی:قوتابخانە ئەدەبییەکان، ل 156.
(4) مەجید مەحموود موتەڵیب:شیعر و فەلسەفە، ل64.
(5) فەرهاد پیرباڵ(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل 145.
(6) مەجید مەحموود موتەڵیب:شیعر و فەلسەفە، ل65.

ناچێت. بنەمایەکی دیکەی ئیستاتیکیبوونی سیمبولیزمەکان ئەوەیە، کە واز لەکێش و سەروا بهێنن لەشیعردا، چونکە چوارچێوەبەندییەك بۆ شاعیر دادەنێت، بەم هەنگاوەشیان دەیانەوێت لەم کۆتوبەندییە شیعر دەربازبکەن، چیدیکە هیچ بەربەست و کۆسپ و تەگەرەیەك لەبەردەم دەربڕین و گوزارشتی هەست و سۆزی شاعیرەکەدا نەبێت. بەمەش لای(ڕامبۆ) شیعری ئازاد وەکو فۆڕمێکی نوێ پەیدابووە، کە((چیتر وەکو مەرجێك نەمانەوە بۆ دروستکردنی جوانی و شیعر))[1]. جگە لەمەش شاعیران ئازادانە و سەربەخۆیانەتر مامەڵەیان لەگەڵ شیعرەکانیان دەکرد، بەوەی کە زیاتر گرنگییان بەموزیکی ناوەوەی شیعرەکانیان دەدا، لەجیاتی کێش و سەروای سەپێنراودا، بەم سەربەستی و ئازادبوونەیان لەوبنەمایە هونەرییەدا، زیاتر دەیانتوانی باشتر و چالاکانەتر لەشیعرەکانیاندا هەست و سۆز و خەیاڵی خۆیان جوانتر و ڕازاوەتر دەرببڕن و گوزارشت لەبیروبۆچوونەکانیان بکەن.

**- ئیستاتیکای ڕێبازی سوریالیزم**

سوریالیزم ڕێبازێکی دیکەیە، کە وەکو((بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری بوو، پاش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی(1914- 1918ز)واتا لەدوای ڕێبازی دادایزم لەفەرەنسا هاتەئارا دژ بەهەموو لۆجیك و شێوە و ڕێکوپێکییەکی ئەدەبی و هونەری و ئەخلاقی وکۆمەڵایەتی و سیاسی باو))[2].

یەکێك لەبنەما گرنگەکانی ئەم ڕێبازە بایەخدان بوو بەناعەقڵانیبوون و لەلۆژیك دوورکەوتنەوە، بەشێوەیەکی وەها((ڕێبازی سوریالیزم دەگەڕا بەدوای دامەزراندنی ئیستاتیکایەکی ناعەقڵانیدا، بەدوای جوانناسییەك کە چیتر پشت بەئەقڵ و لۆژیك نەبەستێت))[3].بنچینەی چاوگەی ئەم ڕێبازە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو کاولکاری و ئاشووبەی لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی تەواو عەقڵ و لۆژیکی مرۆڤی ئەو سەردەمەی ڕاگرتبوو، بەهۆی ئەو هەموو کوشتن و کارەساتە نالەبارە و ناسۆرەی، کە ڕووی زەوی گرتبۆوە و ژیان هیچ بەها و مانایەکی جوانی نەمابوو. جگە لەخۆهەڵخەڵەتاندن و یەکتر قبوڵنەکردن و ڕەتکردنەوەی عەقڵی ئازاد و سەربەست، بەرامبەر هیچ پاساوێکی دیکەی نییە، هەربۆیەکە سوریالیزمەکان دەیانویست واقیعێکی جوانتر و چالاکتر لەو واقیعەی ئەو سەردەمەی تیادا دەژیان دروستبکەن، ئەمەش لەو دیدگایەوە هاتووە، کە جوانی((لای سوریالیستەکان لەوەدابوو هونەرمەند چەند یان چۆن بەناو ماقووڵ و نالۆژیکدا قووڵ دەبێتەوە))[4].

کەواتە ناعەقڵانیبوون و نالۆژیکیبوون یەکەم چاوگەن، بۆئەوەی ئەو جوانییە بەرجەستەبکەن، بەهۆی ئەو قوڵبوونەوە و وردبوونەوەی کە بەناویدا شۆڕدەبێتەوە. پاش ئەوەی لۆژیك و ئەقڵ بەتەواوی لای سوریالیستەکان ڕەتکرایەوە، خەون بووە جێگەی سەرنج و بایەخپێدانیان، چونکە((گوزارشتی ڕاستەقینەیان لەخەوندا دەدۆزییەوە))[5]، لەبەرئەوەی((ڕۆڵی عەقڵ لەکاتی خەون بینیندا بەتەواوی نامێنێت، هەستیارەکان دەگۆڕێن بۆ دیدگا و وێنەی بێ

(1) فەرهاد پیرباڵ(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل 146.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 227.
(3) سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل 261.
(5) ئەحمەد مەحموود عەبدوڵڵا:سوریالیزم لەشیعری کوردیدا(دوای ڕاپەڕین_ 1991)، چاپخانەی بینایی، سلێمانی،2013، ل 56.

چاودێر و بێ کۆنترۆڵکردن))[1]. لەوەوە جۆرە گرنگی و بایەخدانێك بۆ خەون بووە ڕێچکەی هونەرمەند و نووسەرانی سوریالیزم، کە خەون و وەهم بەقەدەر جیهانی بێداری و عەقڵ و واقیع، بگرە زۆر زیاتریش بەهاو گرنگی خۆی پێبدەن.

خەون و وەهم لەدیدگای ئەوانەوە بریتییە:((لەکانگای وێنە و خەیاڵ، کە لەڕێگەی کۆمەڵێك شێوازی نووسین و تەکنیك تەعبیری لێدەکرێت، ڕێگادان بەقەڵەم لەکاتی زیندەخەوی نیوە هۆشیار بۆخۆی بجوڵێتەوە، شێوازێکە لەکۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوە و ئازادکردنی توانا شاراوە و چاوەڕوان نەکراوەکان))[2]. لەبەر ئەو هۆیە بوو، کە هونەرمەند و نووسەرانی سوریالیست وەهم و خەونەکانیان لەسنووری چوارچێوەیەکی هونەرییەوە دەخستەڕوو. هەروەها یەکێکی دیکە لەبنچینە ئیستاتیکییەکانی ڕێبازی سوریالیزم بایەخدانە((بە(شێتی)، چونکە پێیانوایە شێتی ڕزگاربوونە لەدەست کۆتوبەندەکانی عەقڵ. کەواتە شێتەکان زۆربەی ئەو ڕێگایانە شارەزان، کە دەمانگەیەنن بەجیهانی ناهۆشیاری، ئەو ڕێگایانەی کە لەناو زیهنی عاقڵەکاندا گیراوە و ئێمەی عاقڵ ناتوانین پێیاندا بڕۆین))[3]. ئەم جەختکردنەوە لەسەر جیهانی شێتی بەسوودبینینی لەچەمکی شێتییە، کە گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووە، چونکە لێوانلێوە لەجوانییەکانی نائاگایی و ناهۆشیاریی و دوورخستنەوەیە لە هۆشیاری و ئاگایی و عەقڵ. هەربەهۆی دوورکەوتنەوە لەجیهانی ئاگایی و هۆشیارییەوە، شاعیران و نووسەرانی سوریالیست بنەمایەکی هونەری دیکەیان لەڕێبازەکەیاندا پەیڕەوکرد، کە ئەویش لەشێوازی نووسینی بەرهەمی ئەدەبییاندا، جۆرە نووسینێکیان داهێنا پێیدەوترا:نووسینی ئۆتۆماتیکی، تێیدا((نووسەر لەهەرکاتێکدا دەست بداتە پێنووس و بێ ئەوەی بیربکاتەوە، بێ ئەوەی خۆی بخاتە ژێر ڕکێفی لۆژیك و کۆنترۆڵی ئەقڵەوە، بێ دۆش دامان و بیرکردنەوە، یەکسەر ئەوەی دێتە سەر دڵ و زمانی، ئەوەی دێتە خەیاڵی بینووسێتەوە))[4]. جارێکی دیکە سوریالیستەکان بەم کارەیان خۆیان لە لۆژیك و عەقڵ دوورخستەوە و جەختیان لە هەستی نائاگایی و هێزە چالاك و نادیارەکانی دەرونەوە کردەوە، لایان وایە ئەو ئیستاتیکایەی لەمیانەی نائاگاییەوە بەرجەستەدەبێت، زۆر جوانتر و ئیستاتیکیترە، لەوەی کە لەباری ئاگایی و وریایی و هۆشیارییەوە دێتەدی. سوریالیستەکان گرنگی و بایەخێکی زیاتر بەجوانی ڕووخسار دەدەن، نەك ناوەڕۆك هەروەها((شیعری وێنەییان داهێنا.(ئاپۆلینێر) بەداهێنەری ئەم جۆرە شیعرە دادەنرێ، کە بە شیعر وێنەیەکیان دەکێشا کە تەعبیر لەو وێنە بکا))[5]. بەم کارەیان دەیانویست لایەنە جوانییەکانی شێوە و دیوی دەرەوەی شیعرەکەیان بخەنەڕوو، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو ناوەڕۆکەی، کە چ پەیامێکی هەڵگرتووە.

---

(1) أنطونيوس بطرس(د.):ألأدب تعريفه أنواعه مذاهبه، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، 2005، ص 400.
(2) موحسین ئەحمەد عومەر(د.):فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی،2021، ل 160.
(3) فەرهاد پیرباڵ(د.):ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل 265.
(4) موحسین ئەحمەد عومەر(د.):فەرهەنگی ئەدەبی، ل 160.
(5) حەمە مەنتك:سوریالیزم لەئەدەبی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،2011، ل36.

**تەوەرەی چوارەم: ئیستاتیکای شیعر**

شیعر بەگرنگترین و سەرەکیترین ژانری ئەدەب دادەنرێت، بەهۆی ئەو ژیان و جوولەیەی کە تێیدایە، تێکەڵ بەزۆربەی مێژووی میللەتە جیاوازەکان بووە، بەپێی مێژوو و رۆژگار و سەردەم و قۆناغە جیاجیاکانی جیاوازیی ژیانەوە، گۆرانکاریی لەمانا و بوون و چەمکیدا روویداوە. ئەمەش بۆ ئەو لایەنە دەگەرێتەوە، کە ناتوانرێت سنووربەندی و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی گشتگیر بۆ پێناسەکردنی دابندرێت، چونکە((شیعر، پراوە و هێز و رێگای خۆی هەیە. شیعر:بیر و وشەی کەلتوور، کۆنەوار، بەرهەمی دیکە، تێکستاوتێکستیی ... هتد دەکاتە کەرەسە و کاری لەسەر دەکا، دەیکاتە بابەت و بەرکاری دەکا، دەیکاتە بیر و دەیخاتە زمان، بەزمانی خۆی و بەخواستی خۆی**!**))[1].

بۆیە دەبینین هزرمەند و فەیلەسووف و رەخنەگر و شاعیران، کە لەلایەنی تیۆریی ئەدەبییەوە بەپێی ئەزموون و باری رۆشنبیری و بیروبۆچوون و ئاست و توانای زانینیان و سەردەرکردنیان لەو ژانرە ئەدەبییە هەوڵیانداوە دیدگای خۆیان لەبارەیەوە بخەنەروو، لەبەرئەوەی((شیعر- ئەو ئەدەبەیە کە هۆشیارییەکی خەیاڵسازیی چڕی ئەزموون یان کاردانەوەیەکی سۆزبەندیی تایبەتیی، لەرێگای زمانێکەوە کە بۆ مەبەستی مانا دەربرینی و دەنگ و ئاهەنگ، کە هەڵبژێردراوە، دەهاروژێنێ))[2].

کەواتە کەرەستە و تەکنیکاریی شیعر لەئەزموونی شاعیرەوە، بەهۆی ئەوەی بەشێك لەو چڕی و پرییەی کە لەخەیاڵییەوە دەیسازێنێ، یاخود رەنگدانەوەیەکی سۆزداریی تایبەتی بەرجەستەدەکات، بەهۆی ئەو زمانەوە گوزارشتی لێدەکرێت، کە بۆ دەربرینی هەڵبژاردووە، بەرێکخستن و هاوسەنگی و تەبایی و لەگەڵ یەکدی گونجاندنی وشەکانەوە بەتایبەتمەندییەکانی توانای مانا دەربرین و ریتم و ئیقاعێکی گونجاوەوە بیناسازییان بۆدەکات، ئەمجۆرە تێروانینە بۆ شیعر بەرەو ئەو ئاراستەیەمان ئاراستەدەکات، کە لە روانگەیەکی ئیستاتیکییانەوە کار بۆ دۆزینەوەی چەمك و مانا و پێکهاتە و بنیادی جوانیناسانەی شیعرمان دەبات، کە جوانییەکانی بەدەردەخەن، یان ئامانجیان بەرهەمهێنانی شێوە جوانییەکەیە، کە چێژ و لەزەت دەبەخشن، وەکو:شیعر، موزیك، شێوەکاری.... هتد.

بەمەش سیفەتێکی رێژەییبوون بەجوانی دەدەن و ناتوانرێت بەشێوەیەکی رەها و گشتگیرانە ببینرێت. هەرئەم هۆکارەشە وایکردووە، کە ئەوانەی لەبوارە جیاوازەکاندا پێناسەی شیعرییان کردووە، هەریەکەو لەدیدگا و گۆشەنیگایەکی تایبەتییەوە بیروبۆچوونی خۆیان لەلایەنێك، یاخود پێکهاتە و رەگەزی بنجی شیعر بخەنەروو، لەوانە:ناوەرۆك و بابەت، یان موزیك و پێکهاتەکەی، یاخود شێواز و ئەو گەمە زمانی و ئیستاتیکییەی پێی ئەنجامدەدرێت، یا وێنە و ... هتد.

هزرمەند و فەیلەسووفە یۆنانییە کۆنەکان زیاتر جەخت لەسەر ناوەخن و بابەتی شیعر دەکەنەوە، بەتایبەتیش لای(ئەفلاتوون و ئەرستۆ)شیعر لاساییکردنەوەیە. هەروەها ئەفلاتوون رای وایە، کە شیعری شاعیرانی تراژیدی و کۆمێدی لاساییکردنەوەیان تێدایە و لەمبارەیەوە

---

(1) کەمال میراودەلی(د.):شیعرناسیی بەشیعر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەئیستاتیکای شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەك،2021، ل136.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل161.

دەڵێت:((تراژیـدیا نووسـەکان چ کـێش(وەزن)ی غـەزەل و داسـتان بـەکاربێنن، وچ بەکێشـی حەماسی شیعر بڵێن، هەرهەموویان بەتەواوی مانا لاساییکەرەوەن))(1).

لای ئەفلاتوون شیعر هەرجۆرە بابەت و ناوەخن و کێشێکی هەبێت، لاساییکردنەوەیە، شیعر سێ قۆناغ لەحەقیقەت(ڕاستی)یەوە دوورە و لاسایی جیهانی هەسپێکراو دەکاتەوە.(ئەرستۆ)ی یۆنـانیش لای وایـە، شـیعر لاسـایی کـرداری مـرۆڤ دەکاتـەوە و شـاعیران((ئەوانەی بـەرز و سەنگین بوون کەوتنە لاساییکردنەوەی کـردەوەی بـەرز و کـاری کەسـانی جـوامێر و گـەڕناس، کەچی ئەوانەی پەست و نزمبـوون لـەبارەی کەسـانی نزمتـری ئـەم ژیانـەیان نووسـی))(2). ئـەو بابەتـەی شـاعیر لەشـیعرەکەیدا بەرجەسـتەی دەکـات بریتییـە لـەکرداری لاسـاییکردنەوەی تـاکی کۆمەڵگـە، ئـەو لاسـاییکردنەوەش بەشـێکە لەسروشـتی مـرۆڤ، کـە هەرلەمناڵییـەوە حـەزدەکات لاسایی کەسانی دەوروبەری بکاتەوە و بەمەش دەبێتە هاندەرێك وهۆکارێـك بۆفێربـوونی شـت و چێژ و لەزەت بەمرۆڤ دەبەخشێت. لای(هۆراس)ی شـاعیر و ڕەخنـەگری ڕۆمانییـەوە، شـیعر ئامانجێکی تایبەتی هەیە، کە ئامانجی((شاعیران یان سوودبەخشینە یاخود لەزەت پێگەیاندنـە یـان لەیەك کاتدا ئارەزوو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیانە))(3).

هـۆراس لەهـەردوو ڕووەکـەوە جـوانی دەبینێـت، نـاوەڕۆك و ڕوخسـار، کـە سـوود بـەناوەڕۆك و چێـژ و لـەزەتیش بەڕوخسـارەوە دەبەسـتێتەوە. لێرەوە دەبینـین لـەڕوانینی جیـاوە، سەرنجی شیعر دراوە و پێناسەی جیاوازی بۆکراوە.

ئەگـەر لای یۆنانییـەکان شـیعر دەربڕینێکـی کێشـداربووبێ، ئـەوا لـەدوای ئـەوانیش لای عەرەبەکان بەتایبەتی بەگوتەی(قدامە بن جعفر):(شیعر ئاخاوتنێکی خاوەن کێش و سەروایە، کـە واتایەکی هەبێت)(4). لەم پێناسەیەدا دەبینین، جگە لەبنەمای موزیکی شیعر(کێش و سـەروا)بایەخ بەهیچ ڕەگەز و بنەمایەکی دیکەی هونەریی نەدراوە بۆ بنیادی پێکهاتەیی شیعر، ئەم خاسـیەتەش بۆ شیعری نوێ جێگەی بایەخ نییە، چونکە کێش و سەروای باو ئـەو ڕۆڵـەی جارانی نامێنێت، لەبەرئەوەی هەنـدێکجار شـاعیر خـۆی کۆتوبەنـدی ئـەو بنەمایـە ناکـات و پەنادەباتـە بـەر جـۆرە ئیقاعێك، کە دەکرێت پێیبوترێت((ئیقاعی فیکرە))(5).

شیعر سەرەڕای ئەوەی ژانرێکی سەربەخۆی ئەدەبـە، هونەرێکیشـە لەهونەرەجوانـەکان. ئاشکرایە هەرهونەرێکیش ئامرازی گوزارشتکردن و دەربڕینی تایبەت و جیاواز بـەخۆی هەیـە، هەروەکو موزیك، ئامێرە و شێوەکاری فڵچە و بۆیەیە، زمان ئامرازی دەربڕینی شیعرە. بەمەش چێژ و جوانییەك بەرجەستەدەکات، کەشێوەی بەکارهێنانی زمانی سنووربەندییەکی دیـاریکراوی نییـە، لەبەرئەوەی(لەشـیعری نـوێی سـەردەمدا تـەکنیك و شـێوەی بـەکارهێنانی زمـان سـنووری دیاریکراوی نییە. شاعیر ئازادە چـۆن خـۆی یـان مەبەسـتەکەی دەردەبـڕێ بەوەرجـەی بتـوانێ

(1) ئەفلاتوون:کۆمار، وەرگێڕانی:سۆران عومەرحەمە، ڕێبوار قارەمانی، مەهدی حەسەن چۆمانی، ل 486.
(2) ئەرەستۆ:هونەری شیعر(شیعرناسی)، ل22.
(3) هۆراس:هونەری شیعر، ل 34.
(4) قدامة بن جعفر:نقد الشعر، تحقيق وتعليق:د. محمد عبدالمنعم خفاجي، دار الكتب العلمية، بيروت، ص 64.
(5) دڵشـاد عەبدوڵڵا:ئیرۆسـکێ هەڵکەنـدنی مانـگ: ئـەزموون و دەقـی واڵا، چـاپی دووەم، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2007، ل 172.

ئەوە بەخوێنەر بگەیەنێ کە دەیەوێ و بەشێوەیەك کە چێژی ئیستاتیکی یان خواستی ئایدۆلۆجی، یان هەستی سۆزبەندیی خوێنەر دابین کا.))[1].

هەروەها بەپێی ڕێبازی هونەر بۆهونەر لەکاری هونەریدا جوانی ئامانجێکە، کە هونەرمەند مەبەستییەتی لەڕێگەی ئەو جوانییەوە، چێژ لەناخ و دەروونی وەرگردا بخوڵقێنێت. ئەمەش دوای تێگەیشتن و قووڵبوونەوەی وەرگر لەجوانیی کاری هونەریدا بەرجەستەدەبێت. شاعیر لەئەفراندنی شیعردا، بەهەمان شێوەی هونەرمەندانی تر، ((بەسوودوەرگرتنی لەخەیاڵ و هزری هونەرییانەی خۆی و ئەزموونی ژیان و چالاکیی و شارەزاییی بەبەکاربردنی کەرەستەی زمان، بەرهەمێکی هونەری دێنێتەکایەوە و پێشکەشی دەکات، کە شیعرە و لەمەشدا شاعیر وەکو هونەرمەندێك، پیشەی خوڵقاندنی جوانییە و لەبەرهەمەکەی، کە شیعرە دەیخاتەڕوو))[2].

کەواتە ئیستاتیکا وەك زانستێکی هەست و لقێکی فەلسەفە لەجیهانی هەستکردن بەجوانی و بنج و بنەوانی دەکۆڵێتەوە، هەوڵدەدات لایەنی بیر و هزری جوانی بەوردییەوە هەڵبسەنگێنێت و گشت لایەنەکانی پەیوەست بەوجوانییەوە دەربخات، کە دەستیان لەداهێنان و ئەفراندنی ئەو جوانییە بەهادارەدا هەیە، چونکە ئەگەر لەبنچینەدا جوانی ئەدەب کاری جوانی و گەیاندنی جیهانبینییەکی تازە و چێژێکی قووڵ و کاریگەرانە و کارتێکەرانە نەبێت، ئەوا هیچی دیکە نییە. ئەو خاڵە جەوهەری بەیەکگەیشتنی نێوان ئیستاتیکا، وەك زانستێکی جوانیناسی و شیعریش وەك یەکێك لەهونەرە جوانەکانە، بۆ ئەوەی ببێتە خاڵی وەرچەخانی بابەتی جوانی، ئەو جوانییەش چاوگەی پێکهاتەی شیعرە و سەرچاوەیەکە، بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان شیعر و ئیستاتیکادا. بابەتێکە بۆ توێژینەوە و شرۆڤەکردنی ئیستاتیکا، چونکە ئیستاتیکا بەوردی و چڕی لەناو دڵی ئەدەب و شیعر دەبینرێت، هەرلەبەر ئەم هۆکارەشە((جوانیناسی زانستێکە لەشعور و هەست و چێژەکان دەکۆڵێتەوە، کە دیمەنی شتە جوانەکان دەپارێزێت))[3].

بەو مانایەی کە ئەو زانستە لە هەست و نەستەکانی مرۆڤ بەقووڵی دەکۆڵێتەوە، کە چۆن و بەچ شێوەیەك بووەتە سەرچاوە و هەوێنی خوڵقاندنی جوانییەکان، هەروەها کاریگەریی ئەو چێژ و جوانییە فەلسەفیانە دەنرخێنێت و پاشان ڕەگوڕیشە و بنەماکانی شیدەکاتەوە، دواتر ئەو توخمە بنچینەیی و سەرەکییانە دەردەخات، کە سەرچاوەیان لەشعور و ویژدانی مرۆڤەوە دەرخستووە و بەمەش ڕوانینێکی نەمر و بەردەوامی بەئەدەب بەتایبەتی و ئەدەبیات بەگشتی بەخشیوە، لەبەرئەوەیە وتراوە(زانستی ئیستاتیکا((تیۆری هونەرە ئازادەکانە، زانستی مەعریفەی هەستییە)[4]. بەو واتایەی ئەو زانستە زیاتر لەهونەرە سەربەستەکانی، وەك ئەدەب و شیعر و پەخشان و وتارو...هتد دەکۆڵێتەوە، کە بەرهەمێکی سەربەست و ئازادی بیری مرۆڤە، چونکە ئەم زانستە زیاتر خۆی لەبەرهەمە هەستیەکاندا دەبینێتەوە، وەك:لەبەرهەمە هۆشییەکاندا، لەبەرئەوەی لەبنچینەدا زانستی ئیستاتیکا بەمانای توێژینەوەیە لەجوانییە هەستی و ویژدان ئامێزەکان و گوزارشتکردن بووە لەو بەرهەمە داهێنراوانەی مرۆڤ، کە لەکاتی هەستی مرۆڤەوە هەڵدەقولێت.

---

(1) کەمال میراودەلی(د.):شیعرناسیی بەشیعر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەئیستاتیکای شیعر، ل141.
(2) کەریم دەشتی:ئەدەب و فەلسەفە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2013، ل 38.
(3) سەنگەر قادر شێخ محەمەد:فەلسەفەی شیعری و شیعری فەلسەفی لەئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا (بەنموونەی شیعرەکانی ڕەفیق سابیر و کەریم دەشتی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2012، ل 132.
(4) هیغل:المدخل الی علم الجمال، ص20.

بێگومـان شـیعر و ئـەدەبیش لەهەسـت و ویژدانـی مرۆڤـەوە سـەرچاوە دەگرێـت و دروستدەبێت، بەهۆی ئەم ڕوانینەوە دەتوانین بڵێین:جوانی بینینێکی سـەرەکی ژیـانی مرۆڤایەتییـە و یەکێکە لەبنەما گرنگ و بنچینەییەکانی دەقی ئـەدەبی و هونـەری، هەرلەبەرئەوەیـە ئـەدیبان و هونەرمەندان لەکارەکانیاندا بایەخ بەجوانی دەدەن و هەوڵی بەرجەستـەکردن و ئەفرانـدنی دەدەن و بەرهەمەکانیان پێ دەڕازێننەوە، هەروەکو(کانت) دەڵێت:((جوانی لەسروشـتدا شـتێکی جوانـە، بەڵام جوانی هونەر مانای وێناندنی شتەکانە بەشێوەیەکی جوان))[1].

کەواتە ئەو خاڵە هاوبەشەی ئیستاتیکا و شیعر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەو جوانیبوونەیـە، کـە شـاعیر هەوڵـدەدات جوانییـەکانی بـوون و سروشـت بـەجۆرێکی دیکـە بەرجەسـتەبکات و بەدەربڕینێکی بەهادار و شێوەیەکی وتەیی تایبـەت و بەکەرەستەی وشـەیی بـەهێزەوە پێشکەشـی بکـات. بەمەبەسـتی ئـەو جوانییـەی کەلێیـەوە دەردەچێـت، چونکە((شـیعر لەبنەڕەتـدا داهێنـانێکی ئەستاتیکییە))[2].

بایەخـدارییبوونی شـیعر لەوەدایـە، کـە لایەنـە جوانییـەکان پیشـانبداتەوە و ئـەم یـەکانگیر و پەیوەندییە ئۆرگانییەی نێوان جوانی و شیعر لەوچاوگەیەوە دێت، کـە شـیعر((بەدوای خولقانـدنی فەزای جوانی و مەعریفـەی ون و فەلسـەفەی کاریگەریەتیـدا دەگـەڕێت))[3]. لەشـیعردا شـاعیر سەربەستە، چۆن و بەچ شێوەیەك ئەو مەبەستەی گەرەکیـەتی دەریـدەبڕێت، بـەڵام بەومەرجـەی بتوانێـت کاریگـەریی جـوانیی شـیعرەکە، بەسـەر هەسـت و دڵ و دەرون و نـاخی وەرگـرەوە بەجێبهێڵێت بەوشێوەیەی، کە چێژی ئیستاتیکی پێ ببەخشێت، چونکـە((ڕۆحی شیعر ئیسـتاتیکایە واتە هونەرسازیی وشەکاریی و دەنگسازیی و وێنەسازیی. بەبێ ئەمە دەشێ هێشتا شیعر بێـت و هەڵگر و پێـدەری مانـا و مەبەسـتێ بێـت، بـەڵام لـەڕۆحی بوونەکـەی واتـە ناوکـە ئیسـتاتیکییەی بێبەش دەبێت واتە ئەوە بەس نییە کـە هـەموو شـتێك بشـیعرێندرێ، ئـەوە گرنگـە کـە بەسـیحری ئیستاتیکا ڕەنگ و بۆن و چێژی شیعر وەربگرێت))[4].

ئیستاتیکا بەهۆی ئەو سیفەت و خاسیەتەی، کـە هەیـەتی ئاوێتـە و پەیوەندیـداری دەکـات بەدەقی شیعرەوە، بەمەش ئەرکی سەرەکی و بنچینـەییبوونی ئیسـتاتیکای تێدا بەرجەسـتەدەبێت و بەوهۆیەوە((شیعر:وەك دەقێکی ئەدەبی لەشیعرییەت نزیك دەبێتەوە و لەگەڵ یەك کارلێك دەکـەن و پێکەوە لەهەوڵی ئەوەدان، گوتارێك بکەنـە گوتـارێکی ئـەدەبی، لایـەنی جوانکـاری و ئیسـتاتیکا بەخاڵێکی سەرەکی ئـەو گۆڕانـە دادەنرێـت، چونکـە خـودی ئیسـتاتیکا بۆنێـو هـەردەقێکی ئـەدەبی نیشانەی شاعیرییەتە.

ئەمە ڕێژەیەکە و دەشێ بڵێین ئیسـتاتیکا لـەنێو ئەدەبیاتـدا پلـەی شـیعرییەت زیـاتر نیشـان دەدات و ئیســتاتیکای دەقــی شــیعری، شــیعرییەتی لــەنێو دەقــدا پــەرەپێ دەدات و ئاســتی بەرزدەکاتەوە))[5]. هەروەها خاسیەتێکی تایبەتی دیکەی ئیستاتیکا لەشـیعردا لـەوە ڕەنگدەداتـەوە، کاتێـك گشـت ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی شـیعر لەوشـە و دەربـڕین و موزیـك و وێنـە و...هتـد،

(1) کەمال میراودەلی(د.):فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل65.
(2) حەمەکەریم عارف:دەربارەی شیعر و شاعیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد،2007، ل 15.
(3) کەریم دەشتی:دید و یادگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر،2012، ل57.
(4) کەمال میراودەلی(د.):شیعرناسیی بەشیعر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەئیستاتیکای شیعر، ل134.
(5) هێمن عومەر خۆشناو:شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی((لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە))، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،2010، ل 24- 27.

بە((بەرگێکی ئیستاتیکی داپۆشراین و ڕێگاخۆش دەکەن شیعرییەت لەخۆیانەوە بۆ تەواوی دەق بگوازنەوە))[1]. ئیستاتیکا بەهۆی ئەو شیعرییەتەی کە تێیدایە، هەر تەنیا لەدەقی شیعرییدا بەرجەستەنابێت، بەڵکو دەشێت لەدەقە ئەدەبییەکانی دیکەش ڕەنگبداتەوە و لەوحاڵەتەشدا ئەدەبییەت بەدەقەکان دەبەخشێت.

بەدەستهاتنی ئیستاتیکا لەدەقی شیعردا، دەبێتە بنەمایەك بۆ هەڵسەنگاندنی شیعرەکە، کە لە دەقێکی دیکەی جیابکاتەوە، کە شیعرییەتی تێدا بەرجەستەنییە، بەهۆی ئەو پێوانە و پێوەرە ئیستاتیکییانەی، کە ڕەگەز و بەها ئیستاتیکییەکانی لەڕەهەند و جیاوازەکانی جوانییەوە بەدەردەخەن. بەم کردارەش ڕادەی کاریگەریی خاڵی پلەی بەهێزیی و کارتێکردن و لاوازیی شیعرەکە دەستنیشاندەکات، بەمەش ئیستاتیکا چالاکییەکی بەهێز بەدەقی شیعرەکە دەدات، لەسەر بنەمای ئەو جوانیبوونەی کە تێیدایە. پلەوپایە و بەهای سەنگینی شیعرێك لەشیعرێکی دیکە جیادەکاتەوە، هەر لەبەر ئەو هۆیەیە، کە((شیعرناس و ڕەخنەگرانی ئەدەب، (جوانی)یان کردووەتە ڕەگەزێکی سەرەکی لەپێکهاتەی شیعری ڕەسەن و پتەودا))[2].

هەروەها ئەو جیاکارییەی لەنێوان دەقێکی کاریگەر و بەپێز، لەگەڵ دەقێکی بێ هێزو لاواز بەدی دێت، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخودی ئەو چێژەیەوە هەیە، کە تێیدا بەرجەستەدەبێت، چونکە((ئەو دەقەی زیاتر مانا و جوانیی شاراوەی لەنێوخۆیدا حەشار دابێت، چێژی زیاترە لەودەقەی ئەو حاڵەتەی تێدا بەرجەستە نەکردبێت))[3].

بەم هۆیەوە پلە و ڕادە و ئاستی ڕۆشنبیری و باکگراوەندی فیکری و داهێنانی شاعیرانی خاوەن دەقی شیعریی جوان و کاریگەر و بەپێز و باڵا و بەهێز، لەگەڵ دەقی شاعیرانێکی بێ ئەزموون و بێ هێزو بێ پێز و ناشیرین بەدەردەکەوێت. بنیادی ئەو دەقانەی کە ئیستاتیکا ئامادەگیی تێدا هەیە، بەبەردەوامی لەهەموو کات و سات و سەردەمێکدا زیندەگی بەشیعرەکە دەبەخشن، بەهۆی ئەو جوانی و چێژە هونەرییەی، کە تێدا بەرجەستەدەکەن. بەمەش خاسیەتێکی مانەوەی و بەردەوامی بەشیعرەکە دەدەن، بەو سیفەتەش جوانی دەبێتە بنەمایەکی هونەرییبوونی شیعرەکە، کە بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار و سەردەمێکی زۆریشەوە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر بەجێنەهێڵێت و هەموو دەمێك لەلای خوێنەرەکەیەوە مایەی قبووڵکردن و چێژ لێوەرگرتن بێت.

شیعر و چەمکی جوانی هێندە لێکئاڵاو و ئاوێزانی یەکتربووینە، بەشێوەیەك سیفەتێکی یەکگرتوویی و هەماهەنگی و هاوتەبایی و هاوسەنگی بەیەکتردەدەن، گەیشتۆتە ئاستێك کە((شیعر و جوانی باشترین و جوانترین شێوەکانی بەیانی حەقیقەتی بوون و مرۆڤن))[4]. کەواتە بەجۆرێك لەجۆرەکان جوانی و شیعر دەبنە پێودانگێك بۆ دەرخستنی پەیوەندییەکی بەهێز و کاریگەر و تۆکمە لەنێوان ڕاستیبوون و ژیانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە ئەو دوو وشەیە دەبنە تەواوکەری یەکتر و لەیەك بازنەی هاوبەشدا خول دەخۆن و بەیەکەوە ماناکانیان تەواودەکەن.

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل 26.
(2) کەریم شارەزا:جووڵە جوانی لەشیعردا دەخولقێنێت، گۆڤاری ڕامان، ژ5،72/6/ 2002، ل 20.
(3) عومەر میراودەلی:مانای شاراوە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2017، ل 34.
(4) ئەکرەمی میهرداد:گۆران: ڕازەکانی بوون و مرۆڤ و جوانی، گۆڤاری ڕامان، ژ 216، 5/5/ 2016، ل 70.

دەبنە سەرچاوەیەك بۆئەوەی جوانی سیفەت و خەسڵەتێكی تایبەتی وبەردەوامی بەشیعرێكی بەهێز و پتەو ببەخشێت، لەوكاتەشدا((شیعر دەبێت بەهاوتایەكی تری جوانی))[1]، بۆئەوەی جارێكی دیكـە سـەرلەنوێ وێنای ئەو جوانییە بكاتەوە.

دروستبوونی ئەو پەیوەندییە لەنێوان ئیستاتیكا و شیعر بەیەكەوە، بەرەو ئەو ئاراستەیەمان دەبات، كـە شیعر ببێتە تەواوكەری پێكهاتەی ئیستاتیكا و بەهایـەكی گرنگـی پـێ ببەخشـێت. بـەوجۆرە وەسـف و وێنـا و گوزارشت بكرێت، كە((شیعر جۆرێكە لەجوانی، كـە وەسـفی جـوانی دەكـات))[2]. پوختـە ونـاوەخنی شیعر جوانییــە و لەهــەمان كاتیشــدا وێنــای جــوانی دەكــات، ئــەم ڕوانینــەش لــەوەوە چاوگــەی گرتــووە، كــە زۆرجاران((لـەوو تـوێی شـیعردا خـودی جـوانی دەبێتـە بابـەتی شـیعرەكە و لەمەشـەوە جـوانی بـەجوانی دەردەبڕدرێـت))[3]. ئاوێتـەبوون و بەیەكـەوە پەیوەسـتبوونی شـیعر و جـوانی لەیـەك كـات و سـاتدا و پاشـان سەرلەنوێ هاتنەكایەی جوانییەكی باڵاتر و نایابتر لەنێوخودی جوانیـدا، بەشـێوە و فـۆرمێكی هونـەری نوێـوە لەجیهانی ئەدەبدا بەناوی شیعرەوە، ئەو بیروبۆچوونەمان بیردەخاتەوە، كە دەڵێت:((شیعر جوانكارییەكـە لـەناو جوانیدا،... شاكارێكی هونەری و ئیستاتیكی بەرهەم دەهێنێت))[4].

گەلێك جاران شاعیر لەخەیاڵ و بیروبۆچوونی خۆیـدا، شـیعر و ئیسـتاتیكا لەیـەك ڕوانگـە و بەیـەك دیدگە دەبینێت، وا سەیریان دەكات، كە لەژێر چەتری ئەدەب بـەدوو ڕووی یـەك دراو یـەكتر تەواودەكـەن و ئاوێزانی یەكدی دەبن. ئـەو بەیەكـەوە بوونـە و لەیەكدی دانەبڕینـە گەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتەی، كـە خوێنـەریش ڕۆڵێكی چالاك و ئەكتیڤ و كارای هەبێت لەوەی، كە هەسـت بەهـەمان شـێوە و جـۆری ئـەو پەیوەسـتبوونە بكات، كە لەنێوانیاندا هەیە. بابەتی جوانی و كرێتـی شـیعر و بایـەخی هونـەری و كـارتێكردن و كاریگـەریی لەسەر دڵ و دەرونی خوێنەر و بڕیاردان لەسەرئەوەی، كە ئایا بەشیعر حیساب بكرێت یاخود نا ؟!.

بەمەش بەشێوەیەك لەشێوەكان جۆرێك لەڕێژەییبوون و جیـاوازیی لـەڕۆڵ و كاریگـەریی خوێنـەری باش دیاریدەكات، لەبەرئەوەیە كە((تۆ وەك خوێنەر دەوری گەورە تەنانەت سەرەكییت هەیە لەژیان و نرخاندنی هۆنراوەكەدا. خوێنەرانن كە ژیانی بەردەوام، جوانیی بەردەوام، مانای بەردەوام، بەهۆنراوە دەدەن. بـەڵام دیـارە تا خوێنەرێكی زیرەكتـر، زانـاتر، سـەختتر بـی، دەتـوانی زیـاتر و چـاكتر بـەدیوە دیـار و پەنهانـەكانی شیعردا شۆڕبیەوە. بەكورتی: ئەوە هەستی خۆت و تێگەیشتنی خۆت و وەڵامدانەوەی خۆتە كە بڕیـاردەدا داخـۆ شـیعرە یان نا؟ بایەخی هونەریی هەیە یان نا؟كارت تێ دەكا، یان نا؟))[5].

ئامادەگیبوونی جوانی لەشیعردا شێوە جیاكارییەك دێنێتەكایـەوە، كـە لەشـیعرێكەوە بـۆ شـیعرێكی دیكـە ببینرێت و هەستی پێ بكرێت. ئەمەش بۆئەو سیفەتە ڕێژەییبوونەی جوانییە دەگەڕێتەوە، كە لەیەك بەها و ئاست و پلەو پایەدا نییە، تا گشـت خوێنـەرێك بتوانێت بەئاسـانی و سـادە و سـاكاریی دركـی پـێ بكـات و نهێنییـەكانی بدۆزێتەوەو چێژی لێوەربگرێت، چونكە جوانی ئامادەگیی هەیە، لەبەر ئەو هۆیەشە بەشێكی زۆری خوێنـەران هەست بەبوون ولەزەت لێوەرگرتنی دەكەن، بەڵام جۆرە ئیستاتیكایەك هەیە لەكرۆكی شیعردا نادیـار و پەنهانـە.

(1) كــەمال مەعمــد:ئافرەت و جــوانی لەشــیعری گۆرانــدا، گۆڤــاری نووســەری كــورد، ژ 1، خــولی دووەم، ئایاری1979، ل21.
(2) بەختیار عەلی:(( گەڕان بـۆ ماناكـانی دیكـەی شـیعر))، بەشـی دووەم، گۆڤـاری ڕامـان، ژ5،6/72/ 2002، ل 12.
(3) سەنگەر قادر شێخ محەمەد: فەلسەفەی شیعری و شـیعری فەلسـەفی لەئـەدەبی هاوچـەرخی كوردیدا(بەنموونـەی شیعرەكانی ڕەفیق سابیر و كەریم دەشتی)، ل 243.
(4) دلزار حەسەن:ئەفسوونی شیعر، گۆڤاری ڕامان، ژ230، 5/7/ 2016، ل 160.
(5) كەمال میراودەلی(د.):شیعرناسیی بەشیعر لێكۆڵینەوەیەكی ئەكادیمی لەئیستاتیكای شیعر، ل140.

دەبێت خوێنەرێکی چالاك و شارەزا و زیرەك هەبێت، تاکو بتوانێت بەمانا شاراوەکانی بگات و شرۆڤەی بکات و چێژی لێوەرگرێت، چونکە((خوێنەر هەمیشە بەشێکی گرنگی سەرەکی پرۆسەی خوێندنەوەیە. زۆر بەدەگمەن شاعیرێك دێ هۆنراوەکەی خۆی بۆ خوێنەر لێکبداتەوە. زۆر بەدەگمەن هیچ رەخنەگر و باسکارێکیش بەقوولیی و هەموو بەندیی هۆنراوەیەك بۆ خوێنەر شییدەکاتەوە. کەوایە ئەرکی خوێندنەوە و تێگەیشتن و شێوەی چێژ وەرگرتن لەشیعر و شیکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر خۆی))[1].

خاسیەتێکی هونەرییوونی ئیستاتیکا لەوەدایە، کە پتەوی و تۆکمەیی و نایابی بەهەردوو بنیادی شیعر لەلایەنی(روخسار و ناوەرۆك)ەکەوە دەبەخشێت، چونکە دوو رووی یەك دراون لەشیعردا، کە پەیوەندییەکی ئۆرگانیی و ئاوێتەیی لەنێوانیاندا هەیە، بۆئەوەی ببنە تەواوکەری یەکدی. بەشێوەیەکی وەها کە ناوەرۆك، گیان و بابەت و ناوەخنی شیعرە، رووخساریش شێوە و فۆرمی ئەو بابەت و ناوەخنەیە، کە لەشیعرەکەدایە، چونکە ((شیعر هێزێکی ئیستاتیکی خۆی لەدوو لایەنەوە وەردەگرێت:ئەو واتایەی دەیگەیەنێت، لەگەڵ شێوەی گوزارشتکردنەکەیدا،، بەڵام دەتوانین گوزارشتکردن بەپلەی یەکەم دابنێین، وەك پێوەرێکی ئیستاتیکی، ئینجا واتا، ئەگەریش هەردووکیان پێکەوە لەیەك کاردا کۆبوونەوە، هێزی ئیستاتیکی ئەو شیعرە لەبەرزترین ئاستدا دەبێت))[2].

هەروەها پارچەیەکی جوانیبوونی شیعرەکە ئاوێتەی ناوەڕۆکەکەی دەبێت و پارچەکەی دیکەشی لەجوانییەکەی تێکەڵی روخسارەکەی دەبێت. روخسار لایەنێکی بنچینەیی ئیستاتیکای شیعرە، چونکە پێکهاتەیەکی سەرەکی و بنەمایەکی گرنگی بنیادی شیعرە و رۆڵێکی چالاك و بنەرەتی لەتوێژینەوەی ئیستاتیکبوونەکەیدا هەیە. بۆیە ئەو توێژینەوانەی لەلایەنی ئیستاتیکییەوە شەن و کەوی شیعر دەکەن، زیاتر بایەخ و گرنگی بەرگەزە پێکهاتەییەکانی روخساری شیعر دەدەن، وەکو: زمان و دەربڕین، شێواز، وێنە، موزیك، ....هتد، کە بەشێکی زۆری لایەنە ئیستاتیکی و جوانییەکانی شیعرەکە دەخەنەڕوو. هێندە بایەخدان بەلایەنی روخساری شیعر، وەك رووێکی دراوەکە، لەرووی ئیستاتیکییەوە بووەتە جێگەی سەرنج و تێرامان و لێوردبوونەوەی بەشێك لەو توێژینەوانەی، کە جوانیی شیعر جگە لەفۆرمی شیعر هیچی دیکەی لێنادۆزنەوە و پێیانوایە:(روخسار (فۆرم)رەنگدانەوەی گەوهەریی جوانییە)[3].

سەرەرای ئەو گرنگیدانە بەجوانی روخسارەوە مانای ئەوە نییە، رووەکەی دیکەی دراوەکە کە ناوەرۆك و ناوەخنی شیعرەکەیە بەتەواوی پشتگوێ و پەراوێز بخرێت، چونکە ناتوانین((ئاستی واتا فەرامۆش بکەین، کەواتە هەردوو جەمسەرەکە:دەنگی و واتایی، بوونیان لەشیعردا پێویستە))[4].

ئەوکاتەی ئیستاتیکا وەك زانستێك پێوانە و پێوەرێك بۆ جوانییەکانی شیعر دادەنێت و هەڵیاندەسەنگێنێت و شرۆڤەیان دەکات، جگە لەوەی گرنگییەکی زیاتر بەجوانییەکانی لایەنێکی روخسار دەدات، لەهەمان کاتیشدا شەقڵ و خەسڵەت و سیما گشتییەکانی ناوەرۆك و فۆرم و روخسارە پرشنگدارەکەی دەسنیشاندەکات. لەدوای خستنەڕووی ئەو بیروبۆچوون و تێروانینانەی، کە لەبارەی ئیستاتیکای شیعرەوە خستمانەڕوو، دەتوانین بڵێین:شیعر وەك ژانرێکی سەربەخۆی ئەدەبی و هونەرێکی بنەرەتی لەهونەرەجوانەکان، لایەنێکی هاوکێشەکەیە و لایەنەکەی دیکەی بۆ ئەو پەیوەستبوونە تۆکمەیە دەگەڕێتەوە، کە لەنێوان فەلسەفە بەگشتی و ئیستاتیکا وەك زانست و لقێکی گرنگی فەلسەفە بەرجەستەدەبێت.

---

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل139.
(2) جەبار ئەحمەد حسێن:ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق(1950_ 1970)، ل 74.
(3) محمد الصادق عفيفي(د.):النقد التطبيقي و الموازنات، ص 15.
(4)جەبار ئەحمەد حسێن:ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق(1950_ 1970)، ل 74.

شیعر ژانرێکی سەرەکی ئەدەبە و یەکێکە لەهونەرە جوانەکان، بەم هۆیەوە پەیوەندییەکە پێکدێت و بەمەش جوانی و چێژ دەبەخشێت و بابەت و باسی سەرەکین، کە ئیستاتیکا لێیان ورد دەبێتەوە و هەڵیاندەسەنگێنێت و شرۆڤەیان لەبارەوە دەدات. ئیستاتیکا کە ئاوێزانی شیعر دەبێت و شیعرییەتی پێدەبەخشێت، دەبێتە پێوەر و پێوانەیەك بۆ جیاکاریی و دەستنیشانکردنی پلە و پایە و بەها و نرخی شیعری جوان و کاریگەری و بەهێزی و چالاکی لەشیعرێکی دیکەدا، کە ناشیرین و بێهێز و بێکارتێکردنە، لەتوێژینەوەی شیعرییدا. ئیستاتیکا بەجۆرێکی سەرەکی گرنگی بەپێکهاتەکانی ڕوخساری شیعر دەدات،چونکە زۆربەی جوانییەکان و جوانیبوونی شیعر لەڕوخسارەکەیدا کۆدەبنەوە و سەرەڕای ئەوەش بایەخ بەجوانیبوون و جوانیناسی ناوەڕۆك و ناوەخنی شیعرەکەش لەلایەکی دیکەدا کۆدەبنەوە و بەیەکەوە دەقی شیعر پێکدێنن.

## بەشی دووەم:ئیستاتیکای زمانی شیعریی لەشیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا

### تەوەرەی یەکەم:ئیستاتیکای لادانی زمانی شیعری لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا

### تەوەرەی دووەم:ئیستاتیکای لادانی واتایی لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا

**بەشی دووەم : ئیستاتیکای زمانی شیعریی لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا**

زمان گرنگترین ئامرازی پەیوەندیکردن و بەیەکگەیشتن و لەیەکگەیشتنی مرۆڤە، ڕۆڵێکی چالاکی هەیە لەبەرەو پێشچوونی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، چونکە بەهۆی زمانەوە مرۆڤەکان دەتوانن چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان ئەنجامبدەن و ژیاری بەرەو پێشەوە ببەن، لەبەرئەوەی کۆڵەگەی بناغەی پیکهاتنی هەر کۆمەڵگەیەك زمانە و بێ ئەو مەرجە نایەتەدی، چونکە((بێ زمان بەکارهێنان هاریکاری و هەرەوەزی کە بەردی بناغەی کۆمەڵە پێك نایەت. دیسان بێ بوونی زمان شارستانییەتی بەردەوام نابێت، چونکە زمان تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتوور و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر))[1].

گرنگی زمان لەوەدایە، کە دەبێتە ڕێچکەیەك بۆ پاراستنی قەوارەی هەر نەتەوەیەك و بەیەکەوە بەستنەوەی کەلتوور و ڕۆشنبیری و زانیاری جیاواز لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە. ئەگەرچی زمان لای زۆربەی مرۆڤ یەکێکە لە هۆکارەکانی درێژەدان بەمانەوەی ژیان بەهۆی پەیوەندیکردن و لەیەکگەیشتن و هاوبەشی تێداکردن، بەڵام بەکارهێنانی زمان لە شیعردا سەرەڕای ئەوەی هۆکارێکە، کە شاعیر هەر بەتەنیا لەڕێگەی دەربڕینی وشەکانییەوە بەکاری ناهێنێت، بەڵکو دەیەوێت وەك ئامانجێکیش پەیامەکانی خۆی پێبگەیەنێت. ئەمەش بۆ ئەو زیندوویەتییە و چالاکیبوونەی زمان دەگەڕێتەوە،بۆئەوەی زمان ڕۆحێکی تازە وەربگرێت، پێویستە بایەخ و گرنگی بەزمانی شیعری بدرێت، لەبەرئەوەی زمان بەیەکێك لەڕەگەزە هەرە سەرەکییەکانی شیعر هەژماردەکرێت، کە شاعیر بەشێوەی تایبەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بەهۆی ئەوەی وشە کەرەستەی سەرەکی شیعرە و یەکێکیشە لە هۆکارەکانی ئیستاتیکی و کاریگەری لە شیعردا، چونکە موزیك وئاوازی شیعریش بەو وشانەوە پەیوەستن، کە شاعیر بەکاریان دێنێت، بۆیە دەتوانین بڵێین:زمانی شیعری ڕەگەزی هەرە گرنگی بنیاتی دەقی شیعرییە، لەبەرئەوەی(زمانی ڕاستەقینەی شیعر ئەو زمانەیە کە خەڵك قسەی پێدەکەن،ئەوەی دەیکات بەزمانی شیعریی، چۆنیەتی شێوە و شێوازی بەکارهێنانییەتی)[2].

جگە لەمەش ئامانجی شاعیر ئەوەیە، کە لەشیعرەکانیدا هەوڵدەدات چالاکی و بەهرە و توانا و کارامەیی خۆی لەئیستاتیکی وشەکان و گەمەکردن بەشێوە و شێوازی وشەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت بەخودی خۆی، کە لێوانلێوە لەوشەی سەرنجڕاکێش و پڕ لەئیحا و خەیاڵکردنی فراوان و ڕەمز و ئاماژە و وێنەی شیعری ئیستاتیکی، لەگەڵ ئەوەی زمان لای بەشێکی زۆری خەڵکی ئاسایی شتێکی گشتی ڕۆژانەیە و هۆکارێکە بۆ پەیوەندی دروستکردن و بیرکردنەوەیان، کەچی لەشیعردا سروشتێکی تایبەتی لەخۆدەگرێت،بەم هۆیەوە ئەرکی شاعیر ئەوەیە، کە توانای بەکارهێنانی بەرزبکاتەوە و لەشێوەیەکی گشتی و ئاساییەوە بیگۆڕێت بۆ زمانێکی تایبەت بە خودی خۆی، کە کاریگەری و توانای بەهرەمەندییەکەی تێدا نیشانبدات، بەهۆی ئەو شێوە و شێوازە نایابەی، کە(بەکارهێنانەکەی دەبێتە هۆی دروستکردنی دەنگ و ڕەنگ و هێما و ئاوازێکی بێ وێنە، کە زیاتر توانا داهێنراوەکەی شاعیر بەدەردەخات)[3]، لەبەرئەوەی ئەوەی پێویستەو گرنگە

(1) محمد معروف فتاح(د.):زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحكمة)، هەولێر،1990، ل 3.

(2) كولريدج:النظرية الرومانتيكية في الشعر، ترجمة: د. عبدالحكيم حسان، دار المعارف بمصر، قاهرة،1971، ص 20.

(3) عدنان حسين العوادي:لغة الشعر الحديث في العراق بين مطلع القرن العشرين و الحرب العالمية الثانية، دار الحرية للطباعة، بغداد،1985، ص 9.

ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە، کە((شاعیر ئەو دەسەڵاتەی هەیە وەك خۆی دەیەوێ و بۆ مەبەستە هونەریی و ئیستاتیکییەکەی زمان بەکاربێنێ و تەنانەت یاریشی پێوەبکا تەنانەت لەهەندێ حاڵدا لەیاسا و رێسا رێزمانیەکانیشی لادا. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو بۆ سەرچاوە دامەزراو و دەوڵەمەندەکانی زمان و وشە دەگەڕێ، ئەو هونەر و تەکنیك و میکانیزمانە بەکاردێنێ کە نەخشەسازییەکەی رەنگینتر و سەنگینتر دەکەن. ئەو لەزماندا کەرەسەکانی دەنگ و رەنگ و سەنگ و(ریتم)دەدۆزێتەوە و بەکاریان دێنێ. دەشێ ئەم دۆزینەوە و بەکارهێنانە خۆڕێژ و (میوزیی)بن))[1].

ئەمە خاڵی جیاکەرەوەی بەکارهێنانی زمانی شیعرە لە زمانی ئاساییدا، کە بەهۆی وشە و دەستەواژە و زاراوەکانەوە نییە کە بەکاردێت، بەڵکو بۆ چۆنیەتی شێوازی رێکخستنی وشەکان و بەکاربردنیان لەنێو چوارچێوەی رستەیەك یاخود دەقێکدا دەگەڕێتەوە، کە شاعیر هەوڵدەدات واتایەکی فراوان و بەهێز بداتە وشەکانی نێو دەقی شیعرەکەی و بەوهۆیەوە ئاستی شیعرەکەی بەرەو ئاستێکی کاریگەر و چالاك ببات، چونکە لە دەقی شیعرییدا زمان شێوە و شێوازێکی بایەخداری دەربڕینی هونەرییە و((ئەم گرنگییەش لەتایبەتمەندی زمانەوە دێ وەك ئەوەی زمان ماددەیەکی بنەرەتی (دەق) پێکدەهێنێ. ئەوکاتەی زمان دەچێتە ناو سنعەتی دەقەوە ئەوسا دەگۆڕێ و دەبێ بەزمانێکی تر))[2].

(ئەفلاتوون)ی گەورە فەیلەسووفی یۆنان لەکتێبی (کۆمار) دا باسی لایەنی جوانی زمانی شیعری شاعیران و شیعر دەکات و رای وایە، کە شاعیر((بەهۆی وشە و رستەکان رەنگی گونجاو دەبەخشێتە هەریەك لەپیشە جۆراوجۆرەکان، کەچی جگە لەتەقلید زیاتر کارێکی تری نەکردووە و ئەو کەسانەش کە سەرنج دەدەنە کارەکەی تەنیا لەسەر وشەکان بڕیاری خۆیان دەدەن و لەبەرئەوەی بەیارمەتی کێش و نەزمی شیعر و ئاواز قسەدەکا...چونکە ئەگەر بەرهەمی شاعیرەکان وەرگرین و رەنگی شیعری لێدابڕین بەشێوەیەك کە وشەکانی بەتەنیایی و سادەیی دەربڕرێن پێم وایە ئەوکات دەزانی چ ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە))[3]. لەگەڵ ئەوەی ئەفلاتوون بیر و بۆچوونی پێچەوانەی شاعیرانە و بەرپەرچییان دەداتەوە و لای وایە لەکارەکەیان جگە لەتەقلید شتێکی وایان ئەنجامنەداوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە، کە لەڕێگەی وشە و رستەکانەوە شاعیر رەنگێکی گونجاو دەداتەوە هەریەك لەپیشە جیاوازەکان، بەهۆی شێوازی بەکارهێنانی زمانەوە داهێنان دەکات، ئەگەر شتێکی فریودەریش بێت.

(ئەرەستۆ)ی فەیلەسوفی یۆنانیش رای وایە زمانی شیعر پێویستە بێگەرد و لێڵی تێدا نەبێت وساف و هەڵێنجراو بێت و بایەخ بەتایبەتمەندی زمانی شیعری دەدات و تێڕوانینی وایە:کە((گەورەترین خاسیەتی چاکی زمانی شیعری ئەوەیە کە روون و ئاشکرابێ، بێ ئەوەی سواو بێ. زمانی شیعری ئەوکاتە روون و ئاشکرا دەبێ کە لەوشەی رۆژانەی دروست بێ، بەڵام ئەمەیان شتێکی سواوە... لەلایەکی ترەوە ئەو زمانە شیعرییەی وشەی نابلوی تێدا بەکاربێ، بەرزی و شکۆمەندی تێدایە و لەسەرووی زمانی رۆژانەوەیە. مەبەستم لە(وشەی نابلو)وشەی خوازراوە و

---

(1) کەمال میراودەلی(د.):شیعرناسیی بەشیعر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەئیستاتیکای شیعر، ل141.
(2) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد:شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی رەنج، سلێمانی،2001، ل 68.
(3) ئەفلاتون:کۆمار ، ل 484.

وشەی درێژکراوە و هەر شتێکی ترە کە لەحاڵەتی ئاسایی بەدەربێ))[1]. ئەرەستۆ گرنگی بە زمانی شیعری داوە و لەزمانی ئاسایی پێ بەرزترە و ڕای وایە دەبێت زمانی شیعری ئاشکرا و ڕوون بێ، بەبێ ئەوەی سواوە بێ. لەهەمان کاتیشدا شکۆمەندی و بەرزی لەوەدایە کە وشەی ناباوی تێدا بەکاربێ. لەهەمان کاتیشدا ناسنامە و خاوەندارییەکی تایبەتمەندانە بەشیعر دەدات و دەیکاتە خاوەنی زمانێکی نائاساییانە و تایبەتمەندییەکیش دەداتە شاعیر، کە ئەو زمانەی ئەو پێیدەنووسێت، جێگەی تێگەیشتن و چێژبەخشین بێت، بەمەش سیفەتێکی ئیستاتیکییانەی دەخاتە پاڵ.

(هۆراس)ی ڕەخنەگر و شاعیری بەناوبانگی ڕۆمانیش بەبایەخەوە سەیری زمانی شیعریی کردووە و بابەت و ناوەڕۆکی بەچاوگەی دەربڕینی زمانی شیعر داناوە، جگە لەوەش جەخت لەبوونی پەیوەندییەکی هاوسەنگ و تەبا لە نێوان وشەکاندا دەکات و ڕای وایە: شاعیر لەهەلومەرجی گونجاودا دەبێت بزانێت چۆن و بەچ شێوەیەك وشەکانی دەردەبڕێت و هیچ جۆرە زیادەیەکی تێدا نەبێت و لە هەمان کاتیشدا شاعیر دەتوانێت بەو زمانەی، کە بەکاری دەهێنێت لەمیانەی دەربڕینە شیعرییە ئیستاتیکییەکانی وشە کۆنەکان بەرگێکی نوێیان بەبەردا بکات و بەدەربڕینێکی نوێ و تازە بابەتییانە دەریانببڕێت، لەبەرئەوەی((ئەگەر لەپێکەوە گونجاندنی وشەکاندا وردبی بەو تێکهەڵکێشانەی کە وشەیەکی نوێیان پێ لەجێگای وشەیەکی کۆن دادەنرێت دەرفەتی گەیشتن بەرەوانبێژیت بۆ دێتە پێشەوە))[2]. بەو هۆیەوەوە ئەو پەیوەندییە تەبا و هاوسەنگ و بەیەکەوە گونجاوەی کە لەنێوان وشەی کۆن و تازەباودا لەزمانی شیعریدا دێتەکایەوە، لەئەنجامدا ئەوخاسیەتە هونەرییە ئەو زمانە شیعرییە پتر و زیاتر بەرەو لایەنی ئیستاتیکی و ڕوونبێژی دەبات.

جگە لەو تایبەتمەندییانەی لەبارەی زمانی شیعرییەوە ئاماژەمان پێکرد، خاسیەتێکی دیکەی زمانی شیعریش لەوەدایە، کە بەها و بایەخی تایبەتی ئیستاتیکییانەی ئەوەیە، کە جەخت لەسەر دەلالەت و دەربڕین و مەبەستی شیعریی دەکاتەوە، کە پێویستە هاوسەنگی و گونجاوییەکی لەبار لەنێوانیاندا هەبێت، ئەویش ئەوەیە کە((زمانی شیعری هەر لەزانینی هەزارەها وشەدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو پێویستە ئەو وشانەی لەقاڵبی وەهادا دابڕێژرێت، کە گونجاوبێت لەگەڵ دەلالەت و دەربڕین، تاوەکو بگەیت بەکارێکی هونەری داهێنەرانە کە دووربێت لە ئاڵۆزی و نارێکی، هەموو شاعیرێك خاوەنی فەرهەنگێکی وشەیی و دەربڕینی تایبەت بەخۆیەتی، کەوا هەردەم لەزیهنیدا دەخولێتەوە و زاراوەکانی دووبارە دەبنەوە، کەوا زۆرجار بەهۆیەوە لەشاعیری تری جیادەکەینەوە))[3]، بەمەش ئەو دەربڕین و گوزارشتانە شاعیر دەکەن، بەخاوەن زمانێکی تایبەت بەشێواز و دەربڕینی خودی خۆی و خاڵی جیاکارییە، کە لە شاعیرانی دیکەی جودا دەکاتەوە. ئەو تێڕوانین و بیر و بۆچوونە جیاوازانە لەخاڵێکی هاوبەشدا بەیەکدەگەن و یەکدی دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە کە شاعیر بۆئەوەی وێنەیەکی هونەری بونیاد بنێت، ((ئەو زمانە بەکاردێنێ کە زمانێکی پوختەکراوە و جیایە لەزمانی قسەکردنی ڕۆژانە، زمانێکە لەڕووی تێگەیشتنەوە پانتاییەکی فراوان داگیردەکات و خۆی دووردەخاتەوە لەزمانی ناوچەیی تەسك، کە تێگەیشتنەکەی بەژمارەیەکی

(1) ئەرەستۆ:هونەری شیعر( شیعرناسی)، ل 83 .
(2) هۆراس: هونەری شیعر، ل 18.
(3) دەریا جەمال حەوێز حەوێزی(د.):ستاتیکای زمانی شیعری لەدیوانی(مۆسیقای نامۆیی)ی هاوژین صلیوەدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ 31، 2014، ل 68.

دیاریکراوەوە بەستراوەتەوە. بەڵکو زمانێکی بەپێزی بەپیتی دەوڵەمەند بەکاردێنێ . ئەوساش ڕوخسارێکی جوان و ناوەرۆکێکی بەپێز بەوێنەکە دەبەخشێ))[1].

هەر سەبارەت بەتایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی شیعرییەوە دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو، کە((زمانی شیعر توانستی ئیحا و نیگابەخشینێکی سەیری هەیە، ئەم دیاردەیە لە زمانی ئاساییدا بەدی ناکرێت. بەو پێودانگە زمانی شیعر و زمانی ئاسایی، لەپێکهێنان و بونیات و یاساکانەوە، تا دەگاتە دەلالەت بەخشین، دوو جەمسەری دوور لەیەکتر و جیاوازن. سەرەڕای جوانکاری و کاریگەری پڕ لەتاسە، ڕاچڵەکینی جیاوازیان هەیە: بەبارتەقای توانستی زمانی ئاسایی بۆ قسەکردن، لەئەدەب و زمانی شیعردا، کاری جوانی داهێنەرانە و سەرکەوتوو ئەنجام دەدرێت، ئەمە بۆ بوونی زمانی ئاسایی پاساوێك نییە))[2]، هەر ئەو هۆکارەشە وایکردووە زۆربەی جاران لەڕووی بەکارهێنانەوە زمانی شیعری بەجۆرێك لەجۆرەکانی زمان هەژمار بکرێت و بەمشێوەیە ئاماژەیان پێکراوە:- ((1- زمانی سروشتی:- ئەم زمانە زمانی یاسایی چەسپاوە، لەڕێگەی یاساکانی پارێزگاری لەبنەما چەسپاوەکانی بەڕێوەبردنی زمانی دەکات، زمانێکی معیارییە، هیچ لادانێك لەخۆیدا جێناکاتەوە. 2- زمانی گشتی:- ئەمە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی و زمانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و میللییە، زمانی نووسینەوەی یاساکانە.3- زمانی تایبەتی:- ئەو زمانەیە، کە ڕێژەی لادانەکانی زیاترە، یان نزیکە لەڕێژەی دەربڕینەکانی زمانی سروشتی، ئەو لادانانەش بەرهەمی کاری تاکە کەسین، شاعیر و ئەدیبە داهێنەرەکان بەرهەمی دێنن، خاوەنەکانیان دیارە و لەهەموو سەردەم و کۆمەڵگەیەکدا بەهۆکاری جۆراوجۆر دێنە بەرهەم، گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتین لە:مەعریفە، توانای داهێنان، حەزی خۆجیاکردنەوە، کێش و سەروا.....هتد.))[3].

بۆیە ئەمانە هەموویان مەرجن پێویستە هەبن، بۆ ئەوەی زمانێك بێتەئاراوە، کە بەزمانی شیعری بناسرێت.

هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی لایەنی هونەری و ئیستاتیکی زمانی شیعری لەوەدایە، کە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەهێز و چالاکی هەیە((لەبەخشینی چێژی دەق و پێکەوەنانی وێنەی هۆنراوەیی و شێواز و ئەندێشەی هونەری و چۆنیەتی پێشکەشکردنی بابەت و بیری هۆنراوەکە))[4].

کەواتە بوونی مەرجی چێژبەخشین لەدەقدا و دروستکردنی پەیوەندییەکی یەکسان لەنێوان خودی دەقەکە و جۆری شێواز و ئەندێشەی هونەرییوون و چۆنیەتی دەربڕینی بیر و بابەتی شیعرەکە، دەسپێکی وەرچەرخاندن لەبونیادی ناوەخنی دەقەکە دەهێنێتەکایەوە، سەرەڕای ئەمەش خاڵێکی جەوهەریی دیکە ئەوەیە کە زمانی شیعریی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە زیاتر جۆرە متمانە و باوەڕبوونێك بەخوێنەری دەقی شیعرەکە بێنێتەدی، لەبەرئەوەی ئەو کارە لەئەستۆی شاعیری

(1) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی(د.):بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا( 1970_ 1991 )، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،2004، ل 67.
(2) ئازاد ئەحمەد مەحموود(د.):بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا( 1985_ 2005)، لێکۆڵینەوەیێکی پراکتیکی شێوازگەرییە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2009، ل 154.
(3) ئیدریس عەبدوڵڵا (د.):شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،2010، ل 64_67.
(4) عادل گەرمیانی (د.): خەسڵەتەکانی زمانی شیعری کوردیی هاوچەرخ (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری ڕەخنەیی پراکتیکییە)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ 26، 2013، ل 61.

دەقەکەیە، بەهۆی ئەو بابەت و پەیامەی کە لەڕێگەی شیعرەکەیەوە دەیخاتەڕوو، چونکە((ئامانجی سەرەکی زمانی شیعر، گەیاندنی بابەتی(Theme)شیعرە، لەم هەڵوێستەدا شیعر نەك ئاکام، بگرە ڕێگاشە، ئەگەر وەك مەبەست مامەڵە لەگەڵ شیعر کرا))(1). لەهەمان کاتیشدا شاعیر دەتوانێت لەمیانی زمانی شیعریی تایبەت بەخۆیەوە، پردێکی پەیوەندی بونیاد بنێت، لەنێوان خۆی و خوێنەرەکەیدا، چونکە زمانی شیعری(زمانی دەربڕینی ئیستاتیکا و هەڵچوونە، کە هێزێکی کاریگەر و بەتین دەخوڵقێنێت بۆ پێکهێنانی پردی پەیوەندی لەنێوان شاعیر و خوێنەرەکەی لەمیانەی خوێندنەوەی دەقەکانیدا)(2)، لەلایەکی دیکەوە دەتوانێت لەڕوانگەی خستنەڕووی زمانی شیعرییەوە، خوێنەر تووشی سەرسوڕمانی و ڕامان بکات و لەهەمان ساتیشدا((دەتوانێ بەهۆی یارییەکی زمانییەوە جوانیمان پێ ببەخشێ))(3). خەسڵەت و سیفەتێکی دیکەی ئەو بەها ئیستاتیکییەی لەزمانی شیعرییدا هەیە، بۆ ئەو توانا ودەسەڵاتەی شاعیر دەگەڕێتەوە، کە وەك ئەوەی خۆی دەیەوێت بۆ ئەو مەبەستە هونەری و ئیستاتیکییەکەی زمان بەکاربێنێ و تەنانەت گەمەشی پێوە بکات و خۆی بەو زمانە باوەی ڕۆژانەی خەڵکەوە سەرقاڵ ناکات، کە قسەی پێوەدەکەن، بەڵکو((لەیاسا و ڕێساکانی زمان لادەدات و لەڕێگەی دەربڕینی باوی زمان دووردەکەوێتەوە))(4)، بۆیە سەرئەنجام لەبارەی ئەرکی سەرەکی شاعیرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە((بریتییە لەئیشکردن لەبواری زماندا بۆئەوەی جوانی و ئیستاتیکایەك بداتە شیعرەکەی، ئەم کارەشی پێویستی بەلێهاتوویی شاعیر هەیە، واتە پێویستە شاعیر لەزمان شارەزا بێت، تا شیعر بنیات بنێت))(5).

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی دەتوانین بڵێین:زمان هۆیەکە بۆ پەیوەندییکردن و لەیەکگەیشتن و دەربڕین، کەرەستەی خاوی شیعریش زمانە و زمانیش واتە وشە، بۆیە وشەکانیش دەبنە کەرەستەی سەرەکی شیعرەکە، ئەو زمانەی شاعیر لەشیعردا بەکاری دێنێت لەزمانی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵکەوە جیایە و چێژێکی ئیستاتیکی دەبەخشێت. ئەمەش بەهۆی ئەوەی تەکنیك و شێوەی بەکاربردنی زمان سنوور و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو هەڵگری سیما و سیفەت و خەسڵەتی هونەری لادانە و لادانیش هەموو ئاستەکانی زمان لەخۆدەگرێت.

**ئەرکی زمانی شیعری**

زمان ڕەگەزی هەرە سەرەکی و کەرەستەی خاوی شیعرە و شاعیر لەڕێگەیەوە دەقەکەی پێ بونیاد دەنێت، ڕەگەز و بنەما سەرەکییەکانی دیکەش وەکو(مۆسیقای شیعری و وێنەی شیعری)، بەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە ئەنجامەدرێت، هەروەها پەیوەندییەکی چوست و چالاکی لەگەڵ وێنە شیعرییەکاندا هەیە، چونکە شاعیر لەمیانی وێنەکانییەوە ئەرکەکانی زمان جێبەجێدەکات، بۆیە دەتوانین ئەرکەکانی زمانی شیعری لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:-

1- شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی شیعرییەوە بونیادی هونەری و ئیستاتیکی شیعرەکەی دێنێتەدی.

(1) ئازاد ئەحمەد مەحموود (د.):بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا(1985_ 2005)، ل 137.
(2) عبدالكريم راضي جعفر:رماد الشعر، الطبعة ألأولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1998، ص 126.
(3) عومەر میراودەلی:زمانی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2008 ، ل 33.
(4) پەخشان عەلی ئەحمەد:شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009، ل 179.
(5) دەریا جەمال حەوێز حەوێزی(د.):ستاتیکای زمانی شیعری لەدیوانی(مۆسیقای نامۆیی)ی هاوژین صلیوەدا، ل 65.

2- زمانی شیعری ئەرکی بەهای ئیستاتیکی دەبینێت بەو هۆیەی، کە زمانی ئاسایی گەشەپێدەدات و لەبەکارهێنانێکی گشتییەوە بەرەو بەکارهێنانێکی ئیستاتیکییانەی دەبات، بەمەش ڕەوش و بارودۆخێکی تازە دێنێتەکایەوە و وشە لەبەکارهێنانێکی ئاساییەوە بەرەو مانایەکی نوێ دەبات و جگە لەئەرکە کۆنەکەی، ئەرکێکی تازەشی بۆ زیاد دەکات.

3- شاعیر هەر چەند گرنگی و بایەخ بەخودی دەقی شیعرەکەی و بەکارهێنانە زمانییەکەی بدات، ئەوە زیاتر سەرسوڕمانی لای خوێنەر بەدی دێنێت، بەم کارەی پتر بەرەو خوێندنەوەکەی دەبات، بەمەش زمانی شیعری ڕۆڵێکی ئەکتیف و بەهێز و کاریگەر لەسەر خوێنەرەکەی بەجیدێڵێت.

4- شیعر بەهایەکی ئیستاتیکی لە کەلوپەلەکانی ژینگەی دەرەوە وەردەگرێت و لەئیستاتیکای چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکەوە دەریدەخات، کە ئەو کەلوپەلە سەرنجڕاکێش و قەشەنگ و ڕازاوانەی، کە خەڵکی ئاسایی درکی پێناکەن، شاعیر چونکە مرۆڤێکی هەست بزوێن و خاوەن هوشیاری و ئاگاییەکی وردە، بۆیە لایەنە ئیستاتیکییەکانی دەخاتەڕوو، لەبەرئەوەی(ئەرکی زمانی شیعر ڕاستەوخۆ کاریگەریی و پەیوەندی بەلایەنە جوانکارییەکانەوە هەیە)[1].

5- بەکارهێنانی زمانی شیعر خوێنەر وریا و وشیار دەکاتەوە، کە لەدیاردە و شتە شاراوەکانی ژینگەی دەوروبەری خۆی ڕابمینێت و زیاتر لێیان وردبێتەوە و سەرنجیان بدات،ئەمەش بەهۆی شاعیرەوە دێتەدی، کە لەمیانی وێنە شیعرییەکانەوە ڕووندەبێتەوە، بەهۆی ئەوەی بەکەرەستەکردن و بەرجەستەکردنی شتە واتایی و خەیاڵی و ئەندێشەییەکان، لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە دەردەبڕێت و دەیانخاتەڕوو.

6- زمانی شیعری ئەو بابەت و شتانەی کە زمانی ئاسایی ناتوانێت گوزارشتیان لێبکات، ئەم لەڕێگەی زمانی خوازەییەوە گوزارشتیان لێدەکات، چونکە خوازە زمانی ئاسایی (ڕۆژانە)پڕ لەئیحا و کاریگەریی و وزەبەخش و بایەخێکی بەهێزتر و سەرنجڕاکێشتر دەکات، بەمەش توانایەکی تازەی پێدەدات، لەبەرئەوەی ئەو وشانەی شاعیر لەمیانی بەکارهێنانی زمانەوە دەریاندەبڕێت، سەرەڕای واتای خۆیان واتایەکی نهێنی و ئیلهامبەخش و کارتێکەریان لەدوای خۆیانەوە هەڵگرتووە، چونکە((وشە تەنها ڕەمزێك نیە بیرێکی ڕووت و پەتی بدات بەدەستەوە بەڵکو یەکەم نیشانەی شاعیری ڕاستەقینە و هەڵکەوتوو ئەوەیە بتوانێت لەوشەیەکدا کۆمەڵە هەست و سۆزێك شانبەشانی واتاکە نیشان بدات))[2].

7- زمانی شیعری یەکێك لەتواناکانی ئەوەیە، کە وێنەی داهێنەرانە دەسازێنێت، ئەمەش پەیوەندی بەتوانا و ئەزموونی هونەری و باکگراوەندی ڕۆشنبیریی شاعیرەوە هەیە، هەروەکو(سەعید غانمی) لەوتارێکی بەناوی(زمان و شیعر)دەڵێت:((زمانی شیعری زمانێکی نێرگزیی خودییە و ئامانجی یەکەمی خولقاندن))[3]ە، کە وێنەی کاریگەر و سەرنجڕاکێش دروستدەکات، چونکە شیعر ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەگواستنەوەی ئەزموونی هونەریی شاعیردا .

---

(1) على البطل (د.):الصورة في الشعر العربي حتى أخر القرن الثاني الهجري، بيروت، 1980، ص 27.
(2) عەزیز گەردی:ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی الحوادث، بەغداد،1974، ل 58.
(3) سەعید غانمی:زمان و شیعر، بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ کۆمەڵە وتاری وەرگێردراو، وەرگێرانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2001، ل 216.

8- زمانی شیعری دوو ئەرکی سەرەکی دەبینێت:-((سیمۆلۆژی و ئیستاتیکی، یەکەمیان بەوەی کە هەندێك لەیەکە زمانییەکان واتای فەرهەنگی خۆیان ناگەیەنن، بەڵکو ئاماژە بەواتای تر دەکەن، دووەمیشیان ئەو جوانییەی لەشێوەی گوزارشتکردنەکەدا لەهەموو ئاستەکاندا مۆسیقا، وێنەی شیعریی، ڕەوانبێژی،.... هتد، بەرهەمی دێنێت.))[1].

دوای ئەوەی بەوردی باسی ئامادەگیی زمان لەکۆمەڵگە و بەرەو پێشچوونی و پەیوەندیکردنی لەڕێگەی مرۆڤەوە بەبواری ئەدەبی بەگشتی و بەتایبەتیش ژانری شیعر و پێکهێنانی ئیستاتیکای زمانی شیعری و ئەرکی زمانی شیعریمان خستەڕوو، پاشان ئەو ئاستانەی زمانی شیعری، کە لادانیان تێدا ڕوودەدات، بەنموونەی شیعرەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیر بەشێوەیەکی پراکتیکی دەخەینەڕوو، بۆیە لێرەدا لەلایەنی پێکهاتەییدا باسی لادان لەئاستی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و دواتر لادانی جێگۆڕکێ و دەلالی لەئاستی واتاسازییدا دەکەین، کە دەبنە بنەمایەك بۆ پێکهێنانی ئیستاتیکای زمانی شیعری لەشیعرەکانی شاعیردا.

(1) جەبار ئەحمەد حسێن:ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق (1950_ 1970)، ل 93.

**تەوەرەی یەکەم: ئیستاتیکای لادانی زمانی شیعری لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا:**
**یەکەم: لادان لە ئاستی دەنگسازیدا**

یەکێکە لەو لادانانەی کە لەئاستی دەنگسازیدا لەپێکهاتەی ئاستی دەنگی وشـەکاندا ڕوودەدات و جێگەی سەرنج و بایەخپێدانە، چونکە(دەنگسازی لایەنێکی گرنگی بنەمای بنچینـەیی زمانەوانییـە، هیچ توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی زمانەوانی بەبێ بوونی ئەم ئاستە نایەتـەدی، ئەگـەر نـرخ و بەها و وەسفێکی گونجاوی تەواوی زمانی بـەدی نەیـەت)[1]، لەبەرئـەوەی دەنگسـازی بە(گەردیلـەی زمــان وئاخــاوتن دادەنرێــت، چونکــە بنــەما و چاوگەیەکــە بــۆ بونیــادی پێکهاتــەیی وشــەکان)[2]، لەبەرئەوەی وشەش لەکۆمەڵە دەنگێك پێکدێت، کە پەیوەندییەکی تۆکمەیان لەنێواندا هەیە، بۆ ئـەوەی واتایەکی تەواو ببەخشن، هەر گۆڕانکارییەك لەئاستی دەنگیدا دەبێتە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی وشـەکە و هەنـدێکجاریش گـۆڕانی تـەواو لـەواتای وشـەکەدا ڕوودەدات. قسـەکەر بەگشـتی و شـاعیریش بەتایبەتی، کە لادان لەبونیادی پێکهاتەی وشـەکەدا دەکـەن و بەشـێوە و جۆرێکی نـوێ دەیخەنـەڕوو. لـەلادانی دەنگیـدا شـاعیر ئەوکاتـەی هەوڵـدەدات لادان لـەبونیادی دەنگـی وشـەکەدا بهێنێتـەدی، بۆ ئەوەیە((جا یان ئەوەتا: دەنگێك، یان زیاتر لەبینای دروستی وشە لادەبات، یانیش دەنگێك، یان زیـاتر لــەبینای دروســتی وشــە زیــاد دەکــات، یــانیش دەنگێــك، یــان زیــاتر لــەبینای دروســتی وشــەکە دەگۆڕێت))[3]، لەگەڵ ئەوەشدا جاری وەها ڕوودەدات، کە شاعیر لەناو دەقی شـیعرەکەیدا بـۆ زیـاتر ڕوونکردنەوەی واتای شیعرەکە و بەهێزکردنی بونیادی هونـەری و بابەتییەکـەی دووبارەکردنـەوەی وشە یا گرێ یاخود کۆپلەیـەك یـان ڕستەیەك ئەنجامدەدات، تـاکو سیفەتێکی ئیسـتاتیکی پێببەخشـێت لەلایـەك و لەلایـەکی دیکـەوە بـۆ دروسـتکردنی ڕیتمـی نـاوەوەی شـیعرەکە ئـەو کـارە هونەرییـە ئەنجامدەدات، بڕێك جاریش شاعیر لەلادانی دەنگیدا بۆ ئەوە((تێ دەکۆشێ لەڕێگای خۆڕزگـارکردن لەکۆتوبەندی یاسا دەنگییە باوەکانی زمانـەوە، جـۆرە دەنگێـك لـەواژەی شـیعرەکەیدا بنـوێنێ، کـە لـە ڕوانگەی دەنگناسییەوە لەگەڵ دەنگی زمانی باو یەك نەگرێتەوە، ئەوەیش بڵێین کە ئەو جـۆرە لادانـە زۆرجار بەپێی پێداویستی هاوڕێکی کێشی شیعرییەوە دێتەگۆڕێ))[4]. بۆیە لێرەدا بەپێی ئەو جـۆرە لادانە نموونە شیعرییەکانی شاعیر دەخەینەڕوو:

**1- کرتاندنی دەنگی**

بریتییە لەکرتاندنی دەنگی، لابردنی یاخود نـەمانی کەرەسـتەیەك، جـا دەنگێـك بـێ یـا زیـاتر بێت، بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژە بەکرتاندنی دەنگی دەکەین و ئەوانی دیکـە لەشـوێنی خۆیاندا(کرتانـدنی وشە یان ئامراز)باسدەکەین. کرتاندنی دەنگی فۆنیم بریتییە لەوەی، کە ((فۆنیمێك،یان چەنـد فۆنیمێـك لەوشەکە کەم دەکرێتەوە، ئەمەش چ لەبەرڕاگرتنی کێشی شیعرەکە بێت یان بـۆ مەبەسـتی کـورتی و چـڕی))[5]. هـەروەها گـەلێکجار کرتاندنەکـە پەیوەنـدی بـەو شـوێنەوە هەیـە، کـە وشـەکەی تێـدا بەکاردێت، ئەمەش بۆ((سووککردن و خۆشـکردنی ئـاوازی گوتنەکـە لەسـەر زمـان، کـە مەبەسـتیان

(1) فوزی حسن الشایب(د.):محاضرات في اللسانیات، وزارة الثقافة، ألأردن، 1999، ص 48.
(2) شاهو سعید:دلالات البناء ألایقاعي في الشعر، رسالة ماجستیر، السلیمانیة،1999 ،ص 53.
(3) ڕەفیق شوانی(د.):وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،2011، ل 29.
(4) عەبدولخالق یەعقوبی:لەکولتوورەوە بۆ ئەدەبیات، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008، ل149.
(5) عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا:شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلیژی زمان، هەولێر، 2007، ل 90.

هێنانەدی کاریگەرییەکی زیاترە لەسەر خوێنەر))(1). هەربۆیە کەمکردنەوەی دەنگێك یان چەند دەنگێك لەوشەیەك لەلایەن شاعیرەوە بەکرتاندن ناودەبرێت، جا دەنگەکە لەهەرشوێنێکی وشەکە بێت، سەرەتا یان ناوەڕاست، یا کۆتایی، مەبەست و ئامانجی کرتاندنی دەنگیش فرەجۆرە، یەکێك لەوانە بەهۆی گۆڕان لەزماندا، کە((یەکێك لەبڕگەکانی وشەیەك لەناو دەچێ یان دەگۆڕێ... جا یان دەنگی پێشەوەی وشەکە لەناو دەچێ... یان دەنگی ناوەڕاست... جاری واش هەیە دەنگی پێشەوە و دواوە لەهەمان کاتدا... بەڵام لەکوردیدا لەناوچوونی دەنگی دواوە دیاردەیەکی تەواو بڵاوە و بەتایبەتی لەزاری سلێمانی دا دەردەکەوێ))(2).

بۆیە زۆربەی کرتاندنەکان لای شاعیر یان شێوەزارییە، یا لەبەرهاوسەنگی کێشی شیعرەکە یاخود سەرواى شیعرەکەی، پەنا دەباتە بەرکرتاندنی دەنگێك، یان چەند دەنگێك، یاخود بەمەبەستی بەدەسهێنانی شتێکی تازە و نوێباوەوە، کە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، بەمەش بونیادێکی هونەری ئیستاتیکیانە بەرجەستەدەبێت، کە جوانییەك بەشیعرەکە دەبەخشێت، لەهەمان کاتیشدا کاریگەری کارلێکی شیعرەکە و بەهێزبوونی نیشاندەدات، ئەمەش توانای شاعیر و بەهرە و ئەزموونی هونەرییانەی لە هەڵبژاردن و دەسنیشانکردنی وشەکەدا بەدەردەخات، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجاریش پەیوەندی بەلایەنی واتاییەوە هەیە.

**أ- <u>کرتاندنی دەنگ لە ناوەڕاستی وشەکان</u>**

**شوێنەواری نابینرێت و زەنگی مێخۆشی <u>نابیسرێت</u>**
**دیارە ئەمساڵیش درەختی**
**حەزی مام گۆدۆ- ی <u>بەسە</u> زمان ناپشکوێت(3)**

شاعیر بەکرتاندنی دەنگی(ت) لەوشەی(نابیسرێت) لەناوەڕاستی وشەکەدا، بۆ ئەوەیە کە هاوسەنگی ئاوازی و کێشی بهێنێتەدی، هەروەها دەنگی(ت)لەناوەڕاستی وشەی(بەسە) کرتاوە، بۆ سووککردن و خۆشکردنی ئاوازی وتنەکەیە لەسەرزماندا، بەهۆی شێوە زارەوەیە، کە لاسایی دەکاتەوە، تاوەکو کارلێکێکی موگناتیسیانە لەسەر ناخی خوێنەردا بەرپا بکات، لەئاستی هونەریدا ئەم گۆڕانکارییە ئیستاتیکییەی ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی بەدەربڕینێکی ئاسانەوە ئاماژە بە نەپشکوتنی درەختی حەزی مێخۆشی مام گۆدۆی بەستەزمان دەکات، بۆیە نەشوێنەوار دەبینرێت ونەزەنگیشی دەبیسترێت.

**ئامێزی هەمان مێرخوزار**
**هەمان <u>دەسرازە</u> و چاوەزار(4)**

(1) کەژاڵ حەمەئەمین ئەحمەد:بنیاتی هونەری لەشیعرەکانی (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زمان، 2010، ل 52.
(2) محمد معروف فتاح:زمان و تایبەتییەکانی، بەشی یەکەم، زانکۆی سەلاحەدین،1987، ل 93.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، دیوانی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،2004، ل 126.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد_ لقی هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،2011، ل 5.

دەنگی (ت)لەوشەی(دەسترازە) لابراوە، بۆیە(مێرخوزار و دەسرازە و چاوەزار)، هێزی خوێندنەوەیان خێراتر و بەهێزتر وبەتینتر و نایابتر و و ساناتر بووە، هیچ چەشنە وەستان و گرتنێك ڕوونادات لەکاتی گۆکردنیان.

**من کەلوورەی باوبۆران و سەگی ئاوایی <u>دەبیسم</u>**
**دادەخورپێم، مەلوول دەبم (1)**

دەنگی(ت)ی نەبزوێن لەناوەڕاستی وشەی(دەبیستم) لابراوە، تاکو زمانی دەربڕینەکەی بەهۆی ئەو لادانەوە خێرا و سووك و خۆشتر و کورتتر و چڕتر ببێتەوە، هێزی ئاوازی گۆکردنەکەشی ساناتر و جوانتر بووە و هیچ قورساییەك نایەتە بەردەم دەربڕینەکەی.

**<u>بچێتەوە</u> کوێ؟(2)**

بزوێنی درێژی(ێ) لەناوەڕاستی وشەی(بچێتەوە)کرتاوە، بەهۆی لادانی زمانییەوە، ئەمەش بۆ شێوازی بەکاربردنی شێوەزاری هەولێر دەگەڕێتەوە، هەروا دەربڕینی شێوازی ئاخاوتنەکەی سادەتر و ساناتر و ڕەوانترکردووە لەسەر زماندا.

**پشیلەی <u>واگا</u> هاتنەوە**
**کۆترە پەڕزێڕەکانی خەون دەخوات (3)**

کرتاندنە دەنگییەکان لەناوەڕاستی وشەی(وەئاگا)دا ڕوویداوە، کە بزوێنی کورتی(ە) و نەبزوێنی(ئـ)کرتێنراون، بەکرداری لێکدانی دەستووری ڕێزمانی دروستبووە، وشەکە گۆڕانی دەنگیشی تێیدا ڕوویداوە، چونکە وشەکە(بەئاگا)یە، گۆڕینی شێوەزاریشی تێدا بەکارهاتووە، بەمەش کاریگەریی لەسەر خوێنەر زێتر بووە و ئاوازێکی خۆشپێدراو و سووکی پێداوە.

**جەستەی عەوداڵ و ڕۆحمان <u>دەبیسن</u> (4)**

کرتاندنی دەنگی(ت)لەناوەڕاستی وشەکەدا، بۆ ئەوەیە کە بەمانەوەی و نەمانەوەی لەوشەی دەبیستن، بۆ مەبەستی کورتی و چڕی و خۆشکردنی هێزی سووککردنی ئاوازی دەربڕینی لەلایەك و لەلایەکی دیکەشدا دەیەوێت پێمانبڵێت، کە ڕێزمانزانانە ئاگاداری شێوە و جۆر و شێوازی بەکارهێنانی پیت و دەنگەکانی زمانی کوردییە و شارەزایانە مامەڵەی هونەری و ئیستاتیکی لەگەڵ چۆنیەتی بەکاربردنی دەکات.

**ئەو <u>سەوەرە</u> هەتا سەر ئێسقان <u>ڕۆدەچێ</u>!**
**لەسترانی دەمی غەریبی و وەڕسی و تاسە <u>دەچێ</u>!(5)**

شاعیر بەکرتاندنی دەنگی(گ)لەناوەڕاستی وشەی(سەگوەڕە)و هەروا دەنگی(ت) لەکۆتایی وشەکانی (ڕۆدەچێت، دەچێت) کرتاوە، و لەخاڵی دواتریش باسیدەکەین، بەڵام شاعیر لەم نموونەیەدا کرتاندنی ناوەڕاست و کۆتایی دەنگی ئەنجامداوە، بۆئەوەیە ڕەوانتر و کاریگەرتر بێت لەسەر ناخی خوێنەر، بەهۆی ئەو لادانە

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل13.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 72.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان ، ل249.
(4) سەرچاوەی پێشوو ، ل 51.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بەدەرەوە، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ماد، تاران،2020، ل 65.

زمانییەوە و کرتانی ئەو دەنگەوە باشتر گۆبکرێت و بەنەکرتانی گرتن و توندییەك دێتەدی، بەمەش لەڕستەیەکی ئاسایی دەچێت و بونیادی ئیستاتیکی لە دەستدەدات.

**ئە<u>لان</u>.. بەلێوە بەباران و نیوە زیندوو و**
**بەهەناسە ساردەکەم دەناسێنێت(1)**

وشەی(ئەلعان= ألان)ی عەرەبییە و لە(ئەلان)دەنگی(ع)ی لەناوەڕاستدا کرتاوە، شاعیر بەم کرتاندنە هەوڵیداوە خۆی بەناوچەی سنووری جوگرافی و شێوەزاری دەربڕینەوە گرێبدات، تا سوکتر و ساناتر لەسەر زماندا دەربکەوێت.

**پەپو<u>سێمانە</u>ش تووڕی دا شانامە و نامە**
**کۆتایی هات شانۆنامە(2)**

دەنگی (ل) لەناوەڕاستی وشەی (سلێمانە)لابراوە، تاکو قورسایەك نەکەوێتە سەر زمانی دەربڕین و گوزارشتکردنی شیعرەکە و ناوازەتر و ڕەوانتر گۆبکرێت.

**<u>ب- کرتاندنی دەنگی کۆتایی</u>**
**بۆ کوێ چوون؟! زەوی قووتی دان؟!**
**ئای !!! خوایە گیان هەر بەتەنیا**
**منی کەروێشکی لانەواز**
**لەبێشەدا ماوەمەتەوە**
**بێ ددان و**
**دەمامك و**
**<u>لان</u>(3)**

کرتانی فۆنیمی بزوێنی(ە)ی کورت لەکۆتایی وشەی(لانە)، بۆئەوەیە شاعیر وشەکانی (دان و لان) وەك یەکبن، لەڕووی ژمارەی بڕگە و سەروا و ڕیتمەوە، هەروەها ڕەگەزدۆزی ناتەواوی بەم کارە هونەرییە دروستکردووە، جگە لەمەش ویستویەتی بەهۆی ئەو کرتاندنەوە پەیوەندییەك لەنێوان ئاستی ژێرەوەی دەق(لایەنی واتا) و ڕووخسارەوە پێکبێنێت، لەم ڕوانگەیەوە باسی تەنیایی خۆی بکات ولێکچواندنی لەنێوان خۆی و کەروێشکێکی لانەواز ئەنجامداوە، بەمانەوەی بێ ددان و دەمامك و لان، بۆ ئەوەی کارلێکێکی کارتێکراوانە لەسەر ناخی خوێنەر بەدیبێنێت.

**هەر کە پایز تیلە چاوێکیان <u>تێ دەگرێ</u>**
**یا چاوێکیان لێ <u>دادەگرێ</u>(4)**

هەردووکاری(تێ دەگرێ، لێ دادەگرێ)فۆنیمی(ت)، وەك بەشێك لەجێناوی لکاوی(ێت) لە هەردوو وشەکەدا کرتاوە، ئەمەش بەمەبەستی کورتی و چڕی و ڕەوانی و پاراستنی مۆزیکی شیعرەکەیە، بەمەش بنەمایەکی ئیستاتیکی بەدیهاتووە.

(1) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر،2014، ل 57.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدرەوە، ل 93.
(3) سەرچاوەی پێشوو، ل 98.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 21.

**سەری پەنجەیان سڕنەبووە**
**پرخەیان یەك ڕۆژ ڕێ دەڕوات[1]**

لە وشەی(ڕۆژە)دەنگی بزوێنی کورتی(ە)لادراوە، چونکە بۆمەبەستی دەسنیشانکردن دەبێت لەگەڵی بێت بەمشێوەیە(پرخەیان یەك ڕۆژە ڕێ دەڕوات)، بەڵام ئەگەر شاعیر لاینە بردبا، نیوەدێڕی یەکەم و دووەم ژمارەی بڕگەیان دەبووە(8)بە(9)، بەڵام بەلابردنی یەکسانن، ئەمەش بۆ پێویستی و گونجانی و شێوازی دەربڕینی بەڕەوانتر و بێ دروستبوونی هێزی گرتنێك ئەم کارە ئیستاتیکیەی بەرجەستەکردووە.

**دێمەوە ... دێ**
**ڕۆژ چۆن لەدووری تۆ هەڵدێ؟![2]**

کاری (هەڵدێت)فۆنیمی(ت)ی کرتێنراوە لەکۆتایی وشەکەدا، تاکو(هەڵدێ)، لەگەڵ(دێ) هەمان سەرواین، ئەم کرتانەش هەندێجار پەیوەندی بەشێوەزار و ناوچەی جوگرافییەوە هەیە، چونکە لەهەندێ شوێندا زیاتر بڵاوە لەچاو ناوچەیەکی دیکەدا .

**هێند تووڕە بوو**
**هەر وەخت بوو**
**چیاش لەڕەگوڕیشەوە هەڵبکێشێت![3]**

وشەی(هێند)دەنگی بزوێنی کورتی(ە) لابراوە، چونکە وشەکە لەبنچنەدا(هێندە)بووە، بەمانەوەی نیوەدێڕی یەکەم دەبێتە(5)بڕگە و نیوەی دووەمیش(4)بڕگە، بەڵام بەلابردنی کێش و سەرواکەی تەواو ڕاگرتووە(4)بڕگەن، کەواتە شاعیر لەبەر پێویستی شیعری ئەو کارە هونەری و ئیستاتیکییەی ئەنجامداوە، تاکو هاوسەنگی و هاوتەبایی بەبونیادی ناوەخن و ڕوخسارەکەی بدات .

**نازانم عشتار دایکمە یان زڕدایك؟!**
**بۆ غەواران**
**هەنگوینی یەکەمی ماچی بووك**
**بۆ منیش ژار..**
**ژاراوی تووك [4]**

شاعیر لەبەر پێداویستی سەروای شیعرەکە دوو فۆنیمیی(مە)ی کرتاندووە لەکۆتایی وشەی(دایکمە)، چونکە وشەکەی جاری یەکەم نووسیوە، تاکو لەگەڵ(بووك و تووك)هەمان سەرواین، هەرچەندە لادانێکی زمانی بەهۆی کرتانی فۆنیمەوە ئەنجامداوە، بەڵام بەم کارەی بونیادێکی جوانیناسانەی بۆ دەقەکەی بەرجەستەکردووە.

**یەك پەنجە نادۆزیتەوە ڕات بژەنێ**
**کەمانچەیێ هەڵناکەوێ**
**کوژانەوەی فەنەری خەونت بژەنێ و[5]**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور ، ل 47.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 31.
(3) سەرچاوەی پێشوو، ل 56.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان ، ل 62.

(ڕات بژەنێ، هەڵناکەوێ، بژەنێ)فۆنیمی(ت)ی کۆتایی وشەکان کرتێنراوە، بەمەش بەجوولەتر و جۆشدارتر حاڵەتەکە وێنادەکات، هەروەها شاعیر لەبەرپێویستی هونەرییانەی شیعری ئەو کارە ناوازەیەی هێناوەتەدی، تاکو جوانتر وچالاکانەتر ئامادەسازییەك لەنێوان بابەت و ڕوخساری دەقەکە بەدیبهێنێت.

**ئەوەی تۆ خۆش بوێ و تیشکی**
**ئەستێرەی پێ بکەوێت ... دەبێت**
**تا دەمرێت باری نوشوستی و**
**خەفەتی بەکۆڵەوە بێت[1]**

شاعیر دەنگی (ی) لەوشەی(تۆی)و دەنگی(ت)ی لە(بوێت)کرتاندووە، پێدەچێت شاعیر بەمەبەست ئەوەی ئەنجامدابێت، تاکو بڵێت:شارەزای هەڵە بەکارهێنانی ڕێزمانیشە و بەبەکارهێنانی زیاتر خێراتری دەکات و بەکرتانی لە وشەی(بوێ) ئاوازەکەی ناوازەتر و سوکتر کردووە، چالاکانەتر دەردەبڕدرێت و ئیقاعێکی موزیکی جولەدار و ئاوازدانەرانەی بەبونیادی ناوەوەی شیعرەکە بەخشیوە.

**نەی نەوزادێك ئاگراوی گریان دەیبا**
**وەك باز ڕووتوقووت بێ پەروا[2]**

فۆنیمی(ت) کرتێنراوە لەکاری ڕانەبردووی(دەیبات)، تاکو لەگەڵ وشەی (پەروا)ببنە هەمان سەروا، بەمەش ڕیتمێکی خێرای ساناى ئاوازداری بەهێز و بەسۆزی بەشێوازی دەربڕینی گوزارشتکردنی هەست و هاوار و دەنگدانەوەی سەدای پڕ لەئێشی گیانی شاعیر داوەو لێکچواندنێکی لەنێوان خۆی و بازێکی ڕووتوقووتی بێ پەروا ئەنجامداوە.

**ئەی بۆیە مرۆ**
**دەبێت پێش ئەوەی بکەوێتە ڕێ**
**خۆی تەیار بکات... پێشبینینی هەبێت[3]**

دەنگی(ڤ)لەوشەی (مرۆڤ) لابراوە، بۆ بەکارهێنانی شێوەزاری زمانی کوردی(کرمانجی سەروو) دەگەڕێتەوە، هەندێك دەڵێن(مرۆڤ)و بەشێکی دیکە دەبێژن(مرۆ)، بە لابردنیشی شیعریەتێکی هونەریی و خێرای بەبونیادی پێکهاتە و زمانی گۆکردنی داوە و بەڕەوانی و ئاسانی دەردەبڕدرێت .

**<u>پ- کرتاندنی دەنگی سەرەتا و ناوەڕاست</u>**

**نەمدەهێشت کاروانت <u>دەرچێت</u>**
**<u>بشبوورە</u> <u>گەر</u> نەمتوانیبێت[4]**

شاعیر سێ هەنگاوی کاری هونەری و ئیستاتیکی بەئەنجامگەیاندووە، بۆ ڕاگرتنی کێش و سەروای شیعرەکە، بەکرتانی دەنگی(م) لەناوەڕاستی وشەی(بمبوورە)و دەنگەکانی(ئە)لەسەرەتای

(5) نەوزاد ڕفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 63.
(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل52.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل4.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل66.
(4)سەرچاوەی پێشوو، ل55.

وشەی(ئەگەر)ودەنگی(ب) لەوشەی(دەربچێت)، چونکە بەنەکرتانیان کێشی یەکیان نۆ بڕگە و ئەوەی دیکەیان دە بڕگە دەبوو، خاوتر و هێواشتر دەردەبڕدرا، بەڵام بەم کارە دێڕەشیعرەکە یەکسانن و هەشت بڕگەن، هێزی دەربڕینی زمانی بەجۆشتر و خرۆشتر و خۆشتر و ئاسانتر بووە، لەسەر گوێچکەی خوێنەردا، هەروەها شاعیر بۆ کۆتاییهێنان بەهەڵوێستێك بەئەنقەست ئەمەی بەکارهێناوە و کرتاندنی پێکردووە .

**ت- کرتاندنی دەنگ لەسەرەتای وشەکان:**

**پێش وەی قەدی دار**
**خاچ و پوازی لێ دابتاشرێت (1)**

شاعیر دوو دەنگی(ئە)ی وەك بڕگەیەك، لەسەرەتای وشەی(پێش ئەوەی)کرتاندووە، تاکو لەکاتی خویندنەوە و گوێکردنی ئەو نیوەدێڕەدا بەخێرایی و بەبێ لەنگەرگرتن بخوێنرێتەوە و بەئاسانی و سانایی بگاتە گوێچکەی خوێنەر، بەمەش هەست وسۆزی بجولێنێ و بخرۆشێنێ و جوانی بەدێڕەکەش داوە.

**خامەی حاجی قادر وشك هەڵدەگەڕێت**
**زێی هەنگوینی ڤینی مەم و زین- ی خانی- ش ڕێ دەگۆڕێت(2)**

هەردوو فۆنیمی(ئە)وەك بڕگەیەك لەسەرەتای وشەی(ئەڤین)بۆیە کرتاوە، ئەمەش هەرچەندە پەیوەستە بەهۆکاری شێوەزاری کرمانجی ژووروو کە بەمجۆرەی بەکاردەبەن، بەڵام شاعیر ویستویەتی ئەو پەیامە نەتەوایەتییە و خۆشەویستیە بەگوێی خوێنەرانی بدات، کە ئاگادارە لەبەکارهێنانی وشەکانی ئەو شێوەزارەش، چونکە باسی داستانی مەم و زین و خانی دەکات، بۆیە وشەکەی وەها نووسیوە، هەتا هەمان مانا بدات، پاشان بەیەکەوە بەستنەوەی هەمان پەیام و مانا بەبیر و بۆچوون و بە خامەی حاجی قادرەوە ، بەمەش بونیاتی ژێرەوەی دەقەکەی قوڵتر کردۆتەوە. هەروەها بنەمای ئیستاتیکییەکەشی ئەوەیە بەکرتانی باشتر و ڕەوانتر خزمەتی بەبواری موزیکی ناوەکی دەقەکە کردووە لەساتی زمانی دەربڕینیدا. هەروەها بەئەنجامدانی ئەم کارەی بونیاتی واتایی دەقەکەی فراوانتر کردووە.

**تۆ فێربوویت پێش وەی زریان ڕات پێچێت**
**کەرك لەبەر کەیت؟(3)**

شاعیر فۆنیمەکانی(ئە)ی کرتاندووە لەوشەی(پێش ئەوەی)، لەسەرەتای وشەکەدا،بۆ ئەوەی لەسەر زماندا بەئاسانی و بەسووکی و خۆشی دەرببڕێت و ئاوازێکی ناسکی خۆشیشی پێبەخشیوەو هەروەها دەنگی(ب)ی لەسەرەتای وشەی(بکەیت)کرتاندووە، تاکو ئاوازەکەی ناسکتر و جوانتر بێت و بۆ بەرزڕاگرتنی کێشی شیعرەکەش بەشێوەی بڕگەیی (5)بڕگەیە، بەمانەوەی دەبووە(6)بڕگە، تاکو کاردانەوەی لەسەر خوێنەر زیاتربێت و بونیادی بابەتی و ئیستاکییەکەشی کاریگەرتر بێت.

**کە دیتت چاوم لێکناوە**
**مەخەڵەتێ**

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل49.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 123.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 20.

**ژێر متمانە بەنووستنی گرکان دەکات؟**(1)

کاری(مەخەڵەتێ)سێ فۆنیمی(هەڵ)ی لەسەرەتای وشەکەدا لەگەڵبووە، شاعیر کرتاندوویەتی، واتە بڕگەیەك لابراوە، کە خۆی(هەڵمەخەڵەتێ)یە، ئەویش پێشگرێکە و کارەکە داخوازییەکی داڕێژراو بووە، بەمەش شاعیر ئامانجی بووە چاکتر هێزی گۆکردنی بێ بەربەست بێت و بەڕەوانی و ئاسانی پەیامە مەبەستدارەکەی بگاتە خوێنەر.

**کە زریانم دی نەدەسرەوت**
**زێم دی سەری دەدا لەبەرد، هاواریەکرد**
**هەرچی باڵندە و درەختی زەوی هەبوون**
**تێی ورووکان ژێرنەبۆوە** (2)

شاعیر دەنگی(د)ی لەسەرەتای وشەی(دەکرد)لابردووە، بەلێکدانی هەردوو دەنگی (ی) و(ە)دەنگی (د)سوواوە، بەهۆی بەکارهێنانی شێوەزارەوە، بەمەش کارلێکێکی دەنگی بەتین لەنێوان پیتەکاندا دروستبووە، پیتی(د)ی کرتاندووە، تاکو لەرینەوەیەك لەهێزی کاریگەری دەنگەکە و مانەوەی وێناکردنی نەسرەوتنی زریان و سەر لەبەرد دانی زێ و ژێرنەبوونەوەی، بەکۆبوونەوەی هەرچی باڵندە و درەختی زەوی بگاتە بەرهەستی بینین و گوێی خوێنەر.

**چۆن قۆچ بەبەرد تیژکەنەوە**
**تۆش پێش وەی داکات کەڕك و**
**سەبووریم پێ دەبەخشیت و**
**جێم لەکوختەی گەرمی خۆتدا دەکەیتەوە**(3)

شاعیر لەم کۆپڵەشیعرەیدا بەشێوەیەکی هونەرییانە کاری کردووە، سێ کرتاندنی ئەنجامداوە، لەکاری داخوازی(بکەنەوە) دەنگی(ب) لەلابراوە، چونکە وەك وشەیەکی لێکدراو لەپاڵ(تیژ)دانراوە، کە دەکرێت هەبێت یاخود نا، هەروەها دەنگەکانی(ئە)وەك بڕگەیەك لەوشەی(وەی)لابراوە، سەرەڕای ئەوەش دەنگی(ب)لەکاری داڕژاوی دانانی(داکات) لابراوە، کە ئەمانە گشتیان بەگوێرەی دەستووری ڕێزمانی دروستبوونیان دەبێت هەبن، بەڵام ئیستاتیکایەکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئاسانکردن و خۆشی دەربڕینی ئاوازی گۆکردنەکەی لەسەر زماندا، بەهۆی ئەو لادانە زمانییەوە لە ئاستی دەنگدا بەدیهاتووە، بەو هۆیەی سەدای کاردانەوەکەی پتر و زێتر بێت لەسەر خوێنەر، کە هەست بە بەرزی ونزمی ناخی شاعیر بکات. لەلادانی زمانییەوە بەهۆی کرتانی دەنگێك، یان چەند دەنگێکەوە لەوشەیەکدا، لەشیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەتدا، هەستمان کرد لەکرتاندنەکەدا بەزۆری دەنگی(ت) لەبەشێکی زۆری دەقەکانیدا لەکۆتایی وشەکاندا کرتاوە، هەروەها لەسەرەتای وشەشدا بەشێوەیەکی گشتی بڕگەی(ئە)کرتێنراوە، پاشان دەنگەکانی دیکە لەناو دەقەکانیدا کرتێنراون.

## 2- زیادکردنی دەنگ

جۆرێکی دیکەیە لەشێوازی لادانی زمانی دەنگیدا، کە ئەویش بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت، جا لەبەر لایەنی مۆسیقا یاخود هەر هۆکارێك بێت، شاعیر دەنگێك دەخاتە سەر وشەکە و زیادی

(1) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 24.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 7.
(3) سەرچاوەی پێشوو، ل 19.

دەكات، بەو مەرجەی كار نەكاتە سەر مانا و واتای وشەكە نەگۆڕێت. جگە لەگۆڕینی پێكهاتەكەی نەبێت، چونكە ئەم جۆرە شێوازە لادانە لە شیعردا لەبەر كۆمەڵێك هۆكار پەیڕەو دەكرێ، لەوانەش: دەرخستنی توانا و شارەزایی خودیی و بەخشینی چێژ و ئیستاتیكا و دەگمەنی شیعری و هۆكاری پێداویستی سەرواو كێشی و.... هتد. ئەمەش لەبەرئەوەیە كە(لەوشەدا... شتێك زیاد بكرێ، ئەو شتە ئەگەر نەشبووایە، مانا هەروەكو و خۆی بووایە، واتە: بەزیادكردنەكە واتاكەی زیادی نەكردبێ))[1].

**وا یەكەم سروودیان خوێند و**
**یەكەم شەڕیشیان دامەزراند[2]**

نەوزاد ڕەفعەتی شاعیر لەكۆتایی نیوەدێری یەكەمدا دەنگی(و)ی ئامرازی پەیوەندی لەدوای وشەی (خوێند)زیادكردووە، ئەمەش لادانە. ئەگەر زیادی نەكربایە، ئەوا كێشی شیعرەكە كەموكوڕی تێدەكەوت، چونكە نیوەی یەكەم(7)بڕگە و دووەم(8)بڕگە دەبوو، بەم زیادبوونە بووە بە(8)بڕگە وبەمەش یەكسانییەك لەكێشی بڕگەیی شیعرەكە بەرپابووە، بۆیە بۆ پێداویستی كێشی و ئاسانكردنی خوێندنەوەی شیعرەكە ئەم كارە هونەرییەی بەئەنجامگەیاندووە، ئەگەرنا ڕاوەستانێك و لەنگییەك دەهاتەئاراوە، بۆیە قەشەنگی و ناوازەیی پێداوە.

**شەو دەبێتە كۆسارێك و**
**تونێلێكم پێ لینادرێت [3]**

شاعیر بەزیادكردنی دەنگی(و)لەكۆتایی نیوەدێری یەكەمدا، لادانێكی زمانی لەئاستی دەنگسازیدا ئەنجامداوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە تا نیوەی یەكەم و نیوەدێری دووەم هەر دووانیان ببنە(8+8)بڕگە، ئەگەر زیادبوونی نەكردبا، نیوەی یەكەم (7)بڕگە و دووەمیش(8)بڕگە دەبوو، كەواتە ماناكەی نەگۆڕیوە بۆ كێش ڕێكخستن و پیشاندانی توانی هونەری خۆی ئەم كارەی كردووە، بووەتە بنەمایەكی گرنگی ئیستاتیكی دەقەكە و جۆرێك لەجوانكاری دیكەشی لەنێوان(كۆ)و(ك و)ی هەمان وشەدا(كۆسارێك و)بەرجەستەكردووە، چونكە سازگەی گۆكردنی دەربڕینی دەنگی بزوێنی(ۆ)و(و) لەئاستی دەنگسازیدا لەدواوە و ناوەڕاستی زمانن، بەڵام لێكیان نزیك بكاتەوە.

**دەبێت كام غەریب لەگوند و**
**ئاوایی نزیك بێتەوە[4]**

لەنیوەدێری یەكەمدا شاعیر دەنگی(و)ی بۆ كۆتایی ڕستەشیعرییە زیادكردووە، تاكو لەڕووی بونیادی واتاییەوە تەواو ماناكەی بگەیەنێ، بەزیادنەكردنی جۆرێك لە لێكدابڕان و وەستان دروستدەبوو. لەگەڵ ڕستەی شیعری دووەمدا، وەك ئامرازێكی لێكدەریش وشەكانی (گوند و ئاوایی)بەیەكەوە گرێداوە، كە هەمان هاوواتایی یەكدین، بەمەش توانای خۆی نیشانداوە، بەزیابوونیشی هاوكێشی بڕگەیی هاتۆتە كایەوە، باشتر و خێراتریش گۆدەكرێت.

**لەگەڵ بەیبوون و ڕێواس و خاو و**

(1) ئیدریس عەبدوڵڵا(د.):شێوازگەریی لادان، چاپخانەی لەریا، سلێمانی،2013، ل 39.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 48.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەكان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 25.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەكان هەڵدەفڕێنمەوە ، ل 26.

**قاز و قورینگ و شەنگەبیزادا**(1)

ئــەم زیادکردنــە شــێوازێکی دیکــە لادانــەی بــەهۆی زمانــەوە، شــاعیر بــەزیادبوونی دەنگی(و)هەوڵیداوە ڕیتمی خوێندنەوەی دەقەکە، کاریگەرییـەکی بـەهێز و بـەتینتربێ، (بـەیبوون و، ڕێـواس و، خـاو و)لـەبونیادی ناوەوەیـدا کـارێکی ئیسـتاتیکی ئەنجامـداوە و جوانیبـوونێکی نایـابی بەشیعرەکەی بەخشیوە، لەلایەکی تریشدا هاوکێشی بڕگەکەی دروستکردووە.

**لەدەوروبەردا دادەبڕام و**
**بەبێ دەنگ لەگەڵیا دەدوام**(2)

شێوازی لادانەکەی لە ئاستی دەنگسازیدا، بەهۆی زیادکردنی دەنگی(و)وە لـەکۆتایی نیـوەی دێـڕی یەکەمـدا، بەمـەش بەیەکـەوە گرێـدانێك و بەیەکەوەبەسـتنەوەیەك لـەڕووی بونیـادی بابـەتی و هونەرییەوە بەرجەستەبووە، بەم زیادبوونە خێرایەکی ئاوازدار و هاوئاستی و هاوتەبایی و هاوکێشی بڕگەیی(8)بڕگەیی بۆ هەردوو نیـوە دێڕەکـە پێکهـاتووە، بـەبێ ئـەوەی ماناکـەی زیـاد بکـات، بـەڵکو بەنەبوونی دابڕانێك لەتەواوی مەبەستەکەیدا پەیدادەبوو.

## 3- جێگۆڕکێی دەنگی

بریتییە لەوەی کە دەنگێك، یان زیاتر لە پێکهاتەی وشەیەکدا جێگەی خۆیان دەگۆڕن، کە دەنگی بڕگـەی یەکەم جێگەی خۆی لەگەڵ دەنگی بڕگەی دووەم دەگۆڕێت یـاخود بەپێچەوانـەوە دەنگی بڕگـەی دووەم جێگـەی خۆی لەگەڵ بڕگەی یەکەمدا دەگۆڕێت، بەبێ ئەوەی ئەم جێگۆڕینە ببێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە، لەئـەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری جیاجیا دروست دەبێت، لەوانە لەنێوان دوو زمـان یـان دوو زار یـان لـە زارەکیشـدا دەبینرێـت، هەروەکو:(کن– نك، بروانە- بنۆڕە، جگەر- جەرگ)...هتد.(3)

ئەمجۆرە مامەڵەکردنەی شاعیر لە جێگۆڕکێکردن بەدوو دەنگـی وشـەیەك دەشـێت، بـەهۆی پێویستی موزیکی شیعریی بەتایبەتیش سـەرواوە بێـت، یـاخود لەبـەر خولیـای جیـاواز و دەرکـەوتنی توانای شیعریی شاعیرەوە بێـت، یـان بـەهۆی ئاسـان و ڕەوان گـۆکردنی، یـاخود پەیوەنـدی بـەچینی کۆمەڵایەتی و ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیرییەوە هەیە.

**خاکەلێوان**
**قاز و قورینگ و مراوی هەڵاڵەهێن**
**ئەڵقە... ئەڵقە... بەروە ئیلاخ**
**بەروە بڵندی و زنەی شاخ**
**بە ئاسماندا تێناپەڕن** (4)

لـەم کۆپلـەیـەدا شـاعیر لـەجیاتی وشەی(بەرەو)وشـەی(بەروە)ی بـەکارهێناوە، جێگـۆڕکێی دەنگی لەنێوان(ە،و)دا کردووە، جێگەی خۆیان گۆڕیوە لەهـەمان بڕگـەدا پـاش و پێشـی بەدەنگـەکان کردووە، بـێ ئـەوەی واتـای وشـەکە بگۆڕێـت، بـەهۆی بـەکارهێنانی شـێوەزاری و ئاسـان و ڕەوان گۆکردنی.

(1) سەرچاوەی پێشوو ، ل108.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل208.
(3) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(د.):دەنگسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر،2014، ل 103.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 96.

**دەزانی ئەمشەو ڕەڤین و کۆچی مرۆی ماڵ لەکۆڵ و**
**پەڕاگەندەی هەمیشە کۆچبار لە ڕێیە(1)**

لەم دێڕە شیعرەدا، شاعیر جێگۆڕکێی دەنگی بەکاربردووە لەبری وشەی(ڕەوین)(ڕەڤین) بەکارهێناوە، بەمەش جێگۆڕکێی دەنگی لەنێوان(ڤ، و)دا ئەنجامداوە، بەهۆی خولیای جیاواز و دەرکەوتنی توانای شیعریی خۆی، کە شارەزایە لەشێوەزارەکانی زمانی کوردیدا، کە زۆربەی جاران لەشێوەزاری کرمانجی ژووروودا دەنگی(و)دەگۆڕێت بۆ(ڤ).

**دەچمەوە هەمان کۆڵان و**
**هەمان ماڵ و هەمان نوێن**
**پێڵووی ئارامی و چێژێکی بێ ئەندازەم پێ لێکدەنێن(2)**

شاعیر لەم پارچەشیعرەیدا وشەی(نوێن)ی لەبری(نوین)بەکارهێناوە، جێگۆڕکێی دەنگی لەنێوان دەنگی(ێ،ی)دا کردووە، هەرچەندە تا ئەندازەیەك ئەمجۆرە بەکارهێنانە لەنێو کۆمەڵدا هەیە، بەهۆی شێوەزارەوە، کە شێوەیەکی ناوچەیی(لۆکاڵییە)، بەڵام شاعیر بۆ چێژداربوونی لایەنی موزیکی شیعرەکەی و پتەوکردنی سەرواکەی سوودی لێوەرگرتووە، لێرەدا بنەمایەکی ئیستاتیکیبوونی پێداوە.

**جووتێك لەقلەق**
**لەبەر بەرۆچکەی شیرەتێن**
**لەهێلانەی دووره دەستی جوانی شێوێن (3)**

شاعیر وشەی(شیرەتێن)ی لەجێگەی (شلەتێن، شیلەتێن*)بەکارهێناوە، جێگۆڕکێی دەنگی لەنێوان(ر،ی)دا بەئەنجامگەیاندووە، بەبێ ئەوەی واتای وشەکە تێکبچێت، بەهۆی ئەو حەز و توانایە خودییەی، کە ویستویەتی لەنووسینی شیعرەکانیدا پەیرەوەی بکات، هەروا بەشێوەیەکی سانا و بێ هیچ گرێ و گۆڵەیەك ڕەوانتر دەردەبڕدرێت، دەیەوێت بەخوێنەریش بڵێت:کە بەشێوەیەکی باش ئاگاداری زار و بن زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردییە تەنانەت بە ناوچەییەکانیشەوە.

**ئەوە چیم بەخەیاڵدا دێت!**
**شەوێکی سارده نەبارێت**
**خۆزگەم بەگوێ ئاگردانێك!**
**بەشکەفتێك ناحەز بەدەرگای نەزانێت!(4)**

شاعیر لێرەدا لەجیاتی وشەی (ئەشکەوت)(ئەشکەفت)ی داناوە، جێگۆڕکیی دەنگی لەنێوان دەنگی(و،ف)دا ڕوویداوە، ئەگەرچی وشەکە تاڕادەیەك ئەم بەکارهێنانەی لەنیو کۆمەڵگەدا هەیە، بەهۆی جیاوازی شێوەزارەکان لەزمانی کوردیدا، بەڵام شاعیر لە ئاستی بابەتیشدا پەیامێکی تایبەتی مەبەستبووە، بەگەڕانەوەی بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بەگشتی و بەتایبەتیش بەپێی سەرچاوە مێژوویی و

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل97.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 101.
(3) سەرچاوەی پێشوو ، ل 125.
* لەئەسڵدا(شیرەتێن)ە، واتا گەرمییەکەی وەکو:شیرە، بەڵام بووەتە شیلەتێن و وەها ڕۆیشتووە.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل 134 .

ئەفسانەییەکان تاکی کورد میللەتێکی گەلێك کۆنە لەسەر ڕووی ئەو زەوییە، بۆیە ئاگردان و ئەشکەفت ماڵی یەکەمی بووە، هەروەها شاعیر بڕگەی(ئە)ی ئەشکەفتی کرتاندووە، هەرچەندە هەبووایە کێشەکەی نەدەگۆڕا.

**گۆشەی لاپەڕەی مەیخانەکان و شەقامەکان**
**وەدەنگ بێنە/ ڕازی قەدەغە و نهێنیی**
**ژوورەوە و ناخ/ بەئەستێرە و شێت و**
**سەرخۆشی درەنگان/ درەختەکان/ بدرکینە/[1]**

شاعیر لەم بەشەدا وشەی(وەدەنگ)لەباتی( بەدەنگ)بەکاربردووە، لەنێوان دەنگی(ب، و)جێگۆڕکیی دەنگی ڕوویداوە، ئەمەش بەهۆی هۆکاری زارە جیاوازەکانی زمانەکەمانە، کە زۆرجاران(بەدەنگ- وەدەنگ- ڤەدەنگ) بەکاردێت، بەڵام شاعیر لێرەدا توانای هونەرمەندی و چالاکی شیعریی خۆی تاقیکردۆتەوە، بەهۆی ئەو ئەزموونەی کە پەیدایکردووە، بەمەش بونیادێکی جوانی جوانیناسانەی پەیرەوکردووە.

**بەباوەشێك ئاورەوە**
**بەژێی سووتاوی تارەوە**
**بەشەوقەوە**
**دەچمە بەر گوڵبارانی با[2]**

لێرەدا لەجیاتی وشەی(ئاگر)(ئاور)بەکارهاتووە، جیگۆڕکێی دەنگی لەنێوان دەنگی(گ، و)دا ئەنجامداوە، بەسوودوەرگرتنی لەشێوەزاری دیکەدا و هەروا لەکاتی دەربڕینی لەئاخاوتندا زمانێکی ڕەوانی پێداوە و بەئاسانی گۆدەکرێت، بەم کارە هونەرییەی لەزەتێکی موزیکی و ئیستاتیکی هونەریی بەدیهێناوە.

**دەچمە بەر مەمکی چل چرای سۆز و وەفا**
**شکا... شکا...**
**شکا... تەوق و تەشقی دێڤا[3]**

وشەی (دێڤا)لەدوا دێڕدا لەجیاتی(دێو)هاتووە، شاعیر جێگۆڕکێی بەدەنگەکانی(و، ڤ) کردووە، چونکە وشەی(وەفا، دێڤا) جگە لەوەی هەردووکیان بە(ا)کۆتاییان هاتووە، پێش سەرواکانیشیان(ف، ڤ)ە، کە سازگەیان نزیکە و هاو مۆسیقا دەبنەوە، ئەمەشیان بەسوود لێوەرگرتنی لە زاریکی تری زمانی کوردی، کە زاری کرمانجیی ژوورووە، بۆ بەهێزکردنی بواری موزیکی دەقەکەی و پتەوکردنی کێش و سەرواکەی سوودمەند بووە، تاکو خوێنەر چێژیی لێببینیت.

**پێئەکەنم...**
**ئەگریم... پێئەکەنم... ئەگریم**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ، ل 131.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 255.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 255.

**ئـەگریم... ئـەگریم**
**پێئەکەنم(1)**

وشەکان بەپێی دەستووری ڕێزمانیان(دە+ڕەگی کار+ جیناوی لکاو) دروستدەبیت، بەڵام شاعیر وشەی (پێئەکەنم)لەجێگەی(پێدەکەنم)و(ئەگریم)لەجیاتی (دەگریم)بەکارهێناوە لە دەقە شیعرەکەیدا، دەنگی(ئـ ، د)جێگۆڕکێی پێکردوون، بەهۆی شێوەزاری دیکەوە ئەم جێگۆڕکییەی کردووە لەدەستووری ڕێزمانی نووسینی ئاساییدا لایداوە، بۆیە دەربڕینی وشەکان وزەیەکی جوانتر و چالاکتری پێدراوە.

## 4- گۆڕینی دەنگ

بریتییە((لەگۆڕینی دەنگی وشەیەك بۆ دەنگێکی دیکە کە لەشێوازی ئاخاوتنی هەندێ کەسدا ڕوودەدات، بەبێ ئەوەی ئەو گۆڕینە واتای وشەکە بگۆڕێت. واتە وشەکە لەدوو فۆرم یان زیاتردا بەهەمان واتا دەردەکەوێت، یا هەندێجار دوو فۆرمی وشەکە لەیەك زاردا هەن، جاری واش هەیە هەر فۆرمەی لەزارێکی تایبەتیدا بەکاردێ))(2).

**تەختی شاهانە دانیشێت ... ببینە کەوڵە پڵنگی**
**ناواخن پووش: داوەڵی شان بەڕیقنە و پەڕکووری (3)**

لەم دێڕەدا شاعیر لەجیاتی وشەی(جیقنە)(ڕیقنە)ی بەکاربردووە، بۆیە گۆڕانکاریی لەنێوان دەنگی(ج، ڕ)دا کردووە، هەرچەندە وشەکە لەنێو کۆمەڵگەدا بەکاربردنی بەمجۆرەی هەیە، هەرچەندە دوو فۆرمی وشەکە لەیەك زاردا هەن، بەڵام بەهۆی جیاوازی شێوەزاری لۆکاڵی شاعیر بەکاری هێناوە، بەمەش خولیای جیاواز و دەرکەوتنی بەهرەی شیعرنووسین و ئەزموونی ڕۆشنبیری و ئەدەبی خۆی بەدەرخستووە.

**واتدەزانی گەر لەدەرکەی قەفەسەوە دوورتر فڕیت**
**گەر بوو لێڵان نەچیتەوە هەمان کۆڵیت(4)**

گۆڕینی دەنگی(گ، ك)لەوشەی(دەرگە)بۆ(دەرکە)لەشێوەی ئاخاوتنی هەندێك کەسدا گۆڕاوە، بەبێ ئەوەی مانا و واتاکەی بگۆڕێت، کە لەیەك زاردا بەکاربردنیان هەیە، شاعیر بە بەکارهێنانی(دەرکە)و(کۆڵیت)هەوڵیداوە هەردوو شێوەزاری شاری هەولێر و سلێمانی بخاتە ڕوو، چونکە خەڵکی هەولێر دەڵێت:کۆریت، بەگۆڕینی دەنگی(ڵ، ر)، هەرچەندە خەڵکی سلێمانی دەڵێن: کولانە، بەڵام ئەم کارەشی بۆیە ئەنجامداوە، تاکو بیسەلمێنێت کە لەیەکێکیان شێوازی چۆنە و لەوەکەی دیکەیان بەچ شێوازێك وشەکان بەکاردێت.

**دەشقەم جادوویەك بتکاتە پەڕەسێلکە و**
**بەدڵی شکاوو باڵی لە شەمێی خەم**
**بڕۆیت و نەگەڕێیتەوە(5)**

(1)سەرچاوەی پێشوو، ل 266.
(2) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(د.):دەنگسازی، ل 103.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 189.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 232.

لەجێگەی وشەی (بەشکەم)(دەشقەم)ی داناوە، بەگۆڕینی دەنگی(ب، ك)بۆ(د، ق)ئەو کارە هونەرییەی بەئەنجامگەیاندووە، شاعیر مەبەستی بووە شێوەی ئاخاوتنی ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی دیکەدا بخاتەڕوو، بەبێ ئەوەی مانا و واتای وشەکە گۆڕانی بەسەردابێت،کە وشەکە بەدوو فۆرمە، بەڵام بەهەمان واتای خۆی بەدەردەخات، کە لە شێوەزاری شاری هەولێر بەمشێوەیە گوزارشتی لێدەکرێت و دەردەبڕدرێ، لەهەندێك ناوچەدا، بەڵام لەشێوەزاری سلێمانیدا بە(بەشکەم)گۆدەکرێ و هەمان مەبەست و واتاش دەگەیەنن لەیەك زاردا.

**دووەم: لادان لە ئاستی وشەسازیدا**

وشە بنەمایەکی سەرەکی پێکهاتەی کەرەستەی شیعرە، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ گەیاندنی واتا و هێنانەکایەی کارێك و کاریگەریی و بەدەستهێنانی جوانیناسی لەشیعردا، ئەمەش خاڵی وەرچەرخان و جیاکاریی ژانری شیعرە بەشێوەیەکی تایبەتی، کە لەپێکهاتەی بونیادی دەستەواژەی دەربڕینی کاری ئەدەبیدا بەگشتی جیادەکاتەوە، لەبەرئەوەی(لەناو هەر کارێکی ئەدەبیدا ئەو وشەیەی بەکاردێت، جودایە لەو وشەیەی کە لەناو زمان و پێکهاتەی قسەی ئاساییدا بەکاردەهێنرێت)(1).

بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی وشە لە گوتاری هەر دەقێکی ئەدەبی و بەتایبەتیش لەژانری شیعردا، خاوەن زمان و ئەرك و بەها و داڕشتن و بنەمایەکی تایبەتییە،

لەبەرئەوەی(شیعر زمانە و دژەکەی بوونی نییە، چونکە زمانی شیعری بەم خاسیەتە لە زمانەکانی دیکە جیادەبێتەوە، کە پێش دەسپێکردنی هەموو شتێك گەمەیەکە بەوشەکان دەکرێت، بەمەش وشەکانی هەنگاودەنێن بەرەو ئاستانەی جوانیناسی و دەبێتە بوونێکی سەربەخۆ)(2). کەواتە وشە ڕۆڵێکی بەهێز دەبینێت لەڕوونکردنەوەی پەیام و وەسفکردنی ڕوخسار و خاسیەتی شتەکاندا، کە شاعیرانیش لەشیعرەکانیاندا شێوازی دەربڕین و لایەنە دیار و پەنهان و نهێنییەکانی هەست و سۆز و باری دڵ و دەروون و ئاستی جۆری بیر و هزر و توانای زانیاری و ڕۆشنبیری و ئەزموونیان دەخەنەڕوو، لەبەرئەوەی وشە((کەرەستەی خاوی دەربڕینە و کاریگەرییەکی گەورە و مەزنی هەیە لەسەر ئادەمیزاد دا))(3). جگە لەوەش سەرەڕای ئەو گەشەسەندنەی کە لە شێوازی بەکارهێنانی زماندا بەپێی ڕۆژگار و قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی ئادەمیزاد ڕوویداوە، بۆیە کاریگەرییەکەی زیاتر لەوشەدا بەدەردەکەوێت.

هەروەها لای(ڕۆلان بارت)یش:((دەق بریتییە لەچنین و دانانی کۆمەڵە وشەیەکی ڕێکخراو لەپاڵ یەکدا، کە گونجان و شێوەیەکی جێگیر پێك دێنێت، ئەمەش تاکە ڕێگەیەکە، کە نووسەر بەپێویستی دەزانێت و پەی پێ دەبات))(4)، چونکە شێوازگەرییەکان لەخاسیەتی شیکردنەوەی دەقدا بەوشە دەسپێدەکەن، کە چ پەیوەندییەکی بەوشەیەکی دیکەوە هەیە، کە شانبەشانی بەکاردێت،(ئینجا بەرەو ڕستە و پەیوەندی بەو کەسانەی کە دەینووسن و دەریدەبڕن و ئەوانەشی قسەی پێدەکەن و

(5) سەرچاوەی پێشوو ، ل 231.
(1) جاكوب كورك:اللغة في ألأدب الحديث، الحداثة و التجريب، ت: ليون يوسف و عزيز عمى نوئيل، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد، 1989، ص 159.
(2) لطفي عبد البديع(د.):الشعر واللغة، ط1، مكتبة النهضة المصرية، 1969، ص 5.
(3) فازیل مەجید مەحمود(د.):سروشت لەشیعری گۆراندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،2007، ل124.
(4) سافیە محەمەد ئەحمەد:شێوازە شییعرە کوردییەکانی پیربال مەحمود، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،2014، ل 96.

گوێیـان لێـدەبیت، لەکۆتایشـدا پەیوەنـدیی بـەو گوزارشـت وجـۆری ئـەو بیرکردنەوەیـەوە هەیـە کـە دەینوێنێت)(1).

هەندێجار لەبەر سروشتی شیعرەکە(دەقەکە)یان پێویستی شیعری، شاعیر ناچار دەبێت وشـە و دەربڕین و گوزارشتێکی نامۆ و نائاسایی بەکاربهێنێت، یاخود بەمەبەست ئامانجیـەتی کارامـەیی و توانای فیکریی وئەدەبی خۆی بخاتەڕوو، بۆیە وشەیەکی نوێباو،یـا هەسـتێکی تـازە، لـەدەقێکی نوێیـدا بونیاد دەنێت، کە خوێنەر تووشی بیرکردنەوە و ڕامان و سەرنجدان بکـات و بیچڵـەکێنێت. هـەروەك چۆن((نیگارکێشێك دەیەوێت کارامەیی خـۆی لەبـەکارهێنای ڕەنگەکانـدا پیادەبکـات و گەمـە بەبنـەما چەسپاوەکان بکات لەپێناو داهێنانێکی وەهادا کە توانای مانەوەی هەبێت و هونەریکی بـاڵای ئـەدەبیی لـێ بکەوێتـەوە)(2). لـەم خاڵـەدا شـاعیر یـاخود نووسـەر لـە شـێوازە تەقلیدییەکـەی وشـە و ڕۆنانـە بنچینەییەکـەی لادەدات، بەشـێوە و شـێوازێکی دیکـە یاسـایەکی نوێبـاو بـۆ بـەکارهێنانی وشـەکان دروسـتدەکاتەوە، لەبەرئـەوەی((زمان ڕێگـەی ئـەوە دەدات، کـە تـاك لـەواقیع هـەڵبێت و هەسـت و ئارەزوو و هەڵچوونی خۆی لەقاڵبێکدا دابڕێژێت، زمانێکی تایبەت بەخۆی دروسـت بکـات، لەیاسـا و ڕێساکانی زمان لابدات، کە باشتر وایە، بەداهێنان ناوی ببەین، چونکە یاساکانی زمانی ئاسایی دەبنـە کۆت لەڕێی داهێنـانی شـاعیر))(3)، چونکـە شـاعیر لـەجیهان و ئایدیا و خەونەکانیدا جیهانبینییـەکی فراوانتری هەیە، کە گوزارشتەکانی بەشێوازێکی داهێنەرانە دەربڕێت. بـەبێ وشـە و بـەکارهێنانیان بەشێوەیەکی جیاواز هیوا و خولیاکـانی ناهێنێتـەدی، گـەر ئـەو کـۆت و دەسـتوور و یاسـا وڕێسـایانە نەشکێنێت کە لەبەردەمیدا دانراون. ئەمەشیان بەهەڵبژاردن و گونجان و ڕێکخسـتنی وشـەکان و ئـەو لادانانەی ئەنجامیان دەدات، بلیمەتی و پسپۆری و شارەزایی و تێڕوانینی هزری دەردەکەوێت.

ئەو لادانانەی کە لە ئاستی زمانیدا، بەهۆی وشە و جۆر و شـێوازی بەکاربردنییـەوە شـاعیر ئەنجامیان دەدات، تێکدانی زمان و دەرچوون نییە لەپڕۆسەی خودی کارەکەیـدا، بـەڵکو داهێنـەرەکان هەمووکات هەوڵدەدەن توانا و ئەزموون و شارەزاییان بخەنەڕوو.

شاعیریش وەك تاکێکی داهێنەر لەبواری ئەدەبیدا خاوەن ئایدیا و دیدگای نوێباوە و بـەردەوام لـە گۆشـەنیگای تایبـەت بەخۆیـەوە لـە هەوڵدانداپـە بـۆ داهێنـانی زمـان و شـێوازێکی ئـەدەبی نـوێ، بێگوێدانە دەستوور و پێوەرە ڕێزمانییە دیاریکراوەکان، خۆی ناخاتە ژێر ئەو کۆتو بەند و بەربەست و یاسا و ڕێسـایە زمانییانـەی، کـە ڕەهـایی و ئازادییـەکانی بیرکردنـەوە و ئاواتـەکانی زەوت بکـەن، خـاڵی جەوهـەری داهێنەرانـە لێـرەوە دەسـپێدەکات و بـەهرە و توانسـتە هونـەری و جوانیناسـەکانی هەنگاودەنێن بەرەو تازەبوونەوە و ڕۆنانی وشەی نوێباو و داهێنراو لـە زمـانی شـیعریی شـاعیرەوە. بۆیە بەهۆی چەندین نموونەوە ئاماژە بەو لادانە وشەییانە دەکەین، کە بەچەند جۆرێك ئەنجامـدراون، کە هەندێکیان بەپێکهاتەی ناوەوەی وشـە و یاسـاکانی وشەداڕشـتن گرێـدراون و هەنـدێکی دیکەشـیان بەلایەنی دەرەوەی وشەکانەوە پەیوەستن، کە دیارترینیان لەوانەش:

---

(1) محمد حماسة عبداللطیف(د.):لغة الشعر، ط1، دار الشروق، 1996 ، ص 202.
(2) جمیله ئەحمەد حسێن:شێوازی وتار لەڕۆژنامەی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، 2008، ل 35.
(3) عەبدولواحد موشیر دزەیی(پ.ی.د):لادانی واتایی لەزمانی شیعردا، مجلة _ کلیة اللغات، العدد _ 13، 2007، ل 42.

**أ- داهێنانی وشەی نوێ**

شاعیر بۆ داهێنانی وشەی نوێباو ئەم شێوازە لەزمانی شیعرییەکەیدا بەکاردێنێت و داهێنان بەهۆی بەکارهێنانەوە لە ڕۆنانی دروستکردنی وشە نوێیەکەیدا دەکات، بەڕێگەی دارشتن و داتاشینی دوور لەزمانی ئاساییدا، بۆیە(ئەرەستۆ)ش لەمبارەیەوە دەڵێت:((وشەی داهێنانی شیعری وشەیەکە لەناو خەڵك بەکارنەهاتووە، شاعیر خۆی دایدەهێنێت))(1). ئەو وشانەی پێشتر بوونی سەربەخۆی نەبووە و هەرگیزیش نەبیستراوە و بەکارنەهاتووە، دەبنە مایەی سەرنجی خوێنەر(وەرگر) و بەهایەکی هونەری بەپلەی بەرزکردنەوەی دەقی شیعرەکە دەدەن و ئەزموون و توانا و بەهرەی شاعیر نیشاندەدەن، کە لە زمانی نووسینی داهێنانی شیعرەکەیدا بەرجەستەی دەکات، چونکە شیعر ئامادەگییە لەو وشە و کەرەستانەی کە لەخۆدەگرێت، کە پێشتر لەزمانی ڕۆژانەی ئاسایی و فەرهەنگی زمانەکەدا ئامادەگیی نەبووە، هەروەها یەکێك لەخەسڵەتەکانی زمانی نووسینی ئەدەبی ئەوەیە، کە((بریتییە لەبەکارهێنان و بەرگرێژکردنی هەندێك دەستەواژەی نوێ، ئەوەش بۆ ئەوەی لادانێك، لە زمانی نێو کۆڵان بهێنێتەکایەوە))(2).

سەرەڕای ئەوانەش بەکارهێنانی وشەی داهێنراو، کاریگەری و توانا ناوازەییەکەی بەکاردێت لەمیانی ئەو شوێنەی کە تیایدا بەدەردەکەوێت، لەمبارەیەوە وتراوە:(تەنیا وشەی داهێنراو لەشیعردا جێگەی هیوایە، کە زمان لەمیانیدا دەگاتە ئاستی لوتکەی سەلیقەی توانادرای لەکاتوساتی دەربڕیندا)(3). شاعیر سیستەمی دەنگی و واتا داهێنراوە فەرهەنگییەکانی وشەکان دەخاتە چوارچێوەبەندییەکی دیاریکراو، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی بەدیهێنانی وشەی جیاجیا دەدات، کە جۆرە وشەیەك دادەهێنێت، خەسڵەت و ئەدگاریان لەوشەی ئاسایی ڕۆژانەدا دووربن، ئەمەش بەدووڕێگە ئەنجامدەدرێت:

((1- وشەداتاشین: شاعیر وشەیەکی نوێ دادەتاشێت، هەرگیز پێشتر بوونی نەبووە، بەدەر لەیاسا وشەسازییەکانی زمانەکەی.

2- گشتاندنی یاسایەکی وشەڕۆنان: بەسەر کەرەستە و وشەی تری ئەو زمانە))(4). لەهەردوو باردا ئەو وشە نوێباوانە، هۆیەکن بۆ سوودبینین و ئەزمووونداری و شارەزایی و پسپۆری شاعیر و بارگاویبوونی فەرهەنگی شیعری شاعیرەکە، بەو وشە نوێیانەی کە دایهێناون، لەم بارەشدا زمان بەهۆی بەکاربردنییەوە لەلایەن خودی شاعیرەکەوە، دەبێتە هۆکارێك بۆ تاقیکردنەوەیەکی خودیی، کە شاعیر لەسەر بنەمای کەرەستەکانی زمان وشەی نوێ دادەڕێژێت و زمانی شیعریی خۆی پێ قەشەنگ و ناوازە دەکات، بەمەش دەبێتە خەسڵەت و بنەمایەك بۆ جیاکردنەوەی زمانی شیعریی خۆی لەشاعیرانی دیکە.

**پیری**
**خۆرخواز**
**سەر، قیبلەنومای یاران و**
**دڵ**

(1) ئەرەستۆ:هونەری شیعر، ل 79.
(2) شێرکۆ بابان(د.):کاری (بریتی بوون لە...)لەزمانی نووسیندا، گۆڤاری ڕامان، ژ: 125، 2007، ل 143.
(3) لطفي عبدالبديع(د.):التركيب اللغوي للأدب، مكتبة لبنان، بيروت، 1997، ص111.
(4) محەمەد مەعرووف فەتاح(پ.د):لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، دەزگای موکریانی، هەولێر، 2010، ل 410.

**پڕ**
**نیاز**[1]

شاعیر وشەیەکی داڕێژراوی داهێناوە، کە لەسەر بنەمای ئەو یاسایە، کە وشەی (دڵخواز، بانگخواز)ی پێداڕێژاوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەزمانی ئاساییدا بەکارنایەت و لەفەرهەنگدا ئامادەبوونی نییە، بۆیە وشەی(خۆرخواز)وشەیەکی داهێنراوە.

**چەشنی ساوا...**
**بەڵام ساوای دایکخۆرنا**[2]

(دایکخۆر)وشەیەکی داهێنراوی لێکدراوی شاعیرە، کە لەسەر بنەمای هەمان ئەو یاسایەیە کە وشەی(گۆشتخۆر)ی پێلێکدراوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەزمانی ئاساییدا بەکارناهێنرێت و لەفەرهەنگدا ئامادەیی نییە، بۆیە دەچێتە ئاستی داهێنانی وشەی نوێوە.

**ئەی تۆ مرۆڤی بەفرستان نشین**
**تۆ فێربوویت پێش وەی زریان ڕات پێچێت**
**کەڕك لەبەر کەیت؟**[3]

شاعیر وشەی(بەفرستان)ی لەسەر بنەمای گشتاندنی یاسایەکی وشەڕۆنان ئەم وشە داڕێژراوەی داهێناوە، لەسەرشێوەی(کوردستان،گۆڕستان...هتد)، کە پێکهاتووە لە:(ناو+ پاشگری(ستان)).

**هەر بە پایزنامەکانی با زانیمان**
**گوڵەکان و کۆترە نامەبەرەکان و پەرییەکان**
**لەگیانەڵادان**
**هەر بەچەمەرینامەکان تێگەیشتین**
**چاوی چاوەڕوان کوێراییی داهاتووە و**[4]

نەوزادی شاعیر لەسەر ئاستی وشەسازیدا، بەپێی یاسا و ڕێسای گشتی دروستبونی وشە ڕۆنانی لێکدراو، وشەکانی(پایز+نامە)و(چەمەری[5]+ نامە)ی داهێناون، کە(چەمەری : دەهۆڵێکە کە بۆ شیوەن لێ دەدرێ)، لەسەر شێوەی(ساڵنامە، گەشتنامە)، کە لەشێوە و شێوازی زمانی ئاساییدا بەکارنایەت و لەفەرهەنگیشدا بوونیان نییە، بۆیە داهێنانێکی تازەی کردووە و بەهایەکی ئیستاتیکی پێبەخشیوە.

**لەزەنوێرێك**
**پونگجاڕ و باقژۆکجاڕێك**
**ڕەنگ و بۆیان کردمە دیاری**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 83 .
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 91.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 20.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 103.
(5) شێخ محەمەدی خاڵ : فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2005، ل 145.

**منیش لەپاداشت**
**بەئووچی وشەتاشی**
**یاخود بەخوێن**
**پێیان دەبەخشم نەمری** (1)

شاعیر لەم کۆپلەیەدا سێ داهێنانی نوێباوی لەسەر ئاستی وشەسازیدا ئەنجامداوە، ئەوانیش:(پونگ+جاڕ)، (باقژۆك+جاڕ)بەسوودوەرگرتنی لەیاسای وشەکانی(نێرگزەجاڕ، کەماجاڕ)دوو وشەی نوێی داتاشراوی داهێناوە، کە هەردوانیان ئاماژە بەشوێنی گیای پونگ و دەسکێك یاخود چەپکە گوڵێك دەکەن، هەروەها وشەی(وشەتاشی)پێکهاتووە لە:(وشە+تاشی)(ناو+قەدی چاوگ)، کە وشەکانی(دارتاشی، سەرتاشی...)بەهەمان شێوە دروستدەبن، ئەمانە داهێنراوی نوێباوی شاعیرن، کە لەسەر ئاستی خودیدا دایهێناون و شیعرەکەی جوانتر نیشانداوە.

**کۆرپەی بەر مەمکی مۆمیاژن کەی شیر بمژێت؟**(2)

(مۆمیاژن)داهێنانێکی زێدە نوێباوی شاعیرە، کە لە هیچ فەرهەنگێك و زمانی ڕۆژانەشدا قەت بەکارنەهاتووە، وشەکانی(مۆمیا+ژن)ی لێکداوە وەك دووناو، بەڵام لە هزر و خەیاڵی داهێنەرانەی خۆیدا ئەو ئاماژە شیعرەی پێ بونیاد ناوە و دەقەکەی ئیستاتیکیتر کردووە.

**دەستی لەرزۆکی جزمێکی ستەمنامەی قەد نەشکاوی**(3)

سوودی بینیوە لەیاسایەکی گشتی وشەڕۆناندا، بۆیە وشەی(ستەمنامە)ی داهێناوە، (ستەم) ناو ولەگەڵ(نامە)وەك ناوێکی دیکە، وەسفی جۆری ئەو دەستە لەرزۆکەی پێدەکات، بەمەش بونیادی هونەرییەکەی لەسەر ناخی خوێنەری دەقەکەی بەهێزتر و سەرنجڕاکێشتر کردووە،.

**دامە ئەو کیژە کرمانجەی ماڵنووستنان**
**ئاگری بۆ کردینەوە و چای بۆ لێنایین**(4)

لەئاخاوتنی ئاساییدا وشەی(ماڵنووستنان)بەکاردێت، بەتایبەتی لەپەند و فۆلکلۆری کوردیدا و هەرچەندە ئەم وشەیە لەفەرهەنگیشدا ئامادەگیی نییە، بەڵام شاعیر بەم کارە هونەرییەی داهێنانێکی نوێی ئەنجامداوە بەسوودبینینی لەگشتاندنی یاسای وشەڕۆناندا، بەسەر کەرەستە و وشەی دیکەی زمانی کوردیدا، کە بەلێکدانی(ماڵ+ نووستن+ان)، بەمەش کارێکی ناوازەی جوانی بەئەنجامگەیاندووە.

**بەدەم هەنسك و نرکژنی ڕێی هەڵەمووت برینەوە**(5)

وشەکانی(نرکە+ ژیان(ژینی))ی لێکداوە، وشەیەکی تازە بابەتییانەی داهێناوە، واتە ئەو دەنگە قەبە گەورەی کە نرکە نرکەی زۆر و یەك بەدوای یەك و دوای ماندووبوونێکی یەکجار زۆر

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 219_ 220.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 172.
(3) سەرچاوەی پێشوو، ل 182.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل150 .
(5)نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ، ل 208.

دێتە دەرەوە و ناخۆشییەکانی ژیان گوزارشتدەکات، ئەم وێناکردنەش کاریگەرانەتر کار لەهەست و سۆز و بیرکردنەوەکانی خوێنەر دەکات.

**ب- تێکدانی ڕۆنانی باو**

جۆرە لادانێکی دیکەی زمانییە لەسەر ئاستی وشەسازیدا، کە شاعیر بەشێوەیەکی تر مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا دەکات و ئەو وشانەی لەئاخاوتنی ئاساییدا پێکەوەدێن و بەشێوەیەك لێکدراون، کە لەلای هەموو کەسێکدا بەربڵاو و باون، وەك:(نێر ومێ، سوور وسپی، ڕاست و چەپ، خوارو خێچ و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و...هتد). بەمانایەکی دیکە((بەوتنی وشەی یەکەم، خوێنەر یەکسەر وشەی دووەمی بەبیردا دێت. ئەمەش زیاتر لەو وشە لێکدراوانەدا دەردەکەوێت کە تاڕادەیەك خاوەن ڕۆنانێکی چەسپاوی جێگیرن))[1]. بەڵام شاعیر بەتێکدانی ڕۆنانی باویان لەیاسا گشتییەکاندا دەردەچێت و تێکدانێك لەشێوەی بەکارهێنانیاندا ئەنجامدەدات. بۆئەوەی((شتێکی نوێ دروست بکات، شتێك بەلای خوێنەرەوە چاوەڕواننەکراو و سەرنج ڕاکێش بێت، ئەم لادانە دروست دەکات))[2]. بەمەش ئەوجۆرە شێوازە لادانە چێژێکی هونەریی ئیستاتیکی بونیاد دەنێت و تێڕوانین و سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و ئەمجۆرە بەکارهێنانە لەبەهای هونەری دەربڕینی کەم ناکاتەوە،((بەڵکو لەڕێڕەوەکەی دەخزێ بۆئەوەی واتای تازە بسازێنێ و دواجار دەق سیمایەکی بەرزی شیعری وەردەگرێ))[3].

**دەمگوت: پردێ ڕێی تۆش بڕمێنێت**
**زۆر ڕێگا هەن بەرەو ئیرەم**
**چووزانم ڕێگاکانی دی**
**بۆ دۆزەخی جەنگم دەبەن**
**یەك ڕێیان هەیە زین و مەم[4]**

شاعیر لەڕستەی کۆتایی ئەم کۆپڵەشیعرەدا، ڕۆنانی باوی دەبڕینی(مەم وزین)ی گۆڕیوە و وشەکەی بەجۆرێکی دیکە ڕۆنیوە، کردوویەتی بە(زین و مەم)، بەهۆی ئەو تێکدانەوە ویستویەتی، لەگەڵ وشەی(ئیرەم)ی ڕستەی دووەمدا بگونجێت و هاوسەرواییەك بێنێتەکایەوە و سەروایەکی جوانی پێداوە، بەمەش جوانییەکی زیاتری بەشیعرەکە بەخشیوە.

**وا هاتم**
**کلیلی ئاگری خۆزیام**
**دەکاتەوە دەرگای قەڵات**
**دەرگای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات[5]**

بەکارهێنانی دەربڕینی ڕۆنانی بەربڵاوی تێکداوە و(ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا)ی کردووە بە(ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات)، تاکو هاوسەرواییەك لەنێوان(قەڵات و ڕۆژهەڵات)دا بێتەدی، بۆیە

(1) ناز ئەحمەد سەعید:لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی،2013، ل207 .
(2) سەرچاوە ولاپەڕەی لاپەڕە.
(3) هێمن عومەر خۆشناو:شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی(لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری پراکتیکییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،2010، ل 238.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل34.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان،ل 6.

بنەمایـەکی ئیسـتاتیکی چێژبەخشـی پێـداوە و بەهایـەکی هونـەریشـی بەئـەدگاری دەقەکـە بەخشـیوە و سەرواى پێداوە.

**مەستیی زیکری تاقەجوانە**
**چەشتنی نووری دێرینە**
**چەژنوارەی فەنابوونە**
**فەنابوونی گریاوانە**
**فەنابوونی گوڵاوانە**
**فەنابوونی (فەرهاد)ی تاقی(شیرین)ە...(1)**

شاعیر لـەنیوەدێڕی کۆتاییدا، ڕۆنـانی بـاوی بـەکارهێنانی بـەربڵاوی دەسـتەواژەی (شـیرین وفەرهاد)ی تێکداوە بۆ(فەرهاد)ی تاقی(شیرین)ە، واتە شێوەی دەربڕینە ئاساییەکەی تێکداوە، بەمەش کارێکی هونەرمەندانـەی لەشـیعرەکەیدا ئەنجامـداوە و جوانیبوونەکـەی لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە، کـە سەرواى شیعرەکەی ڕاگرتووە و جوانبینییەك و بنەمایەکی ئیستاتیکییانەی بەرهەمهێناوە.

**ئێستاش لەبیرمە شەوێك درەنگان**
**پاش ماڵنووستنان**
**لەتاو دڵتەنگی و ئەستەمترین ژان (2)**

نەوزاد ڕفعەت ڕۆنانی بـەکارهێنانی دەسـتەواژەی(درەنگانی شـەوێ)ی تێکـداوە بۆ(شـەوێك درەنگان)، بەم گۆڕانکارییە ڕۆنانی یاسای ڕێکخستنی وشەکەی تێکداوە و بەم لادانـە زمانییـەی، کـە لەسـەر ئاسـتی وشەسـازیدا کردوویـەتی، چێژێکـی هونـەریی دروسـتکردووە و ڕامـان و ڕوانینـی خوێنەری بۆ دێرە شیعرەکانی ڕاکێشاوە و بەمەش سیمایەکی هونەرییانەی بەرزی پێبەخشیوە، جگـە لەمەش وشـەکانی(درەنگان و نووسـتنان و ژان) کۆتاییـەکانیان بـە(ان)ە وسـەروایەکی هاوسـەنگ و هاوئاواز و موزیکییانەی بەدیهێناوە و ئەم کـارە داهێنانـەی لەبەرپێویسـتی بـەکارهێنانی سـەرواکەی بونیادناوە.

**پ- بەکارهێنانی وشەی شێوەزار(لادانی شێوەزار)**

لەسەر ئاستی وشەدا جۆرە لادانێکـی دیکـەی زمانییـە لەشـیعردا پـەیڕەودەکرێت، هەرچەنـدە شاعیر هەوڵ و کۆشش بکات و بیـەوێت لـەو زمانـە ئەدەبییـە یـەکگرتووەی قۆنـاغی سـەردەمەکەیدا بنووسێت و وشەکان بکاتە بنچینە و بنەمای کەرەستەی دەربڕینی شیعرەکانی، بـەڵام بەتـەواوی بـۆی ناگونجێت واز لەشێوەزارە تایبەتییەکەی خۆی بهێنێت، کە پێی دەئاخڤێت و کارتێکردن و کاریگەریی شێوەزارەکانی دیکەی زمانەکـەی هـەر لەسـەر دەبێـت. بۆیـە بەمەبەسـت یـاخود بـێ مەبەسـت بێـت، بیەوێت یـا نەیـەوێت، گـەلێکجاران زۆر وشـەی ناوچـەیی و شـێوەزارەکانی زمانەکـەی لەدەقەکانیـدا دەمەزرێنێت.

دەگونجێت شاعیر لەبەر گەلێك هۆکار و مەبەست پەنا بباتە بەر وشەی شێوەزارەکانی دیکە، لەوانەش: تواناداریی و پیشاندانی بەهرەی شیعری، یان پڕ بەرهەمـداری و کەرەستە زۆری زمـانی

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 256.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 49.

شیعری، یاخود گەرەکیەتی ڕێباز و ڕێچکە و ڕێڕەو شێوازی خۆی لە شاعیرانی هاوسەردەمی جیابکاتەوە، بەمەش خاسیەت و سیفەتی جیاخوازی خۆی بەدەردەخات لەمیانی زمانی شیعرییەکەیەوە، یا هەندێکجاران لەبەرهۆکاری پێویستی سەروا و کێش و ڕیتم و ئیقاع...هتد، ئەو جۆرە لادانە بەکاردێنێت. بۆیە بەکەڵك وەرگرتن و بەکاربردنی وشەی شێوەزار لە نێوخودی دەقی شیعردا کارێکی شیاو وگونجاوە. سەرەڕای ئەوەی دەبێتە بنەمایەك کە بەهایەکی ئیستاتیکی وچێژێکی هونەری بە زمانی شیعرەکە دەدات، چونکە((بەپێویستییەك لە پێویستییەکانی پتەوکردنی زمانە نەتەوایەتییەکە دانراوە))(1).

جگە لەمەش ئەمجۆرە بەکاربردنەی وشەی ناوچەییە(شێوەزارە)لەشیعری شاعیرانی کورد پەیڕەو کراوە، بەشێوەیەك کە شاعیران شانبەشانی بەکاربردنی زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەکەیان لەنووسیندا ئەم هەنگاوەیان ناوە،زۆرجارانیش وا ڕوویداوە وشەی ناوچەیی و پەیڤی سەر بەشێوەزاری خۆشیان لەبەکارهێنانیدا بەکاربردووە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی((سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و زمانی دەقەکە جۆرێك لەناباوی لەخۆوەدەگرێت و لادانێکی ئیجابی و داهێنەرانەیە))(2). بۆیە شاعیر لەڕێگەی بەئەنجامگەیاندنی ئەم کارە هونەرییەی وشە ونبووەکانی ناوچەیەك لەشێوەزارە جیاوازەکاندا بۆ ناو زمانی هاوبەشی بەکارهێناندا دەبات و بەمەش فەرهەنگی زمانە شیعرییەکەی دەوڵەمەند دەبێت و گوزارشت و دەربڕینی نوێباو لەدەربڕیندا بەکاردێنێت و کارێکی داهێنەرانەی ئیستاتیکیانەی ئەنجامدەدات.

**چۆن ببێژم: ئەوەتانێ!(3)**

(ببێژم:بڵێم) وشەیەکی سەربەشێوەزاری کرمانجی سەروو(بادینی)یە، هەروەها لەناوچەی گەرمیانیش بەکاردەهێنرێت، بۆیە شاعیر بەکاریهێناوە، بەمەش لادانێکی شێوەزاری بەکاربردووە(بەبەکارهێنانی وشەو وشەکانی دیکەی شێوەزارێکی تری زمانەکەی)(4).

**پێش بانگی دیقلی دەهۆڵکوت**
**ماڵ بەماڵ... مزگێنی دەڕوێنێت (5)**

وشەی(دیقل:کەڵەشێر، کەڵەباب)وشەیەکە سەربەشێوەزاری کرمانجی سەرووە، شاعیر بەکاریهێناوە و خۆشی لە وشەی(دیك)ی عەرەبی هاتووە و گۆڕانکاری تێدا کراوە.

**سووتان و فەنا بئاڵێت**
**یا تیترواسکەی کۆڵان ڕاست نەبێژێت (6)**

(نەبێژێت:نەڵێت)وشە و دەربڕینێکە سەر بەشێوەزاری کرمانجی سەرووە بەکارهاتووە، تاکو جوانییەك بەزمانی گۆکردنی شیعرەکە بدات و هەروا(بئاڵێت و نەبێژێت) لەڕووی کێش و

(1) پەرێز سابیر(د.):ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2006 ، ل 326.
(2) سافیە محەمەد ئەحمەد(د.):لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکایمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2013، ل 108.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل33.
(4) محمد حماسة عبداللطيف(د.):لغة الشعر، ص 313.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 62.
(6) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 25.

سەرواوەش یەکن و سێ برگەن، بەمەش سەروای شیعرەکەی پاراستووە و هەروەها وشەی(تیترواسك)ئەمەش سەربەشێوەزاری هەولێرە.

**نها گریان ئاوردووە**
**پێچەوانەی کۆنە ساڵان**
**مەیل دەکاتە مەشخەڵان(1)**

(نها:ئێستا)و(ئاوردوو:سووتەمەنی)، نها سەربەشێوەزاری بادینی کرمانجی سەرووە، ئاوردووش لەناوچەی موکریان بەکاردێت، لە بنچینەدا سەر بەشێوەزاری هەورامییە.

**شەماڵی فێنکی چەمی ڕامووسان**
**ئاوری عیشق و بێ پەروابیمان**
**خۆش دەکات(2)**

(ئاور:ئاگر)شاعیر وشەی(ئاور)ی بەکارهێناوە، بەمەش لادانێکی زمانی لەسەر بنەمای وشەسازی ئەنجامداوە، بەسوودبینینی لەم شێوەزارە کوردییە، کە(هەورامی)یە و هەروەها(ڕامووسان)سەر بەکرمانجیی ژووروەوە(باکوور).

**حیکایەتخوان**
**گێرەرەوەی بلوێرزوان(3)**

وشەی(زوان:زمان)وشەیەکی شێوەزاری کولهوڕییە، شاعیر لادانی زمانی لەسەر ئاستی وشەیی پێکردووە، تا توانیوا چالاکی مەعریفی و زانیاری و ئەزموونی ئەدەبی خۆی پیشانبدات، هەوەها وشەکانی(حیکایەتخوان و بلوێرزوان)هاوسەروان و چێژێکی لەزەتبەخشیی پێداوە، بەمەش بونیادێکی باشتر و جوانتری تێدا بەرجەستەکردووە.

**گۆزەی باران... نەرم... نەرم...**
**بەسەر پەلکی خەزاناویی شاردا ڕژا(4)**

(پەلك:گەڵا)شاعیر خۆی خەڵکی ناوچەی هەولێر و سەر بەو شێوەزارەشە، بۆیە ئەم وشەیەی لەناو دەقەکەیدا مەزراندووە، چونکە خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بەکاریدێنن.

**سیروان کپە و ئارام دەکشێت**
**سیروان دەچڕێت**
**ئۆخژن بەگوندەکانی سەرقەراخی و**

**باڵندەی ئەوك پڕ گریە و**
**ئەو کناچانە دەبەخشێت(5)**

(1)نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 24.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە، ل50.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل69.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 38.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 77.

(ئـەوك:قورگ، گـەروو) سەربەشـێوەزاری کرمـانجی سـەرووە، بـادینی و لەخۆشـناوەتیش بەکاردێت(کناچانـە:کناچانی :کچانـە)، وشـەیەکی سەربەشـێوەزاری هەورامییـە، شـاعیر هـەردوو شـێوەزاری کـۆنی کـوردی لێکـداوە، بەمـەش لادانێکـی زمـانی لـەڕووی وشەسـازییەوە پێکـردوون، لەبەرئەوەی باسـی ناوچـەی سـیروان دەکـات، هەوڵیداوە بەبـەکارهێنانی ئـەو وشـەیە لەسـەربنەمای ناوەخن و ڕوخساردا هاوسەنگییەکی هونەری بەدیبێنێت، بەخوێنەریش بڵێت:شارەزای دەستەواژە و وشە و دەربڕینەکانی شێوە زارە کۆنەکانی کوردیشە.

**هاپۆ ئەم گەشتە و سەفەرە دوورەش**
**بلوێر ئەنگێوی ئەم کۆنەشارەش(1)**

ئەم دێڕەشیعرە لادانی زمانی لـەڕووی ئاسـتی وشـەوە بـەهۆی شـێوەزارێکی دیکـەی زمـانی کوردییـــەوە پێکـــراوە، بەبـــەکارهێنانی(هاپۆ: مـــام)(2)، کـــە لـــە شـــێوەزاری هـــەورامی دیـــالێکتی (گۆران=ماچۆ) و هەروەها لە کرمانجی سەرووش بەکاردێت، لایەنە ئیستاتیکی و بەهاکـەی لـەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، کە بزوێنی (ۆ)و(وو)ی درێژودەنگدار، لەگـەڵ بزوێنـی(و)ی کـورت و بێـدەنگ لەڕووی دەنگسازییەوە بەکارهاتوون، کە بەمەش بونیادێکی ناوەکی ڕیتمداری موزیکی ئاوازبەخشی پێبەخشیوە و بەهایەکی ئیستاتیکی لەزەتبەخش بەخوێنەر دەبەخشێت.

**شیرینامن فرە دویرە**
**تەنراوە بەهەزار شوورە(3)**

بـەکارهێنانی دەستەواژەی(شـیرینا مـن فـرە دویرە:شـیرینی مـن زۆر دوورە) دەربڕینەکـەی (شـیرینا مـن: سـەر بەشـێوەزاری کرمـانجی سـەرووە، هـەروەها(فرە دویـرە: سـەر بەشـێوەزاری لوڕی)یە، بەمەش جۆرە قەشەنگی وڕازاوەیەکی نموونەیی بەدەقەکە داوە، لەبەر هۆکـاری پێویسـتی کێش و سەروا و ئیقاعدارییەوە بەکارهاتووە، بۆیە جۆرە موزیکێکی هەست بزوێن و لەزەتداری بـۆ دروستکردووە، خوێنەریش کە بەر گوێچکەی دەکەوێت هەست بەو لایەنە هونەرییە دەکـات، چونکـە دەربڕینی گۆکردنەکەشی خێراتر و خۆشتر بووە، بەم خاسیەتەش سیفەتێکی ئیستاتیکیانەی پێدراوە.

**ناهێڵم بچێتە هیچ کوێ**
**کێ لەمنی شکاو خاستری دەناسێت؟!(4)**

وشەی(خاستر:چاکتر)ســەر بەشــێوەزاری هەورامییــە و لەچەنــدین ناوچـــەی جیاجیــاش بەکاردێت، تاکو هیچ لەمپەرێك وڕاوەستانێك لە ئیقاع وئاوازی دەربڕینیدا بەدی نەیەت، بۆیە شـاعیر ئەم وشەیەی بەکارهێناوە.

**کریف ئەمشەو**
**تۆ ئەو هەڵۆ بەرزە فڕە سەوداسەرە**
**ئەو باوکە شوورە پیرۆزە بریندارە(5)**

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل 145.
(2) شێخ محەمەدی خاڵ :فەرهەنگی خاڵ، ل 499 .
(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 73.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 49.

وشـەی(کریف: کریـڤ: خـزم: دۆسـت: هـاوڕێ: برادەر)لـەکرمانجی ژووروو(بـاکوور) بەکاردێت، هەروەها ئێزیدییەکانیش بەکاریدێنن. شاعیر ئـەم وشـەیەی لـەم شـێوەزارە وەرگرتـووە و لادانێکی زمانی لەسەر بنچینەی وشەسـازیدا پێکـردووە، بەبـەکارهێنانی ئـەو شـێوەزارە لـەم دێـڕەدا، بەمەش کارێکی شیاو و گونجاوی هونەرییانەی بەدیهێناوە و بەهاکەی ڕازاوەتر کردووە.

کەواتە شاعیر بەبەکارهێنانی شێوەزار و وشـەی زارەکـانی دیکـەی زمـانی کـوردی لەدەقـە شیعرییەکانیدا، مەبەست و ئامانجی ئەوە بووە ئەو پەیامە بخاتەڕوو، کـە ئـەویش وەك تـاکێکی کـورد بەشدارێکی کارا و چالاك بێت، بۆخزمـەتکردنی زمانـە نەتەوەییەکـەی، لـەپاڵ جێبـەجێکردنی ئەرکـە چێژبەخشـە هونەرییەکـەی بۆئـەوەی بەهایـەکی ئیسـتاتیکی پێبـدات، هەوڵیـداوە سـوودێکیش لەئاسـتی بونیادی بابەتیدا بەنەوەکانی داهاتوو بگەیەنێت.

**ت- بەکارهێنانی وشەی کۆنینە(پەراوێزخراو یا خود فەرامۆشکراو)**

جـۆرە لادانێکـی دیکـەی زمانییـە لـە ئاسـتی وشەسـازیدا، کـە شـاعیر بەشـێوە و شـێوازێکی هونەرییانە مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا دەکات لەناو تێکسـتی شـیعریدا، بەمـەش جـوانی و کاریگـەریی و بـەهێزی و ئیسـتاتیکی شـیعرەکە دیاریـدەکات. هـەروەها ئـەوەی فرەواتـای و مانـایی بـەدەق دەدات گەوهـەری بـەکارهێنانی وشـەیە، چونکـە جـۆر و شـێوازی بـەکارهێنانی وشـەکە((زمانی دەق چڕدەکاتەوە و جوانی بەپێکهاتە و داڕشتنی دەق دەبەخشێ هەر وشەیە، ئەو گەمـە زمانیانـەی کـە لـە هـەناوی شـیعردا دەکـرێن و زۆرجـاریش فرەمانـایی دەدا بـەدەق، هـەر بـەو گەوهـەری وشـە دێنەکایەوە))[1]. شاعیر لێرەدا بەدوای ئەو وشانەدا دەگەڕێت، کە ئێستاکە لـەناو فەرهـەنگ و قسـەی ڕۆژانەدا بەکارناهێنرێت و ئەو وشە کۆنانە سـەرلەنوێ لـە پـەراوێزخراوی یـاخود فەرامۆشـکراویدا زیندوویاندەکاتـەوە، بەشـێوەیەکی هونەرییانـە گیانیـان بـە بـەردا دەکاتـەوە، ئـەو وشـانە لـەنێو دەقـە شیعرییەکاندا جارێکی دیکـە بەکاردێنێتـەوە، بەمـەش سـەرنجی خوێنـەر بـۆ لای دەقەکـەی دەهێنێت، بۆئەوەی زیاتر چێژ لەدەقەکەی ببینێت. بۆیە پـردی پەیوەنـدی نێـوان دەق و خوێنـەر بونیـاد دەنێـت، چونکـە ئـەو وشـانە لـەنێو ئـەو دەقانەدا((دەبنـە هـۆی سەرنجڕاکێشـانی خوێنـەر و گەیشـتن بەبەرجەستەکردن))[2]، چونکە خوێنەری ئێستاکە ئاشنایەتی و شـارەزایی نییـە، بـەمانا و واتـای ئـەو وشەیە و هەبوونی هەنـدێجار لـەناو زمانـدا، بەڵام(شـاعیریش هاوشـانی هونەرمەنـدی داهێنـەر ئـەو وشەیە لەداڕشتنندا بـەهاو سـەردەمەکانی خۆیـان ئاشـنادەکات و پێیاندەناسـێنێت)[3]، بۆیـە هەنـدێکجار ڕەنگە جۆرێك لەبێزاریش لای بێنێتەدی و لەوانەشە بەجۆرێك لەجۆرەکان خوێنەری دەق ئەوکاتـەی وشەکەی بەرچاو دەکەوێت و دەیبیسـتێت تووشـی سەرسووڕمانی و کتوپڕی و هـەڵچوونی سۆزی دەروونی دەبێت، ئەمەش یەکێکە لەسیما و ئەدگارە هونەریی و جوانییەکانی لادانی شیعری.

---

(5) نەوزاد ڕەفعەت: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 95.

(1) قادر عەلی خا:ڕۆڵ و کەسایەتی وشە لەکورتەشیعردا، گۆڤاری ڕامان، ژ 2008،135، ل 153.

(2) عەبدولسـەلام نەجمـەدین عەبدوڵڵا:شیکردنەوەی دەقـی شیعری لـەڕووی زمانەوانییـەوە، زانکـۆی سـەڵاحەدین، کۆلیژی زمان، نامەی ماستەر، هەولێر،2007، ل 105.

(3) صالح ملا عزيز(د.):جماليات ألاشارة النفسية في الخطاب القراني، دار الزمان، سوريا،2010، ص 145.

لێرەدا بەکارهێنانی وشەی کۆنینە بریتییە لەوەی، کە((شاعیر یان نووسەر لەبەرهەمی خۆیدا سوود لەوشە کۆچکردوو و ستراکچەرە ڕێزمانییە کۆنەکان وەربگرێت، کەوا ئێستا لەزماندا بەکارنایەت))[1].

بۆیە دەبینین(لیچ)ئەمجۆرە لادانە بە(لادانی کاتی، سەردەمی، مێژوویی)ناودەبات و لەمبارەیەوە دەڵێت:((بریتییە لەبەردەوامیی ژیانی ڕابردوو لەدوو توێی زمانی ئەمڕۆدا))[2]، کە بەکاردەهێنرێت. هەروەها دەبینین لەزمانی عەرەبیدا بەشێك لەو وشانە بە(پەراوێزخراو یان فەرامۆشکراو یاخود کۆچکردوو)ناوزەد دەکرێن، لەبەرئەوەی(ئەو وشانە ئێستاکە جگە لەمەبەستی شیعری نەبێت لەشێوەی زمانی نوێی ئێستادا بەکارنایەن)[3].

بەکاربردنی خودی ئەو وشە کۆنانە لەمجۆرە لادانەدا، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەئاستی ڕێزمانی و یاسا و پێکهاتە ڕێزمانییەکانەوە نییە، تەنها شاعیر جارێکی دیکە بەکاریان دەهێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە هونەریی و شیعرییانە، بەمەش بەهایەکی هونەربەخشانە و چێژێکی ئیستاتیك بەخشانە بەدەقە شیعرییەکەی دەبەخشێتەوە. هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا، بەئەنجامدانی ئەم کارە هونەرمەندییە داهێنەرانەی بیر و زەینی خوێنەر بۆ لای دەقەکەی دەگوازێتەوە و ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر دەکات. بۆیە بایەخدان بەخوێنەریش لەمیانی دەقەکەیدا، یەکێکە لەو ئەرکە گرنگ و بەهادارانەی،کە شاعیر ئەنجامیدەدات، بەهۆی ئەو ئەزموونە ئەدەبییە و هونەرییەی کە لەژیانیدا بەدەستیهێناوە و پێشکەشی خوێنەری دەقەکەی دەکات.

**ئۆینبازیش جێ پای لەبان سپیاتیدا**
**پنت پنت دیارە بەدزە دزە بەڕێوەیە......**
**بۆ کوێ دەچێ؟ کەس نازانێ ![4]**

(ئۆینباز)وشەیەکی پەراوێزخراوە و هەر چەندە هەندێکجار لەئێستاشدا بەکاردێت، بەمانای(تەڵەکەباز، تەفرەدەر، فێڵباز)دێت. شاعیر بەمە وشەیەکی کۆنینەی پەراوێزخراوی بەکارهێناوە، لادانێکی زمانی لەئاستی وشەسازیدا ئەنجامداوە.

**ئەدی ئەگەر**
**حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بکوتم**
**دۆڵی شەبەیخوون و جەنگان؟؟[5]**

شەبەیخوون، وشەیەکی فارسی کۆنینەی فەرامۆشکراوە، بەمانای:بەسەر دوژمن دادان لەشەودا، یاخود پەلاماری شەوانە بۆ سەر دوژمن. بەکارهێنانی لێرەدا بۆ مەبەستی ئیستاتیکییە لەنێوان وشەی(شەو)ی کوردی و(شەب)ی فارسی، بەمەش بونیادی بەهاکەی ڕەنگینتر و جوانتر بووە.

---

(1) دلێر سادق کانەبی:هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەر، 2008، ل34.
(2) سەرچاوە ولاپەڕەی پێشوو .
(3)مجدي وهبة و كامل المهندس:معجم مصطلحات العربية في اللغة وألأدب، ط2،مكتبة لبنان، 1984، ص 309.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 71.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل22.

**ئاوەز پشکووت**
**زیۆس بەزی** (1)

بەکارهێنانی وشەی کۆنینەی(ئاوەز:فام، هۆش، ئەقڵ)لەئێستادا، هەرچەندە پەیوەندی بەشێوەزارەی(هەورامی)یەوە هەیە، بۆ ئەوەیە لەم دێڕەدا بەمەبەستی جوانیناسی بەدووبارەبوونەوەی دەنگی پیتی(ز)جۆرە ڕیتم و ئاوازێکی ناسك و چێژبەخشی پڕ لە ڕینەوەی موزیکیشی تێدایە.

**لێرە کات: گالیسکەی بێ ئەسپ و چەرخەیە(2)**

وشەی(گالیسکە)لەم ڕستەشیعرییەدا بەکارهاتووە، وشەیەکە جاران بەکاردەهات، بەڵام بەکارهێنانی لەئێستادا زۆر کەمبۆتەوە، بەڵام شاعیر بەهای هونەری پێداوە و سەر لەنوێ مەزراندویەتییەوە و زیندووی کردۆتەوە.

**سەدان پاشا و قڕاڵی وەك تۆ بەسەرچوو(3)**

(قڕاڵ)وشەیەکی کۆنینەی فەرامۆشکراوە، ئەویش هەربەمانای (پاشا،شا)*یاخود(پاتشا)**دێت، شاعیر جارێکی دیکە بەکاریهێناوەتەوە، تا لەجیاتی ئەوەی دووجار بڵێت: پاشا و پاشای، مەبەستی بووە بەخوێنەر بڵێت، کە ئاگاداری فەرهەنگی نوێ و کۆنی بەکارهێنانی وشەی کۆن و نوێباوی زمانی کوردییە.

**هەڵیش دێرێم**
**بست بست لەدوو شوونت دێم (4)**

(شوون)وشەیەکی کۆنینەیە، هەرچەندە سەر بەشێوەزاری هەورامییە و لە شێوەزاری هەولێر و باکووریش بەکاردێت، بەمانای:(شووێن،پاش)***، دوایی دێت. نرخی ئیستاتیکیبوونەکەی لەوەدایە بەبەکارهێنانی لەم شوێنەدا ڕیتم و ئیقاع و ئاوازێکی خێرا و خۆش و بەهێزی ناوەکی بەدووبارە بوونەوەی پیتی دەنگی(ت)، لەگەڵ وشەکانی پێش خۆشی پێکهێناوە و چێژێکی وزەبەخشیشی بەخوێنەر داوە.

**ئەم چیایە چەند سەرکێشە!**
**چ بەوەجە!(5)**

(بەوەج)لەکۆندا بەکاربراوە، ئێستاکە پەراوێزخراوە، بەمانای پیاوی بەنرخ و قەدر و سەنگ وئازاش دێت، شاعیر ویستویەتی بەو تەوژمە هەڵچوونەی خۆی، سەرنجی خوێنەر بۆ وشەکە

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل89.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 198.
3() سەرچاوەی پێشوو، ل 218. *گیو موکریانی: پێداچوونەوە و زێدەکردنی: کوردستان موکریانی(د.):فەرهەنگی کوردستان، کوردی_ کوردی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،2017، ل1012. ** عبدالرحمن شرفکندی(هەژار):هەنبانە بۆرینە_ فرهنگ کردی_ فارسی، سروش، تهران،1349، ل550.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 115.
*** گیوموکریانی:فەرهەنگی کوردستان، ل934.
(5) نەوزاد ڕەفعەت: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 222.

ڕابکێشێت و ئەم وشەیەی پێ ئاشنا بکات، تاکو بەبیستنی تووشی سەراسیمایی و هەڵچوون و هەژانی ناخی ببێت.

**د- بەکارهێنانی وشەی بێگانە**

جۆرێکی دیکەی لادانی زمانییە لە ئاستی وشەسازیدا، لەم ئاستەدا شاعیر ئەو وشانە بەکار دێنێت، کە لەبنج و بنەواندا وشەی ڕەسەنی کوردی نین، بەڵکو سەر بەزمانی نەتەوەیەکی دیکەن. ئەوەی ڕوون و ئاشکراشە کە شیعری نوێی کوردی زیاتر هەنگاوی نا بەرەو زمانی کوردی پەتی و خۆماڵی و دوورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی بێگانە، بەتایبەتیش لەکاتوساتی سەردەمی شاعیرانی نوێخواز و هاوچەرخدا ئەودیاردەیە سەریهەڵدا، لەگەڵ ئەوەی بەشێك لەشاعیران وشە و زاراوەی پەتی و خۆماڵی بەکاردێنێن لەکاتی نووسینی شیعرەکانیاندا، ئەمەش خاڵێکە کە دەوڵەمەندی فەرهەنگی و توانای زمانی ئەو نەتەوەیە بەدەردەخات، کە چەندە وشە و زاراوەی جیاوازی لەشێوەزارە جیاوازەکاندا هەیە، بۆئەوەی بوون و ناسنامەی خۆی بسەلمێنێ لەنێوان گەلانی دیکەی جیهاندا، بەڵام سەرەڕای ئەو حاڵەتەش بەتەواوی نەیانتوانی دەسبەرداری وشەی بێگانەبن، بەپێی پێویست و توانا و چالاکی فیکری و هزرییان سوودی لێدەبینن، تاکو ئەڵقەی پەیوەندییان بەیەکجار لەگەڵ زمانی ئەو میللەتە جیاوازانە نەپچڕێت.

ئەوەی ئاشکراشە نەوزاد ڕەفعەت، وەك شاعیرێکی هاوچەرخ، بەهۆی ئاستی ڕۆشنبیری و تێکەڵاوبوونی بەزمانی نەتەوەکانی جیهان، لەم جۆرە ئاستەدا لایداوە و هەوڵیداوە لەدەقە شیعرییەکانیدا، چەندین وشەی بێگانە وەربگرێت و لەمیانی شیعرەکانیدا بیانمەزرێنێت، ئەوەی دیار و بەرچاویشە ئەو جۆرە لادانانە لەچوارچێوەی سنووربەندییەکی دیاریکراو و بەپێی توانای پێویستی لەبەکارهێناندا بەکارهاتوون، لەبەرئەوەی ناگونجێت هەر نەتەوەیەك پەیوەندی زمانی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا نەمێنێ، بەڵکو دەبێت((بەپێی پێویست بۆ پاراستنی مۆرکی ڕەسەنایەتی زمانە نەتەوایەتییەکەی سوود لەزمانی نەتەوەکانی دیکە وەربگرێت بۆ پەرەپێدانی زمانەکەی))[1]، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکەین، کە چەندە لەبەکارهێنانی بەشێك لەو وشە بێگانانە خزمەتی بەچالاکی و توانا و ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرەوە کردووە، چونکە گەلێجار وشەی زۆر لەبار و چاکتر وگونجاوتر بۆ ئەو مەبەستە لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا هەن.

بۆیە مەرج نییە هەموو جارێك بەکارهێنانی وشەی بێگانە خزمەت بەئەزموون و کاری ئەدەبی و هونەریی شاعیر بکات، بەڵکو لەوانەشە ببێتە(مایەی مەترسیی دروستکردن بۆ چالاکی و توانای زمانی شاعیر، بۆیە پێویست و مەرجە خۆیان لێ بەدووربگرێت)[2]. کەواتە ئەمجۆرە لادانە لەم ئاستەدا ڕەنگە لەهەندێك کاتدا بەکارێکی ئەرێنیانە لەقەڵەمبدرێت، لەهەندێك بارودۆخی دیکەشدا لایەنێکی نەرێنیانە بۆ شاعیر بەرجەستە بکات.

**بەتالووکە بۆ کتێبخانەیەك دەچوو**
**هائەوەتا**
**زەنگی مۆبایلەکەم لێی دا[3]**

(1) پەرێز سابیر:ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعری، ل 335.
(2) محمد الهادي الطرابلسي(د.):خصائص ألأسلوب في الشوقيات، جامعة التونس،1981، ص 465.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 52.* گیوموکریانی:فەرهەنگی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل318.

شاعیر وشەی(مۆبایل)ی ئینگلیزی، وەك ئامێرێکی پەیوەندیکردن و پێداویستییەکی سەردەمی و بەشداریکردنی تەکنەلۆژیا لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا وەرگرتووە و لەم تێکستەیدا بەکاریهێناوە و هەروەها وشەی(بەتالووکە=تاو، پەلە، هەشتاو، تەوژم، پەلەپەل، دەست و برد)* وەك:وشەیەکی کۆنینەی پەراوێزخراوی بەکاربردووە.

**چواری شەوە**
**ڕەنگە ئێستا**
**هەتا سوبحی ڕاستەقینە پێدەکەنێ**
**هێندەی ئەستێران بێ نەوا بەدڵ بگرین(1)**

(سوبح:بەیانی)وشەیەکی عەرەبییە و بەکاریهێناوە، بۆ مەبەستی لادانی زمانی و ئیستاتیکی، تاکو دووبارەکردنەوەیەکی دەنگیش بەپیتی(س)لەنێوان وشەکاندا پێکبێت، ئەم وشەیە خزمەتێکی ئەرێنی و هونەری بەشیعرەکە بەخشیوە.

**وێرد خوێنە سیما نوورانی و**
**پەپوولە باڵ سووتاوەکان نایەنەوە(2)**

(نوورانی:کەسێك ناوچەوانی پاك و گەش و ڕوناك و ڕۆشن بێ) و (ویرد= وێرد:سەرسوڕمان، نائاسایی، نامۆ)، هەردووانیان وشەی زمانی عەرەبین، شاعیر لادانی زمانی پێکردووە، بۆیە بەکاریهێناوە، بۆئەوەی لەگەڵ وەسفی وشەی پەپوولەدا بگونجێت، بەو لێکچواندنەی لەنێوان پەپوولەی باڵ سووتاو و سیمای (عاشقە)مرۆڤە پاکەکان بکات، کە سپی و ڕووناکن.

**ببیتە ستران و سروود**
**ببیتە ئاوێنەی وجوود(3)**

(وجوود:بوون)وشەیەکی بێگانەی عەرەبییە، شاعیر بۆیە بەکاریهێناوە، تا لەگەڵ کێش و سەروا و ڕیتم و ئاوازەوە هەمان لەرینەوە و کاریگەرییان لەسەر خوێنەر هەبێت، بەمەش خزمەتێکی ئەرێنی بەلایەنی موزیکی دەقەکەی بەخشیوە.

**وادەزانرێت**
**وازەن دەکرێت(4)**

(ظن= زەن:گومان)وشەیەکی عەرەبییە، بەکارهێنانی لێرەدا بەهای ئیستاتیکی دەقەکەی ڕەنگینتر کردووە، شاعیر هەستیارانە و وریایانە بەکاریهێناوە، تا خوێنەر سەرنجی بۆ وشەکە بچێت و چێژێکی موزیکبەخش بەچاو و گوێ و زەینی خوێنەر دەبەخشن، چونکە بونیادێکی پڕ لەسۆز و هەستداری تێدایە، بەهۆی ئەو لەرینەوە و ئاوازە ئیقاعداری تێیدا بەرجەستەیە.

بەپێی ئەو چەند نموونە شیعرییەی خستمانەڕوو، شاعیر بەشێوەیەکی هونەرمەندانە لەکارە هونەرییەکەیدا، بەپێی پێویست سوودی لەبەکارهێنانی وشەی بێگانە وەرگرتووە، هەروەها مۆرکی

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە ، ل 75.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 104.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 18.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 74.

ڕەسەنایەتی زمانی نەتەوەکەشی پاراستووە و بونیادی دەقەکانیشی پێ تۆکمەکردووە، تاکو بەقازانجی نەتەوەکەی بشکێتەوە و بەمەش پەیوەندی ئاستی هزری و ئەدەبی خۆشی، لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە نەپچڕاندووەو ئەرکە ئەرێنییەکەی جێبەجێکردووە.

**سێیەم: لادان لە ئاستی ڕستەسازیدا**

ئاشکرایە ڕستە ڕەگەزێکی بنچینەیی قسەکردنە و پێکهاتەیەکی گرنگ و بایەخدارە بەتایبەتیش، هەموو کارێکی ئەدەبی لە بونیادی ئەو پێکهاتە زمانییە بونیادنراوە، ئەم ڕستەیەش ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنەوەی سەرجەم یەکە زمانییەکانی دیکەیە. لەبەرئەوەی بەئاڵۆزترین دانەی زمان هەژماردەکرێت، چونکە((هەموو دانە زمانییەکان لەفۆنیمەوە تا وشە و دەستەواژە تێیدا یەکدەگرن و پاشان ڕستە پێکدێنن. ئەمەش بنەمای دروستبوونی ڕێزمانە، بۆیە یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێزمان دەسنیشانکردنی پێوەندی نێوان بەشەکانی ڕستەیە))[1]. هەموو زمانێك یاسا و دەستووری ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بەپێی یاسایەکی تایبەتی کەرەستەکانی دابەشدەکات، کە لەیاسا و پۆلینکردن و دابەشکردنی ڕێزمانی زمانێکی دیکە جیاوازە. بۆ نموونە:یاسای سێنتاکسی ڕستەی زمانی کوردی بەمجۆرەیە:(بکەر+بەرکار+کار)، لەگەڵ ئەوەی گەلێجاریش لەکاتی قسەکردن و ئاخاوتنی ئاساییدا ئەم پێوەرانە جێبەجێناکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەزمانی کوردیدا دەبێت پەیڕەوبکرێت، کەچی شاعیر و نووسەر و هونەرمەند ئازادە ئەم سنوورە ببەزێنێت و دەسکاری ڕێزکردنی کەرەستەکان بەپێی پێویست و چۆنی ویست بەو شێوەیە پاش و پێشیان پێدەکات، بەو شێوەیەی کە مەبەستیەتی جارێکی دیکە دایاندەڕێژێتەوە.

لەئەنجامی ئەم دەسکاریکردن و گۆڕانکارییانەدا، لادانەکان دروستدەبن لەئاستی زمانیدا بەتایبەتیش لەپێکهاتەی ڕستەسازیدا. لەکاتێکدا باسی دەسکاری و ڕیزبوونی کەرەستە زمانییەکان دەکەین، مەبەستمان لەدابەشکردن و ڕیزبوونی ئازادە، نەك چەسپاو، چونکە ئەوەی گرنگە ئەوەیە((کە هەر گۆڕانێك لەڕیزبوونی کەرەستەکان، لەسنووری گرێکاندا ڕوودەدات، دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی ڕستەکە، هەروەها لێکدانەوەی واتایی کەرەستەکان دەگۆڕێت))[2]، کە ئەمەشیان مەبەستی ئێمە نییە، بەڵکو ئامانجمان گۆڕانکاری و تێکدانی دابەشکردن و ڕیزبوونی ئازادە، کە ئەرکی ڕێزمانی وشەکان هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردانایەت و بەمەبەستی بەلووتکەکردن و جەختکردنەوە و بایەخدان، شاعیر یاخود نووسەر پاش و پێشیان پێدەکات((بەبێ ئەوەی کار لەواتای ڕستەکان بکات))[3].

ئەوەی دیارو ئاشکرایە ڕستەی شیعری ئەو کۆتوبەندانە دەشکێنێت، کە لەشێوازی بونیادنان و چنین و داڕشتنی زمانی ئاسایی و زمانی پەخشانیشدا هەیە، چ لەئاستی ئاسۆیی یاخود ستوونی بێ. بۆیە((زمان لەدەقی شیعریدا بەشێك لەخەسڵەت و سیمای شیعرییەت وەردەگرێت. کەواتە

(1) وریا عومەر ئەمین(پ.د):ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر،2009، ل224 _ 225.
(2) تالیب حوسێن عەلی:هەندێ لایەن لەپێوەندی نێوان ڕستە و واتا لەکوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،1998، ل10.
(3) سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

ڕستەی شیعری نەك هەموو تواناکانی سیستمی زمان دەخاتە ژێرڕكێفی خۆیەوە، بەڵکو گۆڕانکاریش لەو سیستەمەدا دروستدەکات))[1].

کەوابوو تێکشکان و بەزاندنی یاساکانی ڕێزمان زیاتر پەیوەستە بەئاستی دەرەوەی زمان نەك ئاستی ناوەوە، لەبەرئەوەی((لادان لەئاستی دەرەوەدا ڕووکەش و تەنکە و پەیوەندی بەڕوخسارەوە هەیە و کار لەناوەرۆکی بەرهەمەکە ناکات، و لەم ڕووەوە لەهەڵەی ڕێزمانی دەچن))[2]، لەکاری ئەدەبیشدا شاعیر ئامانجیەتی((لەڕێگەی گۆڕینی ڕیزبەندی کەرەسەکانی ڕستەی زمانی خۆکار لەزمانی خۆکار لابدات و بەمەش لادانی ڕستەسازی ڕوودەدات))[3]، لەگەڵ ئەوەی زمانی شیعریش لەکۆمەڵە ڕستەیەك پێکدێت، بەڵام شاعیر لەو ڕستە شیعرییانەدا،((هەوڵدەدات بەگوێرەی ئارەزوو و شێواز و پێویستی دەقەکەی کەرەستەکان دابمەزرێنێتەوە. بۆیە ڕستەکان لەڕووی واتا و دەنگەوە سیماکانی لەتایبەتمەندی ئەو وشە و پێکهاتانەی لێی پێکهاتوون وەردەگرێت))[4].

ئەمەش بەمەبەستی بەدیهێنان و دەستەبەرکردنی لایەنی ئیستاتیکا و جوانبینانە و ڕێکخستنی کێش و سەروا و ڕیتم و وێنەی شیعری لەئەزمونەکەیدا(داهێنەر بەپێی پێوەر و یاسا و ڕێسا ڕێزمانیەکان بڕیارنادات، بەڵکو بەپێی پێوەرە شیعرییەکان کاردەکات، ئەم پێوەرانەش ڕێگەی پێدەدەن کە زمانێکی نوێ بۆ خۆی دروستبکات، بۆ بونیادنان و تەواوکردنی کرداری داهێنانەکەی)[5]. لەم ڕوانگەیەوە زمانی شیعری، لەیاسا ڕێزمانییەکان لادەدات، چونکە شیعر بوون و بنچینە و بونیادێکی کۆنکریتی نییە، بەڵکو هەردەم لەنوێکاری و گۆڕانکاریدایە، بۆ بەدیهێنانی جیهانێکی هاوچەرخیانەی پڕ لەئەفراندن و ئەفسوناوی لەدایکدەبێت، بۆیە کە لادانێك لەبونیاد و پێکهاتەی ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستەدا بەهۆی گەمەکردن بەوشەوە بەدی دێت، بەمەش ئازادییەکی زیاتر بۆ شاعیر دەسازێنێت، کە توانای داهێنانی پتری هەبێت، لەهەمان کاتیشدا زۆرتر سەرنجی خوێنەر بۆ بونیادی پێکهاتەی دەقەکە ڕادەکێشێت، بۆئەوەی وردتر تێگەیشتنی بۆی هەبێت، چونکە شاعیر ڕاستەوخۆ شتەکان بەدەستەوە نادات، بەڵکو مەبەستیەتی خوێنەر بەئاگا و وشیارانەتر بەشوێن مانا و دەربڕینە پەنهانەکانی دەقەکەدا بگەڕێت، تاکو زۆرترین چێژ و خۆشی بەدەست بێنێت. لەبەرئەوەیە ئەم شێوەلادانە بەچەندین شێوە و ڕێگەی جیاجیا ئەنجامدەدرێت، وەك:((بەکاربردنی ڕستەکاری و تێکدانی داڕشتنی ڕستەکان و گۆڕینی بنیاتەکانیان)).[6]

کەواتە لەڕێگەی کرتاندن و تێکدانی ڕۆنانی ڕستە و پاش و پێشخستن و....هتد، جۆری لادانە ڕستەییەکان دەخەینەڕوو، کە لەشێوە و شێوازدا بونیاد و پێکهاتەی نوێباو و سەردەمیانە لەخۆدەگرن، لەوانەش:

---

(1) ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق:چنینی دەق لەشیعرەکانی نالی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2008 ، ل 143.

(2) محەمەد مەعروف فەتاح(پ.د):زمانی شیعری و ڕوانگەیەکی زمانەوانی و پراگماتیکی، بۆ کۆنفرانسی زمان بەشی کوردی، 2007، ل 12.

(3) دلێر سادق کانەبی:هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، ل 33.

(4) ئیدریس عەبدوڵڵا:جوانکاری لەئەدەبی کوردیدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2003، ل 160.

(5) باوەدین کریم مولود:البنية الشعرية في مسرحيات محي الدين زنگنه، أطروحة دكتورا، جامعة السليمانية، كليات اللغات، 2006، ص 117.

(6) محەمەد بەکر(د.):پەخشانەشیعر(تەکنۆ_ سیمانتیکی گوتاری شیعر)، دەزگای ئاراس، هەولێر،2004، ل 44.

**1- کرتاندن (لابردن):**

شاعیر جۆرە مامەڵەیەکی تایبەتییانە لەگەڵ ڕستەکاندا دەکات، بەهۆی بەزاندن و دەرچوونی لەو یاسا گشتی و ئاساییانەی، کە لەبەکارهێنانی کەرەستەکانی ناو ڕستەدا بەکاردێت. بەمەش شێوازێکی ئیستاتیکییانە بەبونیادی پێکهاتەی ڕستەکان دەدات، ئەوکاتە دێتەدی، کە((هەندێ کەرەستەی ناو ڕستەکە لادەبات، یان ئابوریکردن و خۆلادان لەدرێژ دادڕی کەرەستەیەکی ڕستەکە دەقرتێنێت))[1]، هەروەها زۆرجار پێویست و مەرج نییە شاعیر تەنها خودی یەك کەرەستە لابدات، بەڵکو دەگونجێت زیاتر لە کەرەستەیەك بکرتێنێت، بەومەرجەی کار لە توانای واتای ڕستەکە نەکات و هێزی کاریگەری و کارلێکەکەی لەدەسنەدات. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانیشە، ئەوەیە کە کرتاندن لە ئاستی ڕستەدا خۆی لەدەستبەرداری کەرەستەکانی ناو ڕستەکەدا دەدۆزێتەوە، نەك لابردنی خودی ڕستەکە بەتەواوی، چونکە هەر کاتێك یەکێ لە دانە زمانییەکان لەڕستەدا بەکاردێت، ئەوا ئەو بەکاربردنە لەژێرخانەی سینتاکسییەوە دەگیرسێتەوە و لەناو ڕستەکەدا ئەرکی جۆراوجۆری سینتاکسی دەبینێت، لەبەرئەوەیە مامەڵەکردن و گۆڕانکارییەك لەوشەدا لەنێوخودی ڕستەکەدا لەژێرخانەی سینتاکسییەوەیە.

لەبەرئەوە لەئەنجامی ئەو کارەدا زمانی شیعرەکە، بەهۆی ئەو لادانەی کە لەئاستی سینتاکسی بەهۆی کرتانەوە ڕوودەدات، زمانێکی تۆکمەتر و کورتبڕ و چڕتر دەبێتەوە، بەهۆی ئەو ئابوریکردنەی کە شوێنی درێژدادڕیکردنی تێدا نابێتەوە، چونکە هەندێجار وەها دەخوازێت لەکاتی دەربڕین و نووسیندا لەلایەکی ڕستەکەدا پێویستە بکەر یان بەرکار یاخود کردار بێت، بەڵام شاعیر بەمەبەست و سەربەستانە دەیکرتێنێت و وازی لێدێنێت، لەبەرئەوەی واتاو مانای ڕستەکە ڕوون و ئاشکرایە و ناوبردنی بەکارێکی زیاد دەزانێت، چونکە ئەو وشانەی کە دەربڕدراون و گۆکراون مانای وشە پەنهان و بزرەکانیشی لەخۆگرتووە، بۆیە پێویست بەئاماژە و وتنیان ناکات، بەوهۆیەی شاعیر ئەو کورتبڕی و چڕکردنەوەی ئەنجامیدەدات، بەهەندێك وشەی دیاریکراو بەومانا و ئامانجەی واتایەك بەدەستەوە بدات، کە لەگەڵ لابردنەکەدا واتای ڕستەکە لەنگ نەبێت و شتێکی نەشیاوی لێدەرنەچێت.

لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر لە میانی سنووری دەقە شیعرەکەیدا ئەو جۆرە وشە و پەیڤ و دەستەواژانە هەڵدەبژێرێت و بەکاردێنێت کە دەگمەن و ناوازن، بۆئەوەیماناو واتایەکی فراوان بەدەستەوە بدەن، چونکە شیعر خاوەن بوونێکی سەربەخۆ و تۆکمەیە و وشە و دەستەواژەی زیاد لەخۆناگرێت. بۆیە شاعیر مامەڵە لەگەڵ لابردنی کەرەستە لەڕستەی شیعریدا دەکات،((ئەو کەرەستانە لەڕستەکەدا لادەبردرێن، کە ئاستی سەرەوە دەگرێتەوە، بەڵام لەئاستی ژێرەوەدا کەرەستەکە بەتەواوی دەمێنێتەوە))[2]، بەو مانایەی کە لابردنی کەرەستەکە مانا و واتا لەدەست نادات، بەڵکو شاعیر بەو شێواز و دەربڕینەی کە لەچڕکردنەوە و کورتبڕی دەیکات، هەمان مەبەست و مانا بەکەرەستەی کەمتر ئەنجامدەدات. کرتاندن سەرەڕای ئەوەی چێژ و کاریگەری و کارلێکێکی تەواو بەشیعرەکە دەبەخشێت، بەهایەکی ئیستاتیکیشی پێدەدات، لەبەرئەوەی((دیاردەیەکی

(1) ناز ئەحمەد سەعید:لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا، ل218.
(2) عەبدولواحید موشیر دزەیی(د.):ڕستەسازی بەرهەمهێنان و گۆێزانەوە، چاپی یەکەم، هەولێر،2013، ل 79.

شێوازییە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاخاوتن بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێك بتوانێت سەرنجی خوێنەر ڕابكێشێت و كاریگەری لەسەر دروست بكات))[1].

لەلایەكی تریشەوە تۆكمەیی و بونیادی بەهێزیی شیعرەكە نیشاندەدات، چونكە جۆرێكە لە دووركەوتنەوە لەیاسا و ڕێسای سنووركاری سینتاكسی و سیستەمی دیاریكراوی زمان، كە ئەمەش دەبێتە لادان و(( ئەم لادانەش جووڵە و چێژ بەرجەستەدەكات و كار لەئیستاتیكای دەقەكە دەكات، بۆیە وەك فێڵێكە شاعیر لە خوێنەری دەكات بۆ سەرنجڕاكێشانی و نەبوونی ئەو كەرەستانەی خوێنەر لەزەینیدا چاوەڕوانیان نەبوو، دەیوروژێنێت و پاڵی دەدات بەرەو ئامادەیی دەقی نائامادە))[2].

لەبەرئەوەی كرتاندن ئەنجامدراوە خوێنەر هەنگاودەنێت بەرەو ئەو ئاستانەی، كە كەرەستە كرتێنراوەكان دەسنیشانبكات و بیاندۆزێتەوە، ئەمەش پێویستی بەخوێنەری خاوەن سەلیقەی ورد و شارەزا هەیە. بۆیە هەندێك لەو كرتاندنانە دیاریدەكەین، كە لەشیعرەكانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا بەكارهێنراون.

**أ- كرتاندنی ئامراز:** شاعیر بۆ مەبەستی كورتبڕی و چڕكردنەوە ئامرازەكان لادەبات، لەبەرئەوەی(و، بەڵام، چونكە.....)چەندین ئامرازن، لە زمانی كوردیدا چەندین ئەركی وەكو: وەستان و بەستنەوە و جیاوازیكردنی ڕستە...هتد دەبینن. لەگەڵ ئەوەی هەندێجاریش هێما و نیشانەكانی خاڵبەندی ئەو ئەركە دەبینن و لەجێگەی ئامراز بەكاردێن، بۆنموونە:

**چلەی زستانی تۆف بوو هات**
**دەستی سڕم**
**بۆ تاقە گوڵێك هەڵبڕی**
**لەخۆم خەنی!!**
**نێرگسەجاڕێك بوو خەڵات[3]**

شاعیر لە ڕستەی كۆتایدا ئامرازی(بە)ی پەیوەندی كرتاندووە، كە لە بنچینەدا بەمجۆرە بووە(نێرگسەجاڕێك بوو بەخەڵات)، یان دەكرێت ڕستەكە بەمجۆرەش بێت(نێرگسەجاڕێك بوو، خەڵات). واتا:(خەڵات نێرگسەجاڕێك بوو)، بەڵام شاعیر ڕستەشیعرییەكەی بۆیە پوخت و چڕكردۆتەوە، تاكو ڕستەی یەكەم و پێنجەم هەمان كێش و سەروایان هەبێت، كە(8)بڕگەن، ئەگەر نا دەبوو بە(8+9)بڕگە، بەمەش زمانی شیعرەكەی خێراتر و جوانتر و قەشەنگتركردووە.

**لەدواییشدا**
**تەلەفزیۆن**
**تەلەفۆن و مێز و كورسی**
**ڕادیۆ و ئاوێنەی تۆزاوی[4]**

(1) عبداللە خضر مولود(د.):دیوانی مەحوی لێكۆڵینەوەیەكی شێوازگەری، چاپی چوارەم، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، 2018، ل 179.
(2) سافیە محەمەد ئەحمەد(د.):لادان لەشیعری هاوچەرخی كوردیدا، ل 121.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 20.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 111.

شـاعیر بۆیـە ئـامرازی لێکـدەری(و)ی کرتانـدووە، لـەدوای وشـەی( تەلـەفزیۆن)، چونکـە دەبووە(پێنج)بڕگە، بەمەش ژمارەی بڕگەکانی کێشی ڕستەکان لـەنگی تێدەکـەوێت، بۆیـە بـەلابردنی بەهایەکی ئیستاتیکی هونەری پێبەخشیوە.

**قڕاڵیش بم، تاك و تەنیام**
**قاروونیش بم، ڕووت، بێ نەوام[1]**

ئـامرازی لێکدەری(و)لـەنێوان(ڕووت)و((بێ نـەوام)ی کرتـاوە، لەجێگـەی ئـەودا نیشـانەی خاڵبەنـدی وێرگـوڵ(،)ی دانـاوە، بەمەبەسـتی ئـەرکی جیـاوازیکردن لـەنێوان خـۆی و قـاڕوون، هەڵوەستەیەکی کردووە، تا باشتر کار لەخوێنەر بکات، هەربۆیە زمانی دەربڕینی دێڕەکەی پوخت و ناوازەو شیرینتر بووە و بەهایەکی جوانتری هونەری وەرگرتووە.

**ب- کرتاندنی(جێناوی سەربەخۆ):**گەلێجاران لەزمانی کوردیدا دەتوانرێت((ڕسـتەکانیان بـەبێ بکـەر دەرببـڕن، یـان بکـەرەکانیان دەرنـەبڕن و ڕسـتەکانیان ڕاسـت بێـت))[2]، لەبەرئـەوەی گونجانـدنێك لەنێوان بکەر و بەشەکانی دیکەی ڕستەکەدا هەیە، ئەمەش بۆ ئەو جێناوە ڕێککەوتنە دەگەڕێتەوە، کـە هاوسەنگییەکەی ڕادەگرێت:

**جاران بەدزی دەسووتا و**
**بەدزی پشکۆی دەباراند[3]**

کرتانی بکەری ڕستەکە لەکەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەکەیە، کە(ئەو)ی جێنـاوی سـەربەخۆ لابـراوە، لەگـەڵ ئـەوەی زۆرجـاران بەمشـێوەیە لـەزمانی ئاسـایی و قسـەی ڕۆژانەمانـدا بـەمجۆرە دەدوێین، ئەمەش بەمەبەستی ئابووریکردن و چڕکردنەوە لادەبەین، ئەمە لەزمانی شیعری شـاعیردا دەبینرێت، کە ڕستەکە لەبنچینەدا بەمشێوەیە بووە(جاران ئەو بەدزی دەسووتا و، ئەو بەدزی پشکۆی دەباراند)، شاعیر بـەم لابردنـەی دەربڕینـە شـیعرییەکانی زیاترسـیفەتی ئیسـتاتیکی پێداوە و بەمـەش زمانی شیعرییەکەی چێژ و بەهایەکی جوانیناسانە وکارتێکەرانەی لەسـەر هەست وسۆزی خوێنـەر دروستکردووە.

**حەزدەکەیت ببیت بەخۆر یان زریان؟**

**- ببمە هەردووکیان[4]**

شـاعیر بـەهۆی لادانـی زمانییـەوە، لەئاسـتی ڕستەسـازیدا، جێنـاوی سـەربەخۆی(تۆ)ی وەك:بکەرێك لەڕستەی یەکەمدا کرتاندووە، هەروەها(من)ی وەك بکەرێکی دیکـە لەڕسـتەی دووەمـدا لاداوە، هەرچەنـدە جێنـاوە لکاوەکانی(یـت) و(م)یـش جێگـەی بکـەریان گرتۆتـەوە، بـەڵام بـۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی لێیکردووە، بۆیە بونیادی دەقەکەی پوختر و کورتتر کردۆتەوە، بەمەش زمانی شیعرەکەی لای خوێنەر سەرنجڕاکێشتر دەردەکەوێت.

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 8.
(2) محەمەدی مەحویی:ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی،2001ی زایینیی، ل 238.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 26.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 83.

**باڵەكانم بدەرەوە بەیەكەوە بفڕینەوە[1]**

لـەم ڕستەشـیعرییەدا، بكـەری ڕسـتەكە(تۆ)كرتاوە، لەگـەڵ ئامرازی(تـا)ی لێكـدەر، چونكـە ڕسـتەكە لەبنچینـەدا بـەمجۆرە بووە:(تـۆ باڵـەكانم بـدەرەوە تـا بەیەكـەوە بفڕینـەوە)، ئەوكاتـە دەبـووە دەربڕین و قسەیەكی ئاسـایی ڕۆژانـە، بـەڵام بـەو كرتاندنانـە كـورتبڕ و چڕتـر بۆتـەوە و جـوانتر و قەشەنگتر بەدەردەكەوێت و دەربڕینێكی جوان و بەهاداری موزیكی تێدا بەرجەستەبووە.

**پ- كرتاندنی كار:** كار بەشێكی بنجی ڕستەیە و شاعیر لەوڕێگەیەوە هەوڵدەدات ئـەمجۆرە كرتاندنـە لـەو ڕستەشـیعرییانەدا ئەنجامبـدات، كەلێكـدراون و هـەمان كاریـان هەیـە، لەبەرئـەوەی ئەوكاتـەی چەنـدین ڕسـتەی لێكـدراو بـەدوای یەكـدادێن، بكـەر، یـان بـەركار یـاخود كـار.. هتـد، ((یـەكێك دەمێنێتـەوە و شـوێنی سرووشـتی خـۆی لەشاڕستەكەدا (Sentensman) داگیردەكـات))[2]، شـاعیر بەئەنجامـدانی ئـەوكارەی خـۆی لەدووبارەبوونـەوە بـەدوور دەگرێـت بـەلابردنی كـار، ئەمەشـیان بەمەبەسـتی هێنانەكایـەی پرۆسـەیەكی هونـەری و ئیسـتاتیكییانە، كـە هەنـدێكجار بەچڕكردنـەوە و كورتبوونەوە بەدیدێت.

**كاتێك دەستم بەژێیەكان..**
**بەژێیەكانی پرچیدا هێنا و گۆرانیم بۆ گوت**
**گیتارە سۆمەرییەكە لاڵ..**
**بلبلەكانیش حەپەسان ![3]**

شـاعیر لـەم پارچەشـیعرەدا چەنـدین كرتـانی كـاری ئەنجامـداوە، لەڕسـتەی یەكەمـدا كـاری (داهێنا)ی لاداوە، لەجیاتی نیشانەی خاڵبەندی(..)داناوە، بۆ بەجێگەیاندنی ئەركی وەسـتانێك و دواتـر بەسـتنەوەی بەڕسـتەی دووەم و بـەكاربردنی لەوێـدا، هـەروەها (مـن)وەك بكـەری ڕسـتەی دووەم لابراوە، چونكە جێناوی ڕێككەوتن هاتووە و(ئەو)ی وەك تەواوكەری بەیاریدە كرتاندووە، هـەروەها لەڕستەی سێیەمدا كاری(بوو)لادراوە و نیشانەی خاڵبەندی دانراوە، بەمەش ڕاوەستانێكی بەگۆكردنی زمــانی دەربڕینەكــەی داوە، تــا خوێنــەر ســەرنجی بــۆ شــێوەی حەپەســانی بلبلــەكان بچێــت و كاریگەرییەكی دەروونی لەسەر دروستبێت، بەم لابردنانـە پارچـە شـیعرەكە تۆكمـە و كـورت و پـڕ لەئیحا و خەستتر بۆتەوە، بۆیە زمانی شیعرەكەی باڵاتر و چێژبەخشتر كردووە.

**ئەوینی تۆ بوو كردنییە جمكی هەتاو**
**چاوەكانی تریش بێ ناو! [4]**

لەڕستەی دووەمدا شاعیر كاری(كردنییە)ی كرتانـدووە، بەمشـێوەیە بووە:(چاوەكـانی تـریش كردنییـە بـێ نـاو!)، بەدووبارەنەبوونـەوەی كـار لەڕسـتەی دووەمـدا، بـۆ ئەوەیـە شـاعیر هەوڵیـداوە كەمترین وشە بەكاربێنێت، بۆئەوەی پوخت و كورت بێ و بەبێ ئەوەی كار لە ئیلهام ومانا و واتـای بكات و زمانی دەربڕین و وزەی گۆكردنی شیعرەكەشی ئیستاتیكیتر بووە.

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەكانم بدەرەوە، ل 100.
(2) وریا عومەر ئەمین(پ.د):ئاسۆیەكی تری زمانەوانی، ل 231.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەكانم بدەرەوە، ل7.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل 14.

شاعیر بەشێوەیەکی هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵ لابردنی کەرەستە زمانییەکان کردووە، بۆئەوەی چێژێکی سوودبەخش و کاریگەر و بونیادێکی بەهێز و باشتری پێبدات، لەڕێگەی ئەو گەمەکردنەی بەوشەکانی کردووە و کرتاندوویەتی، بۆیە جووڵەیەکی جوانی پێداوە، تاکو وورووژانێکی هەست و سۆزداری لای خوێنەر بەرجەستەبکات، بۆ ئەوەی بەوپەڕی ئاگایی و وشیارییەوە پشکنین و گەڕان بۆ کەرەستە لابراوەکان بکات و بەدەستیان بێنێت.

## 2- پاش و پێشخستن (جێگۆڕکێ)

جۆری شێوازێکی دیکەی لادانە لە ئاستی ڕستەسازیدا، شاعیر جێگۆڕکێ و ئاڵوگۆڕی بەڕیزبوونی کەرەستە چەسپاوەکانی زمان:(بکەر، بەرکار، کار، ئامراز....هتد) لە نێو ڕستەدا دەکات، لەبەرئەوەی لەهەر زمانێکدا کەرەستەکانی ڕستە بەپێی یاسای ڕێزمانی و تایبەتمەندی ئەو زمانەوە شوێنی دیاریکراو و ڕیزبەندی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە پێیاندەوترێت(ڕیزبوونی چەسپاو). بۆنموونە:کەرەستە چەسپاوەکانی زمان لەزمانی کوردیدا ئەوەیە:بکەر لەسەرەتا و بەرکار لەناوەڕاست و کاریش لەکۆتایی ڕستەدا دێت، بەڵام شێوە ڕیزبوونێکی سەربەست هەیە، کە شاعیر بەهۆی پێداویستی و پێویستی شیعری و بەکارهێنانی زمانییەوە پابەندی ئەوجۆرە ڕیزبوونە چەسپاوە نابێت لەڕیزبوونی کەرەستەکاندا لەزمانەکەیدا کە دیاریکراوە، چونکە((کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە شوێنیان دەگۆڕێت. واتە لەشوێنی دیاریکراوی خۆیان لەناو زمانی ئۆتۆماتیکدا نایێن، کە ئەمەش زۆرجار بەمەبەستی جەختکردن لەسەر واتای کەرەستە پێش یاخود پاشخراوەکە دەبێت))[1].

ئەم پاش و پێشخستنە لە ئاستی پێکهاتەیی ڕستەدا سەرجەمی بەلادان دادەنرێت، بەهۆی تێکدان و ڕێکخستنی کەرەستەکانی لەیاسا باوە سینتاکسییەکەیدا، لەبەرئەوەی(شاعیر دەتوانێ ڕێکخستنی کەرەسە سەرەکییەکان تێك بدات، بۆشی هەیە هەنگاوی لەمە گەورەتر بنێت، وەك گۆڕینی شوێنی دەرخەر و دیارخەر))[2]. هەروەها(جان کۆهین)یش لەتیۆرەکەیدا گرنگی و بایەخێکی زۆری بەم لادانە داوە و ئەو شێوە و شێوازە لادانانەی لەئەنجامی پاش و پێشخستنەوە ڕوودەدەن بە((لادانی ڕێزمانی))[3]داناوە، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی تۆکمەیی کاریگەر و بەهێز لەنێوان پاش وپێشخستنەوە هەیە، بەهۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە، بۆیە ئەم دیاردە لادانەی بە((هەڵگەڕانەوە))[4] ناوبردووە. جگە لەوەش ئەم لادانە لەزمانی شیعریدا بەڕەهەندێکی گرینگ دادەنرێت، بوار لەبەردەم دەلالەتی جیاجیای ڕستە شیعرییەکان دەکاتەوە، ئیجای جیاوازیان پێدەبەخشێت و پێوەندی نوێ لەنێوانیاندا دەرەخسێنێت، جا پەیوەندییەکە((ئاوازەیی بن، یان دەلالی، سەرباری دامالینی زمان لەو سیما گشتییەی لەپەخشان و ئاخاوتنی ئاساییدا هەیەتی))[5]، لەبەرئەوەی ئەم شێوازە لادانە پەیوەندییەك لەنێوان ئاستی دەنگ و ئاستی واتادا دێنێتە دی. بۆیە ئەم لادانەی شاعیریش ئامانج و هۆکارێکی تری لەدواوەیە،یان لایەنێکی بواری دەنگییە بۆ گونجان و هاوسەنگی و تەبایی نێوان کێش و سەروا و دەرخستنی بەهێز و کاریگەریی ئاواز، یاخود بۆ مەبەستێکی مانادار و واتاییە، وەك:(دیاریکردن و دەرخستنی چالاکی وشارەزایی و توانای شاعیریی

---

(1) عەبدوالسلام نەجمەدین عەبدوڵڵا:شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، ل 139.
(2) محەمەد مەعروف فەتاح(پ.د):زمانی شیعر، ل12.
(3) جان كوهين:بنية اللغة الشعرية، ت:محمد الولي و محمد العمري، الطبعة ألأولى، دار توبقال للنشر، المغرب، 1986، ص 179.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل 180.
(5) ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق: چنینی دەق لەشیعرەکانی نالیدا، ل 147.

و زمان پاراوی و گواستنەوەی زەین و سەرنجی خوینەر بۆ پێکهاتەی دەقەکەی و چۆنیەتی شێوازی ئەو کەرەستانەی پاش و پێشخستن و جێگۆڕکێیان پێدەکات)[1].

سەرەڕای ئەوەی خستمانەڕوو هەندێجار پێشخستنی کەرەستە ڕیزبووە چەسپاوەکانی ڕستە بۆ چەندین مەبەست پێشدەخرێن لەوانەش:((دەشێ ئەوەی پێش دەخرێت خۆشی و مزگێنی تێدا بێت، یان بەپێچەوانەوە ناخۆشی یەك هەبێت، ئەو ڕەگەزەی ناخۆشییەکە دەگەیەنێت پێش دەخریت تا بەزووترین کات بگاتە خوێنەر، یان بۆ تایبەتی، ئەویش کاتێ پێش خستنەکە پەیوەندییەکی تایبەتی نێوان دووشت بچەسپێنێت))[2]. شاعیر لەمیانی ئەم شێوە لادانەوە سەربەستانەتر مانا و مەبەستی دڵ و دەرون و هەست و نەست و ناخی دەردەبڕێت، چونکە ڕیزبەندی وشەکان نابنە کۆسپ و تەگەرە لەپێش بیر و بۆچوونی شاعیردا، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی کۆتوبەند نەبوونی بەیاسا و ڕێسا سینتاکسییەکانەوە ئیستاتیکا و چێژێکی وزەبەخش بەشیعرەکەی دەبەخشێت و شیعرییەتێکی ناوازە بەرجەستەدەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر بەشێوەیەکی چاك و باشتر وەریبگرێت و زیاتر لای گونجاو و پەسند بێت، چونکە((لادان و بەزاندنی یاساکانی زمان پەسەندی دەدات بەزمانی شیعر و تا لادانەکە گەورەتر و زەقتر بێت، پلەی پەسندێتی بەرزدەبێتەوە))[3].

بەپێی دەقە شیعرییەکانی شاعیر هەندێك لەو پاش و پێشخستنانەی پەیرەوی کردووە، لەم نموونانەدا دەخەینە ڕوو:

**دڵرەقتر بێت لە ڕەشەبا**

**شالوور هانا بۆ کێ ببا ؟!**[4]

شاعیر هاوەڵکاری چۆنیەتی(دڵرەقتر بێت)ی وەك کەرەستەیەکی ناو ڕستەکە پێشخستووە، تەواوکەری بەیاریدەی(لە ڕەشەبا)ی پاشخستووە، کە لەبنچینەدا دەبوایە بەمجۆرە بوایە: لەڕەشەبا دڵرەقتر بێت، بەڵام بەمەبەستی جوانکاریی و ڕازاوەیی ئەو کارە هونەرییەی کردووە، تاکو لایەنێکی کێشداریی و سەرواداریش بەشێوەیەکی جوانتر بەدیبێنێت.

**شەو بێت یان ڕۆژ**[5]

پێکهاتەی ڕستەکە دەبێت بەمجۆرە بێت: شەو یان ڕۆژ بێت، بەڵام شاعیر جێگۆڕکێی بەکەرەستەکان کردووە و(ئامرازی لێکدەری و هاوەڵکاری کاتی)دووەمی پاشخستووە، لەکاتێکدا(شەو وڕۆژ)وەك دەستەواژەیەك بەیەکەوە دێن، بەم کارە هونەرییەی لێکدابڕانێکی لەنێوان وشەکاندا دروستکردووە، بۆئەوەی خوێنەر بپرسێت: ئایا شاعیر بەم وەستان و دابڕان و هەڵوەستەکردنە، بەناونیشانی(تارماییی دیستۆیێڤسکی) ئامانجی پەیامداری لەو بارەیەوە چییە و چی نوێ و تازەی پێدەبەخشێت، بەم لادانە زمانییە بەهای دەقەکەی لەئاستی بابەت و ڕوخسارەوە بەرزتر کردووە.

**کوا باران**
**ژەنگی ڕۆحیان پێ دەشۆرا**

(1) باوەدین کریم مولود:البنیة الشعریة في مسرحیات محیي الدین زنگنە، ص 115_ 116.
(2) عەزیز گەردی:ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم، (واتاناسی)، ل57.
(3) محەمەد مەعروف فەتاح(د.):لێکۆڵینەوە زمانییەکان، ل 407.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل5.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 66.

**یان دایان دەمرکاندەوە**
**دۆزەخی دووری لەیاران ؟!**[1]

شاعیر جێگۆڕکێی بەبونیادی ڕستەسازی ئەو دەقە کردووە، کە بەمجۆرەیە:( یان دۆزەخی دووری لەیارانیان دادەمرکاندەوە؟!)، ئەگەر بەمجۆرە بوایە جوانی و شیعریەتی لەدەستدەدا و دەبووە دەربڕین و قسەیەکی ئاسایی، بەڵام (یان)ی جێناوی لکاو وکارەکەی پێشخستووە، (دۆزەخی دووری)، وەك(دیارخەرو دیارخراو)ی(بەرکار)و(لەیاران)تەواوکەری بەیاریدەی دواخستووە، چونکە بۆی هەیە((ڕێکخستنی کەرستە سەرەکییەکانی تێك بدات و بۆشی هەیە هەنگاوی لەمە گەورەتر بنێت، وەك گۆڕینی شوێنی دەرخەر و دیارخەر))[2]، هەروەها کاری پێشخستووە، تاکو(باران و یاران)ڕەگەزدۆزی ناتەواو لەلایەنی ڕەوانبێژیش پێکبێنن، بەم لادانە زمانییە بەهای جوانیناسی دروستبووە و دەقەکەی جوانترکردووە و سەرنجی خوێنەریش باشتر بۆلای خۆی ڕادەکێشێت.

**3- بەلووتکەکردن**

لەمجۆرە لادانەدا شاعیر بەمەبەستی ڕاکیشانی سەرنجی خوێنەر، واتا و مانای وشەیەك یا کەرەستەیەك لەناو بنیادی پیکهاتەی ڕستەکەدا بایەخ پێدەدات، یاخود جەختی لەسەردەکاتەوە و پاش و پێشخستنی پێدەکات. گۆڕانکاریی لە جێگەی دەسنیشانکراوی دەکات، کە لە بەکارهێنانی زمانی ئاساییدا بەمشێوەیە بەکارنەیەت و دەبێتە بنەمایەك بۆ هێنانەدی ئەمجۆرە لادانە لە زمانی شیعرییدا. هەروەها خاڵی سیمای جیا کردنەوەی نێوان ئەم دوولایەنە لەوەدا بەدەردەکەوێت((کە شاعیر بەپێش خستن، یان پاش خستن کەرەستەیەکی ڕستە بەلووتکە دەکات لەچاو کەرەستەکانی تری ناو ڕستەکە.))[3].            بە لووتکەکردن بەهەردوو کرداری پاش و پێش خستن دێتەدی،((ئەگەر پاش خرا ئەوە زەقە، بەڵام ڕێژەی کەمترە لەپێش خستن، پێش خستنیش هەر بەهەمان مەبەستی جەختکردن ئەنجام دەدرێت، بەڵام کاریگەرترە لەپاش خستن))[4]. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی جاران مەرج نییە،ئەو وشانەی  پێش و پاش دەخرێن و گۆڕانکاریی لەشوێنیاندا دەکرێت، جێگەی یەکدی بگرنەوە. بۆیە لێرەدا بەشێك لەو پێشخستنانەی شاعیر کە بۆ مەبەستی لووتکەکردن ئەنجامدراون. دەخەینەڕوو:

**زوو زوو قاچم تێکدەئاڵا**
**بەدەم باوە**
**دەلەریمەوە وەك گەڵا**[5]

کاری(دەلەریمەوە)بەمەبەستی لووتکەکردن پێشخراوە، تاکو سەرنجی خوێنەر بخاتە سەر ئەو وشەیەی کە جەختی لەسەرکردۆتەوە، بۆ پیشاندانی حاڵەتە دەروونییەکەی خۆی، دەبوایە لەبنچینەدا بەمشێوەیە بوایە:وەك گەڵا دەلەریمەوە. هەروەها لێکچواندنیشی لەنێوان خۆی و گەڵادا

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 32.
(2) محەمەد مەعروف فەتاح(پ.د):زمانی شیعر، ل12.
(3) عەبدولسلام نەجمەدین عەبدوڵلا:شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، ل 190.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل 141.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 32_ 33.

دروستکردووە، بەهۆی ئەو لادانەوە زمانێکی باشتر وڕەوانتری پێداوە، بەمەش خزمەتێکی هونەری پێشکەش بەڕاگرتنی سەرواکەی کردووە.

**لەپێش ماڵان**
**لەپاس**
**لەشەقام**
**لەکۆڵان**
**دادەبارێت بەبێ شەرم(1)**

کاری ڕستەکە کە(دادەبارێت)ە، بەپێشخستن بەلووتکەکراوە لەکاتێکدا پێکهاتەی ڕستەکە بەمجۆرەیە: لەپێش ماڵان و لەپاس و لەشەقام و لەکۆڵان بەبێ شەرم دادەبارێت، بەڵام شاعیر لە ڕیزبوونی چەسپاوی ڕستەکە لایداوە، بەهۆی لادانی زمانییە لە ئاستی ڕستەسازیدا، بەمەبەستی زەقکردنەوە وتیشکخستنە سەر وشەی(بەبێ شەرم)، کە مەبەستی سەرەکی ڕستەکەیە، باسی ئەو سیفەتەی بکەر دەکات، بەمەش گەمەیەکی هونەری ئەنجامداوە و جوولەی چاوی خوێنەر بۆ لای خۆی دەهێنێت، بەمەش کارلێك وکاردانەوەی لەسەر ناخ و بیر و هزری خوێنەر دەبێت.

هەروەها بەشێکی دیکە لەو پاشخستنانەی شاعیر، کە بەمەبەستی بەلووتکەکردن کردوویەتی، ئاماژەی پێدەکەین:

**چی بووە؟! لەو ڕۆژەوە هەم**
**لەوەتی باڵای گرتووم تەم(2)**

شاعیر وشەی(تەم)ی بکەری پاشخستووە، بەئامانجی جەختکردنەوە لەسەر(چی بووە؟!) گرنگیپێداوە، وەك کەرەستەیەکی ناو ڕستەکە لەچاو ئەوانی تر بەلووتکەی کردووە، هەتاکو ڕامان و ڕوانینی خوێنەریش بۆلای وشەکە زیاتر ببات، بۆئەوەی بیربکاتەوە، دیارە شاعیر بەمەبەستێك لەو شوێنەی داناوە، بۆئەوەی کارە هونەرییەکی جوانتر دەربکەوێت و زمانی دەربڕینیشی خێرا و بەهێزتر بێت، ئەمەشی لەپێناوی سەرواکەی ئەنجامداوە.

**دەکەوێتە کوێ پەرستگەی؟**
**پێمان پیشان نادەیت ڕێگەی؟(3)**

لەنیوەدێری یەکەمدا(پەرستگە)وەك بکەرێك، بەهۆی لووتکەکردنەوە پاشخراوە، کە بەمشێوەیە:(پەرستگەی دەکەوێتە کوێ ؟)، هەروەها(ڕێگە)ی وەك بەرکارێك پاشخراوە، کەواتە شاعیر دوو پاشخستنی ئەنجامداوە و بەمەش بەهای دێڕەکە ئیستاتیکیتربووە، ئەم کارە داهێنەرانەشی بۆ ئەوە کردووە، تا سەرنجڕاکێشانی خوێنەر پتر بۆ شوێنی پەرستگە و ڕێگەکەی بچێت و بەدوای وەڵامی پرسیارەکاندا بڕوات و بیاندۆزێتەوە، لەڕێگەی ئەو گەمە ئیستاتیکی و هونەرییەی پێیکراوە و سەرواکەشی ڕاگرتووە و زمانی گۆکردنیشی چالاکتر و بەگوڕتر بووە.

**هەڵبفڕێنە خاڵخاڵۆکە تاقانەکە..(4)**

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل24.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەریبەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 91.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل29.

(خالخالۆکە تاقانەکە)وەك بەرکارێك بەمەبەستی پاشخستن زەقکراوەتەوە و بەلووتکەکراوە، هەتا خوێنەر سەرنجدانی باشتر و چالاکتر بێت بۆ بەکاربردنی وشەی (تاقانەکە)سیفەتی مرۆڤە و ناسراویشە و دانەپاڵ خاڵخالۆکە و لەوشوێنەدا مانادارتری کردووە، ئەمەشیان بەهۆی ئەو لادانەزمانییەوە بەنرخترو بەهادارتری کردووە.

**دەشریقێنم:**
**خۆ نابینا و کەڕو لاڵ نین**
**بۆن کەلاکی لێ دێت .. زەمین !!(1)**

(نەوزاد ڕەفعەت)لەم دێرەدا بەئاشکرا و زیاتر گرنگیداوە بە(زەمین)وەك بکەرێك و کەرەستەیەکی ناو ڕستەکە لەچاو ئەوانی تر، ئەم کارە هونەرییەشی لەڕێگەی لادانی زمانییەوە بەلووتکەکردووە و پاشیخستووە، بۆئەوەی خوێنەر باشتر بزانێت و وردتر سەرنجی بۆ ئەوەبدات، بۆچی شاعیر دەشریقێنێت و مەبەستییەتی چ پەیامێك بگەیەنێت، هەربۆیە لایەنی بابەتی وهونەرییەکەی تەباتر و باڵاتر کردووە و جوانتریش سەرواکەی ڕاگرتووە.

**هەتاو چی دەکا لەئاسمان؟**
**بۆ ئاوا نابێ لەشەرمان؟(2)**

شاعیر لەم دێرەشیعرەدا، دووکرداری پاشخستن لووتکەکردنی بەئەنجامگەیاندووە، ئەوانیش:(لەئاسمان)هاوەڵکاری شوێنی و(لەشەرمان)هاوەڵکاری چۆنیەتی، ئەگەر وەهای نەکردبایە دەبووە دەربڕینێکی ئاسایی ڕۆژانە، بەم کارە هونەرمەندییەی شیعرییەت و جوانییەکی بۆ دروستکردووە، تا لەڕووی بنیاتی بابەتەوە جوانییەکانی ئاسمان و هەتاو پیشانی خوێنەر بدات و هەروەها شێوازی ڕەنگدانەوەی دەربڕینەکەشی کاریگەر و خێرا و بەتینتر بووە لەسەردڵ و دەرون و ناخی خوێنەر و موزیکیتریش دەبیبستێت و سەرواکەشی دڵڕفێنتر و سەرنجدارتر کردووە.

(4) سەرچاوەی پێشوو، ل55.
(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 96.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل16.

**تەوەرەی دووەم: ئیستاتیکای لادانی واتایی لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا**

لەپێکهاتەی بونیادی دەقی شیعرییدا، لایەنی واتاش یەکێکە لەو ئاستە گرنگ و بایەخدار و بەهادارانەی، کە کاریگەرییەکی بەهێزی لە دروستکردنیدا هەیە. بەتایبەتیش لە ڕووی پێکهێنان و دروستبوونی لادانە شیعرییەکانەوە، چونکە ڕۆڵێکی کارامە و چالاك دەبینێ لە توانای لادانێکی تەواودا، بەهۆی شکاندنی ئەو کۆتوبەندانەی کە لە یاسا دیاریکراو و چەسپاوەکانی دیوی ناوەوەی زماندا ئەنجامیدەدات، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی ئاسایی لەنێوان ناولێنراو وناوەکاندا هەیە، کە بەیەکەوە گرێدراون، بەتایبەتیش لە تێکستە شیعرییە تازەکاندا، دەسکارییان دەکات و گۆڕانگارییەك دێنێتە ئاراوە، کە واتای کەرەستەکان لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن و لە دەسپێکدا خوێنەر تووشی هەڵچوون و سەرسوڕمانی و سەراسیمایی دەکات، دواتر ناچار بەرامان و لێوردبوونەوە و بیرکردنەوەیەکی قووڵ و وردی دەکات، بۆئەوەی لەمانا و مەبەستی شاعیر تێبگات، چونکە شاعیر واتاکانی چڕ و قووڵتر دەکاتەوە، لەمیانی لادان و هێنانەکایەی ئەرکی شیعرییەتییەکەیدا، دەلالەتێکی تازە بابەتیانەیان پێدەدات و جیهانێکی نوێی سەردەمیانە و بارودۆخێکی نەخوازراویی نائاسایی دەسازێنێت.

ئەمەشیان ئامانج و پەیامی مەبەستداری شاعیرە، کە خوێنەر لەسەرەتادا وا ئاراستە دەکات، کە درك و هەست بەوە بکات، ئەمەی پێکیهێناوە لە بونیادی دەقەکانیدا، لە ڕووی لۆژیك وماناوە دروست نییە، دوای ئەوەی بەتەواوی شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی پوختە و دروستیان بۆ دەکات، ئینجا لەڕووە بەهادارە ئیستاتیکییەکەیەوە، لەتوانا و شارەزایی و ئامانجە مەبەستدارەکانی زمانی شاعیر تێدەگات، کە بەهۆی ئەو لادانەوە ئەنجامیداوە، چونکە((هیچ زمانێك بوونی نییە، بەبێ بوونی واتا))[1]. ئەم بیرو بۆچوونەش لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، کە شاعیر زمانی بەکاربردنی ئەو وشانەی لەدەقەکانیدا بەکاریان دێنێت،هەمان شتە کە خەڵکی دیکەش بەکاریدێنن، بەڵام دەلالەتی تازە و مانای دیکەیان پێدەدات.

ئەگەر واتا بەمەبەستەوە ببەستینەوە و لێکدانەوەی بۆ بکەین، هەروەك لە ژانری شیعردا دیار و بەرچاوە، ئەوا خودی واتای وشەکە سنووری کۆتایی نییە و فرەمانایە، هەروەکو(جاحظ)دەڵێت:((باری واتاکان لە شیعردا جیایە لەگەڵ وشەکان، چونکە ماناکان پەرشو بڵاون))[2]، لەبەرئەوەی زمانی شیعر((زمانێکە لەناو خولگەکانی واتای شیعردا دەژیت))[3]، چونکە ئەرکی هەرە بایەخدار و کۆڵەگەی بنچینەیی واتا ئەوەیە، کە((پوختەکردنی داهێنان و هۆکاری پیرۆزیی قەسیدەی لەئەستۆدایە، بەو پێودانگە، شاعیر ئەو مافە بەخۆی دەدات سنوور و ڕیزبەندی لەسیمانتیکی زمان ببەزێنێت و هەموو مەوداکان سەبارەت بەپڕی واتا و واتا گۆڕی و خولقاندن، ڤالایێکی پڕاوپڕ لەچالاکی بۆ برەخسێنێت))[4].

بەرجەستەبوونی مانای لادانی واتایی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە((شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانن و پەیوەندییەکی پتەویان بەگۆڕینی مەبەست و واتا و تێگەیشتنەوە هەیە، واتا نەك

(1)تالیب حوسێن عەلی(د.):واتاسازی(چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،2011، ل 7.
(2)عەبدولواحد موشیر دزەیی(پ.ی.د):لادانی واتایی لەزمانی شیعردا، مجلة_كلية اللغات، العدد(13)،2007، ل44.
(3) ئازاد ئەحمەد مەحموود(د.):بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل 129.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل 35.

هەر واتای سەردەم دەگۆڕن، بەڵکو دەبنە بار و ئەرك بۆ گوێگریش))[1]. کەوابوو خاڵی وەرچەرخان و بەهاداری ئەم لادانە لەودەدا کۆدەبێتەوە، کە لایەنێکی بەرفراوانی فرەچەشن بۆ شاعیر دەخوڵقێنێت، بۆئەوەی توانا وپسپۆری و شارەزایی و هێزی کارتێکردنی خۆی لەمیانی بوون و کاریگەریی چالاکییە هونەرییەکەی لەڕێگەی داهێنانە ئەدەبییەکەیەوە بخاتەڕوو.

هەروەها (د.عەبدولواحید مشیر دزەیی)یش بەمجۆرە ئاماژە بەگرنگی و لایەنی جەوهەرداری لادانی واتایی لە زمانی شیعردا دەکات، کە:((لادانی گۆڕانە لەو بەکارهێنانە باو و سواوەی زمان، کە ڕۆژانە بەسەر زاری خەڵکەوەن، بەمەش لادانی واتایی بریتی دەبێت لەباری نائاسایی بەکارهێنانی واتا))[2]دا، چونکە ژانری شیعر لەناو بواری کایەی ئەدەبیدا بوونێکی سەربەخۆ و جیهانبینییەکی ناوازە و دەگمەنی هەیە، ئەمەش لەسەر بنچینەی((لادانی واتایی دروستدەبێت، بۆیە زمانی شیعر کێڵگەیەکی بەپیتی ئەمجۆرە لادانەیە))[3]، کە خۆی دژی واتای دروستی شتەکە دەوەستێتەوە، بۆیە بەو واتایە دێت کە ئاراستە و پێوەرەکان دەسنیشاندەکەن، کە((لەبەیەکەوە هاتنی لێکسیکەکان دیاری دەکەن، یا لادان لەو سیما واتاییانەی کە زاڵن بەسەر بەکارهێنانی لێکسیك لەزمانی خۆکاردا، واتە ئەرکی گەڕانەوەیی زمان))[4] و لەگەڵ ئەوەی پێشتریش ئاماژەمان بەوە کرد، کە لایەنی کاردانەوە و کارلێکی ڕادەی تێکستە شیعرییەکان چەندە کاریگەرە لەسەر خوێنەر، کە تا چەند شاعیری خاوەن ئەزموون و شارەزا هەوڵدەدات بەشێوە و شێوازێکی دەگمەن ئەزموونە شیعرییەکەی پێشکەشی خوێنەر بکات، لەپێناو بەدیهێنانی دەلالەتێکی شیعریی کاریگەر، بەهۆی پرۆسەی لادانەکانەوە، چونکە((هۆکارێکی ترە بۆ واتایی کاریگەریی،هەرچەندە لادان بەهێزتر بوو،ئەوا کاریگەریی بەهێزتر دەبێ))[5].

هەرچەندە کاریگەرییەکە چالاکتر و بەهێزتر و کارتێکەرتربێت لەپرۆسەی گەیاندنەکەدا، ئەوا ڕۆڵی خوێنەری بەئاگا و وشیاریش نابێت بەهەند وەرنەگیرێت، بۆکردنەوەی نهێنی کۆد و دۆزینەوەی لایەنە نادیار و واتا شاراوەکانی دەق و هۆکارەکانیان، کە لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتای دەقیان لەسەر هزر و خەیاڵیدا سەخت و زەحمەت کردووە، (جان کۆهین)یش لەم ڕوانگەیەوە ڕای وایە:((زمانی شیعری زمانێکی کاریگەرە(وروژێنەرە)، بەڵام زمانی ناشیعری ئاماژەپێکەرە))[6]. کەواتە ئەمە خاڵی جیاوازیی و جیاکاریی لەنێوان زمانی شیعری(نائاسایی)، بەهۆی ئەو کارتێکردنە وروژێنەرەوەیە کە کار لەخوێنەر(وەرگر) و دەوروبەری دەکات، وەك زمانی ناشیعریی (ئاسایی) نییە، کە تەنیا لەمیانەی ئاماژەکردن و هێما بۆ شتەکانەوە دەیانخاتەڕوو.

هەر لەم تێروانین و بۆچوونەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە شاعیر بەهۆی زمانەوە ئەو کڵێشە و سنووربەندییانە دەبەزێنێت و دەسکارییان دەکات، کە بەشێوەیەکی ئاسایی ڕۆژانە لەئاخاوتندا بۆ گەیاندنی واتا بەکاردەهێنرێن. لەچوارچێوەی کردەی گەیاندنەکەیدا ئامانجیەتی بەشێوازێکی نوێ و

(1) محەمەد مەعروف فەتاح(پ.د):زمانی شیعر، ل18.
(2) عەبدولواحید مشیر دزەیی(پ.ی.د.):واتاسازی، چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتکییە، هەولێر، 2009، ل 135.
(3) سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
(4) دلێر سادق کانەبی:هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، ل27.
(5) عەبدولواحید مشیر دزەیی(پ.ی.د):کاریگەریی دەروونی لەبواری ڕاگەیاندندا، دەزگای ئاراس، هەولێر ، 2009، ل 55.
(6) جون کوین: النظرية الشعرية، ترجمة و تقديم و تعليق:د. أحمد درويش، دار غريب، القاهرة،2000، ص 395.

هاوچەرخانە بیانهێنێتە ئاراوە، بەهۆی ئەو لادانە واتاییەوەی، کە هیچ ئەڵقەیەکی پەیوەندی نزیکی بەشێوە باوە تەقلیدییەکەی نەمێنێت، بۆیە هەنگاوێکی نوێ لەبەردەم پردی پەیوەندی نێوان دال(نیشانکار)و مەدلول(نیشانکراو)دروستدەبێت، هەروەکو چۆن( ستیڤن ئۆلمان)لەمبارەیەوە دەڵێت:((واتا بریتییە لەپێوەندی نێوان نیشانکار(دال)ونیشانکراو(مەدلوول)، هەر گۆڕانێکیش لەو پەیوەندییە ڕووبدات، دەبێتە هۆی گۆڕان لەواتادا))[1].

بەهۆی ئەم هۆکارەوە جوانیناسی و جوانبینییەکی واتایی(دەق)تێکست بەرجەستە دەبێت، لەڕێگەی نەمان و پچڕانی ئەو پەیوەندییە ئاساییە باوەی کە لەمیانی گۆڕین و دەسکاریی لەگەڵ پەیوەندییە سروشتییەکەی بەدی دێت، کە دەبێتە دەسپێکی خاڵێکی گەوهەری وەرچەخان و هەنگاوێکی نوێ لەبەردەم شارێگەی شاعیردا واڵا دەکات، بۆ ئەوەی بەدەربڕین و گوزارشتێکی هاوچەرخی سەردەمیانە، دەلالەتی تازە بەوشەکان بدات و زمانەکەشی چڕ و خەست و تۆکمە و پتەوتر بکات، نەك هەر دەلالەتە کۆنینە باوەکان و لێکچووەکان چەند بارە بکاتەوە، بەڵکو پێویستە پەیوەندییەکی نوێباوانە لەنێوان وشەکاندا فەراهەم بکات، بەهۆی داهێنانی شیعرییەکانییەوە، تاکو دواجار جیهانێکی کراوەتر لەبەردەم ڕێگەی خوێنەریش بەرپابکات، بۆ ئەوەی لەمیانی پەیامە شیعرییەکانییەوە بەرەو گومان و سەرسوڕهێنەریی جیهانە نادیارەکەی ببات و بیخاتە بەردەم فەزایەکی دیکە لەبیرکردنەوە و هەستکردن بەشتەکانەوە.

(نەوزاد ڕەفعەت) هەستی بەگرنگی داهێنان و نوێخوازی هونەریی کردووە، بۆیە هەمیشە هەوڵیداوە لەڕووی واتاوە توانا و ئەزموونە شیعرییەکەی بخاتەڕوو، بۆئەوەی لەڕووی ئاستی واتاوە بەهای جوانبینی و ئیستاتیکییانەی دەقەکانی بەرزتربکاتەوە، بەپێدانی مانا و دەلالەتی نوێ بەوشە شیعرییەکانی، تا دەقێکی نوێی هاوچەرخانە بەرهەمبێنێت، کە لەشاعیرانی دیکەی جیابکاتەوە و بەمەش ببێتە خاوەن دەنگ و ڕەنگ و بوون و سیما و سیفەت و شێوازێکی تایبەت بەخودی خۆی و شتی تازە بابەتیانە و نوێگەرانە بەدی بێنێت. هەروەکو چۆن پێشتریش تیشکمان خستەسەر و ئاماژەمان پێکرد، کە شاعیر لەلادانی واتاییدا لەیاسا و ڕێسا دیاریکراو و کۆتوبەندەکاندا لادەدات و دەیەوێت بیانشکێنێت و بیانبەزێنێت، بۆیە نایەوێت هەرشتە کۆنباوەکان بجوێتەوە و دووبارەیان بکاتەوە، یان لەبەرڕاگرتنی کێشی شیعرەکانە،یاخود هۆکارێکی دیکە پەیوەندیی بەلایەنە دەروونی و هەڵچوونە دەروونییەکانییەوە هەیە، کە بەشێواز و ڕێژە و جۆری جیا لەنێو دەروونی داهێنەرەکەیدا بەرجەستەدەبێت، چونکە مانا و دەلالەتی وشەکان((لەشیعردا ئاڵۆز و چڕ وخەستە، شاعیری بەئەزموون و شارەزا و داهێنەر یەکەم کاری لەشیعردا ئەمەیە))[2].

(نەوزاد)ی شاعیر ویستویەتی واتای وشەکان، وەکو خۆی شرۆڤە و شیکردنەوەی بۆ نەکات، بەهۆی هێنانە ئارای ئەو پەیوەندییە تازەی کە لە نێوان وشەکان و گۆڕینی دەسکاری سیستەم و پێکهاتەی ئاسایی و سادەکەیدا، واتا و مەبەستی نوێ لەڕستەشیعرییەکاندا بەدەربکەوێت، چونکە((شاعیر ڕەگەزی نوێ بۆ سیستەمەکان دروست ناکات، تەنیا پەیوەندی و پێکهاتەی نوێ لەنێوانیاندا دروست دەکات، بۆنموونە لەبەکارهێنانی وشەدا، هەرهەمان ئەو وشانەیە کە لەو زمانەدا هەن، بەڵام لەکایەیەکی شیعری و ڕۆنانێکی تایبەتی وادا بەکاری دێنێت، کە واتایەکی نوێی(ئەوەی

---

(1) عەبدولواحید مشیر دزەیی(پ.ی.د.):واتاسازی، ل 25.
(2) محسن اطميش(د.):دير الملاك، دراسة نقدية للظواهر الفنية في الشعر المعاصر، منشورات وزارة الثقافة وألاعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد،1982، ص 175.

خۆی مەبەستیەتی)پێدەبەخشێت، کەواتە دەق ئەرکی دوولایەنە لەخۆدەگرێت: لەلایەکەوە واتاکان دەنوێنێت، لەلایەکی دیکەوە واتای نوێ بەرهەم دەهێنێت))[1]، چونکە ئەنجامدانی ئەم کارە هونەرییە داهێنەرانە بەیەکێك((لەدیاردە هونەری و ئیستیتێکاییەکانی قەسیدەی هاوچەرخ دادەنرێت، توانستی شاعیر لەئاستەکانی ڕووناکبیری و کارامەیی و داهێنان بەدیاردەخات))[2].

هەروەها دابەشکردنی لادانە واتاییەکان لای تـوێژەر و سەرچاوە زمانی و کایە ڕەخنەییەکانی ئەدەب بەسوود وەرگرتن لەیاسا و ڕێسا و بنەما هەمەجۆرەکانەوە دابەشکردن و جیاکاری بۆکراوە، لەوانە:لادانی خستنەپاڵ و دەسنیشانکردن و گەیاندن[3]ولادانی درێژڕۆین و پێکدانانی واتایی[4]ولادانی ڕاڤەیی و خوازەیی[5]ولادانی جێگۆڕکێ ودەلالی[6] ولادانی سیاقی[7]، لەبەرئەوەی کاتێك دەستکاری ئەو ڕێککەوتنە واتاییەی دال و مەدلوول کرا، ئەوا خوێنەر دەبێت لەڕێگەی بیر واتا نوێیەکان بدۆزێتەوە، ئەمەش((پەیوەستە بەو دەوروبەر(سیاق)ەی کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە، چونکە دەوروبەر ئەرکی دەستنیشانکردن و ئاراستەکردنی واتای وشە دیاری دەکات، بۆیە زمانناسەکان وەسفی واتای وشەی فەرهەنگی بەوەدەکەن کە فرەواتایە و لەواتایەك زیاتر بەخۆیەوە دەگرێت، لەکاتێکدا وەسفی واتای سیاقی وشە دەکەن، کە یەك واتای هەیە و لەو واتایەش زیاتر لەخۆوە دەگرێت، ...هەر یەکەیەکی ئاخاوتن(وشە،یان ڕستە)واتاکەی بەپێی ئەو دەوروبەرەی ئاخاوتنەکەی تێدا دەردەکەوێت، دەستنیشاندەکرێت و دەبێتە بەشێك لەواتای گشتی دەوروبەرەکە، بۆیە دەوروبەر و دەق بەتەواوکەری یەکتر دادەنرێت))[8]. کەواتە شاعیر لەڕێگەی زمانی شیعرییەکەیەوە بایەخێکی بەهادار بەشێوە و شێوازی چۆنیەتی گوتن و دەربڕینەکەی دەدات بەهۆی سیمانتیکەوە، لەمیانی بەجێگەیاندنی ئەو دەسکاری و گۆڕانکارییەی لەپەیڕەوکردنی یاسا و ڕێساکانەوە واتای وشە و یەکە زمانییەکان لەسنووری ئەو پێکاتە و نەسەقە زمانییە لێکدەداتەوە، کە هەر ناوەندێك و سیاقێك سەرچاوە و چاوگەی لەدایکبوونی خودی دەقەکەیە، بەهۆی ئەو دەگمەنی و ناوازەییەی لەتوانای بەکاربردنی پەیڕەوکردنی یاساکانی زمان و داهێنان و تازەگەرییەی لەواتایە نوێیەکەیدا بەجەستەی دەکات. بەمەش سیما و خەسڵەتێکی تایبەتی خودیی و ئەدەبییانە بەدەربڕینەکەی دەبەخشێت.

**جۆرەکانی لادانی واتایی**

شێوازی جۆر و شێوەی لادانە واتاییەکان وەك یەك نییە، ناشگونجێت تەواوی لادانە واتاییەکان بەمەبەستی خزمەتکردنی چۆنیەتی وتن بێتەدی، دەکرێت بڕێکجاریش چەندییەتی وتن لادانە واتاییەکە بەرجەستەبکات. ئاشکراترین جۆری لادانە واتاییەکانیش بریتینە لە:

(1) جەبار ئەحمەد حسێن:ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی، ل 91.
(2) ئازاد ئەحمەد مەحموود(د.):بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل 35.
(3) دلێر سادق کانەبی:هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخواز، ل 28.
(4) محەمەد مەعروف فەتاح(پ.د):زمانی شیعر، ل 20.
(5) عەبدوالسلام نەجمەدین عەبدوڵڵا:شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، ل 172.
(6) ناز ئەحمەد سەعید:لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا، ل 266.
(7) سافیە محەمەد ئەحمەد(د.):لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل 150.
(8) تاڵیب حوسێن عەلی(د.):واتاسازی، ل 45_ 49.

**1- هەڵئاوسانی واتایی (زیادوتن)**

لەسەر ئاستی چەندییەتی وتن ئەو جۆرە لادانە واتاییە بەرهەمدەهێنرێت، بەپێی بۆچوونی(جان کۆهین):( ئەگەر هاوەڵناوێك شێوەی وەسفکردنی سەرتاپاگیر و گشتگیربوو، بەسەر پێکهاتەی تەواوی جۆری ئەو ناوەی کە وەسفکراوە، پێویست بە هاو واتای ناکات، چونکە بەمە لادانێکی واتایی لە دەستوور و یاسا دیاریکراوەکانی کەرستەکە ئەنجامدەدرێت، لەبەرئەوەی هەبوونی ئەمجۆرە دیاریکردنە مەرج نییە هەبێت، چونکە زیاد وتن و هەڵئاوسانێکی هاو واتایی پێکدێت)(1)، چونکە ئەمجۆرە لادانە لەجۆری هاوەڵناودا بەدی دێت، کە گەورەکردن و زیادەڕۆییی تێدا ئەنجامدەدرێت. ئەمەش لەبونیادی بابەتی دیاریکردن ئاماژەی پێکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاتە خودی لادانەکە دێتەئاراوە، کە((دەربڕینەکە هەڵئاوسانی واتایی تێدابێت و وشەی هاوواتا و زیادی تێدا بەکارهاتبێت))(2).

**لۆچی نێوچەوان و سیمای**
**مات و کزیم نەدیتەوە(3)**

وشەی(کز)لەنیوە دێری دووەمدا زیادەیە، چونکە هاوواتای(مات)ە، هەر سیمایەك کزبێ ئەوا ماتیشە، کەواتە هاوەڵناوەکە زیادەیە و زیدەڕۆییەك و وتنێك لەشیعرەکەدا هەیە، بەهۆی هاوەڵناوەکەوە، ئەگەر لاشبدرێت واتاکەی هەر گونجاو و دروستە.

**کارەساتێکی شاراوە و نهێنییەك دەخوێنمەوە**
**دەپێم بڵێ چ ڕووی داوە؟!(4)**

شاعیر لەنیوەدێری یەکەمدا هاوەڵناوی(نهێنی)بەکارهێناوە، بەمەش دەربڕینی هەڵئاوسانی واتایی دروستبووە، چونکە نهێنی و شاراوە هاوواتان، بۆیە گەورەکردن و زیاد وتنێك بەکارهاتووە لەبونیادی شیعرەکەدا، هەر کارەساتێك شاراوەبێ نهێنیشە، بەنەبوونیشی واتایەکی تەواویشی هەیە.

**ئەمیش چاوێك بەئاسمانی بێ کۆتاییدا دەگێڕێت(5)**

ئاشکرایە ئاسمان بێ کۆتاییە و سنووری دیاریکراوی نییە، ئەمیش چاوێکی پێدا دەگێڕێت، وەك هەر کەسێکی دیکەی بینادار، بۆیە زیادڕۆییەك لەدەربڕینی وتنەکەیدا ئەنجامدراوە، بەمەش هەڵئاوسانی واتایی ڕوویداوە و گەمەیەکی هونەریی پێکردووە.

**ئەوا زوو زوو بروسکەیەك**
**لە تاریکیی نیوەشەودا**
**شەوق دەدا و دەگرمێنێت(6)**

(1) جان کوهين:بنية اللغة الشعرية، ص 133_ 135.
(2) عەبدولواحید مشیر دزەیی(پ.د):واتاسازی، ل 145.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 68.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 92.
(5) سەرچاوەی پێشوو، ل 126.
(6) سەرچاوەی پێشوو، ل 100.

لەلەتی دووەمدا هەموو کەسێك دەزانێت(شەو)تاریکە، بەڵام شاعیر زیاتر جەخت لەسەر ڕێژەی تاریکییەکەی دەکاتەوە بەمەش هەڵئاوسانی تێدایە، بۆیە زیادەڕۆییەکی لەوەسفکردنی ناوە وەسفکراوەکەدا پێکراوە، بەنەهاتنیشی هیچ لەواتای وشەکە کەم ناکاتەوە.

**لەوەتی هەم ڕێزی هەتاوم گرتووە**
**تووکونەفرەتم لەچرا و دەغڵ و کانیاو نەکردووە**[1]

شاعیر لەنیوەدێری دووەمدا یەکێك لەهاوەڵناوەکانی زیاد بەکارهێناوە، چونکە تووکونەفرەت هاوواتان، مانایان یەکە و بەواتای نزای خراپ دێت، بەمەشیان هەڵئاوسانی واتایی دروستبووە.

**2- پاڕادۆکس (دژواتایی)**

لەمجۆرە لادانە واتاییەدا شاعیر دوو وشە، یان دەستەواژە بەیەکەوە بەکاردێنێت، لەبەکارهێنانی سروشتییدا خۆی بەشێوەی دژایەتی و ململانێی مەبەست و بیری ناو وشەکاندا دەدۆزێتەوە، کە لەیەك دەربڕیندا بەکارهاتوون، واتە((وێنەیەکە کە دوو ڕووی ڕۆنانەکە لەڕووی چەمکەوە یەکتر ڕەتبکەنەوە، بەم شێوەیە لە شیعردا دوو دەستەواژە یاخود دوو دەربڕین دەهێنرێت، کە هەریەکەیان ئەویتر ڕەت دەکاتەوە)).[2]

پارادۆکس وەك تەکنیکێکی هونەری لەشیعردا بەهایەکی ئیستاتیکی و بایەخێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەهۆی ئەو بەریەککەوتن و دژایەتییەی نێوان دوو وشە دژبەیەکەکە و لادانێکی واتایی لەشیعردا دروستدەکات، کە جوانی و چێژێکی هونەری بەخوێنەر دەبەخشێت، ئەمەش لەمیانی بیر و مەبەستە دژ بەیەکانەی وشە و دەربڕینەکانەوە پێکدێت. بەکارهێنانی لادانی واتایی یاخود لادانی پارادۆکسی، کە بەهۆی دژواتاوە دروستبووە، لەشیعری(نەوزاد ڕەفعەت)دا هەیە، لەبەرئەوەی شاعیر بەهۆی ئەو ئەزموون و پاشخان و شارەزاییەی کە لەشیعردا هەیەتی، هەوڵدەدات پارادۆکسییەکی هونەریی و ئیستاتیکی بەکاربێنێت، لەڕوانگەی گەیاندنی ئەو پەیام و گوزارشتانەی، کە جۆرە شاراوەییەك لەنێوان خوێنەر و شاعیردا هەیە، بۆیە بەبەردەوامی خوێنەری بەئاگا لەهەوڵی ئەوەدایە تواناکانی بخاتەگەڕ،(بۆ ئەوەی ئەو لایەنە نادیار و نهێنییانە بەدەست بێنێت، کە لەپاشخان و ئەزموونی خاوەن دەقەکاندا هەن)[3].

هەروەها شاعیر لەو ڕێگەیەوە چەندین وێنە و واتای نوێمان پێدەبەخشێت، کە ئەمە بۆخوێنەر دەبێتە چاوگەی چێژبەخشین، ئەمەشیان سیمایەکی جیاکەرەوەی هونەریی و ئیستاتیکییە، کە بەزمانی شیعرەکەی بەخشیوە، کە بەهۆی ئەم لادانەوە ئەنجامدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا چوارچێوەبەندی و سنوورێك بۆ پارادۆکسییەکە نییە، چونکە((بەپێی پێکهاتی ئەزموونەکە قەبارەکەی دەگۆڕێت، بۆیە لەوانەیە وشەبێت، یان ڕستە، یان سەرتاپای دەقە ئەدەبییەکە بگرێتەوە))[4] . لێرەدا ئاماژە بەچەند نموونەیەکی شاعیر دەکەین، کە بەهۆی ئەو لادانە واتاییەوە پەنای بۆ بردووە و گەمەیەکی هونەری پێکردووە،لەوانەش:

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل45.
(2) عەبدوالسلام نەجمەدین عەبدوڵلا:شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانییەوە، ل 121.
(3) يوسف اسكندر:اتجاهات الشعرية الحديثة، ط1، دار الشؤون الثقافية، بغداد،2004، ص271_ 272.
(4) سافیە محەمەد ئەحمەد(د.):لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل 154.

**ئاگادارم**
**نیوەت بەهەشتە و نیوەشت دۆزەخێکی بێ تخووبە**
**نەبەهەشتەکەت پێ دەبڕێت**
**نەئاگری دۆزەخەکەش بەیەکجاری دەتسووتێنێت [1]**

شاعیر لەم پارچە شیعرەیدا بەلادانی واتایی وێنەیەکی پارادۆکسی پێکهێناوە، بەهایەکی ئیستاتیکی بەشیعرەکەی بەخشیوە، چونکە بەهەشت و دۆزەخ دوو شوێنی دژبەیەکن و دژواتان، لەسەر بنەمایەکی ململانێ و دژایەتیکردنی یەکدیی لەڕووی واتاوە دروستکراون.

**ئەو دڵڕوونەی لەدەرێ بێت یان زیندان**
**پیرە گورگی لەپێستی مەڕدا دەناسێت [2]**

شاعیرلە لەتەدێڕی یەکەمدا بەهایەکی ئیستاتیکی پێداوە، لەسەر بنەمای لادانی واتایی پارادۆکسی وێنەشیعرییەکەی پێکهێناوە، بەوەی واتای وشەکان تەواو دژە واتان، چونکە شوێنەکانی دەرەوە و زیندان مانا و مەبەستی جیاواز دەگەیەنن، هەروەها لەلەتی دووەمدا وشەکانی(گورگ ومەڕ)لەسیفەت و مانا و واتادا پارادۆکسین و واتایان تەواو دژ وپێچەوانەی یەکن، بۆیە خوێنەری وشیار لەساتی خوێنەوەیاندا بەتەواوی هەست بەپاشخان و ئەزموونی شاعیر دەکات، لەمیانی گەیاندنی ئەو پەیامە واتاییەی، کە پەنهانێك لەنێوان خوێنەر و شاعیر و دەقدا هەیە.

**وا تۆ هاتووی**
**تۆ هەڵهاتووی [3]**

لەم دێڕەدا شاعیر سەرەتا دەڵێت:(تۆ هاتووی)وپاشان(تۆ هەڵهاتووی)، ناگونجێت لەیەك کاتوساتدا تۆ هاتبیت و هەڵهاتبیت، بەڵام بەهۆی لادانی واتایی پارادۆکسییەوە بەریەککەوتن و دژایەتیکردنێك لەنێوان وشەکاندا دروستبووە، بەمەش جوانی و چێژێکی هونەریی بەخوێنەر بەخشیوە.

**بەهەمان بزەی خەماوی جارانەوە[4]**

لێرەدا لادانە واتاییەکە لەسەر بنچینەیەکی دژەواتایی دروستبووە، چونکە واتاکان ڕێك دژبەیەکن، لەبەرئەوەی بزە خەمی تێدا نییە و خەندە و خۆشی و شادی هەیە، خەمیش ناخۆشی و دڵتەنگی و بێزاری لەخۆدەگرێت، بۆیە شاعیر وێنە و واتای نوێی پێبەخشیوە، کە بەواتا تەواو پێچەوانەییە وێنەکان یەکتر هەڵدەوەشێننەوە، بەمەشیان بووەتە سەرچاوەی جوانی و چێژێکی هونەریی بۆ خوێنەر.

**کوا ئەم زەوییە جێی لەنێو چنگێکی زبرا دەبێتەوە؟![5]**

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل48.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل84 .
(3) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل16.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 91.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل45.

ڕستەشیعرەکە بەشێوەی پرسیار لەسەر بنەمایەکی دژەواتا و پارادۆکسی دروستبووە، چونکە فراوان و چنگ(تەسك)مشتێك بەیەکەوە کۆبوونەتەوە و بەتەواوی واتای یەکتر ڕەفزدەکەنەوە، زەوی فراوان، چۆن جێگەی لەنێو چنگێك زبرادا دەبێتەوە، لەکاتێکدا خۆی فراوانە، گەیاندنی ئەو پەیامە خوێنەر بۆدۆزینەوەی نهێنییەکان زیاتر دەکات لەڕێگەی پاشخانی ئەزموونی دەقەوە.

کەواتە شاعیر بەهۆی بەئاگایی و ئەزموونی ئەدەبی و هونەریی خۆیەوە، هەوڵیداوە لەئاستی ئەو لادانە زمانییەوە، بەهۆی واتا و وێنەی پارادۆکسییەوە بەشێك لەشیعرەکانی بۆ لایەنە ئیستاتیکییە تەرخانبکات، کە گەمەیەکی جوانی هونەری بەبەکارهێنانی وشەکانەوە کردووە.

## 3- دانەپاڵ(خستنەپاڵ)

ئەم بابەتە بە زاراوەی نوێ تەواو(خواستن)ی هونەری ڕەوانبێژییە، بەڵام شاعیر لەمجۆرە لادانە واتاییەدا، هونەرییانە دەسکاریی وگۆڕانکاریی واتا بنچینەییەکەی دەکات و دووری دەخاتە لە ئاستی ئاخاوتنی ئاسایی و ڕۆژانەدا، بەهۆی پێدانی سیفەتێك بۆ شتێك یاخود دیاردەیەك، یا ناویك بەجۆرێك ئەو شتەی هەڵگری ئەو جۆرە سیفەتەیە، جاری وەها ڕوودەدات ئەمجۆرە لادانە لە ئەنجامی دەسکاریکردنی یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکانەوە پێکدێت، هەندێجاریش بەهۆی دانان و دانەپاڵی وشەیەك لەچوارچێوەی ڕێزمانییەوە دروستدەبێت، بەڵام(دوورە لەشیکردنەوە و لێکدانەوەی لۆژیکی، چونکە ئەمجۆرە دانەپاڵە بنەمای بونیادی زمانی دەقەکە بەرەو کرانەوە دەبات و واتایەکی فراوانتری پێدەدات و جۆرێك لەئیستاتیکیبوون و جوانی و داهێنانی هونەرییانە بەپێکهاتەکەی دەبەخشێت)(1). هەروەها لەمجۆرە لادانەدا شاعیر بەهۆی گەمەکانی زمانی شیعرییەوە دەیەوێت لەو سیستەمە دەسنیشانکراوانەدا لابدات، کە لەنێوان وشەکاندا هەیە، بۆیە دوورکەوتنەوەیەکی واتایی لەنێوانیاندا بەرجەستە دەبیت و لەوانەیە برێکجاریش ناتەبایی و ناهاوسەنگییەك بەدی بێت، بەمەشیان سیستەمێکی تازە و سەردەمیانەی بەکارهێنانی زمانی پێدەبەخشێت، چونکە هەرجۆرە گۆڕان و دەسکارییەك لەشوێنی ئەو کەرەستانەی ڕستەکەدا ڕووبدات، بونیادنانەکەی لەسەربنەمای((پەیوەندی نێوان(ناو)و(ناولێنراوە)ە، هەر گۆڕانێکیش لەو پەیوەندییەدا ڕووبدات، دەبێتە گۆڕان لەواتادا و داهێنانی شاعیریش لەئەنجامی بەزاندنی یاساکانەوە دێت.))(2).

بەپێی سروشتی کەرەستە بەکارهاتووەکان بەشێوەی(مادی)مەتریالی و مەعنەوی(ئەبستراکتی) پۆلینیان دەکەین و ئاماژە بەچەندین سیمای جۆراوجۆری خستنەپاڵ دەکەین :

**یەکەم:بەزیندەوەرکردن**

شاعیر لێرەدا سیفەتی زیندەوەران(گیانداران):(مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەك) دەخاتە پاڵ ئەو جۆرە شتانەی(مادی- مەتریالی)ن، کە هەڵگری سیما و سیفەتی بێگیانن(نازیندوون). ئەمەش بەمەبەستی پێکهێنانی وێنەشیعرییەکە و خستنە زەینی خوێنەر و مانەوەی لەهۆش و خەیاڵیدا، ئەم کارە داهێنەرانەش بەهۆی پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان لێکچواندنی نێوان دووشتەکەوە پێکدێت.

**هەم سەری پیری و ڕۆژگاری پێ بشکێنم.(3)**

(1) جون کوین:النظرية الشعرية، ص134_135.
(2) عەبدولواحد مشیر دزەیی(پ.ی.د):لادانی واتایی لەزمانی شیعردا، ل 45.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل46.

(پیری و ڕۆژگـار)دوو وشـەی نازینـدووی مەعنـەوی ئەبسـتراکتن(بێگیانن)، بـەڵام بـەهۆی خستنەپاڵەوە سیفەتی زیندوویـەتییان پێدراوە و بەزینـدەوەرکردن ئەنجامـدراوە، چونکە(سـەر)یەکێکە لەئەندامەکانی زیندەوەران و سیفەتێکی مادی هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە لەڕووی ڕوخسارەوە بـەهای جوانییەکەی لەوەدایە، کە سـەروایەکی نـاوەکی و ڕیـتم و ئیقـاعێکی خێـرای مـوزیکیش دروسـتبووە، بەمەش واتایەکی نوێی هونەری ئیستاتیکی داوەتێ و لەسیسـتەمە دیـاریکراوە بەکارهێنانەکـەی نێـوان وشەکاندا لایداوە، بەهۆی لادانی زمانییەوە.

**خۆری پێکەنینی هەمان کچی کافرۆشی هەولێر [1]**

لەم ڕستەشیعرییەدا شاعیر سیفەتی(پێکەنین)ی تایبەت بەمرۆڤ(زیندوو)ی داوەتە پاڵ کەرەسـتەیەکی دیکە، کـە(خۆر) وشـەیەکی ئەبسـتراکتە ونازینـدووە، بەمـەیان لادانێکـی واتـایی لـەمیانی گەمەیـەکی بەکاربردنی زمانییەوە پێداوە، بۆئەوەی زیاتر وێنە شیعرییەکە لەزەینی خوێنەر بچەسپێ و بەهایەکی هونەرییانەی هەبێت.

**<u>- بەزیندەوەرکردنیش خۆی لەدوو جۆردا دەبینێتەوە، کە ئەوانیش:</u>**

**أ- بەرجەستەکردن**

لەمجۆرەیاندا خستنەپاڵی سیفەتێکی زیندەوەران(مرۆڤ)یان(ئاژەڵ)ە، بەمەبەستی((دەرخستنی شتە ژیرییەکان بەشـێوەیەکی هەسـتی و لەبـەر ئـەوەی پەیوەسـتە بەجەسـتەوە. باشـتر وایـە تـەنیا بـۆ گیانلەبەر بەکاربێت. واتە ئەو لەشانەی خوێنیان تێدا دەسـووڕێتەوە و گیانیـان تیایـە))[2] . ئەوەشـیان بەچەند شێوەیەکە:

**1- بەمرۆڤکردن:**

شاعیر بۆیە ئەم کارە هونەرییە ئەنجامدەدات، دەیەوێت بەهای ئاستی ئەو شتانەی نازیندوون جوان و بەرز و بەهادارتر بکات، کە سیما وئەدگار و سیفەتی جۆراوجۆری مرۆڤی تێدا بەرجەسـتە دەکات، چونکە خەسڵەتی بەمرۆڤبوون بەناخ و دەروونی مرۆڤایەتییەوە گرێدراوە.

**هەر لەو تاڵە ئارمووشانەی کە لەجێژوان**
**لەکۆڵکە زێرینەی پرچی... بەجێ ماون[3]**

سیفەتەکانی(تاڵ، پرچ)تایبەتن بەمرۆڤی(ژن) زیندەوەران و سیفەتی مادین، خراوەتە پاڵ ئەو شتەی نازیندووە، بەرجەستەکردن تێیدا ڕوویداوە، بەبەڵگەی بەکارهێنانی وشەی(جێژوان) سیفەتێکی مەعنەوی هەیە بۆ پیشاندانی جوانییەکانی کە لەو شوێنەدا جێمـاون، لێکچوانـدنێکیش لـەنێوان ڕەنگـی کۆلکەزێرینە و پرچی دا هەیە، وێنەیەکی وەسفییە، لەسەر بنەمای لێکچوواندن دروستبووە، تاڵە مـوو و پرچ لێچووە، هەروەها(ئارمووش)شتێکی نەرم و نیانە و لەگەڵ کۆلکـە زێرینـە لـەوچووە، بەمـەش بنەمای هونەری و پێگەی زمانی دەربڕینی شیعرەکەی جوانتر کردووە.

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 5.
(2) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی:بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا، ل 135.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 20.

**شەو پیری چیایان هەڵگورد هاتە خەونم**
**بەخەمباری و لێوە لەرزەوە هاتەگۆ:**
**((خۆزگەم! بەدوندی سەری تۆ))[1]**

سیفەتەکانی ئەبستراکتی(پیر، خەمباری، لێوە لەرزە، هاتەگۆ، خۆزگە، سەر)کۆمەڵێکن تایبەتن بە مرۆڤ (پیاوەوە)لەم کۆپلەیەدا، شاعیر داویەتییە پاڵ کەرەستەکانی دیکە، بەمەش سیفەتێکی بە مرۆڤکردنی بەرجەستەکردووە، جوانی زمانی دەربڕینەکەی لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، کە پەیامی شاعیر لەجیهانبینییەکی دیاریکراوی سنووردارەوە قەتیس نەماوە لەئاستی بابەتییەوە، هەنگاوی ناوە بەرەو جیهانێکی مەودا پانتر و فراوانتر لەبەردەم خوێنەرەکانیدا، ئەنجامدانی ئەم کارە هونەرییە هونەرمەندانەیە نرخ و پێگەی بەها ئیستاتیکییەکەی جوانترکردووە.

**پیرەهەنجیر: (سەر هەڵدەبڕێت)**
**تۆ بۆ ئەو مرۆڤە کپ و**
**کێوییەت کردۆتە داستان؟!**
**ڕووبار: (سەرێك دەلەقێنێت)**
**چونکە ڕۆژانی سەخت و تووش**
**کەپەنکێك**
**دەداتە کۆرپەی بەر زریان[2]**

(نەوزاد ڕەفعەت)سیفەتەکانی(سەرهەڵبڕین، کپ، سەرلەقاندن، ڕۆژانی سەخت، کۆرپە)، کە هی مرۆڤن(زیندەوەر)، خستویەتییە پاڵ کەرەستەی تر، بەهۆی زمانەوە لادانی واتایی پێئەنجامداون، لەواتای ڕاستەقینەی خۆی دووری خستونەتەوە و سیما و خەسڵەتێکی بەزیندەوەرکردنی مرۆڤایەتی مرۆڤی تێدا بەرجەستەکردوون و سیفەتی مرۆڤبوونی پیری وەك وشەیەکی مەعنەوی بە(دارهەنجیر) بەخشیوە، کە ڕووەکە و زیندووە، هەروەها سیفەتی سەر لەقاندن مادییە و داویەتییە(ڕووبار)، کە بێگیان(نازیندووە)، بەمەشیان جوانییەکی تایبەتمەندی پێشکەشکردووە.

## 2- بەئاژەڵکردن

جۆرێکی دیکەی بەرجەستەکردنە، کە شاعیر بەزیندەوەرکردنی تێدا ئەنجامدەدات، بەخستنەپاڵی سیفەت و خاسیەتێکی ئاژەڵانە بەهەموو جۆرەکانییەوە، بۆ جۆرە شتێك، کە هەڵگری سیما و سیفەتی(ئاژەڵ)بێت، بەمەش بەئاژەڵکردن دێتەدی.

**یان بەدوندووکی دوو پەنجە**
**ژێ... ژێ... هەڵیان دەگرمەوە**
**لەدورجی دوڕ و مەرجانیان دەشارمەوە[3]**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 12.
(2) نەوزاد ڕەفعەت: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 21.

(دوندووك)سیفەتێکی باڵندەیە و شاعیر داویەتییە پاڵ دوو پەنجە، بەمەشیان بەزیندەوەرکردنی بەرجەستەکردووە، لەئاستی لادانی واتاییدا، بەهەڵگرتنەوەی ژێ ژێ وەك شتێکی نازیندوو، بەدوندووکی پەنجەکانی و شاردنەوەیان لەدورجی دوڕ و مەرجان، زمانی دەربڕینی دەقەکەی لەئاستی ناوەوەش جوانتر و بەئاوازتر و موزیکیتر و خۆشتر کردووە.

**باڵیان بەسەردا دەکێشم**
**هەناسەیان هەڵدەکێشم**(1)

وشەی(باڵ)وەك سیفەتێکی ئاژەڵی باڵندانە لەم دەقەدا ئامادەیی هەیە، شاعیر داویەتییە پاڵ خۆی بۆ دەرخستنی هێز و دەسەڵات و توانای لەبن نەهاتووی خۆی، بۆ کێشانی هەناسەی دوژمن و کۆتایی پێهێنانی ئەو ناخۆشییانەی بەسەریدا هاتووە. بەهۆی ئەم لادانە واتاییەوە لەئاستی ڕوخساریشدا کار لەناخ و سەرنجی خوێنەر دەکات بۆ دەربڕینە شیعرییە جوانەکەی و لەرینەوەیەکی هاوکێش و هاوسەروا وهاوئاواز و خێرا و بەهێزی کارتێکەرانەی دروستکردووە .

**بزانە چۆن لەهەر کوێ بم**
**لەهەر تاقێك هەڵکورمابم**
**کۆترانە... لەبا تیژتر...**
**ڕێگای ئاسمان و زەمینت دەگرمەوە**(2)

شاعیر لادانی واتایی ئەنجامداوە، سیفەتی بەزیندەوەرکردنی باڵندانەی داوەتەپاڵ خۆی، ئەویش کۆترانەیە و ئاماژەیە بۆ ڕەمزی ئاشتی و سەربەستی، ئەگەر لەهەر تاقێك هەڵکورمابێ، ڕێگای ئاسمان و زەمینی کە تەواوی گەردوونە هەر دەیگرێتەوە، چونکە لەباتیژترە، بەلێکچوونی ئەم کۆمەڵە سیفەتەی باڵندەیە بەبوونی خۆی، ئاستی هونەرییوونی بونیادی بابەت و ڕوخسارەکەی جوانتر کردووە، بەهۆی ئەو زمانە شیعرییە نەرمەی پەیڤ و دەستەواژە ناسك و ڕازاوەکانی پێدەربڕاوە.

**ب- بەڕووەککردن**

شاعیر لەمجۆرەیاندا بەخستەپاڵی یەکێك لەسیفەتەکانی دار و گوڵ و درەخت و گژوگیا بۆ شتێك یان مرۆڤێك، کە دوورە لەڕووەکەوە، بەمەش دەبێتە هەڵگری سیفەتی(- ڕووەك).

**دارانە دەلەرێمەوە و پەپوولانە بەلا دادێم**(3)

ئەم ڕستەشیعرییە، هەڵگری سیفەتەکانی بەڕووەککردن و بەئاژەڵکردنی تێدا بەرجەستەبووە، بەخستەپاڵی سیفەتی لەرینەوەی دار و بەلاداهاتنی پەپوولانەی داوەتە خۆی، لادانی واتایی لەئاستی ئاساییدا پێکراوە، بەمەش بونیادێکی جوانیناسانەی پێکهێناوە.

**ئەو هەوارەی خۆشم دەوێت**
**دەمباتەوە ئەو کەنارەی...**

---

(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل23.
(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 60.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 51.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان. ل 18.

**شەتڵەڕەیحانەی ژیانی تێدا دەڕۆێت[1]**

لێرەدا(ژیان)بەرووەککراوە، بەدانەپاڵی (شەتڵەڕەیحان)، کە سەرچاوەی جوانی و بۆنخۆشی و دڵخۆشییە، هەروەها نۆستالۆژیای شاعیر بۆ ڕابردوو نیشاندەدات، ئەوە بەدەردەخات کە شاعیر گرنگی بەئیستاتیکای شوێن داوە، بەگەڕانەوەی بۆ ئەو هەوارەی، کە دەیباتەوە کەناری ئارامی و خۆشبەتی ژیانی ڕابردوویەوە، چونکە خۆشویستنی چاوگەیەکە بۆ بونیاانی ئەو ژیانەی کە شەتڵەڕیحانی ژیانی داهاتووی تێدا دەڕوێت.

**تۆوی پووچی بەختەوەری لە دڵی بیابان دەڕوێنن[2]**

(بەختەوەری)بەرووەککراوە، بەخستەپاڵی سیفەتی(تۆوی پووچ)ڕوواندن تایبەتە بەڕووەك، لەلایەکی دیکەشەوە(بیابان) بێگیانەو(دڵ)ی مرۆڤی بۆ خوازراوە و بووەتە هەڵگری سیفەتی بەمرۆڤکردن و دراوەتەپاڵی، شاعیر هونەرییانە دووکاری داهێنەرانەی ئەنجامداوە، لەم ڕستەشیعرییەیدا بەمرۆڤکردن و بەڕووەککردنی بەرجەستەکردووە.

**دووەم:بەتەنکردن**

جۆرێکی دیکەی لادانی واتاییە، شاعیر دەیخاتە پاڵ ئەو شتانەی کە بوونێکە و بەرجەستەبوونی هەیە، بەهۆی درککردنی ئەو هەستەوە پێکدێت، کە ئیشی هونەریی تێدا ئەنجامدەدات،((لەمیانی دۆزینەوەی هەماهەنگی ئەو پەیوەندییە و لێکچوونە و نزیکبوونەوەی کە لەنێوان شتە درکپێکراوەکان و شتە واتایی(مەعنەوی)یەکان، کە خوێنەر وێنەیەکی هونەرییان بۆ دروستدەکات و شتە بێ قەبارە و واتادارەکان وەك تەنێکی بەهەست(درکپێکراو)وقەبارەدار مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات))[3].

**لادە ئاوەدانیی دڵم و**
**دەواری عیشقت هەڵبدە[4]**

(ئاوەدانیی)و(دەوار)دوو شتن دەبینرێن و هەستییان پێدەکرێت، شاعیر دڵی بەئاوەدانی چواندووە بەواتای مەعنەوی بەکارهاتووە، بۆیە داویەتیە پاڵ ئاوەدانیی بەمەبەستی بینینی خۆشی و بەختەوەری و عیشقیش شتێکە مەعنەوییە داویەتییە پاڵ دەوار هەڵدان و ئەمسەروئەوسەری لەخۆشەویستەکەی گرتووە، بەمەش وێنەیەکی بەتەنکراوی دڵی خۆیمان بۆدەخاتەڕوو.

**گوڵەقەتماغ گرتووەکانی ئاگردانی ڕۆحم دەبات[5]**

(ئاگردان)وشەیەکە هەستپێکراوە و بەرهەستی بینین دەکەوێت، دراوەتە پاڵ(ڕۆح)کە وشەیەکی مەعنەوی و درکپێنەکراوە، کەچی شاعیر بەهۆی لادانی واتاییەوە بەتەنیکردووە.

**کە ڕەنووە بەفرێکی دزێو**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 33-34.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 107.
(3) هاوژین سڵێوە عیسا:بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، 2009، ل 87 .
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 37.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 31.

**دوندی سەری هێلانەی خەیاڵی پۆشیم(1)**

(دزێو)و(خەیاڵ)دوو چەمکی واتایینە و درکپێنەکراو و هەستەکانی تێدا نییە، بەڵام شاعیر بەدانەپاڵی(ڕەنووە بەفر)و(دوندی سەری هێلانە)بەرهەستی بینین و درککردن کەوتوون، بەتەنکردنی بەرجەستەکردووە.

**منیش خۆرئاسا**
**دیواری شەوی یەڵدای سامناکیم خستە ژێرکەوش(2)**

(سامناکی)وشەیەکی واتاییە بەرهەستەکان ناکەوێت، بەشەوی یەڵدا چوێنراوە بۆیە شاعیر بەتەنیکردووە، هەروەها (شەوی یەڵدا) بە(دیوار) چوێنراوە و بەتەنکراوە، بۆیە بەدروستکردنی دیواری شەوی یەڵدا، کە خۆرئاسا دەبینرێت و هەستییان پێدەکرێت، دواتر خستنە ژێرکەوش، کە دیسان هەستپێکراوە، واتایەکی قووڵتر و فراوانی بەوشەکە بەخشیوە.

**سێیەم:بەڕەوانکردن:**

جۆرێکی دیکەی لادانە لەئاستی لادانی واتادا، کە شاعیر بەپێی ئەو ئەزموونە هونەری و شیعرییەی هەیەتی، شارەزایی و ئەزموونداری خۆی تاقیدەکاتەوە، ((بەپێدانی خستەپاڵ و بەخشینی سیمای سیفەتی واتایی(+ڕەوان)بەو وشانەی کە سیمای واتایی(ڕەوان)یان هەیە، بەشتێك کە خاوەنی(-ڕەوانییە)، چونکە کانیاو و دەریا و ڕووبار و لافاو و زێ سیفەتی بەڕەوانکردنیان تێدایە))(3).

**هەڵدەستمەوە!**
**دەبمەوە دەریا و هەڵدەچم!(4)**

شاعیر بەڕەوانکردنی ئەنجامداوە، چونکە خۆی بەدەریا چواندووە، کاتێك هەڵدەستێتەوە و هەڵدەچێت و دەبێتەوە دەریا، بونیادێکی هونەریی و جوان و بەهێزی پێداوە.

**ئەگەر ڕووباریت بۆ هێندە وشك و تینووم؟!(5)**

سیفەتی بەڕەوانکردنی بەیارەکەی بەخشیوە، لێکچواندنێکی لەگەڵ ڕووبار پێکراوە، شاعیر دەپرسێت:(تۆ- یار- خۆشەویست)، ئەگەر وەك ڕووباریت، کە سەرچاوەی کۆکردنەوەی ئاوە، ئەی بۆچی هێندە تینوو وشکم؟!، ئەمەشیان لادانیکی واتایی قووڵی پێکراوە.

**لای من هەر تۆیت**
**تاقە ڕووباری داوێن پاك(6)**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 8 .
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە،ل 49.
(3) سافیە محەمەد ئەحمەد(د.):لادان لەشیعری هاوچەرخی کوریدا، ل 165.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 31.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 53.
(6) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 34.

ئـەم دێڕەشـیعرە بـەڕەوانکراوە، سـیفەتی ڕووبـار، بـەڵام کـام ڕووبـاریش؟، ڕووبـاری (داوێن پاك)، کەسیفەتێکی ئافرەتی پاك و بێگەرد و دەسلێنەدراوە دراوەتە پاڵ یار، بەم لادانە واتاییـە هەڵگری ئەو سیمایەیە، بەو لێکچواندنەی بەخۆشەویست بەخشراوە، وەك تاقە ڕووبارێك.

**- نەتزانیوە**

**ئەم سترانە... کانیاو ئاسا**

**لەخۆڕا هەڵنەقوڵاوە[1]**

لـەم کۆپڵەیەدا(سـتران)بەکانیاو چـوێنراوە، کانیـاویش سـیمای ڕەوانـی هەیـە، بـەڕەوانکردن دروستبووە، شاعیر سترانی بۆیـە بـەکارهێناوە، سـەرچاوەی جـوانی و جوڵانـدنی هەسـت و سـۆزە، چواندنی بەکانیاو، کە چۆن تا هۆکارێك نەبێت هەڵناقوڵێت، جوانییەکانی بـەدەرناخات، ئـەوهاش ئـەم سترانە هۆیەکی لەدواوەیە تاکوبچڕدرێت، بەمەش بەهایەکی جوانی پێبەخشیوە.

**دەروونی لێڵ وەك کانیاو ڕوون دەکاتەوە؟[2]**

(دەروونـی لێڵ)بـەڕەوانکردنی پێـدراوە، بـەکانیاو چـوێنراوە و سـیفەتی ڕوونـی و سـافی و خاوێن بوونەوەی تێدا بەرجەستە کراوە وەك کانیاو، کە چۆن پاکدەبێتەوە و لێڵی نامێنێت.

**چوارەم:پێکدادانی واتایی**

لــەمجۆرە لادانــە واتاییــەدا شــاعیر هەوڵــدەدات بۆئــەوەی زیــاتر بەرجەســتەکردن و دوورخسـتنەوە لەگوزارشـت و دەربڕینـە باوەکـان بێنێتـەدی، بەپێکـەوەهاتنی دوو وشـە، کـە لەگـەڵ یەکتردا دژەواتا و ناتەبان، بۆیە پێکدادانی واتـایی دروسـتدەکات و ئەمەشـیان بریتییـە لە((هێنانـەوەی دوو وشە کە لەهەندێ سیمادا دژ بەیەکتر دەوەستن، مەبەست بەخشینی واتایەکی نوێ یە))[3].

هەروەها ئەوەی دەردەکەوێت، ئەوەیە کە وشەکان لەواتادا دژبەیەکن و یەکدی تەواو ناکـەن، چونکە لەگەڵ یەکتردا دۆست و گونجاونین. بۆیە پێویستیان بەوردبوونەوە و بیرکردنەوەیـەکی قـووڵ هەیە، بـەڵام شـاعیر بەمجۆرە((لەڕێگـەی لادان و بەرجەسـتەکردنی ئـەرکی شـیعرییەت دەلالـەتێکی نوێیان پێ دەبەخشێت، کەشێکی نائاسایی و نامۆ دەخوڵقێنێت، ئەمەیە مەبەست و ئامانجی نووسەر کە خوێنەر سەرەتا وا هەست بکات ئەمە لەڕووی ماناوە، لەڕووی لۆجیکەوە، هەڵەیە و پاش لێکدانەوەی ئینجا لەڕووە جوانە ئیستاتیکایەکە و مەبەستی نووسەر دەگات.))[4].

**من ئەو دۆزەخە فێنکەم**

**کردۆتە زێد و نیشتمان**

**کۆچ دەکەم... [5]**

شــاعیر دەسـتەواژەی(دۆزەخە فێنکـە)ی بـەکارهێناوە، ئەمــەش لەگــەڵ لۆژیـك و زانسـتدا ناگونجێـت، چونکـە ئــەوەی باسـکراوە و زانـراوە دۆزەخ شـوێنێکی گەرمـە و سـووتێنەرە و هـیچ

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل 145.

(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل94.

(3) ناز ئەحمەد سەعید:لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا، ل 319.

(4) سەرچاوەی پێشوو، ل 253.

(5) نەوزاد ڕەفعەت:پەریییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 60.

نیشانەیەکی فێنکایی تێدانییە، لەبەرئەوەی وشەکان ناتەبا و دژن و یەکتر ڕەتدەکەنەوە، چونکە فێنکایی زیاتر بۆ بەهەشت بەکاردێت، نەك دۆزەخ. بەمەشیان واتایەکی دیکەی بەهۆی لادانەوە بەرهەمهێناوە و پێکدادانی واتایی دروستبووە.

**ئامێز و ئامێرەکان نا.. خۆریش ساردە[1]**

(خۆریش ساردە)دەربڕینێکی نوێیاوە، لادانی واتایی بەهۆی بەیەکەوەهاتنی دوو وشەی دژەواتا و نەگونجاو دروستکراوە، بەمەشیان واتایەکی نوێی پێبەخشراوە، چونکە خۆرگەرمە و سەرچاوەی گەرمی بەخشینە، خۆری سارد لەگەڵ ڕاست و دروستی زانست و لۆژیکی چەسپاو ناگونجێت، بەڵام بەم دەربڕینە مانا و دەلالەتەکەی وردتر و قووڵتر کردووە، بۆئەوەی خوێنەر بەئاسانی واتا هونەرییەکەی بەدەستنەهێنێت و پێویستە وریا و وشیارانە بیر لەدیوی شاراوەی وشەکان بکاتەوە.

**تازە تەمەنی خۆرنشین**
**دەرەقەتی بەستەڵەکی دۆزەخ نایێت[2]**

لەم دێڕەدا بەکارهێنانی دەستەواژەی(بەستەڵەکی دۆزەخ)لەلایەن شاعیرەوە، نەگونجاویی و دژەواتایی لەخۆگرتووە. لەڕووی مانا و زانستی لۆژیکەوە(دۆزەخ)شوێنێکی گەرمە سیفەتی توانەوە و سووتان و گەرمبەخشی هەیە، نەك بەستەڵەکی و ساردیی بەستن. ئەمشێوە پێکەوە هاتنەی دوو وشەی دژبەیەك لەواتادا، پێکدادانی واتایی دروستبووە.

**دەمگوت ئەمشەو بەفر گەرمە[3]**

دەربڕینە دەستەواژەی(بەفرگەرمە)لەم نیوەدێڕەدا، خوێنەر تووشی سەرسووڕمانی و ناهاوسەنگی و ناتەبایی و دژەباوییەك دەکات، کە لای وابێت ماناکەی هەڵەی تێدایە، چونکە بەپێی لێکدانەوەی زانستی و لۆژیکی و دیاردەی سروشتی بەفر ساردە و سیفەتی تەزین و بەستان و سارد بەخشی تێدایە، نەك گەرمی و گەرمبوونەوە و گەرمیبەخشین، بەڵام بەم لادانە لەئاستی واتاییدا، پێکدادانی واتایی پێکهاتووە و واتا ومانا و دەلالەتێکی تازەی پێبەخشراوە و بۆ مەبەست و ئامانجی دیکە بەکاربراوە و ئەرکی شیعرییەت و ئیستاتیکییەکەی بەها بەخشتر و جوانتر بووە.

هەروەها شاعیر لەچەند نموونەیەکی دیکە پێکدادانی واتایی بەئەنجامگەیاندووە، وەکو:(گەر ڕۆژێك بایەکی کۆیلە)[4]و(بەرد نەرم بوو و تۆ هەردەستی زیندەوەرانت نەگوشی؟)[5] و (بۆ ئاڵەکۆکێك.. فرمێسکی سووتاو دەخواتەوە)[6] .

**پێنجەم:ڕەنگپێدان**
جۆرە لادانێکی تری واتاییە، بەهۆی خستنەپاڵی سیفەتی ڕەنگپێدان دروستدەبێت، لەبەرئەوەیە بەشێکی زۆری هونەرمەندەکان لەئێش و کارەکانیاندا ڕەنگ وەك ڕەگەزێکی بایەخدار و پێویستی هونەری بەکاردێنن،

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 64.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 47.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 60.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل 82.
(5) سەرچاوەی پێشوو، ل 94.
(6) نەوزاد ڕەفعەت: شینی شالوور، ل 31.

چونکە سەرجەم ڕەنگەکان سەر بەکێڵگەی واتایی[1](ڕەنگ)ن، سروشتی ئەو ژینگە و کۆمەڵگە و دەوروبەرەی کە مرۆڤ ژیانی تێدا بەسەردەبات، چەندین تەن و کەرەستەی ڕەنگداری تێدایە، لەبەرئەوەی((ڕەنگدان زمانێکی بەرجەستەکەرە و ڕاستەوخۆ ئاراستەی چاو دەکرێت و لێرەوە لەگەڵ ناخ دەدوێ و بەکەمترین ماوە کارلێکردن دروست دەکات))[2].

بۆیە دەبینین ڕەنگ کارلێك و کاریگەرییەکی بەتین و بەهێزی لەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤەوە بەگشتی هەیە، بەمەشیان ئەو کارتێکردنە لەکارە هونەرییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە شاعیریش وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە ئەو کاردانەوەی بەهۆی سیفەتی ڕەنگپێدانەوە لەسەر ناخ و بیر و هۆشی بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتیش کارە ئەدەبیی و هونەرییەکەی کە شیعرە، ڕەنگ دەبێتە بنەما و چاوگە و ڕەگەزێکی سەرەکی بونیادی پێکهاتەی وێنە شیعرییەکەی، چونکە بەشێوەیەکی گشتی کاتێك((شاعیر لەڕێی وشەوە ئەم کارە ئەنجام دەدات هەندێ جار بەهۆی ناوبردنی ڕەنگەکان وەکو گوزارشت کردن لەبارێکی دەروونی یاخود وەکو ڕەمزێك))[3]، کاریگەرییەکەی زیاتر لەبیر و هۆشی خوێنەر چاکتر و گونجاو و باشتر دەمێنێتەوە و کارلێکەکەیان پتر دەچەسپێت.

لەبەرئەوەی بەکارهێنانی هەر جۆرە ڕەنگێك لەڕووی ناوەڕۆکەوە مانا و دەلالەتی بەکارهێنانی تایبەت بەخۆی هەیە[4]. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگپێدان و پێبەخشینی(ڕەنگ بەکەرەستە و شتێکی ڕەنگدار، کە دژی ئەو ڕەنگەیەیە، کە لەسروشتی بونیادی خۆیدا بوونی هەیە)[5]، ئەمەشیان خۆی لەخستنەپاڵدا دەدۆزێتەوە، کە جۆرێکە لەلادانی واتایی، بەهۆی ناتەبایی و نەگونجاندنیانەوە لەگەڵ یەکدیدا جۆرە دوورخستنەوەیەك دێتەئاراوە، سەرەڕای ئەم ئەدگارەش دوو شێوە ڕەنگپێدانی دیکەش دیاریکراون لەوانە:((1- ڕەنگپێدانی بێ ڕەنگ: کاتێك ڕەنگ دەدرێتە پاڵ شتێکی هەستپێکراو، کە لەواقیعدا ڕەنگی نییە، جۆرێکە لەهەست گۆڕکێیەکان، 2 - ڕەنگپێدانی ڕووت: کاتێك ڕەنگ دەدرێتە پاڵ شتێك، یان چەمکێکی ڕووت و هەست پێنەکراو،شێوەیەکە لەداماڵین))[6].

**تازە پەلکەزێڕینەی ڕەش**

**ئاسمان ڕەنگین ناکاتەوە و زەمینی پێ سپی ناکرێت [7]**

(پەلکەزێڕینە)دیاردەیەکی سروشتی ڕەنگدارە، کە دوای بارانبارین دەردەکەوێت، حەوت ڕەنگە و ڕەنگی(ڕەش)ی تێدانییە، بەخستنەپاڵی (ڕەش) ڕەنگپێدانی پێدراوە، بەهۆی لادانی واتاییەوە

---

(1) یەکێك لەتیۆرەکانی شیکردنەوەی واتا و مانای وشە، تیۆری کێڵگە واتاییەکانە، لای وایە(( دەتوانێت دیتنێکی نوێ بۆچارەسەرکردنی وشە زمانەوانییەکان لەسەر ئاستی بینای سیمانتیکی پێشکێش بکات، ئەم تیۆرە تەواو ناسنامەی وشە،یان واتای وشە دەردەخات))، سەلام ناوخۆش و نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: زمانەوانی، بەرگی 3،2،1، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، ل 194.

(2) ئەحمەد سالار:ڕەنگ لەڕەنگداندا، لێکۆڵینەوەی چامەشیعری(ڕەنگدان)ی شاعیری گەل(شێرکۆ بێکەس)، سلێمانی، 2009، ل 34-36.

(3) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی:بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا، ل 110.

(4) (جان کۆهین):((بۆ لێکدانەوەی واتای دەلالی هەر ڕەنگێك بۆ سێ ڕەهەند دەگەڕێنێتەوە: 1_ سروشتی: مەبەست ئەو ڕەنگەیەی لەڕەنگی دیاردەیەکی سروشتی وەرگیراوە و دەلالەتێکی تری لەسەر هەمان بنەما لەخۆگرتووە، بۆنموونە: سەوز واتای نوێبوونەوە و ژیان دەگەیێنێت، چونکە لەبەهاردا گژوگیا سەوزە،2_- ڕۆشنبیری:بەپێی ئاست و ڕۆشنبیری هەر وڵات و کۆمەڵگایەك ڕەنگەکان دەلالەتی جیاواز لەخۆدەگرن، بۆنموونە:لای هەندێك کۆمەڵگا(ڕەش) نیشانەی ماتەوە، بەڵام لای هەندێك میللەتی تر ڕەنگی سپی دەپۆشن. 3_ کەسایەتی:هەندێك جا ڕەنگەکان ڕیشەیان لەئەدگارە کەسییەکان وەردەگرن، بۆنموونە:وەنەشەی لای (بۆدلێر) تایبەتمەندی خەمناکی هەیە، بەڵام لای(رامبو)ڕەنگێکە دەلالەتی زیندوێتی و بەتوانایی دەگەیەنێت)). سافیە محەمەد ئەحمەد(د.):لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل 168.

تێبینی: ئەو وشانەی بەهەڵە نووسراون، هێڵیان بەژێردا کێشراوە: ماتەمە لەجیاتی(ماتەوە)و خەندێك جا لەجێگەی(هەندێك جار) و وەنەشەی لەجیاتی(وەنەوشەیی).

(5) محمد كنوني:اللغة الشعرية(دراسة في شعر حميد سعيد)، ط1، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1997، ص 235_234.

(6) سافیە محەمەد ئەحمەد(د.):لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل 169.

(7) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 36.

دروستبووە، کە دژی ئەو ڕەنگەیە لەسروشتی بونیادی پێکهاتەی خۆیدا ئامادەگیی هەیە، بەمەشیان دوورکەوتنەوەیەك بەهۆی یەکتر نەگونجانیان پێکدێت، هەروەها لەنیوەدێری دووەمدا بەهۆی بەکارهێنانی ڕەنگی(سپی)ڕەنگپێدانی پێداوە، چونکە زەمین ڕەنگی بۆرە و دژی ئەو ڕەنگە سروشتییەی خۆیەتی و پارادۆکسی پێکهاتووە.

**بەباڵێك ڕەشبینی و باڵێك خەونی سپی[1]**

(خەون)چەمکێکی ڕووتە، بەڵام لەم نیوەدێرەدا ڕەنگپێدانی پێدراوە، بەدانەپاڵی ڕەنگ، چونکە خەون هەستپێنەکراوە و شێوەیەکە لەداماڵین، تاکو ئەم وێنەیە بەهۆی ڕەنگەوە باشتر لەزەینی خوێنەردا بچەسپێت و کاردانەوەی زیاتری لەسەر ناخ و هەست و سۆزی هەبێت.

**ئەستێرەیێ دەپشکوێ**
**سوور سوور جودا [2]**

(ئەستێرە)ڕەنگێکی زیوی درەوشاوەیی هەیە، بەڵام لێرەدا دژی ڕەنگی سروشتی بوونی خۆی، ڕەنگی (سوور)ی پێدراوە، بەهۆی ڕەنگپێدانەوە، ڕەنگی سووریش واتایەکی دەلالی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە مانای ناخۆشی و کارەساتێك دەدات و بەپێی ئاست و ڕۆشنبیری هەر کۆمەڵگەیەك لەهەر وڵاتێکدا مانا و دەلالەتی جیاوازی هەیە، لەوانەیە بۆ مەبەستێکی دیکە بەکاربێت.

**زێی بادینان**

**سەرتاسەر سوور هەڵدەگەڕێت[3]**

دانەپاڵی ڕەنگی(سوور)بەزێی بادینان، لادانێکی واتاییە بەهۆی ڕەنگپێدانەوە، بۆئەوەی واتا و دەلالەتێکی تازە بەدەربڕینی دەستەواژە شیعرییەکەوە بدات، چونکە ڕەنگی سوور مانایەکی خراپ و خەتەرناکی لەخۆگرتووە، کاتێك وەرگریش بەهۆی ڕەنگپێدانەوە وشەکە دەبینێ و دەبیستێ تووشی دڵەخورپە و هەڵچوون و هەژانێکی دەرونی دەبێت و کاردانەوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەسەر ناخی دروستدەبێت، بەمەش وێنەی هونەری بینراوی هەستپێکراو پێکدێت.

**مێژووی سپیی موغەکانیان بیرچووەوە[4]**

(مێژوو)چەمکێکی ڕووت و هەستپێنەکراوە، داماڵینی پێکراوە، بەڕەنگپێدانی ڕەنگی(سپی) هەوڵدراوە لەڕوانگەی ڕەهەندێکی ڕۆشنبیری ئاینییەوە ماناو دەلالەتێکی تازەباوی پێبدرێت و کارلێکێکی دەرونی بێنێت.

**ئێمە کارێزی کافووری سپی و**
**بیری سپی و**
**قسەی سپیمان لەپێستی**
**زەمانی ڕەش هەڵبەستووە[5]**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 24.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 66.
(3) نەوزاد ڕەفعەت: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 95.
(4) نەوزاد ڕەفعەت: شینی شالوور، ل 103.
(5) نەوزاد ڕەفعەت: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە،227 _ 228.

لـەم کۆپلەشـیعرەدا وشەکانی(کار)و(بیر)و(قسـە)وەك چـەمکێکی ڕووت بێـڕەنگن، بـەڵام شـاعیر ڕەنگییێداون، کە ئەویش ڕەنگی(سپی)یە، هەروەها(زەمان)یش چەمکێکی ڕووتە و ڕەنگی(ڕەش)ی پێدراوە. بۆئەوەیە ئەو وێنانەی بـەهۆی ڕەنگـەوە پێکیهێنـاون، چـاکتر و باشـتر لـەبیر و هۆشـی وەرگـردا بچەسـپێن و وردتر بەدوای مانا نهێنی و نادیاری بیرۆکە شیعرییەکانی شاعیرەوە بچێت و بیر لەجۆری(کارو بیر وقسە و زەمان)ی دیکەش بکاتەوە، ئەمەشیان بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و کەسـایەتی شـاعیرەوە دەگەڕێتـەوە، کـە بـەهۆی بەکارهێنانی ئەم ڕەنگەوە دەلالەت و مانای زیندوو و بەهێزتر و بەتینتر بگەیەنێت، یان لەڕووی ناوەڕۆکـەوە لەوانەیە ئەو مانایە لەخۆبگرێت، کە شـاعیر بـاوەڕی بـەم بیرۆکانـەی زەردەشـت هەیـە و سـەردەمی ئیسـلام بەزەمانی ڕەش حیساب دەکات.

هەروەها شاعیر لەچەنـدین جێگـەی دیکـەی دەقەکانیدا، لادانـی واتـایی دیکـەی بـەهۆی ڕەنگپێدانـەوە دروستکردووە، لەوانـەش:(لێرە بـەفری ڕەش نابارێـت)[1]و( ئێسـتا کۆیلـەم... کۆیلـەی سـپی)[2]و(دڵەڕەشـەکان بسڕەوە)[3]و(هەورو تەم و دیوار و پەنجەرە و دەرگا و شەقامەکان سوور دەچنەوە)[4].

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 123.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 23.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 39.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 96.

# بەشی سێیەم

تەوەرەی یەکەم:ئیستاتیکای مۆسیقای شیعر

تەوەرەی دووەم:ئیستاتیکای وێنەی شیعری

تەوەرەی سێیەم:

یەکەم:ئیستاتیکای تۆپۆگرافیای شیعری لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا

دووەم:ئیستاتیکای ناونیشان لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا

سێیەم:ئیستاتیکای پرسیار لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا

## بەشی سێیەم:

### تەوەرەی یەکەم: ئیستاتیکای مۆسیقای شیعر

مۆسیقا بەیەکێك لەرەگەزە بنچینەییەکانی شیعر و پێکهاتە ئیستاتیکییەکەی دادەنرێت، چونکە مۆسیقای شیعر کارلێکێکی بەهێزی لەسەر هەست و سۆز و سەرنجراکێشانی خوێنەر هەیە، لەبەرئەوەی خودی مۆسیقا((هەستکردنی خوێنەر یان گوێگر بەو ئاوازانەی کە دەنگەکانی وشەکان و جۆری هەست و سۆزی دەروون و مانای وشەکان لەئەنجامی ترپەی برگەکان و پێکهاتی پێ یەکان بەکێشی هەڵبەستەکەی دەدەن))[1]. شاعیر بەهۆی کارلێکی مۆسیقای شیعرەکەیەوە دەتوانێت کاردانەوەی زیاتر لەسەر خوێنەر یا وەرگر دروستبکات، لەبەرئەوەی مۆسیقا هەست و سۆز و ئاواز بەوشە و دەربڕینەکانی شیعرەکە دەدات و چێژ بەخوێنەریش دەبەخشێت. مۆسیقا ڕەگەزێکی بایەخداری پێکهاتەی شیعرە، بۆیە لەمبارەیەوە وتراوە:((شیعر لەڕاستیدا تەنیا ئاخاوتنێکی موزیکییە و دەروونەکان دەجۆشێنێ و کاریگەری لەسەر دڵەکان بەجێدێڵێت، بۆیە شیعر گەر لەموزیك خاڵی بێت، کاریگەریی لەسەر خوێنەر نابێت، بەمەشیان شیعرەکە بێ هێزدەبێت))[2].

گرنگی مۆسیقا لەشیعردا، هیچی لەو پەیام و بیرۆکەشیعرییانە کەمتر نییە، کە شیعرەکە پێشکەشیدەکات، بەڵکو بەشێوەیەکە، کە شیعر لەڕەهەندی مۆسیقاوە وا خراوەتەڕوو، کە((شیعر مۆسیقایە بەوشە))[3]، چونکە مۆسیقا سەرەڕای ئەوەی ڕەوانی و جوانی بەوشەکان دەبەخشێت، لەهەمان کاتیشدا((مۆسیقای هەڵبەست بریتییە لە کێش و ڕێکخستنی دەنگەکان و مۆسیقای هەڵبەست دەبێتە هۆی فراوانکردنی واتاکەی))[4].

لەبەرئەوەی وشە و دەنگ لەشیعردا تێکەڵ بەیەکدەبن و مۆسیقا ڕەگەزێکی بنچینەیی شیعرە، بۆیە دەبێتە خاڵی جیاکردنەوەی نێوان شیعر و پەخشان. هەروەها بەئەدگارێکی تایبەتی شیعر هەژماردەکرێت، چونکە((کێش تایبەتییەکی بنچینەیی ناسینەوەی شیعرە کە ئەمە لەپەخشاندا نیە یان بەو جۆرە نیە))[5]. مۆسیقا ڕوونی و جوانی و بەهێزی بەبونیادی شیعر دەبەخشێت، ئەمەشیان زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و وەهای لێدەکات، کە بەپەیڤ و دەربڕین و گوزارشتەکانی شیعرەکە کاریگەربێت، لەبەرئەوەی مۆسیقای شیعر((ئەو سۆزە هەڵچووەیە کە تاقیکردنەوەکانی شاعیر بەرپای دەکەن و لەهەڵبەستی ڕەسەندا لەگەڵ سەرجەمی ڕەگەزەکانی تردا ئاوێتە دەبێت و وەك چۆن ئەوان کار لەچۆنیەتی و ڕادەی بەرپابوونەکەی دەکەن، هەر بەوجۆرە ئەمیش کار لەوان دەکات و دەبێتە بنەمایەکی کاریگەری لایەنی دەربڕین و جوانی بنیاتەکە))[6]. مۆسیقا لەشیعردا ئاوێتەی ڕەگەزەکانی دیکە دەبێت وکاردانەوەیان لەسەر یەکتر دەبێت و بەیەکەوە شیعرەکە تەواودەکەن و جوانی و ناوازەیی و ئیستاتیکی شیعرەکە بەدی دێنێت.

هەربۆیە ڕۆڵی سەرەکی مۆسیقا لەبونیادی شیعردا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە جگە لەچێژبەخشین و لەزەتبینینەکەی لەلایەن خوێنەرەوە، بەهۆی ئاوازی جوانی

(1) عەلائەدین سەجادی:نرخ شناسی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، 1969، ل 67.
(2) ابراهيم أنيس(د.):موسيقى الشعر، طبعة 4، دار القلم- بيروت، لبنان،1973، ص17.
(3) جمال حبيب الله(بێدار):دەروازەی شیعرناسین، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر،2013، ل 78.
(4) مجيد محمود مطلب:شیعر وفەلسەفە، وەرگێرانی:فوئاد میسری، چاپخانەی علاء،1987، ل 35.
(5) عەزیز گەردی(د.):کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چ1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،1999، ل 67.
(6) دڵشاد عەلی(د.):بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردی دا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 1998، ل86.

شیعرەكەیەوە((دیاردەیەكی دڵكەشی ئەوتۆیە كە گیان دەكات بەبەر وشەكاندا و ئەوەندەی دیكە مانـاو مەبەسـتەكانیان بەرجەسـتەدەكات))[1]. مۆسـیقای شـیعر گیـانی شـیعرەكەیە و لای هەرمیللـەتێك سیستەمێكی تایبەت بەخۆی هەیە و بەپێی ئەدگارە دەنگییەكانی ئەو میللەتە دیاریدەكرێت.

مۆسیقای شیعری بەپێی جۆری دەركەوتنی لە شیعردا بۆدوو جۆر دەسنیشاندەكرێت:

**1-مۆسیقای دەرەوە** **2- مۆسیقای ناوەوە**

**1-مۆسیقای دەرەوە:**

یەكێكە لەجۆرەكانی مۆسیقای شیعری، كە((هاوسـەنگی و ڕێككـەوتنێكی دەنگییـە، لـە نێـوان بزوێن و نەبزوێن و پیت و برگە و دەنگ و یەكەكانی ڕیتم و ئاوازەكەیدا، دەگونجێت بەپێی پێوانەی كـۆن ونـوێ بـەكێش و سـەروا دەسنیشـانی بكـەین))[2]. هـەروەكو لەپێناسـەكەدا دەردەكـەوێت، كـە مۆسیقای دەرەوە بەهۆی كێش و سەروای شیعرەوە دروستدەبێت، دەبێتە چوارچێوەبەندییـەكی گشـتی شیعرەكە و تەواوی بونیادەكەی دەگرێتەوە.

بۆیـە ئـەمجۆرە مۆسـیقایە ئـاوازی دەرەكـی شـیعرەكە لـەڕووی گونجـاوی و تـەبایی نێـوان وشـەكان لـەخۆدەگرێت، چونكـە هـەر زیادبوونێـك یـاخود كـەمبوونێكی برگـە لـەكێش، یـان بەرێكنەكـەوتنی ئـەو جۆرە دەنگانـەی كـە سـەروا پێكدێنن، ناهاوسـەنگی و نـەگونجاوی دەكەوێتـە مۆسیقای شیعرەكە و ئاوازەكەی نارێك دەبێت، بۆیە بیرۆكە و بابـەتی پەیامەكـەی وەك خـۆی ناگاتـە خوێنەر و بەمەشیان ناتوانێت لەزەت و چێژێكی ناوازەی جوان وەربگرێت.

مۆسـیقای دەرەوە كـارلێكێكی بـەهێز وكاردانەوەیـەكی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر نـاخ وهەسـت وسـۆز و دەرونـی خوێنـەر هەیـە، چونكـە یەكسـەر پێـی ئاشـنا دەبێـت و كاریگەرییەكـەی بەجێـدەمێنێت، بۆیە((لێدانی دڵ ودەمارەكانی لەشی ئادەمیزاد بەگوێرەی چەشنی سۆز وهەڵچوون دەگۆڕێت، ئەگـەر هاتو سۆز ئاكامی ڕووداوێكی خۆشی و كامەرانی بەخشندەبوو، ئەو لێدانە خێراو یەك بەدوای یەكدا دەبێـت، بـەڵام ئەگـەر سـۆزەكە ماتـەمین و خەفـەت بـاربوو لێدانەكـە سسـت و خـاو و لەسـەرخۆ دەبێت))[3].

هەربۆیـە مۆسـیقای دەرەوە بەشـێوەیەكی گشـتی كاریگـەریی لەسـەر هەسـت و سـۆز و هـەڵچوونی نـاخی خوێنـەرەوە دەبێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا پێویسـت دەكات((جۆششـێكی نەفسـی بـدات بەدەستەوە))[4]، لەبەرئەوەی هەر چەشنە ناهاوسەنگی و نارێكییەك لەمۆسـیقادا كاردانـەوەی لەسـەر بابەتی پەیام و ئامانجە مەبەسـتدارەكەی شـاعیر هەیـە ئەوكاتـەی دەیخاتـەڕوو، پاشـان كاریگەریشـی لەسەر لایەنی ئیستاتیكی شیعرەكە دەبێت.

مۆسیقای دەرەوەی شیعر گشت ئەو لایەنـە ئیسـتاتیكییانە بەرجەسـتەدەكات، كـە ئـەركی گونجانـدن و ڕێكبوونی شێوەی دەرەوەی شیعر لەخۆدەگرن، ئەوانیش بریتین لەكێش و سەروا.

---

(1) سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
(2) شاهۆ سعید:دلالات البناء ألایقاعي في الشعر، رسالة ماجستیر، جامعة السلیمانیة،1999 ، ص 16.
(3) كامل حسن عزیز البصیر(د.):ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی كردن، ل 193.
(4) علاء الدین سجادی:ئەدەبی كوردی و لێكۆڵینەوە لەئەدەبی كوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، 1986، ل 134.

**أ- کێش:**

بەگرنگترین ڕەگەز دادەنرێت و یەکێکە لەبنەما و کۆڵەگە بنچینەییەکانی پێکهاتنی مۆسیقای دەرەوە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و کارا ڕۆڵی سەرەکی لەدروستبوونی مۆسیقای دەرەوەی شیعردا هەیە، هەروەها کێش ڕەگەزێکی بنچینەیی شیعر پێکدێنێت و نابێت لەکێش خاڵی بێت، چونکە((کێش وەك چوارچێوەبەندییەکی بەهێز ناهێڵێت پەرتەوازە بێت، ئەرکی دروستبوونی مۆسیقای دەرەوەی شیعر بەجێدەگەیەنێت))(1).

هەروەها کێش وەك یەکێك لەبنەما سەرەکییەکانی پێکهاتەی شیعر بەپێی کات و سەردەم لەقۆناغە جیاوازەکانی ژیان هەر لەکۆنەوە بایەخی پێدراوە و لەسەر هەڵدانییەوە تاکو گەشەسەندنی ئاماژەی پێکراوە، لەبەرئەوەی((کێش جۆرێکە لەرێك خستن ئەم ڕێکخستنەش بەهۆی دەرك پێ کردنی یەکێتی نێوان چەند پارچەیەکی جۆراوجۆر دەبێت کە بەپێی کات ئەنجام دراوە))(2).

لەگەڵ ئەوەی کێش و مۆسیقا بەیەکەوە گرێدراو و نزیك و تێکچڕژاون، بەڵام((مۆسیقا زۆر لەکێش فراوانترە و کێش دەبێتە بەشێك لەمۆسیقا))(3). کێش پەیوەستە بەزمانەوە و گشت زمانێك بنەما و شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە، کە جیایە لەزمانەکانی دیکە، چونکە زمان هۆکاری سەرەکی دروستبوونی کێشە، جۆری بەکارهێنانی کێشە شیعرییەکان بەپێی سروشتی زمانەکە لەگۆڕاندایە و بەپێی گونجاوی لەگەڵ زمانەکەدا شاعیرانی ئەو جۆرە کێشە بەکاردێنن، بۆیە بەهۆی ئەم بایەخ و گرنگییەوە بەپوختی بەمجۆرە دەیخەینەڕوو:

لەمبارەیەوە(د.عەزیزگەردی)دەڵێت:((کێش وەك مەرجێکی سەرەکی قاڵبی هەموو نەتەوەکان بەکاردێت، بەڵام هەریەکەیان بەپێی تایبەتمەندی خۆی و سەردەمی خۆی))(4). کێش بەپێی کارکردنی لەمۆسیقای دەرەوەی شیعردا مامەڵە لەگەڵ دەنگەکانی زماندا دەکات، بەمەشیان بنچینەی ڕێکخستنیان لەنێو شیعردا دیاریدەکات، بۆیە((کێش: ڕێکخستنی دەنگەکانی دێڕە شیعرە بەشێوازی ئاواز و ئاهەنگی تایبەتی. هەر زمانێك بنەمای کێشی خۆی هەیە و کۆمەڵە کێشێکی جیاجیای هەیە. کێشی سەرەکی و کێشی ناسەرەکی.

چوار بنەمای سەرەکی هەن بۆ دیاریکردنی کێشی هەموو زمانەکانی دونیا:

ا-کێشی چەندی 2- کێشی چۆنێتی 3- کێشی ژمارەیی 4- کێشی ئاوازەیی(تەبەقی) )).(5) هەرجۆرێکیان لەم کێشەشیعرییانە، یاسا و سیستەمێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ گونجان و ڕێکخستنی دەنگ و بڕگە و پێیەکانی نێو دێڕە شیعرەکە.

هەر سەبارەت بەبەکارهێنانی کێش لە شیعری کوردیدا، هەرچەندە توێژینەوەکەمان لەبارەی کێشی شیعریی نییە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە شاعیرانمان کێشی بڕگە(پەنجە- خۆماڵی)، کێشی عەرووزی عەرەبی)یان بەکارهێناوە، کە سەرەتا بەکێشی پەنجە شیعریان نووسیوە، چونکە((لەشیعری فۆلکلۆری کوردیدا کێشی پەنجە(خۆماڵی،سیلاب) پەیڕەوکراوە، کە لەسەر بنچینەی ژمارەی بڕگەکانی دێڕەشیعر دامەزراوە))(6)، دواتر پەیڕەوی کێشی عەرووزی عەرەبییان

(1) رجاء عيد:الشعر والنغم، مطبعة دار النشر الثقافة، قاهرة،1975، ص 20_ 21.
(2) دڵشاد عەلی(د.):بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، ل119.
(3) سافیە محەمەد ئەحمەد:شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحموود، ل32.
(4) عەزیز گەردی(د.):کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، ل 68.
(5) عەزیز گەردی:فەرهەنگی کێشناسی، چاپی یەکەم، دەزگەی نارین، هەولێر،2016 ، ل 143_ 144.
(6) مارف خەزنەدار:کێش و قافیە لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی الوفاء،1962، ل 22.

کـردووە، پاشـان بـەهۆی نوێکردنـەوەی شـیعری کوردییـەوە، جـارێکی دیکـە گەڕاونەتـەوە بۆکێشـە خۆماڵییەکە، چونکە((کێشی عەرووزی سەبارەت بەهۆی ئایینی و سیاسـی خـۆی خزانـدە ناوشـیعری کوردی و ماوەی هەزار ساڵێك(سەدەی دەیـەم تـا سـەدەی بیسـتەمی زایینی)مایـەوە، لەسـەرەتای ئـەم سەدەیەدا بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لەژێر تەوژمی بزوتنەوەی نوێ خـوازی شـیعری کوردی و گەڕانـەوەی شـاعیران بۆکێشـی خۆمـاڵی، وردە وردە کشـایەوە دواوە و مەیـدانی بۆکێشـی ڕەسـەنی خۆمـاڵی چـۆڵ کـرد))[1]، بۆیـە بـەکارهێنانی کێشـی ڕەسـەنی خۆمـاڵی شـیعری نـوێ و هاوچەرخی کوردی زیاتر بەرەو ئازادی و سەربەستی بردووە، بۆیە لەمبارەیـەوە وتراوە:((کـوردی یەتی خاسیەتی شـیعر بـەرەو ئـاواز و ئیقـاعی کـوردی دەبـات، لەبەرئـەوە زیـاتر بەکێشـی خۆمـاڵی شیعری پێ دەخولقێ، لەکاتێکدا کە زمانە تێکەڵەکە خاسیەتی بۆشیعری عەرووز دەست دەدات))[2].

ئەمەشیان وایکردووە، کە هەنـدێجار شـاعیران خۆیـان پەیوەسـت نەکـەن بەتاکـە کێشـێکەوە، بەڵکو لـەبونیادی شیعرەکانیاندا کێشـی هەمـەجۆر بـەکاربێنن، بەتێکـەڵکردنی چەنـدین جـۆری کێشـی بڕگەیی وەك(4)و(8)و(10)و(12)و(15)...هتد، لەتەواوی دەقێکی شیعریدا .

سەبارەت بەنەوزاد ڕەفعەت- ی شاعیریش لەشیعرەکانیدا تەنها کێشی پەنجەیی بـەکارهێناوە، کـە دەتـوانین بـەمجۆرە پـۆلینی بکـەین: 1- لەهەندێکیانـدا یـەك کـێش، 2- لەبەشـێکیان دووکـێش ،3- لەبەشێکی تریاندا کێشی هەمەجۆری تێکەڵکردووە، بۆیە لەخوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

شاعیر لەچەنـدین شـوێنی شیعرەکانیدا(کێشـی هەشـت بڕگەیی)بـەکارهێناوە، چونکـە لەکێشـە زۆر بەکارهاتووەکانی شیعریی کوردییە، لەبەرئەوەی((ئەم کێشە لەهـەرە کێشـە دیارەکـانی شـیعری کـوردی هاوچەرخـە، لەکێشـەکانی تـر زیـاتر مـەودای بـەکارهێنانی دەسـتەپێی جیـاوازی هەیـە کـە ئـــــەوانیش جگــــە لــــە(4+4)دەســــتەپێی(3+5)و(5+3)و(2+6)یــــان(6+2)و(2+2+4) یان(2+4+2)هەیە))[3]. بۆیە شاعیریش لەشیعرەکانیدا ئەم کێشـەی بـەکارهێناوە، ئەمەشـیان بووەتـە پێکهێنەری مۆسیقای دەرەوە بۆ دروستکردنی ئەم کێشە بەتایبەتی دەسـتەپێی(4+4)ی بـەکاربردووە، یان(3+5)و (5+3) هەنـدێکجاریش لەشـیعرەکانیدا دێڕەشـیعرەکە کـراوە بەدوولەتـەوە هەرلـەتێکیان هەشت بڕگەیە:

| | |
|---|---|
| **لەجیاتی مارو دڕکەزی** | **(5+3)بڕگەیە** |
| **لەسەرم نێ تاجی کەزی** | **(5+3)بڕگەیە** |
| **با کەزیت بمکاتە پاشا** | **(5+3)بڕگەیە** |
| **پاشای مەزنتر لەدارا [4]** | **(5+3)بڕگەیە** |

شیعرەکە هەشت بڕگەییە و بەشێوەی دەستەپێی (5+3) دروستبووە.

| | |
|---|---|
| **ئەی تراقیا** | **4 بڕگەیە** |
| **کەباخەوان** | **4 بڕگەیە** |

(1) عەزیز گەردی:کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،1999، ل 352.
(2) عیزەدین مستەفا ڕەسوول(د.):ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر،1990، ل46.
(3) دڵشاد عەلی(د.):بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، ل139.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل41.

**دڵرەقتر بێت لەڕەشەبا 4+4 بڕگەیە**
**شالوور هانا بۆ کێ ببا؟![1] 4+4 بڕگەیە**

ئەم شیعرەش هەشت بڕگەییە ولەدەستەپێی(4+4)پێکهاتووە، دابەشبوونەکەی بەمجۆرەیە، نیوەی یەکەم(4)و نیوەی دووەمیش(4 )و دێڕەکانی دیکە(4+4)بڕگەیە.

**(1)**

**فلووت و نەی کون گیراوو (4+4) بڕگەیە**
**تەموورەی بێ ژێ دەژەنم؟! (4+4) بڕگەیە**
**یان گۆڕخانەیە مەفتەنم؟![2] (4+4) بڕگەیە**

ئەم کۆپڵە شیعرەش هەشت بڕگەیە و شاعیر بەشێوەی(4+4) وبڕگەیی دروستیکردووە.

**((دە ڕادیۆکە نزم کە با (4+4) بڕگەیە**
**تۆزێك گوێ ڕادێرین بۆ با (4+4) بڕگەیە**
**(ئەو کوڕەمیان نەبێتە من! (4+4) بڕگەیە**
**ئەویش نەباتە ژێر زەوی (4+4) بڕگەیە**
**چەندان کێشەی ئاڵۆزکاو و (4+4) بڕگەیە**
**دەیان خەون!)[3] 4 بڕگەیە**

دابەشبوونی دەستەپێی ئەم شیعرەش هەشت بڕگەییە وبەشێوەی(4+4) و دوا دێڕی(4)بڕگەیە.

شاعیر لەهەندێك شیعری دیکەیدا(کێشی دەبڕگەیی)بەکاربردووە، بەشێوەی(5+5) لەدێڕێکدا، یاخود دابەشیکردووە بەسەر هەر لەتەدێڕێکدا بەمشێوەیە:

**(4)**

**بەهار پڕ مەلە 5بڕگەیە**
**مێرگ پڕ گوڵە 5بڕگەیە**
**ئەو حەز و چێژی پێچەوانەیە 5+5 بڕگەیە**

**خول و گەڕانی کاتی باران و 5+5 بڕگەیە**
**زریان و سەرمای شەودرەنگانی 5+5 بڕگەیە**
**شەقامەکانی شاری بەدڵە[4] 5+5 بڕگەیە**

(نەوزاد ڕەفعەت)لەهەندێکی تریاندا دوو کێشی تێکەڵکردووە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی ئازادنە پەیامە شیعرەکە بگەیەنێت، چونکە ئەم تازەبوونەوەیە شیعری کوردیی بەرەو سەربەستی بردووە، بەمەش خزمەتێك بەمۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەی دەکات. بۆنموونە:

**(1)**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 5.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل87.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل224.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل213.

**ئاگرۆکەی جگەرە نییە		8 بڕگەیە**
**کەوشێك دای مرکێنێتەوە		8 بڕگەیە**
**ئەوە ئاورنگ و چەخماخەی مەستیی منە		12 بڕگەیە**
**کڵپەکڵپی ئاگردانی پەرستنە (1)		12 بڕگەیە**

لەکۆپڵەیەکی تردا شاعیر دووکێشی(8)و(4) بڕگەیی تێکەڵکردووە، بۆئەوەی مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەی بەهێزو کاریگەر و ڕەوان و جوانتر بێت، تاکو باشتر کار لەخوێنەر بکات:

**(2)**

**خۆشخوێنی تاکی گوڵستان		8 بڕگەیە**
**دەیچریکاند: تیریو... تیریو...		8 بڕگەیە**
**بێهوودە بوو...		4 بڕگەیە**
**شاتیریۆس گوێی ئاخنرابوو		8 بڕگەیە**
**بەزێرو زیو (2)		4 بڕگەیە**

شاعیر لەشیعرێکی دیکەیدا هەوڵیداوە بەتێکەڵکردنی دوو جۆرە کێش(8)و(12) مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەی فراوانتربکات، چونکە کێش بەشێکە لەمۆسیقا و ڕەگەزێکی بایەخداری بونیادی پێکهاتەی دەقی شیعرە و لەپەرش و بڵاوی دەیپارێزێت، بۆنموونە:

**(1)**

**با (با) دەمامکی خۆی نەکات		8 بڕگەیە**
**چاو لەڕۆژی نووتەکیشدا		8 بڕگەیە**
**ڕووی ڕاستەقینەی شتەکان بەدی دەکات(3)		12 بڕگەیە**

جگە لەمانەی ئاماژەمان پێکرد، بەشێوەیەکی گشتی لەبەشێکی زۆری دەقە شیعرییەکانی دیکەی شاعیردا، چەندین کێشی جۆراوجۆر(هەمەڕەنگ)تێکەڵ بەیەکدی کردوون، بۆئەوەی بەهۆی ئەم نوێخوازییەوە بەپێی پێویستی بونیادی بابەتی ئازادانە وباشتر پەیام و بابەتە شیعرییەکانی دەرببڕێت، هەروەها بەهۆی هەمەچەشنی کێشی خۆماڵییەوە چاکتر خزمەت بەمۆسیقای دەرەوەشی دەکات و مەودای بەکارهێنانەکەشی کراوە و ئیقاعی و ناوازە و ئیستاتیکیتر دەبێت. بۆیە لەشیعری(ئێواران هەور دەسووتێت)هەمەچەشنی و گۆڕانکاریی لەبەکارهێنانی کێشەبڕگەییەکە کردووە بەمجۆرە:

**کە زریانم دی نەدەسرەوت		(8)بڕگەیە**
**زێم دی سەری دەدا لەبەرد، هاواریەکرد		(12)بڕگەیە**
**هەرچی باڵندە و درەختی زەوی هەبوون		(12)بڕگەیە**
**تێی ورووکان ژێرنەبۆوە		(8)بڕگەیە**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل71.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 5.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل210.

**شار، ئاورینگی لێ دەبۆوە[1] (8)بڕگەیە**

شاعیر لەم کۆپڵەشیعرەیدا کێشی(8)و(12)ی تێکەڵ بەبونیادی پێکهاتەی شیعرەکە کردووە و لەهەر لەتێکێکدا دەستەپێیەکی بڕگەیی بەکارهێناوە، تاکو مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەی تۆکمەو جوانتر بێت.

(نەوزاد ڕەفعەت)لەشیعرێکی دیکەیدا کێشەکانی(12)و(8)بڕگەیی خۆماڵی بەکارهێناوە، بۆخزمەتکردنی لایەنە موزیکیی دەرەوەی شیعرەکەی، وەکو:

**(3)**

**هەن دەبرێنە سەر دوندیش بەرزنابنەوە (12)بڕگەیە**
**هەشن شۆڕیش دەکرێنەوە چاڵ و بیران (12)بڕگەیە**
**سەرهەڵدەسوون لە ئەستێران [2] (8)بڕگەیە**

شاعیر ئەمجارەیان کێشەبڕگەییە هەمەجۆرەکانی(8)و(4)و(12)ی بەکاربردووە، بۆنموونە:

**(4)**

**دڵم بەگۆزە تێدەگات (8)بڕگەیە**
**وادەزانێت (4)بڕگەیە**
**لەختوخۆڕاش بیشکێنێت (8)بڕگەیە**
**گۆزە زۆرن و سبەینێ زوو (8)بڕگەیە**
**ڕێگای بازاڕ دەگرمەوە (8)بڕگەیە**
**یەکێکی نوو (4)بڕگەیە**
**تازە کوورە (4)بڕگەیە**
**لەپیرە گۆزەچییەکە دەکرمەوە [3] (12)بڕگەیە**

جگە لەبەکارهێنانی ئەم کێشە هەمەجۆرانەی، کە شاعیر لەشیعرەکانیدا پەیرەوی کردووە، هەندێ جاری دیکەش نەوزاد ڕەفعەت لەچەند شیعرێکی تریدا هێشا سەربەستانەتر مامەڵەی لەگەڵ ڕەگەزی کێش کردووە لەمۆسیقای دەرەوەیدا، بەتێکشکاندنی کێشەکان لەسنووری دیاریکراو، ئەویش بەو مانایەی نا، کە بەیەکجاری دەسبەرداری کێشی شیعری بێت، چونکە خۆی گرێنەداوە بەبەکارهێنانی یەك کێشی بڕگەیی دەسنیشانکراو، بەڵکو هەوڵیداوە هەر لەتێکی کێشێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، تاکو ئازادانەتر بەشداری لەپرۆسەی ئەفراندن و داهێنانی شیعرییدا بکات، بۆ نموونە:

**(4)**

**هەن دەستی ڕەش دەکەنەوە (8)بڕگەیە**
**مشتیان لێواولێو پڕ دەبێت (8)بڕگەیە**
**لەهەنگوینی: (4)بڕگەیە**
**فرمێسك و (4)بڕگەیە**
**ئارەقە و (3)بڕگەیە**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل7.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل14.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل74.

**خوێنی.. جەمی هەژار (6)بڕگەیە**

**هەشن دەستی سپی و میهرەبان هەڵدەبڕن (12)بڕگەیە**

**دەخۆنەوە.. جامی پڕ ژار.. پڕ ژاری مار[1] (12)بڕگەیە**

شاعیر لەهەر لەتێکدا کێشێکی بڕگەیی پەیڕەوکردووە، بەمەشیان زیاتر سەربەستی بەشێوە وشێواز و چۆنیەتی مامەڵەکردنێکی تایبەت بەدەربڕینی پەیامە شیعرییەکانی لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەخشیوە، هەروەها لەلایەنی ڕووخساریشەوە لەپێناو باشتر خزمەتکردنی مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەی بەهۆی کێشەوە ئەو هاوسەنگییەی ڕاگرتووە.

هەروەها(نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیر وەك شاعیرێکی سەردەمیانە لەهەنگاوێکی دیکەی هونەریدا بەشێوەیەکی هونەرمەندانە مامەڵەیەکی ئازادانەتری لەگەڵ بەکارهێنانی کێشی شیعریدا کردووە و هەوڵیداوە تاڕادەیەك لەهەندێك لەشیعرەکانیدا کەمتر مامەڵە لەگەڵ کێشدا بکات، بۆیە پتر قوڕسایی ڕیتم خرایە سەر مۆسیقای ناوەوە، لەبەرئەوەی بەنەمانی مۆسیقای دەرەکی، زیاتر کاریگەریی قوڕسایی موزیك لەسەر ڕیتمی ناوەکیدا زۆرتر دەبێت و ڕیتمێکی تایبەتی پێکدێت.

کەواتە لەبەر دروستبوونی ئەم هۆکارەوە(پەخشانە شیعر)، وەك ژانرێکی تازەی ئەدەبی هاتەکایەوە، لەمبارەیەوە دەوترێت:((ڕیتمی تایبەتی، بریتییە لەڕێکخستنی تایبەتی ڕیتمی گشتی بەگوێرەی ئەدگارە هونەرییەکانی گوتارێکی دیاریکراوی ئەدەبی، بەم چەمکە ریتمی تایبەتی، چەمکەکانی(ریتمی ناوەوە- ریتمی دەرەوە)لەخۆدەگرێت. لێرەدا جیاوازی نێوان ریتمی شیعرێکی ڕێکخراو و دەقێکی پەخشانەشیعردا، نەك چۆنایەتی بەڵکو چەندایەتی دەبێت، واتە ڕێکخستن لەشیعری ڕێکخراودا لەیەك یەکەی(پێ)و(دێر)ە کاندایە، بەڵام لە پەخشانەشیعردا، لەئاستی کەرت و بەش و سەرتاپای دەقدایە))[2]. بۆیە شاعیر لێرەدا بونیادی پەخشانە شیعرەکەی لەهەندێك جێگەدا دێرە و لەبەشێکی دیکەیدا بەرەو پەخشانی بردووە، بەمەش لەشێوە و شێوازی نووسینی سەر لاپەڕە(تۆپۆگرافیا)کەشی جیاوازە، هەربۆیە بەپێی پێویست ئەو بەشانەی کە سەرتاپای دەقەکەی پێکهێناوە، ڕیتمێکی تایبەتی دروستدەکات. بۆنموونە لەشیعری(ئاگردان)دا شاعیر دەڵێت:

**نێرگسەجاڕ گۆڕینەوە/ مەرگ و سووتان/ چۆن دەتوانین وەك دوو غەریب لێك..**
**(4+4/ + 4/ + 4/ + 4/ +1)بڕگەیە**
**هەڵبڕێین؟!/ هەریەکە و بەڕێگایەکدا هەنگاو بنێین؟!/ تۆ دەتوانیت هەر ڕۆژەی یارێك**
**(4/ + 4+ 4+ 4/ + 4+ 4+1)بڕگەیە**
**بگریت و شەوە و دەمامکێك ببەستیت؟!/ ڕیا بۆ شیش و کلیل و دەرکەوانی زیندانی**
**(4+3+4/ 4+4+4+3)بڕگەیە**

**خاکت هەڵبەستیت؟!/[3]**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 90.
(2) محەمەد بەکر(د.):پەخشانەشیعر(تەکنۆ_ سیمانتیکی گوتاری شیعر)، ل 82.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 132.

**(2+3)بڕگەیە**

بۆیە شاعیر زۆر بەوردی و هونەرمەندانە هەڵسوکەوتێکی هونەرییانەی لەگەڵ مۆسیقای دەرەوەی شیعری بەهۆی ڕەگەزی بنچینەی کێشەوە کردووە، تاکو بەهای جوانیناسی دەقەکانی داهێنەرانە و ئیستاتیکیانەتربن.

شاعیر بەگشتی لە دەقەشیعرییەکانیدا کێشی ڕەنگاوڕەنگی تێکەڵك کردووە، کە پتر کێشی هەشت بڕگەیی و پاشان چوار بڕگەیی و دواتر کێشەکانی سێ و شەش و دە و یازدە و دوازدە بڕگەیی بەکارهێناوە.

**ب- سەروا(قافیە)**

ڕەگەزێکی دیکەی بنەمای پێکهاتەی مۆسیقای دەرەوەی شیعرە، لایەنێکی ئیستاتیکی و جوان و موزیکێکی دڵڕفێن و ڕوون و ڕەوان بەدێڕەشیعرەکان دەبەخشێت. بەشێوەیەکی گشتی سەروا لەشیعردا((سیستەمێکی گونجاو و تەواوە و دیاردەیەکی موزیکییە و پەیوەستە بەدووبارەبوونەوە، واتە دووبارەبوونەوەی پیتی کۆتایی لەهەموو دێڕێکی شیعردا)) (1). کەواتە سەروا دەنگێك یاخود چەند دەنگێکە لەکۆتایی نیوەدێڕەکان، یان دێڕەکانی شیعردا دووبارە دەبێتەوە و بەمەش ئاواز و موزیکێکی جوان دەبەخشێتە سەرجەم شیعرەکە. هەروەها(د.عەزیز گەردی)دەڵێت:((سەروا بریتییە لەو دەنگە یا لەو کۆمەڵە دەنگەی(کە هەندێ جار بەبڕگە و لای هەندێ بەتیپ ئاماژەی بۆ کراوە)لەکۆتایی وشە سەروادارەکان دووبارە دەبنەوە، کە ئەمە بەتایبەتی لەکۆتایی لەت یا دێرەشیعر و هەندێ جار لەناوەوەش دێت))(2).

بۆیە سەروا بەشێوەیەکی تایبەتی ڕەهەندێکی موزیکی ناوازە و لەزەتبەخش بەشیعر دەبەخشێت، هاوکاری شیعرەکە دەکات بۆئەوەی قەشەنگتر و بەچێژتر دەربېڕدرێت، لەهەمان کاتیشدا ئەزبەرکردنی دەقەکەش بەجۆش و خرۆش و ڕەوان و ئاسانتر دەکات، لەبەرئەوەی سەروا((هەموو دێرە شیعرەکانی هۆنراوە بەداوێکی وەهمی بەیەکەوە گرێ دەدا و بینای شیعرەکە تۆکمە و پتەوتر دەکا))(3). هەروەها سەروا لەشیعردا گرنگییەکەی لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە ڕەگەزێکی بایەخدارە بۆ جوانکردنی شیعر، بەهۆی ئەوە دووبارەبوونەوەی وەك ڕەگەزی کێش جێبەجێدەکرێت، بەمەشیان ئەرکە ئیستاتیکییەی ئەوەیە، کە خاوەن بوونێکی موزیکی تۆکمە و بەهێزە و((خۆشی و لەزەتێکی دەروونی لای خوێنەر(گوێگر) پەیدادەکات، کە لەتێرکردنی تاسەی ڕەچاوکردنی دووبارەبوونەوەی سەروا دێتە دی))(4).

ئەو دەنگانەی کە سەروا پێکدێنن، ئەگەر دەنگێك، یان چەندین دەنگبن، گرنگ ئەوەیە خاوەن ئەدگار و سیمای تایبەت بەخۆیانن، بەشێوەیەکی گشتی شوێنی هاتنیان دەکەوێتە ((کۆتایی دواپێی ئەو دانە ئاوازیی یانەی کە هەڵبەستەکەی لێ پێکدێت، وەك دێڕ و بەیت و ڕستەی هۆنراوەیی، ئەرکیشیان نەغمەیەکی دڵکێشە و بەشێك لە ئاهەنگ و ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستەکە بەدی دەهێنن،

(1) محمد رضا مبارك:أللغة الشعرية في الخطاب النقد ألأدبي، مطبعة دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد،1983 ، ص 178_ 179.
(2) عەزیز گەردی(د.):سەروا ،لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە لەشیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1999، ل 26.
(3) عەزیز گەردی:فەرهەنگی کێشناسی، ل 109.
(4) عەزیز گەردی(د.):سەروا، ل41.

مەبەستیش لەتەنها دەنگێك هەر بزوێنە درێژەکانە ئەگینا نەبزوێن بەتەنها ناتوانێت قافیە پێکبهێنێت. ئەگەر بزوێنێکی لەگەڵدا نەبێت. واتە دەبێت بزوێنی پێش نەبزوێنەکان وەکو یەك بن نەك هەر نەبزوێنەکان خۆیان))[1].

دەنگە بزوێنە کورتەکان و نەبزوێنەکان بەتەنها ناتوانن سەروا پێکبێنن، بەڵکو لەگەڵ پیتەکانی پێش خۆیان سەروا دروستدەکەن. هەروەها بەشێوەیەکی گشتی لەشیعری کوردیدا شانبەشانی کێش سەرواش ئامادەگیی هەیە و مۆسیقای دەرەوە پێکدێنن، هەر گۆڕانێك بەسەر جۆر و شێوەی پێکهاتەی کێشدا ڕوویدابێت، لەهەمانکاتدا گۆڕانکاری سەرواشی بەدوای خۆیدا هێناوە، بۆیە دەبینین سەروا لەشیعری نوێ و هاوچەرخیشدا ڕۆڵێکی کاریگەر و بەهێزی لەپتەوکردنی مۆسیقای گشتی شیعرەکە و دەسنیشانکردنی کۆتایی نیوەدێڕەکانیدا هەیە، لەبەرئەوەی لەمجۆرە شیعرانەدا درێژی نیوەدێڕەکان وەکو یەك نین و گۆڕاون، بۆیە(بەهۆی لێدانی زەنگێکەوە ئاگادار و وشیارمان دەکاتەوە، کە دەستەواژەیەك یاخود دێڕە شیعرێك کۆتایی هاتووە)[2]. کەواتە سەروا دیاردەیەکی کاریگەری ئیستاتیکی دەنگیی و ڕەهەندێکی موزیکییە و جوانبینی و چێژێکی لەزەتبەخش بەشیعر دەبەخشێت و بونیادی پێکهاتەکەی بەتین و بەهێز و پوختەتر دەکات. بۆیە(نەوزاد ڕەفعەت)یش لەشیعرەکانیدا چەندین جۆر سەروای بەکارهێناوە و لەخوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

**- سەروای هەمەجۆر(جۆراوجۆر- تێکەڵ)**

بەیەکێك لەئەدگاری ڕەوتە نوێیەکەی شیعری کوردی هەژماردەکرێت، کە ڕێگەی ئازادی و داهێنانی لەبەردەم شاعیراندا والاکردوو، بەوەی ((ئاسۆیەکی ئەوتۆی لەبەردەم شاعیراندا کردۆتەوە کە بتوانن سەربەستانە مامەڵە لەگەڵ قافیەدا بکەن و ئاوازی دەقەکانیان، لەیەك نەسەقی دەربازبکەن))[3]، ئەمەش بەچەند شێوەیەك دەبێت، لەوانە:

**1-جووت سەروا(سەروای مەسنەوی)**

بریتییە لەوجۆرە سەروایەی هەردوو لەتە شیعرێك هەمان سەروای هەیە و هاوسەروا دەبن، بەمانای ئەوەی هەردوو لەت سەروایان سەربەخۆو تایبەتە و جیایە لەسەروای دوولەتی دوای یان پێش خۆی دێت، ئەمجۆرەیان زیاتر ((لەبەرهەمە فۆلکلۆرییەکان و هەندێ بەرهەمی ئایینی وەك مەولوونامە و هەندێ داستان و شیعری درێژی کلاسیك دەبینرێن))[4]، ئەمەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەشێکی زۆری شیعری شاعیرانی دیالێکتی گۆران بەمشێوە سەروایە نووسراوە. بۆیە بەکاربردنی ئەم شێوەیان لەلایەن شاعیرەوە ڕەوان و سانا و گونجاوترە، جۆرە موزیکێکی ڕوون و ئاوازێکی ناوازە و پڕ سۆز و جۆش و خرۆشتر بەشیعرەکە دەدات.

**تەمتومانە** ن/ ڕەوی، ا/ پێش ڕەوی، ە/ پاش ڕەوی
**لافاوی ڕەشی زەمانە** ن/ ڕەوی، ا/ پێش ڕەوی، ە/ پاش ڕەوی
**ئەمڕۆ مەگەر**

(1) دڵشاد عەلی(د.):بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، ل101- 102.
(2) نازك الملائكة:سايكولوجية الشعر و المقالات أخرى، دار النشر الهيئة العامة لقصور الثقافة، مصر،2000، ص 74.
(3) دڵشاد عەلی(د.):دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007، ل221.
(4) سافیە محمەد ئەحمەد:شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحموود، ل69.

**دڵی تۆم ببێتە فەنەر[1]**

شیعرەکە هەردوو لەتێکی هاوسەروایە و سەروای تایبەت بەخۆی هەیە، وشەکانی (تەمتومانە، زەمانە) لەدەنگەکانی(مانە)هاوبەشن و لەکۆتایی وشەکە دانە، هەروەها(مەگەر، فەنەر)وشەی هاوکێش و هاوسەروان و کەوتوونەتە کۆتایی وشەکە و لەدەنگەکانی(ەر)دا هاوبەشن.

**وا زەنگی دەرگا لێدەدات**
**وا خۆر هەڵهات**
**دە خوایە تا دەرگای حەوشە**
**پەڕ و باڵم پێ ببەخشە![2]**

وشەکانی(لێدەدات، هەڵهات)وشەی هاوسەروان ولە دەنگەکانی(ات) هاوبەشی هەیە و لەکۆتایی وشەکەنە، هەروەها وشەکانی(حەوشە، ببەخشە)ش وشەی هاوسەروان و لە دەنگەکانی(شە)هاوبەشن و لەکۆتایی وشەکە دایە، پیتی(ش) ڕەوی یە و (ە) پاش سەروا.

**ڤینکاییی دڵی ئەرباب و خۆشمێرانە**
**هەم چقڵی چاوی ناخ ڕەش و نەیارانە**
**یاخوا ئەوەی دەیشکێنێت**
**یاخوا ئەوەی دەیرووشێنێت**
**تا حەوت پشت نەفرەتی لێ بێت**
**تا حەوت پشت زگی بسووتێت[3]**

وشەکانی(خۆشمێرانە، نەیارانە)وشەی هاوکێش و هاوسەروان و لەدەنگەکانی(رانە)هاوبەشن و کەوتوونەتە کۆتایی وشەکە،(ا)پێش ڕەوی و(ن)ڕەوی و(ە)پاش سەروایە. هەروا(دەیشکێنێت، دەیرووشێنێت)وشەی هاوکێش و هاوسەروان و لەدەنگەکانی(ێنێت)هاوبەشن و لەکۆتایی وشەکەیە، هەروەها وشەکانی(لێ بێت، بسووتێت) هاوسەروان و لەدەنگەکانی(ێت)هاوبەشن و جێگەیان لەکۆتاییدایەو ئاواز و مۆسیقایەکی پڕ جۆشی تێدایە.

**ئای خودایە**
**هەمان شەقشەقە و لەیلایە**
**ئامێزی هەمان مێرخوزار**
**هەمان دەسرازە و چاوەزار**
**هەر هەمان کووژەکە و مازی**
**تاڤگەی ڕەشی هەمان کەزی**
**خۆری پێکەنینی هەمان کچی کافرۆشی هەولێر**
**بۆنی خۆشی هەمان زەنوێر**
**هەمان قامك دەمژمەوە**
**هەمان مەمك دەگرمەوە**
**هەمان هەنگوین دەلێسمەوە**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 39.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 3.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 112.

**گمەگمی هەمان کۆتر دەبیسمەوە**[1]

لەنێوان وشەکانی (خودایە، لەیلایە)هاوسەروای هەیە و دەنگەکانی (ایە) هاوبەشە و لەکۆتاییە و وشەی سەروان،(ا)پێش ڕەوی و(ی)ڕەوی و(ە)پاش ڕەویە. هەروەها وشەکانی(مێرخوزار، چاوەزار)یش وشەی هاوسەروان و لە دەنگەکانی(زار)هاوبەشی هەیە و کەوتۆتە کۆتایی، وشەکانی (مازی، کەزی)لەدەنگەکانی(زی) هاوبەشن وکەوتوونەتە کۆتایی، وشەکانی(هەولێر، زەنوێر)وشەی هاوکێش و هاوسەروان و لەدەنگەکانی(ێر)هاوبەشی هەیە و لەکۆتاییدایە، هەروەها وشەکانی(دەمژمەوە، دەگرمەوە، دەلێسمەوە، دەبیسمەوە)وشەی کێش و هاوسەروان و هاوبەشییەك لەدەنگەکانی(مەوە)ی کۆتاییاندا هەیە، بەمەش جوانی و هاوئاهەنگی و هارمۆنیەتێکی موزیکی هاتۆتە دی.

**بەفری گەڕانەوەی دێرینترین شەراب**
**خۆشتر لەماچی داك و باب**
**بەفری پەڕەمووچی هوما**
**بەفری مانگەشەوی سیما**[2]

دەقەکە هەر دێڕێکی سەوای تایبەت و جیاوازی بەخۆی هەیە، لەدێری یەکەمدا وشەی هاوسەرواکانی(شەراب، باب)هاوبەشی هەیە لەدەنگە کۆتاییەکانی(اب)وهەروەها لەدێری دووەمدا (هوما، سیما)هاوسەروان و لەکۆتایی نیوەدێڕەکاندان و لەدەنگەکانی(ما)دا هاوبەشی هەیە و (م)ڕەوی و(ا) پاش سەروایە.

**(21)**

**مێ بەقەد پەلکەدار زۆرن**
**بەڵام کامیان مانگ یان خۆرن؟**[3]

هەرچەندە ئەم تاکدێرە شێوە و شێوازەی وەك فۆڕمێکی کلاسیکی کۆنە، بەڵام شاعیر سوودی لەشێوەکەی فۆڕمەکەی وەرگرتووە، بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بەشێوازی ئەدەبی میللی و پەندەکان، بۆیە هاوسەروایی هەیە لەوشەکانی(زۆرن، خۆرن)، ڕەگەزدۆزی ناتەواون و لەدەنگەکانی(ۆرن)هاوبەشی هەیە، (ۆ)پێش ڕەوی و(ر)ڕەوی و(ن)پاش ڕەوییە و مۆسیقای شیعرەکەی ڕەوان و ئاسانتر کردووە.

**(3)**

**کوا باخی شەو پڕ هەنارە؟!**
**من یەك دانەم لێوە دیارە**
**یەك ئەستێرە**
**خواوەندی شارو شەوگارە...**[4]

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت: ڕێی تاوسان، ل5.
(2) نەوزاد ڕەفعەت: ڕێی تاوسان، ل10.
(3) نەوزاد ڕەفعەت: باڵەکانم بدەرەوە، ل43.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 95.

شـاعیر لـەم چوارینـە وەك فـۆڕمێكی شـیعری كـۆن، هاوسەروایی(سـەروای سـتوونی) بەكارهێناوە، هاوبەشی لەنێوان دەنگەكانی(ارە)دا هەیە،(ا)پێش ڕەوی و (ر)ڕەوی و(ە)پـاش ڕەوییـە و شاعیر جۆش و خرۆش و ئاوازێكی ڕوون و خێرای بەشیعرەكە بەخشیوە.

**تەمەن شووشتن لەزیواوی چێژەكانی دانووب- ی شین**
**(ڕنینەوەی كولیكەجاڕی ڕوومەت و چەمەری و شین)[1]**

شاعیر لەم دێڕەشیعرەدا دووجـار وشەی(شین)ی دووبارەكردۆتـەوە، لەڕێگـەی هونـەرێكی ڕەوانبێژی ئەویش(**ڕەگەزدۆزی**)یە، كەیەكێك لەجۆرەكانی ڕەگەزدۆزی تەواوە، بریتییـە: لـەوەی كـە ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییەكە دروستدەكەن، مەرجە((لەشێوەدا وەك یەك و لـەواتادا جیـاوازبن.. ئەمەش جوانییەكی گـەورە و چێژێكـی خـۆش بەخوێنـەر و پـێش ئـەو بەشـاعیریش دەبەخشـێت))[2]، هەروەها دەبێت ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزیی تەواو پێكدێنن، لـەچوار خاڵدا یەكبگرنـەوە و وەكـو یەكبن:(( أ- ژمارەی پیتەكان ب- جۆری پیتەكان ج- شێوەی پیتەكان د- ریزی پیتەكان))[3].

(شـین)ی یەكـەم بـەمانا و واتـای ڕەنگـی ڕووبـاری دانـووب وەك ئاسـمان شـینە هـاتووە، (شین)ی دووەم بەواتای: شیوەن و شـەپۆڕ و لـەخۆدان دێت. هەرچەنـدە وشـەكان لەشێوە و دەنگدا كتومت وەكو یەكن، بەڵام جیاوازییـان لـەواتادا، هاوسـەروایی و ڕیتمـی ئـاواز و مـوزیكی دەرەوەی دێڕەكەی قووڵتر و بەجۆشتر كردووە.

**بوونە زووخاو و بوونە كێم**
**لەمەیدانی جامبازیدا.. من چیم و كێم؟![4]**

وشـەی(كێم)دووجار دووبارەبۆتـەوە، لەیەكەمـدا بـەواتای:زەرداوی بـرین، زووخ، خـوێنی گەڕاوەی خەستی برینە، كە دێتەدەرەوە دێت، لەدووەمدا بەواتای:من كـام و چ جـۆرە كەسێكم دێـت. هەروەها وشەكانی(چیم و كێم) هاوئاوازی پێكهێناوە و بەمـەش لایـەنی مـوزیكی دەرەوە و سـەروای ناوەوەی شیعرەكەی بەهێزتر و خێراتر كردووە.

**لەدار و پەڕی باڵندە و شەقام ئاڵا**
**كزەبای دەمە و خۆرئاوا**
**لەپەیكەرە ئاڵتوونەكانی شار دەدا**
**لەرینەوەی داوە پرچی شاپەرییان جوانترە**
**یا هی ئاڵا ؟![5]**

وشەی(ئاڵا)دووجار بەكارهاتووە، جاری یەكەم بەواتای:تێئاڵان، شتێك لەشتێك بئاڵێـت دێـت، لەدووەمدا بەواتای:بەیداخ، پەرچەم، عەلەم، پارچە پەڕۆیەكـە بەنیشـانەی سـەربەخۆیی بـوونی هـەر نەتەوەیەك دێت. هـەروەها وشـەكانی(ئاڵا، ئـاوا، دەدا)، هـاوكێش و هاوسـەروان و لایـەنی مـوزیكی

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەكان هەڵدەفڕینمەوە، ل 229.
(2) ئیدریس عەبدوڵڵا(د.):جوانكاریی شیعری كلاسیكی كوردی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی هێڤی، 2012، هەولێر، ل 13_ 14.
(3) عەزیز گەردی:ڕەوانێژی لەئەدەبی كوردی دا، بەرگی دووەم، جوانكاری، ل 8.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 79.
(5) سەرچاوەی پێشوو، ل106.

دەرەوە و ئـاوازی خوێندنـەوەی شـیعرەکەیان لەسـەر نـاخ و دەرونـی خوێنـەر کاریگـەر و جـوانتر کردووە.

**((دە ڕادیۆکە نزم کە با**
**تۆزێك گوێ ڕادێرین بو با))[1]**

(با)وشـەیەکە دووجـار بـەکارهاتووە، جـاری یەکـەم بەمانای:لێبگـەڕێ، وازبێنـە، بهێڵـە. لـە دووەمـدا بەمانـای:دیاردەیـەکی سروشـتییە و شـتێکی نادیـارە بـەهۆی جووڵانـەوەی قەبارەیـەك لـەناو بۆشاییدا پەیدا دەبێت. بەمەشیان خوێنەر بەرەو قوڵایی واتای دەقەکە دەبات.

**زەمین زۆر تەنگ و تاربووە**
**زەمین خەمناك دەڵێی بێ ساز و سەنتور و بێ تاربووە[2]**

وشـەی(تار)ڕەگەزدۆزی تـەواوە و دووجـار دووبارەبۆتـەوە بـەمانای جیـاواز، یەکـەمیان بەمانای:تاریك بوون دێت. دووەمیان: ئامێرێکە وەك کەمانچە لێدەدرێت و دەنگێکـی یـەکجار خۆشـی لێوە دێت. شاعیر دەیەوێت خوێنەر بەرەو چەقی مانای قووڵی شیعرەکە ئاراستە بکـات و هـاودەنگی و ئیقاع و ڕیتمی هاوسەروایی دەرەوەی شیعرەکەی بەجۆشتر کردووە.

**ماڵ بەماڵ دەیگێڕایەوە سەربردەی تاڵ**
**بیری دەخستەوە کەتنی(خوێنڕێژ)ی زاڵ[3]**

وشەکانی(تاڵ– زاڵ) ڕەگەزدۆزی ناتـەواون لـەجۆری جـودا، ئـەویش بـەجیاوازی هـەردوو دەنگی(ز، ت)، بەهۆی دووبارەکردنەوەی پیتەکانی دیکەیان وشـەی هاوسـەروایان دروسـتکردووە و ئاواز و مۆسیقای ناوەوەیان بەشیعرەکە بەخشیوە.

**دوندی سەری هێلانەی خەیاڵی پۆشیم**
**یەکەم فڕەژاری زەمانی پێ نۆشیم[4]**

وشەکانی(پۆشیم- نۆشیم)ڕەگەزدۆزی ناتەواویان لەجۆری جودا پێکهێناوە، گشـت پیتـەکانیان وەکویەکن، تەنیا جیاوازی لەشێوەی یەك پیتیاندا هەیە و هاوسەروایش دروستبووە.

**تووی لقی بڵند و نەوی**
**بەردەبنەوە کۆشی زەوی[5]**

ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو لـەجۆری جیـا پێکهـاتووە، لەوشـەکانی(نەوی- زەوی)، بـەجیاوازی هەردوو دەنگی(ن- ز)و بەدووبارەبوونەوەی کۆمەڵەدەنگەکانیان وشەی هاوسەروایان دروستکردووە و بوونەتە هۆی چنینەوەی مۆسیقای دەرەوەی دەقەکە و ئاوازەکەیان جۆشتر کردووە.

**دۆش دامام و وتم: دەبێت**
**لەهەندەرانیش تۆڕ هەبێت؟![6]**

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕینمەوە، ل 224.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل100.
(3) نەوزاد ڕەفعەت: شینی شالوور، ل6.
(4) نەوزاد ڕەفعەت: ڕێی تاوسان، ل8.
(5) نەوزاد ڕەفعەت: باڵەکانم بدەرەوە، ل19.

(دەبێت- هەبێت)دوو وشـەی ڕەگـەزدۆزی ناتـەواون لـەجۆری جیـا، لـەدەنگی پیتـەکانی(د، ه)جیـاوازن و پیتەکانی دیکەی وەکو یەکن، بەمەش ئاوازێکی جۆشدار و هاوسەروایی دروستبووە.

**پڕ گەنجینەی تەمەنی ئەو(بازە)ی داوە**
**لەچوار لاوە... چادری غەدری هەڵداوە(1)**

وشەکانی(داوە- هەڵداوە)ڕەگەزدۆزی ناتەوایان پێکهێناوە لەجۆری زیاد، لەڕووی واتـا و ژمـارەی پیتـەکان لەیەك جیاوازن، بەمەش سەرواکەی ڕێکخستووە وئاوازی دەرەوەی شیعرەکەی کاریگەرتر کردووە.

**قفڵی دڵ و دەست و پێ و مل**
**قفڵی قەفەسی سەدان مەل(2)**

وشەکانی(مل- مەل)ڕەگەزدۆزی زیادیـان پێکهێنـاوە، وشـەی دووەم پیتێکـی زیـادە و ژمـارە پیت و واتاکەیان جیاوازە و مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەی ئاوازدارتر کردووە.

**تەرم... عەرد و بان دادەگرێت**
**ئەڵوەن لێڵ و خاو و بێزار و ڕێگا دەگرێت(3)**

(دادەگرێـت)دوو پیتـی لەوشـەی(دەگرێت)زیاترە و ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو لـەجۆری زیـاد دروستبووە و جوانییەکەی زیاتر بەدەرخستووە و چێژێکی هونەریی بەخوێنەر دەبەخشێت.

**بەدەم هەنسك و نرکژنی ڕێی هەڵەمووت و بڕینەوە**
**بەدەم جۆشی کولانەوەی چەندان گەرمە برینەوە(4)**

لەنێوان وشەکانی(بڕینەوە- برینەوە)ڕەگەزدۆزی ناتـەواو لـەجۆری لار هەیـە، لەبەرئـەوەی پیتەکانی(ڕ- ر)لێکجودان و واتای وشەکانیش جیاوازە و کاریگەری لەسەر دەنگ و ئاوازی وشـەکە کردووە.

**شای ڕۆح پاکتر لەبەفری یەك شەوە و باران**
**نهێنیزان: ئەوەی ڕۆشن دەکاتەوە دڵی بازان (5)**

وشـەکانی(باران- بـازان) ڕەگـەزدۆزی لاریـان پێکهێنـاوە، بـەجیاوازی تـەنیا خاڵێـك لـە پیتـەکانی(ر- ز) واتاکانیشیان جیاوازبووە، بەمەشیان ئاواز و دەنگی موزیکی دەرەوەی وشەکە خێراتر بووە.

**تو هەنجیر و زەیتوون و توور**
**(کێوی حەزرەتی مووسا و نوور)(6)**

(6) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 62.
(1) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 10.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل16.
(3) نەوزاد ڕەفعەت: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 95.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل208.
(5) نەوزاد ڕەفعەت: شینی شالوور، ل77.
(6) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل20.

وشەکانی(توور- نوور)ڕەگەزدۆزی لاریان پێکهێناوە، تەنیا خاڵێك بووەتە جیاکردنەوەی وشە و واتاکانیان و کاریگەرییەکی بەهێزتری لەسەر ئیقاع و ڕیتم و ئاوازی دەنگی وشەکە دروستکردووە.

**بەتەمومژ و هەوردا**
**__هەڵدەگەڕێت__**
**چاوی پڕ لەڕق __دەگێڕێت__**
**با هەر __بست__ بە__بست__ __بگەڕێت__**
**بگەڕێت و پێی بەتیشە بەردی ڕێگای**
**کەژە مەزنەکان بکوترێت**
**بێهوودەیە**
**چۆن باوکە قەقنەس ڕاو__دەکرێت!__**
**ئاگر __دەپێکرێت__؟**
**__دەگیرێت__؟**[1]

لەنێوان وشەکانی(دەگێڕێت- دەگیرێت)ڕەگەزدۆزی لاری ناتەواو پێکهاتووە و مانا و واتای وشەکانیش جیاوازبووە. هەروەها وشەکانی(هەڵدەگەڕێت- بگەڕێت)ڕەگەزدۆزی جودا و زیادیان دروستکردووە، لەگەڵ ئەمەشدا(دەکرێت)، لەگەڵ وشەی(دەپێکرێت)ڕەگەزدۆزی زیاد پێکهاتووە، هەروەها بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەریەك لەجووت وشەکانی (بست- بەبست)لەپاڵ یەکتربیەوە ڕەگەزدۆزی ناتەواو لەجۆری زیاد بەهۆی دووپات دروستبووە، بەمەش سەرواى دەرەوەی شیعرەکە بەهێزتر کردووە.

## 2-سەرواى ئازاد (سەربەست)

جۆرێکی دیکەی سەرواى هەمەجۆرە، شاعیر لەمجۆرەیاندا((خۆی بەهیچ قاڵبی دەرەوە نابەستێتەوە، هاتنی بەپێی یاسای دەرەوە نییە، بەپێی هەست و نەستی شاعیرە، بەپێی دەلالەت و دابەشبوونی ڕستە و دەستەواژەی شیعرەکەیە. شاعیر کەی ویستی و بەچاکی زانی سەرەتای سەروا دادەمەزرێنێ و کەی بۆی گونجا بێ زۆر لەخۆکردن، سەرواکە دووبارە دەکاتەوە))[2]، هەروەها لەلایەکی دیکەوە سوود لەڕەگەزی دیکەی دەنگ و وشە دەبینێت، بۆپێتەوکردن و بەهێزکردنی سەروا و قووڵکردنەوەی ئیقاع وموزیك و ڕیتمی شیعرەکە و دەوڵەمەندکردنی دەلالەت و ئیحای وشەکان، چونکە((قافیەی شیعری ئێستا مۆسیقایەکە بەستراوەتەوە بەحاڵەتێکی دەروونی دیاریکراوی شاعیر و بریتییە لەو تەوژمە مۆسیقییانەی دێرە شیعرەکان کۆتاییان پێ دێت))[3]. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین:((بەهۆی گۆڕانی سەرواوە لە شیعری تازەی کوردیدا کە سەرواى ئازادە، یەکێتییەکی ئۆرگانزمی پتەوی لەنێوان دێڕەکانی شیعرێکدا پەیدابووە هەموو دێڕەکان بەیەکەوە یەکێتییەکی یەکگرتوویان درووست کردووە. هەروەها بواری دەربڕینی ناوەڕۆك فراوانتر بوو بەسەر هەموو پارچە شیعرەکاندا بڵاوبووەوە))[4].

لەم ڕوانگەیەوە(نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیر بەشێکی زۆری شیعرەکانی بەسەرواى ئازاد نووسیوە، پتر بایەخی بەیەکخستنی وشەکان و چۆنیەتی شێوازی پێکەوەگونجان و هاتنی وشەکان بەیەکەوە داوە.

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل154.
(2) عەزیز گەردی(د.): سەروا، ل 305.
(3) پەرێز سابیر(د.):ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، ل 437.
(4)شەرمین ئیبراهیم عەزیز:پەشێو و تازەکردنەوەی لەشیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،2006 ، ل149.

**(5)**

**لەپەنجەرەڕا سەرنجی ماڵئاواییی A**
**دڵدارێکی پشت شیش و ئێستگەت دەمێ B**
**چیای شیرینم دەزانم C**
**کات خوڕ دەڕواو D**
**هەرگیز ئاوا E**
**لەدیدارێکی وا کورت و ئەفسووناویدا ناتگەمێ[1] B**

شیعرەکە لە(6)لەت پێکهاتووە، پێنج سەرواى تێدا بەکارهاتووە، بەسەرواى ئازاد نووسراوە، تەنیا سەرواى لەتى دووەم لەلەتى شەشەمدا دووبارەبۆتەوە، شاعیر بەشێوەیەکى سەربەستانە چەندین سەرواى هەمەجۆرى بەکارهێناوە، بێ خۆ کۆتوبەندکردن بەسەروایەکى دیاریکراو، هەوڵیداوە بەشێوەیەکى ئازادانە گوزارشت لەبیروبۆچوون و دەربڕینە شیعرییەکانى بکات.

**وەی دایەڕۆ!! وەی بابەڕۆ!! A**
**وا زەق زەق لەبەر چاوتایە B**
**سبەی هەموو پەڕەسێلکە پیرۆزەکان C**
**بەویسە ویسی چەمەری D**
**قوڕ و لیتەی ئەم دنیایە پڕ دەعبایە B**
**پەیتا... پەیتا... دەگوێزنەوە بۆ سەری تۆ[2] A**

شیعرەکە بەسەرواى ئازاد نووسراوە، چوار سەرواى تێدا بەکارهاتووە، شاعیر سەربەستانە خۆى بەیاسایەکى دیاریکراوەوە نەبەستۆتەوە، بۆگەیانى هەست و سۆزى خۆى، کەى مەبەستى بێت، بەپێى دەلالەت و ئیحای شیعرەکەى سەرواکەى دووبارەکردۆتەوە.

**(4)**

**دڵم بەگۆزە تێدەگات A**
**وادەزانێت B**
**لەختوخۆڕاش بیشکێنێت B**
**گۆزە زۆرن و سبەینێ زوو C**
**ڕێگای بازاڕ دەگرمەوە D**
**یەکێکی نوو C**
**تازە کوورە E**
**لەپیرە گۆزەچییەکە دەکڕمەوە[3] D**

شیعرەکە هەشت لەتە و لەسەر پێنج جۆرە سەرواى ئازاد بونیادنراوە، دووبارە بوونەوەى سەرواکان زۆرکەمن، بەڵام شاعیر بەدووبارەبوونەوەى دەنگە لەیەکچوو و وشە لەیەکچووەکان، واى کردووە ئاواز و ڕیتمى شیعرەکە سەرنجڕاکێش و هەست بزوێن بێت و خوێنەر بێزار نەکات، بەمەشیان ڕەهەندێکى موزیکى ئیستاتیکى هونەریى بەجێگەیاندووە.

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل223.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینى شالوور، ل7.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێى تاوسان، ل74.

**(14)**

| | |
|---|---|
| **مانگ شوانکارەی ئەستێرانە** | **A** |
| **خوا دەزانێت لەکەینێوە** | **B** |
| **لەترسی گورگی سەر زەمین** | **C** |
| **غاریان داوەتە ئاسمانی بێ لوورەلوور** | **D** |
| **ئاسمانی بێ چەقۆ و برین** | **C** |
| **دوور لە تەنوور[1]** | **D** |

دەقەکە هەشت لەتە شیعرە و چوار سەرواى لەخۆگرتووە، هەرچەندە سەرواى لەتەشیعری سێیەم و چوارەم، لە پێنجەم و شەشەم دووبارە بۆتەوە، بەڵام شاعیر ئازادییەکی تەواوی بەخۆی داوە بۆ گەیاندنی مەبەستە شیعرییەکانی، خۆی بەسەروایەك گرێنەداوە، لەکوێ ئامانجی بووە سەرواکەی دووبارەکردۆتەوە، بونیادە موزیکییەکەی نایاب و جوان و ئاوازدارتر کردووە.

بەشێوەیەکی گشتی شاعیر لەتەواوی دیوانە شیعرییەکانیدا، سەرواى هەمەجۆر(جۆراوجۆر)ی بەکاربردووە، هەروەها سەرواى ئازادی بەپلەی یەکەم بەکارهێناوە و پاشان سەرواى مەسنەوی(جووت سەروا) و لەهەندێك نموونە شیعرییەکانیشدا خۆی بەهیچ سەروایەکەوە گرێنەداوە و سەربەستی بەنووسینی داوە.

**2- مۆسیقای ناوەوە**

ئەوەی ئاشکرایە لەشیعردا هاوشانی مۆسیقای دەرەوە، مۆسیقای ناوەوەش ڕۆڵێکی بەهێز و کاریگەر و چالاکی هەیە لە دەستنیشانکردن و بەرزکردنەوەی بەهای ڕەهەندی ئیستاتیکی شیعرەکە بەتایبەتی و پاشان بەیەکەوە ئاواز و مۆسیقایەکی ڕەوان و خۆشی گشتی بۆ تەواوی شیعرەکە دەستەبەردەکەن. مۆسیقای ناوەوەی شیعر لەئەنجامی بەیەکەوە گونجانێکی هاوسەنگ و هاوتەبای نێوان وشە ئاوازدارەکانی نێوڕستە شیعرییەکان وچۆنیەتی هەڵبژاردنیان ویاریکردن وگۆڕانکاریی لەشوێنیان بەهۆی پاش و پێشکردنیان و دووبارەکردنەوەی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان ئاوازێکی نەغمەداری و بەجۆش و خرۆش پێکدێت، چونکە((بەهۆی ئاوازی دەنگەکان و لێکدان وڕێککەوتن و گونجان و بەیەکەوەهاتنی وشەکان و جێگۆڕکێی نێوانیان وبەکاربردنی بەشێك لەئامرازە زمانییەکان بەشێوەیەکی هونەری وەها، کە گەلێجاران دەنگ و زەنگێکی دەرونی تایبەت و سەربەخۆ بەرزدەبێتەوە، کە لەکێش و سەرواکان بەهێزتر و کاریگەرتر دەبن))[2].

بۆیە ئەو پەیوەندی بەدوایەکداهاتن و گونجانەی نێوان دەنگ و وشە و دەستەواژەکانی نێو شیعرەکە ئاواز و ڕیتمێکی تایبەتی موزیکی ناوەوە دەسازێنن و ئیستاتیکایەکی هونەری بەشیعرەکە دەبەخشن.

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 35.
(2) رجاء عيد:الشعر والنغم، مطبعة دار النشر الثقافة، قاهرة،1975، ص21.

هەروەها مۆسیقای ناوەوە زۆربەی جاران پێوەرێکە بۆ دیاریکردنی ئاست وشارەزایی و توانای داهێنەرانەی شاعیر وخاڵی جیاکردنەوەوەی نێوان شاعیران دەخاتەڕوو، لەبەرئەوەی((ئاوازی هەڵبەست جگە لە دیوی دەرەوەی کە یاساکانی عەرووز و قافیە دیارییان کردووە، هێشتا بەتەواوی دەستنیشان نەکراوە، چونکە لەودیوی ئەو ئاوازە ئاشکرایەی کە ئەو یاسایانە دیاری دەکەن ئاوازێکی شاراوە هەیە کە لەهەڵبژاردنی وشەکان لەپێوەندی پێکەوە گونجاندنی نێوان پیت و دەنگەکانیانەوە هەڵدەقوڵێ، هەر ئەم ئاوازەشە کە پلەی بەراوردی نێوان شاعیران دیاریدەکات))[1]. شاعیر لەداهێنانە ئەدەبییەکەیدا چۆنیەتی هەڵبژاردن و ڕیزبەندی نێوان دەنگ و وشە و دەبڕینەشیعرییەکانی بەهەند وەردەگرێت، تاوەکو ئاواز و ڕیتمێکی تۆکمە و پتەو و بەتین و گەرموگوڕ بەپێکهاتەی دیوی ناوەوەی شیعرەکە بدات، چونکە جۆر و شێوازی یەك بەدوایەکی وشەکان لەڕەهەندی موزیکی ناوەوە گرنگییەکی ناوازەی هەیە، لەبەرئەوەی مۆسیقای ناوەوە(لەپەیوەندییەکی ئۆرگانی بەهێزی نێوان وشەو گوزارشت و ڕستەشیعرییەکانەوە بەرجەستەدەبێت)[2].

مۆسیقای ناوەوە پەیوەندییەکی چوست و چالاك و کارامەی بەهەست و سۆز وناخی شاعیرەوە هەیە، توانادارایی و هونەرمەندی و کارامەیی دەخاتەڕوو، بەپێی چۆنیەتی جۆر و شێوازی هەڵسوکەوتکردنی شاعیر لەگەڵ ئەو کەرەستە و پێداویستییانەی ڕیتمی موزیکی ناوەوە دروستدەکەن بەردەوام لەگۆڕاندایە و پێکهێنانی ئەم ڕیتمەش چەسپاو نییە و جوانی و چێژێکی هونەریی کاریگەر بەشیعرەکە دەبەخشێت و لەشاعیرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی پەیوەست و لکێنراوە بەدڵ و دەروون و هەست و نەستی شاعیرەکەوە و وێنەدانەوەی دیوی ناوەوەیەتی، چونکە((ڕیتم ڕەنگدانەوەی باری دەروونی و عاتیفی ئەو شاعیرەیە، کە خاوەنی بیر و هەست و سۆزی تایبەتی خۆیەتی. دوو شاعیر با هەمان قاڵبە کێشیش بەکاربهێنن، بەڵام هەست و سۆز و بیروبۆچوونیان جیایە، بۆیە ڕیتمی شیعریشیان جیا دەبێ))[3].

هەروەها ڕیتم و ئاوازی ناوەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی گرێدراوی بەزمانەوە هەیە و((بەهۆی سیستمی دەنگسازی و زمانەوانی ئەو زمانەوە دەردەبڕدرێ، هەروەها ڕەگەزێکی میکانیکی ڕووتیش نییە کە بەدوای یەکدا هاتنی جۆرەکانی دەنگ بیسەپێنێ، بەڵکو جووڵەیەکی زیندووە لە تاقیکردنەوەی شیعرییەوە هەڵدەقوڵێ و لە ئاستی جووڵەی ناوەوەی تەرکیبی شیعردا گەلاڵە دەبێ و لە ئاستی دەنگی دەرەوەدا ڕەنگدەداتەوە))[4]، لەلایەکی دیکەوە پێکهاتەی خودی موزیکی ناوەوەی شیعری لەڕەگەزی ڕیتمدا بەدی دێت، چونکە ڕیتم((هیچ جۆر و شێوە و یاسایەکی دیاریکراوی تایبەتی نییە، بەڵکو پەیوەندی بەشێوازی کرداری پرۆسەی داهێنانی تاکییەوە هەیە، بەپێی شارەزایی و پسپۆڕی و داهێنانی شاعیرەکەوە گرێدراوە و بەردەوام لەبەرەوپێشچووندایە، ئەم گۆڕانکارییەی ڕێگەیەکی کراوە لەبەردەم بواری داهێنان و توانای شاعیر واڵا دەکات، هەر بۆیەکە

(1) دڵشاد عەلی(د.):بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، ل89.

(2)عبدالحمید جیدة:اتجاهات الجدیدة في الشعر العربي المعاصر، المؤسسة نوفل، بیروت،1980، ص359_360.

(3) عەزیز گەردی:کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، ل73- 74.

(4)عوسمان دەشتی(د.):شیعری ناوچەی موکریان، نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009، ل186.

شاعیرە هاوچەرخ و نوێخوازەکان دەگونجێت ڕیتمی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان بەرجەستە بکەن، کە جیابێت لەو یاسا باوە گشتی و سواو و قاڵبانەی دیاریکراون))[1].

بەشێوەیەکی گشتگیر ناتوانین یاسا و پێوەرێکی چەسپاو بۆ بەش و پێکهاتە و کەرەستەکانی ڕیتمی ناوەوەی شیعری دیاریبکەین، چونکە((لەسەر یاسای دەرونی تاکە کەسییەوە دەوەستێت و گۆڕاوە و پشت بەکۆمەڵەوە نابەستێت))[2]. لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە بەشێك لەشاعیرە نوێ و سەردەمییەکان پتر گرنگیان بەڕیتمی ناوەوە داوە، لەجێگەی ڕیتمی دەرەوە، لەبەرئەوەی خۆیان بەشێوە و جۆری بەیەکەوە هاتن وگونجانی تەبایی نێوان وشەکان و ڕێکبوونی دەنگەکان پەیوەندی دارکردووە، بۆ هێنانە ئارای ئیقاعێکی دەرونی کارلێك و کاریگەر لەسەر ناخی خوێنەر، چونکە ڕەهەندێکی دیکەی موزیکی ڕیتمی دەرونی ئەوەیە((لایەنەکانی دەروونی کە لەهێما و ئاماژە شاراوەکانی دەقدا دەردەکەوێ و کاریگەری دەروونی لەسەر خوێنەر دەبێت))[3] .

بۆیە گرنگترین ئەو ڕەگەزانە دەخەینەڕوو، کە بوونەتە هۆی دروستبوونی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)، کە ئەوانیش بریتین لە:

**1- دووبارەکردنەوە:**

ئەم جۆرە لادانە لە ئاستی شێوەی پێکهاتەی دەنگسازییدا ڕوودەدات و جۆرە ڕیتمێك لە پێکهاتەی دەقەکەدا دەخولقێنێت، تیایدا بەدووبارەبوونەوەی دەنگێك یان وشەیەك یاخود گرێیەك یان ڕستەیەك هەندێکجار(کۆپڵە)ش، لەناو دەقێکی شیعریدا دێتەدی، چونکە دووبارەبوونەوەکە لە((بچووکترین پێکهاتەی(دەنگ)دەسپێدەکات بۆ گەورەترین کەرەستە کە ڕستەیە))[4]، هەروەها ئەم دووبارەبوونەوەیە لەشێوازی دەربڕین و گوزارشتی ئەدەبیدا بە(بەکارهێنانی دانانی واژەیەك لەمیانی دەربڕیندا، بەشێوەیەك لەشێوەکانی ئاوازێکی موزیکی هونەریی دروستبکات، کە داهێنەرەکەی بەمەبەستێك لەشیعر یاخود پەخشانەکەیدا بەکاریهێناوە)[5]. کەواتە دووبارەکردنەوە لەشیعردا دوو ئامانجی هەیە، لایەنێکی ئیستاتیکی کە جۆرێك لەچێژ بەخشین دێنێتە ئاراوە و ئامانجێکی دیکەشی ئەوەیە، کە بەشێوەیەك سەرسوڕمانی و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ ئەو وشەیە یاخود گوزارشتکردنە یا ئەو ڕستەیەی کە دووبارەی کردۆتەوە ڕابکێشێت و بەوردیی لێیڕابمینێت، ئەمەشیان پەیوەندی بەلایەنی واتاییەوە هەیە،(لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤانەی کە زیاتر وێنەکانیان لەبەرچاودا دووبارەدەبێتەوە، کاردانەوەکەی زۆرتر ئاشکرا و سافتر دەبێت و کاریگەرییەکەی باشتر و جوانتر لەزەین و بیریاندا دەمێنێتەوە)[6]، چونکە گرنگییەکی تایبەتی لەنێو دەقە شیعرییەکەدا هەیە.

کەواتە بونیادی دووبارەکردنەوە(بایەخێك و تایبەتمەندییەکی گرنگتری لەوەدا بەجەستە دەبێت، کە هونەری شیعری لەهونەری موزیك و زانستی ئیستاتیکی نوێ وەرگرتووە، ئەمەش بناغە

---

(1) محمد صابر عبيد(أ.د):القصيدة العربية الحديثة بين البنية الدلالية و البنية ألايقاعية، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، 2001، ص20-21.
(2) عبدالرضا علي(د.):ألايقاع الداخلي، مهرجان المربد الشعري العاشر، بغداد، 1989، ص3-4.
(3) فازیل مەجید مەحموود(د.):شیعری مناڵان لەئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004، ل52.
(4)سافیە محەمەد ئەحمەد: شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحمود، ل 83.
(5)ماهر مهدي هلال (د.):جرس ألألفاظ و دلالاتها في البحث البلاغي و النقدي عند العرب، دار الحرية، بغداد، 1980، ص 238_ 239.
(6)رابح بوحوش(د.):اللسانيات و تحليل النصوص، جدار الكتاب العالمي، عمان،2007، ص 184.

و بنەمای ڕیتمە بەهەموو شێوەکانییەوە، هەروەها چاوگەی دەنگە کە گوێ بەو هۆیەوە هەست بەگونجاندن و ڕێککەوتنیان دەکات، ئەمەشیان بەیەکێك لەبنچینە دیار و ئاشکراکانی بەرەو پێشچوونی شێوازگەری دادەنرێت)[1]، جگە لەپەیوەستبوون بەدووبارەبوونەوەی دەنگ، گەلێك جاران وشە و ڕستەش لەمیانی دەقێکی شیعریدا دووبارەدەبنەوە، بۆیە(د.عەزیز گەردی)سەبارەت بەم دیاردەیە و چۆنیەتی دووبارەبوونەوەیە بەمجۆرە پێناسەی کردووە و ڕای وایە کە دووبارەکراوەکان پێویستە((هەموویان واتایان یەك بێت و لەجارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێ))[2]، بەو مانایەی کە لەهەموو جارەکاندا پێویستە دووبارەبووەکان لەمانا و فۆرمدا دەبێت وەك یەکبن.

سەرەڕای ئەو لایەنانەش گەلێکجار شاعیر گەرەکیەتی بەمەبەستێکی دیاریکراو جۆرە یاسایەك بۆ دووبارەبوونەوەکەی دابنێت، هەندێجار لەسەر بنچینەی هەست و سۆز و باری دەرونی پێکدێت. کەواتە دووبارەکردنەوەکە بەمەبەستی جەختکردنەوە و پێداگیری شاعیرە، لەسەر لایەنێکی بایەخدار و سەرنجڕاکێش لەچۆنیەتی شێوە و شێوازی دەستەواژەکەی، کە ئامانجییەتی بەمەبەستێکی دیاریکراو، بۆیە زۆرتر لەوانی دیکە بایەخی پێدەدات. لایەنێکی دیکەی دووبارەکردنەوە لەسەر بنچینەی تەکنیکاری و ئەندازەیی داڕێژراوە، کە مەبەست لە دووبارەبوونەوەکە دروستبوونی هاوسەنگییەکە، چونکە (لەهەموو بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی ئاساییدا، بەشێوەیەك لەشێوەکان هاوسەنگییەکی بزر هەیە، کە شاعیر پێویستە لەهەموو سات و کاتێکدا بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و بەوردیی بیپارێزێت و ئاگادارییی چۆنیەتی بەکارهێنانی بێت)[3]. کەواتە دووبارەکردنەوە بەمەبەستی کاریگەری و بەتینکردنی ئاوازی شیعرەکە بەدی دێت، بۆ ئەوەی وێنەیەکی چالاك وکاریگەر بهێنێتە ئاراوە، تاکو زیاتر مانا بدۆزێتەوە لە بونیادی پێکهاتەی دەقەکەدا، بەمەش هەژانێك و جوڵانەوەیەکی بەهێز و لەرینەوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەخوێنەری دەقەکە بدات، بەشێوازێکی قەشەنگ و نایاب و کارتێکراو پێشکەشبکرێت، تا خوێنەر بخاتە حاڵەتی وروژان و حاڵەتێکی سەرسورهێنەر و خۆشحاڵییەك لەدڵ و دەرونیدا پێکبێنێت. ئەمەش بەهۆی ئەوجۆرە لادانەوە دروستدەبێت، کە شاعیر بەهۆی دووبارەکردنەوەوە بونیادی دەنێت.

**أ- دووبارەکردنەوەی دەنگ**

گەلێکجار بەدووبارەکردنەوەی دەنگێك یاخود زیاتر لە دەنگێك لەمیانی سنووری وشەیەك، یان لەتێك یاخود دێڕ و کۆپلەیەك، یان تەواوی سەرجەمی دەقە شیعرییەکە، دەبێتە هۆی ئەوەی(شێوەیەك لە هەمەچەشنی لە دەنگ پێکبێت و دەق لەو کۆت و بەندە دەرباز بکات، کە جۆرێك لە یاسا و ڕێسای کێشی باوی تێدا بەکاردەهات، یان مەبەستیەتی بیر و سەرنجی خوێنەر بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەیەك یان چەند وشەیەك ڕابکێشێت، کە بەهۆی ئەو هاودەنگییەوە ڕێککەوتوون، یان

(1)حسن عبدالجليل يوسف:علم بديع بين ألأتباع و ألابداع(دراسة نظرية و تطبيقية في الشعر الخنساء)، الطبعة الأولى، دار الوفاء لدينا للطباعة والنشر، ألأسكندرية_ جمهورية مصر العربية،2006 ، ص 176.

(2)عەزیز گەردی:ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردی دا، (جوانکاری)، چاپخانەی شارەوانی، بەرگی دووەم، هەولێر، 1975، ل 47.

(3)نازك الملائكة:قضايا الشعر المعاصر، الطبعة الثانية، مطبعة دار التضامن، بغداد،1965، ص 242_ 243.

ئامانجیەتی ئەو جەختکردنەوە لەسەر مەبەستێك، کە دەنگە دووبارەبووەکان دەلالەتی دەربڕین و گوزارشتکردنەکە لەخۆدەگرن)[1].

هەندێکجاریش دووبارەکردنەوەی دەنگیش بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر و زیاد لە پێویست، جۆرێکە لە نائاسایبوونی زمانی دەربڕین، لەبەرئەوەی(دووبارەبوونەوەی دەنگێکی دیاریکراو شکاندن و بەزاندن و تێپەڕاندنی پێوەری سروشتی زمانە، پەیوەستە بەلادانی فۆنیمەوە، بۆ پارێزگاریکردنی پێوەری ئاسایی دەنگی، ڕێگە بەجۆرێك لەلێکچوون و هاوشێوەبوونی زیاد لە لەڕادەبەدەر نادات)[2]، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە شاعیر لە دووبارەبوونەوە و لادانی پیتەکاندا پسپۆر و توانادار و لێهاتوو و داهێنەر بێت بۆ دروستکردنی لایەنێکی موزیکی سەرنجراکێش و کاریگەر، چونکە(دووبارەکردنەوە و بەکارهێنانی دەنگ بەلێزانییەوە هاوکارێکی چاکە بۆ ئەوەی وەرگر، بەرەو چەقی قوڵایی وشەکان ببات)[3]. بەمەش لایەنی هونەری دەقەکە بەرزدەکاتەوە، بەهۆی دروستبوونی ئاواز و ڕیتم و ئیقاع لەدەقدا، کە بەدیهێنەری موزیکی ناوەوەیە بۆ دەقەکە، کاتێك گوێگریش گوێبیستی دەقێك دەبێت هەست بەموزیك و لایەنە هونەرییەکانی ناکات، تاکو دووبارەبوونەوە ڕۆڵی چالاکی خۆی تێدا نەبینێت. هەرچەندە لێرەدا باس لەلایەنی دووبارەبوونەوەی دەنگ دەکەین، ئەو خاسیەتە پەیوەستە بە کێش و سەروا و لایەنی موزیکی ناوەوە و دەرەوەی دەق، کە لە چەند لاپەڕەیەکی ڕابردوودا بەشێوەیەکی گشتی لەو بابەتە دواین، بەڵام ناشکرێت لێرەدا بەسەریدا باز بدەین، چونکە بەشێك لەدووبارەبوونەوەی دەنگی بەهۆی ئەوەوە و بۆ ئەو مەبەستەش دروستدەبێت. لەئەدەب بەگشتی و ژانری شیعریش بەتایبەتی دووبارەکردنەوە سەرەڕای ئەوەی ڕەهەندێکی ئیستاتیکی و هونەری هەیە بەهۆی پێدانی هەست و سۆزێکی ئارامبەخش و چێژبەخش بەخوێنەر، کە کار لەڕەهەندی دەروونیشی دەکات، چونکە پەیوەندییەکی تۆکمە و پتەوی لەگەڵ هەست و سۆزی دا هەیە.

## 1- دووبارەبوونەوەی دەنگی بزوێن

بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دەنگێکی بزوێن چەند جارێك، لە دێڕە شیعرێك یاخود تەواوی شیعرەکە، یان هەندێکجار وا ڕوودەدات دوو وشە یا دوو برگە بزوێنی سەرەکیان وەکو یەکە، جگە وێکچوونی پیتە بزوێنەکانی دیکە، ئەرکی ئەم دووبارەبوونەوەی دەنگە بزوێنەش پوختکردنەوەی لایەنی موزیکی ناوەوەیە، بەڵام کاریگەرییەکەی لەدەنگی نەبزوێن کەمترە، کەچی لەخاوبوونەوە و خێرابوونی دێڕە شیعرێك و ڕستەیەکی شیعرییدا ڕۆڵێکی چالاکیان هەیە، چونکە نزمبوونەوە و بەرزبوونەوەی ئیقاع و ڕیتم و ئاوازی شیعرەکە بەپێی جۆری دەنگە بزوێنەکان دەگۆڕێن، بۆنموونە:((ئەگەر بزوێنە درێژەکانی(ا، وو، ۆ، ی،ێ)زۆر دووبارە بکرێنەوە ئیقاعی شیعرەکە خاودەکەنەوە، چونکە بزوێنی درێژ کاتی زیاتر دەوێت لەبزوێنی کورت، بەڵام بزوێنی کورت(ە، و) ئیقاعی شیعر توند دەکەن، چونکە گۆکردنیان کەم دەخایەنێت و زوو دەگوازرێتەوە بۆ برگەی داهاتوو))[4].

(1)منذر عياشي(د.):ألأسلوب و تحليل الخطاب، دار المحبة، دمشق،2009، ص 78.
(2) حسن الغرفي:البنية ألأيقاعية في شعر حميد سعيد، بغداد، 1989، ل 99.
(3)علي قاسم الخرابشة:ألابداع و بنية القصيدة في الشعر عبدالله البردوني، مجلة عالم الفكر، عدد 1، الكويت، 2008، ص 246.
(4) عەزیز گەردی:سەروا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر،1992، ل 65.

شاعیر لە شیعری(بەخشین)دا دەڵێت:-

**باڵی هەڵۆی باڵقیی پێ بەخشیمەوە**
**شەڕابی گێلاسی ماچی بۆ هۆشیی پێ نۆشیمەوە**
**- قوربان ئەدی**
**تۆچیت دایە بووکی بەفری یەکەم ژوان ؟!**
**چیت بەخشییە تاقە شۆخی نێو دزێوان؟!**
**- چیم پێ بەخشی؟!**
**تاجی سەروەریم لەسەرنا**
**کردم بەشاژنی دنیا (1)**

شاعیر بزوێنی درێژی(ی)ی(14)جار لەم کۆپلە شیعرەدا دووبارەکردۆتەوە، ئەم دیاردەیەش لەخۆڕا ڕووی نەداوە، بەڵکو بەرجەستەبوونی واتایەکی ڕاستەقینەی وشەکانە و ئیقاعی شیعرەکەی خاوتر کردۆتەوە، بەمشێوەیە ڕەهەندێکی ئیستاتیکی کاریگەرو بەهێزی لەدەقەکەدا هێناوەتە دی و جۆرێك لە لەرینەوە و ئاوازێکی چێژدار و ڕیتمێکی ناوەکی بەبونیادی پێکهاتەکەی دەقەکە بەخشیوە.

شاعیر لە شیعرێکی دیکەی بەناوی (خەون)دا دەڵێت:

**کە باخەوانی باخ سووتاو و**
**کەشتییەوانی بەساڵداچووی کەشتی شکاو**
**خەمبار دەبن**
**خەو دەبینن:**
**باخەوان دەشتێك دەبینێت دەژێیتەوە**
**دارەکانی شین دەبنەوە**
**کەشتییەوانیش خۆی دەبینێت**
**تۆڕ هەڵداوێ و**
**بەدەستی پڕ ماسی و خەندە دێتەوە (2)**

لەم کۆپلەشیعرەدا شاعیر بزوێنی درێژی(ا)ی بەشێوەیەکی بەرچاو و زۆر دووبارە کردۆتەوە لە شوێن و وشەجیاوازەکاندا، ئەوەی دەردەکەوێت کە(15)، ئەمەش بەرێکەوت ڕووی نەداوە، بەڵکو ئامانج و مەبەستێکی شیعری قووڵی لەدواوە بووە، هەروەها لەوشەی (بەساڵداچوو)و(باخەوان)دووجار دووبارەبۆتەوە، ڕەهەندێکی کاریگەرتر و بەتینتر بەمانا و واتای فراوانی وشەکان دەدات، لەکاتی گۆکردن و دەربڕینی کاتی زیاتری دەوێت، بەمەش ڕیتمێکی موزیکی بەجۆش و خرۆش و خۆش و ئیقاعێکی خاوداری ڕوون و ئاشکرای بەشیعرەکە بەخشیوە، چونکە(بەهێزترین و ڕوونترین دەنگە لەزماندا)[3]و سیفەتێکی دیارو بەرچاوی هەیە.

شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**(16)**

**ئەمشەو مۆڵ خامۆشە.. چۆڵە**

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 59.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕینەوە، ل 17.
(3) مقداد محمد شاكر قاسم:البنية ألايقاعية في الشعر الجواهري، الطبعة ألأولى، دار دجلة، عمان، 2008، ص 165.

**چی دەبینم**
**ڕۆبۆتە و قومەتە خۆڵە**
**بێ سەردانی !**[1]

لەم پارچەشیعرەدا شاعیر(6)جار بزوێنی درێژی(ۆ)ی دووبارەکردۆتەوە، هەروەها وشەکانی(چۆڵە)و(خۆڵە)ڕەگەزدۆزی ناتەواو و دوو بڕگەیە و(ڕۆبۆتە)و(خامۆشە)سێ بڕگەیە، هەروەها لەوشەی(ڕۆبۆتە) دووجار دووبارەبۆتەوە، ڕەهەندێکی دەرونی فراوان و قووڵتری بەمەبەست و مانای واتاداری وشەکە بەخشیوە لەبێ هەست و نەستی وبێگیانیدا، بەم لادانە دەنگییە شاعیر لایەنێکی هونەریی سەرەکی لەبونیادی گشتی موزیکی شیعرەکە دروستکردووە بەپشبەستن بەدووبارەکردنەوەی دەنگێکی بزوێنی درێژ و یەکسانی بڕگەکان، ئاوازێکی جۆشدارو گڕداری بەشیعرەکە داوە، بەم کارەشی ئەزموونی هونەریی و ڕۆشنبیری و دەرونی و ڕووندەکاتەوە، کە بووەتە سەرچاوەیەك بۆ پێکهێنانی ڕەهەندێکی جوانیناسی.

**2- دووبارەبوونەوەی دەنگی نەبزوێن**

بریتییە لەدووبارەبوونەوەی دەنگێکی نەبزوێن چەندین جار لە دێڕەشیعرێك، یان تەواوی شیعرێکدا، بەمەش ئاوازێکی موزیکی ناوازە لە ناوەوەی شیعرەکە دەخوڵقێنێت، بەهۆی ئەو کاردانەوە کاریگەرەی کە هەست و سۆزی وەرگر دەهەژێنێت، لەڕێگەی لەرینەوەی ڕیتم و ئیقاعی ئەو موزیکە چێژبەخش و وزەبەخش و سازگار و خۆشەی بەرگوێچکە دەکەون. کرداری دووبارەبوونەوەی دەنگی نەبزوێن لەسەرەتادا بریتی بووە لە:-((دووبارەکردنەوەی هەمان دەنگ لەسەرەتای وشە، سەرەوای سەرەتا یا سەروای سەرەوەیان پێ دەگوت، بەڵام لەدوایی وردە وردە گۆڕانی بەسەرداهات، تا وای لێهات دووبارەکردنەوەی دەنگە لەیەك نزیکەکانی وەکو(س – ز)و(ش- ژ)یش بگرێتەخۆ، جا لە هەر شوێنێکی وشەدا بێت))[2] . بۆیە دووبارەبوونەوەی ئەم دەنگە لای نەوزاد ڕەفعەت بەشێوەیەکی باش بەرچاو دەکەوێت.

شاعیر لەدەقی شیعری (چراوگ) دا دەڵێت:

**گوێت لێ بوو پێیان دەوتیت:**
**(( ڕووباری پێشت تیژڕەو و بێ بوارە**
**کژ دژوارە**
**ناپڕێت هەورازی ڕکی ڕێ**
**بەفرە و کوتەکت پێ ناشکێت**
**بگەڕێوە**
**شیرین بۆت نایەتە ڕایێ**
**سەرکێشی و لاساری دانێ))**
**کەچی ئەو عیشقە پیرۆزەی**
**ڕێی پێ گرتبوویت... هێندەی تر**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 38.
(2)عزالدین صابر محمد:شێوازی هۆنراوەکانی شێخ نوری شێخ صالح، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، 2015 ، ل 96.

**هانی دەدایت پشوونەدەیت**
**چراوگی دڵت تووڕنەدەیت** (1)

شاعیر بەدووبارەبوونەوەی دەنگی نەبزوێنی(ت)(15)جار ئیستاتیكیبوونێكی جوانی بۆ شیعرەكە دروستكردووە و ئیقاع و ڕیتیمێكی ئاوازداری ناوەوەی بەهێزی بەشیعرەكە بەخشیوە، كە توانااداری و پسپۆری شاعیر دەخاتەڕوو، كە وەكو:(تەكنیكارێك و ئەندازیارێكی دەنگ)(2)ی بواری دەنگسازی بەشێوەیەكی ورد و چالاكانە كاری لەڕێكخستن و ڕێكخراوی وشەكاندا كردووە، بەهۆی ئەو هاوشێوەی لە ئاستی دووبارەبوونەوەی پیتی دەنگێكدا ئەنجامیداوە. جگەلەوەی كێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە، كە ئاوازی دەرەوە پیكدەهێنن.

شاعیر لەشیعرێكی دیكەی بەناوی (ڕەگ) دەڵێت:

**دەڵێن: ڕۆژێكی بەفرانبار**
**پیرە پاشایەكی زۆردار**
**لەئێشكچی و قەڵاداری ڕادەخورێت:**
**(( ئەو بەفرە لەكفن دەچێت**
**مەهێڵن لێرە ببارێت))**
**ڕێكەوت ئەو وەختە دانایەك لەوێ دەبێت**
**سەردەباتە بن گوێچكەی و دەچرپێنێت:**
**((كەی ئەم كێوانە هەڵكەنران**
**بەڕەگەوە گوێزرانەوە**
**جارێكی تر**
**لەم خاكە داناكاتەوە))(3)**

بەدووبارەكردنەوەی پیتی دەنگی نەبزوێنی (ڕ)(5)جار، (ر)(14)جار و هەروەها دەنگی (ك)(13)جار لەم پارچە شیعرەدا، تاڕادەیەك جۆرە سەروایەكی ناوەكی لەنێوان هەندێك لەوشەكاندا دروستكردووە، چونكە لەڕووی سیفەتەوە پیتی(ك)، (دەنگێكی خاوە)(4) وریتمێكی هێواش و لەسەرەخۆی هەیە، ئەو ڕیتمەش گوزارشت لەو بارە دەرونییەی ناو شیعرەكە دەكات، بەمەش شاعیر لادانێكی دەنگی لەسەر ئاستی دەنگسازیدا ئەنجامداوە، هەروەها ئاواز و موزیكێكی خۆش و سەرنجڕاكێشی بەشیعرەكەداوە، بۆئەوەی خوێنەر لەكاتی سەرنجدانی وشەكان و بینینیان بەچاو و بەخوێندنەوەیان و بیستنی دەنگەكان بەگوێ هەست بەئیستاتیكیبوون و هونەریبوونی پەیوەندیی نێوان وشەكان و ماناكانیاندا بكات.

لەشیعری (گورگ)دا شاعیر دەڵێت:

**گورگ**

(1)نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەكان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 63.
(2)جوزیف میشال شریم(د.):دلیل الدراسات ألاسلوبية، الطبعة الثانية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، 1978، ص 91.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەكان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 76.
(4) غالب فاضل المطلبي(د.):في ألأصوات اللغوية، دائرة الشؤون الثقافية والنشر، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1984، ص78.

**ڕەنگە ڕۆژێك**
**ڕێکەوت کەڵێك**
**یا کەوێکم بێتە سەر ڕێ**
**سێرەیان لێ نەگرم بەڵام**
**قەت پیرە گورگ نابوێرم**(1)

هەردوو دەنگە نەبزوینەکانی(گ)و(ك)(6) جار بەیەکسانی دووبارەکراونەتەوە، بەو شێوەیە بەمەبەست و مانایەکی قووڵدار و فراوانەوە داڕێژراوە، لەئاستی دەنگسازیدا لادانی پێکراوە بەدووبارەکردنەوەی دەنگەکانیان، بۆیە هاوسەنگییەکی کێشیش لەنێوان وشەکانی (گورگ)دووجار و(کەوێك)یەکجاردا ڕوویداوە و لەڕووی ئیقاع و ئاواز و بڕگەشەوە(2) بڕگەن، ئیستاتیکیبوونێکی جوانی بەوشە و شیعرەکە و جۆری بەکارهێنانی دەنگەکەش داوە و لەڕووی واتاشەوە(گورگ)ڕەمزی دڕندەیی و ناشیرینی و دوژمن و خراپەکارییە، بەڵام (کەو)ڕەمزی ئاشتی و جوانی و دۆستایەتی چاکەکارییە، بۆیە سێرە لەکەو نەگرتن ئاساییە، چونکە دۆستی مرۆڤایەتییە، بەڵام گورگ گەر پیریش بێت کەڕەمزی لاوازی و بێهێزییەتی، نابێت ببووردرێت و ڕێگەی پێبدرێت، لەبەرئەوەی دوژمنی مرۆڤبوونە، بۆیە لەڕووی واتاشەوە ئیستاتیکایەکی بەهێز و مانادای لەخۆگرتووە، تاکو خوێنەرێکی چوست و چالاك هەست بەلایەنە شاراوە و بنیاتە هونەریی و واتاییە قووڵەکەی بکات.

لەم کۆپلەشیعرەدا شاعیر دەڵێت:

**(2)**

**چڵەزەیتوونم دانەدەست**
**تیروکەوان**
**مشتووی تیغتان لێ داتاشی**
**جۆگەی خوڕی خوێنتان هەڵبەست**
**ئاوایە دۆست ؟!**
**وایە زەمان ؟!** (2)

بەدووبارەبوونەوەی دەنگی نەبزوێنی(ت)(10)جار ڕیتم و ئیقاعێکی ترپەدار و ئاوازێکی خێرا و بەهێزی بەچۆنیەتی دووبارەکردنەوەی دەنگەکە بەخشیوە، هەروەها ڕیتمێکی ناوەوەی بەتینی بۆ دەربڕینی وشەکان دروستکردووە، چونکە هەندێکجار وا دەخوازێت(دووبارەبوونەوەی دەنگ، دووبارەبوونەوەیەکی ئاسایی و خۆییە و بەبێ مەبەست و سروشتی زمانەکە وا پێویست دەکات)(3)، بەمجۆرە ئەنجامبدرێت، جگە لەمەش هاو بڕگە و هاوکێش و هاوسەروایی لەنێوان وشەکانی(دەست و دۆست)دا هەیە و هەروەها هاو سەروایی تاڕادەیەك، لەگەڵ وشەی(هەڵبەست) پێکهێناوە و(دەست )و(دۆست)ڕەگەزدۆزی ناتەواون، هەرچەندە لەشوێنێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەکێش و سەروای دەرەوە و ناوەوەی شیعر بەتەواوی دەکەین.

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 81.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 88.
(3) هاژە عباس علي:ألانزياح في شعر ذي الرمة، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية، 2005، ص 52.

لەشیعرێکی دیکەدا شاعیر بەم جۆرە دەڵێت:

**(3)**

**ژنە شالووری بریندار**
**شینی دەگێڕا و شار بەشار**
**ماڵ بەماڵ دەیگێڕایەوە سەربردەی تاڵ**
**بیری دەخستەوە کەتنی (خوێنڕێژ) ی زاڵ**
**باڵی نزای دەکردەوە:**
**دادی خواوەند**
**خوونکاری بەد**
**بکاتە بەرد** (1)

شاعیر بەدووبارەکردنەوەی پیتی دەنگی نەبزوێنی(د)(12)جار ڕیتمێکی ناوازە و ئیقاعێکی کاریگەر و کارلێکانەی لەسەر ناخی خوێنەر دروستکردووە، کە بەبیستنی ئەم دەنگە موزیکێك و لەرینەوەیەکی هەست بزوێنانە لەدڵ و دەروونی دروستدەبێت، چونکە یەکێکە لەو دەنگانەی سیفەتێکی(بەهێزی و کارتێکەرانەی هەیە)(2)، بەمەش ڕێژەی شیعرییەتی دەقەکە بەرزتر دەکاتەوە وشێوازی دەربڕین و گوزارشتێکی باڵای لەئاستی دەنگیدا وەرگرتووە. هەروەها دەنگی نەبزوێنی(ڵ)(5)جار دووبارەبۆتەوە لەوشەکانی(ماڵ و تاڵ و زاڵ و باڵ)وهاوکێش و هاوبڕگەن و ڕەگەزدۆزی ناتەواون، بەمەش بونیادی ئیستاتیکی پێکهاتەی شیعرەکە لەئاستی ڕوخساردا لەلایەنی موزیکییەوە ، بەهۆی ئیقاع و ڕیتم و ئاوازەوە جوانتر و ناوازەتر بووە، هەروەها لەئاستی بونیادی بابەتیشەوە مانا و واتایەکی یەکجار قووڵی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەوەی کە ژنە شالووری بریندار شینی دەگێڕا و باڵی نزای دەکردەوە، بۆئەوەی هەڵچوون و تووڕەییە دەروونییە پڕ لەئاگرینییەکەی بەرامبەر پاشای خوێنڕێژ هەڵبڕێژێت، چونکە((هەڵچوونی ئاگرین و توندوتیژ پێویستی بەدەنگی کونسنەنتی بەهێز هەیە))(3)، بۆیە بونیادی بابەتیش هەمان سیفەتی هەیە وهاوشانە لەگەڵ لایەنی ئیستاتیکی شیعرەکە.

لەم کۆپڵەشیعرەیدا شاعیر بەمجۆرە دووبارەبوونەوەی ئەنجامداوە و دەڵێت:

**(3)**

**وامِ .. لەهەر کوێم**
**بۆ کوێ دەڕۆم**
**بۆ خودی خۆم**
**بۆ کورسی و مێزی باغی شار**
**بۆ کوکوختی و چۆلەکەی سەردار و دیوار**
**لەچایخانە**
**لەنێو تەکسی**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 6.
(2)غالب فاضل المطلبي(د.):في ألأصوات اللغوية، دائرة الشؤون الثقافية والنشر، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1984، ص 77.
(3)کامل حسن عزیز البصیر(د.):ڕەخنەسازی، ل 203.

**بۆ نەناسراو**
**لە تۆ دەدوێم** [1]

شاعیر لەم دەقەدا دەیەوێت ئەو حاڵەتە دەرونییە نۆستالۆژییایەی خۆی بخاتەڕوو، کە تیایدا ژیانێکی بێ کەسانە دەباتە سەر و بەگەڕانەوەی بۆ خودی خۆی لە هەموو جێگە و شوێنێك و بۆ مرۆڤ و باڵندە و شتی بێگیانیش لە یارەکەی دەدوێت، بۆ ئەوەی کەمێك ئازارەکانی کەمبێتەوە، ئەمەیان پەیوەست بوو بەبونیادی ناوەخن، لە ئاستی ڕوخساریشدا بە دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێنی(م)(6)جار و(ر)ی لاواز(7)جار، بەمەش ئیقاعێکی ئاوازبەخش وڕیتمێکی خێرا و بەتین و بەهێزی هەیە، چونکە(دەنگێکی حەزینە و لەبیستندا ڕوونە و سیفەتی گنی هەیە)[2]، بۆیە ئەگەر بەوردی سەرنجی وشەکانیش بدەیت هەمان مانا دەبەخشن، لەگەڵ ئەو لەرینەوە و هەژانەی لەکاتی خوێندنەوەیدا هەستی پێدەکەیت، چونکە دووبارەبوونەوەی دەنگ تەکنیکێکی سەربەخۆیە لەڕیتمی ناوەوەی دەقدا، کە تاکەکەسی و گۆڕاوە و شاعیریش وەك تاکێك لەمیانی هەڵبژاردنی هەندێك دەستەواژە و گوزارە و دەربڕینی تایبەتییەوە مەبەستیەتی بەوردیی و لێزانییەوە گوزارشت لەسۆز و هەڵچوونە دەرونییەکانی بکات.

**ب- دووبارەکردنەوەی وشە**

بریتییە لە دووبارە بوونەوەی وشەیەك یاخود چەند وشەیەك زیاتر لە جارێك لەنێو لەت و دێڕێك یاخود چەند کۆپلەیەك، یان سەرتاپای شیعرەکە، جا ئەو وشەیە(ناو یا هاوەڵناو یاخود کار یا ئامراز)بێ، جا چ بەهەمان واتابێ، یاخود واتای جیاواز لەیەکدی، بەڵام پەیوەندی بەئاستی وشەوە هەیە، چونکە بەشداری لە دروستکردنی ڕیتمی پێکهاتەی ناوەوەی شیعرەکە دەکات. بۆیە دووبارەبوونەوەی وشە لەچاو دووبارەکردنەوەی دەنگدا، مەودایەکی هونەریی و ئیستاتیکی فراوانتری هەیە، بەمەش بەهایەکی ناوازە و جوانتر نیشاندەدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەدووبارەبوونەوەی گرێ و ڕستە و نیوە دێڕیش دەکەین، لەبەرئەوەی((هەموو وشە و فرێزەکان، بەشێوەیەکی گشتیش، سیستەمی یەکگرتووی ڕستەسازی بەمەبەستی دووپاتکردنەوەی بەشێك لەپەیامی دەقەکە، دووبارەدەکرێتەوە))[3].

دووبارەکردنەوەی وشە لە شیعردا جگە لەئەرکی ڕیتم دروستکردن، ئەرکێکی دیکەی چالاکتری قورسی دەلالیش ئەنجامدەدات، لەبەرئەوەی((شاعیران بۆ بەرجەستەکردنی هەڵچوونە دەروونی و هونەرییەکان، پەنایان بۆ تەکنیك و ڕێکخستنی دووبارەکردنەوەی وشە بردووە))[4]. بۆیە دووبارەبوونەوەی وشە لەلای شاعیر مانا ومەبەستێکی پەنهان و نهێنی لەدواوەیە، کە لەوانەیە بۆ ئەو بارە دەروونییەی شاعیر بگەڕێتەوە، کە مەبەستیەتی دووپاتکردنەوە و وەستانێك لەسەر وشەیەك لەنێو لەتێك یا ڕستەیەکی شیعری، یاخود لەپارچەیەك و یا لە شیعرێکی تەواودا بکات، یان

(1)نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 25.
(2)ماهر مهدي هلال (د.):جرس ألالفاظ و دلالتها في البحث البلاغي والنقدي عند العرب، دار العربية للطباعة، بغداد،1980، ص 136و 138.
(3) محەمەد بەکر(د.):پەخشانەشیعر، ل 85.
(4) سەرباز مەجید خۆشناو:دووبارەکردنەوە لەشیعری(سەدانساڵە)ی(عبدوڵڵا پەشێو)دا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی(3)، ژمارە12، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی پەروەردە،2020، ل 7.

بەمەبەستێکی ئیستاتیکی و پێدانی موزیکێکی خۆش و ئاوازداری پڕ لـەجۆش و خـرۆش بەشـیعرەکە بەکاریهێناوە.

شاعیر لەدقی (دیوار) دا دەڵێت:

**دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**بێهوودەیە کوڵینگ وەشاندن و عیشق و فرمێسکی من ؟!**
**یا هێندەی نابات دیواری نێوان هەڵدەکەنرێت لەبن**
**بەپوولان ڕاودەنێمەوە و دەبینمەوە بەهەشتی ون ؟!** (1)

دووبارەکردنـەوەی وشـەی(دیوار)بۆ(40)جـار وەکـو ناوێـك، هـەروەها نووسـینی بەشـێوەی ستوونی و ئاسۆیی بەشێوەیەك لەشێوەکان جۆرێك لەهونـەری شێوەکاریشـی پێوەدیـارە، کـە بەوشـە جەخت لەسەر دووبارەکردنەوەی یەك وشە دەکاتەوە و بەمەش بەشدارییەکی چالاکی لەدروستکردنی ڕیتمی پێکهاتەی ناوەوەی شیعرەکە کردووە، بەمەبەستێکی شاراوە و نهێنی بـۆ خسـتنەڕووی پـەیامی دەقەکـە، بـۆ بەرجەسـتەکردنی ئـەو هەڵچوونـە دەروونییـەی، کـە شـاعیر لەوڕێگەیـەوە هونەرییـەوە گوزارشت لەو بارودۆخە نالەبار و حاڵەتە دەروونییەی ژیانی خۆی بەوپەڕی پشوودرێژییەوە دەکـات و دواتر لەکۆتاییدا خـاوەن ئومێدە و بـێ هیـوایی و بـێ هـوودەیی نامێنێـت ودیوارەکـان لادەبـرێن و سنوور لەنێو چوار پارچەی کوردستان لادەبرێـت، بۆیـە دوورنییـە ئـەم چـل دیـوارە، مەبەسـتی چـل ملیۆن کورد بێت.

**(7)**

**خۆشارەزام شار گەورەیە**
**شار پڕ دەرگا و پەنجەرەیە**
**هەندێك دەرگاکان لێکدەچن یاخود جودان:**
**دەرگای زیندان**
**دەرگای ئاوەڵای گۆڕستان**
**دەرگای چەپەر و .. هی سوڵتان**
**دەرگای چەیخانە و مەیخانە**
**دەرگای باخچە**
**دەرگای چێژ و دەرگای نوێژ**
**دەرگا...**
**دەرگا...**
**بەڵام قوربان منی گەدا**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 106.

**لەم لافاوە نەفرەتییەدا**
**ڕێی دەرگایەکم لێ ونە**
**ئەو دەرگایە فەنەری دووری سەبووری و**
**گەمێی جوودیی جووتی منە !!**(1)

شاعیر وشەی(دەرگا)ی(13)جار دووبارەکردۆتەوە، بەشێوەی ستوونی، دەیەوێت ئەو حاڵەتە بخاتەڕوو، کە تییدا لەچ کاتو ساتێکی دژوار و ناخۆشدا دەژی و چ جۆرە ژیانێکی پڕ لەکۆڵەمەرگی دەباتە سەر، ئەم ئاماژانەش لەدەلالەتی بەکارهێنانی حاڵەتی وشەکانەوە بەرجەستەن، کە لەنێوان هەندێکیاندا وشە پارادۆکسەکان بەکاربراون، بۆ ئەوەی زیاتر و پتر جەخت لەدووپاتکردنەوەی بارە دەروونییەکەی بکاتەوە، بەمەش ئیستاتیکایەکی بەهێز و ڕیتمێکی موزیکی ئاوازداری کاریگەری لەنێوان خۆی و خوێنەری دەقەکەی بەرپاکردووە و سیفەتێکی هونەریشی بەخشیوەتە ئەو هەڵچوونە دەروونییە و هونەرییەی خۆی، بەپەنا بردنە بەر ڕێکخستن و دووبارەکردنەوەی وشەی(دەرگا) لەو دەقەدا، بۆ ئەوەی ئەرکە چالاکە دەلالەتییەکەی پێ بەئەنجام بگەیەنێت. جگە لەم دووبارەکردنەوەیە، شاعیر لەدوا دێڕدا لایەنێکی دیکەی هونەری و ئیستاتیکی ئەنجامداوە، لەنێوان وشەکانی(فەنەری)و(سەبووری) کە سێ برگەن و ئاوازیان یەکسانە لەناوەوە و هەروەها وشەکانی (دووری) و(گەمێی)و(جوودیی)و(جووتی) هەموویان دووبرگە و ئاواز و ڕیتمیان یەکسانە و دەربڕینیان ئاوازێکی کاریگەرتر و بەتینتری بەپێکهاتەی بونیادی زمانی لادانی دەقەکە داوە و کاردانەوەکەشی لەسەر ناخی خوێنەر ڕەنگدەداتەوە.

**(8)**

**بەدەست تۆوەیە تاج و سەر**
**ڕۆژێك دەمکەیتە ئەسکەندەر**
**ڕۆژێك شکاو و دەستبەسەر**
**ڕۆژێك دارا**
**ڕۆژێك گەدا**(2)

ناوی(ڕۆژێك)(4)جار دووبارەبۆتەوە، بەشێوەیەکی ستوونی، کە لەژمارەی برگەکانیش دووبرگە و یەکسانن، دیارە مەبەستی شاعیر بۆئەوەیە خوێنەر سەرنج بداتە دەقەکە و شێوەی بەکارهێنانی وشەکە و مەبەستە و دەلالەتەکانی بدۆزێتەوە، بۆیە زیاتر جەخت و دووبارەی دەکاتەوە، تاکو لایەنی جیاوازی وێنەکان ببینێت ولەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژینە تاڵە پڕ لەچەرمەسەرییە و ناگوزەرییەی خۆی بخاتەڕوو.

**لەخۆم خەنی!**
**خەونی خۆم و**
**خەونی خاك و**
**خەونی ئاو و ئاگر و با**
**خەونی پیر و پەڕەسێلکان**
**هی قوربانی و خۆر پەروەران هاتبووە دی:** (3)

(1)نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 49.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 10.

لـەم دەقــەدا شــاعیر بەدووبارەکردنــەوەی ناوی(خــەون)(4)جــار و هــەروەها لایــەنێکی ئیستاتیکیبوونی دیکەی لەوەدایە، کە بەدووبارەکردنەوەی پیتی نەبزوێنی(خ)(9)جار دوبارەکردۆتەوە لەئاستی دەنگسازییدا، بۆیە بەشێوەیەك لەشێوەکان شانبەشانی دووبارەبوونـەوەی وشـەکە مـوزیکێکی کاریگەر و ڕیتم و ئیقاعێکی بەتینی بەبونیادی پێکهاتەی نـاوەوەی دەقەکـە داوە، بـۆ ئـەوەی بەخـەون بڵێت: ئـاوات و حـەزی و خولیـای مـن و خـاك و ئـاو وئـاگر و بـا وپیـر و پەڕەسـێلکان و قوربـانی وخۆرپەروەران هاتۆتەدی، کە(ئاو و ئاگر و با) ئاماژەیە بۆسێ ڕەگەزی بنچینەیی پێکهێنەری زەوی و سروشت، هەروەها (پیر) و (خۆرپەروەران) ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ ڕەمزو هێمـای پیـاوانی ئـاینی بـەکاریهێناوە، ئەوەشـیان بـۆ ئـەو باکگراوەنـدە ڕۆشـنبیری و مەعریفییـەی شـاعیر دەگەڕێتـەوە، کـە دەقەکەی لەئاستی بابەتەوە پڕە لەئیحا و ڕەمزی جوانی،بۆ بەردەوامی ڕێڕەوی ژیان.

**لێوی دیوار**
**لێوی ڕووبار**
**لێوی بەباری باخی شار**
**لێوی منداڵ**
**لێوی پەنجەرە و دەرگای ماڵ**
**لێوی پەیتوونچی و ئەسپەکەی**
**گزنگ دەدەن.. گزنگی ئاڵ [1]**

بەدووبارەبوونــــەوەی نــــاوی(لێو)(6)جــــار بەشــــێوەی ســــتوونی، ئیســــتاتیکیبوون و هونەرییبوونەکەی لەو خاڵەدا چڕبۆتەوە، بەمەبەستی پیشاندانی وێنەی جۆراوجۆری وشەی(لێو)چەند بـارەی کردۆتــەوە، وێنەیــەکی هونــەری لــە نێـوان وشــە بــەکارهاتووەکان پێکهێنــاوە، کــە گشــتیان بەیەکەوە(گزنگ)دەدەن، کە نیشانەی سەرەتای تـاوی جـوانی بـەیانی و ڕووناکییـە، کـە لەشـوێنێکی بەرز دەدات، بەڵام کام جۆر گزنگ؟، گزنگی ئاڵ، تیشـکێکە جـوانی و ڕووناکییەکـەی، وەك گوڵاڵـە سوورە وایە.

**چەند چڵە زەیتوون**
**چەند پیری پۆستنشین و**
**چەند پەپوولە سلێمانە**
**چەند کۆتری نامەبەرت بۆ بنێرم**
**دەستوپەنجەت ڕابمووسن؟**
**ئەگەر دەزانی چەند کوورم !**
**چەند خاپوورم ![2]**

دووبارەبوونــەوەی وشــەی(چەند)(6)جــار وەك ئـامرازی پرسـێك، وێنـەی ئـەو دیمــەن و بارودۆخـە دەروونییـە خـاپوور و پەرێشـانەی شـاعیر دەخاتـەڕوو، کـە چەنـدە بـێ هێـز و شـەکەت و ماندووە، لەگـەڵ ئـەوەی چەنـدین هۆکـاری خـۆی بـەکارهێناوە، بـۆ گەیشـتن بـەیار، هـەر لـەناردنی چڵەزەیتوون بەکۆتری نامەبەر و پەپوولەسلێمانە و پیری پۆستنشین، کە خـاوەن ئـەزموون و هێمـا و

(3)سەرچاوەی پێشوو، ل 82.
(1)نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 66_ 67.
(2) سەرچاوەی پێشوو ، ل97_ 98.

ڕەمزی ئاینین لە شارەزایی و لێزانی لەکاروباری ژین و ژیان، ئەوانەشی بۆیە مەزراندووە بۆئەوەی بەهەمان هێز و توانای گەنجییەوە دەست و پەنجەکانی یار ڕابمووسن، لەکاتێکدا ئێستاکە چەندە کوور و خاپوورە و بێ هێز و بێ توانایە، بەڵام گەر بەخودی خۆشی ئەو کارەی پێ ئەنجامنادرێت، ئەو ئامادەیە ئەوانەی بۆ بنێرێت، چونکە ڕەمزی جوانن، بۆئەوەی ببنە نوێنەری عیشق و هەست و سۆزە بێ هاوتاکەی شاعیر.

**(<u>ئەگەر</u> بەهەشتیت بۆ تێتدا هەڵدەقرچێم؟!**
**<u>ئەگەر</u> بەهاریت بۆ دڵم خەزەڵانە هەڵدەوەرێت ؟!**
**<u>ئەگەر</u> گزنگیت بۆ هێشتا شەوە زەنگم؟!**
**<u>ئەگەر</u> ڕووباریت بۆ هێندە وشك و تینووم؟!**
**<u>ئەگەر</u> هێلانەیت بۆ وێڵ و سەرگەدانم؟!**
**<u>ئەگەر</u> کۆرپەتم بۆ برسیم؟!**
**<u>ئەگەر</u> ئاسمانیت بۆ قەفەس بلبلەکانم دەکوژێت ؟!**
**<u>ئەگەر</u> گەمە وپێکەنینیت بۆ گەمارۆدان دەمنێژیت؟!**
**<u>ئەگەر</u> نزیکیت بۆ دووریت ؟!**
**<u>ئەگەر</u> دووریت بۆ نزیکیت؟!**
**<u>ئەگەر</u> هەنگوینیت بۆ بوونم ڕەش و تاڵە؟!**
**<u>ئەگەر</u> هەتوان و دەرمانیت بۆ هەموو ناخم برینە؟!**
**<u>ئەگەر</u> کزەبایت بۆ ڕۆحم لەڕەگەوە هەڵدەکێشیت؟!)(1)**

ئامرازی لێکدەری مەرجی(ئەگەر)(13)جار دووبارەبۆتەوە، شاعیر بەشێوەی ستوونی نووسیویەتی، مەبەستیەتی هەردوو بارودۆخە دژ و پێچەوانەکانی یەکتر لەڕووی ناوەڕۆکەوە بخاتەڕوو، جگە لەوەش بەراوردێك لەنێوان بارودۆخی دەرونی خۆی و سروشتدا بکات، بەشێوازی پرسیار و سەرسووڕمان، ئەمەشیان گەمەیەکی دیکەی هونەرییە، جگە لەلادانە زمانییەکەی بەدووبارەکردنەوەی ئامرازێك بۆ ئەوەی لایەنێکی ئیستاتیکی بەبونیادی باڵای پێکهاتە و دەربڕینی شیعرەکەی ببەخشێت، چونکە ئەو وشانەی سەرچاوەی خۆشین، لەگەڵ ئەوانەی دەلالەت و مانای ناخۆشی بەرجەستەدەکەن، لەگەڵ یەکدیدا پاڕادۆکسن و یەکدی ڕەتدەکەنەوە، بەڵام شاعیر بەبەکارهێنانی لەڕێگەی ڕستەی مەرجییەوە مەبەستیەتی ئەوە پیشانبدات، ئەگەر ئەو ڕووداوە(خۆشە)مەرجە بۆ ڕوودانی ڕووداوێکی(خۆشی)دیکە، ئەدی بۆچی من وام؟!، لەبەرچی خۆشییەکانی من ناخۆشی بەدوای خۆیاندا دەهێنن.

**<u>کە دڵ</u> زەنگی خەمی لێدا**
**<u>کە دڵ</u> ئاگری تێبەر بوو**
**بەبێ شەرم**
**<u>تك</u> ..**
**<u>تك</u> ..**
**<u>تك</u> ..**

---

(1)نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل53_ 54.

**تك ..**
**دادەبارێت (1)**

شاعیر لەم دەقەیدا هەوڵیداوە لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە کارێکی هونەری ئەنجامبدات، بەپیشاندانی دیمەنی وێنەی پەشۆکاوی خۆی و وێنەی دڵە شێواوەکەی بخاتەڕوو، بەدووبارەکردنەوەی(کە دڵ)(2)جار، لەسەر یەك کێش و سەروان و لە ئاستی ناوەوە ڕیتمێکی ئاوازدار و ئیقاعێکی بەهێزی هونەری پێکهێناوە، شێوە دەربڕینێکی سەرسووڕمانی لە شێوازی گوزارشتکردنەکەیدا هەیە، بەهۆی ئەو زمانەی لادانی پێ ئەنجامدراوە، بەئاماژەی زەنگی خەم کەی لێدرا، ئەو کاتەی کە دڵ ئاگری گڕداری عیشقی تێبەردەبێت، لەئەنجاما ئەو دڵە بەبێ شەرم چیدەکات؟، بەدووبارەبوونەوەی وشەی(تك)(4) جار، بەیەك بڕگە و بەشێوەی ستوونی لەحەژمەتان دادەبارێت، بەمەش ئاواز و لەرینەوەیەکی هەست بزوێن و ناخ هەژێن و ئیقاعێکی یەکجار بەهێز و ڕیتمێکی پڕ لەجۆش و خرۆشی بەهەڵچوونە دەروونییەکەی بەخشیوە.

**واهاتم هات**
**کلیلی ئاگری خۆزیام**
**دەکاتەوە دەرگای قەڵات**
**دەرگای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات**
**کلیلی کڕنووش و نزام**
**دەرگا ... دەرگا**
**دەکاتەوە هەر حەوت دەرگات**
**... دەرگای باڵات...**
**خاتوونی ئەرز و ئاسمان**
**عشتارم... دەرگای پەرستگات (2)**

ناوی(دەرگا)(7)جار دووبارەبۆتەوە، شاعیر بەسوودبینینی لەئاگر و حەوت و عشتار و پەرستگا و کڕنووش و نزا و قەڵا و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، هەموو وێنەکانی پێکەوە بەستۆتەوە، لەوانەیە ئاماژەش بێ بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان و حەوت دەرگاکەی ئاسمان، بۆیە ڕەهەندێکی مێژوویی و ئاینی و ئەفسانەیی بەبونیادی پێکهاتەی دەقەکەی داوە لەڕووی ناوەڕۆکەوە، لەڕووی ڕوخساریشەوە وێنەیەکی ئیستاتیکی هونەرییانەی بەپێکهاتەی بونیادی وشەکان بەخشیوە، بۆئەوەی هەست ونەست و سۆز و ناخی خوێنەر بوروژێنێ و بیهەژێنێ، بەبەشداریکردنی خودی خۆی بەشێوەیەکی چوست و چالاك لە تەواوی ڕووەکانداو خۆچواندنی بەعەشتاری خواوەند، تاکو بگات بەدەرگای باڵای جوانی یار.

**- جۆرەکانی دووبارەکردنەوەی وشە**

**1- دووبارەکردنەوەی سەرەتا**

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور ، ل 58.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 6_7.

بریتییە لەم جۆرە دووبارەکردنەوەی کە((وشەکە، یان گوزارشتەکە لەسەرەتای ڕستەشیعرییەکان دووبارە دەبێتەوە، یەك لەدوای یەك، یان پچڕپچڕ))[1]، جگە لەوەش گەلێك جاران ئەم جۆرە دووبارەبوونەوەی سەرەتاییە بۆ((دامەزراندنی ئاواز و کێشی هۆنراوەکەیە))[2] .

شاعیر لەدەقی (پەیژە)دا دەڵێت:

**سەری دانام**
**پەیژە ئاسا**
**بەرەو ژوورتر**
**پێی سەرکەوێت**
**کەچی گەمژە**
**هەرپێی دانا**
**سەر بەرەو ژێر**
**بۆ دۆزەخ و**
**گەڕووی هەڵدێر**
**هەڵخلیسکا**
**نەیدەزانی**
**هەموو سەرێك**
**بۆ پرد و پەیژە**
**دەست نادات**
**هەموو سەرێك**
**سەری ناخات** [3]

شاعیر وشەی(سەر)ی(6)جار دووبارەکردۆتەوە، وەك دەردەکەوێت لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی شیعرەکەیدا، بەشێوەیەکی پچڕپچڕ، بۆ ئەوەی ببێتە بنچینەیەك بۆ دروستبوونی کێش و ئاوازی شیعرەکە، کە ئەمەشیان خاسیەتێکی هونەری و ئیستاتیکییە.

**بەفرێکی دیکەم لێ باری**
**بەفرێکی جوان**
**بەفرێکی جێژوان**
**ڕەوە بەفری پەریزادێك**
**لەوەتی هەن تات و تەلان**
**هێشتا لەهەڵگورد و سەرکران**
**لەهەورێ و سیپان و سەران نەنیشتووە**
**هێشتا شەنگەبێری و نێری نەیاندیوە**
**بەفری مەستی و وەفا و سەفا**
**بەفری دێرینترین شەراب**

(1) جەبار ئەحمەد حسێن:ئیستاتیکای دەقی شیریی کوردی، ل 219.
(2) عەزیز گەردی:سەروا، ل 33.
(3)نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕینمەوە، ل 107.

**خۆشتر لەماچی داك و باب**
**بەفری پەڕەمووچی هوما**
**بەفری مانگەشەوی سیما**
**بەفری سپیتر لەپیفۆك**
**بەفری ڕۆشنتر لەچرای ڕوومەتی بووك**
**بەفری ژیانەوە و مردن**
**بەفری کوێستانی بەلەك و باڵ و گەردن**
**بەفری پیرۆز**
**بەفری چڵەپۆپەی تەمووز**
**بەفری گەڕانەوەی مەلی زیزی بەخت**
**بەفری هاتنەوەی سەرتەخت**
**بەفری شایانی لێوی سان**
**بەفری پەیامی بەلقیسان**
**شیلاوی گەرمی ڕامووسان**
**هی خاتوونی ئەرز و ئاسمان**
**بەفری باڵاترین گەمە**
**گەمەی گەردوون منیش هەمە !!**
**گەنجینەی نەخشونیگاری نەفرتیتی**
**بەفرێك تەنیا تیتروا‌سکی عەوداڵ دیتی**
**ئەو بەفرە بەردی میهر بوو..** (1)

لەم دەقەشیعرە درێژەی شاعیردا، (21)جار ناوی بەفر دووبارەکراوەتەوە، وشەکە بەشێوەیەکی گشتی دووباربوونەوەیەکی سەرەتاییە، بەڵام لەیەك دوو شوێندا بەشێوەی کەمێك پچڕپچڕ دووبارەبۆتەوە، ئەمەشیان بۆ خزمەتکردنی لایەنە ئیستاتیکییەکەی دەقەکەیە، هێنانەوەی ئەو هەموو وشە ناسك و جوانانە بۆ خزمەتکردنی پەیامی بابەتی شیعرەکەیە، بۆیە شاعیر ویستویەتی بەشێوەی ستوونی شێوە و وێنە جیاوازە ناوازەکانی بەفر بەماناى جیاواز پیشان بدات، کە لە هەندێکیان هێما و ڕەمزی ئەفسانەی و جوانی و پاکی و بەردەوامی ژیان و مردن و پیرۆزی و خاوێنییە.

**لەڕۆژژمێری بوونمدا**
**لەگرژی و خاوی دەروونمدا**
**ببیتە ڕەشەباو شنە**
**ببیتە  زرێبار و زنە**
**ببیتە قووڵاییی ئاسمان**
**ببیتە  مێرگی ئەستێران**
**ببیتە گمەی کۆتران... چرپەی داران**
**ناڵەی هەوران... گرشەی داران**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل9_ 11.

**ببیتە پەنجەرەی زیندان**
**ببیتە بەخشینی شەمدان**
**ببیتە هەنگوینی زمان**
**ببیتە ستران و سروود**
**ببیتە ئاوێنەی وجوود(1)**

وشەی(ببیتە)وەك كارێكی ڕانەبردووی دانانی(10)جار بەشێوەی ستوونی دووبارەبۆتەوە، بۆئەوەیە شاعیر جارێكی دیكە ئاوێنەی وجوودی خۆی لەبوونی یارەكەیدا بدۆزێتەوە، دەقەكەی تژییە لەئیستاتیكا و گەلێك وێنەی هونەری پێكهێناوە بۆ بەرزكردنەوەی بەها جوانیناسەكەی، بەئەنجامدانی ئەم كارەی بونیادی بابەتی و ڕوخساری دەقەكەی جوانتر كردووە.

**2- دووبارەكردنەوەی كۆتایی لەسەرەتادا**

ئەو جۆرە دووبارەكردنەوەیەیە، كە ئەو وشەیەی دەكەوێتە كۆتایی لەتێك یان نیوە دێڕێك، ئەوا لەسەرەتای لەتی دواتر دووبارەدەبێتەوە:

**ڕۆژێكی پیرۆزە بەفرە...**
**بەفرە... بەفرە... (2)**

وشەی(بەفر)(3)جار دووبارەبۆتەوە، لەكۆتایی و پاشان لەسەرەتا و كۆتایی لەتە شیعرەكە، بۆپیشاندانی وێنەی جوانی بەفر و پیرۆزی ڕۆژێكە، كە بەفری وەك ڕەمزی پاكی و جوانی و بەخشندەیی بەكارهێناوە، بەمەش بونیادی دەقەكەی قەشەنگتر و جوانتر كردووە.

**هەربازی فەڕ... سووڕایەوە ... سووڕایەوە ... سووڕایەوە ...**
**سووڕایەوە دوندی سەری بەلقوپۆپی شووڕانی پێ نەزانی (3)**

بە دووبارەبوونەوە و دووپاتكردنەوەی(سووڕایەوە)بۆ(4)چار جار، سێ جار بەدوای یەك لەئاستی ئاسۆیی و دواتر لەكۆتایی نیوەدێڕەكە و لەسەرەتای نیوەدێڕی دووەمدا، واتە لەكۆتاییەوە بۆ سەرەتاوە، بۆنیشاندانی وێنەی سووڕانەوەی(بازی فەڕ)ە، كەشاعیر بەم ناوەوەی ناوناوە، دواتر بارودۆخی حاڵەتەكەی دەخاتەڕوو، كە سووڕانەوەكەی بێ هیوا بوو، بەئومێد و خولیا و حەزو ئارەزووەكانی نەگەیشت و سووڕانەوەیەكی بێ ئاكام بوو، چونكە بازێكی فەڕە و بەپێدانی ئەو سیفەتە نیشانەی سوود و ناسنامەیەتی، بۆیە بەئامانجەكانی نەگەیشت و بەختیاری بەدەست نەهێنا.

**لەو ڕۆژەوەش چارەنووسە و نابڕێتەوە**
**نابڕێتەوە ڕێی دوور ودرێژی وێڵگەی هاتونەهات (4)**

(نابڕێتەوە)كارێكی ڕانەبردووی نەرێیە، كە لەكۆتایی و سەرتادا بەكارهاتووە، بۆ دووپاتبوونەوەی ڕۆژی چارەنووسەكەیە، بۆیە دیاریكراوە بەمسەرو ئەوسەری دێڕەشیعرەكە، بەجەختكردنەوە لەسەر ڕێی دوور و درێژیی وێڵگەی هاتونەهاتیش، كە ڕەمزێكی ئەفسانەییە،

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان ، ل18.
(2) نەوزاد ڕەفعەت: پەرییەكان هەڵدەفڕینمەوە، ل130 .
(3) سەرچاوەی پێشوو، ل 230.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەكان هەڵدەفڕێنمەوە ، ل 257.

بۆئەوەیە کەڕێگەکە نادیار و ناڕۆشنە، بۆیە نابڕێتەوە، چونکە چارەنووسەکە بەستراوەتەوە بەڕێگەی هاتونەهاتە وێڵەکە.

**بەفری باڵاترین <u>گەمە</u>**
**<u>گەمە</u>ی گەردوون منیش هەمە** (1)

بەدووبارەکردنـــەوەی وشـــەی(گەمە)لەکۆتایی و ســـەرەتای نیـــوەدێڕی دووەمـــدا، بونیـــادێکی ئیستاتیکی بەدیهاتووە، شاعیر ویستویەتی لەنێوان(گەمە)و(هەمە)ڕەگەزدۆزی ناتەواو دروستبکات و سەروا وکێش و ژمـارەی وشـەکانیش یەکسـانن لەلایـەنی هونەرییـەوە، لەئاسـتی پـەیامی بابەتیشـدا، ئامانجیەتی بوونی خـودی خـۆی بسـەلمێنێ و مەبەسـتیەتی بڵـێ:منیش لەگەمـەی گـەردوون هەمـە و بەشداریشم، هەروەکو چۆن لە ئاستی لادانـی زمانیـدا گەمەیـەکی هونـەری ئەنجامـداوە بۆسـەلماندنی توانای شاعیریەتی خۆی.


**بەڵام <u>قوربان</u>..**
**<u>قوربان</u>.. <u>قوربان</u>..**
**<u>قوربان</u> دیزەی ڕۆنی خەونە خۆش خۆشەکان شکێنراوە**(2)

شاعیر وشەی(قوربان)ی لەکۆتایی و سەرەتا و کۆتایی نیـوەدێڕی دووەم و پاشـان سـەرەتای نیوەدێڕی سێیەم دووبارەکردۆتـەوە، بـەدانانی خاڵبەنـدیش جـارێکی دیکـە ویسـتویەتی هـەمان مانـا و مەبەست بەبونیادی واتای لێکدابڕان ولێکترازانی خەونـە خـۆش خۆشـەکان بـدات، بۆئـەوەی جـۆری خەونەکـە بخاتـەڕوو، کـە ئومێـد و ئـاواتی لەسـەر بونیـاد نرابـوو، بـەڵام بەشـکانی دیـزەی ڕۆن کـە سەرچاوەی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە، هەمووی شکێنرا و کۆتایی بەو چاوگە هێنراو و خەونـە خۆش خۆشەکانیش هەپروون بەهەپرون کران.

### 3- دووبارەکردنەوەی سەرەتا و کۆتایی

ئـەم جـۆرە دووبارەبوونەوەیـە بەجۆرێکـە کـە وشـە دووبارەبووەکـان یـەکێکیان دەکەوێتـە سەرەتای دێڕەکە و ئەوەی دیکەیان کۆتایی دێڕەکە، یاخود یەکیان دەکەوێتە کۆتـایی و ئـەوەی تریـان دەکەوێتە سەرەتای دێڕەکە:

**<u>کۆچ دەکەم</u>...**
**گەواڵە هەور و تەمی لەگەڵما <u>کۆچ دەکەن</u>**
**<u>سەرهەڵدەگرم</u>**
**دار و بەرد و پۆلە باڵندەی لەگەڵما <u>سەرهەڵدەگرن</u>** (3)




(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 11.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 78.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 60_ 61.

**کۆچ دەکەم سەرهەڵدەگرن**

شاعیر وشەکانی(کۆچ دەکەم، سەرهەڵدەگرم)بەدووبارەکردنەوەی سەرەتا وکۆتایی، بۆیە بەو دووبارەکردنەوەیە ویستویەتی باسی کۆچکردن و سەرهەڵگرتنی خۆی بکات، بۆیە وەك بازنەیەکی بەیەکەوەبەستراو بەیەکی بەستوونەتەوە، کە تەنانەت گەواڵەهەورو تەمیش لەگەڵیا کۆچدەکەن بۆ ناوچەیەکی دیکە، هەروەها دار و بەرد و پۆلە باڵندەش بەشداریدەکەن، لەگەڵ سەرهەڵگرتنەکەی شاعیر، بۆ ئەوەی لەشوێنێکی ئارامی دیکە هەوار و بارگە و بنەیان داخەن.

**<u>ترساین</u> ... <u>ترساین</u>**

**لەتارماییی مردن <u>ترساین</u> (1)**

شاعیر دەیەوێت بەدووبارەکردنەوەی سەرەتا وکۆتایی وشەی(ترساین)بۆ سێ جار، هەم بۆجەختکردنەوەیە لەحاڵەتی ترسان لەتارماییی مردن وێنای ئەو دیمەنە ناخپڕوکێنە بکات، کە چ جۆرە ترس و ناخۆشییەك لەناخ و دەروونماندا بەرجەستەدەکات.

**<u>لافاوێك</u> هەڵدەستێت <u>لافاو</u>**
**<u>لافاوی</u> نوێژەبارانەی ویژدانداران (2)**

بەدووبارەکردنەوەی(لافاو)، وەك ناوێك لەسەرەتا و کۆتایی و دواتر لەسەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا، زیاتر بۆپیشاندانی وێنەی ویژدانی ئەو مرۆڤانەیە، کەخاوەن ویژدانن، بەمەش وێنەیەکی ئیستاتیکی بەهۆی لادانی زمانییەوە بەو دووبارەکردنەوەیە پێکهێناوە.

**<u>گیای</u> نەمری بوو <u>گیا</u>**
**<u>گیایەك</u> نەیانە دوا(3)**

بەدووبارەبوونەوەی ناوی(گیا)ی، سێ جار لەسەرەتا و کۆتایی نیوەدێری یەکەم و سەرەتای نیوەدێڕی دووەمدا، شاعیر لەڕێگەیەوە هەوڵیداوە لەڕووی ژمارەی بڕگە و کۆتایی وشەکان یەکسان بن، کەئەوانیش گیا و دوا، هەروەها وشەکانی گیای و نەمری مۆزیکی ناوەوەی خۆشتکردووە و لەژمارەی بڕگەشدا دووبڕگە و یەکسانن.

**<u>مەلەك تاوس</u>... <u>مەلەك تاوس</u>...**
**<u>مەلەك تاوسی</u> گوڵستان... (4)**

بەدووبارەکردنەوەی ناوی لێکدراوی(مەلەك تاوس)سێ جار لەسەرەتا و کۆتایی و پاشان لەسەرەتادا، شاعیر بەسوودبینینی لەڕەمزێکی ئاینی یەزیدی و شێوێنکەوتوانی بخاتەڕوو، بەپیشاندانی وێنەی گوڵستانێك کە پڕە لەمەلەك تاوس و دووبارەکردنەوەی ئەوناوەیە، جۆر ڕیتم ڕیتم و ئیقاعێکی بەرز و نزمی پڕ لەلەرینەوەی هونەری لەبونیادی ناوەوە و ڕوخساری شیعرەکەدا بەرجەستەکردووە.

(1)نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕینەوە، ل 266.
(2)سەرچاوەی پێشوو، ل 246.
(3)نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 12.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل 70.

**(7)**

**حەیرانی بم.. حەیران.. حەیران**
**حەیرانی ئەو سنگومەمکەی بەخشندەترە لەباران** (1)

شاعیر ناوی(حەیران)ی(4)جار دووبارەکردۆتەوە، بەجۆرێکە کە جۆرێك لەوەستان و بەدوایەکداهاتنی وشەکان کە لەسەرەتادا یەك لەدوای یەکهاتوون، بەڵام دواتر دابڕینێکی لەشێوازی گۆکردنیاندا دروستکردووە، پاشان زیاتر لەسەر وشەکە دەکاتەوە، بۆئەوەی ئەو خۆشی و چێژە دەروونییەی خۆی بخاتەڕوو، بەمەش لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەوڵیداوە یەکسانی و هاوسەنگییەك لەنێوان لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەقەکەیدا بێنێتەدی، کە ئیستاتیکیبوونەکەی لەوەدایە، کە دیمەنی بینینی نەرمی(سینگ و مەمك)بەچاو لای ئەو جوانتر و بەخشندەترە لەدیمەنی باران.

**(2)**

**مەترسن گوڵ پایزیش دێت**
**تۆوی لەخاکدا دەمێنێت**
**مەترسن ئاو هاوینیش دێت**
**خوڕەی لەژانی دەریادا و**
**هەنسکی لەداباریني گریەی هەوردا دەمێنێت**
**مەترسن ... مەترسن** (2)

شاعیر چوار جار کاری داخوازی(مەترسن)ی لەشێوەی ئەرێدا دووبارەکردۆتەوە، بۆئەوەی بەوروژاندنی لەسەرەتای هەردێڕێکدا وێنای بابەتێکی ئیستاتیکی و هونەرییانە بکات، بەئاماژەی وشەکانی(گوڵ و پایز و تۆوی خاك)و(ئاو وهاوین و خوڕەی ژانی دەریا و هەنسکی گریەی هەور)بەدوای یەك و دووبارەبوونەوەشیان لەسروشتدا هەر بەدوای یەکەوەیە، پاشان دانانی نیشانەیەکی خاڵبەندیی و پچڕپچڕکردن و پارچەپارچەبوونی ماناکان و مەبەستەکان هەمان ئامانجی پەیامداری شاعیر دەگەیەنن و ئاستی هونەرییبوونەکەشی لادانی زمانییەکەشی جوانتر دەکەن.

### 4- دووبارەکردنەوەی پێچەوانەیی( شوێن گۆڕکێ)

لەم جۆرە دووبارەبوونەوەیەدا شاعیر هەوڵدەدات لەڕستەکان یاخود نیوەدێڕەکاندا، وشە دووبارەکراوەکان بەشێوەی پێچەوانەیی بخاتەڕوو، بەواتایەکی دیکە((دووبارەبوونەوەی ئاخاوتنە بەڕێکخستنێکی پێچەوانە))(3) .

**ئازاری کامە برینە پشکۆ و ئەژنۆت پێ دەگوشێت؟**
**کام ئازارە دەتباتە سەرگەلیی سامناك و**
**هەڵدێری و نوشوستی و چۆکت پێ دەدات؟**(4)

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت: باڵەکانم بدەرەوە، ل 9.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفرینەوە، ل 39_ 40.
(3) هێمن عمر ئەحمەد:چەند لایەنێکی شیعرییەت لەکۆچیرۆکی(نامەکانی ژاکۆن)ی(جەبار جەمال غەریب)، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەر،2008، ل 68.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفرێنەوە، ل 12.

بەدووبارەبوونەوەی پێچەوانەیی(ئازار)و(کام) و(کـام) و(ئازار)لـەنێوان نیـوەدێڕی یەکـەم و دووەمدا، شـاعیر هەوڵیـداوە وێنـای ئـەو ئـازارە نالـەبارو دژوارە بکـات، هـەروەها بـە بـەکارهێنانی ئامرازی پرسی(کام)جۆری ئازارەکە وەسفبکات و ئەو کاتوساتە پڕ لـەئازار و سـامناك و خەفـەتبارە بخاتەڕوو،کە دەتباتە سەر گەلیی سامناك.

**ئەگەر نزیکیت بۆ دووریت؟!**
**ئەگەر دووریت بۆ نزیکیت؟!(1)**

بەدووبارەکردنەوەی ئامرازی لێکدەری مەرجی(ئەگەر)وئامرازی پەیوەنـدی(بۆ)و هـەروەها بەدووبارەبوونـەوەی پێچەوانـەیی(نزیك)و(دوور) و(دوور)و(نزیـك)، دەیـەوێت ئـەو پەشـۆکاویی و پەرێشانییە بەرجەستەبکات، کـە دەرخـەری ئـەو هەڵبـەز و دابـەزە هەڵچوونـە دەروونیەیـە کـە تێیـدا دەژیـت، بـەدانانی نیشـانەکانی خاڵبەنـدیش وەك:تـەکنیکێکی نووسـین و جوانکـاریی زیـاتر ئـەو سەرلێشێواوییەی شاعیر ڕووندەکەنەوە و جـوانتر وێنـای دیمـەنی دووری و نزیکـی یـاری لەشـاعیر کردووە.

**بەدیارییەوە لێو بلوێر و بلوێر لێوو**
**پەنجەژێی سێتاری سووتاند (2)**

شاعیر بەدووبارەکردنـەوەی پێچەوانـەیی(لێو بلوێر)و(بلـوێر لێـو) لەنیوەدێڕێکدا، هەوڵیـداوە ئەو وێنەیە پڕ لەهەست و سۆزدارە بەتین و گەرمـە بکێشـێت، باسـی ئـەو سـاتە بەجۆشـە بکـات، کـە چۆن دەنگـی بلـوێر بـەهۆی هەسـت و نەسـت و سـۆزی گـڕداری لێـوی بلوێرژەنـەوە دەنگدانـەوەی سەدای ئازارە ئازاربەخشەکە دەکات و پەنچەژێی سێتارەکەی دەسووتاند.

**5- دووبارەکردنەوەی کۆتایی**

لەم جۆرەیاندا وشە دووبارەبووەکان شێوەکەیان یەك لەدوای یەکە، یاخود بەشێوەی پچڕ پچڕ بەدوای یەکدادێن و دەکەونە کۆتایی ڕستەشیعرییەکان.

**بەدەستی خۆت**
**لەسەر گردەکم بچێنە**
**لەگیانی خۆتم بچێنە!**
**لەجەستەی خۆتم بچێنە!(3)**

شاعیر بەدووبارەبوونەوەی کاری داخوازی(بچێنە)سـێ جـار لـەکۆتایی ڕسـتە شـیعرییەکاندا بەشێوەیەکە لەڕستەشیعری دووەمدا لەکۆتاییە و دوای دووبارەبوونـەوەی ژمارەیـەکی زۆری دیکـەی ڕستەی شیعری کە لێرەدا کرتاندوومانە، ئینجا لەدوا بەشی ئەو دەقەیدا دووڕسـتەی شـیعری بـەدوای یەکـدا هێنـاوە و وشـەکانی لەکۆتایـدا دووبارەکردۆتـەوە، شـاعیر بونیـادێکی هونـەریی ئیسـتاتیکی و بابەتیانەی بەنموونەی خۆشەویستییە ڕاستگۆییەکەی بۆ یارەکەی چەند بارەکردۆتـەوە، بـەو ئامـاژەی بەدەستی خۆت لەگیان و جەستەی خۆتم بچێنە، تا خۆشەویستەکەی ببێتـە سـەرچاوەیەك بـۆ عاشـقانی

(1) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 54.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 64.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 58_ 61.

نـەوەی داهـاتوو، تـاکو ئـەوانیش بەهـەمان پیرۆزییـەوە، هـەمان سـیفەت و خەسـڵەتی شـاعیر دووبارەبکەنەوە بەبەڵگەی ئەو دێڕەشیعرەی خوارەوەی:

**پیری ئەویندارانم من**
**هەر بمچێنیت پشکۆ دەدەم** (1)

**(1)**

**تابرینم**
**کانیی خوێنی جۆگەکان بێت**
**تاگرینم**
**بارانی وشکێتیی دەغڵی کێڵگەکان بێت**
**تا ئاسۆی خاکی هەورامان**
**تینووی ماچی هەتاوێك بێت**
**تاچیمەنی دەشتی ژیان**
**شێتی نمی خوناوێك بێت** (2)

شاعیر بەدووبارەکردنەوەی ئامرازی(تا)و هەروەها بەدووبارەبوونـەوەی(بێت)وەك کـارێکی ڕانەبردووی دانانی لە کۆتـایی لەتەکانـدا، بـۆ ڕوونکردنـەوەی دیمـەنی ئـەو وێنـە هونەرییانەیـە، کـە شاعیر مەبەستیەتی پەیامە بابەتییەکەی کـار لـەناخی خوێنـەر بکـات و بیـوروژێنێ و بەخوێندنـەوە و بیستنیان کارلێکێکی جوانیناسانەی هونەرییانە و بابەتییانە دروستبێت.

**(2)**

**گیانە ئاوی دەریا دیسان**
**بۆنساری شاخ هاتەوە**
**باران نم نم**
**بۆ گوڵووك و باخ هاتەوە**
**خۆر بۆ ئاسۆی کەونارای جاران هاتەوە**
**تا سالم_ یش ڕێگای گرت و**
**بۆ خاکی بابان هاتەوە**(3)

کاری(هاتەوە)کـە دووبارەکراوەتـەوە، هـەم بـۆ جەختکردنـەوە و دووپاتکردنەوەشـە، بەبەشـداریکردنی لەهـەر دێڕەشـیعرێکدا، وێنـای وێنەیـەکی هونـەریی و ئیسـتاتیکی وەك شـاعیرێکی هاوچەرخ لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا کردووە، هەروەها هاوسەنگییەکی لەنێوان کێشی شـیعریی و بڕگـەیی نیـوەدێڕی دووەم و چـوارەم و حەوتەمـدا ئەنجامـداوە، کەواتـە بەدووبارەبوونـەوەی ئـەو وشەیە بونیادێکی موزیکی و ڕیتمداری ناوەوەی بەپێکهاتەی ئیستاتیکای دەقە بەخشیوە.

**زەمزەمەی جوانیت لێ دەخوازین**
**زەمزەی پاکیت لێ دەخوازین**
**زونناری چاکەت لێ دەخوازین**
**دەخوازین...**(4)

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل 59.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 158.
(3) سەرچاوەی پێشوو ، ل 158.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل 63.

دووبارەکردنەوەی کاری(لێ دەخوازین)چوار جار لەکۆتایی نیوەدێڕەکاندا، یەك بەدوای یەکدا، بۆئەوەیە کە(ئێمە) نوێنەری دەنگی شاعیرە و بەکۆ دەئاخڤێت، لەڕووی ناوەڕۆکەوە و بەخواستنی(جوانی و پاکی و چاکە)وەك سیفەتێك و دانەپاڵی زەمزەمەی و زوننـاری، وەك دوو هێما و ڕەمزی پیرۆزی ئاینی بەپیرۆزکردن، بۆ نیشاندانی وێنە جیاوازەکانە، هەروەها هەمان کێش و سەرواداران(9)بڕگەن لەسێ نیوەدێڕدا و لەچوارەمیشدا بە دووبارەکردنەوەی تەنیا وشەکە دەیەوێت، پتر جەخت لەسەر پیرۆزکردنی هەموو شتەجوان و پیرۆزەکان بکاتەوە و سێ بڕگەشە.

**6- دووبارەکردنەوەی وشەی بەدوای یەکدا**

لەم جۆرە دووبارەبوونەوەیەدا بەشێك لەم وشانە بەخۆیان خاوەنی ئەم شێوە فۆرمەن، چونکە بەپێی دەستووری ڕێزمانی دروستکراون، بۆیە لەکاتی ئاخاوتنیاندا بەو شێوازە دەردەبڕدرێن و بەدوای یەکدادێن:

**قەتارقەتار**

**دەشتاودەشت... کۆساربەکۆسار... بەشەلەشەل... بەپەلەپەل**
**... نەپەڕنەوە [1]**

شێوەی دووبارەکردنەوەی جۆرە ڕیتم وئیقاع و ئاوازێکی بەبونیادی ئیستاتیکی دەقەکە بەخشیوە، کە هاوشانە لەگەڵ ئاستی ناوەخندا بۆ گەیاندنی پەیامی شاعیر، بەم دووبارەبوونەوەیان بونیادێکی جوانیناسانەی پێداوە.

**قوم.. قوم.. ژاراو دەخواتەوە و شین دەگێڕێت [2]**

بەدووبارەبوونەوەی وشەی(قوم قوم)بەشێوەی ئاسۆیی بەدوای یەکدا، لایەنی ئیستاتیکی و هونەریبوونی بونیادی بابەتی دەقەکەی باشتر ڕوونکردۆتەوە، بەخواردنەوەی قوم قوم ژاراو خواردنەوە و شین گێڕان، کەواتە شاعیر هەوڵیداوە پرۆسەکە یەك بەدوای یەکدا وێنا بکات، بەهۆی ئەو لادانەی لەئاستی دووبارەبوونەوەی وشەکاندا ئەنجامیداوە.

**قوڵپ.. قوڵپ.. بڵێسانە هەڵدەقوڵێت[3]**

جارێکی دیکە بەدووبارکردنەوەی(قوڵپ قوڵپ)بەدوای یەکتردا، وێنەیەك لەزەین و هزری خوێنەردا بەرجەستە دەکات، بەمەش پێکهاتەیەکی جوانبینانە و جوانیناسانەی بەلایەنی ڕوخسار و ناوەوەی پەیامی پەیامداری دەقەکە بەخشیوە.

**وا دەبیسم زەنگێك دنیا دەشڵەقێنێت:**
**زرنگ... زرنگ... زرنگ... زرنگ...[4]**

بەدووبارەکردنەوەی وشەی(زرنگ)چوار جاران بەدوای یەکدا بەشێوەی ئاسۆیی، هەژان ولەرینەوەیەك لەناخ و دەروونی خوێنەردا بەدی دەکات، شاعیر جۆری دەنگی زەنگەکە و

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە، ل 229.
(2) نەوزاد ڕەفعەت: شینی شالوور، ل100.
(3) سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
(4) نەوزاد ڕەفعەت: شینی شالوور ، ل 84.

کاریگەریی و کاردانەوەی بەشێواز و جۆرێك دەخاتەڕوو، کە گشت دونیا دەشڵەقێنێت، چونکە بیستنی دەنگی ئەو زەنگە بەمشێوەیە، دیارە مەترسییەکی زێدە گەورە لەئارادایە، بۆیە دەنگدانەوەکەی بەم چەشنەیە، بەچەند بارەبوونەوەی وشەکە ڕیتمێکی ناوازەی ناوەکی بونیادناوە و ئیقاعێکی کارلێکەرانە و ئاواز و سەدایەکی موزیکی هونەرییانەی دروستکردووە.

**پڕ بەساماڵ دەسووڕانەوە و لەدووررا**
**سپی سپی دەچوونەوە**(1)

بەدووبارەبوونەوەی هاوەڵناوی سادەی(سپی)وەك وشەیەك بەدوای یەك، فۆڕمی ئەم وشانە بەمجۆرەیە، کە بەدوای یەکدادێن، بۆ نیشاندانی دیمەنی وێنەی ئاسمانی ساماڵ و سووڕانەوەیان، کە لەدووررا سپی سپی دەچوونەوە، چونکە ئاسمان ڕوون و سافە، بەمەش بەهای بونیادێکی جوانی بەدەقەکە بەخشیوە.

هەربۆیە لەم خشتەیەی خوارەوەدا، ئاماژە بەدووبارەکردنەوەی ئەو وشانە دەکەین، ، کە لەتەواوی دەقەشیعرییەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا، لەگشت دیوانەکانیدا، بەهەموو جۆرەکانییەوە دووبارەکراونەتەوە، ئەمانەش هەندێکیان پەیوەندی بەڕەنگدانەوەی ڕەهەندی دەروونی ژیانی شاعیرەوە هەیە بۆیە زۆر دووبارەی کردوونەتەوە، وەك: شەو، چاو، سەر، بەفر، دواتر وشەکانی دیکە بەم شێوەیە:-

| ژ | وشە | ژمارەی دووبارەکردنەوە | ژ | وشە | ژمارەی دووبارەکردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شەو(شەوگار) | 202 | 2 | چاو | 176 |
| 3 | بەرد | 147 | 4 | سەر | 141 |
| 5 | بەفر(بەفرستان) | 114 | 6 | دڵ | 112 |
| 7 | دەرگا(دەرکە) | 99 | 8 | ڕۆژ(ڕۆژگار) | 98 |
| 9 | خەو(خەون) | 89 | 10 | باڵ | 84 |
| 11 | باران | 81 | 12 | خۆر(هەتاو) | 73 |
| 13 | با | 71 | 14 | دیوار | 68 |
| 15 | هەرەم | 68 | 16 | ڕەش | 63 |
| 17 | لێو | 54 | 18 | مانگ(ماه) | 53 |
| 19 | باز | 50 | 20 | سپی | 48 |
| 21 | مامز(ئاسك) | 46 | 22 | کۆتر | 46 |
| 23 | ئەستێرە | 44 | 24 | پەنجەرە | 42 |

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 53.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 25 | چیا | 32 | 26 | قەتار | 31 |
| 27 | زێ | 31 | 28 | شەڕ | 30 |
| 29 | دێوودرنج(دێڤ) | 30 | 30 | شاخ | 29 |
| 31 | هەور | 29 | 32 | گورگ | 28 |
| 33 | دەریا | 27 | 34 | کێو | 27 |
| 35 | پەری | 25 | 36 | ئەسپ(هەسپ) | 24 |
| 37 | ڕووبار | 24 | 38 | لافاو | 23 |
| 39 | داو | 22 | 40 | کانی(کانیاو) | 22 |
| 41 | ئاگر(ئاور) | 20 | 42 | زریان | 19 |
| 43 | هەڵۆ | 18 | 44 | ڕەشەبا | 17 |
| 45 | میهر | 14 | 46 | مەل | 14 |
| 47 | مار | 14 | 48 | سێو | 12 |
| 49 | زرنگ | 12 | 50 | زیندان | 12 |
| 51 | دوند | 11 | 52 | ئەژدیها | 10 |
| 53 | سیمرخ | 10 | 54 | مەملەکەت | 9 |
| 55 | زەریا | 8 | 56 | ئەشکەوت | 8 |
| 57 | مەلەك تاوس(تاوس) | 8 | 58 | دۆڵ | 8 |
| 59 | یاڵ | 7 | 60 | کەژ | 6 |
| 61 | دارستان | 6 | 62 | گرد | 4 |
| 63 | قەقنەس | 4 | 64 | کەو | 4 |
| 65 | چەم | 3 | 66 | بنار | 2 |

**7- دووبارەکردنەوەی گرێ**

**بارێك گزرەی میهری خۆمم**
**بۆ ئاگردانی دێرینی**
**بۆ ئاگردانی برینی**
**بۆ ئاگردانی بێ یاری**
**بۆ ئاگردانی زویری ئاشگەدەی شاری ڕەشپۆش**
**لەکۆڵ ناوە** (1)

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل44.

شاعیر لەشیعری(تووڕەبوونی ئاگر)دا، دەیەوێت جۆری تووڕەبوونەکەی بخاتەڕوو، حاڵەتی دەرونی دژواری خۆی و ئەو بارە سەختەی لەسەر شانیەتی وێنا بکات، بە ئاماژەدان بەئاماژەکردنی ڕەمزەکانی(میهرو ئاگردان و ئاتەشگە)، وەك سێ ڕەمزی ئاینی زەردەشتی و کۆنتریش سەرنجی خوێنەر بۆ جۆری ئەو وێنەیە و بونیادی بابەت و پەیامە هونەرییەکەی ڕابکێشێت، بەدووبارەکردنەوەی(بۆ ئاگردان)وەك گرێیەکی ناوی، بەدووبارە بوونەوەیان ڕیتمێکی ناوەوە و جوان نایابی بونیادناوە، لەکاتێکدا دەیتوانی بەهۆی ئامرازی پەیوەندی بەستنەوەی وشەکان بەیەکەوە گرێبدات و دووبارەیان نەکاتەوە، بەڵام بەئەنجامدانی ئەو کارەی بەهای ئیستاتیکی دەقەکە ون دەبوو، هەروەها لەڕستەیەکی ئاسایی دەچوو، خوێنەریش تووشی بێزاری و ماندووبوون دەبوو.

**بیرمەماڵمان لیسی سێ پەریی تریش بوو**
**<u>سێ پەریی</u> پرچ ئاڵتوونی**
**<u>سێ پەریی</u> قژ بەگروازە[1]**

بە دووبارەکردنەوەی(سێ پەری)وەك گرێیەکی ناویی، کە(هاوەڵکاری ژمارەی بنجی و ناوی پەری)، سێ جاران دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغیکی کۆنی سەردەمی ئەفسانەیی دێرین، چونکە ڕەمزێکی ئەفسانەیە و هێمایە بۆ پاکی و بێگەردیی و خاوێنی، دواتر خوێنەر بەدوای بیرۆکەکانی خۆیدا قۆناغ بەقۆناغ دەگوازێتەوە، بۆئەوەی ئەزموونی هونەریی ورۆشنبیری و کلتووری و ئاینی خۆی بخاتەڕوو، بەمەش خوێنەر لەهەر جارێکیاندا دوای گرێیەکە، چاوەڕوانی هەواڵێکی تازە لەشاعیر دەکات، بەهۆی ئەو لادانەوە هاوسەنگی و سەنگینییەکی بەپێکهاتەی دەقەی داوە، کە بەشێوەی ستوونی دووبارەی کردونەتەوە، تاکو زۆرتر کارلێکێکی کاریگەرانە لەگەڵ ناخی خوێنەردا بکات و بەتەواوی بەقوڵایی دەرونی شاعیر و ناخی ناوەوەی کۆنی ئەفسانەی کوردیدا ڕۆبچێت، کە ئەفسانە دایکی گشت زانستەکانە و گەلێك کۆن و قوڵە، بۆیە شاعیریش هێندە تژییە لەخۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان.

**<u>ئەو هەموو</u> گوڵە گریاوە**
**<u>ئەو هەموو</u> لێو بەبارە**
**<u>ئەو هەموو</u> دەنکە خەمبارە**
**<u>ئەو هەموو</u> کەوە هەتیوەم**
**پێ ناهێنرێتە پێکەنین[2]**

(ئەو هەموو)وەك گرێیەك چار جاران بەشێوەی ستوونی دووبارەبۆتەوە، شاعیر دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، کە ناتوانین ئەو هەموو شتانە بهێنینە پێکەنین، چونکە لەتوانای ئەودا بەدەر و گەورەترە، ئەوانیش:گوڵە گریاوە، لێوە بەبارە، دەنکە خەمبارە، کەوە هەتیوە، چونکە هەموویان هێمان بۆ مەبەستی ناخۆشی و دڵتەنگی، لەگەڵ ئەوەشدا هەر چواریان هەمان کێش و بڕگە و سەروایان هەیە، بەمەش وردتر و سەرنجراکێشتر بیر و ئەندیشەی خۆێنەر بۆ بونیادی شیعرەکە کێشدەکات و ڕیتمێکی ناوەکیشی سازاندووە، لەکاتێکدا دەیتوانی بەهۆی ئامرازی بەستنەوەوە لێکیان بدات و دووبارەیان نەکاتەوە، بەڵام بەئەنجامدانی ئەو کارەی بونیادی هونەری و جوانییەکانی زمانی دەربڕینی دەقەکە نەدەما، بەهۆی ئەو لادانەوە خوێنەر چێژو لەزەتبینینەکەی زیاتر بووە.

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل74.
(2) نەوزاد ڕەفعەت: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل 237_ 238.

**نەخشونیگاری دەقێکی:**
**چون پەرجووی گەردەنی قورینگ**
**چون پەرجووی پەڕی ڕەنگاڵە**
**.. پەڵكەزێرینە دەنووسێ[1]**

گرێی(چون پەرجووی)دووجار دووبارەکردۆتەوە، بۆ ئەوەی جۆری نووسینی دەقەکە و نەخشونیگارەکەی بخاتەڕوو، بەڕیتمێکی دەگمەن و هەست بزوێنەوە، خوێنەر سەرسام دەکات و چێژێکی ئیستاتیکی هونەرییانەی پێدەبەخشێت، کە سات لەدوای سات لەخوێندنەوەی دەقەکەیدا بەردەوامبێت، تاکو بگاتە ئەو مەبەستە ئامانجدارەی کە شاعیر گەرەکیەتی پەیامەکەی بگەیەنێت بەو شێواز و شێوە جیاوازەی کە دەریبڕیوە، بەهۆی ئەو جۆرە لادانەوە، کە خوێنەر لەهەر وێنەیەکیاندا چاوەڕوانی گوزارشت و دەربڕینی نوێترە بەهۆی ئەو زمانەی کە شاعیر وێنای شتەکان دەکات و لەکۆتاییشدا هاوسازانی و پێکەوەلکانێکی گونجاوی بەبونیادی دەقەکەی بەخشیوە.

**پ- دووبارەکردنەوەی ڕستە**

بریتییە لەدووبارەبوونەوەی ڕستەیەك لەکۆپڵەیەك یان سەرجەمی شیعرێك، جاری وەهاش ڕوودەدات، کە ڕستەکە وشەیەك یان دوو وشە، یان گرێییەك یاخود لەتێك، یان دێڕێکی تەواو دەبێت، کە لەکۆبوونەوەی تەواوی دووبارەکان پێکدێت، بەهایەکی سەنگینی زیاتری هەیە لەچاو جۆرەکانی دیکەی دووبارەبوونەوە، چونکە ئاستی ڕستە مەودای فراوانییەکەی تا ئاستێکە، دەگونجێت یەك وشە ڕستەیەکی سەربەخۆ بێت و تاکە ڕستەیەك مامەڵەی دەقێکی تەواوی لەگەڵدا بکرێت، لەبەرئەوەی((دووبارەکردنەوەی ڕستە لەنێو دەقدا، واتا ڕەفتارکردن لەگەڵ دەقیکی نێو دەق، کە لایەنی جوانکاری بەڕووکارەکەی دەبەخشێ و هەڵگری دەلالەتێکیشە، گەورەترە لەدەلالەتی وشە))[2].

**هەموو ماسکەکانیان دزیم**
**هەموو ماسکەکانیان دزیم [3]**

بەدووبارەکردنەوەی ئەو ڕستەیە بۆ دووجار، شاعیر دەیەوێت بڵێت:هەموومان کۆمەڵێك ماسك دەبەستین، تەنانەت ماسکەکانی منیشیان دزی و ئەو لایەنە دەروونییە بخاتەڕوو، بۆیە شاعیر خۆی کردۆتە نوێنەری تاکەکان، تا ڕەخنەیان لێبگرێت و خۆشی لێدەرنەکردوون و دژی خۆشی وەستاوەتەوە، چونکە مرۆڤەکان چەند ماسك دەبەستن بۆ فریودانی بەرامبەرەکانیان، بەمەش ئیستاتیکایەکی هونەری دروستکردووە لەنێوان لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆکی پەیامە بابەتییە هونەرییەکەیدا.

**هەڵگورد لێرە سەرنا* هەڵناگرێت!**
**<u>لێرە بەفری ڕەش نابارێت!</u>**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 68.
(1) هێمن عمر خۆشناو:شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی(لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری پراکتیکییە)، ل 128.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕینمەوە، ل 112.

**لێرە بەفری ڕەش نابارێت!**
**لێرە بەفری ڕەش نابارێت!** (1)

شاعیر ئەم ڕستەیەی(لێرە بەفری ڕەش نابارێت)سێ جار دووبارەکردۆتەوە، وەك کۆپڵەیەك بەدوای یەکداهاتوون، بۆئەوەی جەخت لەخۆڕاگری و بەهێزی و بەتینی چیای هەڵگورد و خاکەکەی بکاتەوە، کە سەر بۆ هیچ دوژمنێك هەڵناگرێت و مانا و پەیامێکی قووڵی بەرجەستەکردووە.

**پەپوولەش لەگیانەڵادا وەسیەتی کرد:**
**مردم تەرمم مەبەنەوە**
**تەرمم مەبەنەوە باخچە** (2)

(تەرمم مەبەنەوە)وەك ڕستەیەك بۆ دووجار، لەکۆتایی و سەرەتای دێڕە شیعرەکە، بونیادێکی هونەریی بەدیهێناوە، لەئاستی ناوەخن و ڕوخساریشدا، هەمان مانا دەبەخشن، لەڕووی کێش و سەرواوەش یەکسانن، شاعیر ئەم کارەی بۆیە بەئەنجامگەیاندووە، تاکو ڕیتم و ئیقاعێکی ناخ بزوێن بەشێوازی خوێندنەوەی دەربڕینی وشەکان بدات، بەهۆی ئەو لادانەی لەئاستی زمانیدا کردوویەتی، بەدووبارەکردنەوەی ئەو ڕستەیە خزمەتێکی هونەریانەشی بەبونیادی دەقەکە گەیاندووە.

**خۆت بەپەڕ و باڵی میهرم داپۆشە**
**خۆت بەپەڕ و باڵی میهرم داپۆشە**
**خۆت بەپەڕ و باڵی میهرم داپۆشە**(3)

شاعیر سێ جار جەختی لەسەر ئەم ڕستەشیعرییە وەك کۆپڵەیەك کردۆتەوە، بەدووبارەبوونەوەی بەدوای یەکدا، بێ ئەوەی لەبەهای هونەری شیعرەکەیدا کەمبکاتەوە، بەمەش ڕیتمێکی جوان و هەستێکی موزیکی پڕ لەچێژی وزەبەخشت لەلا گەڵاڵە دەکات و دەروونت دەجوڵێنێت و دەجۆشێنێت، بەهۆی دەسڕەنگینی شاعیر، کە وێنەیەکی هونەری کاریگەری لای خوێنەر دروستدەکات.

**تۆ کەی بۆ لای من دێیتەوە؟**
**تۆ کەی بۆ لای من دێیتەوە؟**(4)

بەدووبارەبوونەوەی ئەم ڕستەیە یەك بەدوای یەکدا بۆ دووجار،خوێنەر بەخوێندنەوەی بەدوای یەکداو دووبارەکردنەوەیان هەست بەچێژێکی خۆش و لەزەتبەخش دەکات و زێتر سەرنجی بونیادەکەی دەدات، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە و لێهاتوویی و تواناداری شاعیری پێویستە.

**دڵی خواوەند نەرم بکا و بەپەرجوویێك**
**چارەنووسی بەد بگۆڕێ...**
**چارەنوسی بەد بگۆڕێ**(5)

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 123. * بەهۆی هەڵەی چاپەوە نووسراوە، چونکە وشەکە (سەر هەڵناگرێت)ە.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕینمەوە، ل 231.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 102.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕینمەوە، ل158.
(5) سەرچاوەی پێشوو، ل 176.

ئەم ڕستەشیعرییە(چارەنووسی بەد بگۆڕێ)دووجار دووبارەبۆتەوە، بۆ ئەوەیە شاعیر پەیامی خۆی لەڕووی ناوەخنەوە بەخوێنەر بگەیەنێت و بەردەوام بێت لەخوێندنەوەی تەواوی شیعرەکەی، تاکو بگاتە ئامانج و مەبەستی پەیامداری شاعیر، هەروەها لەڕووی بونیادی هونەریشەوە بەڕیتم و ئیقاعێکی جۆشدەرانە هەست و دەرونی خوێنەر بزوێنێ و تووشی تاسان و سەرسووڕمانی بکات، لەوەی ئاخۆ دەبێت چارەنووسی بەد چۆن بگۆڕێت، بەمەش چێژێکی پەیامبەخش و هونەریبوونێکی ئیستاتیکی پێببەخشێت.

**ژار بیکوژێت و نەیکوژێت!**
**ژار بیکوژێت و نەیکوژێت !**(1)

شاعیر بەدووبارەکردنەوەی ئەم ڕستەیە دووجاران، گەرمکیەتی بەم دووبارەبوونەوەیە ئەو حاڵەتە دەرونییە بەرجەستەبکات کەشیعرەکەی تێدا نووسیوە، بەبێ ئەوەی لەبەهای بابەتی و هونەری دابیەزێنێت، خاڵی ئیستاتیکیبوونی لەوەدایە بەپێدانی ئیقاع و ئاوازێکی قەشەنگ و سەنگیندار بەبونیادی ناوەوەی دەقەکە، ناخی خوێنەر بجۆشێنێ و بجولێنێ بۆئەوەی ئامانجە مەبەستدارەکانی بدرکێنێ، بەپێدانی دیمەنی ژار، جا بیکوژێت، یان نەیکوژێت.

**ت- دووبارەکردنەوەی نیوەدێڕ(دەستەواژە)**

**<u>وێنەی ئەسپ و ماینێکی</u> بژ بەقوڕی گەڕاوە لەگەرمە شینێك**
**<u>وێنەی ئەسپ و ماینێکی</u> گیان خۆڵاویی**
**پاش ڕمانی میرنشینێك**
**شەوەهای شەو... سەری کزمان پێکەوەنا**
**وێنەی ئەسپ و ماینێکی دوور لەهەواری مێرگی چیا**(2)

دووبارەبوونەوەی(وێنەی ئەسپ و ماینێکی)سێ جار، بۆئەوەیە کە خوێنەر هەست بەبێزاری نەکات و تاکۆتایی شیعرەکە، لەگەڵ ئازار و مەینەتییەکانی شاعیر هەنگاو بنێت. سەرەڕای ئەوەی خوێنەر تووشی وشە و وتەی لەناکاو و کتوپڕدەکات، کە لەسەرەتادا بەخوێندنەوەیان میکیانیزم و ڕێرەوێکی میکانیکی دەگرێتەبەر، لەپڕدا لێناگەڕێت لەسەر ئەو ڕێڕەوە بەردەوام بێت، وشەیەکی نوێ و جیاواز دێنێتە ناو شیعرەکەیەوە، تا لەدووبارەکردنەوەیان خوێنەر تووشی دڵەڕاوکێ و وەڕسبوون نەبێت، شاعیر کە وشەیەکی ناو دەستەواژە یاخود ڕستە دووبارەبووەکە دەگۆڕێت، دەکرێت پێیبڵێین(وتنەوە)یان (گێرانەوە)، کە دووبارەبووەکان بەشێکی کەمی جیایە، بەهۆی((ئەو وشەیەی لەگێڕانەوە)دا چەند جارێك دووبارەدەکرێتەوە، هەرجارەی دەبێت خرابێتە پاڵ وشەیەك، بەڵام ئەو وشەیەی لە(پاتکردنەوە) دووبارەدەکرێتەوە، ئەگەر چەند جارییش پاتکرابێتەوە، هەردەبێ لەتەك یەك بێن و نابێت وشەیەك یان ڕستە و دەستەواژەیەك جیاوازی بخاتە نێوانیان))(3).

لەکۆتایدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە شاعیری بەهۆی ئەو جۆرە لادانەوە لەئاستی زماندا، گرنگییەکی زۆری بەچەند بارەکردنەوەی وشەداوە بۆ چەندینجار، بەهەموو جۆرو شێوەکانییەوە، چونکە زانیویەتی وشەبەکارهێنان لەهەر دەقێکدا، سەرەڕای گەیاندنی مانا و مەبەست و پەیامی

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل 25.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕینمەوە، ل 179.
(3)ئیدریس عەبدوڵڵا:جوانکاری لەئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،2003، ل 52.

پەیامدەری شاعیر، لایەنێکی جوانکاری و ئارایشتکاریشە بۆ ڕازاندنەوەی ئیستاتیکای هونەریبوونی دەقەکە.

## 2- ڕەگەزدۆزی:

هونەرێکی جوانکاریی وشەییە و بەیەکێك لە بنچینە پێکهێنەرە گرنگەکانی مۆسیقای ناوەوەی شیعریی دادەنرێت. بەهۆی ئەوەی وشە بەکارهاتووەکان لەڕووی ڕواڵەتەوە لەیەك نزیکن و لایەنی دەنگ و واتا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام واتای جیاوازیان تێدایە، هەروەها بە دووبارەکردنەوەی دەنگەکانیان لەوشەکاندا موزیکێکی بەجۆش و خرۆش و ڕەوان و ئاوازێکی ناوازە و هەست بزوێن بەشیعرەکە دەبەخشن و خوێنەر بەرەو ناوەخنی شیعرەکە دەبات و خۆشی و چێژێکی هونەریی پێدەدات، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ڕەگەزدۆزی((ئەوەیە کە دوو ووشە یا پتر بێنیّ، لەرواڵەت دا وەکو یەك وابن یا بەیەك بچن، بەڵام هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت کە جودابێ لەواتای ووشەکانی تر.))[1]. بۆیە دەبێت وشە گۆکراوەکان یەکبن، یاخود لێکچوو و هاوشێوەبن، بەڵام واتای جودایان هەیە، لەبەر ئەم هۆکارەیە واتا و دەنگەکان بوونەتە بنەمای لێکجیاکردنەوەی جۆرەکانیان، بۆیە دوو جۆری هەیە: ئەوانیش: ڕەگەزدۆزی تەواو و ڕەگەزدۆزی ناتەوان. ئەوەی جێگەی سەرنجە شاعیر تەنیا لەم دوو نموونەیەدا لەڕێگەی ڕەگەزێکی دیکەوە، گرنگی بە دروستبوونی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی داوە، کە ئەویش جۆرێکی ڕەگەزدۆزییە، لەجۆری: ڕەگەزدۆزی ناتەواو:

یەکێکە لەجۆرەکانی ڕەگەزدۆزی، کاتێك دروستدەبێت، کە وشەکان کتومت وەکو یەکنەبن و جیاوازییەك لەنێوانیاندا هەبێت، بەمەشیان((دوو ووشەکە لەیەکیّ لەم چوار شتە یەك نەبن و لەهەرسیّ کەکەی تر یەك بن ئەو حەلە ڕەگەزدۆزی ناتەواو دروست دەبیّ چونکە بەتەواوی هەر چوار مەرجی لیّ نەهاتۆتە دی))[2]، مەبەست لەمەشیان جیاوازبن لە جۆرو ژمارە و شێوە و ڕیزی وشەکان، کە مەرجی پێکهاتنی ڕەگەزدۆزی تەواون.

**یا پشیلە برسییەکە**
**لەناکاو <u>پڕی</u> داونەتێ و <u>پەڕەی</u> کردوون؟!**[3]

وشەی(پەڕەی)دوو پیتی لەوشەی(پڕی)ی هەمان نیوەدێڕدا زیاترە، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواو لەجۆری زیاد لەنێوانیاندا دروستبووە و ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەی خێرا و بەتینتر کردووە.

**بەگورگە لوورەی شەپووران <u>بڵێن</u>:بێدەنگ**
**بڵێن:<u>بێڵن</u> تاوێك لەژێر سێبەری پەلکەزێڕینەی**[4]

لەنێوان هەردوو وشەکانی(بڵێن- بێڵن) ڕەگەزدۆزی ناتەواو لەجۆری ئاڵۆز هەیە، چونکە دەنگەکانی(ب- ڵ- ێ- ن) لەیەکچوو و هاوبەشن و ژمارە و جۆرو شێوەشیان یەکسانە،((بەڵام ڕیزی پیتەکانیان یەك نەبیّ، واتە

(1) عەزیز گەردی:ڕەوانێژی لەئەدەبی کوردی دا، بەرگی دووەم، جوانکاری، ل 7.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل15.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل4.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل163.

پیتەکانیان پاش و پێش کراین و ئاڵوگۆڕ کرابێ))[1]، بەمەشیان مانا و واتاکەی گۆڕاوە ولایەنی گۆکردنە موزیکییەکەی بەتینتر و خێراتربووە.

**3- دژیەك:**

هونەرێکی دیکەی زمانی شیعریی جوانکاریی واتاییە، بریتییە((لەکۆکردنەوەی دوو وشە، کە ئەو وشانە لەرووی واتاوە دژ و پێچەوانەی یەك بن))[2]، هەروەها بایەخی هونەرییونی لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە پتر کار لەشێوازی دەربڕینی شیعرەکە دەکات و زیاتر توانای شیعریی شاعیر دەخاتەڕوو و لەجوانکردنی لایەنی مانا و واتای شیعریشدا یەکجار دڵڕفێن دەبێت، لەبەرئەوەی((دەچێتە چەقی قوڵایی واتاوە و تەنیا لەسەر وشەکان لەنگەر ناگرێت، بەمەشیان دەبێتە ئامرازێك بۆ ئەوەی شاعیر لە ڕێگەیەوە بتوانێت تەواوی شتە جوان و کرێتەکان بخاتەڕوو، چونکە وێنەگرتنی دیمەن وشتە بینراوەکان بەشێوازێکی دڵگیر وسانایە))[3]. چونکە دژیەك لایەنی هێوربوونەوە و گرژی و هەڵچوونەکانی شاعیر دەخاتەڕوو، هەر شیعرێکیش پەیوەستە بەو بارودۆخ و کاتو ساتی باری دڵ و دەرونی شاعیرەوە، بۆیە گەلێجار ئەو شیعرەی دژیەك لەخۆدەگرێت تورەیی و دڵتەنگی و نائارامی و خەمۆکی و هەڵبەز و دابەزی دەرونی تێدا بەدیدێت. ئەمەشیان ڕیتمێك و ئاوازێکی ناوەکی بۆ خۆی پێکدێنێت، کە ڕەنگدانەوەی ئەو حاڵەتە دەرونییەیە کە شیعرەکەی تێدا لەدایکبووە. بۆیە لەسەر بنەمای بونیادی دەنگ و واتادا، هێزی ئاواز و ڕیتم و جووڵەی ناوەخنی شیعرەکە بەهادار و کاریگەر و بەرزتر دەبێتەوە، چونکە لەزمان و دەربڕینی ئاساییدا کەم وەها ڕوودەدات دەستەواژە و وشە پێچەوانەکان لەگەڵ یەکتردا بەکاربێن، لەبەرئەوەی ئەو ئەدگار وخەسڵەتە و بەها هونەرییانە نابینن، کە لەزمانی شیعرییدا بەدیدەهێنن، بەمەشیان بەکاربردنێکی شاز و نائاساییە، ئەمەشیان سیفەتێکی گرنگی لادانی زمانی و هونەرییونە شیعرە و بەهای ئیستاتیکی بەرزتر دەکاتەوە. بەگشتی دووجۆرە دژبەیەکمان هەیە:

**1- دژیەکی فەرهەنگی(ئەرێ):**

جۆرێکی دژیەکە بریتییە((لەو دوو ووشەیەی کە ناویان دەبرێ و دژیەکیان لێ دەکەوێتەوە لەبارەی ڕەگەزەوە هیچ پەیوەندی یان پێکەوە نەبێ، هەریەکەیان لەرەگەزێکی سەربەخۆ بێت))[4]و بەبەکارهێنانیان ڕیتم و مۆسیقا و ئاوازی شیعرەکە سازگار و خۆشتر دەکات، وەك: شەو و ڕۆژ، تاریك و ڕوون،....هتد.

**بێ ئاگایە <u>ژیان</u> بە<u>مردن</u> <u>دەکێشرێ</u>**
**ڕوحی خۆشخوان بەقولابی سەرگەردانی <u>هەڵدەکێشرێ</u> [5]**

وشەکانی(ژیان ومردن)دوو وشەی فەرهەنگی دژوپێچەوانەی یەکن و ڕیتمی ناوەوەی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکەیان چالاکتر کردووە. هەروەها وشەکانی(دەکێشرێ و هەڵدەکێشرێ)ڕەگەزدۆزی ناتەواون لە جۆری زیاد وکێش و سەرواکەیان جوانتر کردووە.

**ئەستێرەی پێنج پەڕی دێرین**
**خواژنی <u>تاریکوروون</u> و پاش خۆرنشین[6]**

(1) عەزیز گەردی:رەوانێژی لەئەدەبی کوردی دا، بەرگی دووەم، جوانکاری، ل23.
(2) ئیدریس عەبدوڵڵا(د.):جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی، ل85.
(3) ابراهيم بن عبدالرحمن الغنيم:الصورة الفنية في الشعر العربي، الطبعة ألأولى، الشركة العربية للنشر و التوزيع، 1996، ص268.
(4) عەزیز گەردی:رەوانێژی لەئەدەبی کوردی دا، بەرگی دووەم، جوانکاری، ل70.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل64.

(تاریك وڕوون)دژیـەكی جـۆری فەرهـەنگین، بـەكارهێنانیان و دووبارەكردنـەوەیان لـەپاڵ یەكدا لەنیوەدێڕی دووەمدا لەخۆڕا نەبووە، بەڵكو شاعیر بـەم كـارەی ویستویەتی لایـەنی ئیستاتیكای شیعرەكەی ڕەنگینتر بكات.

**شای شەوی باكوور و باشوور**
**شای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا- نزیك و دوور**[1]

(باكوور وباشوور، ڕۆژهەڵات وڕۆژئـاوا، نزیـك ودوور)دژیـەكی فەرهـەنگین و مۆسـیقای ناوەوەی شیعرەكەیان جوان و ڕەوانتر كردووە.

**تاك و جووت لەدەورویشتی قەڵای دێریندا دەگەڕێن**[2]

(تـاك وجـووت)دوو وشـەی فەرهـەنگی دژن، لایـەنی مـوزیكی شـیعرەكەیان بـەهادارتر كردووە.

**2- دژیەكی نافەرهەنگی(نەرێ):**

جۆرێكی دیكەی دژیەكە بریتییە((لەوە دوو ووشـە بێنـی یـەكێكیان نـەفی ئەویكـەیان بێت. واتـە ووشـەكان هەریەكن ئەوەندە هەیە یەكێكیان ئەوزاری نەفی- نەهێشـتنی- هاتۆتەسـەر))[3]. بۆیـە وشـە بـەكارهاتووەكان بـەهۆی ئامرازی نەرێی(نە و مە و نا)، كە دەخرێتە سەریان واتاكەی دەبێتـە دژو پێچـەوانی واتـای خـۆی، هەرچەنـدە وشـە پێچەوانەكان لەبەشێكی زۆری دەنگی پیتەكاندا بەواتای جیاواز یەكسانن.

**لێم دەپرسن...**
**گەرەكیانە(بوون و نەبوون)م بناسن**[4]

وشـەی(بوون و نـەبوون)، بـەهۆی ئـامرازی نەرێی(نە)بوونەتـە دژییـەك، لەئـەنجامی كاریگـەریی ئـەو مانایـەی كـە لـە پێچەوانـەی دەلالەتیانـدا دەیبەخشـن، بەمـەش ئـاوازێكی نـاوازەی ناوەوەیان بەرجەستەكردووە.

**بگرێت ڕێگای هاتونەهات**
**ڕێی ڕامووسانی فریشتان**[5]

دژیەكە نافەرهەنگییەكە لەنێوان وشەكانی(هات، نـەهات)ە، بەهۆی(نە)كراونەتـە دژە واتـای یەكتر، بەم هۆكارەوە ئاوازێكی دەگمەنی بەهێز و بەتین و خێرای بەهادار دروستبووە.

**دەمگوت:سەردانەواندنی سووراحییەك تێرم دەكا**
**كەچی ئێستا**
**دەریایەك ئەوین و وەفا**
**تێم دەڕژێت و تێرم ناكا!**[6]

(6) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل23.
(1) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل77.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەكان هەڵدەفڕێنمەوە، ل155.
(3) عەزیز گەردی:ڕەوانێژی لەئەدەبی كوردی دا، بەرگی دووەم، جوانكاری، ل70.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل32.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل6.

وشەکانی( تێرم دەکا، تێرم ناکا)دژیەکی نافەرهەنگین، بەهۆی ئامرازی نەرێی(نا)بووەتە دژی خۆی لەمانا و دەلالەتدا، بۆیە لەشیعرەکەدا ئاوازێکی ناوەکی ئیستاتکیی بەرجەستەکردووە.

**وەك ئەو باخەی گوڵمان دەداتێ و ناداتێ**
**وەك ئەو خۆرەی دەستمان دەیگاتێ و نایگاتێ(1)**

وشەکانی(دەداتێ، ناداتێ، دەیگاتێ، نایگاتێ)پەیوەندییەکی هاودژی نافەرهەنگی لەنێوانیاندایە، بەهۆی ئامرازی(نا)ی نەرێ بوونەتە دژواتای یەکدی، بۆیە هێزی ئاوازی موزیکی شیعرەکەی بەرز و ناوازە و نایابتر کردووە.

(6) نەوزاد رەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل15 .
(1) نەوزاد رەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل38.

**تەوەرەی دووەم: ئیستاتیکای وێنەی شیعری**

وێنەی شیعری ڕەگەزێکی گرنگ و چالاکی بونیادی پێکهاتەی ئیستاتیکی دەقی شیعرە، هەرچەندە بەکاربردنی زیاتر بۆ ئەو ژانرە شیاو ولەبارترە، بەڵام زاراوەکە لەئاستی بەکارهێنانیشەوە بە(وێنەی هونەر)یش ناودەبرێت، چونکە((وێنەی هونەری ئەو داهێنانەیە کە لەگەڵ گیان و هەست و خەیاڵدا دەدوێ))[1]. بۆیە شاعیری داهێنەر لەخەیاڵ و دەرونیدا وشەکانی، وەك کەرەستەیەکی بەکارهاتوو بەشێوەی وێنەیەکی نایاب و ڕازاوە وتابلۆیەکی شێوەکارییانە دادەڕێژێت، کە تیایدا بیروبۆچوون و ئەزموونە ئەدەبی و تێڕوانینەکانی بۆ دیاردە جیاوازەکانی ژیان لەنێو پانتایی فەزای دەقە شیعرییەکەیدا دەخاتەڕوو، لەبەرئەوەی((هۆی بنچینەیی گەوهەری هونەری بۆ گواستنەوەی ئەزموون لەهەردوو مانای بەشی و گشتیدا وێنەیە، چونکە تەواوی سەرجەمی ئەزموونی شیعری وێنەیەکی ناوازە و دەگمەنی فرەچەشنە))[2].

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وێنەی شیعری دەبێتە ئامرازێك، تاکو شاعیر پەیامە هونەرییەکەی لەچوارچێوەی شیعرێکدا بۆ خوێنەر و گوێگران بگوازێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو کاتو سات و دیمەنە سەرنجڕاکێش و بارودۆخانەی سۆزی دەجولێنێ و هەستی پێدەکات و لەناخیدا دەخولێتەوە بەخوێنەری بگەیەنێت، چونکە((شیعر توانایەکی زۆری هەیە بۆ گرتنەبەری جووڵە و دەنگ و ڕەنگ و لەڕێگەی ئەوەوە کارامەیی و چالاکی خۆی بەدەست دەهێنێت لەناو قەسیدەدا، بۆیە وێنەی شیعری لای شاعیر وەك ئامرازێکی گوزارشت کردنی ویژدانی یان دەروونی بەکاردێت))[3].

بۆیە بەها و بایەخی ئامادەبوونی وێنەی شیعریی وەك ڕەگەزێکی زیندەگیی شیعریی شانبەشانی کۆمەڵێك ڕەگەزی گرنگی دیکەی وەکو: زمان ومۆسیقاو ئاواز و خەیاڵ و سۆز و بیر و هەست و نەست و....هتد، بۆ ئەو بەشدارییە هونەرییەیە، کە لەپێکهاتەی بونیادی ناوەخنی شیعرەکاندا دەیکەن، بەهۆی ئەو کاریگەرییە بەهێزەی کە لەو ئیحابەخشینەوە دێتەکایەوە، کە لەنێوان وێنە و هێما و ڕەمزەکاندا دروستدەبێت، چونکە((وێنە گەوهەری ڕووحی جەستەی شیعرە))[4]وبەمەشیان کایەیەکی لێکدانەوەی شرۆڤەی قووڵی واتایی بەرجەستە دەبێت، کە لەمیانەیدا کارکردن لەدیوی ناوەوەی زمان و چڕبوونەوەی واتای شیعرەکە پیشاندەدات، لەبەرئەوەی(( لەلایەك گرنگی بەهەڵبژاردنی وشە و شێوەی یەکخستن و پیشاندانی دەدات و لەلایەکی تریشەوە بایەخی ئاواز و شێوازی شیعری پشتگوێ ناخات، کە هەریەك لەمانە لەبنیاتی وێنەدا ڕۆڵی کاریگەریان هەیە))[5].

دەتوانین بڵێین:وێنەی شیعری بنەمایەکی جوانیناسی بەهادار و پرشنگی دەقی شیعرییە و شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە ئەندێشە و سۆز و هەست و بیروبۆچوونی خۆی بەخوێنەر دەبەخشێت، لەڕێگەی ئەو وێنەیەی بەوشە دەیسازێنێت، بەرئەنجامی تێکەڵبوونی ئەندێشە و واقیع و خەیاڵی ورد و فراوانی داهێنانەکەیەتی، کە چێژ و شادی و لەزەتێکی گیانی بەخوێنەر دەگەیەنێت. بۆیە دەگونجێت لەچەندین ڕەهەندی ئیستاتیکاییەوە وێنەی شیعریی بخەینەڕوو، وەك:لەلایەنی(دەرونی، ڕەوانبێژی)یەوە بەنموونە ئاماژە بەمجۆرە وێنانە بکەین:

---

(1) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی:بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا(1970-1991)، ل27.
(2) محمد غنيمي هلال(د.):النقد ألأدبي الحديث، دار النهضة مصر للطبع و النشر، ألقاهرة،1977، ص417.
(3) هاوژین سلێوە عیسا: بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، ل 27.
(4) نصرت عبدالرحمن(د.):في النقد الحديث، طبعة ألأولى، مكتبة ألأقصى، عمان،1979، ص26.
(5) فەرهاد قادر کەریم(د.):بنیاتی وێنە لەشیعرەکانی حەمدی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012، ل30.

**1- لەڕووی دەرونییەوە[1]**

**أ- وێنەی هەستی**

شاعیر لەمیانەی هەستکردنی بەدیاردە جیاواز و شتەکانی دەوروبەرییەوە کە لەسروشتدا ئامادەییان هەیە، هەوڵدەدات لەداهێنانی خودی خۆیەوە جۆرە وێنەیەکی هونەریی سەردەمیانە دروستبکات، کە لەڕێگەی ئەزموونە شیعرییەکەیەوە تێکەڵ بەهەست و نەستی بووە و ڕواڵەتە جۆربەجۆرەکانی ژیان لەڕێگەیەوە بەرجەستە بکات. ئاشکرایە ئەمەشیان وزەی گوزارشتکردن و شارەزایی و چالاکی و توانای هونەری تایبەتی پێویستە، چونکە دروستکردنی وێنە شیعرییەکان لەمیانەی هەستەکانەوە وا لەشاعیر دەکات، کە((جۆرە وێنەیەکی کۆپیکراو و دەقاودەق لاساییکەرەوە نەگوازێتەوە، بەڵکو بەهۆی ئاوێتەبوون وچوونە نێو ناخی سروشت و دیمەنە سەرسوڕهێنەرەکانییەوە، جۆر و شێوە وێنەیەکی تازە دروستبکات، کە لەداهێنانی کاری خۆی بێت، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە هونەرییەی ئەنجامیدەدات))[2].

وێنەشیعرییەکان بەهۆی بەشداریکردنی هەستەکانەوە بەرجەستە دەبن، کە بەرهەمی خەیاڵی شاعیرە و تا بەهاو چالاکییەکەی زیاتر بێت، وێنەیەکی ناوازە و جوان و بەهێز و کاریگەری هونەریی پێکدێت، کە لەپەیوەندییە شاراوەکانی نێوان ڕەگەزە پێچەوانەکان و دیاردە جیاوازەکانەوە کۆدەبنەوە، بۆیە هەستەوەرەکان بەهۆی میکانیزمی کارکردنیانەوە ڕۆڵێکی بایەخدار و گرنگ دەبینن، لەپێکهێنان و داڕشتنی ئەو وێنانەی کە بەریەکێك لەهەستەکانی مرۆڤ دەکەون و شاعیریش بەهۆی دەوروپشتییەوە هەستییان پێدەکات و بەشێوەیەکی هونەریی داهێنەرانە پێکیدێنێت.

**ا- وێنەی هەستی بینین**

ئەوجۆرە وێنانە دەگرێتەوە، کە بەر هەستی بینینی مرۆڤ دەکەوێت، شاعیر بەهۆیەوە وێنەیەکی هونەریی ئیستاتیکییان لێپێکدێنێت، چونکە ئەو وێنانە بەر ئەو هەستە کەوتوون و لەو شتانەدا وەرگیراون، کە لەدیاردەکانی سروشت و دەوروبەردا دەبینرێت و وەردەگیرێت و وێنەیەکی شیعری بەهادار و جوانیان لێدروستدەکرێت، چونکە هەستی بینین لەهەستەکانی دیکە کارلێك و کاریگەرییەکەی زیاترە، بەهۆی توانای مەودای پانتایی ئاسۆی بینینەکەیەوە، لەبەرئەوەی((چاو بەئاسانی دەتوانێت بەشێکی زۆری شتە مەترپالییەکانی گەردوون ببینێت، بۆیە هەستی بینین بەدایکی هەستەکانی تر هەژمار دەکرێت، چونکە ئەو هەستە ڕەنگ و نزیك و دوور و درەوشانەوە و گەشانەوەی شتە بینراو و بەرچاوەکان لەخۆدەگرێت))[3]. ئیستاتیکای وێنەی هەستی بینین لەگشت هەستەکانی دیکە فراوان وچوست و چالاکترە لەسەر توانای داهێنانی وێنەی شیعرییدا.

**ئەمڕۆ پێچەوانەی ڕۆژان**

**پێچەوانەی گۆڕانی ئاسایی ژیان**
**کەڵەشێرێك**
**هەتاوی لەخەو هەڵنەساند!**

---

(1) نصرت عبدالرحمن(د.):في النقد الحديث، ص 67.
(2) علي البطل(د.):الصورة في الشعر العربي حتى نهاية قرن الثاني الهجري، دار ألأندلوس، بيروت،1980، ص30.
(3) نصرت عبدالرحمن(د.):دراسة في مذاهب نقدية حديثة وأصولها الفكرية، مكتبة ألأقصى، عمان، 1979، ص67.

**تیشك.. تاریكیی دەرەوەی هەڵنەگیرساند(1)**

شاعیر بەوێنەیەكی هەستی بینینەوە باسی چۆنیەتی كاتی گۆڕانكاریی ژیانی ڕۆژانی ئاسایی ژیان دەكات، كە چۆن و بەچ شێوەیەك دیاردە وشتەكانی ناو سروشت بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەریاندا هاتووە گۆڕاون، ئەوانیش:نەهاتنە دەرەوەی تیشكی هەتاو، وەك ڕۆژانی ئاسایی وخواستن و پێدانی سیفەتی مرۆڤ و لەخەوهەڵنەسانی و بێدەنگی كەڵەشێر و هەڵنەگیرساندنی تاریكیی دەرەوە بەهۆی تیشكی هەتاوەوە، ئەمانە بەر ئەوهەستە دەكەون.

**(7)**

**- شەوقی جارانت نەماوە**
**- شەوقی من شەوقی هەتاوە...**
**قەت خۆرەتاو دامركاوە؟**
**ئەوەندەیە**
**گەواڵە دووكەڵێكی ڕەش**
**دەوری تەجەللامی داوە...(2)**

نەوزادی شاعیر وێنەی خۆی دەكێشێت، كە شەوقی خۆی بەشەوقی هەتاو دەچوێنێت لەجوانیدا، گفتوگۆ لەگەڵ(دڵ)یارەكەی دەكات و پرسیاری ئەوە دەكات، كە ئایا قەت بینیوتانە خۆرەتاو دابمركێت؟. مەگەر كارەساتێكی یەكجار ناخۆشی هەبێت و هۆكارێك ئەو حاڵەتەی بەسەردا بێنێت، هەر خۆشی وەڵامدەداتەوە و پێیوایە:نەمانی خۆرەتاو بەهۆی دووكەڵێكی ڕەشەوەیە و كە دەوری تەجەللای شاعیری داوە و وشەیەكی بێگانەیە و زاراوەیەكی سۆفیانەیە، بۆیە دیمەنەكان بەرهەستی بینراو(چاو)كەوتوون، چونكە لەچەمكی ڕەنگ و شێوە بەرجەستە دەبێت.

**لەپەنجەرەڕا دەبینم:**
**چەترەكەی لای دەرگای ماڵە هاوسێ**
**وەك ڕەنگ و ڕووم**
**وەك تەمەن زەرد هەڵگەڕاوە**
**ئەها! ئەها! هەورێكی تاریكی هێنا**
**ڕەنگە شەو لافاو هەڵبسێ(3)**

شاعیر چەترەداری دەرگای ماڵە هاوسێی بەڕەنگ و ڕوو و تەمەنی زەرهەڵگەڕاو چواندووە، باسی ڕەنگ و ڕوخسارو كۆتایی تەمەنی خۆی دەكات، كە وەك چەترە دارێك خەریكە گیانی تیانەمێنێ و بەرەو قۆناغی كۆتایی ژیان دەچێت و بەهۆی ئەو ناخۆشی و ناسۆرییانەی بەسەر تەواوی ژیانی داهاتووە و لەلایەنی دەرونیشەوە ڕەنگدانەوەكەی لەسەر ڕوخسار و تەمەنیەتی، بۆیە بەبەكارهێنانی ئامرازی بانگكردنی(ئەها)بۆ وریاكردنەوەی و ئاگاداركردنەوەی دوێنراو ئەوەیە، كە ئاگاداربە هەورێكی تاریك دێت و ڕەنگە شەو لافاو هەڵبسێ و كارەساتی گەورە بەدوای خۆی دابێنێت، ئەویش كۆتاییهێنانە بەژیانە.

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل120.
(2) نەوزاد ڕەفعەت: شینی شالوور، ل99.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەكانم بدەرەوە، ل101_102.

**- ئەوەتا وا بەم ڕۆژە تۆف و دژوارە**
**لەدوورەوە**
**ڕاوچییەکم لێوە دیارە**
**بەچنگەڕنێ بەخڕ و**
**لاپاڵی ڕژد و**
**کۆچەڕێی**
**شوێنی عاسێی**
**بەتەمومژ وهەوردا**
**هەڵدەگەڕێت**
**چاوی پڕ لەڕق دەگێڕێت**
**با هەر بست بەبست بگەڕێت**
**بگەڕێت و پێی بەتیشەبەردی ڕێگای**
**کەژە مەزنەکان بکوترێت**
**بێهوودەیە**
**چۆن باوکە قەقنەس ڕاودەکرێت!**
**ئاگر دەپێکرێت؟**
**دەگیرێت؟(1)**

شاعیر لەم پارچەشیعرەیدا لەڕێگەی هەستی بینینەوە، کە دایکی هەستەکانی ترە، ئاماژە بەڕۆژێکی سەخت وتۆف و دژوارە وەك دیاردەیەکی سروشتی دەکات، کە چۆن لەدوورەوە ڕاوچییەکی لێوەدیارە و وەسفی شێوەی وێنەکەی دەخاتەڕوو، کە چەندە بەدژوارییی بەچنگەڕنێی شێوە خڕ و لاپاڵی ڕژد وکۆچەریی و شوێنی عاسێی بەتەمومژ وهەوردا هەڵدەگەڕێت وکارێکی لەرادەبەردەر ئەنجامدەدات، کە لەتوانای مرۆڤی ئاسایی بەدوورە و لەئەنجامیشدا بێهوودەیە، لەگەڵ ئەوەی چاوی پڕ لەڕق و پێی بەتیشەبەردی ڕێگای کەژە مەزنەکان بکوترێت، چۆن باوکە قەقنەس(باڵندەیەکی ئەفسانەیییە)ی پێ ڕاودەکرێت و ئاگر دەپێکرێت ودەگیرێت، واتا:ئەوەی ڕاوچییەکە دەیەوێت ئەستەمە پێیبگات، لێرەدا ئەفسانەی مەزراندووە، بۆیە بەهۆی چاوەوە شتەکان دەبینێت و وێنەکان کۆدەکاتەوە و دواتر وێنەیەکی هونەریی ئیستاتیکی شیعرییان لێپێکدێنێت.

**2-وێنەی هەستی بیستن**

ئەمجۆرە وێنانە دەگرێتەوە، کە بەرهەستی بیستن(گوێ)دەکەون، چونکە بەهۆیەوە((کاردانەوە و کارتێکردنێکی چالاك و بەهێز لەناخی مرۆڤدا بەرجەستە دەبێت، کە لەگوزارشتکردنی دەنگەکانەوە هاتۆتەکایەوە))(2)، جا شێوە و چۆنیەتی دەنگەکان لەسەر بنچینەی هەر ئاواز و موزیکێك بنیاتنرابێت، چ دەنگی ئاسایی و سروشتی بێت، وەکو: دەنگی با و باران و باڵندە و هاژەو شوڕەو خوڕەی ئاو بێت، یاخود دەنگی دولبەر و دەنگی موزیك و.... بێت، کار لەهەست و سۆزی شاعیر دەکەن و پاشان باشتر هەست بەچێژ وخۆشی وجوانی وێنە شیعرییەکە دەکرێت، لەبەرئەوەی بایەخ وگرنگییەکەی ئەوەیە شاعیر بەهۆی کاریگەرییەکەیەوە لەڕێگەی ئەو

(1) نەوزاد ڕەفعەت: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل154.
(2) عبدالاله الصائغ(د.):الصورة الفنية معيارا نقديا، ط1، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، 1987، ص409.

هەستەوە وێنەیەکی هونەریی ئیستاتیکی شیعرییان لێپێکدێنێت، هەروەها لەکاتوساتی کێشانی وێنەکان بەوشەکانەوە لای خوێنەر(وەرگر)جارێکی دیکە ئەو دەنگانە دروستدەکاتەوە.

**چۆلەکەکان**
**وا یەکەم سروودیان خوێند و**
**یەکەم شەڕیشیان دامەزراند**
**بەیانییە**
**خەریکە ڕوون دەبێتەوە**
**جریوو...**
**جریوو... جریوو...**
**جریوو... جریوو... جریوو...(1)**

نەوزاد ڕەفعەت وێنەیەکی شیعریی ئیستاتیکی جوانی دروستکردووە، بەهۆی هەستی بیستنەوە، باس لەدەنگ و دیمەنی چۆلەکەکان دەکات، کە چۆن یەکەم سروودیان خوێند و یەکەم شەڕیشیان دامەزراند، دواتر وێنەی دیمەنی ڕوونی بەیانی، کە بەرهەستی بینین دەکەوێت دەخاتەڕوو و ئینجا جارێکی دیکە جریوو جریووی باڵندەکان بەشێوە و چۆنیەتی ڕیتم و ئیقاعی موزیکی بەرز و نزم ولەرینەوە و ئاوازەوە بەر ئەو هەستە دەکەونەوە.

**سوپاس گریان**
**تۆ نەبووبایت.. کوا سەما و دەف**
**کوا ساز و سەنتور و گیتار**
**کوانێ هۆزان**
**کوا هۆرە و لاوك و حەیران**
**کوا دڵدانەوە و مەیخانە**
**کوا لەخۆدان(2)**

شاعیر دەسپێکی شیعرەکەی، بەسوپاسکردنی گریان گوزارشت لەوێنەیەکی هەستی بیستراو دەکات، بۆئەوەی باس لەناخۆشی و دەرد و مەینەتییەکانی ژیانی بکات، بەهۆی چۆنیەتی شێوازی بەرز و نزمکردنەوەی دەربڕینی دەنگەکەوە،(مەبەستیەتی کاردانەوە وکارلێکەکەی زیاتر لەسەر دڵ و دەرونی وەرگر پیشانبدات)(3). بەئاماژەی وشەکانی(گریان و دەف وساز و سەنتوور و گیتار و هۆزان و هۆرە و لاوك و حەیران و لەخۆدان)بەر بینین و گوێی وەرگر دەکەون.

**بەیتوباوی پیرەکەژی خۆشخوانمان بیست**
**شۆڕبووینەوە دۆڵی قووڵ و**
**گوێمان لەگڤەگڤی بای**
**دارستانی بێ خودانی**
**ئەودیو گردۆڵکەکان ڕاگرت**
**باڵندەکانی دەیانوت:((سبەی ڕۆژگارێ تووش دادێت**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل48.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل 32.
(3) نصرت عبدالرحمن(د.):في النقد الحديث، ص67.

**سبەی ئەو چۆمە بەرینەی تا بەیانی ژاوەی دەهات ڕادەوەستێت))[1]**

شاعیر وێنەیەکی بیستراوی سەرنجڕاکێشی هونـەریی ئیستاتیکی کێشاوە، چونکە((لەوێنـەی بیستراودا گرنگترین شت ئەوەیە، کە بەچ شێوە و شێوازێکی کاریگەر سەدای زەنگی وشەکان، کار لەناخی گوێ یاخود گوێی هەستی خوێنـەردا بکات))[2]، کـەوابوو بـەهۆی پێکهێنـانی ئـەم وێنەیـەوە لەڕێگەی وشەکانی(بەیت و باو وخۆشخوان و گڤەگڤی با و دەنگـی باڵنـدەکان و ژاوە)، بـەر هەستی بیستن دەکەون، مەبەستیەتی ڕۆژگاری تووش و ناخۆشی ژیانی بخاتەڕوو.

**هەندێك دەڵێن:**

**((ئەوە دەنگی گلۆربوونەوەی تاوێرە**
**گرمژنی هەرەسە بەفرە))**

**هەشن دەڵێن:**

**((نەخێر قوربان**
**هاتوهاواری ڕێبواری**
**ڕێ لێ ونبووی ناو زریانە**
**یا شریخەی بروسکەی دڵی پڕ ئێشی ئاوارانە))[3]**

شـاعیر لەڕێگـەی هەسـتی بیسـتنەوە، ویسـتوویەتی وێنەیـەکی هونـەریی جـوانی ئیسـتاتیکی بکێشێت، هەروەها دەنگی(دڵی ئاوارەی بەشریخەی بروسکە چواندووە)، ئەمەش وێنەیـەکی شـیعرییە و بەر هەستی بیستن دەکەوێت، ((بەهۆی ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان دەنگە جیاجیاکـانی گەردوونـدا هەیە، لەسەر ئاستی بەرزی و نزمی و ژێداری و گڕی و لەرینەوە و کپی و ...هتـد))[4]، لەڕێگـەی گفتوگـۆ و تێکـەڵکردنی دەنگـە جیاوازەکـانی ژیانـەوە، تەنانـەت بـەدەنگی مـرۆڤ و دیـاردە سروشتییەکانیشەوە، ئاماژە بەهاتوهاواری ڕێبواری ڕێ لێ ونبوو و دڵی پڕ لەئێش و ئازاری کەسە ئاوارەکانی ناو سەخت و دژواری ژیان بکات، تەنانەت بەدەنگی خودیی شاعیریشەوە.

### 3- وێنەی هەستی بۆنکردن

جۆرێکی دیکەی وێنەی هەستییە، کە بەرهەستی بۆنکردن دەکەوێت، لەڕێگـەی ئـەو شـتانەی کـە بـەلووت بۆنـدەکرێن، وەکو:(گـوڵ و میسـك ومیـوە و عـەتر وگـاز و جەسـتەی سـووتاو و داغکراوو...هتد)، کـە شـاعیر لـەناو مێشکیدا وێنەیـەك دەوروژێت و بەوشـە و خـەیاڵی هەسـتێکی دیاریکراوی بەرامبەر بەو شتانە لەلا گەڵاڵە دەبێت و لەمیانی ئـەو هەسـتەیەوە وێنـەیان دەگرێت و پاشان کاردانەوەی لەسەر ناخی دەبێت، بەهۆی کاریگەرییەکەیەوە وێنەیـەکی هونـەریی شـیعرییان لێدروستدەکات.

**هەتا پەنجە و ژێ دەسووتێن**
**ستران دەبێژم ستران**

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل15.
(2)صاحب خليل ابراهيم(د.):الصورة السمعية في الشعر العربي قبل ألاسلام- دراسة، من منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، ص4، انترنيت: .www.awu-dom.org.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل46_ 47.
(4) نصرت عبدالرحمن(د.):في النقد الحديث، ص67.

**نەیاران دەنێژم فەرخە ماران..[1]**

لەم کۆپلەیەدا هەستی بۆنکردن و بیستن و بەرکەوتن پێکەوە بەستراونەتەوە وشاعیر شارەزایانە وێنەکانی لەڕێگەی هەستگۆڕکێوە تێکەڵ بەیەککردووە و سەرلەنوێ وێنەیەکی نوێی لێپێکهێناوە، بەهۆی سووتانی پەنجەی مرۆڤ کە بەشێکە لەجەستەی و ژێ، وەك ئامرازێکی ژەنینی ئامێرە ژێدارەکانی مۆسیقا، بەهۆی لەرینەوەی ئاوازێك دەردەکەن و ستران دەبێژم و ناشتنی نەیاران (لێچوو) و فەرخەماران(لەوچوو)، وەك ڕەمزی بیرۆکەی کەرەستەیەکی ئەفسانەیی و سوود لێوەرگرتنی ومەزراندنی لەدەقەکەیدا، کاریگەرییەکەی لەسەر خوێنەر زیاتر بووە و شاعیر نەیویستووە دووجار(نەیاران) دووبارە بکاتەوە.

**زمان هێندەی شیشی داغ پێدا چزێنرا**
**لەجیاتی لاڵ**
**بووە نەی و بووە شمشاڵ[2]**

شاعیر لەم شیعرەیدا بەهۆی هەستی بۆنکردنەوە، ویستویەتی وێنەیەکی جوانی هونەریی نوێباو پێکبێنێت، بەوەی کە زمانی لەجیاتی لاڵ بێت، بەهۆی ئەوەی هێندە شیشی داغی پێدا چزێنراوە، بۆنی هاتووە و لەئازاری بەرکەوتنیشەوە نزیکە، بەڵام بووە بەبلوێر وشمشاڵ تاکو ئێش و ئازارە ویژدانییەکانی شاعیر بخاتەڕوو، بۆیە وێنەیەکی جیاواز و داهێنەرانەی کێشاوە، ئەمەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە(هونەرمەندی داهێنەر بۆ دروستکردنی وێنەیەکی نوێ، پشت بەدرکاندنی هەستەکانی دەبەستێت، کە کاردانەوەیەکی کاریگەریی بەهێز و بەچێژ لەسەر خوێنەر بەجێدێڵێت، بەهۆی وێنەیەکەوە هەستی پێدەکات، لەگەڵ کارەکەیدا بەرەو پێشدەچێت و چێژێکی ئیستاتیکی هونەریی و ویژدانی لێوەردەگرێت)[3].

**تا داوەژێکان دەسووتێن**
**سترانێکیان پێ بژەنن[4]**

ئەم وێنەشیعرییە بەهۆی هەستی بۆنکردنەوە پێکهاتووە، شاعیر دەیەوێت وەسفی جۆرە گۆرانییەکەکی تایبەتی بکات، کە بەسووتانی داوەژێکانی ئامێرە ژێدارەکانی موزیکەوە بژەنن، کە سەرچاوە و هەڵگری ناسۆرییەکانی ژیانە.

**هێشتا شار بۆنی هەوای خاوێنی شاخانی لێ دێت**
**بۆ خۆم لەسووچی چایخانەیەکدا**
**بەتاقی تەنیا**
**ڕووە و شەقامێك هەڵدەکورمێم و تێر ورد دەبمەوە[5]**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل87.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل14.
(3) الوصیف هلال الوصیف ابراهیم(الدکتور):التصویر البیاني في الشعر المتنبي، أستاذ البلاغة والنقد بکلیة اللغة العربیة، جامعة ألأزهر، ط1، مکتبة الوهبة، القاهرة، 2006، ص311.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل21.

شاعیر وێنەیەکی شیعریی لەڕێگەی هەستی بۆنکردنەوە دروستکردووە، جوانییەکەی لەوەدا بەرجەستە دەبێت، پێیوایە شار هێشتا ڕەنگ و بۆنی سروشتی خۆی وەرگرتووە و دەستی مرۆڤە ناپاکەکانی نەگەیشتۆتێ، تا لەسروشتی خۆی لایبدات و بۆ بەرژەوەندییەکانی بەکاریبێنێ، بۆیە بۆنی هەوای پاکوخاوێنی چیاکانی لێدێت و ڕەمزێکیشە بۆ خۆڕاگری و شۆڕش و پێشمەرگە و مانەوەی میللەتەکەی و خۆی بەنوێنەری داناوە، کە لەسووچێکی چایخانەیەکدا و بەتاقی تەنیا ڕووە و شەقامێك تێر ورد دەبمەوە، کە ڕەمز و هێمایە بۆ سەر لەنوێبوونەوەی شۆڕشی گەلەکەی و جگە لەشاخەکانیش کەس دۆستی بەوەفای نییە.

**4-وێنەی هەستی بەرکەوتن**

ئەو وێنانەی لەئەنجامی هەستی بەرکەوتنەوە پێکدێن، جا بەهۆی دەستلێدان، یاخود هەر ئەندامێکی لاشەی مرۆڤەوە بێت، گرنگییەکەی لەوەدایە، کە شتە بەرجەستەکان بەهۆی سیفەتەکانی((زبری و لووسی و گرژی و خاوی و نەرمی و ڕەقییەوە بن))[1]، کە بەرهەستی بەرکەوتن دەکەون و کاردانەوە و کاریگەرییەکەی لەسەر ناخی تاکدا دەبێت، هەربۆیە لەم سۆنگەیەوەدا ئەوەی ئاشکرا و دیارە، ئەوەیە کە(شاعیر)یش وەك تاکێکی کۆمەڵگەکەی، لەئەنجامی ڕوودانی هەمان بارودۆخدا، چونکە خاوەنی هەمان چەشنە هەست و سۆزە، بۆیە هەستێکی ناوازە و بەجۆش و خرۆش و بەهێزتری لەلا گەڵاڵە دەبێت و بەو هۆیەوە وێنەیەکی هونەریی شیعریی ئیستاتیکی دروستدەکات.

**وەرە با ئەمشەو تێرت ڕامووسم**
**ئاوێزانت بم[2]**

نەوزاد ڕەفعەت لەشیعری(دواژوان)دا باسی خۆی دەکات، کە چۆن بەشێوازی داخوازی داوای تێر ڕامووسان و ئاوێزانبوونی جەستەیی لێدەکات و وێنەیەکی هەستی بەرکەوتنی ئیستاتیکی دروستدەکات.

**هەمان مەمك دەگرمەوە[3]**

ئیستاتیکیبوونی بەهۆی وێنەیەکی هەستی بەرکەوتنەوەیە، کە شاعیر ئاماژە بەجوانی و کاریگەریی مەمك، وەك ئەندامێکی جەستەی ژن لەسەر و ڕوژاندنی هەست و سۆزی پیاودا دەکات، چونکە لەڕێگەی((شێواز و چۆنیەتی هێزی توندی بەریەککەوتنەوە بەهۆی دەستلێدانەوە بەرجەستە دەبێت))[4]و بەمەش وێنەیەکی شیعریی دروستدەبێت.

**(5)**
**لەدوورەوە وامدەزانی**
**بۆ لێوی لەبەرد تینووتر..**
**لێوی لەبەرد وشکترم**
**چاڵەبەفرە**
**لەنزیکرا دەرکەوت دووانەی ئاگرە[5]**

---

(5) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل118.
(1) نصرت عبدالرحمن(د.):في النقد الحديث، ص67.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل74.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل5.
(4) نصرت عبدالرحمن(د.):في النقد الحديث، ص67.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل27.

شاعیر لەم کۆپلەیەیدا وێنەیەکی شیعریی جوانی بەهۆی هەستی بەرکەوتنەوە پێکهێناوە، کە ئەمەیان بەرکەوتنە، لێوم وەکو بەرد وشکە، چونکە(بەرکەوتن یەکێکە لەو پەنجەرانەی مرۆڤ لێیەوە هەست بەشتەکان و گوزارشتکردن و وێناکردن و وێنەگرتنیان دەکات، هەربۆیە هونەرمەندی داهێنەریش لەکارەکەیدا دەتوانێت سوود لەو هەستە ببینێت، تاکو وێنەیەکی بەرکەوتوو پێکبێنێت)[1]. هەرچەندە سوودی لەهونەرێکی ڕەوانبێژیش بەناوی دژیەکی ئەرێ بینیووە لەوشەکانی(دوور و نزیك)وهەروەها پێیوایە لەدوور ڕا لێوی لەبەرد تینوتر و وشکترە، پێویستیان بەتاسە شکاندنە، کەواتە پەیوەندی بە چەشتنەوەش هەیە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە مەبەستی ئەوەیە، وامزانی یار وەکو چاڵەبەفرێك سیفەتی ساردیی هەیە و تینوێتیم دەشکێنێت، بەڵام کە نزیك بۆوە لێم، بۆم دەرکەوت وەکو وەکو ئاگرە و سیفەتی گەرمی هەیە و بەرهەستی بەرکەوتن دەکەوێت و دەموستێنێت و تینوێتیم ناشکێنێت.

**دڵم نەهات**

**یەك تیشە شاخت <u>بدۆشم</u>**

**تۆزێك.. دەنکێك..**

**خۆڵی پیرۆزت <u>بفرۆشم</u>[2]**

شاعیر لەبەشێکی شیعری(کوڵینگ وەشێن)وەسفی پیرۆزی نیشتمان دەکات و دەڵێت: هۆ!! نیشتمان...، هێندە لام پیرۆزیت، دڵم نەهات، یەك تیشە شاخ چەند بچووکە بدۆشم و تۆزێك، دەنکێك، خۆڵی پیرۆزت بفرۆشم، هەرچەندە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی دروستکردووە لەنێوان وشەکانی(بدۆشم،بفرۆشم)، بەڵام دەقەکەی ئیستاتیکیبوونەکەی لەوەدایە، کە بەهۆی وێنەیەکی شیعریی ناوازە دروستکراوە، کە بەرهەستی بەرکەوتن دەکەوێت.

**(6)**

**کۆتر نەبووام**

**چۆن! دەنووکم لەدەنووکی**

**کۆتری مەمکی دەئاڵا[3]**

نەوزادی شاعیر وێنەیەکی ئیستاتیکی هونەریی بەهۆی هەستی بەرکەوتنەوە دروستکردووە، کە خۆی بەکۆتر چواندووە،هەروەها لەم وێنەشیعرییەدا ئاماژە بەهەستی وروژاندنی پیاو دەکات، بۆیە لێوی خۆشی بەدەنووکی لێوی کۆتر داناوە، کەهێما و ڕەمزی جوانی و ئارەزووە، ئەمەش بەهۆی هێزی بەرکەوتنەوە دەبێت، کە هەردووکیان بەریەك دەکەون و لەئەنجامیشدا دەنووکی لەدەنووکی کۆتری مەمکی دەئاڵا و مەبەستی(گۆی مەمك)ە، مەمك بە کۆتر و گۆی مەمکی بەدەنووکی کۆترەکە چواندووە، بەمەشیان بەرجەستەبوونی دیمەنەکانی سروشت و شتەکانی ناویەتی بەزمانی جەستە، تاکو جوانیەکانی بخاتەڕوو. کەواتە هەردوو وێنەکەی دروستبوون، بەهەستی(بینین) پێیان دەگەیت، بەڵام لەئەنجامدا( بەرکەوتن)بەهۆی هەستگۆڕکێوە دروستدەبێت.

## 5- وێنەی هەستی چەشتن

ئیستاتیکیبوونی ئەم وێنانە لەوەدایە، کەوا بەرهەستی چەشتن دەکەوێت، لەسەر بنەمای تامکردن و چێژ و لەزەت وەرگرتنی شتەکان بونیاد دەنرێت، هەروەك(تفتی وتاڵی و شیرینی و

(1) الوصيف هلال الوصيف ابراهيم(الدكتور):التصوير البياني في الشعر المتنبي، ص317.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل108 _ 109.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل28.

ترشی و سوێری و تێکەڵکردنی تامەکانی دیکە و...هتد)[1]، بۆیە شاعیریش لەمیانەی هەستکردنی بەشتەکانەوە هەوڵدەدات وێنەی هونەریی جۆراو جۆرییان لێپێکبێنێت و کاریگەرییان لەسەر خوێنەر(وەرگر)بەجێبمێنێت.

**گوتم:ئاوری ئەوینێك**
**هەنگوینی قوڕگی داوەتێ[2]**

ئیستاتیکیبوونی ئەم دێڕەشیعرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەرهەستی چەشتن (تامکردن)کەوتووە، بۆیە وێنەیەکی ناوازە دروستبووە، کە شاعیر دەیەوێت ئاماژە بەوەسفی جوانی ئاگری خۆشەویستی بکات و سیفەتی بەکەسکردنی داوەتە پاڵ و ئەو ئاگرە هەنگوینی قوڕگی داوەتێ، بۆ ئەوەی تامی شیرینی و چێژ و لەزەتی خۆشەویستی بۆ یارەکەی بخاتەڕوو، هەروەها ئەوینی بەهەنگوین چوواندووە.

**دەخوازین...**
**هەناری هەرایەك تامی زار خۆش بکات[3]**

شاعیر لەم دێڕەشیعرەدا وێنەیەکی هەستی چەشتن جوانی پێکهێناوە، باسی ئەوە دەکات کە(شاعیر)یش، وەك تاکێکی ئێمە دەخوازێت، وەك هیوا و ئومێدێك، کە هەرای هەنارێك بەهۆی چێژ و لەزەتییەوە، تامی زار خۆشبکات، کەواتە شاعیر هیواخوازە ئەویش لەچێژی تامی ئەو زارخۆشکردنە بێبەش نەبێت.

**هەمان قامك دەمژمەوە**
**هەمان مەمك دەگرمەوە**
**هەمان هەنگوین دەلێسمەوە[4]**

دروستبوونی وێنەی هونەری شیعری لەم کۆپلەیەدا بەهۆی هەستی چەشتن(تامکردن)ەوەیە، کە شاعیر ئاماژە بەوەدەکات، کە جارێکی دیکەش ئامادەیە هەمان مەمك بگرێتەوە، کە بەرهەستی بەرکەوتن کەوتووە و هەمان قامك بمژێتەوە و هەمان هەنگوین بلێسێتەوە، لەبەرئەوەی پێشتر ئەو کارانەی ئەنجامداوە، چونکە(تامکردنی شتە تامکراوەکان جیاوازی تێدایە)[5]، لەمیانی هەستکردنی بەو دیاردە و شتانەوە هەوڵیداوە، سوود لەوێنەی دیمەنەکانیان وەربگرێت و وێنەی ئیستاتیکیان لێدروستبکات.

**- پێکێك هەڵدەم؟**
**بکەومە گۆرانی و بەزم و**
**هەموو وەڕسی و خەمەکان**

(1) نصرت عبدالرحمن(د.):في النقد الحديث، ص67.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل40.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل63.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل5.
(5) الوصيف هلال الوصيف ابراهيم(الدكتور): التصوير البياني في الشعر المتنبي، ص314.

**بەسەمایەك بەبا بدەم؟**[1]

نەوزادی شاعیر وێنەیەکی هونەریی ئیستاتیکی نایابی کێشاوە، باسی لەوە دەکات کە بەهەڵدانی پێکێك بەرهەستی چەشتنی دەکەوێت، چێژ و تامکردنی هێندە کاریگەریی لێدەکات، دەیخاتە سەما و گۆرانی و بەزم و ڕەزم و ئەو بارودۆخە هەموو بێزاری و وەڕسی و ناخۆشی و خەمەکانی دەڕەوێنێتەوە، بەهۆی ئەو بادەی کە دەیخاتە حاڵەتی مەستییەوە.

**ب- وێنەی زەینی**

ئیستاتیکیبوونی وێنەی هونەریی زەینی لەوەدا بەرجەستەدەبێت، کە لەم جۆرەیاندا پێکهێنانی وێنەکان بەرهیچ یەکێك لەهەستە جیاوازەکانی مرۆڤ ناکەوێت، بۆیە لەم بارودۆخەدا ئەو وێنانەی دروستدەبن، بەناهەستی هەژماردەکرێن و تیایدا وێنەیەکی(ژیری- واتایی) پێکدێت، کە ڕەنگدانەوەی هەڵچوونەکانی دیوی ناوەوەی مرۆڤە، بەهۆی ئەو ئاگایی و وریاییە ژیرییەی کە وێنەکەی لێدروستدەبێت، هەروەها ئەوەی لەوێنەی زەینیدا زۆر جێگەی بایەخپێدانە ئەوەیە،(کە وێنەکان بەشێواز و شێوەیەکی جوانی هونەری گوزارشت لەمانا زەینییە واتاییەکانیان بکەن، کە لەخودی جیهانی هەستیدا ئامادەگی و بوونیان نەبێت)[2]، بۆیە پێکهێنان و دروستبوونی وێنەی زەینی لەسەر بەهرە و پسپۆری و شارەزایی و لێهاتوویی و چالاکی شاعیر وەستاوە، کە ئاست و توانای هێزی بیرکردنەوەی زەینی، تا چەند چوست و چالاك و بەهێزتر بێت، ئەوا جۆر و شێوە وێنەیەکی ناوازەی زەینی کاریگەری هێزداریی بەگوڕو بەتینتر پێکدێنێت، کە کارلێك و ئاسەوارەکەی لەلای خوێنەر بەئاسانی لاناچێت و هەردەمێنێتەوە.

**با پاش تاسانی دۆزینەوەی گەنجینەکان**
**پاش تاسانی بینینەوەی گەنجینەکانی میهر و چێژ**
**ئازاری بێداربوونەوە و سەرگەردانی نەکێشمەوە**
**با دیسانەوە ڕێی دۆزەخ**
**ڕێگای جیهانی خوارەوە نەگرمەوە**
**نەمرمەوە**
**نە...**
**مر...**
**مە...**
**وە...** [3]

شاعیر لەم کۆپڵەشیعرەدا وێنەیەکی زەینی واتایی پێکهێناوە، کە بەر هیچ لەهەستەکان نەکەوتووە، ئەوە زەینی شاعیرە بەهۆی هەڵچوونەکانی ناوەوەی و کاریگەریی هۆکارەکانی دەوروبەرییەوە ورەنگدانەوەی لەسەر بیر و هزر و وریاییەوە وێنەیەکی شیعریی واتایی بەرجەستەکردووە، کە پاش خەون و تاسانی و ئازاری بێداربوونەوە و سەرگەردانی نەکشێتەوە و بۆ

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل14.
(2) عبدالجبار حسن علي:الصورة الفنية في الشعر الصعاليك قبل ألاسلام، رسالة ماجستير، كلية ألاداب، جامعة الموصل، 1988، ص168.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل76.

ئەوەی جارێکی دیکە ڕێگەی دۆزەخ و جیهانی خوارەوە نەگرێتەوە بەر و نەمرێتەوە، تەنانەت پاش خەونیش ئەوەی هیوا و ئومێدی پێی هەبوو لەدۆزینەوەی گەنجینەکانی میهر و چێژ بەدەستی نەهێنا، لەگەڵ ئەوەی میهر و چێژی بە گەنجینەش چواندووە.

**تارمایی ترس و خەمی ڕاونەنام**
**تەزووی ئۆخژنی پێدا نەهێنام[1]**

ئەم دێڕەشیعرە وێنەیەکی واتایی ڕووتی ژیری- زەینییە، بەرهیچ هەستێکی مرۆڤی نەکەوتووە، بەڵکو ئەوە چالاکی و شارەزایی شاعیرە هانیداوە، بەهۆی هێز و توانای بیرکردنەوەی زەینییەوە وێنەیەکی شیعریی کارتێکەر و کاریگەر دروستبکات، چونکە(بیر لەتوانای دایە واز لەهەموو وێنە هەستییەکان بێنێت و تەنیا متمانە و پشت بەمانا واتاییەکان ببەستێت، لەئەنجامی ڕێژەی بەرزبوونەوەی ئەو توانایەی کە لەچالاکییەکانی بیرکردنەوەدا بەرجەستە دەبێت)[2]، بۆیە لەسەر بنەمای ئەو بیروبۆچوونەدا شاعیر ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو پێینەکراوە تارمایی ترس و خەمی ڕاوبنێت، هەروەها نەشیتوانیوە تەزووی ئارامی و ئۆقرەیی پێدابهێنێت.

**تازە منداڵێتیی پیری**
**بەرائەت و پاکی پێ ناگەڕێتەوە[3]**

نەوزاد ڕەفعەت وێنەیەکی تاکی زەینی دروستکردووە، چونکە بەر لەهیچ کام لەهەستەکانی مرۆڤ نەکەوتووە، هەرچەندە ئاماژەی بەدوالیزمی منداڵی و پیری کردووە، کە ئەو دوو قۆناغە لەژیانی مرۆڤدا، لەبەرئەوەی کاتو ساتیان بەسەرچوو، بۆیە تازە پاکی و بەرائەتی مرۆڤیان پێ ناگەڕێتەوە،(هەریەکێك لەمانەش بەعەقڵ هەست بەبوونیان دەکرێت، نەوەکو بەهۆی بەرکەوتنیان بەهەستەکانەوە)[4]، چونکە لەواقیعدا ئەوەی لەژیاندا ڕوویدا وتێپەڕی هەرگیز ناگەڕێتەوە.

**چاو لێکنانێك...**
**یادێك...**
**هەموو خەمەکانی دەسڕیمەوە[5]**

وشەکانی یادێك و خەم وشەی زەینی واتاداری ڕووتن، هیچ هەستێکی مرۆڤ لەخۆناگرن، وێنەیەکی تاکی زەینییان درووستکردووە، شاعیر وەسفی ئەوەی کردووە، کە پاش چاولێکنان، یادێك بەهۆی ئەو هۆکارەوە هەموو خەمە بەئازارەکانی دەسڕێتەوە، کە مەبەستی مردنە و دوا قۆناغی ژیانی مرۆڤە و هەموو هەستەکان بەتەواوی لەجەستەیدا خاڵیدەبن و بەمەشیان وێنەیەکی ئیستاتیکی شیعری پێکدێت، لەڕێگەی وشەی(یادێك)،(کە شاعیر لەزەینی خۆیدا واتا و ماناکانی مەزندە و کۆکردونەتەوە، تاکو کاردانەوە و کاریگەرییەکەی لەسەر خوێنەر بەدەربخات)[6].

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل145.
(2) بشرى موسى صالح:الصورة الفنية في النقد الشعر العربي الحديث، رسالة دكتورا، كلية ألاداب، جامعة بغداد، 1987، ص167.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل36.
(4) بشرى موسى صالح:الصورة الفنية في النقد الشعر العربي الحديث، ص167.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل202.
(6) بشرى موسى صالح:الصورة الفنية في النقد الشعر العربي الحديث، ص168.

بەپێی ئەم نموونانەی خستمانەڕوو،ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە شاعیر لەڕوانگەی ڕەهەندێکی ئیستاتیکییەوە بەشێوەیەکی ورد و هونەرییانە، کاری لەسەر پێکهێنانی وێنەی شیعری کردووە، لەڕووی دەرونییەوە، کە زیاتر وێنەکانی بەرهەستی بینین بەگشتی کەوتوون، هەندێکیشی بەرهەستی بیستن و بەشێکیشی بۆنکردن و کەمێکیشی بەرهەستی بەرکەوتن و چەشتن کەوتوون، ژمارەیەکی دیاریکراویشی کە لەوێنەی هەستییەوە کەمترن، بەر وێنەی زەینی کەوتوون.

## 2- وێنە لەڕووی ڕەوانبێژییەوە

### أ- وێنەی لێکچواندن

بەیەکێك لەهونەرە جوان و بەرز و گرنگ و بایەخدارەکانی بەشی ڕوونبێژیی لەبابەتی ڕەوانبێژیدا دادەنرێت، شاعیران بەشێوەیەکی بەرچاو لەدەربڕینی دەقە شیعرییەکانیاندا ئەم هونەرەیان بەکارهێناوە، بەمەبەستی خستنەڕووی وێنەکان و ڕوونکردنەوەی پەیام و مەبەستەکانیان هانا بۆ ئەم هونەرە دەبەن و لەڕێگەی لادانە واتاییەکانەوە ئامانج و مانا و واتاکانیان ڕووندەکەنەوە، بەشێوە و شێوازێکی هونەری بەپشتبەستن بەلایەنە ئیستاتیکییە جوانەکانی لێکچواندن، چونکە((بەسادەترین جۆرەکانی وێنەی ڕەوانبێژی دادەنرێت، ئەمەش زۆری بەکارهێنانی دەگەیەنێت لەکۆن و نوێدا، ئەویش ئەم جۆرە وێنەکێشانەیە کە پشت بەدوو لایەن دەبەستێت، بەڵام ناتوانن بیانگەیەننە پلەی بەیەك بوون، بەڵکو پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای جیاوازی تەنیایی هەر بەیەکێکیان بنیات دەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بێ بەش نییە لەیەکگرتن و کار لەیەك کردن))[1].

جگە لەمەش بەهۆی ئەم هونەرەوە شاعیر هەوڵدەدات لێك نزیکییەك لەنێوان کەرەستەکاندا بێنێتەدی، بەڵام هەر دووری و جیاکاری و درزێك لەنێوانیاندا ئامادەگیی هەیە و خوێنەریش هەست بەوە دەکات، کە لەوچوو لەلێچوو دیار و کاریگەر و بەتینترە، لەبەرئەوەی((تا مەودای دووری نێوان شتەکان زیاتر بێت، ئەوا زۆرتر کاریگەری کاردانەوەکەی بەهێزتر دەبێت و پترکار لەناخی مرۆڤدا دەکات))[2]، چونکە بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە دەبنە بنچینەیەك بۆ پێکهێنانی جۆرە وێنەیەکی شیعریی ئیستاتیکی لەخەیاڵی وەرگر(خوێنەر)دا، بەمەشیان کەشێکی لەبارو گونجاوی بۆ دەسازێنێ، بەهۆی هێزی ئەو دەربڕینەی کەوا بەشداری لەبونیادی پێکهاتەی وێنەکەدا دەکەن، لەئەنجامدا پەیوەندییەکی تۆکمەی ئۆرگانیی بەهێز لەنێوان دەق و خوێنەر(وەرگر)دا بەخۆیەوە دەبینێت، بەهۆی ئەو بارودۆخە ئیحایەی کە لەبونیادی دەقەکەدا بەدی دێت، (ئەمەش بۆ چالاکی کارابوونی خەیاڵی شاعیر لەپرۆسەکەدا دەگەڕێتەوە، کە چەندە لەئەرکە شیعرییەکەی خۆیدا وەك بەهرەمەندێکی بواری هونەری، تا چەند توانیویەتی ئەرکە داهێنەرەکەی لەمیانەی خەیاڵەوە بەتەواوی بگەیەنێت، چونکە خەیاڵ بناغەیەکی تۆکمە و کۆنکریتی کۆڵەگەی دامەزراندنی لێکچواندنە، لەبەرئەوەی تا خەیاڵەکە بەرزتر بێت لێکچواندنەکە بەپێزتر دەبێت و لەگەڵ ئەمەشدا وەك داینەمۆیەك لەپێکهاتنی وێنەی لێکچواندنەکەدا ڕۆڵێکی کاریگەرتر دەبینێت)[3]، هەربۆیە بەمەشیان چالاکبوونی دەق نیشاندەدات و بەیەکێك لەبنەما ئیستاتیکییەکانی شێوازی دەربڕینی دەقی شیعرێك دادەنرێت.

---

(1) هاوژین سڵیوە عیسا:بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، ل92.
(2) عبدالقادر الجرجاني:أسرار البلاغة فب علم البيان، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، 2002، ص112.
(3) كمال نشأت(د.):في النقد ألادبي دراسة وتطبيق، بغداد،1976، ص37.

لێکچواندن ڕۆڵێکی بەهێز و کاریگەر و گرنگی لەپێکهێنانی وێنەی شیعریدا هەیە، چونکە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، شاعیر کە شتێك بەشتێکی دیکە دەچووێنێ و بەراوردی دەکات، بەهۆی ئەوەی پێیوایە کە ئەو دووشتە خاڵی هاوبەش و سیما و سیفەتی لێکچوویان هەیە، دواتر هەست وسۆزی خۆی تێکەڵ دەکات و وێنەیەکی ناوازە و ئیستاتیکی و کاریگەرانەمان بۆ دەکێشێت. هەروەها لێکچواندن لەسەر چوار بنەڕەت پێکدێت و ئەوانیش((دابەش دەبنە سەر دوو بەشی سەرەکی و ناسەرەکی، بەمشێوەیەی خوارەوە:

1- بنەڕەتە سەرەکییەکانی لێکچوواندن دووانن:(لێی چوو)و(لەوچوو)

2- بنەڕەتە ناسەرەکییەکانی لێکچوواندن دووانن:(ئەوزار)و(ڕووی لێکچوون) ))[1].

**هەندێك کەڕەت نیشتمانم**
**سۆفەیەکە و لەتاو ترسی باشووکەیەك**
**خۆی لەباخەڵم دەکوتێت**
**یان وەك ئاسکی زستانێکی سەهۆڵبەندان**
**لەسەرمانا**
**خۆ لەکوختەکەی من دەنێت**
**هەندێك جاریش وەك زێ وایە**
**سەدان کۆسپ و یاڵ و هەڵەتی بێتە پێش**
**خۆی ڕێی خۆی دەدۆزێتەوە[2]**

شاعیر لەم کۆپڵەشیعرەدا سێ وێنەی هونەریی لێکدراوی لەسەر بنەمای لێکچواندنی لێکدراو کێشاوە، بۆئەوەی گوزارشت لەبیرۆکە شیعرییەکەی بکات، لەیەکەمیاندا(نیشتمان)ی بە (سۆفە)چواندووە، لەتاو ترسی باشووکەیەك خۆی لەباخەڵی دەکوتێت، لەدووەمیاندا(نیشتمان)ی بە(ئاسك)چواندووە، کە لەسەرمانا لەزستانێکی سەهۆڵبەندان خۆی لەکوختەکەی شاعیر دەنێت، بەمەشیان لەهەردووانیاندا بەئاژەڵکردنی ئەنجامداوە، بەڵام لەوێنەی سێیەمیاندا(نیشتمان)ی بە(زێ)چوواندووە، هەرچەندە سەدان هەڵەت و کۆسپ و یاڵیشی بێتە بەردەم هەرڕێگەی خۆی دەبینێتەوە، لەمەیاندا بەڕەوانکردنی پێکهێناوە، بەدروستکردنی سێ وێنەی شیعری بونیادێکی بەهاداری ڕەنگینانە و قەشەنگانەی بەجوانی تەواوی پێکهاتەی دەقەکەی داوە.

**بۆیە چاو هەوری زستانە**
**بۆیە نێوم کوڕی ڕووباری گریانە.. [3]**

شاعیر(چاو)ی بە(هەور) و(گریان)ی بە(ڕووبار)چوواندووە و ئەوزار دەرنەکەوتووە، هەروەها ڕووی لێکچوونیش دەرنەکەوتووە کە:- (گریان و باران)ە ، چەند سیفەتێکن ئاویان تێدایە و دەبارێنن، بۆیە وێنەیەکی تاکی هونەریی بەتەنکراوی داوەتە پاڵ(چاو)، بۆیە شاعیر بەخەیاڵێکی بەرز و فراوانەوە لێکچواندنێکی بەپێز و تۆکمە و ناوازەی جوانی دروستکردووە.

(1) ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا(د.):لایەنە ڕەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا بەنموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،2011، ل119.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل64.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل111.

**ئەی نەوزادێك ئاگراوی گریان دەیبا**
**وەك باز ڕووتوقووت بێ پەروا**
**بەهەڵەمووت و خەوندا هەڵدەگەڕێم(1)**

وێنەی ئیستاتیکییەکەی لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، کە شاعیرخۆی یان سوودی لەمانای ناوەکەی خۆی وەرگرتووە و بە(باز)ی باڵندە چوواندووە، بەهۆی هونەری لێکچوواندنەوە، بەدەرکەوتنی ئەوزاری(وەك)وسیفەتی ڕووتوقووتی بێ پەروا و هەڵگەڕان بەهەڵەمووت ڕووی لێکچوونەکەشی ڕوونکردۆتەوە، بەدروستکردنی ئەم لێکچوواندنە دەیەوێت هاوار و ناڵە ونەی وبارودۆخە دەرونییەکەی پیشانی خوێنەر بدات، بۆ ئەوەی هەست و سۆز وناخی بۆی ببزوێت.

**چەترە دارەکەی لای دەرگای ماڵە هاوسێ**
**وەك ڕەنگ وڕووم**
**وەك تەمەن زەرد هەڵگەڕاوە(2)**

بونیادە هونەریی و وێنەییەکەی ئەم دەقە لەوەدایە، کە شاعیر (چەتری دار)ی بەمرۆڤکردووە، بەهۆی هونەری لێکچوواندنی ڕوونبێژیی لەڕەوانبێژییدا، لادانی لەئاستی واتاییدا پێکردووە، بە لێکچوواندنی(چەترە دار)ەکە، بەڕەنگ و ڕوو و تەمەنی شاعیر، هەروەها(وەك)وەکو ئەوزارێك هاتووە و ڕووی لێکچوونەکەشی بەسیفەتی(زەرد هەڵگەڕاوە)ی ڕوونکردۆتەوە، کە لەکۆتایی تەمەندایە و هێزو چوست و چالاکی و جوانی گەنجیەتی تێدا نەماوە و شەکەت و ماندووە، بەمەشیان شێوە و جۆر وڕوخساری پیری خۆیمان پیشاندەدات، کە قۆناغی تەمەنی جوانی گەنجی هەنگاو بەهەنگاو ڕوو لەکزی و بێ توانایی و بێهێزیدایە، بەهۆی بەتەمەنداچوون و پیربوونییەوە.

**ڕۆح تەیرێکی جووت بزر و بێ داڵدەیە و پڕ بەشاخوداخ دەناڵێنێت(3)**

لێکچوواندنی ئەم دەقە وێنەیەکی تاکی هونەریی(ڕۆح)مان پیشاندەدات، کە ئاژەڵکراوە و بەلێکچوواندنی بە(تەیر)ێکی جووت بزروبێ داڵدە، کە لەتاو بزربوون و لەدەستدانی ئازیز و خۆشەویست و تاکەکەی دیکەی پڕ بەشاخوداخ دەناڵێنێت، ئەمەشیان بەهۆی دەرنەکەوتنی ئەوزار و سیفەتی(ناڵاندن)وەك ڕووی لێکچوون، بەدروستکردنی ئەم وێنە نایابە، شاعیر گەرمکیەتی لەئاستی بابەتیشدا پەیام و مانا و مەبەست و بیرۆکە شیعرییەکەی بۆ خوێنەر ڕوونبکاتەوە.

**ئەوسا لەپێش خۆرەتاو و ئاگراوی**
**کەناری ئەوینەکاندا**
**وەك مراوی**
**پەڕ وباڵی تەری بێ باکیم دەتەکاند (4)**

شاعیر خۆی بە(مراوی)ی چوواندووە، بەدەرکەوتنی ئەوزاری(وەك)وڕووی لێکچوون:-کۆمەڵە سیفەتێك بەئاژەڵکردن دەکات، کە وەکو مراوی لەپێش خۆرەتاو و ئاگراوی گەرمی کەناری خۆشەویستەکاندا، ئامادەیە پەڕ و باڵی تەڕی بێ باکی داتەکێنێت، کە چۆن مراوی تەڕ دەبێت و

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاووسان، ل4.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل101.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل134.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل94.

دواتر ئاوەکە لەخۆی دەکاتەوە، ئەمیش دەیەوێت لەبەرامبەر خۆشەویستەکەیدا هەموو سۆز و ئەوین و دڵداری خۆی بەسەردا ببارێنێت، تاکو بەتەواوی متمانەی پێبکات.

**ب- خواستن**

هونەرێکی گرنگی ڕەوانبێژی سەر بەبەشی ڕوونبێژییە، تارادەیەك دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ لێکچووندا هەیە، بەوەی کە دەتوانین بڵێین:((بەشێکە لەبەشەکانی ڕوونبێژی و لە(لێکچوون)بەهێزتر و پاراوترە. ئەگەرچی ئەویش لەبازنی لێکچواندندا دەسووڕێتەوە، بەڵام بەم شێوە ساکارە نایەتەدی، بەڵکو لەئەنجامی لێ وردبوونەوە هەست بەوە دەکەین کە(لێکچوو)یەك لەئارادا هەیە بەڵام نادیارە...، ئەگەر بەراوردێك- لەڕووی سیمانتیکەوە- لەنێوان(خواستن)و(لێکچواندن)بکەین، دەبینین لێکچواندن زۆربەی زۆری بۆ ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوە بەکاردێت کە دەچێتە خانەی بابەتی وەسف بۆ دەربڕینی ئەندێشە، بەڵام خواستن زۆربەی بۆ هێز و توندی دەربڕین و کارتێکردنی لەگوێگران بەکاردەهێنرێ لەم ڕووەوە لە(لێکچواندن)بەهێزترە))[1]. بەمجۆرە چوارچێوە و سنووربەندی خۆی لەهونەری لێکچوواندن جیادەکاتەوە، بۆیە دەتوانین بۆ پێناسەکردنەکەی بڵێین:وشەیەك یاخود دەستەواژەیەك بۆ مانایەکی دیکە بەکاردەهێنین، کە مانا دروست و فەرهەنگییەکەی لەدەقێك یاخود لەسنووری ڕستەیەکی شیعریدا تەواو جیاوازە، هەروەها دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە ئەو پەیوەندییەی لەنێوان دووشتەکەدا دروست دەبێت، لێکچوونێك لەنێوانیاندا هەیە و نیشانە وئاستەنگ و ئاریشەیەکیش هەبێت، کەوا لەخوێنەر بکات بەئاسانی و سانایی بۆ واتا ئاشکرا و ڕوون و دروستی وشە و دەستەواژەکە ڕاستەوخۆ نەڕوات.

هونەری خواستن نرخ و بەهایەکی ئیستاتیکی و واتایی بەهێز وبەتین بەشیعر دەبەخشێت، بەهۆی ئەو کارلێکە کاریگەر و چالاکەی داهێنان بەتوێکڵی زمانی شیعردا دەکات، لەبەرئەوەی((خواستن زمان لە چوارچێوەی بەکارهێنانی ئاسایی خۆی بۆ چوارچێوەی داهێنان و نەناسراوی، کە تیایدا یاساکانی زمان دەبەزێنێت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی وشە و ئاوەڵناوەکان لە نێوان بەرجەستەیی و واتاییەکان، خواستن توانا و نهێنییەکانی شیعر ئاشکرا دەکات))[2].

هەروەها بۆ پێناسەکردنی لایەنی هونەریی وێنەی خواستن وتراوە: هونەرییوونەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،(کە بەهێزترین وکاریگەرترین پێداویستییەکانی وێنەکێشانی وێنەی شیعریی هەژماردەکرێت، چونکە توانای وێنەکێشانی هەست و سۆزە کپکراوەکان و بەرجەستەبوونی هەیە و دەتوانێت بەچاکترین و ناوازەترین شێوە بیانخاتەڕوو، بۆیە کاریگەریی لەسەر ناخمان دروستبکات، بەمەش دەبێتە ئەڵقەیەکی پەیوەندی چالاك و ئامێرێکی گەیاندنی باش بۆ دەرخستنی ئەوەی کە لەسینگی شاعیردا هەیە و دەیگوازێتەوە بۆ گوێچکەی خوێنەر بەشێوەی وێنەیەکی ئیستاتیکی و ناوازە)[3].

(1) نەوزەت ئەحمەد عثمان:ڕوونبێژی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، بەنموونەی مەلای جزیری و نالی، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، 1991، ل96.
(2) ناز ئەحمەد سەعید:لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا، ل297.
(3) عدنان حسين قاسم(د.):التصوير الشعري رؤية نقدية لبلاغتنا العربية، الدار العربية للنشر والتوزيع، دار الحنان للطباعة، مصر، 2000، ص111.

كەواتە ئەوەی دەبێتە خاڵی ناكۆك و دژبەیەك و جیاكردنەوەی نێوان خواستن لەخوازەی ڕەهادا ئەوەیە:بریتییە لەهەبوونی پەیوەندییەكی ئۆرگانی هاوبەش لەنێوان وشە خواستراو و وشە دروستەكەدا، بۆیە پێویستە ئەو پەیوەندییە بێتەكایەوە، كە لەنێوان دوو مانا و واتایەكەدا بەدی دێت. جگە لەوەی خەیاڵ وەكو ڕەگەزێكی گرنگ و بایەخداری شیعر بنەمایەكە بۆ پێكهێنانی وێنەی شیعری، لەبەرئەوەی بەخەیاڵ بارگاوی دەبێت، ئەمەش دەبێتە هەنگاوێك بۆ ئەوەی خواستن ڕێچكە و ڕێڕەوە ئاساییەكانی بنەمای گوزارشتكردن و دەربڕین ببڕێت و لەئەنجامدا بەرەو نائاساییبوون هەنگاو بنێت، بەهۆی ئەو لادانە شیعرییەی كە لەپێكهاتەی بونیادی دەقەكەدا هاتۆتەكایەوە، بۆ ئەوەی وێنەی هونەریی شێوازی دەربڕینەكە، بەپلەیەكی بەهێز و كاریگەر و چالاكانەتر بخاتەڕوو، لەگەڵ ئەوەی شاعیر لەڕێگەی ئەم لادانەوە مەبەستییەتی بۆ جارێكی دیكە، واتا و مانایەكی چێژبەخش و نوێباو و هاوچەرخ وسەردەمیانەی هونەریانەمان بۆ بەرهەم بهێنێت و گیانێكی تازە بەبەر وشەو دەربڕین و گوزارشتەكانی ببەخشێت، كە بەهۆی بەكارهێنانی خەیاڵی فراوانییەوە((پارمەتی خولقاندنی سەرچاوەیەك بۆ چێژ دەدات))[1]، بۆیە لێرەدا ئاماژە بەنموونە شیعرییەكانی شاعیر دەكەین:

**هەموو شەوێك**
**تا تێر تێر دەم بەگۆپكەی جووتێك مانگەوە...**
**نەنێم نانووم[2]**

شاعیر لەڕێگەی خواستنی ئاشكراوە، لادانێكی واتاییمان بۆ دەخاتەڕوو بۆ پێكهێنانی وێنە شیعرییەكە، كە بریتییە لە بە مرۆڤكردنی مانگ، بەوەی كە تا تێر تێر دەم بەگۆپكەی جووتێك(مانگ)ەوە نەنێم نانووم، ئەو سیفەتانەش تایبەتن بەمرۆڤەوە، بەڵام شاعیر بۆ بوونێكی دیكە و بەمانا و مەبەستێكی دیكەی بەكارهێناوە، كە دوورە لەمرۆڤبوونەوە، ئەویش(مانگ)ە و دروستكراوێكە لەئاسمانە و تەنیاش یەك مانگ هەیە و جووتیش نییە و لەگەڵ ڕاستی زانستی ناگونجێت، لێرەدا مەبەستی(جووت مەمك)ە، بەڵام(مانگ) لەوچووە و هاتووە و لێچووەكە(مرۆڤ)ە و نەهاتووە.

**پەرەسێلكە سەرقاڵەكانی نەوبەهار**
**بەدەم ئاو و قوڕهێنانەوە دەیانووت:**
**((جووتی چاو مامزی تۆش دێت.))**
**قاز وقورینگ و ڕەنگاڵەش جاڕیان دەدا:**
**((بەڕێوەیە...))**
**خۆرەتاویش هەموو سبەینان**
**بەگوێیدا دەچرپاندم:**
**((كازیوەیەك... وەك من هەڵدێت...**
**گەرمیی ئامێزی قەرەبووی سەهۆڵەكان...**
**سەهۆڵەكانی ئەشكەنجەی غەریباتی دەكاتەوە.))**

(1) لۆرانس پیرین:شیعر چی یە؟، وەرگێڕانی:د.ئەبوبەكر خۆشناو، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی یەكەم،2008، ل45.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل52.

**لەبیرمە مانگی بێکەسیش**
**پاش خەندەیەکی سارد فەرمووی:**
**((چیدی وەك من بێ ناز ناژیت))(1)**

پەڕەسێلکە و قاز و قورینگ و ڕەنگاڵە و خۆرەتاو و کازیوە و مانگ و سەهۆڵ، وەك کۆمەڵە داهێنراوێکی ڕەنگدار و بوونەوەرێکی جوانی نێو سروشت، جوانییە هونەرییەکەیان لەوەدا بەجەستە دەبێت، کە سیفەتی(سەرقاڵ و وتن و جووتی چاوی تۆ و بەڕێوەیە و بەگوێ چرپاندن و گەرمیی ئامێز و ئەشکەنجەی غەریبی و خەندەی سارد و بێ ناز)بەمرۆڤەوە بەندن، خواستراون بۆ ئەمانە و بەهۆی خواستنەوە لادانی واتاییان پێکراوە و بۆ مەبەست و مانای دروستی خۆیان بەکارنەبراون و بەمرۆڤکراون، بۆ پیشاندانی دیمەنی وێنە هونەرییەکان و بەرزکردنەوەی نرخی باڵای ئیستاتیکی دەقە شیعرییەکە.

**برسی و تینووم**

**مڵچ مڵچ گوانی دەمژم(2)**

شاعیر لەڕێگەی وێنەی هونەری خواستنەوە، سیفەتی(مڵچ مڵچ و گوان مژین)ی لەئاژەڵ خواستووە و بۆ خۆی، کە بەهۆی برسییەتی و تینوویەتی ئەم کارانە ئەنجامدەدات، بۆیە دەبینین بەهۆی لادانی واتاییەوە لەمانای ئاسایی وشەکان دوورکەوتۆتەوە و مەبەستێکی دیکەی پێداون و بەم کارەی بەئاژەڵکردنی داوەتە پاڵ خودی خۆی.

**چۆن چنار لە بەژنوباڵای خۆی دەتۆرێت!**
**چۆن فرمێسکی گریانی شەو**
**لەگۆنای گەرمیان دەتۆرێت!**
**چۆن گەڵا لەباخ دەتۆرێت!**
**چۆن بەفر لەدەسلەملانێ و**
**سنگومەمکی شاخ دەتۆرێت!(3)**

شاعیر لەم دەقەشیعرییەیدا خەسڵەت و سیفەتەکانی(بەژن و باڵا و تۆران و فرمێسك وگۆنا و گریان و دەسلەملانێ و سنگومەمکی)لەمرۆڤەوە خواستوە، لەڕێگەی وێنەی هونەری خواستنەوە بۆچنار و گەرمیان و گەڵا و باخ و بەفر و شاخ، بۆ ئەوەی پەیام و مەبەستە شیعرییەکانی خۆی بگەیەنێت و خوێنەریش هەنگاو بەهەنگاو بەدوای دۆزینەوەی نهێنی و مانا و واتا پەیامدار و مەبەستدارەکانی شیعرەکەی بگوازێتەوە، پاشان بەوهۆیەوە چێژ و لەزەتێکی چێژبەخشی لێببینێت و کاریگەرییە جوانییە ئیستاتیکییەکەشی لەسەر دڵ و دەروونیدا بمێنێت.

**هەرکە زستان دەستی چووقاند**
**هەرکە ئاسمان دەموچاوی گرژی لێکناو**
**گوڵمێك ئۆخژنی نەباراند(4)**

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل59_60.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل29.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل37.

(دەست چوقان)سیفەتێکی مرۆڤە بۆ زستان، وەك یەكێك لەوەرزەكانی ساڵ خواستراوە و لەجۆری دركاوە، هەروەها (دەموچاو گرژ لێکنان)و(گۆڵمێك، ئۆخژن:- ئارامی، ئۆقرە)یش ڕوخسار و سیفەتانێکن بۆ ئاسمان خواستراوە لەمرۆڤەوە، بۆ ئەوەی بەهایەکی سەنگین و ڕەنگین بەواتا و ئیستاتیکای پێکهاتەی بیناکاریی شیعرەکە ببەخشێت.

**ناوێرم داریش بدوێنم**
**دەترسم دار بێتە قسە**
**دەترسم کە چەند لقێکی لێ هەڵپاچرا**
**بتدرکێنێت و یەکجاری نەتبینمەوە[1]**

لەم شیعرەدا شاعیر(دار)ی کردووە بەمرۆڤ و سیفەتی(دوان، قسە، درکاندن)ی لەمرۆڤەوە بۆ خواستووە و خستۆتە پاڵ دار وەك خواستنێکی درکاو، بۆ ئەوەی جوانییەکی هونەریی بەدەقەکەی ببەخشێت، لەڕێگەی بەمرۆڤکردنی دارەوە وەکو کەرەستەیەکی بێگیان، مەبەستییەتی مانا و واتایەکی دیکەی پێبدات، ئەویش ترس و دڵەڕاوکێ دەرونی خۆی بخاتەڕوو، کە تەنانەت لەکاتوساتی سەردەمی نووسینی ئەم تێکستەیدا هێندە مەترسیدار و دژوارە ناتوانێت و ناوێرێت داریش بدوێنێت، لەترسی دوژمنەکەی، نەوەکو نهێنییەکانی لەساتی ئازاردان و هەڵپاچرانی بدرکێنێ و بەیەکجاری خۆشەویستەکەی نەبینێتەوە.

**مانگ**
**بریندارە**
**تووڕەیە**
**مانگ لەوەتی هەوێی هەیە**
**ڕەنگ وڕوخساری وەك بەیە[2]**

شاعیر لەم دەقەیدا هەریەکە لە(بریندار، تووڕە، هەوێ، ڕەنگ و ڕوخسار)،کە وەك سیفەت پەیوەست بەمرۆڤکراوە، بۆ(مانگ)ی خواستووە لەجۆری ئاشکرایە و بەمرۆڤکردنی داوەتە پاڵ، بەمەشیان ئیستاتیکای دەقەکەی جوانتر کردووە، هەروەها ڕەنگ و ڕوخساری مانگی بەبەی چوواندووە، مانگ: لێچووە، وەك: ئەوزار، بەهێ: لەوچوو، ڕووی لێکچوون: زەردی، بۆیە مانگ لەوەتی هەوێی هەیە، بەو هۆیەوە ڕەنگی زەردە .

(4) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل98.
(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل16.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل125.

**تەوەرەی سێیەم: لایەنی ئیستاتیکای هونەری دیکە**

جگە لەو تایبەتمەندییانە، کە بەشێوەیەکی گشتی باسی پێکهاتەی لایەنی هونەریی زمانی شیعر و کێش و سەروا و وێنەی شیعری دەکەن، لەم تەوەرەیەدا دەمانەوێت بەنموونەی شیعرەکانی دیکەی شاعیر ئاماژە بۆ چەند گەمەیەکی دیکەی ئیستاتیکی بکەین، وەکو چەندین لایەنی هونەرییانەی دیکە بیانخەینەڕوو:-

یەکەم- ئیستاتیکای تۆپۆگرافیای شیعری

دووەم- ئیستاتیکای ناونیشان

سێیەم- ئیستاتیکای پرسیار

**یەکەم: ئیستاتیکای تۆپۆگرافیای شیعری لەشیعرەکانی نەوزاد رەفعەت دا**

مەبەست لەتۆپۆگرافیای شیعری ئەوەیە، کە ڕووبەری لاپەڕەی شیعرنووسین بەتایبەتی لەشیعری نوێ و هاوچەرخی کوردیدا لە ڕووی ڕوخسار و ناوەخندا بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکاریی بنچینەیی لەڕووی خاسیەتی هونەرییەوە بەخۆیەوە بینیوە. دیارە شاعیرانی ئەم سەردەمەش لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندنەکاندا، هەوڵیانداوە ئەزموون و توانا هونەری و شارەزایی ئەدەبی خۆیان لەو بوارەدا پراکتیزە بکەن. بۆیە تۆپۆگرافیای شیعر نووسین(ڕووبەری شیعری)یان(جوگرافیای شیعری)نووسینمان مەبەستە لەسەر ڕووی لاپەڕەکان، بەپێی مەبەستی شیعریی شاعیر لەڕووی کورتی و درێژییەوە کۆپلە و دێڕ و نیوەدێڕ و بڕگە و ڕستەشیعرییەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

دەبینین ڕێژەی سپییەتی و ڕەشایەتی گۆڕاوە، ئەوەش زیاتر پەیوەست نەبوونی شاعیرە بەچوارچێوەییەکی دەسنیشانکراو، تا بەهۆیەوە زیاتر ڕوو لەلایەنی ئیستاتیکی شیعری بکات.

لەگەڵ شێوەی نووسینی شیعرەکەدا سەرنج و بینینی خوێنەر بۆ جۆر و شێوە و شێوازی جوانی و ئیستاتیکییەکەی ڕابکێشێت و کاریگەرییەکەی پتر لەبیر و زەیندا بچەسپێنێت، تاوەکو هەست بەنوێباوی و تازەیی و نووسینی شیعرەکە بکات و توانای خوێندنەوەی دەستەواژە و دەربڕینە نوێیەکەی هەبێت، بۆئەوەی ئەو شێوە نیگاربینی و وێنەبینی وجوانبینییە ببینێت، کە بێ تاقەتی دڵتەنگی لەدڵ و دەرونی دەرەوێنێتەوە، کە پێشتر لەنووسینی شیعردا بینوویەتی. لەبارەی ئەم خاسیەتە هونەرییەوە(د.فەرهاد پیربال)دەڵێت:- ((یەکێك لەخاسیەتەکانی شیعری هاوچەرخ بریتییە لەو دابەشبوونە نوێیەی کۆپلە و بڕگە و دێڕەکان بەسەر ڕووی لاپەڕەدا، واتە گۆڕانی تۆپۆگرافیای تێکستی شیعری. ئەم گۆڕانکارییەش کە بەسەر ڕووخسار و شێوەی شیعردا هاتووە، وای کردووە، کە شیعری هاوچەرخ زیاتر لەنیگار و وێنە نزیك ببێتەوە))(1).

دابەشبوونی ئەم ڕەشایەتییە بەسەر سپییایەتی ڕووبەری لاپەڕەی شیعری چوون یەك نییە، بەپێی ئەزموونی ئەدەبی و خوێندنەوە و چالاکی و توانای بەهرەداری شاعیران، ئەم ئەزموونکردنەیان لەدەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە نەخش و نیگار و دیمەنی لاپەڕەی شێوەی شیعرنووسینیان جیاواز بووە و دواتر هەنگاوی تەکنیکی وردیان بۆ گۆڕانی سیفەت و خەسڵەت و

(1) فەرهاد پیربال(د.):تۆپۆگرافیای تێکستی شیعر،گۆڤاری ڕامان، ژمارە 1،1996/7/1، ل4.

ئـەدگاری هونـەرییان داوە، تـاوەکو شـیعر بـەرەو وێنـەکردن و تـابلۆکردن ببـەن. بەشـێوەیەك کـە ڕاستەوخۆ کار لەناخی خوێنەر بکات، (ئامانج و ئاکاریشیان بەیەکەوە بەستنەوەی هەستەکانە، لەگەڵ چـالاکی بیـر و هـۆش و نـەمانی جیاکـاری لـەنێوان شـیعر و هونـەردا، کـە بـەجۆرێك ئاوێتـەبوونێك بەهۆی کاری داهێنانەکەوە لەنێوان هەستی و هۆشـییەکاندا بەرجەستـەبێت)[1]، چونکـە بـەهۆی ئـەو گۆڕانکارییەوە ئەدگارێکی دەگمەن و تایبـەت بەشـیعر دەبەخشـرێت، بـەجۆرێك کـە هەسـتی بینینـیش لـەپاڵ زەینیـدا بەشـدارییەکی چـالاك و کارامـەی دەبێـت لـەچێژو لەزەتبەخشـین و بەرجەسـتەکردنی ئیستاتیکای شیعرەکە.

جگە لەم تایبەتمەندییە ئەدگارییەش پێکهاتەی بونیادی جوگرافی دەقی شیعری نوێ گۆڕانێکی ڕیشەیی لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی((جوگرافیای دەقی شیعری نـوێ لـە سـەرەوە دەسـت پـێ دەکـات بەرەو خوارەوە، لەسەرشێوەی شاقووڵی، مەرجیش نییە بەیەك شێوە و،وێنە بەرەو خوارەوە بکشێت، یان لەسەریەك جۆر، ئاسۆیی ڕێ بکـات. دەشـێت لـە شـوێنێکدا بـەرز بێـت و لەشـوێنێکدا نـزم بێـت، لەشوێنێك چاڵ بێت و لە شوێنێکی تردا قۆقز بێت))[2].

هـەروەها هەنـدێکجاری دیکـەش دەبینـین شـێوەی تۆپۆگرافیـای شیعرنووسـین بەجۆرێکـە، کە((پیتەکان لێك جیادەکرێتەوە و بەشێوەی جیا دەنووسـرێت، ئـەو پیتانـەی کـە وشـەکە لـە شـیعرەکە پێکدێنن، بەشێوەی ئاسۆیی، ستوونی، لار، بازنەیی، لێك دادەبڕێنرێن و مەودایەکی دوور لەنێوانیاندا دروستدەکرێت و بەسەرلاپەڕەکەدا دابەش و بڵاودەکرێنەوە))[3].

(نـەوزاد ڕەفعـەت)یش، وەك شـاعیرێکی خـاوەن ئـەزموونی هونـەری و ئـەدەبی و ئاگـادار لـەمیکانیزمی گـۆڕینی ڕێـڕەوی شـیعریی لـەقۆناغی سـەردەمی خۆیـدا، هەوڵیـداوە شـێوە کـۆن و سواوەکەی شیعرنووسین بگۆڕێت، بۆسەرچاوەیەکی وزەی گوزارشتکاریی شێوە و شێوازە دەربڕینە نوێیە تازە باوەکەی و کەرەستەیەکی ئیستاتیکی کاریگەر و کارلێکەر و سـەرنجڕاکێش و چێژبـەخش لـەبونیادی پێکهاتـەی داهێنانـە شـیعرییەکەیدا، بـەهۆی ئـەو گەمـە هونەرییـەی کـە ئەنجامیـدەدات. لەوانەش:

**1- نووسینی شێوە شاقووڵی**

شاعیر لەمجۆرەیاندا هەوڵیداوە گۆڕانکاری لەتەکنیکی تۆپۆگرافیای شێوە و نووسینە ئاسـۆییە ئاساییە باوەکەدا بکات و بەرەو شێوە نووسینێکی شـاقووڵی ببـات. بـەبێ ئـەوەی خـۆی پابەنـد بکـات، بەئەدگار و چوارچێوەبەندییەکی دیاریکراو لەشێوەی نووسیندا،بەمەش مەبەست و ئامانجییەتی زیـاتر ڕوو لەجۆری ئیستاتیکای شیعرەکە بکات و کاریگەرییە ئیستاتیکییەکەی بەهێزتر لەمێشکی خوێنـەردا بچەسپێت.

**لەبیری**
**حەزرەتی**

---

(1)جاکوب کورك:أللغة في ألأدب الحديث(ألحداثة و التجريب)، ترجمة:ليون يوسف و عزيز عمانوئيل، دار المـأمون، بغداد، 1989، ص258.
(2) عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:جوگرافیای دەق و ئامادەبوون و دیارنەبوونی ڕەش و سپێتی، گۆڤاری کاروان، ژمـارە 12، 1994، ل32.
(3) أميمة الرواشدة:شعرية ألانزياح، منشورات أمانة عمان الكبرى، عمان،2005، ص281.

**یووسف**
**قووڵترە**
**بیری**
**ترسی**
**من**
**فریا ! فریا !**(1)

شاعیر لەم شیعرەیدا ئاراستەی نووسینی شیعرەکەی بەمشێوەیە بونیاد ناوە، کە ڕووبەری ڕووی سپییاتی لەڕووبەری ڕەشایەتی لەسەر لاپەڕەی کاغەزەکە زیاتر بێت، بۆ گونجاندنی هەماهەنگی و هاوسەنگی لەنێوان پەیوەندی وشەکان لەلاپەڕەکەدا، بەوەی کە لەلایەك ببێتە تەواوکەری بونیادی مانا و مەبەستی بابەتییەی بۆ ئەوەی خوێنەر قووڵتر بیر لەواتاکانی بکاتەوە و لەلایەکی دیکەشدا بونیادێکی هونەریی ئیستاتیکی ڕازاوە و ناوازە بەڕوخساری شیعرەکە بدات.

**تەختەی سێرك**
**عەرد**
**دیوار**
**پەنجەرە**
**دەرگا**
**کورسی**
**خەڵك**
**خڕ چادرگا.. سوور هەڵگەڕا**(2)

شاعیر هەوڵیداوە بەشێوەیەکی شاقووڵی وشە شیعرییەکانی بنووسێت، بەبێ گرنگیدان بەدەستوور و یاسا و ڕێساکانی شێوازی نووسینی کۆن، لەدانانی سنوورێکی کۆتوبەند کراو بۆ ڕیتم و ئیقاع و ئاوازێکی باو، بەتێکشکاندنی ئەم یاسایانە ڕامان و سەرنجی خوێنەر بۆ بینینی جۆری شێوەی نووسین و شێوازی دەربڕینی جوان و چالاکتر دەکات.

**ماڵ بەماڵ...**
**مزگێنی**
**ڕمانی**
**بتەکان**
**دەڕوێنن** (3)

شاعیر کە ئەم شیعرەی بەمشێوەیە نووسیووە، مەبەستی بووە لەگەڵ گەیاندنی پەیام و ماناکانی لەئاستی بونیادی بابەتییدا، هاوشان بێت لەگەڵ ئاستی ڕوخسارەکەیدا، بۆ دروستکردنی وێنەشیعرییەکەی، هەرچەندە مزگێنی هەرگیز ناڕۆێنرێت، بەڵام شاعیر شێوەی نووسینەکەشی وەها نووسیوە، کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ مانا و مەبەستی شیعریی شاعیر، کە ڕاستەوخۆ کار لەدەرونی خوێنەر بکات. بەومەبەستەی هەستەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە، لەبەرئەوەی هەستی بینین شانبەشانی

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل98_99.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل101.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل68.

زەینی بەشدارییەکی بەهێز و کاریگەریی لەچێژبەخشین و بەرجەستەکردنی جوانیناسی شیعرەکە دایە.

**زەنگوڵ**
**زەنگوڵ**
**ئارەق**
**یاخود**
**تك**
**تك**
**خوێنی**
**سەدەهات**
**لێ هەڵدەقوڵا ؟!**
**تەمەنی گەنجیت**
**دادەڕژا**
**گەڵا**
**گەڵا ؟!**
**پەشیمانیت ؟! (1)**

شێوەی نووسینی شاقوولی ئەم کۆپلەشیعرە بەپێی هەڵچوون و شڵەژان و بارە دەروونییە سەختەکەی شاعیرە، لەئاستی بونیادی بابەتییدا گۆڕانی شاقوولی بەسەرداهاتووە، بەجەختکردنەوە لەسەر وشەکانی زەنگوڵ وئارەق و تکە خوێن، دیمەنی وێنەکان دەخاتەڕوو، پاشان(گەڵا)داڕژان وەك تەمەنی گەنجی لێکچوواندنی پێکراوە، لەدوا پەیامیشدا(پەشیمانی)داد نادات. پێکهێنانی وێنەشیعرییەکە و بابەتەکەی هاوسەنگییەکی تەباو گونجاو لەنێوانیاندا بەرجەستەیە. بۆیە ڕووبەری سپییەتی لەسەر ڕووی کاغەزدا لەبەشی ڕووبەری ڕەشی کەمکردۆتەوە، بەمەش ئابووریکردنێك لەنووسین دێتە ئاراوە و چڕکردنەوەیەکیش لەواتاکەیدا بەدی دێت، بۆئەوەی بەها و نرخی کاریگەرییە ئیستاتیکییەکە بەرزتربکاتەوە.

**2- نووسینی شێوە پێپلیکەیی**

جۆرە تەکنیکێکی هونەریی دیکەی نووسینە، شاعیر بەشێوەیەکی پێپلیکەیی ڕیزبەندی ڕستە و وشەشیعرییەکان دادەڕێژێتەوە. بەمەبەستی ئاشناکردن و سەرنجدانی خوێنەر بۆ گۆڕینی شێوەی نووسینەکەی بەپێی پێویستی بەکار هێنانەکەی ، بۆئەوەی زیاتر ئارەزووی خوێندنەوەی بکات و بەشێوازێکی تر ببینێت و لەزەتێکی چێژبەخشیشی لێوەربگرێت، ئەمەیە خاڵی بەیەکگەیاندنی چەمکی ئیستاتیکای جوانبینی وجوانیناسی بەبیر و هۆش و دڵ و دەرونی خوێنەر.

**سرووتگێڕەکان...**
**سەرخۆشە ئاهەنگ پەروەرەکانیشی**
**دەکردەوە**
**گوڵێك ...**
**گوڵمێك...**

(1) نەوزاد ڕەفعەت: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل94.

**کۆزێك...**
**مندالٌ... [1]**

(نــەوزاد ڕەفعەت)لــەم پارچەشــیعرەدا بەشــێوەی پێپلیکــەیی بەتۆپۆگرافیایــەکی ئیســتاتیکی، وێنەکــەمان پێشکەشــدەکات. بــەو مەبەســتەی خوێنــەر بــەبینین و تێروانینێکــی ســەرەدەمیانە دەربڕینــە شیعرییە نوێیەکان ببیستێت و ببینێت، بۆئەوەی هەست و سۆزی بجوولێنێ و چێژێکــی هونەرییانــە و دەرونیانەی لێوەربگرێت.

**یاگەی پڕ خوێن... پڕ هەتیوی بسڕنەوە و**
**قەتار**
**قەتار قەتار قەتار**
**قەتار قەتار**
**قەتار قەتار**
**قەتار قەتار**
**قەتار قەتار**
**دەشتاودەشت ... کۆسار بەکۆسار... بەشەلەشەل... بەپەلەپەل**
**... نەپەڕنەوە [2]**

شاعیر لەشێوەی پێپلیکــە بەڕووبــەرێکی نایــاب و نــاوازە و ئیســتاتیکی، بەدووبارەکردنــەوەی وشەکانی(قەتار)(14)جار لەئاستی لادانی زمانییدا بەدووبارەکردنــەوەی وشــەکە، کــە بــەواتای یــەك بەدوای یەکداهاتن، ئەمیش وەك قــەتارری بــار و بارگــەی ڕێچکــەی بەســتووە بــەدوای یەکدا ڕیــزی کــردوون، بەمــەش بونیــادێکی جــوان و گرافیکــی کێشــاوە. بــەهای ئیســتاتیکی دەقەکەشــی ڕازاوەتــر کردووە، خوێنەر بەشێوەیەکی نوێباو ئاراستەی شێوەی بینینــی نووســینە شــیعرییە تازەکــەی دەکــات. بەجۆرێك لەگەڵ خستنەڕووی بونیادی بابەتی شیعرەکە بەرزی و نزمی دەبینرێت و لەشوێنێکەوە بــۆ شوێنێکی تر لەهەڵبەز و دابەزدایە و هەست بەهەڵچوونی دەرونی و باری شــڵەژان و هــەژانی نــاخی شاعیر دەکرێت. بۆیە ئەم هەڵچوونە دەرونییەشی لەسەر جۆری شێوازی شێوەی کاتوساتی نووسینی شیعرەکەی ڕەنگیداوەتەوە و بەســەر ڕووی لاپەڕەکــەدا پــەرت و بڵاوبۆتــەوە و ڕووبــەڕی ســپییەتی لەڕەشی پترە، بەمەش ئاستی ڕوخساریشی هونەری و ئیستاتیکیتر کردووە.

### 3- شێوە نووسینی هونەری هەڵوەشانەوەی وشە

بریتییــە لەتــەکنیکێکی هونــەری دیکــەی شــێوە نووســینی هەڵوەشــانەوە و لێکــدابڕان و جیاکردنــەوەی پێکهاتــەی بونیــادی وشــەی شــیعری لەســەرڕووی لاپــەڕە، بەشــێوەیەك کــە شــاعیر بەهەڵوەشــانەوەی پیتــەکان گەمەیــەکی ئیســتاتیکی هونــەرییان پێــدەکات و ئاســتی زمــانی هونــەریی شیعرییان پێ بەرز دەکاتــەوە و بەئەنجامــدانی ئــەم کــارە پرۆســەی((هونەرێکی زمــانی شــیعر نیشــان دەدات، ســەرەڕای جەوهەرایــەتی ئیســتێتیکان بــۆ هۆشــیارکردنەوەی خوێنــەر لــەناخی هــەڵچوون، ئاستێکی سیحری دەگرێتەبەر))[3].

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل254.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل229.
(3) ئازاد ئەحمەد مەحموود(د.):بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل225.

هۆکاری سەرەکی ئەمەش سازاندنی زەمینەیەکی سیحراوی لەباروگونجاوە، بۆ ئامادەگیی خوێنەر، هەتاکو بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لەکرداری گەیاندنەکەدا بکات، چونکە((تەنیا جوانی قەسیدە بەس نییە، بەڵکو دەبێ سیحرێکی هەبێ کە هەرکاتێك ویستی گوێگر بۆلای خۆی ڕابکێشێ))[1].

ئەم هونەرەش لەڕێگەی داهێنان و هونەریەتی بەکارهێنانی زمانەوە دەبێت، بۆ هێنانەکایەی جیهانێکی ئارامبەخش و پڕ لەگەیاندن و وزەبەخش و چێژبەخش، بەجۆرێك خوێنەر وەها دەسازێنێت، کە بەبینینی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە و لێکدابڕانی پیتەکان، جارێکی دیکە بیانهێنێتەوە پاڵ یەکدی و لێکیان بداتەوە و بزانێت بنەمای پێکهاتەی بناغەی وشەکە بەچ فۆرم و شێوازێکە، چونکە شاعیر دەیەوێت لەسۆنگەی دڵسۆزی و خۆشەویستییەوە پەرە بەگەشەپێدانی ئەو زمانە شیعرییە بدات، کە بەمەبەستێکی تایبەتی دەسنیشانکراو کاری لەپرۆسەی ناوەخنی کردووە.

(نەوزاد ڕەفعەت)یش لەڕوانگەی ئەڤینی و خەمخۆرییەوە، وەك ئەرکێکی سەرشانی کاری لەسەر برەودان و بەرەوپێشبردنی زمانی شیعرەکەی کردووە و هەوڵیداوە بەشێوەیەکی تەکنیکی هونەرییەوە، وەك کارێکی داهێنەرانە بەشداری لەشێوازی هونەریبوونی هەڵوەشاندنەوەی وشە شیعرییەکانیدا بکات، بۆنموونە:-

**فریادڕەسی ڕۆح و جەستەی شێلراو بەنامۆیی و برین**
**پێبگات و هەر بۆمن ب**
**ە**
**ر**
**ب**
**ب**
**ێ**
**ت**
**ە**
**وە**
**بیگرمەوە و بڵێت: ((پیری منداڵ بۆ تۆم))[2]**

شاعیر وشەی(بەربێتەوە)ی لێکجودا و هەڵوەشاندۆتەوە، وەك شکانی شووشەیەك کە پەرت و بڵاودەبێتەوە( ب- ر- د- ە- ب- ێ- ت- ە- وە) گەمەی بەپێکهاتەی وشەکە کردووە و شێوەیەکی شاقوولی پێداوە، کە لەگەڵ ناوەخنی بابەتەکەدا بگونجێت، بۆئەوەی ئاستی هەڵچوونی دەروونی خۆی، لەگەڵ ئیقاعی ڕیتمی میوزیکی هاوشان بکات و سووکە لەنگەرێکی پێبگرێت، بۆیە ڕیتمی گۆکردنەکەی خاوکردۆتەوە بەو لێکهەڵوەشاندنەوە، بەمەشیان ئاستێکی سیحری ئەفسووناوی پێشکەش بەگوێگر کردووە.

**با ... با ... با ... با ... با ...**
**ئەمڕۆ سبەی**
**دەمامکەکان هەڵدەوەرن**
**گ**
**ە**
**ڵ**
**ا**

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل226.
(2) نەوزاد ڕەفعەت: باڵەکانم بدەرەوە، ل20_21 .

**گ**
**ە**
**ڵ**
**ا**
**با ... د ... ە ... ی... ا ... ن ... ب ... ا ...** (1)

ئیستاتیکیبوونی ئەم کۆپلەشیعرە لەوەدایە، کە شاعیر لەچەندین لاوە هونەرمەندانە کاری لە بونیاتی ناوەرۆك وڕوخساری دەقەکەی کردووە، دەربڕینی گوزارشتەکانی لەڕووی ناوەخنەوە هاوشان و تەبان، لەگەڵ بونیاتی ڕوخساریدا، دەلالەت لەهەمان پەیام و مەبەست و ماناوە دەکەن. شاعیر بەدووبارەکردنەوەی وشەی(با)شەش جار، هەوڵیداوە بەشێوەی چەند برگەیەك لەئاخاوتندا هەڵوەشاندنەوە بەفۆڕمی شێوەی نووسینی شیعرەکەی بکات، هەروەها بەدانانی نیشانەکانی خاڵبەندی بەشێوەی(...)سێ خاڵ بەدوای یەکدا، بۆ(13)جار لەتەواوی کۆپلەکەدا، بوونەتە بەشێك لەوێنەی شیعرەکە و هێز و گەیاندنیان کاریگەر و بەهێزترە، لەبەرئەوەی((کردارە دەنگییەکانی هێز و ئاوازە و بەرزی و نزمی چۆنیەتی دەربڕینی شێوە جیاوازەکانی دەربڕینی دیاریکردووە))(2).

هەروەها هەڵوەشانەوەی وشەکانی(گەڵا گەڵا) بەدوای یەکدا و دووبارەبوونەوەیان و وشەی (دەیانبا)بەلێکدابڕان و جیاکردنەوەیان لەیەکتری، دەرخەری هێزی هەڵچوون و دەرونی ناخی شاعیرە بەپێدانی ڕیتمێکی میوزیکی گران و بەرز و نزمی حاڵەتە دەرونییەکەی پیشاندەدات، دواتر هێواشکردنەوە و نزمبوونەوەی وپاشان بەرزبوونەوەی وێنەیەکی هەست بزوێن و ئەفسووناوی پێکهێناوە.

**ژواناوی پیرۆزتان نۆشی**
**ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب**
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن
**ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب**
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن (3)

وەك دیارە شاعیر وشەی(باران)ی(14)جار بەشێوەی پیت دابەشکردووە و لێکدی جیا و هەڵوەشاندۆتەوە، گەمەیەکی ئیستاتیکی هونەری بەرزی بەزمانی دەربڕینی شیعرەکەی کردووە، وەك کارێکی سۆز بزوێن بەتەکنیکێکی نوێوە پرۆسە هونەرییەکەی پێشخستووە، بۆئەوەی وەرگر وردە وردە بەدوای هەنگاوە سیحراوییە ئیلهامبەخشەکانی دابڕوات و وێنەی جۆری باران و کاریگەرییەکەی لە هزر و خەیاڵدانیدا دروستبێت و کاردانەوەکەی بمێنێتەوە و دەسنیشانی فۆڕم و

(1) نەوزاد ڕەفعەت: ڕێی تاوسان، ل97.
(2) علي الشرح:لغة الشعر العربي المعاصر في النقد العربي الحديث، جامعة اليرموك، أربد،1991، ص96.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل71.

شێوازی ژوانەکە بکات و پیرۆزیی پێبدات، بەمەش هێزی گەیاندن و چێژ لێوەرگرتنەکەی زیاتر دەبێت.

**هەتا گیای ئاسوودەییت دەست دەکەوێت**
**خێرا ... بگەڕێ ... بگە ... ڕێ ...**
**بڕۆ ... ب ... گە ... ڕێ ... ب ... گە ... ڕێ ...**
**بڕۆ ... ب ... گە ... ڕ ... ێ ... ب ... گە ... ڕێ ... ێ ...**
**ب ... ڕ ... ۆ ... ب ... گە ... ڕێ ... ێ ...**
**ب ... گ ... ڕ ...** (1)

شاعیر وشەکانی(بڕۆ، بگەڕێ)ی وەك دوو کاری داخوازی بەدوای یەکدا هێناوە، بۆئەوەی بۆدەسکەوتنی(گیای ئاسوودەیی)، مرۆڤ دەبێت خێرا بڕوات و هەنگاو بنێت، دەلالەت لەزۆریی گەڕان دەکات، وەکو گەڕانی گلگامش بەدوای گیای نەمریدا، بەڵام پێویستە مرۆڤ هێمنانە و لەسەرخۆیانە پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوەکەی ئەنجامبدات، وەهای وێناکردووە کە چۆن لەتاقیگەیەکدا وردانە و پسپۆڕانە کاری پشکنین و دۆزینەوەی شتێك ئەنجامدەدەیت و ڕەنگە هەندێکجاریش بەئەنجامەکەی نەگەیت، بۆیە پێویستە لەتاقیگەی ژیانیشدا بەهەمان شێوە کار بکەیت. ئەوەیە پەیام و مانای مەبەستدار و ئامانجداری شاعیر، ئەو واتایەشی هاوشان و هاوسەنگ کردووە، لەگەڵ ڕوخساری شیعرەکە، بەهەڵوەشاندنەوەی وشەکان و کرتاندنی بەشێك لەپیتەکان هەمان دەلالەت و ئیحادەبەخشن و خوێنەریش بەخوێندنەوەی دەقەکە پەیتا پەیتا لە کرداری پرۆسەکەدا بەشداری دەکات، بەدەستەبەرکردنی ئەو زەمینەی، کە شاعیر بۆی ئامادەکردووە.

**ئەستێرەیێ لەتاریکیدا دەبینرێ**
**تاقانە ... تیژ تیژ**
**د**
**ا**
**د**
**ە**
**ڕ**
**ژ**
**ێ !** (2)

بەهەڵوەشاندنەوەی وشەی(دادەڕژێ)ڕووبەرێکی شێوەپێدانی لاری دروستکردووە، هەروەها تۆپۆگرافیای دابەشبوونەکەی جوگرافیایەکی کەمی تایبەتی لەسەرڕووی لاپەڕەی شیعرەکە داگیرکردووە، تاکو فۆڕمی شێوە و شێوازی نووسینەکەشی، هەمان واتاو مانای وشەکانی (ئەستێرە، تاریکی، تاقانە، تیژ تیژ، دەبینرێ)بدات و هاوتەریب بێت، لەگەڵ ئەو ئیحا و دەلالەتەی کە لەناوەڕۆکدا لەخۆی گرتووە، بەمەشیان ئاستی ئیستاتیکی زمانی هونەریی دەقەکەی بەهادارتر کردووە.

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل171.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل92.

**تاشە بەردی ئەو هەورازە نەفرەتییە**
**سەری دەخرێتە بان لوتکە**
**سە ... ما ... سە ... ما ...**
**سە ... ما ...**
**سە ...**
**ما ...** (1)

شاعیر بەدانانی هێما و نیشانەیەکی خاڵبەندی، کە(...)سێ خاڵە بەدوای یەکدا، تاکو وشەی(سەما)بەشێوەی برگەیی لێکجودا و هەڵبوەشێنێتەوە و شێوە وێنەیەکی پێپلیکەی پێبدات، بۆئەوەی گوزارشت لەبابەتی ناخۆشی وسەختی و شێواز و جۆری تاشەبەرد و هەوراز و سەرخستنە بان لوتکەکەدا بکات، بەمەبەستی کارلێك و وریاکردنەوەی گوێگر لەگەیاندنی ئەو پەیام و واتا و مانایانەی هەژان و هەڵچوون و شڵەژانی شاعیر دەخەنەڕوو.

**4- شێوەی نووسینی وێنەیی**

تەکنیکی شێوازی جۆری شێوە نووسینێکی دیکەیە، کە شاعیر بەبەکارهێنانی وشەکان بەڕێگەیەکی نوێی هونەرییانە وێنەیەك دەکێشێت، ڕەنگە شیعرەکە وێنەی شێوەیەکی ئەندازەیی یاخود ناوچەیەك، یان هەر کەرەستە و کەلوپەلێکی تر بێت، بۆ بەیەك بەستنەوەی هێزی بیرکردنەوە و هەستی بینین بەیەکەوە، لەبەرئەوەی گەلێکجار ئەو وێنانەی شاعیر کێشاویەتی ڕاستەوخۆ یەکگرتوو و یەکانگیرن، لەگەڵ هەمان ئەو پەیام و مانا و دیاردە و بابەتەی کە خستوویەتییە ڕوو، چونکە جگە لەجەختکردنەوە و دووپاتکردنەوە بابەتی ناوەخن لەگەڵ ڕوخساردا،((هێزی گەیاندن و چێژی هونەریی شیعرەکە لەبەکاربردنی شێوە ئەندازەییەکەش بەدی دێت، لەمیانەی جوولەکردن بەچاو لەسەر جەستەی پانتایی شیعرەکە، وەك بزواندنی چاوە لەسەر ڕووی دیمەنی نیگاری تابلۆیەك))(2).
(نەوزاد)ی شاعیریش لەڕێگەی هەستکردن و درککردنی گرنگی و بایەخپێدانی ئەو لایەنە ئیستاتیکی و هونەرکارییە، هەوڵیداوە لەداهێنانی کارە ئەدەبییەکانیدا، شێوە شیعرێکمان پێشکەشبکات، کە خۆیان لەژێرناوی(شیعرە نیگار)(3)، یاخود(شیعری وێنەیی)(4)، یان(شیعری دیدەیی)(5)پۆلین بکەن.

**بەرد**
**بەرد بەرد**
**بەرد بەرد بەرد**
**بەرد بەرد بەرد بەرد**
**بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد**
**بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد**
**بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد**
**بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد**
**بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد**

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل250.
(2) جاكوب كورك: أللغة في ألأدب الحديث(ألحداثة والتجريب)، ص 211_ 212.
(3) فەرهاد پیربال:شیعری نوێی کوردی(1898- 1958)، دەزگای کوردستان، هەولێر،2005، ل105.
(4) حەمە مەنتك:سوریالیزم لەئەدەبی کوردیدا، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر،2011، ل111.
(5) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل81.

**بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد بەرد**
**بەقەد شاخێك**
**تاشە بەردی سزای خۆراییم لێ بارە (1)**

شاعیر لەناوەرۆکی شیعرەکەدا باس لەتۆکمەیی و پتەویی بەرد بەردی شاخێك دەکات، وەك ڕەمزی خۆڕاگری و قارەمانیەتی و بەهێزی دەیخاتەڕوو، بۆیە هەمان واتاشی بە کێشانی وێنەیەکی سێگۆشەیی ئەندازەیی(هەرەمێك)داوە، کە شاخێکی شێوە قوچەکییە بۆ بەیەکەوە گرێدانی هەستی بینین و زەینی لای وەرگر(خوێنەر)ی دەقەکەی.

**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**بێهوودەیە کوڵینگ وەشاندن و عیشق و فرمێسکی من ؟ !**
**یان هێندەی نابات دیواری نێوان هەڵدەکەنرێت لەبن**
**پەپوولان ڕاودەنێمەوە و دەبینمەوە بەهەشتی ون ؟ ! (2)**

شاعیر لەناوەخندا باسی هەڵتەکاندنی دیوارێك دەکات، بۆیە شێوەی ڕیزکردنی بلۆك دەبینین، کە کوڵینگ وەشاندنی بێهوودە و بێ ئەنجامە بۆ لێکجیاکردنەوەی عیشق و فرمێسك و کرداری ڕاونانی پەپوولە و بینینی بەهەشتێکی ون بەزەین، بۆیە شیعرەکەشی لەڕووی واتاوە بەهەمان شێوەی وێنەیەکی دیواری ئەندازەیی تاڕادەیەك لاکێشەیی کێشاوە، بۆ بینینی دیمەنی نیگاری تابلۆ شیعرییەکەی.

**ئەو هەمووە شێرن یان کەوڵە شێریان لەخۆ هەڵکێشاوە ؟ !!**
**ئەدی داڵ و گەلەگورگ و ڕیوی و بەراز ؟ !!**
**بۆ کوێ چوون ؟ ! زەوی قووتی دان ؟ !**
**ئای!!! خوایە گیان هەر بەتەنیا**
**منی کەروێشکی لانەواز**
**لەبێشەدا ماومەتەوە**
**بێ ددان و**
**دەمامك و**
**لان (3)**

شێوازی فۆڕمی شێوەی نووسینی ئەم شیعرە وێنەییە، لەشێوەی هەرەمێکی قوچەکی پێچەوانەیە، شاعیر بەناوەرۆك باسی بێ لانەیی و بێ دەسەڵاتی و بێ هێزیی و پەرێشانی و سەرلێشێواویی مرۆڤەکان دەکات، بۆیە شیعرەکەشی بەمشێوەیە نووسیوە، تاکو هەمان دەلالەت و ئیحا و مانا و واتا

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل81_ 82.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل106.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل98.

لەڕووی بونیاتی ناوەخن و ڕوخساری بینراویدا بەرجەستە بکات و بەدانانی هێماکانی خاڵبەندیش هێندی دیکە، کاریگەری و سەراسیمایی لای خوێنەر دروستکردووە.

**هەوری خوێن نارەویتەوە و بارانی سوور**
**هەر:**
**د د د د د د د د د د د د د**
**ە ە ە ە ە ە ە ە ە ە ە ە ە**
**ب ب ب ب ب ب ب ب ب**
**ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا**
**ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر**
**ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ؟(1)**

شاعیر هەوڵیداوە بەئیشکردنی لەسەر هەڵوەشاندنەوە و لێکجیابوونەوەی پیتەکانی وشەی(دەبارێت)، وێنای جۆری وێنەی ئەو هەور و بارانە بکات، کە دەبارێت و نارەوێتەوە، بەمەشیان لادانێکی واتایی پێکردووە، بۆئەوەی دەلالەت و مانا و مەبەستێکی قووڵتر و فراوانتر بەپەیامە نهێنی و پەنهانەکانی شیعرەکەی لەڕووی ئاستی ناوەڕۆکەوە بەگوێچکەی خوێنەردا بچرپێنێت و شێوازی شێوەی نووسینی وێنەکەشی هەمان چەمك و واتا دەبەخشێت.

**دیدەیی تەڕی پاڕانەوە بەرز هەڵبڕین:**
**... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...**
**... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...**
**... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...**
**... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...**
**... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...**
**... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...**
**... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... (2)**

لێرەدا شاعیر بەدانانی(...)، کە یەکێکە لەهێما و نیشانەکانی خاڵبەندی، وێنەیەکی نەخشێنراوی خاڵداریی شێوە لاکێشەیی بەتاڵی کێشاوە، کە پاڕانەوە= بەرزییە و مرۆڤ پاڕانەوە بۆ خوا لەخوارەوە بۆ بەرزی دەکات، یاخود بەجۆر و شێوازێکی تر پڕکردنەوەی ئیحا و دەلالەت و واتا مانادارەکانی بۆ بینین و خوێندنەوەی خوێنەر بەجێهێشتووە، بۆئەوەی ڕاستەوخۆ کار لەهەست و بینین و زەینی بکات، بەمەشیان هێزی ڕاکێشانی چاو و زەینی زیاتر دەکات و کاریگەریی گەیاندن و وزەبەخشی کارلێك و کاردانەوەکەی، بەهێزتر و پڕ جۆش وخۆشتر دەبێت.

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل155.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل166.

چاوی ئەبلەقی تۆقین و ڕەشێنەی سپی هەڵگەڕاو

بەسەرتاپای

گەوەو خۆودای ڕەوون و لاپاڵ و ترۆپک و

سێوی ماه و زەردی بەفرستاندا

دەگێرێت و (1)

شێوەی نووسینی ئەم شیعرە وێنەیەکی ئەندازەیی تاڕادەیەك قوقزە، بەلارکردنەوەی شێوازی نووسینی وشەکان، شاعیر لوتکەی بەرزایی ترۆپکی شاخ دەکێشێ و دەلالەت و مانا و پەیامی دەربڕینی گوزارشتی وشەکان هەماهەنگ و تەبا و گونجاوە، لەگەڵ کێشانی وێنەی شیعرەکە.

**دووەم- ئیستاتیکای ناونیشان لەشیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا**

ناونیشان لەسەرئاستی پێکهاتەیی دەقی شیعرییدا، بەهایەکی کاریگەریی هونەریی بایەخداری هەیە، بەهۆی بەجەستەکردنی ئەو شیعرییەتەی، کە دەقەکان بەرەو ئیستاتیکیبوون و خاسیەتێکی هونەریی ئاراستە دەکەن، کە کورتبوونەوە و چڕکردنەوەیەکی قووڵی واتایی تێدایە، کە لەدەلالەتی تەواوی دەقە شیعرییەکەدا وەریدەگرێت. بەمەش ئیستاتیکیبوون بەدەقەکە دەبەخشێت و تیایدا(شاعیر لەمیانەی بیرۆکە وردە شیعرییەکانەوە، هەوڵدەدات بەهۆی زمانێکی سروشبەخشەوە هەماهەنگی و هاوتەباییەك لەنێوان ئیستاتیکای ناونیشان و دەقەکە پێکبێنێت)(2).

هەروەها چەمکی ناونیشان وەك کۆدێکی گرنگ ڕۆڵێکی کارامە و چالاکی هەیە لەبەشداریکردن لەپێکهاتە جەستەییەکەی دەقدا، چونکە لەشێوەی ناسنامەیەکی بچووکدایە، کە هەڵگری کۆمەڵێك پەیام وزانیارییە لەبارەی دەقەکەوە، یاخود وەك ئاماژەییەك وێنەیەکی بچووکبووەوەی دەقە و ئاشنای خوێنەری دەکات و تا بەئاسانی ڕووناکییەك لەبەردەم ڕێگەی خوێنەردا بەدیدێنێت، بۆئەوەی هیچ بەربەست و تەگەرەیەك نەبێت لەهەنگاوەکانی بەرەو گەیشتن بەجیهانی چەقی قووڵایی بونیادی دەقەکە، تاکو(ئارەزوو و چێژی کرداری خوێندنەوە لای خوێنەر زیاتر بکات، بۆئەوەی وردتر و چالاکتر و زیاتر پشکنین و گەڕان بکات، بۆ دۆزینەوەی دەسکەوتنی وەڵامی ئەو پرسیارانەی ناونیشانەکە لەبیر و هۆشیدا دروستکردوون)(3)، کە ئەم پرۆسەیەش بەکردەی خوێندنەوەی تەواوی دەقەکە بەدیدێت.

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی دەبینین، کە سەنگ و پێگە و شوێنی جوگرافی هەر ناونیشانێك ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەردیدی سەرنجی خوێنەر، لەبەرئەوەی((ناوونیشان مانا و نیشانی لێکۆڵینەوە

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل95.

(2) بسام موسى قطوس(د.):سيمياء العنوان، طبعة ألأولى طبع بدعم من وزارة الثقافة، عمان_ ألأردن،2001، ص57.

(3) عبدالقادر رحيم،علم العنونة(دراسة تطبيقية)، دار التكوين، طبعة ألأولى، سوريا،2010، ص46.

بێت، یان دەقێکی ئەدەبی، بەپێی شوێنە جوگرافییەکەی کە هەمیشە لەبەشی سەرەوەی باسەکە، یان دەقەکەدا دەبێت. زۆرجار بووەتە جێگای سەرنج و بایەخ پێدانی خوێنەر، چونکە یەکەمین بڕگە و وشە و دەستەواژە و دێرەکە دەکەوێتە بەردیدی خوێنەر و هەرزوو- بەر لەناوەڕۆك سەرنجی خوێنەر بەلای خویدا ڕادەکێشێت: هەربۆیەشە لەسەردەم و قۆناغی جیا جیادا، هەریەك لەنووسەر و خوێنەر،چۆنێتی و چەندایەتی داڕشتنی ناوونیشانیان لەبەرچاو گرتووە))[1].

(نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیریش لەڕوانگەی هەستکردن بەچۆنیەتی و چەندایەتی پێکهاتەی داڕشتنی ناونیشانەوە، بە بایەخدانی بەولایەنەی کە ناونیشان دەسپێکێکی ستراتیژی گرنگە، بۆچوونە نێو جیهانی هەردەقێکی ئەدەبی بەتایبەتیش لەشیعری هاوچەرخدا، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەی کە لەبەکارهێنانی ناونیشاندا پێشکەوتنی فرەجەمسەری بەخۆیەوە بینیوە، کە ڕوانین و بۆچوونی هونەری شێوەکاری و شێواز و ئیستاتیکییەتی لەخۆگرتووە. بۆیە پرۆسەی داهێنانە ئیستاتیکییەکەی لەکاری شیعر نووسینەکەیەوە ئەنجامداوە، لێرەدا بەپێی ئەم تێڕوانینانەی سەرەوە ئاماژە بەگرنگی و ئامادەگیی ئیستاتیکای ناونیشانە شیعرییەکانی شاعیر دەکەین، لەڕێگەی بەکارهێنانیان لەدیوانە شیعرییەکانی نێو ئەم توێژینەوەیەدا.

ئەگەر سەرنج بدەینە پێکهاتە ڕێزمانییەکەی ناونیشانەکان دەبینین، هەندێکیان بەشێوەی سادە و بەشێکی دیکەشیان لەڕووی چۆنیەتی داڕشتن و لێکدانی وشەکان بە ناسادەیی داڕێژراون، یان هەندێکی تریان بەهۆی دەسکاریکردنی یاسا ڕێزمانییە سینتاکسییەکان و کرتانی هەندێ کەرەستەوە داڕێژراون، جا ناو یان چاوگ یاخود کاربن.

### 1- ناونیشانی سەربەرگی دیوانەکان

بریتییە لەو ناونیشانەی شاعیر لەهەر کۆمەڵە شیعرێکی وەك دیوانێکی سەربەخۆ وەریگرتووە و هێناویەتییە سەر ڕووپەری بەرگی دیوانەکەی، کە بەپێی کاتوسات و قۆناغ و سەردەمی جیاواز نووسراون. هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەی مەبەستییەتی لەناونیشانی یەکێ لەدەقەکانی هەڵدەبژێرێ و دەیکاتە ناونیشانی کۆمەڵەشیعرەکەی.

ئەمەش ڕەنگە بێ هۆکارنەبێت و چەندین مانا و مەبەستی لەدواوە بێت. لەوانەیە شاعیر خولیا و حەزی بۆ ئەو شیعرە زیاتر بێت. بۆیە ئەو ناونیشانە زەقتر دەکاتەوە، بۆ ئەوەی تێرامان و سەرنجی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی زۆرتر ڕابکێشێت، تاکو لەمیانەی خوێندنەوەی چەندان ئاماژەی بێتە بەرزەین، کە دەلالەتی ئیحایی خۆی هەبێ و کارلێك و کاریگەر و وروژێنەر بێ. بۆئەوەی خوێنەر بەرەو چەقی دەقی سەرەکی کێش بکات، بەتایبەتی ناونیشانی سەربەرگ.

دەگونجێت ئەو ناونیشانە گوتارێکی پەیامداری لەدواوە بێت، بۆیە شاعیر بایەخی پێدەدات، بەمەبەستی گەیاندنی سوودبەخشی بەخوێنەر، هەتا ببێتە سەرچاوەیەکی بەتین و بنیاتنەر لەپێکهاتەی بیروهۆشی و بەرەو پێشچوونی کەسایەتی و هەڵسوکەوت و ئاکار و ڕەفتاری ژیانی.

لەوانەیە هەندێکجاریش لەڕووی هونەرییەوە، شیعرێك بەشێواز و شێوە و تەکنیکێکی نوێباو و هاوچەرخانە نووسراوە، بۆ زیاتر کاریگەریی مانەوەی لەناخ و دڵ و دەروون و هۆش و زەینی

(1) فوئاد ڕەشید(د.):دەقی ئەدەبی ئەگار. چێژ .بەها، چەند نووسینێکی ڕەخنەیی تیۆری و پراکتیکییە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،2007، ل52.

خوێنەردا، بۆیە شاعیر شیعرەکە دەکاتە ناونیشانی سەربەرگ، چونکە ئەوشیعرە جۆرە ناسراوی و بەناوبانگیەکی بەهۆی ئەم تەکنیکەوە بەدەسهێناوە.

**1- پەرییەکان**
**هەڵ**
**دە**
**فڕێنمەوە**

ئیستاتیکیبوونی ئەم ناونیشانە شیعرییە لەوەدایە، شاعیر بەخستنەڕووی بیرۆکە شیعرییەکانی هەوڵیداوە هاوگونجاوییەك لەنێوان ئیستاتیکای ناونیشان و دەقەکەدا پێکبێنێت.

بەهۆی ئەو زمانە پڕ لەئیحابەخش و سروشبەخشییەوە، سەرنجی خوێنەر لە میانەی سەرنجدان و تێرامانییەوە بۆ لای دەق ڕابکێشێت، بەوەی(پەری)ڕەمزی بەرائەت وجوانی خەیاڵی و شۆخی و قەشەنگییە، گوایە کە لەتوانای داهەیە خۆی بەهەموو ڕەنگەکان بگۆڕێت، بەڵام ئەوە دەنگ و ڕەنگ و سەنگ و هێزی شاعیرە، وەك فریادڕەسێك دەتوانێت بەسەر هەموو ناخۆشییەکاندا سەربکەوێت و هێزێکی سەرلەنوێ گیان بەبەرهێنەرەوە، کە هێزی وزە و ئیلهامبەخشی شیعرەکانیەتی بەبەر(پەری)یە بێهێز و بێدەسەڵات بووەکە بکات و خولقێنەرانە، لەبێهێزییەوە بەرەو بەهێزی و فڕینەوەیان بەرێت. لێرەدا دووبارە فڕینەوەی پێوەدیارەو لەوانەیە پەرییەکان، کە ڕەمزی عەشق و بێگەردین لەلایەن دێوێکەوە ئازادییان لێسەنرابێتەوە وبەهەوڵی شاعیر ئازاد دەکرێن. بەمەش لادانێکی واتایی پێکردووە بەزەقکردنەوە و جەختکردنەوە لەسەر ئەم ناونیشانە ئیحایەکی وزەبەخش و چێژبەخش بەخوێنەر دەدات، بەهۆی ئەو کارلێك و کاریگەرییەی کە هەستی وروژاندن و جوانی و گەیاندن دێنێتەدی و دانانی بیرۆکەی ئەم ناونیشانە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە((ناونیشان ئاستانەیەکی گرنگی دەقە و هەندێکجار نێوەرۆکی دەقەکە گوزارشت لەناونیشانەکە دەکات))(1).

لەبەرئەوەی ناوەڕۆك و ڕوخساری ئەم ناونیشانە هەڵێنجراوی پوختەی چڕکراوەی تەواوی بیرۆکە شیعرییەکانە، کە شاعیر هونەرمەندیی لەکارە هونەرییەکەیدا کردووە بەو شێواز و بابەتی داهێنانە تازەگەرییەی کە ئەنجامیداوە، وێنەیەکی هونەریشی پێکهێناوە بەچۆنیەتی شێوەی هەڵفڕینەوەی پەرییەکان و جوولاندنی زەینی خوێنەر بۆ دۆزینەوە و گەڕان بەدوای ئەوەی، کە ئایا شاعیر چۆن و بەچ ڕێگە و ڕێباز و شێوە و شێوازێك دەبێتە پەرییەکان، وەك ناوێکی کۆی ناسراو، کە دەلالەت لەتەواوی دەقەکانی ناو دیوانە شیعرییەکەی دەکات، هەڵبفڕێنێتەوە و چۆن گوزارشت لەپەیام و مانا و واتا و مەبەست و دەلالەتە نوێیەکانی دەربڕینی دەقەکانی دیکەی بکات.

**2- ڕێی تاوسان**

ناونیشانی دیوانێکی دیکەی شاعیرە، لەئاستی سینتاکسیدا وەك گرێیەکی ناوی هەڵگری کۆمەڵێك مانا و واتای دەلالی زۆر فراوانە، لادانێکی واتایی لەئاستی بەکارهێنانی زمانیشدا پێکراوە. ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشی تازەی هاوچەرخ و سەردەمیانەیە، سەرنجی وردی خوێنەر بۆلای شێواز و چۆنیەتی دەربڕینەکەی ڕادەکێشێت، بەوەی کۆمەڵێك پرسیار لەمێشکی دەوروژێنێت، بۆئەوەی

(1) بسام موسى قطوس(د.):سيمياء العنوان، ص58.

هەنگاو بنێت بۆچوونە نێو ناوەخنی دەقەکە و بەقووڵایی ڕەهەندە جوانەکانی بگات، قەبارەی ناونیشانەکە چالاك و بەهێز و کاریگەرتر دەبێت و زووتر ئامادەسازیی تێدا دەبێت، بۆ سەرنجراکێشان و بەزیندوومانەوەی لەزەینی خوێنەردا، چونکە یەکێك لەو ڕەهەندانەی ئیبستاتیکییەت بەدەقێك دەبەخشێت، کارلێك و کاریگەریی مانەوەی ناونیشانە لەخەیاڵدانی خوێنەر بۆکات و ساتێکی زیاتر لەمیانەی ئەو ناوەخنەی کە دەلالەتەکانی بەهێزتر دەکات، لەچوارچێوەی سنووربەندکردنی(ڕێ)وڵادانی لەپرسیاری کام ڕێ؟ ڕێی کوێ؟ ڕێی چی؟ بۆچ ڕێیەك؟ وتایبەتکردنی بەڕێگەیەکی تایبەتی، کە ڕێی تاوسان، لەواتا گشتییەکەی لایداوە، چونکە پێویستە شاعیر لەناونیشانی ئیستاتیکییدا((سنووری باو ببەزێنێ و تێبپەڕێنێ و لەشێوەی نووسینی زمانی ئاسایی وسادەوە دەربچێ یاخود تێگەیشتنی چاوەڕوانکراو لابدات))[1]. ئەمەش بەمەبەستی وروژاندن و کاریگەری و دەرخستنی جوانییەوە ئەنجامدەدات.

(ڕێی تاوسان)= ڕێی جوانان و جوانی شێوە دەربڕین و گوزارشتکردنەکەشی لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە پێویستە ئەو ڕێگەیە بگرینەبەر وەك ئاماژەیەك دەمانگەیەنێتە(تاوسان)وەك ناوێکی کۆ، مەلێکی ناوازەی جوانی پەڕو باڵ ڕەنگینداره، یاخود ئاماژەیەکی دیکەی دەگونجێ ناوی مرۆڤ یان ناوی شوێن بێت، کە ئەمەیان لەئاستی دەلالیی ناونیشاندا ڕووندەبێتەوە، چونکە ئەم ناونیشانەی سەربەرگ هەڵێنجراوی ناونیشانی(ڕێی تاوسان یان خاتوونی ئەرز و ئاسمان)ی شاعیره، کە شیعرێکی دیکەیەتی و لەناوەخنی دیوانەکەیدا ئیحا و ئاماژەکانی لێوەرگرتووە، وەك ناونیشانێکی سەربەخۆ و سەرەکی لەسەر بەرگی داناوە، تا خوێنەر تامەزرۆی دۆزینەوەی نهێنی ڕێی ئەو تاوسانە بێت و چەندین ئاماژە و هێمای دیکەی بێتە بەرزەین و بەرەو لوتکەی کرۆکی دەقی سەرەکی کێش بکات و ئارەزوومەندی خوێندنەوەی دەقەکانی دیکەی بکات، بۆ گەیشتن بەڕێی دیاریکراو بە(تاوسان)ی کۆ، کە مەبەستی لەکۆمەڵە ناوێکی(مێ) ژنە و بەخواستنی سیفەتی جوانی لەتاوسەوە بۆ مێ، پەیامە هونەرییە خۆشەویستییەکەی فراوانتر کردووە بۆ گەیشتن بەجوانییە ڕوحییەکان و جەستەییەکانی ژن.

### 3- شینی شالوور

ناونیشانێکە لەگرێیەکی ناوی واتاداری بەهێز دروستکراوە، شاعیر لەناونیشانی شیعرێکی نێو دیوانەکەی وەریگرتووە، دیارە حەز و خولیای بۆ ئەو شیعرە زیاتر بووە، بۆیە زەقتری کردۆتەوە، بەمەبەستی خێرا تێڕامان و سەرنجدانی خوێنەر بۆئەوەی وردتر بەدوای ئاماژە و مانا قووڵەکانی دیکەی دەقەکەوە بچێت و پەیامەکانی شاعیر بەدەست بێنێت. بەهۆی ئەو فرە جەمسەرەی لەناونیشاندا هەیە، یەکێ لەوانە ئەوەیە خوێنەر لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی تیژەوە پرسیار لەزەینی دروستدەبێت و بەرەو لایەنە جوانییەکانی دەقەکەوە ڕۆدەچێت، کە دەبینێت لادانی واتایی پێکراوە، چونکە(شین)سیفەتێکی تایبەتە بەمرۆڤ لەئەنجامی لەدەستدانی ئازیزێکەوە، یاخود غەدر و زوڵمێکی زۆرەوە داد و فیغان و گریانێکی بەکوڵ دەکات، بەڵام شاعیر ئەو سیفەتەی داوەتە پاڵ(شالوور)، کە دەنگ و سەدا و چریکەی سۆزدار و پڕ ئاوازداری هەیە و بەشێوە و شێوازی جیاواز دەخوێنێت، بۆیە خۆشەویستە و بەڕەمزی دەنگخۆشی وسۆزداری دادەنرێت. (نەوزاد)یش لەڕەهەندی گۆشەنیگایەکی ئیستاتیکی و هونەرییەوە دەنگی بەسۆزی باڵندەی شالوور تێکەڵ بەشین و شیوەنگێڕانی بێ دەرەتان و

(1) كوثر محمد علي جبارة:عتبة العنوان في قصص فرج ياسين القصيرة جدا _ دراسة في بنيتها التركيبية، مجلة كلية التربية ألأساسية-جامعة دهوك، العدد(12)، حزيران،2013م، ص514.

کۆستکەوتوان کـردووە. بەمەبەسـتی گەیانـدنی گوتـارە پەیامدارەکـەی و هاوکـاریکردنی خوێنـەر، بۆئەوەی لەڕێگەی کردنەوەی نهێنییەکانی کلیلی کۆدی ناونیشانەوە بەناوەخنی دەق بگات و بێ بـوونی زانیـاری و ئاشـنابوونی بـەو ئەفسـانەیەوە بەئەنجامـەکانی ناگـات. هـەروەها دەربڕینـی ئـێش و ئازارەکانیشـی بـەدەنگی شـالوور، بۆئەوەیـە خوێنـەر و وەرگـران تەنانـەت لـەو بارودۆخەشـدا بێزارنەکرێن و بەچریکەیەکی نەرم و سۆزدارییەوە گوێیەکانیان گۆشبکرێت.

**4- باڵەکانم بدەرەوە**

ناونیشانی سـەرەکی دوا بەرهـەمی شـاعیرە، لەسـاڵی(2020)چاپیکردووە، هونـەرییبوون و ئیسـتاتیکییەتی لەوەدایـە، کـە لادانێکـی واتـایی پێکـردووە، بەخسـتەپاڵی سیفەتی(باڵ)پێدان بـەخودی خۆی(شاعیر)بەئاژەڵکراوە بەتایبەتیش(باڵندە)، کە ڕەمزی جوانی و ئەوپەڕی بـەهێزی و بەدەسـەڵاتییە و خواستنی پێکردووە، هەروەها لەڕووی پێکهاتەی سینتاکسییەوە لەڕستەیەکی تەواو پێکهاتووە، ئیحای نووسینی ئەم ناونیشانە سـەرەکییە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە هـەڵێنجراوی دەقێکـی نێـو دیوانەکەیـەتی بەهـەمان ناونیشـانەوە، هـەروەها دەقـاودەق پاڕادۆکسـی ناونیشـانێکی سـەرەکی تـری شـاعیرە، کـە لەسـاڵی(2004)بەناوی(پەرییـەکان هەڵدەفڕێنمـەوە) نووسـیویەتی، لەوێـدا شـاعیر ڕەمـزی دەنگێکـی بەهێز و پڕ لەوزە و سروشبەخشە و چاوگەی فڕینەوەی پەرییەکانە، کە شیعرەکانییەتی، بـەڵام لێـرەدا ڕەمزی ئاماژەی بێ توانـایی و بـێ تینـی و بێهێـزی و شـەکەت و ماندووبوونـە، بـەهۆی چوونـە نێـو تەمەنەوە، کۆمەڵێك هۆکار شوێن پەنجەیان لەسەر ناخ و باری تەندروستییەوە بەجێهێشـتووە، بۆیەکـە بەنەفەسێکی ماتومەلوولەوە جارێکی تر سەرلەنوێ داوای هێزی پێدانەوەی(باڵ)دەکاتەوە، کـە ڕەمـزی چالاکی و توانایاری و چوستییە لەچاوگە و سەرچاوەی خۆشەویستی و دۆسـتایەتی و پەیوەسـتبوون و مانەوەی بـەژیان بـۆ شـیعرەکانی. ئیلهـامی بـوون و خـودی خـۆی لەوانـەوە دەبینێتـەوە و مەبەسـتیەتی هەست و نەست و سـۆزی خوێنـەر بـۆلای دەقـەکانی ببـات، تـاوەکو لـەزەت و چێژێکـی وزەبـەخش و چەشەبەخشی پڕ لەجوانی ببنین و جوانی شێوەی نووسـینی پێبـدات، ئـەم خاڵـەش لـەخودی ئیسـتاتیکادا بەرجەستە و ئامادەگیی لەشیعر وەك دەقێکی ئەدەبی((نیشانەی شاعیرییەت))[1]بوون پیشاندەدات.

**2- ناونیشانی سەرەکی نێو دیوانەکان**

مەبەستمان لەئامادەبوونی ناونیشـانە سـەرەکییەکانی نێـو دیوانـە چاپکراوەکـانی شـاعیرە، کـە بـەپێی ئـەزموونی ئـەدەبیی خـۆی پوختـەی ڕوانـین و بیروبۆچوونـەکانی بەشـێوازێکی ئەدەبییانـە لەچوارچێوەی ژانری شیعردا دەربڕیوە، کە گوزارشت لەهەسـت و سـۆز و هەڵچوونـە داهێنـەرەکانی دەکـەن، لـەڕووی چۆنیـەتی و چەندایەتییـەوە بەشـێوە و شـێوازێکی ئیسـتاتیکی و هونەرییـەوە خسـتویەتییەڕوو. بۆیـە لـەچوارچێوەی ئـەم توێژینەوەیـەدا چەنـدین ناونیشـانی سـەرەکییمان لـەکۆی دیوانەکاندا وەرگرتووە، بەهۆی سنووری دەسنیشانکراوی توێژینەوەکەمان نـاتوانین ئامـاژە بەگشـتییان بکەین، چونکـە باسـەکەمان هـەمووی بەتـەواوی تایبـەت نییـە بـەو باسـەوە، بـەڵکو چەنـدین ناونیشـانی سەرەکی جیاواز دەخەینەڕوو.

(1) محي الدين صبحي:نظرية النقد العربي وتطورها الى عصرنا، جلد 2، الدار العربية للكتاب، ليبيا، تونس ،1984م، ص32.

لەڕوانگەی گرنگی و بایەخی بەکارهێنانی ناونیشانی دەقەکان بەو واتا و مانا و مەبەستانە دێت، کە دەبێتە ئەڵقەیەکی دروستبووی پەیوەندی لەنێوان شاعیر و خوێنەر بۆ هێنانەکایەی((پەیوەندییەکی مەعریفی و ئیستاتیکی، لەگەڵ خوێنەر(پەیامگر)دروست دەکات))(1).

ئەو خەسڵەت و ئەدگارە هونەرییەش، وای لە(نەوزاد ڕەفعەت)کردووە، کە لەسۆنگەی درککردنی بەئیستاتیکای ناونیشان و بەمەبەستی نەخشاندن و دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندیی مەعریفی و ئیستاتیکییەوە، ئامادەگیی ناونیشان وەك ئەستانەیەکی سەرەکی لەڕووی چۆنیەتی و چەندایەتییەوە لەبونیادی ئیستاتیکای دەقدا بەپێویست وئەرك زانیوە و بەشوەیەکی هونەری بەجەستەی کردووە. بەو پێیەی ناونیشان((کۆمەڵێك ئەرکی جوانکاری وئیستاتیکی لەخۆیدا هەڵدەگرێ و ڕۆڵی سەرەکی لەنەخشاندنی بونیادی ئیستاتیکای دەق دەبێ، ئەم جۆرەی شێواز، لەگەڵ زمانی سەرەکی شێوازی گشتی بونیادی دەقدا، هاوتەریب دەبێ))(2).

## زرنگ... زرنگ... زرنگ ... زرنگ ... (3)

ناونیشانی سەرەکی ئەم دەقە بریتییە لەدووبارەکردنەوەی وشەی سادەی (زرنگ) (4)چوار جار بەدوای یەکدا، کە لەناوەخنی هەمان دەقەکەشدا بەهەمان جۆر و شێوە و شێواز دووبارەبۆتەوە، وەك ڕەمزێك بۆ چوار پارچەی کوردستان. ئەمەش جۆرێك تایبەتمەندی و بونیادێکی ڕیتمدار و موزیکی و ئاوازدار بەشیعرەکە دەبەخشێت، کە پێکهاتەی وێنەی شیعرەکە بەهەستی بیستن کەوتووە و لەناوەڕۆکەکەیدا شاعیر زیاتر جەخت لەسەر ئەم لایەنەش دەکاتەوە و دەڵێت:

**وا دەبیسم زەنگێك دنیا دەشڵەقێنێت:**
**((زرنگ ... زرنگ... زرنگ ... زرنگ ...))(4)**

شاعیر بەهۆی بیستنی دەنگی زەنگێك و دووپاتکردنەوەی لەسەر دووبارەکردنەوەی وشەکە ودانانی نیشانەی(...)وەك هێمایەکی خاڵبەندی، بۆ وەستانێك و لێکدابڕانێکی مانادار بەکاریهێناوە، بۆئەوەی ئاماژە بەپەیامی بابەتێکی مەترسیدار و دیمەنێکی ناخ هەژێن بکات، بۆیە وشەکانی بەدوای یەکدا ڕێزکردووە، تاکو پەیوەندییەکی ئیستاتیکی و مەعریفی بێتەکایەوە. بەمەشیان ورووژانێکی کاریگەر لای خوێنەر بێتەدی، کە وەك شاعیر بەهەمان هەست و سۆز و هەڵچوونەوە درك بەبیستنی دەنگی ئەو زەنگە مەترسیدارە بکات، کە دنیا دەشڵەقێنێت. لەبەرئەوەی((ناونیشانە شیعرییەکە لەچرکەساتی داهێنانیدا هەرچەندی ئیستاتیکییەکەی بەهێزتربێ، وروژێنەرتر دەبێت و زیاتر کار لەدڵ و دەرونی خوێنەر دەکات، بۆئەوەی لەکاتی ڕاڤەکاری دەقەکەدا پتر و زۆرتر هەڵبچێت))(5).

## سێوی مزگێنی (6)

ناونیشانێکی ناسادەیە و لەگرێیەکی ناویی پێکهاتووە، لایەنە هونەرسازی و ئیستاتیکییەکەی لەوەدایە، کە شاعیر لادانێکی واتایی لە ئاستی پێکهاتەیدا پێکردووە. بۆئەوەی خوێنەر بەبیستن و

(1) فوئاد ڕەشید(د.):دەقی ئەدەبی ئەگار. چێژ .بەها، ل59.
(2) هێمن عومەر خۆشناو:شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل194_195.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل81.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل84.
(5) بسام موسى قطوس(د.):سيمياء العنوان، ص58.
(6) نەوزاد ڕەفعەت: ڕێی تاوسان، ل26.

خوێندنەوەی ئەم ناونیشانە سەرەکییە، کۆمەڵێك پرسیاری مەعریفی لەزەینیدا گەڵاڵـە و دروست بێت، ئایا مزگێنـی چـی و بـۆچی و بـۆکێ؟، یـاخود ئامـاژە پـڕ دەلالـەت و واتاییـەکانی پشـت بـەکارهێنانی وشەی(سێو)پێماندەڵێت: ئەو سێوە چییە و چۆنە و شێوەی ڕەنگی چۆنـە؟، بۆپێدانی مزگێنـی، ئەمـەش مێشك و زەینی خوێنەری بەئاگا و وشیار بۆ دیوە ئیحابەخشەکانی دیکەی دەگوازێتەوە، کـە بەدەسپێکی ئەو ناونیشـانە بـەرەو چـەق و نـاوەخن و کۆتـایی دەقەکـە هـەنگاوی وردبینانـە و لێزانانـە بهاوێژێـت، بۆدۆزینەوەی بەها جوان و بەهادارە جوانیناسەکانی شیعرەکە، کە ئەو سێوە کۆمەڵێك مزگێنی خۆش و ئیلهامبەخشی تێدایـە، کـە زۆر خـۆش و بـەچێژترە لـەمزگێنی ژوان و بـاران و بـەلقیس و زولـەیخا و یوسف، کـە بـەکارهێنانی سـەرجەمی ئـەو ناوانـە لەسـەرتاپای نـاوەخنی دەقەکـەدا، ڕەمـزی جـوانی و ڕازاوە و قەشەنگین، بەڵام سێوە لاسوورەکانی ئەوینی شاعیر لەوانە ڕازاوەترە بۆ بەخشینی یار.

ئەگەر بشمرێ لەگەڵ یار، هـەر ئـەو دیمەنـەی لـەلا شـیرینە، بۆیـە شـێوازی گوزارشـتکردنی شـاعیر بەمشێوە هونەرییە لەڕێگەی ناونیشانی سەرەکییەوە، بـەهای دەربڕینـە شـیعرییەکەی بـاڵاتر کـردووە، بەهۆی ئەولادانـەی کـە لەپێکهاتەکەیـدا هاتۆتـەئاراوە و جوانیناسـییەکیش لەبونیادەکەیـدا ئەنجامـدراوە، بەمەبەستی پوختکردنەوە و چڕبوونـەوەی شـێوازی نـاوازەی دەربڕینەکـەی، چونکە((ناونیشـان یەکـەم تایبەتمەندیی کاری وێژەیی و هونەرییە، کە دەقێکی فراوان لەخۆدەگرێت، بـەهۆی ئـەو خەسـتکردن و کـورتبڕی و چڕبوونـەوەی لەبیرۆکـە شـیعرییەکاندا دەسـدەکەوێت، کـە مەبەسـتە شـیعرییەکانی تێـدا پەنهاندراوە، تاوەکو خوێنەر لەمیانەی خوێندنەوەیەکی وردی دەقەکاندا ئەو واتا و مەبەستانە هەست و درك پێبکات و ئاماژە شاراوە و نهێنییەکانی دیوی دواوەی بەکارهێنانی وشەکان بدۆزێتەوە))[1] .

**تووڕەبوونی ئاگر[2]**

ناونیشـــانێکی ناســـادەیە، لادانێکـــی واتـــایی لەئاســـتی پێکهاتەییـــدا پێکـــراوە، چونکە(ئاگر)تووڕەبوونی نییە، بەڵام ڕەهەندێکی خواستنی لەهونـەری ڕەوانبێژیـدا، بـەهۆی خواسـتنی سـیفەتی(تووڕەبوون)لەمرۆڤەوە خواسـتراوە بۆ(ئـاگر)و بەسـەر ناونیشـانە سەرەکییەکەشـدا زاڵـە. بـەم کـارەش شـاعیر سـیفەتی مرڤبـوونی بـەئاگرداوە، لەبەرئـەوەی مـرۆڤ تـا هۆکـارێکی ناسروسـتی و نائاسایی نەبێت، هەرگیز تووشی هەڵچوون و تووڕەبـوون نابێـت، بۆیـە هەڵگیرسـاندن و خۆشـکردنی ئاگریش هۆو هۆکارێکی نائاسایی لەپشتە، کەواتە نەگونجاوی و دوورییەك لـەنێوان ئـەم دوو وشـەیەدا هەیە، بەڵام شاعیر شتە دژوناکۆکەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکە شیعرییانەی، کـە وەکو ڕەمزێـك بـەکاریان دەهێنێـت، بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هونـەریی و ئیسـتاتیکی، تـاکو واتـا و ئیحایەکی بەهێز بەدەقەکە ببەخشێت ولەئەنجامی ئەم کردارەشی خوێنەر دەخاتە ئەو بارودۆخـەی، کـە بەهۆی بیرکردنـەوە وخـەیاڵـەوە، بـەقوڵایی دەقەکـەدا شـۆڕبێتەوە و جـۆرە تـاموچێژێکی پێدەبەخشـێت، لەمیانەی((کرداری پەیوەندیکردنی بەدەقەکەدا پەیامێك زیاتر بەرجەستە بکرێت، لێرەشدا پەیام کە تەنیا نییــە و بــەڵکو بەســەر ســەری دەقێکەوەیــە کــە لەلایــەن پەیامدەر(نووســەر)ەوە ئاڕاســتەی پەیامگر(متلقی)دەکرێت))[3].

(1) بسام موسی قطوس(د.):سیمیاء العنوان، ص39.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل44.
(3) فوئاد ڕەشید(د.):دەقی ئەدەبی ئەگار. چێژ .بەها، ل58.

**خەون [1]**

(خەون)لەڕووی پێکهاتنەوە وشە و ناونیشانێکی سەرەکی سادەیە، بەڵام لەئاستی ناوەخندا خوێنەر بۆکۆمەڵێك مانا و مەبەست و ڕامانەوە ئاراستەدەکات. بیروهۆشی بۆلای چەندین هێما و ئاماژەی شیعری بچێت، لەڕێگەی بینین و بیستنی وشەکەدا ئەو بیرۆکە شیعرییە بەدەست دێنێت و لەزەینیدا بیر دەکاتەوە، دواتر کەمێك دۆش دادەمێنێت و پاشان ئەو پرسیارەی لادروستدەبێت و دەپرسێت:ئایا خەون بەچییەوە دەبینرێت:خەونی منداڵی، خەونی سەرکەوتن، خەونی شادی، خەونی سەربەستی، خەونی ئازادی، خەونی خۆشی، خەونی بەختەوەری، خەونی بێزاریی لەژیان، خەونی بەدەسهێنانی ئامانج و هیوا و....هتد.

دەگونجێت پرسیارگەلێك لەمێشکی خوێنەردا دروستبن، بەوهۆیەی کە ناونیشان وەك دەقێکی سەربەخۆ ئامادەسازییەکی لەبار و گونجاو بۆ خوێنەر دەسازێنێت، بۆئەوەی((مانا و مەبەستی جیاجیا بۆ دەقەکە بەدەست بێنێت و لەچوارچێوەی گۆشەنیگایەکی تەسکدا سنوورداری نەکات و چێوەیەکی بەرفراوانی پێببەخشێت، تاکو بگاتە نهێنی دۆزینەوەی ئاماژە شیعرییەکان))[2]. بۆیە شێوەو شێوازی پرسیارکردنەکە لەوشەی(خەون)دا بەمجۆرە بەرهەمدێت:لەبەرچی خەون؟ چۆن خەونێك؟کامە خەون؟ چ خەونێك؟....هتد و گرێدانی بەچرکەساتی خەونبینینەکەی(باخەوان و کەشتییەوان)ێك لەناوەخنی دەقەکەیدا و پرسیاری بۆچی و لەبەرچی باخەوان و کەشتییەوان؟، پاشان لەماوەی کورتی خەونەکەدا، ئیحایەکی ئارامبەخش و مژدەبەخش و وزەبەخش و سوود و چێژبەخش و هیوابەخش بەدیدێت، بەژیانەوە و شینبوونەوەی دارەکانی باخەوانەکە لەدەشتێك و تۆڕهەڵدانی کشتییەوانەکەش، کە بەدەستی پڕ لەماسی و خەندەوە دێتەوە. ئەم ئاماژە و بیرۆکە شیعرییانە جوانییەکی هونەری دیکە بەجوانبینی و جوانیناسی و جوانینووسی و جوانی خوێندنەوەی دەقەکە دەبەخشێت.

**فەخفورییەك ڕەنگ [3]**

ناونیشانێکی ئیستاتیکییە، شاعیر ئاوازێکی ترپەداری بەهۆی ئیقاعێکی فیکری پێداوە، کە خوێنەر دەیبینێت و پاشان دەیخوێنێتەوە، ڕاستەوخۆ کار لەبەرزکردنەوەی هێزی وزەبەخشی دڵ و دەرونی دەکات، دواتر بەهۆی هەستی بینینەوە وورووژانێکی بەهێز و سەرنجڕاکێش لەلای دێتەکایەوە، کە شاعیر بەسوودبینینی لەهونەری شێوەکاری بەتایبەتیش لقی ڕەنگسازی، هەوڵیداوە ئەو پەیام و دەربڕینە شیعرییانەی لەچوارچێوەی فەخفورییە سنووردارە دەربڕێت، بۆئەوەی پرسیارگەلێك لەبیرو زەینی خوێنەردا دروستبکات و بپرسێ: ئاخۆ شێوەی ئەو فەخفورییە چۆنە؟، کە ئەویش پێکهاتەکەی سەر بەهونەری شێوەکاری و لقی پەیکەرسازییە، پاشان ئەو ڕەنگانە کامەن:ساردەکان یان گەرمەکان، تاریکەکان یان ڕووناکەکان، بریسکەدارەکان یان بێ بریسکەکان، سادەکان یان تێکەڵەکان....هتد.

بۆیە خەیاڵی خوێنەر جووڵە و شەپۆلێکی هونەریی تێدا بەدیدێت و سەرنج و ڕامان و بیرکردنەوەکانی بەرەو چەقی دەق ڕادەکێشێت، بەهۆی ئەو چۆنیەتی و چەندایەتییەی، کە لە چڕبوونەوەی بەکارهێنانی زماندا، ئیستاتیکیبوون و شیعرییەتبوون بەدەقەکە دەبەخشێت، لەبەرئەوەی شێوە و شێوازی بەکاربردنی ئەمجۆرە ناونیشانانە((بۆ پتر کارکردنە سەر هەستی خوێنەر و سەرنج

---

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل17.
(2) محمد صابر عبيد:مغامرة التجنيس الروائي،سؤال الجنس والنوع، طبعة ألأولى، عالم الكتب الحديث، أربد-ألأردن، 2012، ص141.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل71.

ڕاکێشانی لەلایەك، لەلایەکی ترەوە وەکو جوانکاری و ڕەوانبێژی و بەخشینی ئیحایەکی شیعری، کە زۆرجار لەڕەمز و پێچانەوەیەکی هونەری یانە بەدەرنین))[1]و کارلێکی خۆیان هەیە و پتەوی و بەتینییەك بەناوەخنی دەقەکە دەدەن و لەڕووی ئیستاتیکیبوون شێوازی هونەری پێکهاتەی جەستەی دەقەکە جوانتر و ڕازاوەتر دەکەن.

**تۆڕ [2]**

وشەو ناونیشانێکی سەرەکی سادەیە، بەڵام لەئاستی بەکارهێنانیدا ناسادەیە و پڕە لەدەلالەت وهێما و ڕەمزو ئیحای شیعری و واتایەکی فراوان و قووڵی بەناوەخنی شیعرەکە بەخشیوە. شاعیر لە ڕوانگەی بەکاربردنی ناونیشان، وەك ڕەگەز و ڕەهەندێکی فرەجەمسەر، هەوڵیداوە زیندەگییەك بەمانا و مەبەستە شیعرییەکانی ئەم ناونیشانە سەرەکییە بدات.

بەمەبەستی نەخشاندنی ئەو کارلێك و کاریگەرییەی، کە چاوی خوێنەر دەیبینێ و بەرهەستی بینین دەکەوێت و کاردانەوەکەشی چۆن و چییە کە گوێیەکانی دەیبیستێت، بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی زانیاری وهونەری و ئیستاتیکییەوە لەنێوان خۆی و دەق و خوێنەردا، بەو شێوازەی کە پەیڤە شیعرییەکەی دەربڕیوە، تۆڕێك بۆ خوێنەر دادەنێتەوە، کە چۆن خۆی ڕزگار و دەرباز بکات بەدۆزینەوەی ئەو چارەسەرەی، کە لەدوای داوی تۆڕی شاعیر ئازاد و سەربەست دەبێت، بەبیرکردنەوەیەکی قووڵ لەفەلسەفەی بەکارهێنانی وشەی تۆڕ و چ تۆڕێك و چۆن و کاتوساتی و بۆ تۆڕ و بۆ کێ و لەبەرچی تۆر؟....هتد، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە سەرقاڵیدەکەن بەو ناونیشانە و پاشان هەڵوەستەیەك دەکات و ڕەنگە بیر لەتۆڕی ماسی و تۆڕی باڵندە و تۆڕی دوژمن...هتد بکاتەوە و دواتر بەشێوەیەکی ورد و تیژتر بیر و زەینی بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ...هتد بچێت. بەمەشیان کرانەوەیەك بەدەق دەبەخشێت و لەداخراوی و چەقبەستوویی ناهێڵێتەوە و یەکێك لەخاسیەت و ئەدگارە هونەرییەکانی ئیستاتیکا و شیعرییەتیش ئەوەیە((دەق بیرکردنەوە بسازێنێ و وا لەخوێنەر بکات، واتای جۆراوجۆر بۆ دەق بەدەست بێنێ و دەق لەچوارچێوەیەکی دیاریکراوی داخراوەوە بەرەو دەقێکی کراوە و پڕ لەهێرمۆنتیکا ببات))[3]، ئەمەش هێزی بەهێزی و ئیستاتیکی وجوانی دەربڕین بەشێوازی سەراپای پێکهاتەی شیعرەکە دەدات.

**بڵێسەش گەڵا و گوڵ دەگرێت [4]**

ئەم ناونیشانە شیعرییە سەرەکییە، لەڕووی پێکهاتەی سینتاکسییەوە لەڕستەیەکی تەواو پێکهاتووە. ناونیشانێکی نائاساییە، بەدەربڕێنێکی ئیستاتیکی شیعریی دادەنرێت، چونکە ڕەهەندێکی خواستنی لەئاستی لادانی واتاییدا بەسەریدا زاڵە، ناونیشانەکە ژمارەیەك ئاماژەی ئیستاتیکی زمانی جوانی تێدایە، کە لەسەرەتای دەقەکەدا دادەنرێت،((بۆ دەسپێکردنی و ئامادەسازییەکیشە بۆ هەنگاوەکانی چوونە نێو ناوەخنی گشتی دەقەکە و خاڵێکی سەرنجڕاکێشە، بۆ ورووژاندنی خوێنەر،تاکو بەتەواوی بچێتە بنج و بنەوانی دەقەکە و دەسبەرداری خوێندنەوەکەی نەبێت، تا دەگاتە

(1) ئیبراهیم قادر محەمەد:لێکۆڵینەوەی کورتەچیرۆکی کوردی لەکوردستانی باشووردا( 1970_1980 )، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین،1997، ل213.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل62.
(3) هێمن عومەر خۆشناو:شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل195.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل50.

خـاڵی کۆتـایی دەقەکـە))[1]، لەبەرئـەوەی هـەرگیز ڕوونادات(بڵێسـە)(گەڵا وگوڵ)بگرێـت، بـەڵام بەخواسـتنی ئـەم سـیفەتە لـە(دار) وخسـتنە پـاڵ (بڵێسـە) بـەڕووەککردنی پێکـراوە، چونکە(گـەڵاو گوڵ)ڕەمزی جـوانی و زیندووبوونەوەیـە بـۆ بەردەوامیـدان بـەژیانی پـڕ لەخۆشـی و شـادی، شـاعیر بەسازاندنی ئـەو وێنەشـیعرییە جـۆرە سەرسـامی و سەرسـوڕمانییەك لای خوێنـەر دێنێتـەدی، بـەهۆی نەگونجانی وشەکان کە لە لۆژیك و واتادا بەئاسایی دادەنرێت، بەڵام ئەوە خەیاڵدانی شاعیرە ئەو کەشە جوان و پڕ لەچێژبەخشە دێنێتە ئاراوە، کە پێشتر خوێنەر بیری بۆ ئەوجۆرە نەخشاندنە وێنە هونەرییە نەچووە، کە بـەم شـێوازە پـڕ لـەئیحا و جوانیناسـانە خراونەتـەڕوو، بـەڵام ئـەوە یەکێکـە لـەو داهێنانـە شیعرییانەی، کـە شـاعیر لـەزەینی خۆیـدا دروسـتیدەکات و پێشکەشـی خوێنـەری دەکـات، بەمەبەسـتی جێبەجێکردنی یەکێك لەئەرکە جوانکاری و ئیستاتیکییەکان.

**مەزاری مامزان [2]**

ئـەم ناونیشـانە سـەرەکییە وەك گرێیـەکی نـاوی، ڕیتمێکـی خێـرای دەنگـی هێناوەتەکایـەوە، بەهۆی لادانی زمانییەوە لەئاستی دەنگسازیدا بەدووبارەبوونەوەی دەنگەکانی (م،ز،ا)ی وشـەی یەکـەم لەوشەی دووەمدا، ئەمەشیان ئەم دووبارەکردنەوە دەنگییەیە، کە ڕیتمێکـی خێـرای بـەدەربڕینی هێـزی ئاوازی جوانی شیعرەکە بەخشیوە و دەلالەتێکی واتایشی تێدایە، بەپیرۆز پێدانێك بـەناوی(مامزان)وەك ناوێکی کۆ، کە ڕەمزی جوانی و پاکی ونەرمونیانییە، بەخستەپاڵی وشەی(مەزار)کە بۆ پێغەمبـەران و پیاوچاك و شێخ و...هتد بەکاردێت. نەوەکو بۆ(مامزان)، شاعیر بەم کارە هونەرییەی لادانێکی واتـایی پێکردووە و بەمەشیان وێنە و دیمەنێکی ناوازەی جوان لەخەیاڵدانی خوێنەر بەجەستە دەبێت، ئەم وێنـە شیعرییەش بەسوود وەرگرتن لەڕەمزێکی ئاینی دروستبووە، واتا و مەبەستێکی کاریگەرانەی بەدەقەکە داوە، لەبەرئەوەی ئەم شێوە ئازادییە لەگوزارشتکردن و دەربڕینـدا بـەرەو داهێنـانی هونـەری هـەنگاو دەنێت، لەمیانەی(بەکارهێنانی وشە و گەمەکردن بەوزمانەی کە لەڕێگەی ڕەمز و وێنەکانەوە پێکدێت، کە بەیەکێك لەجەمسەرە بەکارهاتووە تایبەتییەکانی زمان دادەنرێت، بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئـەرکی جوانیناسی و جوانکاری، جگە لەمەش هەر شاعیر و نووسەرێك شێواز و شێوەی بەکارهێنانی زمـانی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە هاوپیشەکەی جیادەکاتەوە)[3].

**دڵەبەردینەکان [4]**

ناونیشـانێکە بەشـێوازێکی نائاسـایی دەربـڕاوە و لەپێکهاتەیـەکی ناسـادە پێکهـاتووە، لادانێکـی واتایشی پێئەنجامدراوە و سیفەتی بەتـەنکردن خراوەتـە پـاڵ(دڵ)، کـە ئەنـدامێکی زینـدووی جەسـتەی مرۆڤە، بە لەکارکەوتنی جوولە و گەشە وژیانی مرۆڤ دەوەستێت و دەمرێت.

شـاعیر بەسـوودبینینی لەوشـەی(بەردین)لەبواری جیۆلۆجییـەوە بـۆ مـرۆڤ، داهێنـانێکی هونەری و ئیستاتیکی و نوێباوی داهێناوە، چونکە(دڵ)و(بەرد)لەگەڵ یەکتردا هەڵناکەن، خواستوویەتی بۆ بەردی بێگیان،بەمەشیان سیفەتی مرۆڤی پێداوە، لەبەرئـەوەی لەشـێوازی وتنـی ئاسـایدا وشـەکان یەکتر ڕەتدەکەنـەوە و لـەواتا و لۆژیکدا دژبەیـەکن و نـاگونجێن، چونکە(دڵ)سیفەتی نـەرمی تێدایـە و

(1) حميد لحمداني:عتبات النص ألأدبي، مجلة علامات في النقد، مجلد:12، العدد:46، جدة،2002، ص35.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل58.
(3) طاهر مصطفى علي:شعرية ألأسلوب الرؤيوي في الخطاب محمود البريكان، أطروحة دكتورا، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين،2005م، ص98.
(4) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل194.

بەردیش سیفەتی ڕەقی، کەواتە واتاکانیان پارادۆکسین، بەڵام شاعیر بەولادانە واتاییەی سیفەتێکی نائاسایی پێداوە لەدەربڕینە شیعرییەکەیدا، کە دڵ هەیە چەشنی بەردە لەڕەقیدا، ئەمەش وێنەیەکی شیعری و ئیستاتیکی بەهێز و جۆش و خرۆش و کارلێکراو و سەرنجدراو لای خوێنەر پێکدێنێ، لەبەرئەوەی ناونیشان هەیە((خاوەنی بونیادێکی وێنەیی و زمانی و ئیقاعی و لڤینە))[1]، چونکە وێنەش ڕەگەزێکی گرنگی شیعرییە و واتابەخش و مەبەست بەخشیشە.

**3- بەکارهێنانی ناونیشان لەنێو ناونیشاندا**

تەکنیك و خاسیەتێکی دیکەی هونەرییوونی ئیستاتیکای ناونیشان لەوەدایە، کە هەندێکجار وا ڕوودەدات دەقی شیعرێك جگە لەوەی ناونیشانێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت، ناونیشانێکی لاوەکیش لەخوارەوەی ئامادەگیی هەیە، بەبێ ئەوەی سەنگ و پێگەی ناونیشانە سەرەکییەکە دابەزێنێت، بەڵکو بەهایەکی ئیستاتیکی هونەری بەڕواڵەتی دەقەکە دەدات وهاوسەنگی و هاوتەریبی و گونجانێکی بەهێز و کاریگەر لەنێوان ناونیشان و خودی دەقە شیعرییەکە دێنێتەکایەوە، تاکو وەك دەقێکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و فەزایەکی کراوەی ئیحابەخش دروستبکات. لەمیانی خۆیی و دەق و خوێنەردا، بۆئەوەی خوێنەریش بەشدارێکی کارا و چالاك لەپرۆسە هونەرییە شیعرییەکەدا بکات.

بۆیە((ئامادەبوونی چەند ناوونیشانێکیش پێکەوە بۆ تەنیا دەقێك، بابەتی ڕۆڵ و گرنگیی ناوونیشانە لاوەکییەکان ناوونیشانی دووەم و سێیەم دێنێتە پێشەوە. هەڵبەتە ئامادەبوونی ئەم جۆرە ناوونیشانانە لەخوار ناوونیشانی سەرەکییەوە. بایەخ و ئەرکی خۆی هەیە، بۆ نموونە بەشێك لەئەرکی سیمانتیکی ناوونیشانە سەرەکییەکە جێبەجێ دەکات. خودی ئەم کارەیش سیمایەکی ئیستاتیکی بەکارەکە دەبەخشێت و لەهەمان کاتیشدا دەبێتە جێگای سەرنجی خوێنەر و ورووژاندنیشی.))[2]. هەروەها شاعیریش لەمیانەی هەستکردن بەگرنگی و بایەخی ئەو چەند لایەنە هونەرییەوە لەئاستی خاسیەت و تەکنیکەوە بۆئەوەی بونیادی ناونیشانەکەی پوختە و تۆکمە و سەرنجڕاکێشتربێ، بۆیە لەڕوانگەی ڕەهەندێکی ئیستاتیکییەوە ناونیشانی لەنێو ناونیشاندا بەکارهێناوە، چونکە ئامانج و مەبەستێکی پەیامدار ومانادار لەدواوەیە.

ئەگەر لەداهێنانی پرۆسەی کارە هونەرییەکەی وردبینەوە، دەبینین لەسەر بنەمایەکی لاساییکردنەوەیە، بەڵام بەفۆرم و شێواز و شێوەیەکی دیکە تازەگەرییەکی ئیستاتیکی و هونەرییوونی ئەنجامداوە. ئەمەشیان خاسیەت و سیفەتێکی هونەری وئیستاتیکی ڕێگە و ڕێڕەوی دەقنووسی(نەوزاد ڕەفعەت)دیاریدەکات.

**خۆر و شەوگار[3]**

ناونیشانێکی سەرەکی دەقێکی سەربەخۆی شاعیرە، لەخوار ئەم ناونیشانەشدا سێ ناونیشانی دیکە، وەك(ناونیشانی کەرتی)دابەشکارییەکی سەربەخۆ، بەشێوازی وشە و دەستەواژەی بەکارهێناوە، کە دەتوانین هەریەکەیان بەشێوەی ناونیشانێکی کەرتی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. ناونیشانە سەربەخۆکە:(خۆر و شەوگار)بەکۆکردنەوەی دوو وشەی پارادۆکسی، کە بەیەکەوە بەشێکن

(1) محمد صابر عبید(أ.د.):شعرية الكتب وألأمكنة- نظم التعبير والتصوير في الشعر عبدالله رضوان(قراءة ومنتجات)، دار الياوزي،2005م، ص80.
(2) فوئاد ڕەشید(د.):دەقی ئەدەبی ئەگار. چێژ .بەها، ل61.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل145.

لەپێکهاتەی جەستەی دەقەکە، دژبەیەك کۆکراونەتەوە، بۆئەوەی شاعیر وێنای ئەو کاتوساتە بکات، کە لەشەو و ڕۆژدا ڕوودەدات، ئەوانیش:

**خۆشخوان**
**بلوێر ئەنگێو**
**شمشاڵژەن**(1)

پێگەی هونەری دەقەکە جوانتر و گەشاوەتر دەکەن، بەوەی هاوبابەتی و هاوتەریبی و هاوشانی و گونجانێکی چالاك و کارامە لەنێوان فیکرەی ناونیشانە سەرەکییەکە و ناونیشانە کەرتییەکانی تەواوکەری مانا و ئیحا و دەلالەت و مەبەستی تێکڕای دەقەکە بەیەکەوە تەواودەکەن. هەروەها ئەنجامدانی خودی ئەم کارە هونەرییە لەئاستی ڕوخسار و ناوەخندا سیمایەکی ئیستاتیکی بەپرۆسەی کارە داهێنەرەکە دەبەخشێت، لەهەمان کاتیشدا دەبێتە جێگەی بایەخپێدان و گرنگیدانی سەرنجی وردی خوێنەر و وروژاندنی هەست و سۆزە ناوەکییەکانی دڵ و دەرونی.

**شیعری دیدەیی**

**مزگێنی(2)**

(شیعری دیدەیی)ناونیشانێکی سەرەکییە، شاعیر گەمەیەکی هونەریی جوانی پێکردووە. ڕەنگە نووسینی ئەمجۆرە ناونیشانە بەمشێوە و شێوازە شتگەلێکی تازە بابەتییانە بێت. بەئاوێتەکردنی وشەی(شیعر)، کە ژانرێکی سەربەخۆی ئەدەبییە و لەنێوخودی دەقی شیعرێکدا و خستنەپاڵی وشەی(دیدەیی)، تەواو نوێکارییەکی هونەرییانەیە، کە پتر و کاریگەرانەتر سەرنج و ڕامانی خوێنەر بۆئیحابەخشینەکانی ئەم ناونیشانە شیعرییە ڕادەکێشێت و ئاوێتە دەقەکەی دەکات، تاکو ئەو پرسیارانەی لەخەیاڵیدا بۆ دروستبێت:ئاخۆ ئاماژە نادیارەکانی پشت ئەم ناونیشانە لەچیدا بێت؟.

پاشان دانانی ناونیشانێکی لاوەکی بەناوی(مزگێنی)لەخوار ناونیشانی سەرەکیدا، بابەتی پەیامی شیعرەکەی بابەتییانە و ئیستاتیکییانەتر کردووە، جارێکی دیکە بەوروژاندنی پرسیاری دیدەیی چی و کێ و چۆن و ئەو دیدەیە چ پەیوەندییەکی بەمزگێنییەوە هەیە و مزگێنییەکە لەکێوە و بۆ کێ و چ جۆرە مزگێنییەك؟.

لەئەنجامدانی ئەو مامەڵە هونەرییەی کە شاعیر لەگەڵ ناونیشانەکاندا کردوویەتی، ناونیشانەکە توانیویەتی ببێتە دەقێکی هاودەلالەت و هاوسەنگ و هاوتەریبی خودی بونیادی پێکهاتەی شیعرەکە و ئەمانەش ئەدگارێکی هونەری وجوانیناسانە بەدەقبوونی شیعرەکە دەبەخشن، چونکە لەهەر تێکستێکی ئەدەبیدا((ناوونیشان زیاتر لەهەر بڕگە و بەشێکی دەوروبەری دەقەکە، ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەم کاری پەی بردنەدا، هەربۆیەش بەڕای هەندێك لەڕەخنەگران ناوونیشان ئەو منداڵدانەیە کە زۆربەی دەلالەتەکانی دەقی لێوە لەدایك دەبن))(3).

لەم دەقەدا ناونیشانەکە هاوتەریبی دەقەکە کراوە، دەشێت وەك دەقێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، لەبەرئەوەی هاوگونجاویی ناونیشان بۆ ناونیشانی دەقەکەی خوار خۆی، بەو مانایە

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل145_ 146.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل8.
(3) فوئاد ڕەشید(د.):دەقی ئەدەبی ئەگار. چێژ .بەها، ل64.

نییە، کە جیاکاری و پردی پەیوەندی لەنێوانیاندا دەبێت، بەڵکو پەیوەندییەکی سیمانتیکی و سیمۆلۆژییانە دەبێتە ئەڵقەی بەیەکبەستنەوەیان و بەرزکردنەوەی بەها هونەرییەکەیان و پێدانی خەسڵەت و سیمایەکی ئیستاتیکی بەچەندییەتی و چۆنیەتی ئامادەگیی ناونیشان لەنێو ناونیشانێکی دیکەدا.

**دەقی ئایکۆنی و مەعریفی**

**باڵەکانم بدەرەوە(1)**

ئەم چەشنە ناونیشانە سەرەکییە بەمشێوە و شێوازە هاوچەرخییە، پڕە لە ئیحابەخشین و مانا و دەلالەتی یەکجار قووڵی لەخۆی گرتووە، دوا ناونیشانە لەدوا دیوانی شیعری شاعیر بەناوی(باڵەکانم بدەرەوە)، شاعیر بۆ ڕوونکردنەوەی بەشێکی کەمی ئاماژە شیعرییەکانی پشت ئەم ناونیشانەوە لەلاپەڕە(102)دا دەڵێت:((یەکەم جارە لە شیعری کوردیدا، ئەم دوو چەمکە وەك تەکنیك بەکاردێن.))، کەواتە بەکاربردنی وشەی(دەق)یش، لەگەڵ وشەی(شیعر)ی کە لەدەقەکەی پێشتردا خستمانەڕوو، وەك ناونیشانێکی سەرەکی، ئەزموونداری هونەری و ئەدەبی و بەئاگایی شاعیر لەبواری ڕۆشنبیری و هزری و فیکری و مەعریفیدا بەدەردەخات.

بۆیە لەدوا دیوانیدا هەوڵیداوە بەخوێنەر بڵێت:تەنانەت شارەزا و ئاگاداری دواچەمکی هونەری و ئەدەبی ژانری(شیعر)م، کە لەئێستادا بە(دەق)ناوزەد دەکرێت، چونکە(دەق)وشەیەکی هاوچەرخانەیە و بەرفراوانترە و کراوەییەك بەپێکهاتەکەی دەبەخشێت، چونکە لەئێستادا شاعیر و دەق و خوێنەر وەك سێگۆشەیەك تەواوکەری یەکدین و بەپێدانی ناونیشانی (دەق) کرانەوەیەك لەبەردەم بینین و تێڕوانین و هزر و خەیاڵی خوێنەریش واڵاتر دەبێت، بۆئەوەی ئەویش بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندنەوەی زیاتری بۆ دەقەکە هەبێت و کارامە و چالاکانەتر بەشداری لەپرۆسەکەدا بکات، هەروەها دانانی دوو چەمکی(ئایکۆن)و(مەعریفە)لەپاڵ وشەی دەقدا، کاری خوێنەری دەقەکەی قورستر و قووڵتر و وردتر کردووە، تاکو بەشێوەی بیرکردنەوەیەکی تیژتر و بەهەرەمەندانەتر بەدوای کۆد و نهێنییە یەکجار وردەکانی پەیامی شاعیردا بڕوات و توێژەرانەتر پشکنین بۆ دۆزینەوەی هێما و ڕەمز و ئاماژە شیعرییەکان بکات. بەدانانی(باڵەکانم بدەرەوە)هێندەی دیکە، وەك ناونیشانێکی سەربەخۆتر لەناونیشانە سەرەکییەکەدا بەدەردەکەوێت. پێویستی بەکارامەیی و کارایی خوێنەر هەیە، بۆئەوەی ئەویش باڵی هزر و زەینی و بیرکردنەوەکانی زیاتر باڵ بەسەر تەواوی دەقەکەدا بکێشن بۆ دیاریکردنی لایەنە جوانکاری و بەهادارییەکانی دەقەکە، لە میانەی ئەو ئاماژە و پەیامانەی کە شاعیر پێشکەشی خوێنەرەکانی کردووە.

**بیرلێکردنەوە(2)**

دەقێکی دیکەی شاعیرە، وەك ناونیشانێکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، بۆئەوەی خوێنەر بەبیستن و بینینی ئەم ناونیشانە ڕاستەوخۆ کارلێکی کاریگەرانە لەهەست و سۆز و دڵ و دەروون و بیرکردنەوەی دروستبێت و خەیاڵی بۆ شێوازی بیرکردنەوەکانی شاعیر بچێت، ڕەنگە بەشێکیان بپێکێت و لەوانەشە هەندێکی دیکەیان هەر بەفیکر و بیرکردنەوەشی دەنەبێت. ئەو پرسیارگەلانە بەدی بێت:ئایا شاعیر بیر لەبابەتی فەلسەفی یان ژیاری، یا بوون، یا ئایدۆلۆژی یان

(1) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل94.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل94.

ڕامیاری یان ئاینی یان... هتد، بکاتەوە؟، پەیامی ئەو بیرکردنەوانە بۆ چییە و لەپێناوی چییە و مەبەستی چییە؟!!.

لەناونیشانەکەدا ئەرکی ورووژاندن و وەسفی و تایبەتیکردن بەبابەتێك و ڕێنوێنیکردن و ئاماژەکردنی لەلای هەر خوێنەرێك لەخوێنەرانی دەقەکەی خستەڕوو، دواتر دێت گەمە ئیستاتیکییەکانی بەناونیشانەکە دەکات، بەوەی مەرج نییە لەدەقی تازە و هاوچەرخدا لەهەموو حاڵەتێکدا لەخوار ناونیشانی سەرەکیدا وشەیەکی سادە، یان ناسادە یاخود گرێ و دەستەواژەیەکی کورت و پوخت بنووسێت،((بەڵکو دوورنییە ناوونیشان نیشانەیەك بێت لەنیشانەکانی خاڵبەندی، یان هێمایەکی بواری ئەندازە و بیرکاری و کیمیا بێت، یان تەنیا دانانی چەند خاڵێك بێت))(1).

شاعیر لەخوار ئەم ناونیشانەدا حەوت ناونیشانی لاوەکی بەدانانی ژمارە داناوە، کە هەر ژمارەیەکیان تایبەتکراوە بەباسکردنی بابەتی جیاواز، بۆئەوەی خوێنەر بەشداربێت لەپرۆسەی کاری داهێنانە ئەدەبی و هونەرییەکەی شیعرەکە، تاکو وەك دەقێکی سەربەخۆی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و بەدروستکردنی ئەو فەزایە کراوەیەی کە بەدەقەکە دراوە، لەمیانی شاعیر و دەقەکەدا، بەم کارەش شاعیر بەهایەکی سەنگینداری ئیستاتیکی هونەری بەڕواڵەتی دەقەکە دەدات. بۆنموونە لەبڕگەی ژمارە(2)دا دەڵێت:

**گوڵەکانی ئینجانەکانی سەرتارمەی دڵم سەیرن**
**ڕۆژێك فرمێسکم ئاوڕی**
**خوێنینیان لێ نەداتەوە**
**خەمۆکی دایان دەگرێت و هەڵدەوەرن**
**قل..**
**قل..**
**د.. ە.. م.. ر..ن.. (2)**

ڕەنگە بەشێکی خوێنەر هەبێت بیر لەهەموو بابەتێك بکاتەوە بەبینینی ناونیشانی(بیرکردنەوە)، وەك ناونیشانێکی سەرەکی، بەڵام لەم برگەیەدا دەبینین(دڵ)ی خۆی بەڕووککردووە بەخستنەپاڵی ئەو سیفەتە، بۆئەوەی دیمەنی ئەو وێنە شیعرییە بخاتەڕوو. بەخواستنی سیفەتی(خوێن)، کە ڕەنگی سوورە و دانەپاڵ فرمێسك، کە ڕەنگی ئاوییە و بەمرۆڤکردن دروستبووە، چونکە فرمێسك ئاوڕناداتەوە، بەتایبەتیش ئاوڕێکی خوێناوی، گوڵەکانیش سیفەتی خەمۆکی کە تایبەتە بەمرۆڤ و نەخۆشییەکی دەرونییە، دایاندەگرێت و لەتاواندا چییان بەسەردێت دواتر قل قل دەمرن.

لەمجۆرەیاندا ناونیشان لەنێو ناونیشاندا، بڕێکی زۆر لەدەقەشیعرییەکانی شاعیر لەزۆربەی دیوانە شیعرییەکانیدا وبەتایبەتیش لەبڕگەیەکی شیعریدا دانانی ژمارەی پەیڕەوکردووە، وەك دەقێکی لاوەکی لەخوار ناونیشانە سەرەکییەکەدا، دەگونجێت هەر ژمارەیەکیان بەناونیشانێکی سەربەخۆ و ئازاد مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەمەش خاسیەتێکی دیکەی هونەرییبوون و جوانکاری و جوانیبوونی بەشێکی شیعرەکانی نەوزادی شاعیرە، بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە:-

| ناونیشانی سەربەرگ | 4 | ناسادە |
|---|---|---|

(1) فوئاد ڕەشید(د.):دەقی ئەدەبی ئەگار. چێژ .بەها، ل53.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل95.

| | | |
|---|---|---|
| ناونیشانی سەرەکی نێودیوانەکان | 85<br>110 | سادە<br>ناسادە |
| ناونیشان لەنێو ناونیشاندا | 5<br>33 | وشە و دەستەواژە<br>ناونیشانی بەژمارە |

**سێیەم- ئیستاتیکای پرسیار لەشیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا**

پرسیارکردن پرۆسەیەکی هاوبەشی گونجاوی گفتوگۆکردن و ئاخاوتنە لەنێوان مرۆڤەکاندا بەرجەستەدەبێت، لەبەرئەوەی بەشێك لەتێڕوانینەکان پێیوایە تەواوی بیر و بۆچوونەکان بەمرۆڤەوە پەیوەستە، لەکاتێکدا هونەر بەرهەمێکی مرۆڤایەتییە و بڕیاردانیشی بڕیارێکی مرۆڤایەتییە، چونکە لەلایەنی هزریشەوە لەڕووی ناوەخنەوە پەیامێکی بابەتییانەی لەخۆگرتووە و بەمەبەستی بەدەسهێنانی وەڵامێك ئاراستەدەکرێت و دەووروژێنرێت، بۆیە((بەپێی ئاست و بوار و هەڵوێستە جیاجیاکانی ژیان، کەرەستە و شێواز و ڕێبازی پرسیارکردن دەگۆڕێت))[1].

ئاشکراشە ئامادەسازی بۆ ئەو پرۆسەیە لەنێو جیهانی شیعردا بەتەواوی جیاکاری و جیاوازی هەیە، لەچۆنیەتی شێواز و شێوەی ئەو خەسڵەت و ئەرك و کەرەستە زمانەوانییەی، کە ئامانج و پەیامی پرسیارەکەی پێدەکرێت، بۆیە((پرۆسەی پرسیارکردن، وروژاندنی پرسیار، لەنێو شیعردا، پرسیارێکە لەنێوان(ئیستاتیکا)و(ژیان)دایە، پرسیارێکە ڕوانین و دنیابینی لەدوو تویی زمانێکی شیعریدا هەڵگرتووە))[2]، بۆیە ئیستاتیکیبوونی پرسیارکردن ئەو تایبەتمەندییە هونەرییەیە، کە هەندێکجار وەك پرسیاری ڕەوانبێژی، دەگونجێت لەفۆڕمێکی شیعریدا بەرجەستەبکرێت.

جێگەی ئاماژەپێدانە لەدەقێکی نێوسنووری ئەم توێژینەوەیەدا(پرسیار و وەڵام)بووەتە شێوازێکی داڕشتنی بەشێك لەدەقە شیعرییەکانی شاعیر، بۆنموونە:

**منداڵێك:(ڕوودەکاتە دارهەنارێك)**
**تۆ پێم ناڵێیت**
**لەکەیەوە دڕکت داوە؟**
**دارهەنار:(بەپێکەنینەوە)**
**لەو ڕۆژەوە گوڵی سوور و**
**هەناری شیرینم بووە...** [3]

لەم دەقەدا دەبینین شاعیر بەشێوەیەکی هونەری پرسیاردەکات، بەشێوەی گفتوگۆ و ئاخاوتنێکی ورد پرسیارەکە لەسەر زمانی(منداڵ)ێك، کە نەناسراوە دەووروژێنێت لەنێو ئەم دەقەدا، شێوە پرسیارێکە تێڕوانین و جیهانبینی لەدووتوێی زمانێکی شیعریدا هەڵگرتووە، بەوەی پرسیارکردنێکە لەنێوان یەکێك لەکەرەستەکانی ژیان و جوانیبوون دایە، کە شاعیر پرسیارەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەرزاری منالێك دەکات و چاوەڕوانی وەڵامدانەوەیەك لەوەرگرێك دەکات، کە لەبەرامبەر دەقەکانیدا وەڵامبداتەوە؟، بەڵام وەرگرەکەی لەدووتوێی

(1) فوئاد ڕەشید(د.):ڕووبەرێکی ڕەخنەیی، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لقی کەرکوك، چاپخانەی کاردۆ، کەرکوك، 2011، ل51.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل52.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل18.

دەقەکەیدا(دارهەنار)ێکە و پرسیارەکەش لەدارهەنارەکە دەکرێت، وەك ڕەمزێکی خۆڕاگری و بەتینی و بەهێزی لەژیاندا، دارهەنارەکەش سیفەتی بەمرۆڤکردنی خراوەتە پاڵ و ئەو سیفەتی قسەکردن و پێکەنینەی لەمرۆڤەوە بۆ خواستراوە، کە پێکەنین نیشانەی دڵخۆشی و ژیانی مرۆڤەکانە، وەڵامدانەوەی پرسیاری دڕك دانەکەش، کە تەنانەت دڕکدانیشی بۆ زیانی مرۆڤەکان نییە، بەڵکو هیوابەخش و ئومێدبەخشی و کامەرانی و شادومانییە بۆ مرۆڤەکان، بەهێمای(گوڵی سوور و هەناری شیرین)، بۆیە ئیحایەکی وزەدار و چێژبەخش و و دڵخۆشکەری لەپەیامی هونەریی خۆیدا بەرجەستەکردووە.

**دەگێڕنەوە:**

**پاشان زمانی گرتووە و**
**لەساعووری(*) بەقەد چنگێکی پرسیوە:**
**- نەتزانیوە کێ مردووە ؟!**
**- نەتزانیوە.. ؟!**
**- زەنوڵەی پیرۆز چوزانم!!**
**- هەق..**
**- هەق..**
**هەق..**
**هەق.**
**هەق مردووە !**[1]

خاسیەتی هونەریبوونی ئەم دەقە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر بە زمانی(ئەوان)دەیەوێت شتێك بگێڕێتەوە، دواتر(ئەو)زمانی گرتووە و لەساعووری پرسیارکردووە. پرسیارەکە ئەوەنییە، ناوت چییە؟، کەی زەنگوڵە- ناقووس لەدێرەکاندا لێدەدرێت؟، دێرەکە لەکوێیە؟، بەڵکو شێوازی ئاراستەکردنی پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئاراستەی(تۆ)کراوە، نەتزانیوە کێ مردووە؟، بەجەختکردنەوە لەسەر وشەی نەتزانیوە، سەرنجی خوێنەر بۆ دەسکەوتنی وەڵامی ئەو پرسیارە ڕادەکێشێت و ناخ و دەروونی دەبزوێنێ و هەژانێکی جەستەیی لەناوەوە بۆ دروستدەکات، بەلادانی واتایی و خواستنی سیفەتی قسەکردن لەمرۆڤەوە وپێدانی بە(زەنگوڵە)ی پیرۆز و چوزانم!! و دانانی نیشانەی سەرسوڕمانی، بۆئەوەی سەراسیمایی و سەرسوڕهێنەری خۆی بخاتەڕوو، بەو وەڵامەی کە کاریگەرییەکی هەست بزوێنانە لەخوێنەر دەکات و چاوەڕوانی ئەو وەڵامەی نەدەکرد، کە بەچەند بارەکردنەوەی وشەی(هەق)مردووە، ئەو پرسیارە بۆئەوەیە خوێنەریش بەپرسیارێکی دیکە بەشداری لەکاری داهێنەرانەی دەقەکەدا بکات و بپرسێت: ئایا هەق دەمرێت؟کێ بکوژی هەقە؟ چ بێویژدانێك هەق و ڕاستی دەکوژێت؟، لەکاتێکدا هەق بکوژی ناهەقی و نادادپەروەری مرۆڤەکانە.

**لەمەیدانی جامبازیدا.. من چیم و کێم؟!**
**لەزێدی خەمۆکیی خۆمدا**
**غەوارەم یاخود خانەخوێم؟!**
**بۆ کوێ بدوێم؟!**
**بۆ کوێ هەڵبێم؟!**

(1) * ساعوور/ ئەوەی لەدێرەکاندا زەنگوڵە لێدەدات، نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، ل86 - 87. هەروەها ساعوور بەرامبەر مجێوری مزگەوت دەوەستێ، کە خزکەتی کەنیسە دەکات.

**بێ پەنایی و سەربردەکان بەکێ بڵێم؟!**
**بۆ کوێ؟! بۆ کوێ؟! بۆ کوێ بڕۆم؟!** (1)

لەم کۆپڵەیەدا کرداری پرسیارکردن بۆئەوە خراوەتەڕوو و وروژێنراوە، کە چەندین پەیامی بابەتیانەی لەخۆگرتووە، شاعیر مەبەستیەتی وەڵامێکی گونجاو و شیاو بەخستنەڕووی پرۆسە هونەرییەکەی بەدەسبێنێت، بەو دەربڕینە شیعرییەی لەجیهانبینییە پڕ لەخەمۆکی و دڵتەنگییەی خۆیدا لەچوارچێوەی ڕایکردنی زمانێکی شیعرییانەدا، هەوڵیداوە سوود لە میکانیزمی پرسیارکردن ببینێت، بەو پەیڤانەی کە هەڵگری ئێش و ئازارەکانیەتی لەجیهانی ژیانی خۆی و هاوشێوەکانی، بەوشەکانی زێدی خەمۆکی و غەوارە و بێ پەنایی و سەربردە، ئەمانە هەموویان واتای ناخۆش و پڕلەچەرمەسەری ژینیان تێدایە. بەبەکارهێنانیان لەم دەقەدا شاعیر کەڤاڵی جیاجیای دنیای خۆی و دەوروبەری نمایشدەکات، بەوەی کە کرداری پرسیارکردن لەنێو جیهانی شیعردا دەرخەری خۆشی و ناخۆشی وگەشبینی و ڕەشبینی وشادی و دڵتەنگی ژیانە. لەمیانەی جوانییەکان و کرێتییەکانەوە بەرجەستەدەبێت، لەبەرئەوەی ژیان بەهەوراز و نشێو و خۆشی وناخۆشییەکانییەوە جوانە.

**(21)**

**مێ بەقەد پەلکەدار زۆرن**
**بەڵام کامیان مانگ یان خۆرن؟** (2)

ئەم پرسیارە ئاراستەی خوێنەرکراوە، بۆئەوەی لەنێوان دوو هەڵبژاردەدا ئازادی و سەربەستییەکی هەبێت، تاکو هەر خوێنەرێك لەمیانی تێڕامانییەوە لەخودی دەقەکەوە، بیربکاتەوە و بەپێی ئەو بارودۆخەی، کە ژیانی تێدا دەگوزەرێنێت و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەو ناوچە و ژینگە کۆمەڵایەتییەی، کە ژیانی تێدا بەسەردەبات، بڕیار لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیاری دەقەکە دەدات وخۆی بەلای یەکێکیانەوە یەکلاییدەکاتەوە.

ئایا ئەو پرسیارەی کراوە و وروژێنراوە، بەهۆی لێکچوواندنی مێ بەپەلکەدار لەزۆری و جوانیدا، دواتر جیاکارییەك و بەراوردێك خراوەتەڕوو، کە کامیان(مانگ)ە لەجوانیدا لەنیوەی شەودا و کامیشیان(خۆر)ە لەجوانی و قەشەنگیدا، کە لەبەری بەیاندا ئاسمان ڕووناك و پرشنگدار دەکات. کەواتە جۆرێك لەکرانەوەی بەدەقەکە بەخشیوە، بۆئەوەی خوێنەر لەدیدگای جیهانبینی خۆیەوە سەرپشك بێت، لەدەسنیشانکردنی کام مێ مانگە و کامەشیان خۆرە.

**(6)**

**- ئەو تۆپەڵە ئاورنگانەی دڵی تۆ چین ؟!**
**چۆن بزانن .. کە جارێك نەیسووتاندبن**
**کوورەی برین ؟!** (3)

ئەدگاری هونەریبوونی ئەم دەقە شیعرییە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر پرسیارگەلێکی ئاراستەی بەرامبەرەکەی کردووە، وەك گوێگر و وەرگرێگ،بەمەشیان سنووربەندکردنی بۆخوێنەر دیارینەکردووە، تاکو خوێنەر بەپێی ئەو باروزورفە کۆمەڵایەتی و دەروونییەی، کە تێیدا دەژی وکاردانەوەی لەسەر هەیە، بۆ ئەو تۆپەڵە ئاورنگانەی دڵ، کە وەڵامی شاعیر بە وشەکانی(نائارامی،

(1) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل79_ 80.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:باڵەکانم بدەرەوە، ل43.
(3) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل76.

چەرمەسەری، نەخۆشی، ناخۆشی، دەردەسەری، ناسۆریی، دڵتەنگی، ئازار... هتد)دەداتەوە، بەو ئاماژانەی کە(کوورەی برین)، چۆن جارێك دڵی تۆی نەسووتاندووە، لەکاتێکدا ئەو هەموو شت و کەرەستانەی تێدابێت، ئاخۆ دەبێت ئەو دڵەی تۆ چی بێت؟، کە بەرگەی ئەو هەموو شتانە دەگرێت، یاخود لەوانەیە هیچ یەکێك لەم وەڵامانەی لەخۆنەگرتبێت، لەبەرئەوەی خوێنەر لەلوتکەی خۆشگوزەرانیدا دەژی و وەڵامەکەی:(دڵخۆشی، بەختەوەری، کامەرانی...هتد) یە، چونکە دڵی جارێك نەسووتاوە و سارێژکەری برینە، یان هیچ جۆرە وەڵامێکی بۆ نادۆزرێتەوە، لەبەرئەوەی لەحاڵەتێکی دەرونی دژواری وەهادا دەژی، کە نازانێت چۆن و بەچ شێوە و شێوازێك وەڵامبداتەوە و چ جۆرە وەڵامێك بخاتەڕوو.

لەم بارودۆخەشدا چاکترین وەڵام بێدەنگبوونە، یاخود خوێنەر لەمیانەی بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە ئەمجارەیان ئەو پرسیارێك لەسەر پرسیارەکانی شاعیر دەورووژێنێ، بۆئەوەی شاعیر وەڵامی بداتەوە، چونکە کرداری پرسیارکردن پرۆسەیەکی هونەریی هاوبەشانەی گفتوگۆ و ئاخاوتنە لەنێوان مرۆڤەکان(خوێنەر، شاعیر)لێرەدا بەدیدێت. ئەم کردارەش نیشانەی زیندەگی ژیانە، بۆ پیشاندانی لایەنە کرێت و جوانەکانی.

**پرسیار**
**هەتا ڕادەی بوون بەخۆڵەمێش نەسووتا**
**چۆن دەگاتە پلەی ئۆخژن موریدێك**
**پەرداخی بەتاڵ هەڵبدات ؟!** (1)

لەدەقی(پرسیار)دا ڕەنگە شاعیر ئەو پرسیارەی بۆیە ورووژاندبێت، تاکو خوێنەری دەقەکەی لەمیانی خوێندنەوەکەیدا، بەشێوەیەکی ورد بیرو خەیاڵی بخاتەگەڕ، بۆئەوەی هێما وئاماژە شیعرییە جوانەکانی پشت ئەو دەقە بدۆزێتەوە، کە بەکارهێنانی وشەی(خۆڵەمێش)، وەك ڕەنگپێدانێك، پرسیارێکی فەلسەفی ئاینی قووڵی ورووژاندووە، بۆئەوەی ئەو پرسیارانەی لەناو دڵ و دەرونیدا لێکدانەوەی بۆ کردوون، چاوەڕوان و ئارەزووی وەڵام وەرگرتنەوەیان دەکات لە خوێنەری دەقەکەی. هەروەها دیاریکردنی پرسیار وەك ناونیشان بۆ دەقێکی سەربەخۆ و دواتر دانانی ناونیشانێکی دیکەی لاوەکی لەخوار ناونیشانە سەرەکییەکەدا، بریتییە لەبەکارهێنانی ناونیشان لەنێو ناونیشاندا، لایەنێکی دیکەی ئیستاتیکیبوونی زمانی شیعرییە، کەوا شاعیر خستوویەتییە بەردیدگای ئێمەی خوێنەری دەقە شیعرییەکەی.

**(1)**

**فلووت و نەی کون گیراو و**
**تەموورەی بێ ژێ دەژەنم ؟!**
**یان گۆڕخانەیە مەفتەنم ؟!** (2)

لەم کۆپلەشیعرەدا شاعیر کەرەستە و شێوە و شێوازی خستنەڕووی پرسیارەکانی گۆڕیوە، بەبەکارهێنانی خاڵبەندی و نیشانەی پرسیار و سەرسوورمانی کردوونی بەپرسیار، کە ئەمە لەنووسینی ئاسایی ئەم نیشانەی پرسیارە بەرستانەوە نالکێن، بۆئەوەی بەهایەکی ئیستاتیکی

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل219.
(2) نەوزاد ڕەفعەت:ڕێی تاوسان، ل87.

بەئیستاتیکای پرسیارەکانی ببەخشێت، هەڵوێست و پەیامە بابەتییەکانی لەبارەی ژیانبینییەوە لەدووتوێی زمانێکی شیعریدا دەخاتەڕوو.

ئاشکرایە(فلووت و نەی و تەموورە)، کە سێ ئامێری دەنگداری بواری مۆزیکین، هەریەکەیان دەنگێکی ئاوازدار و پڕ جۆش و خرۆشی تێدایە، شاعیر بارودۆخی حاڵە دەروونییەکەی هێندە پەرێشان و بەئازارە، تەنانەت ئامادەیە فلووت و نەی کونگیراو و تەموورەی بێ ژێش ئامادەیە بژەنێ، کە هەرگیزاو هەرگیز شتی لەوجۆرە ڕوونادات، بەڵام ئەوە تاوی بەسوێی ئازارەکانییەتی کاری لەچەشنە ئەنجامدەدات، ئەم پرسیار وروژاندنەی بەم شێوازە خوێنەر لەبەردەم ئەو پرسیارە دادەنێت، ئاخۆ دەبێت هۆکارگەلی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و دەروونییەی شاعیر لەچی بێ؟، کە بەم گەرموگوڕییەوە ئەو کەرەستە و ئامێرە موزیکییە بێ ئاوازانە، ئاوازدار و ئیقاعدارتر بکاتەوە.

ڕەنگە ئەم تێڕوانینانە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەزەینی خوێنەردا بەدیبێت، کە لەڕوانگەی ئەو هێما و ڕەمز و ئاماژانەی لەدەقەکەوە بەرجەستەدەبێت، یاخود پرسیارکردن لەجۆر و شێوەی مەفتەنی شاعیر، کە چۆن چەشنی گۆڕخانەیە، بەهۆی ئەو بارە گران و قورسەی، کە تەنگی بەژیانی هەڵچنیوە و ئارامی لەناخی بڕیوە، خوێنەر دەخاتە بەردەم لایەنێکی دیکە، کە ئاراستەکردنی پرسیارەکانی بۆئەوەیە خوێنەر(وەرگر)، وەك فریادڕەسێك بەشدارێکی چالاك و کارامەی لەباروزروفە سەختەکانی ژینیدا هەبێت، تاکو لەو چەرمەسەرییە پڕ ناگوزەرییە شاعیر دەربازبکات، یان کەمێك لەئێش و ئازارەکانی کەمبکاتەوە و ببێتە هەتوانی برینەکانی، یا مەفتە گۆڕخانەکەی بۆ بگێڕێتەوە بەگوڵخانە و سۆزخانە، کەواتە ڕەنگە هەندێك خوێنەر هەبن، ئەرکیان لەم دەقەدا ببێتە چارەسەری دڵتەنگی و ناشادییەکانی ژیانی سەختی شاعیر.

**پرسیار**

**لەیلایە**
**- بۆ ناخەویت؟!**
**چییە دیسان نیگەرانیت ؟!**
**- قوربان چۆنم خەوبێت کە تۆ**
**تۆزێك لەیلایە نەزانیت !! (1)**

پرۆسەی پرسیارکردن لەشیعردا جیاوازە لەورووژاندنی پرسیارێکی ئاسایی، چونکە پرسیارەکە ناڕاستەوخۆیە، ئەرك و کەرەستەی زمانەوانی تایبەتی خۆی هەیە، ئامانج و پەیامەکەشی دەگۆڕێت. هەر تەنیا دەسکەوتنی هەندێك زانیاری سادە و ئاسایی نییە، یاخود پرسیارکردنێکی لۆژیکی بێت، بەڵکو شێواز و شێوەی پرسیارێکە تێڕوانین و دنیابینی لەدووتوێی زمانێکی شیعریدا هەڵگرتووە، بەمەشیان بەها و شیعرییەت و ئیستاتیکای دەقەکە بەهێز و ڕۆشنتر و فراوانتر دەکات. بەئاراستەکردنی پرسیار لە(لەیلایە)و نەخەوتن و نیگەرانی، پرسیارێکی سەرپێیانە نییە، بەڵکو دەقەکە بەکراوەیی دەهێڵێتەوە، بۆئەوەی خوێنەر (وەرگر)ی دەق لەمیانی وردبوونەوە و ڕامان و خوێندنەوەکەیدا، وردبینانە هزر و خەیاڵی بخاتەگەڕ، بۆئەوەی ئاماژە و هێما وڕەمزەکانی پشت ئەو وشە و شێوازی پرسیارکردنە بدۆزێتەوە.

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل219.

شاعیر کە پرسیار لە(تۆ)، وەك جێناوێکی سەربەخۆی دووەمی تاك دەکات، نوێنەری خەم و پەژارە و ناخۆشییەکانە، بەجەختکردنەوە لەوشەی دیسان نیگەرانی، ناوەخنی دەقەکە پشتڕاستتر دەکاتەوە، کە لەوەڵامدا خوێنەر وەڵامێکی ئاسایی و ساکار ناداتەوە، وەڵامی دایك و منالێك و دوو کەسی ئاسایی نییە لەبارەی خەوتن، بەڵکو هەر خوێنەرێك بەپێی ئەو کاتوساتەی، کە ژیانی تیادا بەسەردەبات و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگە و ناوچەیەی کە لێیدەژیێت، بەشێوەی دایەلۆگ کە لەچیرۆك و ڕۆماندا وەك تەکنیکێك بەکاردێت، دێتە وەڵام ودەڵێت:چۆن خەوم بێت، کە(تۆ) هەر دەنگ و سەدای شاعیرە، گوزارشت لەوێناکردنی ئەو بارودۆخە دەکات، کە تیایدا تۆزێك لەیلایە نەزانێت؟!، ئارامبوونەوە وحەسانەوەیەك نییە بەو لەیلایەی، هەروەکو چۆن منال هێمن و ژیر دەکاتەوە، بۆئەوەی بەئاسانی بنووێت.

هەروەها ئاماژەیەکی دیکەشی ئەوەیە، کە تۆ سەرچاوەی نیگەرانی و نەخەوتنی و تێکدەری ئاشتی و ئاشتەوایی ژیانی من بیت، ئاخۆ دەبێت چۆن و بەچ شێوەیەك دڵ و دەرون و ناخم هێور و لەسەرخۆ بێتەوە.

**- دایە بۆ کە باوکیان ناشتم**
**چۆلەکەکان بۆی نەگریان؟**
**بۆچی نەهاتنە سەرگۆڕی و**
**پەڕ و باڵیان هەڵنەوەران؟**
**- ڕۆڵە باوکت**
**چۆلەکەی دەدایە بەر بەرد**
**ڕاوی دەنان**
**بێچووەکانی دەگرتن و**
**هێلانە وماڵی تێکدەدان(1)**

ئیستاتیکای پرسیارکردن لەم دەقەدا لەوەدا بەرجەستەیە، کرداری پرۆسەیەکی هاوبەشی گفتوگۆکردن و ئاخاوتنە لەنێوان دوو مرۆڤدایە بەشێوەی دایەلۆگ. بەمەبەستی دەسخستنی وەڵامی چەندین پرسیار، کە پەیامی ناسنامەی مرۆڤایەتیبوونی لەژیاندا هەڵگرتووە، بەئاراستەکردن و ورووژاندنی شێوازی ئەو پرسیارەی کە دەرخەری ئەو پەیامەیە، خوێنەر لەمیانی خوێندنەوەی ئەو دەقە، وەك وەرگرێك شانبەشانی(دایك و ڕۆڵە)ی دایکەکە بەشدارە لەپرۆسە پڕ لەئازار و ئازاربەخشەکانی ژیانی ڕۆڵەکە، کە لەدایکی دەپرسێت: دایە بۆ کە باوکیان ناشتم، بابزانین پرسیاری ئەو دیمەنە ناخ هەژێنە دەکات، کەچی ڕوویداوە؟، چۆلەکەکان بۆی نەگریان؟، بۆچی نەهاتنە سەرگۆڕی و پەڕ و باڵیان هەڵنەوەران؟. چۆلەکە سیفەتی مرۆڤی بۆ خواستراوە، کە گریان و هاتنە سەرگۆڕە، بە ئاراستەکردنی ئەم کۆمەڵە پرسیارە، دایکیشی لەوەڵامدا دەڵێت: دەزانی بۆچی وەها ڕوویدا؟، ڕۆڵە چونکە باوکت چەندین کاری نامرۆڤانەی ئەنجامدەدا، لەوانە: چۆلەکە دانە بەر بەرد، ڕاونان، بێچووە گرتن، هێلانە و ماڵ تێکدان، ئاراستەکردنی ئەو پرسیارانە هەڵگری گەڕانەوەی پەیامی مرۆڤبوونە، لەنێو ژیان و زیان گەیاندن بەدەوروبەر و وازهێنانە لەو کارە قێزەوەن و نامرۆڤانەیە، لەڕووی بونیادی بابەتییەوە، شاعیر هەوڵیداوە بەهاو پێگە و سەنگی ڕوخسار و ناوەخنەکەی لەیەك ئاستدا ڕابگرێت.

(1) نەوزاد ڕەفعەت:پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل32.

دەتوانین بڵێین: نەوزادی شاعیر بایەخێکی هونەری بەئیستاتیکای پرسیار داوە، کە بەشێك لەدەقە بەکارهاتووەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە بەشێوەی پرسیار و وەڵام خراونەتە ڕوو، بەشێکیشی بەشێوەی پرسیار داڕشتووە، بۆئەوەی خوێنەر وەڵامیان بداتەوە.

## ئەنجامەکان

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، بەچەند ئەنجامێك گەیشتین، کە لەخوارەوەدا بەخاڵ خستوومانەتە ڕوو:

1- شاعیر بەهۆی شێوازێکی تایبەت بەخۆیەوە، هەوڵیداوە ڕێچکەیەکی جیاوازی بەخودی خۆیەوە هەبێت، لەمیانەی زمان وەکو ڕەگەزێکی بنچینەیی ئیستاتیکای شیعری، کە جێگەی گرنگپێدان و بایەخدانی بەشێوەیەکی گشتی بووە، بەتایبەتیش لە:کرتاندن و زیادکردنی دەنگ و جێگۆڕکێی دەنگی و ڕۆنانی وشەی نوێ و بەکارهێنانی وشەی شێوازەکان و بێگانە و ...هتد، بۆیە جوانییەکی ئیستاتیکی ناوازەی بە شیعرەکانی بەخشیوە و شیعرییەتی بەرهەمهێناوە.

2- نەوزاد ڕەفعەت لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە، توانیویەتی گەمە بەکەرەستەکانی زمان بکات و لادانی زمانی لە ئاستی وشەسازیدا دروستبکات، لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی جوانکاری و جوانییەکی بێ هاوتا و چێژبەخش و خۆشییەك بەدەقەکانی ببەخشێت، بەهۆی ئەو نامۆییەی و داهێنانە هونەرییەی لەبەکارهێنانی زمانەکەیدا دروستییکات.

3- شاعیر بەهۆی لادانی زمانییەوە لە ئاستی دەنگسازیدا، چەندین کاری هونەری لەو ئاستەدا ئەنجامداوە، بەتایبەتی لەکرتاندنی دەنگدا بەزۆری دەنگی(ت) لەبەشێکی زۆری دەقە شیعرییەکانیدا کرتێنراوە، هەروەها لەسەرەتای وشەکاندا بەگشتی بڕگەی(ئە) کرتێنراوە و دواتر دەنگەکانی دیکە.

4- شاعیر بەلادانی زمانی لەئاستی وشەسازیدا، گرنگی زۆری بەداهێنانی وشەی نوێ داوە، بەهۆی گشتاندنی یاسایەکی وشەڕۆنان و داتاشینی وشەتاشین، وشەی نوێی پێکهێناوە، وەکو: خۆرخواز، دایکخۆر، پونگجاڕ، پایزنامە، هەروەها هەوڵیداوە تێکدانی باو دەسکاری بکات و دەستەواژە باوە بەیەکەوە هاتووەکان تێکبدات، وەکو: زین و مەم و شەوێك درەنگان...هتد، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی زۆری بەبەکاربردنی وشەی شێوەزاری دیکەی زمانی کوردی داوە، بەهۆی لادانی شێوەزارەوە، وەکو: ئاوردوو، بلوێرزوان، هاپۆ، کەڤار، خاستر...هتد.

جگە لەمانەش سوودی زۆری لەبەکارهێنانی وشەی بێگانە و کۆنینەی پەراوێزخراوەوە وەرگرتووە، وەکو: شەبەیخوون، ئاوەز، گالیسکە، قڕاڵ، مۆبایل، وجوود، زەن... .هتد.

5- شاعیر بەشێواز و ڕێگەی جیاوە، بەشێکی زۆری جۆرەکانی لادانی واتایی لەشیعرەکانیدا بەرجەستەکردووە، بۆ تێگەیشتن لەکۆبوونەوەی واتایەکی قووڵ و مەبەستدار لە بونیادی پێکهاتەی دەقەکانیدا، تا گەیشتن بەچێژێکی هونەری و دۆزینەوەی مانا پەنهان و شاراوەکانی کۆدە جۆربەجۆرەکان، ئەم چوارچێوەبەندییەی ڕێزمانی تەقلیدی زمان تێکدەشکێنێ، بۆئەوەی لەخزمەتکردنی چەندێتی وتندا، چۆنیەتی وتنیش بە بەکارهێنانی تایبەتییەوە بەرجەستەبێت ، وەکو: هەڵئاوسانی واتایی، دانەپاڵ، پاڕادۆکسی، پێکدادانی واتایی، ڕەنگپێدان.

6- شاعیر لە دژە واتاییدا، هەوڵیداوە ئەو وشانە بەکاربیات، کە دژ بەواتان، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی واتایەکی قووڵ و پاڕادۆکسییەکی جوانی هونەریی وئیستاتیکی ناوازە و چێژبەخش و هەستبزوێن، تاکو بەهای دەقەکانی نایابتر بکات، وەکو: بزەی خەماوی، بەهەشت و دۆزەخ، زیندان و دەرێ...هتد.

هەروەها لەپێکدادانی واتاییدا، ویستویەتی ئەو وشە و گوزارشتانە بەیەکەوە بەکاربێنێت، کە دژبەیەك و ناتەبان و لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن، تا وەکو داهێنان و لادانی قووڵی واتاییان پێبکات، بۆنموونە: دۆزەخی فێنك، خۆری سارد، بەفری گەرم....هتد.

هەروەها لە جۆری ڕەنگپێداندا سیفەتی ڕەنگدان بەو کەرەستانە بدات، کە بەشێکیان بێڕەنگن و هەندێکی تریشیان دژ بەڕەنگی سروشتی خۆیانن، وەکو: پەلکەزێڕینەی ڕەش، خەونی سپی، مێژووی سپی، ئەستێرەی سوور.... هتد.

7- لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی خستنەپاڵەوە، شاعیر چەندین ئەگاری هونەریی جۆربەجۆری بەکارهێناوە، بۆ پێدانی واتایەکی فروان، وەك:بەزیندوەرکردن، بەمرۆڤکردن، بەتەنکردن، بەڕەوانکردن، بەڕووەککردن، بەگیانداركردن، بەمەشیان چەندین سیفەتی ئەوانەی داوەتە پاڵ کەرەستە بەکارهاتووەکان، وەکو: خۆری پێکەنین، سەری پیری و ڕۆژگار، کۆڵکەزێڕینەی پرچی بەجێماو، ڕووباری داوێن پاك، دەروونی لێڵ، خەڵووز سەوز نابێت، ئاوەدانی دڵ، ..... هتد.

8- لەڕووی مۆسیقای شیعرەوە، شاعیر بایەخی بەمۆسیقای دەرەوە و ناوەوەی شیعریی داوە، بەمەبەستی هێنانەئارای لایەنی جوانیناسی و هونەرییوونی شیعرەکانی، بەتایبەتیش لەلایەنی کێش و سەرواوە، لەمۆسیقای دەرەوەدا کێشی بڕگەیی بەکارهێناوە، کە لەهەندێکیاندا یەك کێش، یاخود دوو کێش، یان کێشی ڕەنگاوڕەنگی تێکەڵکردووە. بۆنموونە: بەشێوەیەکی گشتی کێشی هەشت بڕگەیی و پاشان چوار بڕگەیی و دواتر کێشەکانی دیکەی وەکو: سێ بڕگەیی، شەش بڕگەیی، دە بڕگەیی، یازدە بڕگەیی، دوازدە بڕگەیی بەکارهێناوە.

لەڕووی سەرواوەش، شاعیر سەروای(هەمەجۆر)ی بەکارهێناوە و بەپلەی یەکەم سەروای ئازاد و پاشان لە بەشێکی کەمی شیعرەکانیدا جووت سەروا(مەسنەوی)و هەروەها لەبەشێکیشیاندا خۆی بەهیچ سەروایەکەوە گرێنەداوە، تەواو ئازادی و سەربەستی بەشیعر نووسینی خۆی داوە.

9- لەڕووی مۆسیقای ناوەوە، نەوزاد ڕەفعەت گرنگی بەدووبارەکردنەوەی سەرەتا و کۆتایی و بەپێچەوانەوە و دووبارەبوونەوەی دەنگی بزوێن و نەبزوێن و وشە و گرێ و ڕستە و پەڕەگراف داوە، بەمەبەستی دروستکردنی ئیقاع و ڕیتمی ناوەوە. هەروەها بایەخی بەهونەرەکانی ڕەوانبێژی داوە، بەتایبەتیش: ڕەگەزدۆزی ناتەواو لەجۆری زیاد و ئاڵۆز ، هەروەها گرنگی بە دژیەکی ئەرێ و نەرێ داوە، بەمەبەستی پێکهێنانی ئیستاتیکا و جوانی بەخشین بەدەقەکانییەوە.

10- شاعیر بۆ پێکهێنانی وێنەی شیعری سوودێکی زۆری لەچەندین ڕەهەندی ئیستاتیکای وێنەی هونەریی شیعری بینیوە، لەلایەنی دەرونی و ڕەوانبێژییەوە، بەتایبەتیش جۆرەکانی وێنەی هەستی، کە پتریان بەرهەستی بینین کەوتوون و هەندێکیشی بەرهەستی بیستن و بەشێکی دەسنیشانکراویشی بەرهەستی بۆنکردن و کەمێکیشی بەرهەستی بەرکەوتن و چەشتن کەوتوون، هەروەها ژمارەیەکی یەکجار دیاریکراویش لەشیعرەکانی وێنەی زەینین بۆ پێکهێنانی وێنە شیعرییەکانی. هەروەها لەڕووی ڕەوانبێژییەوە سوودی لە هونەرەکانی لێکچواندن و خواستن وەرگرتووە و مامەڵەیەکی ئیستاتیکی لەگەڵ ئەو هونەرانەدا کردووە، بەو هۆیەوە وێنەی دەگمەن و جوان و ناوازەی لەشیعرەکانیدا دروستکردووە.

11- شاعیر چەندین گەمەی دیکەی ئیستاتیکی ئەنجامداوە، بەمەبەستی دروستکردنی لایەنی هونەریی و جوانی لەشیعرەکانیدا، وەکو:ئیستاتیکای تۆپۆگرافیای شیعرنووسین، لەمەشیاندا شێوەی نووسینی شاقووڵی و پێپلیکەیی و هەڵوەشاندنەوەی وشە و وێنەیی پەیڕەوکردووە.

12- لەلایەکی دیکەوە نەوزاد ڕەفعەت هەوڵیداوە، گرنگی بەئیستاتیکای ناونیشان لەشیعرەکانیدا بدات، وەکو: ناونیشانی سەربەرگی دیوانەکانی، بەناوەکانی: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ڕێی تاوسان، شینی شالوور، باڵەکانم بدەرەوە، هەروەها بایەخی بەناونیشانی سەرەکی نێو دیوانە شیعرییەکانی داوە، لەوانەش: سێوی مزگێنی، تووڕەبوونی ئاگر، فەخفوورییەك ڕەنگ، مەزاری مامزان، بڵێسەش گەڵا و گوڵ دەگرێت،...هتد.

لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی ناونیشان لەنێو ناونیشاندا، جێگەی سەرنجدان و گرنگیدانی شاعیر بووە، وەك:شیعریی دیدەیی، مزگێنی، دەقی ئایکۆنی و مەعریفی، باڵەکانم بدەرەوە، ...هتد.

13- شاعیر بەمەبەستی پێکهێنانی لایەنی هونەرمەندی و جوانبینی و جوانیناسی، گرنگییەکی تایبەتی بەئیستاتیکای پرسیارکردن، وەك گەمەیەکی زمانی و هونەرسازیی لەشیعرەکانیدا داوە، بەمەشیان پڕۆسەیەکی هاوبەشی گونجاویی گفتوگۆکردن و ئاخاوتن لەنێوان مرۆڤەکاندا بەرجەستە دەکات، لەمیانەی ئەو پەیامە بابەتییەی، کە دەقەکان لەخۆی گرتووە.

بەمەشیان پرسیارێك دەوروژێنێت، تاكو خوێنەریش وەك بەشدارێكی چالاك و گرنگ ڕۆڵێكی بایەخداری لەلایەنی پێكهاتەی ئیستاتیكای پرۆسە هونەرییەكەدا هەبێت و وەڵامێكی لۆژیكی پرسیارەكانی دەداتەوە، كە لەدەقەكاندا خراونەتەڕوو، یاخود وەڵامێك بەدەست دێنێت، بەهۆی ئەو باكگراوەندە ڕۆشنبیری و فیكرییەی، كە پاشخانی هزری و مەعریفی لەسەر بونیاد ناوە.

# سەرچاوەکان

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

#### أ_ کتێب:

– ئـازاد ئەحمـەد مـەحموود(د.): بونیـاتی زمـان لەشـیعری هاوچـەرخی کوردیـدا(1985_2005)، لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی شێوازگەرییە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،(2009).
– ئاسۆ عومەر مستەفا:بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك ، (2009).
– ئەحمەد سالار: ڕەنگ لەڕەنگداندا، لێکۆڵینەوەی چامەشیعری (ڕەنگدان)ی شاعیری گەل(شێرکۆ بێکەس)، سلێمانی،(2009).
– ئەحمەد مەحموود عەبدوڵڵا: سوریالیزم لەشیعری کوردیدا(دوای ڕاپەڕین_ 1991)، چاپخانەی بینایی، سلێمانی،(2013).
– ئەرستۆ: هونەری شیعر( شیعرناسی)، وەرگێڕانی لەئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، (2011).
– ئەفلاتون: کۆمار، وەرگێڕانی: سۆران عومەر حەمە و ڕێبوار قارەمانی و مەهدی حەسەن چۆمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، (2006).
– ئیدریس عەبدوڵڵا (د.):
– جوانکاری لەئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،(2003).
– شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر، (2010).
– لایەنە ڕەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا بەنموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،(2011).
– جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، (2012).
– شێوازگەریی لادان، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، (2013).
– پەخشان عەلی ئەحمەد: شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، (2009).
– پەرێز سابیر(د.): ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،(2006).
– تاڵیب حوسێن عەلی(د.): واتاسازی(چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،(2011).
– تێری ئیگڵتون: مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، و: عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی یەکەم، دەزگەی ئاراس، هەولێر، (2008).
– جمال حبیب الله(بێدار)، دەروازەی شیعرناسین، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر، (2013).
– جەبار ئەحمەد حسێن: ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق (1950_ 1970)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، (2008).
– حەمە مەنتك: سوریالیزم لەئەدەبی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، (2011).
– حەمەکەریم عارف: دەربارەی شیعر و شاعیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، (2007).

- دڵشاد عەبدوڵڵا:ئیرۆسکێ هەڵکەندنی مانگ: ئەزموون و دەقی واڵا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، (2007).
- دڵشاد عەلی(د.):
- بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردی دا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، (1998).
- دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،(2007).
- ڕزگار عومەر فەتاح: ڕۆمانسیزم لەشیعری هێمن و محەمەد نووری دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، (2013).
- ڕەزا سەید حسێنی: قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، (2006).
- ڕەفیق شوانی(د.): وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، (2011).
- ڕەمەزان ئەلسەباغ: پابەندبوون لەئەدەب و هونەردا لەنێوان سارتەر و مارکسیزمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، (2008).
- سافیە محەمەد ئەحمەد(د.):
- لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (2013).
- :شێوازە شیعرییە کوردییەکانی پیرباڵ مەحموود، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،(2014).
- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی (د.) : بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا ( 1970_ 1991) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، (2004).
- سەعید غانمی: زمان و شیعر، بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ کۆمەڵە وتاری وەرگێردراو، وەرگێرانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، (2001).
- سەلام ناوخۆش و نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: زمانەوانی، بەرگی 1،2،3، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، (2010).
- سەنگەر قادر شێخ محەمەد: فەلسەفەی شیعری و شیعری فەلسەفی لەئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا(بەنموونەی شیعرەکانی ڕەفیق سابیر و کەریم دەشتی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، (2012).
- شەرمین ئیبراهیم عەزیز:پەشێو و تازەکردنەوەی لەشیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،(2006).
- عبدالله خضر مولود(د.): دیوانی مەحوی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری، چاپی چوارەم، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، (2018).
- عەباس محەمەد قادر:ڕیالیزم لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا(1946_1970)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، (2010).
- عەبدولخالق یەعقوبی:لەکولتوورەوە بۆ ئەدەبیات، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، (2008).
- عەبدولواحید مشیر دزەیی(پ.ی.د):
- کاریگەریی دەروونی لەبواری ڕاگەیاندندا، دەزگای ئاراس، هەولێر،(2009).
- واتاسازی، چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتکییە، هەولێر،(2009).
- ڕستەسازی بەرهەمهێنان و گۆیزانەوە، چاپی یەکەم، هەولێر،(2013).

- عەزیز گەردی(د.):
- کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،(1999).
- ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، (1974).
- ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردی دا، بەرگی دووەم، (جوانکاری)، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، (1975).
- ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم، (واتاناسی)، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی،(1979).
- کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،(1999).
- سەروا ، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە لەشیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، (1999).
- علاء الدین سجادی::
- نرخ شناسی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، (1969).
- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا،(1986).
- عوسمان دەشتی(د.):شیعری ناوچەی موکریان، نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،(2009).
- عومەر میراودەلی:
- عومەر میراودەلی:زمانی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، (2008).
- مانای شاراوە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، (2017).
- عیزەدین مستەفا ڕەسوول(د.):ئەدەبیاتی نوێی کوردی،چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر،(1990).
- فازیل مەجید مەحموود(د.):
- شیعری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،(2004).
- سروشت لەشیعری گۆراندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ،(2007).
- فەرهاد پیرباڵ(د.):
- ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، (2004).
- شیعری نوێی کوردی(1898- 1958)، دەزگای کوردستان، هەولێر،(2005).
- فەرهاد قادر کەریم(د.): بنیاتی وێنە لەشیعرەکانی حەمدی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر،(2012).
- فوئاد ڕەشید(د.):
- دەقی ئەدەبی ئەگار. چێژ .بەها، چەند نووسینێکی ڕەخنەیی تیۆری و پراکتیکییە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،(2007).
- ڕووبەرێکی ڕەخنەیی، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لقی کەرکوك، چاپخانەی کاردۆ، کەرکوك،(2011).
- کامل حسن عزیز البصیر (د.): ڕەخنەسازی مێژوو و پەیرەوکردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، (1983).
- کامیل مەحمود:غەزووی ڕۆشنبیری ڕێبازە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، (2009).
- کەریم دەشتی:

– دید و یادگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، (2012).
– ئەدەب و فەلسەفە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، (2013).
– کەمال مەزهەر ئەحمەد(د.):ڕێنیسانس، وەرگێرانی: فوئاد میسری، چاپی یەکەم، (1984).
– کەمال میراودەلی (د.):
– فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، (2005).
– شیعرناسیی بەشیعر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەئیستاتیکای شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەك، (2021).
– لۆرانس پیرین:شیعر چی یە؟، وەرگێرانی:د.ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی یەکەم ،(2008).
– مارف خەزنەدار: کێش و قافیە لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی الوفاء،(1962).
- مجید محمود مطلب:شیعر وفەلسەفە،وەرگێرانی: فوئاد میسری، چاپخانەی علاء، (1987).
– محمد معروف فەتاح(پ. د):
– زمان و تایبەتییەکانی، بەشی یەکەم، زانکۆی سەلاحەدین، (1987).
– زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحکمة)،هەولێر، (1990).
– زمانی شیعری و ڕوانگەیەکی زمانەوانی و پراگماتیکی، بۆ کۆنفرانسی زمان بەشی کوردی، (2007).
– لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، دەزگای موکریانی، هەولێر، (2010).
– محەمەد بەکر(د.): پەخشانەشیعر(تەکنۆ- سیمانتیکی گوتاری شیعر)، دەزگای ئاراس، هەولێر،(2004).
– محەمەد کەمال (د.): فەلسەفەی هونەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، (2017).
– محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، (2001)ی زایینی.
– مەجید مەحموود موتەڵیب: شیعر و فەلسەفە، وەرگێرانی: فوئاد مەجید میسری، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، (2008).
– ناز ئەحمەد سەعید:لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی،(2013).
– نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (د.): دەنگسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، (2014).
– نەوزاد ڕەفعەت :
– پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، دیوانی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، (2004).
– نەوزاد ڕەفعەت: ڕێی تاوسان، بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد_ لقی هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، (2011).
– نەوزاد ڕەفعەت:شینی شالوور، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،(2014).
– باڵەکانم بدەرەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماد، (2020).
– نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، (2001).
– هاوژین سڵێوە عیسا: بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، (2009).

- هۆراس: هونەری شیعر، وەرگێرانی: حەمید عەزیز، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، (2005).
- هیمداد حوسێن (د.): ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەی و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، (2007).
- هێمن عمر خۆشناو: شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری پراکتیکییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،(2010).
- وریا عومەر ئەمین(پ.د): ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر،(2009).

**ب_ نامە ئەکادیمییەکان(ماستەر و دکتۆرا):**

- ئاڤان عەلی میرزا توفیق: چنینی دەق لەشیعرەکانی نالی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی،(2008).
- ئیبراهیم قادر محەمەد:لێکۆڵینەوەی کورتەچیرۆکی کوردی لەکوردستانی باشووردا(1970-1980)، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، (1997).
- تاڵیب حوسێن عەلی: هەندێ لایەن لەپێوەندی نێوان ڕستە و واتا لەکوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر،(1998).
- جمیلە ئەحمەد حسێن: شێوازی وتار لەڕۆژنامەی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە،(2008).
- دلێر سادق کانەبی: هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، زانکۆی سەڵاحەدین، نامەی ماستەر، (2008).
- عزالدین صابر محمد: شێوازی هۆنراوەکانی شێخ نوری شێخ صالح، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، (2015).
- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا: شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلیژی زمان، هەولێر، (2007).
- گەژاڵ حەمەئەمین ئەحمەد: بنیاتی هونەری لەشیعرەکانی (فەرمیدوون عەبدول بەرزنجی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زمان، (2010).
- نەوزەت ئەحمەد عثمان:ڕوونبێژی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا،بەنموونەی مەلای جزیری و نالی، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین،(1991).
- هێمن عمر ئەحمەد: چەند لایەنێکی شیعرییەت لەکۆچیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، (2008).

**پ_ فەرهەنگ و ئینساکلۆپیدیا:**

- بەختیار سەجادی، محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، (2004).
- شێخ محەمەدی خاڵ : فەرهەنگی خاڵ،چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،(2005).
- عبدالرحمن شرفکندی(هەژار):هەنبانە بۆرینە_ فرهنگ کردی_ فارسی، سروش، تهران،(1349).
- عەزیز گەردی: فەرهەنگی کێشناسی، چاپی یەکەم، دەزگەی نارین، هەولێر،(2016).

– گیو موکریانی: پێداچوونەوە و زێدەکردنی: کوردستان موکریانی(د.):فەرهەنگی کوردستان، کوردی_ کوردی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،(2017).
– موحسین ئەحمەد عومەر(د.): فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی،(2021).
– نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی،بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، (2011).
– یاسین صابر صالح، ئینساکلۆپیدیای گشتی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، (2009).

**ت- گۆڤار:**

– ئامانج عوسمان حەمەد:(( لێکدانەوەی سایکۆلۆژی بۆ ئیستاتیکا))، گۆڤاری ڕامان، ژ39، (1999).
– ئەکرەمی میهرداد: گۆران: ڕازەکانی بوون و مرۆڤ و جوانی، گۆڤاری ڕامان، ژ 216، 5/5/ (2016).
– بەختیار عەلی:(( گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر))، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕامان، ژ5،6/72/ (2002).
– حەمید عەزیز (د.):
– ئیستێتیك فەلسەفەی جوانی و هونەر، گۆڤاری ڕامان، ژ( 275_ 276)، 5/ 9_ 10/ (2020).
– ئیستێتیك فەلسەفەی جوانی و هونەر، گۆڤاری ڕامان، ژ( 281_ 282)، 5/ 3_ 4/ (2021).
– ئیستێتیك فەلسەفەی جوانی و هونەر، گۆڤاری ڕامان، ژ( 281_ 282)، 5/ 3_ 4/ (2021).
– دڵزار حەسەن: ئەفسوونی شیعر، گۆڤاری ڕامان، ژ230، 7/5/ 2016.
– دەریا جەمال حەوێز حەویزی (د.): ستاتیکای زمانی شیعری لەدیوانی (مۆسیقای نامۆیی)ی هاوژین صلیوەدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ 31 ، (2014).
– سەرباز مەجید خۆشناو: دووبارەکردنەوە لەشیعری (سەدان ساڵە) ی (عبدوڵڵا پەشێو)دا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی(3)، ژمارە 12، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی پەروەردە، (2020).
– شێرکۆ بابان(د.): کاری (بریتی بوون لە...) لەزمانی نووسیندا، گۆڤاری ڕامان، ژ: 125، (2007).
– عادل گەرمیانی (د.): خەسڵەتەکانی زمانی شیعری کوردیی هاوچەرخ (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری ڕەخنەیی پراکتیکییە)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ 26، (2013).
– عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:جوگرافیای دەق و ئامادەبوون و دیارنەبوونی ڕەش و سپێتی، گۆڤاری کاروان، ژمارە 12، (1994).
– عەبدولواحد موشیر دزەیی(پ.ی.د): لادانی واتایی لەزمانی شیعردا،مجلة _ کلیة اللغات، العدد_ 13، (2007).
– فەرهاد پیرباڵ(د.):تۆپۆگرافیای تێکستی شیعر، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 1،1996/7/1.
– قادر عەلی خا، ڕۆڵ و کەسایەتی وشە لەکورتەشیعردا، گۆڤاری ڕامان، ژ 135، (2008).
– کەریم شارەزا: جووڵە جوانی لەشیعردا دەخوڵقێنێت، گۆڤاری ڕامان، ژ72، 6/5/ 2002.
– کەمال مەعنەند:ئافرەت و جوانی لەشیعری گۆراندا، گۆڤاری نووسەری کورد، ژ 1، خولی دووەم، ئایاری(1979).

**د- کۆوانە(المحاضرة):**

– ڕێبوار سیوەیلی، کۆوانەکانی (ئێستاتیکا)، کۆلیژی هونەر، زانکۆی سلێمانی، (2005).

**دووەم:سەرچاوە عەرەبییەكان:**

**أ-كتب:**

- أميمة الرواشدة:شعرية ألانزياح، منشورات أمانة عمان الكبرى، عمان،(2005).
- أنطونيوس بطرس(د.):ألأدب تعريفه أنواعه مذاهبه، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، (2005).
– ابراهيم أنيس(د.):موسيقى الشعر، طبعة 4، دار القلم- بيروت، لبنان، (1973).
– ابراهيم بن عبدالرحمن الغنيم:الصورة الفنية في الشعر العربي، الطبعة ألأولى، الشركة العربية للنشر والتوزيع،(1996).
– امال حليم الصراف:موجز في علم الجمال، الطبعة ألأولى، مكتبة المجتمع العربي، عمان، (2006).
– أمية حمدان: الرمزية و الرومانتيكية في الشعر اللبناني، الطبعة ألأولى، منشورات وزارة الثقافة وألاعلام، بغداد،(1981).
– أميرة حلمى مطر: فلسفة الجمال أعلامها و مذاهبها، مكتبة ألأسرة، مصر،(2003).
– أميرة حلمي مطر:فلسفة الجمال، دار القلم، القاهرة، (1962).
– البروفسور أ. لاڤريتسكي:في سبيل الواقعية، ترجمة: جميل نصيف، مراجعة:الدكتورة حياة الشرارة، عالم المعرفة، بيروت.
– الوصيف هلال الوصيف ابراهيم(الدكتور): التصوير البياني في الشعر المتنبي، أستاذ البلاغة والنقد بكلية اللغة العربية، جامعة ألأزهر، ط1، مكتبة الوهبة، القاهرة،(2006).
– ايتالو كالفينو: ألة ألأدب (الفلسفة وألأدب)، ت: حسام بدار، عمان، (2005).
– بسام موسى قطوس(د.):سيمياء العنوان، طبعة ألأولى طبع بدعم من وزارة الثقافة، عمان- ألأردن ،(2001).
– جاكوب كورك: أللغة في ألأدب الحديث ألحداثة و التجريب، ترجمة: ليون يوسف و عزيز عما نوئيل، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد،(1989).
– جان كوهين: بنية اللغة الشعرية، ت: محمد الولي و محمد العمري، الطبعة ألأولى، دار توبقال للنشر، المغرب، (1986).
– جماعة من ألأساتذة السوفيات، أسس علم الجمال الماركسي اللينيني، جزء ألأول، ط2، ت: د. فوئاد مرعي، دار الحماهير العربية_ دمشق، دار الفارابي _ بيروت، (1978).
– جورج سانتيانا، ألاحساس بالجمال، ت: محمد مصطفى بدوي، مركز القومي للترجمة، القاهرة، (2010).
– جوزيف ميشال شريم (د.): دليل الدراسات ألاسلوبية، الطبعة الثانية، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر، بيروت، (1978).
– جيل دولز: نيتشه و الفلسفة، ت: أسامة الحاج، ط2، بيروت، (2001).
– حسن الغرفي: البنية ألأيقاعية في شعر حميد سعيد، بغداد، (1989).
– حسن عبدالجليل يوسف: علم بديع بين ألأتباع و ألابداع ( دراسة نظرية و تطبيقية في الشعر الخنساء)، الطبعة ألأولى، دار الوفاء لدينا للطباعة و النشر، ألأسكندرية _ جمهورية مصر العربية، (2006).

- حميد لحمداني:عتبات النص ألأدبي، مجلة علامات في النقد، مجلد:12، العدد:46، جدة،(2002).
- ر.ظ. جونسون: موسوعة المصطلح النقدي(الجمالية)، ت: د.عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة و النشر، بغداد، (1978).
- رابح بوحوش(د.): اللسانيات و تحليل النصوص، جدار الكتاب العالمي، عمان، (2007).
- رجاء عيد: الشعر والنغم، مطبعة دار النشر الثقافة، قاهرة،(1975).
- روجية غارودي: الماركسية و علم الجمال، ت: جورج طرابيشي،ط1، دار الطليعة، بيروت، (1975).
- رياض عوض(د.):مقدمات في فلسفة الفن، الطبعة ألأولى، مطبعة جروس پرس، طربلس، بيروت.
- زكريا ابراهيم(د.):فلسفة الفن في الفكر المعاصر، دار مصر للطباعة، قاهرة، (1988).
- شفيق يوسف البقاعي(د.): نظرية ألأدب، ط1، منشورات جامعة السابع من أبريل، الجماهيرية العربية الليبية، (1425).
- صالح ملا عزيز(د.): جماليات ألاشارة النفسية في الخطاب القراني، دار الزمان، سوريا، (2010).
- صلاح قنصوة (د.):نظريتي في فلسفة الفن، دار الحرية للطباعة، (2005).
- عبدالاله الصائغ(د.):الصورة الفنية معيارا نقديا، ط1، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد،(1987).
- عبدالحميد جيدة:اتجاهات الجديدة في الشعر العربي المعاصر، المؤسسة نوفل، بيروت،(1980).
- عبدالرضا علي(د.): ألايقاع الداخلي، مهرجان المربد الشعري العاشر، بغداد، (1989).
- عبدالقادر الجرجاني:أسرار البلاغة فب علم البيان، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، (2002).
- عبدالقادر رحيم:علم العنونة(دراسة تطبيقية)، طبعة ألأولى، دار التكوين، سوريا،(2010).
- عبدالكريم راضي جعفر:رماد الشعر، الطبعة ألأولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، (1998).
- عبدالمنعم تليمة: مداخل الى علم الجمال ألأدبي، دار الثقافة للطباعة والنشر، قاهرة،(1978).
- عدنان حسين العوادي: لغة الشعر الحديث في العراق بين مطلع القرن العشرين و الحرب العالمية الثانية، دار الحرية للطباعة، بغداد، (1985).
- عدنان حسين قاسم(د.):التصوير الشعري رؤية نقدية لبلاغتنا العربية، الدار العربية للنشر والتوزيع، دار الحنان للطباعة، مصر، (2000).
- عدنان رشيد(د.):دراسات في علم الجمال،الطبعة ألأولى،دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع،بيروت،(1985).
- عزالدين اسماعيل (د.): ألأسس الجمالية في النقد العربي، ط3، دارالفكر العربي، قاهرة، (1974).
- عفيف بهنسي (د.)، علم الجمال عند أبي حيان التوحيدي و مسائل في الفن، مطابع ثنيان، بغداد، (1972).
- عقيل مهدى يوسف(د.):الجمالية بين الذوق و الفكر، ط1، مطبعة سلمى الفنية الحديثة، بغداد، (1988).
- علي البطل(د.): الصورة في الشعر العربي حتى نهاية قرن الثاني الهجري، دار ألأندلوس، بيروت،(1980).
- علي الشرح:لغة الشعر العربي المعاصر في النقد العربي الحديث، جامعة اليرموك، أربد،(1991).
- غالب فاضل المطلبي (د.): في ألأصوات اللغوية، دائرة الشؤون الثقافية و النشر ، دار الحرية للطباعة، بغداد، (1984).
- فرانسيس كلنفندر:الماركسية و الفن الحديث،ت: مصطفى عبود، ط1، مركز ألأبحاث و الدراسات ألاشتراكية في العالم العربي، دمشق،(1987).

– فوزى حسن الشايب(د.): محاضرات في اللسانيات، وزارة الثقافة، ألأردن، (1999).
– قدامة بن جعفر:نقد الشعر، تحقيق و تعليق:د. محمد عبدالمنعم خفاجي، دار الكتب العلمية، بيروت.
– كمال نشأت(د.):في النقد ألادبي دراسة وتطبيق،بغداد،(1976).
– كولريدج: النظرية الرومانتيكية في الشعر، ترجمة: د. عبدالحكيم حسان، دار المعارف بمصر، قاهرة، (1971).
– لطفي عبد البديع(د.):
– الشعر واللغة، مكتبة النهضة المصرية، ط1، (1969).
– التركيب اللغوي للأدب، مكتبة لبنان، بيروت،(1997).
– م. اوفسيانيكوف و ز. سميرنوفا: موجز تأريخ النظريات الجمالية، ت: باسم السقا، ط2، دار الفارابي، بيروت، (1979).
– ماهر مهدي هلال (د.): جرس ألالفاظ و دلالتها في البحث البلاغي و النقدي عند العرب، دار العربية للطباعة، بغداد، (1980).
– مجاهد عبدالمنعم مجاهد: دراسات في علم الجمال، ط2، عالم الكتب، بيروت، (1986).
– محسن اطميش(د.): دير الملاك، دراسة نقدية للظواهر الفنية في الشعر المعاصر، منشورات وزارة الثقافة وألاعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد، (1982).
– محمد الصادق عفيفي(د.): النقد التطبيقي و الموازنات، مكتبة الخانجي، مطابع الرجوي، قاهرة،(1978).
– محمد الهادي الطرابلسي(د.): خصائص ألأسلوب في الشوقيات، جامعة التونس، (1981).
– محمد حماسة عبداللطيف(د.): لغة الشعر، ط1، دار الشروق، (1996).
– محمد رضا مبارك: أللغة الشعرية في الخطاب النقد ألأدبي، مطبعة دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، (1983).
– محمد سعد حسان و خلود بدر غيث و معتصم عزمي الكرابيلة: مقدمة في علم الجمال، ط1، مكتبة المجتمع العربي للنشر، عمان، (2005).
– محمد صابر عبيد(أ.د):
– القصيدة العربية الحديثة بين البنية الدلالية و البنية ألايقاعية، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، (2001).
– شعرية الكتب وألأمكنة- نظم التعبير والتصوير في الشعر عبدالله رضوان(قراءة ومنتجات)،دار الياوزي،(2005)م.
– مغامرة التجنيس الروائي،سؤال الجنس والنوع، طبعة ألأولى، عالم الكتب الحديث، أربد- ألأردن،(2012).
– محمد عزيز نظمي سالم(د.): علم الجمال، دار الفكر الجامعي، أسكندرية، (1986).
– محمد غنيمى هلال(د.):النقد ألأدبي الحديث، دار النهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة، (1977).
– محمد كنوني:اللغة الشعرية(دراسة في شعر حميد سعيد)، ط1، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، (1997).
– محمود عبدالله الخوالدة (د.) و محمد عوض الترتوري (د.): التربية الجمالية_ علم النفس الجمال، ط1، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان، (2006).
– محي الدين صبحي:نظرية النقد العربي وتطورها الى عصرنا، جلد 2، الدار العربية للكتاب، ليبيا، تونس،(1984)م.
– مقداد محمد شاكر قاسم: البنية ألايقاعية في الشعر الجواهري، الطبعة ألأولى، دار دجلة، عمان، (2008).
– منذر عياشي (د.): ألأسلوب و تحليل الخطاب، دار المحبة، دمشق، (2009).

– نازك الملائكة:
– قضايا الشعر المعاصر، الطبعة الثانية، مطبعة دار التضامن، بغداد، (1965).
– سايكولوجية الشعر و المقالات أخرى، دار النشر الهيئة العامة لقصور الثقافة، مصر، (2000).
– نبيل عبدالحميد عبدالجبار(د.):الفلسفة لمن يريد، ألطبعة ألأولى، منشورات دار دجلة، عمان_ ألأردن، (2007).
– نصرت عبدالرحمن(د.):
– دراسة في مذاهب نقدية حديثة وأصولها الفكرية، مكتبة ألأقصى، عمان، (1979).
– في النقد الحديث، طبعة ألأولى، مكتبة ألأقصى، عمان،(1979).
– هديل زكارنة:علم الجمال، الطبعة ألأولى، مركز الكتاب ألأكاديمي، عمان، (2003).
– هنري لوفافر:علم الجمال،ترجمة:محمد العيتاني، دار ألحداثة للطباعة والنشر و التوزيع، بيروت.
– هيغل: المدخل الى علم الجمال، ت: جورج طرابيشي، ط2، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، (1980).
– يوسف أسكندر:اتجاهات الشعرية الحديثة، ط1، دار الشؤون الثقافية،بغداد، (2004).

**ب- ألأطروحات:**

– باوەدين كريم مولود:البنية الشعرية في مسرحيات محي الدين زنگنه، أطروحة دكتورا، جامعة السليمانية، كليات اللغات،(2006).
– بشرى موسى صالح:الصورة الفنية في النقد الشعر العربي الحديث، رسالة دكتورا، كلية ألاداب، جامعة بغداد،(1987).
– شاهۆ سعيد:دلالات البناء ألايقاعي في الشعر، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية،(1999).
– صاحب خليل ابراهيم(د.):الصورة السمعية في الشعر العربي قبل ألاسلام- دراسة، من منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، انترنيت: www.awu-dom.org.
– طاهر مصطفى علي:شعرية ألأسلوب الرؤيوي في الخطاب محمود البريكان، أطروحة دكتورا، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين،(2005)م.
– عبدالجبار حسن علي:الصورة الفنية في الشعر الصعاليك قبل ألاسلام، رسالة ماجستير، كلية ألاداب، جامعة الموصل،(1988).
– هاژە عباس علي:ألانزياح في شعر ذي الرمة، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية،(2005).

**ج- قاموس ومعجمات:**

- جميل سليبا (د.):المعجم الفلسفي، ج1، دار الكتب اللبناني، بيروت،(1978).
– مجدي وهبة وكامل المهندس:معجم مصطلحات العربية في اللغة وألأدب، ط2، مكتبة لبنان، (1984).

**د- دوريات:**

– كوثر محمد علي جبارة:عتبة العنوان في قصص فرج ياسين القصيرة جدا- دراسة في بنيتها التركيبية، مجلة كلية التربية ألأساسية-جامعة دهوك، العدد(12)، حزيران،(2013)م.

**هـ- مجلات:**


– سيد كريم (د.): المدينة الجميلة، مجلة الكتاب، المجلد 5، جزء 1، (1948).
– عباس محمود العقاد:قيم الجمال، مجلة الكتاب، المجلد5، جزء 1، (1948).
– علي قاسم الخرابشة:ألابداع و بنية القصيدة في الشعر عبدالله البردوني، مجلة عـالم الفكر، عدد 1، الكويـت، (2008).


**سێیەم:سەرچاوە فارسییەکان:**


– **أ- کتێب:**
– احسان عباس(د.):شعر و اينه،سيد حسين حسينی،انتشارات سروش، تهران، (1388).
– عبدالحسين فرزاد(د.):درباره نقد ادبی، چاپ چهارەم، نشر هفتم، تهران،(1386).
– نصرالله پورجوادی:درامدی بەفلسفه افلوطين،چاپ سوم،مرکز نشر دانشگاهی،تهران،(1378).


## پاشکۆ


## پاشکۆ 1 وێنەی بەرگی دیوانەکان








نەوزاد ڕەفعەت
شینی شالوور



دەربازکردنی داڵەکان لە مەدارو قۆزاخەی واتای ئاسایی و فەرهەنگییان و قووڵ و فراوان کردنی دەلالەتیان یان گۆڕینی ئاراستەی مەدلوولی تەقلیدییان (بەهۆی بنەماکانی ئەفراندنەوە) بەرەو ئاقارێکی نوێ و ئاستێکی جیاواز و باڵاتر.. وەرچەرخانێکە دەق بۆ نێو فەزای فرە ڕەهەندی و بەپیت بوون دەگوێزێتەوە.
لەم کۆهوزانەدا و لەم ڕوانگەیەوە، کەسایەتییەکانیش بە ئەفسانەیی و داستانییانەوە، لە قەپێلکی دیاریکراوو چوارچێوەی باو دەرهێنراون و جۆرە ڕەهاییەکیان پێ بەخشراوە کە ڕەنگە تاقە دیاردی و تۆڕی تەنیا خوێندنەوەیەک نەیانگرێت و ڕەملی هەڵهێنانێک بەتاڵ دەربچێت.. بۆیە لەگەڵیاندا باڵەکانی جوانی بکەرەوە و بە چەند ئاسمانێکی پەلکەزێڕینەییدا بفڕە...کێ حەزی لە قەفەزە؟
یەکێتیی نووسەرانی کورد
مەڵبەندی گشتی- 120
چاپخانەی ڕۆژهەڵات / هەولێر


نەوزاد ڕەفعەت
باڵەکانم بدەرەوە


لە تاریکیی سەرگەردانیم دەربهێنە و
بمهێنەرەوە سەر دنیا
ڕۆشنایی بگەڕێنەوە خانووی مردوو
بەهار بگەڕێنەوە بۆ ساڵ و
ئاسمانی هەورینی گومان
بگۆڕە بە ساماڵی بێگەردی یەقین
هەتاو و مانگ و ئەستێرە بێ تۆ هیچ نین
بمهێنەرەوە سەر زەوی
ئەوسا ئاسا شەو درەنگان پەنجەرەکان بکەینەوە و
گوێ لە سترانی قورینگان بگرینەوە
قاز و قورینگ قەتار قەتار بۆ کوێ دەچوون ؟
خۆزگەمان دەخواست قورینگ باین
ئەو شەوانەت لەبیرماون یان بیرت‌چوون ؟
سەیرە ئێستا زایەڵەیان نابیسمەوە !
دە ئەم بەردی سزایەم لە کۆڵ دابگرە و
مەهێڵە داڵاشی تۆڵەم تێ بورووکێ
مەهێڵە ژیان بژاکێ

## پاشکۆ 2

### ژیاننامەی شاعیر لەچەند دێرێکدا



- لەدایکبووی: 1-3-1951- هەولێر _ 4-7-2022 لە هەولێر، بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.
- ئاستی خوێندن:قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە.
- بەکالۆریۆس لە بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی بەغداد: (1975).
- دەستپێك: 4-3-1972 - رۆژنامەی هاوکاری.

کارنامەی سیاسی و ڕۆژنامەوانی:

- لە ساڵی: (1974) خوێندنی کۆلیژی جێهێشتووە و بەشداری شۆڕش دەکات، سەرەتا لە بەشی کوردی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق دەستبەکاردەبێ.
- دواتر لە بەشی ئەرشیف و ئنجا کاری وەرگێڕی هەواڵ و وتاری سیاسی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی لە ئەستۆ دەگرێت.
- لە ساڵی: (1976)ەوە وەك فەرمانبەر و مامۆستا دادەمەزرێت ئێستا خانەنشینە.
- لەنێوان ساڵانی (1982-1984) لە شاخ بووە.
- لە چەندان دەزگای ڕۆشنبیریش کاری کردووە:
- گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵ: (1988 – 1992).
- گۆڤاری کاروان
- گۆڤاری ڕامان: (1999 – 2003)
- *گۆڤاری هەنگ
- ڕۆژنامەی برایەتی
- لە ژمارە (24-29) سکرتێری نووسینی گۆڤاری: (نووسەری نوێ) بووە، کە لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ئاداری (1998) یەکەم ژمارەی لێ دەرکردووە و دوا ژمارەی (65)ە.
- لە ژمارە (30-52) سەرنووسەری گۆڤاری: (نووسەری نوێ)بووە.

**بەرهەم و چاپکراوەکانی:**

- دارستانی ئەو بنارە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەلاحەدین، هەولێر، 1978، 64 لاپەڕە.
- نیگەرانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الزمان)، بەغداد، 1985.
- بەفری گەرم، کۆ هۆزان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، 1992، 80 لاپەڕە، قەبارە: (14×21)سم، نرخ: (5) دینار.
- هەژانی بەرد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1999.
- باڵا لە فڕیندا سووتاوە، لەگەڵا سەرجەم دیوانەکان بەناوی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2002.
- شینی شالوور، لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - بڵاوکراوەی ئایندە، چاپی یەکەم، سلێمانی 2008، 88 لاپەڕە.
- ڕێی تاوسان، شیعر، لە بڵاوکراوەکانی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2011، 128 لاپەڕە، قەبارە: (12.5×19)سم.
- بلوێری سپی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە-بەڕێوەبەرایەتی زنجیرە کتێبی منداڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2012، 24 لاپەڕە، قەبارە: (16×23)سم.
- نیگەران، بە هاوکاری سندوقی داهێنانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (687)، 2013، 102 لاپەڕە، قەبارە: (12×19,5)سم.
- ئاشتبوونەوەی هەور،کورتە چیرۆکی منداڵان،نووسین و وەرگێران،چاپی یەکەم،هەولێر، 2021.
- چەندان شیعر و بابەت و وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە.

***سەرچاوە:عەبدولڕەحمان مەعرووف:ئینسایکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر،بەرگی پێنجەم،چاپی یەکەم،چاپخانەی تاران،2021، ل2368- 2369.**

**پاشکۆ 2 پەسندکردن بۆ بڵاوکردنەوە**


هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین
یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا
گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
رئاسة جامعة رابرين
مساعد رئيس الجامعة للشؤون العلمية والدراسات العليا
مجلة جامعة رابرين

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Presidency of University of Raparin
Vice- President for Scientific Affairs and Higher Education
Journal of University of Raparin


ژمارە: ٨٨٧
ڕێکەوت: ٢٥/ ١٠ /٢٠٢٢ زایینی
٠٣ / گەلاڕێزان /٢٧٢٢ کوردی

## پەسەندکردن بۆ بڵاوکردنەوە

**بۆ توێژەرانی بەڕێز:**


**شاخەوان فەرهاد محەمەد[1] - پ.د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان[2]**

[1+2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.


**ناونیشانی توێژینەوە: ئیستاتیکای لادانی زمانی لەئاستی وشەسازی بەنموونەی شیعرەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)**

بە خۆشحاڵییەوە بە بەڕێزتان ڕادەگەیەنین، کە دەستەی نوسەرانی گۆڤار بڕیاریاندا بە پەسەندکردنی ئەو توێژینەوەی سەرەوە بۆ بڵاوکردنەوە لەگۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، دوای ڕەچاوکردنی سەرجەم مەرجەکانی بڵاوکردنەوە و ئەنجامدانی سەرجەم ڕێکارەکان، لە ژمارە **(Vol.10 – No.4)** لە ڕێکەوتی **(٢٩- ١٢-٢٠٢٣)** بڵاودەکرێتەوە.

**لەگەڵ ڕێزدا..**

**پ.ی.د. ابراهيم عبدالرحمن محمد**
سکرتێری گۆڤار

گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین
Journal of Raparin University

وێنەیەک بۆ:
- ✓ دۆسیەی توێژینەوە.
- ✓ توێژەران.
- ✓ دەرکردە.

کارزان محمود


Kurdistan Region, Al-Sulaimania, Rania, General Street
www.uor.edu.krd
Email: govar@uor.edu.krd
هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ڕانیە، شەقامی گشتی
Phone: +964 (0) 751 045 85 93

| حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق | حكومة إقليم كوردستان-العراق |
| --- | --- |
| ئەنجومەنی وەزیران | مجلس الوزراء |
| ئەکادیمیای کوردی | الاكاديمية الكوردية |
| گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی | مجلة الاكاديمية الكوردية |

ژمارە: العدد: ١٨٦

ڕێکەوت: / / ٢٧٢٢ی کوردی التاريخ: ٢٠/ ١١/ ٢٠٢٢

بەڕێزان: شاخەوان فەرهاد محەمەد

پ. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان

زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلیژی زمان/ بەشی زمانی کوردی

ب/ پەسەندکردنی لێکۆڵینەوە بۆ بڵاوکردنەوە

دوای سڵاو

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، بەڕێزتان ئاگادار دەکاتەوە، کە لێکۆڵینەوەکەتان (**ئیستاتیکای لادانی واتایی لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا**) لە یەکێك لە ژمارەکانی داهاتوودا، بۆ بڵاوکردنەوە، پەسەندکرا.

لەگەڵ ڕێزماندا

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی
Journal of The Kurdish Academy

**پ. د. عەبدولفەتتاح عەلی بۆتانی**
**سەرنووسەری گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

وێنەیەك بۆ /
دۆسییەی تایبەت

ناونیشان-هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیل: journal@ka.gov.krd
عنوان-إقليم كوردستان-العراق
ژ. تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٩٠٢٠٧٥
Address-Kurdistan Region-Iraq
https://gov.krd/ka/

زانكۆى سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# جماليات أشعار نوزاد رفعت

أطروحة
مقدمة الى مجلس كلية اللغات – جامعة صلاح الدين – أربيل، وهي جزء من متطلبات نيل درجة الدكتوراه فلسفة في الأدب الكردي /ألأدب ألحديث و ألمعاصر


من قبل
**شاخوان فرهاد محمد**
بكالوريوس في اللغة الكردية وآدابها – جامعة صلاح الدين – أربيل – ٢٠٠7
ماجستير في الأدب الكردي – جامعة صلاح الدين – أربيل – ٢٠١3


باشراف
**أ. د. ابراهيم أحمد شوان**

أربيل – كوردستان
أيلول 2023

**الملخص**

إن هذه الدراسة الموسومة بـ ( جماليات أشعار نوزاد رفعت)؛ هي دراسة حول ألأبعاد ألجمالية في أشعار الشاعر، وذلك من أجل كشف جوانب إستاتيكية وفنية من نصوصه، وكذلك هي محاولة من أجل الوقوف عند مدى وجود العناصر إستاتيكية في أشعار الشاعر، وكيف اهتم بهذا الجانب وبخصائصه الفنية أيضا، إذ يعطي النص الذوق والجمال والندرة أيضا.

الغاية من هذه الدراسة؛ هي الوقوف عند النصوص الشعرية للشاعر، والرصد عليها من خلال الأبعاد الإستاتيكية والجمالية، بالتركيز على :- اللغة الشعرية، الموسيقى الشعرية، الصورة الشعرية، جمالية العنوان، جمالية السؤال، و جمالية طوبوغرافيا كتابة النص الشعري، مع الأمثلة والشواهد الشعرية وشرحها وتحليلها. وكذلك البحث عن المبادىء والأسس إستاتيكية المهمة الموجودة في أشعار الشاعر، التي جعلت أن تلمع الجوانب الجمالية والنادرة الجميلة من أشعاره. إذ إن هذه الدراسة تبحث عن الفكرية و الفنية والأسس الجمالية والنادرة الجميلة الشعرية في شعر الشاعر.

إن الذخيرة المستعملة في هذه الدراسة هي المجموعة الشعرية لدواوين ألشعر الأربعة المطبوعة للشاعر. والمنهج المتبع هو المنهج (التحليلي – النقدي)، وحاولنا أن نسلط الضوء على الجوانب إستاتيكية في هذه الأشعار، وتحليلها ومناقشتها.

تتكون هذه الدراسة من مقدمة وثلاثة فصول، مع النتائج وقائمة المصادر والمراجع، وأما الفصل الأول:تناول ملخصا حول الإستاتيكا، ومن خلاله عرضنا مفهوم وتعريف وغاية وأبعاد الإستاتيكا واتجاهاته، وكذلك الجانب التاريخي وإرهاصاته الأولى عند الأقوام، وانعكاساته في المذاهب الأدبية. وبعد ذلك وقفنا عند الإستاتيكا الشعرية بكل دقة. وأما الفصل الثاني؛ فيتناول إيستاتيكا العناصر المكونة للبنية الشعرية عند الشاعر؛ من منظور اللغة الشعرية والانزياح اللغوي والمعنوي، بكل دقة وكثافة. وما يتعلق بالفصل الثالث؛ فيتحدث عن إستاتيكا الموسيقا الشعرية والوزن والقافية والصورة الشعرية أيضا، وعلى سبيل المثال؛ عرضنا العناصر الأساسية للبنية الشعرية، وبعد ذلك لعب إستاتيكية أخرى، مثل: طوبوغرافية النص الشعري والعنوان والسؤال، مع الأمثلة والشواهد الشعرية.

## Abstract

This research entitled (Aesthetics of Nawzad Rafat's Poems) is devoted to the aesthetic dimension of the poet's poems, in order to determine the aesthetic and artistic aspects of his texts, to acknowledge to what extent the genre is aesthetic Poetics exist in his poems, and how he paid a precise attention to the aspects and artistic characteristics that give poetry its beauty and rarity.

The aim of this research is to analyze the poet's poetic texts in the light of aesthetic and aesthetic dimensions from the perspective of poetic language, music, poetry, image, poetry, aesthetics, title, question, topography, poetic writings that he discussed and analyzed. And also investigate the important aesthetic principles, which have been achieved in his poems and have become a reflection of the aesthetic, unique and aesthetic aspects of the poet's poetry.

The resources of the research are all the poems of all four books of the poet's publications used in this research In this research. We have developed the analytical and critical approach and the research aspects The aesthetics of forms are discussed and analyzed. The research is generally consisted of three chapters, results and the list of sources .

The first chapter presents a summary of aesthetics, including concepts and definitions, afterwards the historical aspects of the development of aesthetics among nations and its reflection in literary approaches are discussed, and then the aesthetics of poetry is explained precisely. In the second chapter, the aesthetics of the constituent genres of the poet's poetic structure in terms of poetic language and linguistic and semantic deviations are presented briefly yet in detail .

In the third chapter: - Detailed reference to the aesthetics of poetry music, rhythm, character and image of poetry, such as: - The basic genres of poetry and its composition are presented, then several other aesthetic games such as poetic topography, titles and questions, with the poetic examples are described.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Aesthetics of Nawzad Rafat's Poems

A Dissertation
Submitted to the Council of the College of Language at Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of PhD. of Science in Kurdish Literature/ The Modern and Contemporary Literature

By
**Shakhawan Farhad Mohammed**
BA. Kurdish Language and Literature, Salahaddin University - Erbil, 2007
M.A. Kurdish Literature, Salahaddin University - Erbil, 2013

Supervised by
**Prof. Dr. Ibrahim Ahmad Shwan**

Erbil- KURDISTAN
September 2023